زانست

زانست

خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی..

## پێناسی کتێب

**بەناوی خوای میهرەبانی بەخشندە**

- ناوی کتێب: کوردو خەبات‌و ڕەهەندی ئیسلامیی
- ناوی نووسەر: د. عومەر عەبدولعەزیز
- بابەت: مێژوو و لێکۆڵینەوەی مێژوویی
- نووسینی ناوەرۆک: ڕێکخراوی زانست بۆ باس‌و توێژینەوە
- دیزاینی ناوەرۆک: نووسەر
- دیزاینی بەرگ: ناوەندی سارا، سلێمانی (ئەڤین و شادی)
- ساڵی چاپ: ١٤٣٧ك/ ٢٠١٦ ز/ ٢٧١٥ کوردی
- نۆبەی چاپ: یەکەم
- ئەم کتێبە (٥٥٢) لاپەڕەو (٢٦٧٨) بڕگەو (١٠,٣٩) دێڕو (٧٧٧٣٥) وشەیە.
- جۆری خەتی کوردیی: ALI-K-sahifa / خەتی عەرەبی: ALI-A- sahifa
- ناونیشانی ئەلیکترۆنی نووسەر: omer@yahoo.com
- پەیجی ئەلیکترۆنیی نووسەر لە فەیسبوک: عمر عبد العزیز
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی: (١٠١٧)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە.
- مافی چاپ‌و لەبەرگرتنەوەو ئامادەپێکردن، پارێزراوە بۆ نووسەر

---

( لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زانست بۆ باس‌و توێژینەوە) (٤)

رێکخراوی زانست

بۆ باس‌و توێژینەوە

(٤)

# خەباتی کوردو ڕەهەندی ئیسلامیی

## کاریگەریی ئیسلام لەسەر شۆڕش‌و ڕاپەڕین‌و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان، (١٨٥٠ بۆ ١٩٥٠ ز)

د. عومەر عەبدولعەزیز

چاپی یەکەم

٢٠١٦ ز

زانست

# پێڕستی بابەتەکانی ئەم کتێبە


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی........................ | ١١ |
| ***بەشی یەکەم: ڕۆڵی کەس و ناوەندە ئیسلامییەکان لە مێژووی کورددا....*** | ***٢١*** |
| ١ـ کاریگەریی و ڕۆڵی مزگەوت و تەکیەو خانەقاکانی کوردستان.......... | ٢٣ |
| ٢ـ مزگەوتەکانی سلێمانی و مەهابادو ئامەد، نەخشێنەری خەباتن....... | ٢٨ |
| ٣ـ (شێخ، مەلا، قازی، سەید، حاجی، فەقێ..) تەنها ڕێکەوتە، یان.... | ٣١ |
| ***بەشی دووەم: شەڕی (چاڵدێران) و یەکەم فیدراڵیەتی کوردیی...........*** | ***٣٧*** |
| ١ـ سەرەتای ئاڵۆزبوونی دۆزی کورد........................ | ٣٩ |
| ٢ـ ڕۆڵی مێژوویی مەلا (ئیدریس) و یەکەم فیدراڵییەتی کوردیی.......... | ٤١ |
| ٣ـ بیرۆکەی یەکخستنەوەی میرنشینە کوردییەکان...................... | ٤٥ |
| ٤ـ چەند نموونەیەك لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردستان............. | ٥٣ |
| ***بەشی سێیەم: ئاوڕدانەوەیەك لە بەدرخانییەکان (١٨٥٠-١٩٥٠ز)......*** | ***٥٩*** |
| هەستی نیشتیمانپەروەریی و ئاینیی بەدرخانییەکان................ | ٦١ |
| چالاکیی بەدرخانییەکان و ناکۆکییان لەگەڵ ئیتتیحادی و کەمالییەکان.. | ٦٧ |
| ***بەشی چوارەم: ڕۆڵی تایبەتی و مێژوویی شێخ (عبید الله)ی نەهری.....*** | ***٧٥*** |
| پوختەیەك لە ژیاننامەو کەسیەتی شێخ (عبید الله) و عبد القادری کوڕی. | ٧٩ |
| کۆنگرەی نەتەوەیی (شەمزینان)، (١٨٨٠) و پەیامێکی مێژوویی شێخ... | ٨٣ |
| هەڵوێستی ئەمریکاو ڕووس و بەریتانییەکان لە شێخ عبید الله ........... | ٨٦ |
| هەڵوێستی شێخ عبید الله بەرامبەر ئەرمەنەکان..................... | ٩٠ |
| ***بەشی پێنجەم: سەرهەڵدانی ڕێکخراوەی ئیسلامیی- کوردستانیی......*** | ***١٠٩*** |
| سەرچاوەی ئیلهامبەخشی کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامیی و سەرەتاکانی.. | ١١١ |
| (حزبی ئیسلامیی کورد)، هەڵەبجە، ساڵی (١٩٣٣)......... | ١٢٣ |

له (حزبی ئیسلامیی کورد)وه بۆ (حزبی ئازادیخوازیی)و (ژ.ك) ........١٢٥
پوختەیەك لەسەر (حزبی هیوا)........................... ١٣٣
***بەشی شەشەم: (حزبی محەممەدی)، یان (ئیتتیحادی محەممەدی).. ١٣٧***
پێشەنگیی چالاکیی ئیسلامیی– نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان....١٣٩
(حزبی دیموکراتی محەممەدیی)و (حزبی دیموکراتی کوردستان)....... ١٤٦
***بەشی حەوتەم: کوردو ڕێکخراوی (ئیتتیحادو تەرەققی) تورکان........١٥٣***
نیازپاکیی کوردانو ناپاکیی نەیارانی........................ ١٥٥
نامەیەکی مێژوویی شێخ عبد السلام بەرزانیو نوری بریفکانی...........١٦١
**چالاکترین ڕێکخراوە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی بیست:....١٦٢– ٢٠٩**
١/کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد، (١٩٠٨)/ ڕۆڵی سەعیدی نورسی/ کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد/ کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی، (١٩٠٩) ئەستەمبوڵ/ گروپی ئیصلاحی بنچینەیی/کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد (جڤاتا هێڤی فەقێی کوردان)/ قوتابخانەی فێرکاریی (جەمبرتاش)ی ئەستەمبوڵ/ کۆمەڵەی تەعالی کوردستان(١٩١٨)/ حزبی سەربەخۆیی کوردیی/ ڕێکخراوەی ژیانەوەی کوردستان/ جەمعییەتی تەعالی ژنانی کورد/ حزبی دیموکراتی کوردیی/کۆمەڵەی خۆییبوون/کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییە/ سەربوردێکی ئاڵای کوردستان/ کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد...
***بەشی هەشتەم: شەریف پاشای خەندان، (١٨٦٥–١٩٥١)............ ٢١١***
تیشکێك لەسەر شەریف پاشاو بنەماڵەکەی...................... ٢١٣
شەریف پاشاو دامەزراندنی (گروپی ئیصلاحی بنچینەیی)..............٢١٧
شەریف پاشاو نوێنەرایەی کورد لە (کۆنگرەی ئاشتیی پاریس)........ ٢١٩
***بەشی نۆیەم: شێخ سەعیدی پیرانو شۆڕشە مێژووییەکەی .......... ٢٢٧***
هەڵوێستی عەللامە سەعید نورسی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران... ٢٣٤

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بۆ ئەوانەی کەمال ئەتاتورك ناناسن........ ٢٤٢
**بەشی دەیەم/ هەڵوێستە لەبیرنەکراوەکانی شێخ مەحمودی حەفید....٢٤٩**
**بەشی یازدەهەم/ کاری ڕێکخراوەیی کوردیی لە چلەکان بەدواوە........٢٧١**
گۆڤاری ڕێگای موسڵمانیی/یەکێتی قوتابیانی ئاینی/حزبی کوردی موسڵمان/ یەکێتی قوتابیانی ئاینی/ بڵاوکراوەی (دەنگی فەقێ).......... ٢٧٤-٢٧٧
**بەشی دوازدەهەم/ ڕووس‌و سۆڤیەت‌و ئینگلیزو ئەمریکییەکان کوردیان چۆن ناساندووە؟.........................................٢٧٩**
**بەشی سێزدەهەم/ ڕێکخراوی (ژێ. کاف)/ حزبی دیمکراتی کوردستان/ کۆماری کوردستان/ پێشەوا قازی محەممەد.......................... ٢٩٩**
شێوازی هۆگریی بۆ (ژێ. کاف)و مەراسیمی بەیعەت‌و پەیماندان...... ٣١٥
لە (ژێ. کاف)ەوە بۆ (حزبی دیموکرات)، ناوگۆڕین یان کودەتا؟...... ٣٢١
**بەشی چواردەیەم/ ژیاننامەی بەشێك لە ناوبراوانی ئەم کتێبە....... ٣٢٥**
١- ئەحمەد ڕامیز............................................ ٣٢٧
٢- مەلا ئەحمەدی فەوزی...................................... ٣٢٨
٣- پیرەمێردی شاعیر.......................................... ٣٣٣
٤- حەمزە موکسی............................................ ٣٣٥
٥- حوسەینی مەجدی.......................................... ٣٤٠
٦- خەلیل خەیالی........................................... ٣٤١
٧- سەعید نورسی............................................ ٣٤٧
٨- سمکۆی شکاك............................................ ٣٥٠
٩- عبد الرحمان زەبیحی (عولەما)............................. ٣٥٣
١٠- عبد العزیز یامولکی..................................... ٣٥٤
١١- قازی محەممەد........................................... ٣٥٥

١٢– مەعروف جیاووك (١٨٨٥–١٩٥٨ز)............................ ٣٥٧
١٣– محەممەد شەفیق ئارواسی.................................. ٣٦٣
١٤– محەممەدی میهریی هەورامانیی............................. ٣٦٤
١٥– مەحمود جەودەت.......................................... ٣٨٦
١٦– میرحاجی ئاکرێیی........................................ ٣٨٧
١٧– هێمنی شاعیر (محەممەد ئەمینی شیخ الاسلامی) ............. ٣٨٨
***بەشی پازدەهەم/ پاشبەندەکان: ........................... ٣٩١***
١–پێشەکیو یەکەم سەروتاری میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی قاهیرە (١٨٩٨ز)............................ ٣٩٣
٢–وتارێکی پێش زیاتر لە سەدەیەك (١٩١٤ز)، (تەرەققی دینمان دەوێت) نووسینی: قازی زادە، مستەفا شەوقی مەهابادی......................... ٣٩٩
٣– دەقی گفتوگۆکانی ناو دادگاییکردنی شێخ سەعیدی پیران......... ٤٠٤
٤–عەللامە سەعیدی نورسی لە سێ بیرەوەریی پیرەمێردداً.....٤١١– ٤٢٦
ا– ترسو واهیمە. ب– بەراوردێکی زیرەکیی نێوان شێخ محەممەدی خاڵو عەللامە سەعید نورسی. ج– یەکێك لە وانەکانی مەلا سەعید بەدیعوززەمان
٥–حەمزە موکسیو پەیوەندیی لەگەڵ عەللامە سەعید نورسی.........٤٢٧
٦–دەقی یاداشتی شێخ مەحمود لە١٩٣١بۆ کۆمەڵەی گەلان لە پاریس ٤٣٣
٧–پوختەیەك لە نامیلکەی (ئاوەڕەشەی ڕووسی سوور)ی پیرەمێرد (١٩٤٠) ٤٣٧
**پاشکۆی وێنەو بەڵگەنامەکان.................................. ٤٣٩**
کۆتایی........................................................ ٥٤٣
سەرچاوەکان.................................................. ٥٤٥
کورتەیەك لە ژیاننامەی نووسەر.............................. ٥٥١

## پێشەکی

### کوردو ئیسلامو بەرەنگاریی ستەم

جێی گومان نیە کە نەتەوەی کورد پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، وەك زۆربەی نەتەوەکانی تری ناوچەکە- چەوساوەو ژێرچەپۆکەی هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارسی ساسانییو ڕۆمی بێزەنتیی، بوون. بەڵام لە سەدەی حەوتی زاینییەوە قۆناغ بە قۆناغ، پاش دڵنیابوونیان لەوەی کە ئیسلام پەیامی ڕزگاریی چەوساوەکانی پێیە، لە زۆربەی ناوچەکاندا بە گەرمیی پێشوازییان لەو ئاینە کرد. چونکە یەکێك لە دروشمە هەرە سەرەکییەکانی بانگخوازانی ئیسلام ـ بەپێی ناوەرۆکی یەکتاناسیی خوا ـ ڕزگارکردنی میللەتانی ژێردەستە بوو لە چنگی زلهێزان، بۆیە بۆ یەکەم جار، دەستەواژەی (خۆدوورگرتن لە (گاغوت)و ملهوڕان هاتە کایەوەو فەرمانی بەرەنگاربوونەوەیانو دوورکەوتنەوە لە ستەمکاران، بوو بە فەرمانی خوایی: (واجتنبوا الگاغوت)، (ولا ترکنوا إلی الڑین ڤلموا، فتمسّکم النار). بۆیە پاش قاڵبوونی گەلانی ناوچەکە بە چەمکە ئاینییەکانی ئیسلام، دژایەتیی زلهێزان بوو بە دینەمۆی ڕەوتی ڕزگاریخوازی گەلانی موسڵمان.

هەموومان دەزانین کە ئەو ڕاستییەی سەرەوە، لە یەکەم هەواڵی گەیشتنی موسڵمانان بۆ سەرزەوی ئەوکاتەی عێراق، دووپات کرایەوە، کاتێك کە ڕۆستەمی سەرکردەی سەربازیی ئێران، لە نێرراوی پێغەمبەری ئیسلام (ڕەبعی کوڕی عامر)ی پرسی: ئێوە بۆچی هاتوون؟ ئەویش لە چەند ڕستەیەکی کورتو پوختدا وتی: "ئێمە هاتووین، تا خەڵکیی لە پەرستنی مرۆڤە کۆیلەکانەوە، بگێڕینەوە بۆ پەرستنی خوای تاكو تەنها. هەروەها هاتووین تا خەڵکیی لە ستەمی ئاینەکان ڕزگار بکەین، بەرەو

دادگەریی ئیسلام. هەروەها بۆ ئەوەی لە تەنگەبەریی دونیا ڕزگاریان بکەین‌و بیانگوێزینەوە بەرەو فراوانیی‌و کراوەیی دونیاو پاشەڕۆژ." ت

پاش چەند ساڵێك، ڕاستیی‌و دروستی ئەم بانگەشەیە بۆ نەتەوەکانی دەوروبەری دورگەی عەرەبیی دووپات بوویەوە. بە چاوی خۆیان بینییان کە ناوەرۆك‌و میصداقی ئەو ئایەتە لەناو واقعی کۆمەڵگە موسڵمانەکەدا پەیڕەو دەکرێت، کە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ﴾ الحجرات/١٣. واتە: ئەی خەڵکینە! بەدڵنیایی ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك هێناوەتە دی‌و ئێوەمان کردووە بە چەند گەل‌و هۆزێك، تا یەکتر بناسن، بە ڕاستی بەڕێزترین کەستان لای خوا ئەوەتانە کە لە هەمووتان زیاتر لەخواترس‌و پارێزگارترە.

بینییان‌و بیستیان کە بیلالی ڕەشی حەبەشی بۆ یەکەم جار دەچێتە سەربانی کەعبەو بانگ دەڵێت. بینییان‌و بیستیان کە سەلمانی فارسی غەوارە بە (أهل البيت)و خانەخوێ دادەنرێ‌و دەبێتە ئەندازیاری پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن. بینییان کە صوهەیبی ڕۆمیی‌و جاوانی کوردیی‌و صوهەیبی ڕۆمیی، هەست بە ئاوارەیی‌و غوربەت ناکەن. هەروەك بینییان کە گەورەو ملهوڕەکان بەچۆکداهێنران‌و کۆیلەو بەردەستەکانیان کرانە بەرپرس‌و سەرکردەی سیاسی‌و ئیداریی‌و فەرماندەی سەربازیی‌و بە کردەیی هەموو جیاییەکان‌و فەرقخستنە نادروست‌و چەوت‌و دژەعەدالەتەکان، لەبەردەم مەبدەئی تەقواو لەخواترساندا، توانەوەو نەمان. ڕاستە دەگونجێ لەملاو لەولاو لە کاتی مومارەسەو هەڵس‌وکەوتدا، کەسانێك لەو تێگەیشتن‌و ڕەوشتە بەرزانە لایاندابێت، بەڵام ئاینی ئیسلام

بەرپرس نەبووەو نابێت لەو کارانەو لە هەموو حاڵەتەکاندا بە لادانو دەرچوون لە ڕێکارو تەعلیماتەکان زانراون.

**کوردو دژایەتیی ستەم:**

بەوجۆرەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیيانەی سەرەوەو ئاراستە دژە ستەمکارییەکانی ئیسلامدا، دڵسۆزانی کوردی گۆشکراو بەو مەبدەئو پێڕەوە مەزنانە، لە زۆربەی شوێنو سەردەمەکاندا، ڕووبەڕووی ستەمکاران بوونەتەوەو چەندین ڕاپەڕینو شۆڕشیان بەرپا کردووەو خەباتیان کردووە بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی میللەتیان. تەنانەت زۆرجار دژی هەندێك لەو سەرکردانەش وەستاونەتەوە کە خۆیان ناونابوو والیو خەلیفەی ئیسلامو بە ناوی ئیسلامەوە دەستیان کردبوو بە کاری ستەمکارانە، یان جیاوازیی خستنو کاری نادادپەروەرانە، چ جای داگیرکارانو دوژمنانی دەرەکیی.

**تایبەتمەندیی خەباتی هاوچەرخی کورد:**

بۆیە لەسەر هەمان ڕەوییەو ڕێباز، لە سەردەمە هاوچەرخەکانیشدا – بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، کە چالاکییو خەباتی سیاسیو ڕێکخراوەیی شۆڕشو ڕاپەڕینی نوێ لەناو کورداندا سەری هەڵدا– ڕەسەنایەتییو تێگەیشتنی دروست لە چۆنایەتی کارو خەباتی سەردەمییانە ڕەنگی دایەوە. بۆیە بە سروشتی ئەو قۆناغە مێژوییەی کە ڕێکخراوو حزبە سیاسیو ڕوناکبیرییە کوردییەکانی پێدا تێپەڕیوە، زۆربەی هەڵسوڕێنەرانو چالاکوانانی شۆڕشو ڕاپەڕینو ڕێکخراوەکان، زاناو مەلاو شێخو پیاوانی پەروەردەبووی حوجرە زانستییەکانی کوردستانو کەسانی خوێندەوار بوون، یان لە کەسایەتییە ڕەسەنو خۆماڵییەکان بوونو دوور بوون لە کەوتنەژێر کاریگەریی بیرو ئایدیۆلۆژیا دەرەکییەکانەوە.

بۆیە هەست دەکەین کە هەموو شۆڕشگێڕانو ڕابەرانی بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی کورد، هەوڵیان داوە ڕێکخستنێکی دروست بکەن لە نێوان (ڕەهەندی ئیسلایی) کۆمەڵگەیەکی زۆرینە موسڵمانی وەك کوردستانو (ڕەهەندی نەتەوەیی)، وەك گەلێکی چەوساوەو مافخوراو. ئەم ڕاستییە لە لێدوانو هەڵوێستی بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوانەو مەرامنامەو پێڕەوو پڕۆگرامی ڕێکخراوەکانو ئەدەبیاتی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانیاندا، بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر، ڕەنگی داوەتەوە.

ئەم وێنایە ـ وەك وتمان ـ لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە ـ کە ڕاپەڕینو سەرەتاکانی هۆشیاریی نەتەوەیی دەستی پێ کردو توخمەکانی بزافی سیاسیو ڕێکخراوەیی کوردیی هەستی پێ کرا، تا دەگاتە ناوەڕاستی سەدەی بیستو ساڵانی پەنجاکان ـ درێژەی هەبوو، چونکە لەو کاتەوە بیرو ئایدیای کۆمۆنیستیی، لە ڕێی (شیوعی)یە عەرەبەکانی سوریاو عیراقەوە، دزەی کردە باشووری کوردستان، بە تایبەتی شاری کەرکوكو بە دوایدا هەولێرو سلێمانیو شوێنەکانی تر، لە ڕێی حزبی کۆمۆنیستیی (توودە)ی ئێرانیشەوە، ڕووی کردە خۆرهەڵاتی کوردستان. ڕەنگە ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان هەندێك لە بەرپرسانی حزبی هیوا ـ کە لە ساڵی (١٩٣٩)دا دامەزرا بوو و کردی بە دوو بەرەی ناکۆك ـ بەشێك لە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت، چونکە سەرچاوەی ناکۆکییەکە لە هەندێك لایەنی ئایدیۆلۆژییەوە سەری هەڵدا، بە تایبەتی پاش گەشەکردنی بیری چەپ لە عێراقداو دابەشبوونی بزوتنەوەی ڕوناکبیرانی کورد ـ وەك هاوشێوە عەرەبەکانیان ـ بەسەر دوو بەرەی ڕاستڕەوو چەپڕەودا.

له سەرێکی ترەوە ئەوەش مەعلومە کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی بەرەنگاربوونەوەی ئەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێدابووە، کورد بەرامبەر دوژمنانی دەرەکیی، هەڵوێستی جوامێرانەی هەبووە. بۆیە لە هەموو پەلامارەکانی ئینگلیزو ڕووسەکان بۆ سەر ئێرانو عێراقو تورکیا، کورد سەرەڕای نەیاریی لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو سێ وڵاتەدا، چووەتە بەرەی ڕوبەڕوبونەوەی دوژمنانی دەرەکیی، بەو پێیەی ــ بە ئیلهام وەرگرتن لە ئاین ــ لەگەڵ هەق بووەو دژی داگیرکەری دەرەکیی وەستاوەتەوە.

ڕەنگە هەندێ کەسو نووسەری بێ ئاگا لە هۆ پاڵنەرەکان بۆ ئەمە، هەڵوێستەکە بە لاوازییو بێ سیاسەتیی کوردان بزانن و بە ساویلکەیی لە قەڵەمی بدەن، بەڵام ڕاستییەکان بە پێچەوانەوەن، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە کورد ئەم هەڵوێستە جوامێرانەشیان هەبووە، زۆرجاری تریش چوونەتە سەر خەتی هەماهەنگییو داوای یارمەتی لە زلهێزان دژی وڵاتانێك کە تێیدا ژیاون، با بەناو موسڵمانیش بووبن، وەك لە هەوڵەکانی شێخ عبید الله نەهریو شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ سەعیدی پیرانو پێشەوا قازی محەممەد، لەگەڵ ئینگلیزو ڕوسیا، لە هەندێك کاتو قۆناغو بواردا کە پێویستی کردووە، دەردەکەوێت.

مێژوو، نمونەی هەڵوێستی کەسێکی وەکو عەللامە سەعیدی نورسی[1] لەبیر ناکات، کە سەرەڕای نەیاریی خۆی لەگەڵ تورکان، لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا، بۆتە ئەفسەری خۆبەخش دژی ڕوسەکانو تەنانەت لەگەڵ زانایەکی تری کورد بەناوی عبد الرحیم هەکاری (١٨٥٠– ١٩٥٨)[2]

---

١ لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا، پوختەیەك لە ژیاننامەی عەللامە نورسی بخوێنەرەوە.

٢ عبد الرحیم هەکاری: کوڕی سەید محەممەد پرتە، ساڵی (١٨٩٠ ز) لە گوندێکی نزیك شاری (وان) لە باکوری کوردستان لەدایکبووە، لە ئەستەمبوڵ کۆلیژی ئیلاهیياتی

پاش بریندار بوون، دیلکراون‌و دوور خراونه‌ته‌وه بۆ به‌ندیخانه‌ی (ڤۆلگا) له سیبریای ڕوسیا.١

یان هه‌ڵوێستی شێخ مه‌حمودی حه‌فید، که سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی شێخ سه‌عیدی باوکی ساڵی (١٩٠٩ز) له لایه‌ن تورکه ئیتتیحادییه‌کانه‌وه به‌شێوه‌یه‌کی زۆر نامرۆڤانه کوژرا،٢ به‌ڵام چه‌ندینجار له‌کاتی پێگیرانی عوسمانییه‌کاندا، شێخ مه‌حمود هاوکاریی سه‌ربازیی کردن، بۆ نمونه: کاتێك له‌شکری ڕووس به‌شێکی زۆری ئێرانی داگیرکردو به‌ره‌و باشوری کوردستان کشاو مه‌ترسی بۆ به‌شێکی زۆری قه‌ڵه‌مڕه‌وی عوسمانیی دروستکرد، شێخ مه‌حمود له خانه‌قینه‌وه تا زاخۆ له‌شکرێکی گه‌وره‌ی کۆکرده‌وه‌و له‌شکری ڕووسیای به‌ره‌و سه‌رزه‌وی ئێران تار نا، ئه‌وه‌ش وایکرد که دڵسۆزیی‌و ئازایه‌تی شێخ مه‌حمود، زیاد له جاران ناوبانگ

---

ته‌واو کردووه، ئه‌ندامی چالاکی کۆمه‌ڵه‌ی (هیوا)و دامه‌زرێنه‌رانی (کۆمه‌ڵه‌ی قوتابییانی کورد) بووه، که ساڵی ١٩١٥ له ئه‌سته‌مبوڵ، دامه‌زرا، هه‌روه‌ها دۆستی خه‌باتگێڕانێکی وه‌ك پیره‌مێردو سه‌عید نورسی‌و خه‌لیل خه‌یالی‌و حه‌مزه موکسی‌و مه‌مدوح سه‌لیم‌و که‌مال فه‌وزی‌و محه‌ممه‌د ئاراسی بووه. له ڕۆژنامه‌ی (ژین)ی ئه‌سته‌مبوڵ وتاری هه‌یه. له ١٩٥٧ وه‌ك زانایه‌کی ئاینیی کورد له پاکستان به‌شداریی (کۆنگره‌ی ئیسلامیی) کردووه. ساڵی ١٩٥٨ له ئه‌سته‌مبوڵ کۆچی کردووه‌و له گۆڕستانی نه‌جات سپێردراوه. بڕوانه: (مێژووی ئه‌ده‌بی کوردیی، د. مارف خه‌زنه‌دار، به‌رگی ٦، لا: ٢٤٤).

١ بڕوانه مێژووی ئه‌ده‌بی کوردیی، د. مارف خه‌زنه‌دار، به‌رگی ٦، لا: ٢٤٤.

٢ شێخ سه‌عیدی باوکی شێخ مه‌حمود، خاوه‌ن پێگه‌یه‌کی سیاسی‌و کۆمه‌ڵایه‌تی به‌هێز بوو، زۆر جێی متمانه‌ی سوڵتان عبدالحمید بوو، تورکه ئیتتیحادییه‌کان زۆر لێی ده‌ترسان، بۆیه ساڵی (١٩٠٩ز) له هه‌نگاوێکی ترسنۆکانه‌دا له شاری موصڵ زۆر به شێوه‌یه‌کی دڕندانه کوشتیان. بڕوانه: (کرد العراق منذ الحرب العالمية الأولى.. محسن محمد متولي، الدار العربية للموسوعات، ٢٠٠١، بيروت، ص: ٦١).

دەربکات.١ بە تایبەتی لای کوردانی ڕۆژهەڵاتو ئێرانییەکان، کە لە ئازایەتییو نەبەردیی شێخو هێزەکانی، سەراسیمە بووبوون.

یان کاتێك وڵاتی بەریتانیا شاری بەصرەی لە باشووری عیراق گرتو بەرەو تێکڕای عێراق ملی ناو بوو بە هەڕەشە بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانیی، شێخ مەحمودی حەفید جارێکی تر هاوکاری تورکانی کردو بە خۆیو سێ هەزار کوردی جەنگاوەرەوە، لە شەڕی مەشهوری شوعەیبەدا لە نیسانی (١٩١٥ز)دا بەشداربوونو پشتیوانییەکی جیددییان لە سوپای عوسمانیی کرد، دژی ئینگلیزی داگیرکار.[٢] کە دووبارە لەو پرۆسەیەشدا ناوبانگی ئازایەتیی کورد، لە هەموو عیراقدا دەنگی دایەوە.

یان هەڵوێستی مەحمود پاشای جاف لە پشتیوانیی عوسمانییەکان لە شەڕی دژی ڕووسەکان لە ناوچەی سەقزو موکریان.

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانەی پێشەوە، ڕەنگە دروستترینو خێراترین ڕێگە، گەڕانەوە بێ بۆ سەرچاوەو دیکۆمێنتە پارێزراوەکانی ئەو ڕێکخراوە کوردییانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستبەکار بوون، تا کاتی دروستبونی ئەو حزبانەی کەوتنە ژێر کاریگەریی شەپۆلی کۆمۆنیزمیی، بە تایبەتی (القاعدە)ی حزبی شیوعیو دروستبوونی (حزبی ڕزگاری)و (حزبی شیوعی لە کوردستانی عیراق– شۆڕش)، کە لە ساڵی (١٩٤٥ز) پاش هەڵوەشاندنەوەی (حزبی هیوا) ڕاگەیەنران.

ئەگەر بڕوانینە دیدو بۆچوونو هەڵوێستی سەرکردە کوردەکانو بەیاننامەو ئەدەبیاتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار بەشی کوردستانی

---

١ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ڕووداوە، بڕوانە: چیم دی، ئەحمەد خواجە، بەغدا، ١٩٦٨، لا: ١٠.

[٢] بڕوانە کتێبی (الثورة العراقية الكبرى، عبد الرزاق الحسني، بغداد، ١٩٩٢، ص: ٢٥).

بندەستی تورکیاو ئێرانو عێراقو سوریە، دەبینین کە تا پێش ئەو شەپۆلە نوێیە، ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگەی ڕەسەنی کوردییان پێوە دیارەو ئاوێنەیەکی باشن بۆ وێناکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لەو قۆناغە مێژووییەدا. هۆی ئەم حاڵەتە ـ وەك مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێت ـ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە: "ڕۆحی تەعالیمی ئیسلام زۆر لەوە بەرزترن لەو شتانە کە ئەوان بۆیان هەڵئەبەست، قەومییەت پێچەوانەی ڕۆحی ئیسلامیی نیە، بەڵکو ئیسلام فەرمانی پێ ئەکاو ناوی ئەباو بە دینێکی یەکیەتییو هێمنییو ئاسایشی دادەنێ، فەرمانەکانی لەلایەن خواوە هاتووەو دوژمنێکی هەرە گەورەیە بۆ زۆرو ستەمو فەرماندەرە بۆ ئازادیی تاكو کۆمەڵ."[1]

با لێرەدا ـ وەك نموونە ـ سەیرێکی ئەم بەسەرهاتەی نێوان مەحمود پاشای جافو[2] (میجەر نۆئیل)ی ئینگلیز بکەین، کاتێك ساڵی (١٩١٨ز) ئینگلیزەکان عێراقیان داگیرکرد، لە کۆتایی ساڵدا گەیشتنە شاری سلێمانی. (میجەرنۆئیل) شێخ مەحمودی وەك حوکمڕانی کوردستان ڕاگەیاند، (نۆئیل) حەزی دەکرد کە (مەحمود پاشای جاف) ببینێ، بۆیە

---

[1] شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عیراق، عەلادین سەجادی، تاران، ٢٠٠٥، لا: ٢١. (داڕشتنەکەی (سەجادی)م وەك خۆی گواستۆتەوە، دیارە کە کەمێك لەنگیی لە داڕشتنەکەیدا هەیە).

[2] مەحمود پاشا، کوڕی محەممەد پاشای جافە، ساڵی ١٨٤٦ز لە دایك بووە، ساڵی ١٨٨٩ بە فەرمانی سوڵتان عبد الحمید کراوە بە پارێزگاری (ئورفە)ی تورکیا، بەڵام ڕازی نەبووە، بۆیە سوڵتان دووری خستۆتەوە بۆ ئەستەنبوڵ، لەوێ لە ساڵی ١٨٩٢ هەڵاتووەو گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، لە ساڵی ١٩١٥ یارمەتی تورکەکانی داوە دژی ئینگلیز لە شەڕی شوعەیبەدا. ساڵی ١٩٢١ کۆچی دوایی کردووەو لە مزگەوتێکی (قرزابات)ی سەر بە خانەقین ـ کە خۆی بنیاتی ناوە ـ نێژراوە.

هەواڵی بۆ ناردو لەگەڵ چەند گەورە ئەفسەرو پلەدارێکی سوپاو حکومەتی ئینگلیزدا بەرەو شاری هەڵەبجە کەوتنە ڕێ. بە پێی زۆرێك لە سەرچاوەکان مەحمود پاشا ناچێ بەپێشوازییەوە، بەڵکو بەرگی پاشایەتی[1] لەبەر دەکاو هەرچی میدالیاو خەڵاتو نیشانەی پێبەخشراوی هەیە، دەیانکا بەخۆیداو لە ڕەشماڵێکدا لە دوواوی چەمی (زەڵم) چاوەڕێی دەکات.

پاش بەخێرهاتنو کەمێك پشوو، دەکەونە گفتوگۆ، (میجەر نۆئیل) داوای هاوکاریی لێدەکات لە بەرژەوەندی کوردان دژی دەوڵەتی عوسمانیی، مەحمود پاشا ڕاشکاوانە پێی دەڵێت: "مستەر! یەکەم: باوەڕ ناکەم مەبەستتان ڕاست بێ، ئەگەر ئێوە بەڕاستی بتانەوێ خزمەتی میللەتی کورد بکەنو مەبەستتان ڕاست بێت، هەزاری وەکو منیشتان لەگەڵدا نەبێت، هەر ئێوە سەر ئەکەون. !

دووەم: من موسڵمانمو باوەڕی ئاینیم یەکجار بەهێزەو ئەم بیروباوەڕەم ڕێگای ئەوەم نادا هاوکاریتان لە گەڵدا بکەم.[2]

بە هەرحاڵ، ئەمە نمونەیەکەو مشتێکە لە خەروارێك، لەم کتێبەدا چەندین هەڵوێستی لەم بابەتە دەبینیت. ئەم کارەی بەندە کردوومە ڕەنگە هەوڵێکی سەرەتایی بێت – لای کەم بە زمانی کوردیی– بۆ دانانی خشتێك لەو کەلێنە بەرچاوەی مێژووی هاوچەرخی گەلی کورد. بەپێی ڕیزبەندیی مێژووییش، هەوڵمداوە چەند نمونەیەك لەجۆری بیرکردنەوەو لێدوانو هەڵوێستەکانی سەرکردە هەرەناسراوو بەرچاوەکانی کوردستان، لە هەموو پارچەکانی، بخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچونەی سەرەوە.

---

[1] پاشایەتی ڕوتبەو پلەیەکی عوسمانی بوو، کە دەبەخشرا بەکەسایەتییە ناودارو بەخزمەتەکان.

[2] تەئریخی جاف، کەریم بەگی جاف. بەغدا، ١٩٩٥.لا: ٩٠.

بۆیە پێویستە لەم پێشەکییەدا ئەوەش بڵێم کەئەم بابەتەی بەردەستی خوێنەر، دوبارەکردنەوەی سەربوردە مێژووییەکان نیە، بەڵکو کۆکردنەوەو شرۆڤەکردنی بەشێك لەو گوفتارو کردارو هەڵوێستە مێژووییانەی سەرکردەکانی ئەم میللەتەیە بۆ نەوەی تازەمان، کە تا ڕادەیەکی زۆر هەندێك لە ڕاستییەکانی مێژووی خۆمانیان لێ شێوێنراوە. چونکە یان بە قەڵەمی ناحەزو شۆڤێنیو دەمارگیرانی دەرودراوسێ نوسراوەتەوەو باوباپیرە ئازاو ڕاپەریوو دژە ستەمەکانیان، بە لادەرو دژە سوڵتانو مورتەددو دژە شۆڕش، ناوزەد کردووە. یان لە لایەن کەسانێکی ترەوە- ناڕاستەوخۆش بێت- قسەکانی ئەوکەسانەیان دووبارە کردۆتەوەو خۆیان ماندوو نەکردووە کە بەشوێن ڕاستییەکاندا بگەڕێن، یان کاری شرۆڤەکردنو شیکاریی لەگەڵ ڕوداوەکاندا ئەنجام بدەن.

جا من لەم بابەتەدا ئەو بەشەی مێژوو دەخەمە ڕوو، کە دووپاتی ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، کە ڕابەرایەتیو پێشەنگیی کاروانی خەباتو تێکۆشانی دوو سەدەی ڕابردووی نەتەوەی کورد- چ شۆڕشو ڕاپەڕینەکان، چ حزبو کۆمەڵەو ڕێکخراوە سیاسییەکان- مەلاو زانایانی ئیسلامییو شێخانی تەریقەتو ڕوناکبیرانی دەرچووی زانستگە شەرعییەکانو حوجرەی مزگەتەکانی کوردستان بوون. ئەم ڕاستییە حاشا هەڵناگرێ، ڕەنگە نکوڵی لێکردنی گەورەترین شێواندنی مێژووی هاوچەرخی نەتەوەکەمانی لێ بکەوێتەوە. هەرچەند مخابن! هەندێك لە نووسەران بە مەرامو دەمارگیریی ئایدیۆلۆژیی، یان بێ مەرامو لە ڕووی بێ ئاگاییو نەزانینو وردنەبوونەوە، کەوتوونەتە ئەو هەڵە کوشندەیەوە.

هیوادارم بەم بەرهەمە - بەلای کەم - دەرگایەکم کردبێتەوە بەسەر بابەتێکی نوێدا، کە خولیای ژمارەیەك لەڕوناکبیرانو خەمخۆرانی نەتەوەکەمانە،

ئەویش بابەتی وردبونەوەیەکی نوێیە لەهەندێك وێستگەو قۆناغی مێژوویی‌و هەستیاری نەتەوەی ستەملێکراوی کورد، بە هیوای هاتنەدی ئەو هیوایە، بە پشتیوانیی خواو هیممەتی دلێران.

عمر عبد العزیز

باشووری کوردستان، سلێمانی،

گەڕەکی کازیوەی بناری گۆیژە

سەرماوەزی ٢٠١٦ز

زانست

# بەشی یەکەم

# کاریگەریی مزگەوتو حوجرەو

# ڕۆڵی ناوەندو کەسایەتییە ئیسلامییەکان

# لە خەباتی نەتەوەیی کورددا

## تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- کاریگەریی و ڕۆڵی پێشەنگانەی مزگەوت و خانەقاو حوجرەو مەدرەسە زانستییەکانی کوردستان ......................←
- مزگەوتەکانی شاری (سلێمانی و مەهابادو ئامەد)، نەخشێنەری خەباتی سیاسی هاوچەرخی نەتەوەی کوردن............ ←
- کۆبوونەوەی ناوی (شێخ، مەلا، قازی، سەید، حاجی، فەقێ) لە لیستێکی شەهیداندا، تەنها ڕێکەوتە، یان..........؟ ←

### ١– کاریگەریی و ڕۆڵی مزگەوت و تەکیەو خانەقاکانی کوردستان

ئەوەی لای توێژەرو نوسەرو مێژونووسە بەئینصافەکان جێی مشت و مڕ نیە ئەوەیە کە مزگەوت و دەرچووانی حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان، ڕۆڵ و کاریگەریی گرنگیان هەبووە لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ڕێکخراوە کوردستانییەکاندا، بگرە زۆرجار پێشەنگ و ڕابەران، نوخبە خوێندەوارەکانی پەروەردەی حوجرەی مزگەوت و خانەقاو شێخانی تەریقەت و زاناو مەلاو فەقێ و قازییەکان بوون. دینەمۆو بزوێنەری سەرەکی جوڵانەوەکانیش، تێگەیشتنی ئیسلامیی و پابەندیی ڕابەرەکان بووە بە بەهاو ئەخلاقە بەرزەکانەوە کە ئاین – بەتایبەتی ئیسلام– فێری مرۆڤیان دەکات، وەك:

- دڵسۆزیی بۆ خاك و خەڵك و نیشتمان.
- وەفادارییی و هۆگریی ڕاستگۆیانە بۆ نەتەوە.
- خەمخواردنی هەژاران و بەشمەینەتان و پشتگیریی ستەملێکراوان.
- بێدەنگ نەبوون لە ئاست ستەم و بەرەنگاربونەوەی ستەمکاران.
- داکۆکیی لە نیشتمان و قوربانیدان لە پێناویدا.
- لەخۆبوردن لەگەڵ هاووڵاتیان و عیززەت و سەربەرزیی بەرامبەر دوژمنان.
- خۆلادان لە سیخوڕیی و خیانەت و پاشکۆیەتیی و.. هتد.

بە نموونە: مزگەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: لە مزگەوتەکانی شاری دینەوەرو کرماشانەوە، تا مزگەوتی (دار الإحسان)ی شاری سنەو مزگەوتەکانی هەورامانی تەخت و ژاوەرۆو گاوەرۆو مزگەوتی (سوور)ی

مەهابادو (دار العلم)ی تورجانو مزگەوتەکانی مەریوانو بانەو بۆکانو سەردەشتو پیرانشەهرو ورمێ. لە باکوری کوردستانیشدا: لە مزگەوتی گەورەی شاری ئامەدەوە، تا مزگەوتەکانی وانو بتلیسو قارەمان مەراشو جزیرەو جولەمێرگ. لە باشوری کوردستانیش: لە مزگەوتی گەورەی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانییەوە، تا مزگەوتەکانی هەولێرو کۆیەو ئاکرێو هەڵەبجەو خورماڵو خەرپانیو بیارەو تەوێلە، لە ڕۆژئاواش: مزگەوتەکانی قامیشلۆو حەلەبو زۆربەی مزگەوتەکانی تری کوردستان، هەرکامیان دیرۆكو ڕوداوێکی مێژوویی گرنگ، تیایاندا ڕوویان داوەو داستانێکی لەگەڵ خەباتی زانستییو ئەدەبییو سیاسی کوردان هەیە، وەك: پێگەیاندنی صەدان زاناو شاعیرو نووسەرو پەروەرشیار، یان ڕاگەیاندنی دەیان ڕاپەڕینو شۆڕش، یان دامەزراندنی چەندین حزبو ڕێکخراوەی سیاسیو پێکهێنانی ئیمارەتو دەوڵەت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ڕەحیمی قازی- برازای شەهید قازی محەممەد - ڕاستی بۆچووە کە دەڵێت: "لە ژیانی کوردەواریدا حوجرەی مزگەوتەکان دائیمەن بەشی زۆری لاوانی کوردی، بەبیروباوەڕی نیشتیمانپەروەریی پێشکەوتوو، پەروەراندووە. ئەمەش لە ژیانی فەقێیەتییەوە دێتە گۆڕێ، چونکە ژیانی فەقێیەتی بە جۆرێکە کە لەگەڵ کۆمەڵانی زەحمەتکێش پێوەندییەکی نێزیکی هەیە.." [١]

---

١ بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی.. ڕەحیمی قازی، لا: ٥٥.

ڕەحیمی قازی بۆ خۆی پەروەردەبووی ناوەندە ئاینییەکانی موکریانە، مەڵبەندی قازیو مەلاو شێخە هۆشیارەکان، ئەوانەی کە بوونە پایەو پشتی کۆمەڵەی (ژ.ك)، ئەو کۆمەڵەیەی کە پێش زیاتر لە ٧٤ ساڵ (ساڵی ١٩٤٣ز) کە یەکەم بەرهەمیان بەناوی (دیاریی کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ لاوەکانی کورد)، بڵاوکردەوە –بەپێچەوانەی هەندێك لە خوێندەوارانی ئەم سەردەمەوە– داکۆکییان لە مەلاو شێخانی کورد کردو دەقاودەق نووسیان: "ئەمە توانجێکی (بوهتان)(ێکی) زۆر زلە، کە ئێمە بڵێین: مەلاو شێخەکان بوونە بەرهەڵستی پێشکەوتنی کورد، چونکو دێریك (تاریخ) بۆمان دەرئەخا کە ئەم دەستەیە گەلێ کاری باشو بەکەڵکیان ئەنجام داوەو بۆ خزمەتی کوردایەتی تێکۆشیون، چۆن ئەبێ بە زاتێکی وەك مەلا ئیدریسی بتلیسی ببێژرێت: بەرهەڵستی سەرکەوتنی کورد! باوەڕمان نیە هیچ کوردێك خزمەتی ئەم پیاوە نیشتیمانپەروەرەی لەبیربچێت. لەنێو شێخەکانمانا جەنابی شێخ عبید الله، شێخ عبد القادر، شێخ سەعید ئەبینرێن، کە هەموو کوردێك ئەزانێ تەنها لە پێناوی کوردایەتیدا خۆیان ماندوو کردووە، تا سەریان لەسەر داناوە.."[٢]

با لە ڕۆژهەڵاتەوە بچین بەرەو باشووری کوردستانو پایتەختی دووەمی بابانەکان بەسەر بکەینەوەو دەسپێکی کاری بابانەکان ببینین، کاتێك لە ناوچەی (قەڵاچوالان)ی پایتەختی پێش (سلێمانی)، کە بە مزگەوتو حوجرەو دامەزراندنی کتێبخانەو برەودان بە زانستی شەرعییو کۆکردنەوەی مەلاو فەقێ، دەستیان پێ کرد، کە هاتیشنە گوندی (مەڵکەندی)و بڕیاری دروستکردنی شاری (سلێمانی)شیان دا، بە هەمانجۆر بەکردنەوەی مزگەوتی گەورە (مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ)و دروستکردنی حوجرەی فەقێو

٢ دیاری کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ لاوەکانی کورد. بڕوانە: نیشتمان.. عەلی کەریمی، لا: ١٩٥.

هێنانی مەلاو زاناو مودەڕریسی خوێندەوارو کردنەوەی کتێبخانەو کۆکردنەوەی کتێبە زانستییەکانو کەمەندکێشکردنی فەقێ، بنیاتی شارەکەیان داڕشت.

کەسێکی وەکو ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان، لەگەڵ ئەوەدا سوپایەکی چوارهەزار کەسیی دامەزراندو بیری دەوڵەتداریی لەسەریدا بوو، دەیزانی کۆمەڵگەی کوردستان موسوڵمانە، بۆیە بەبێ زانستو وبوونی پێشەنگانی ئایینی هیچی بۆ ناکرێ، بۆیە "بایەخێکی زۆری دا بە خوێندنو خوێندەواریی، مزگەوتی تازەی دروست کردو ڕێزی مەلاکانی گرت، ژیانی مەلاکانی مسۆگەرکردو گوندی لەسەر وەقف کردن. کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاوەدان کردەوەو ژمارەیەك کتێبی زۆری بۆ کڕین، یان بەنوسینەوە دان. دوای دورخرانەوەشی لە کوردستان، بەردەوام کتێبی بۆ ئەو کتێبخانەیە ناردۆتەوە، هەتا ئێستاش ژمارەیەك لەو کتێبانە لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا ماون."[١].

ئەم دیاردەیە تەنها لە ڕۆژهەڵاتو باشوری کوردستان نەبووە، بەڵکو مزگەوتەکانی باکوری کوردستانیش، مەکۆو مەڵبەندی خەباتگێڕانی کوردانی ڕاپەڕیوی ئەو مەحاڵە بوون، تا ئەو کاتەی لە ماڵەکانی خوا نەتۆرابوون. تەنانەت کادیرو ئەندامانی (یانەی کوردان) پاش داخستنی یانەکەیان لە لایەن کەمالیستەکانی (ترکیا الفتاة)ەوە، پەنایان بردە بەر مزگەوت. ڕۆژنامەیەکی ئەرمەنی بڵاوی کردۆتەوە کە پاش داخستنی یانەی کوردان "کوردەکان لە دەوری حوجرەی مزگەوتەکان کۆدەبونەوەو لە مەسەلەی پرۆگرام و باسی وەها دەدوان، کە زۆر نهێنی بوو."[٢]

---

١ یادنامەی شێخ مەحمودی نەمر، ناصر حەفید. بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٦، لا: ١٤.

١ گۆڤاری ڕۆژنامەوانی، ژمارە: ٩، ساڵی ٢٠٠٢، لا: ٤٩، بە نەقڵ لە ڕۆژنامەی (هۆربرۆن)ی ئەرمەنی.

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە پێشتر لە ساڵی (١٩٠٩) دا هەر لە مزگەوتی گەورەی شاری ئامەد (دیاربەکر)دا (یەکێتی یانەی کوردان) دامەزرا، کە دواتر بووە جێی ئومێدی هەموو کوردانی باکور. جێگری کونسوڵی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکیدا دەڵێت: "یانەی کوردان لە مزگەوتی گەورە (لە دیاربەکر) ئاهەنگێکیان ساز کرد، چەندین چالاکیی گرتە خۆی، هەموو دەروێشەکانی شار (مەبەستی نوێژخوێنانە!) ئامادەی بوون، سوێندی پشتگیریی و وەلائیان بۆ خیلافەتو شەریعەت دووبارە کردەوە، ئامادەبووان زیاتر لە دەهەزار کەس بوون. ئەم کۆبونەوەیە واتایەکی زۆری هەبوو ئەویش ئەوەیە کە (یانەی کوردیی) زۆر بەهێزترە لە یانەی (ئیتتیحادو تەرەققی) تورکان، لقی دیاربەکر." لە کۆتاییدا ئەو ڕاپۆرتە ئینگلیزییە خۆیان ئاسایی دەڵێت: "هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە برەودان بە شەریعەت، زۆربەی جەماوەری نەفامو نەخوێندەواری کورد ڕازی دەکات.!" [١]

بەڵێ ئەوە ڕێزنانی مسقۆفانی ئینگلیز بوو لە میللەتێکی گەورەی وەکو کوردو ئاینێکی جیهانیی وەکو ئیسلام، کە بەوپلەدوویی‌و پلەسێییە سەیری هەموو نەتەوەکانی خۆرهەڵاتو ئاینەکانیان دەکرد، وێناکردنی هێزێکی داگیرکاریشە، بۆ واقعی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کوردانی دانیشتووی یەکێك لە شارە هەرە زیندووەکانی ئەوکاتەی کوردستان، شاری ئامەد (دیاربەکر). واز لەو بەشەی بێنە کە چۆن ناوی کورد دەبا، لەو بەشەی ورد بەرەوە کە لە سەرێکەوە تورکو ئەرمەن‌و ڕای گشتی ناوچەکە دەترسێنێ، بە گەشەی هەستی

---

٢ الحركة الكردية المعاصرة، د. عثمان علي، ص: ١٧٣. (وێنەیەکی مزگەوتی گەورەی (ئامەد) لە بەشی پاشکۆکاندا ببینە).

نەتەوایەتی کورد، لە سەرێکی ترەوە بەریتانیاو گوێ لە مشتانی دەترسێنێ لەبەهێزیی‌و کاریگەریی پابەندیی کورد بەئیسلام‌و شەریعەتەکەیەوە.

ئەوەی دەیسەلمێنێ کە ئەم قسانە پیادەکردنی پلانێکی نەخشە بۆ رێژراوە، لێکچوونی قسەی زۆربەیانە لەم بوارەدا، نوێنەرێکی تری ئینگلیز لەشاری (وان) دەڵێت: "کورد شەریعەتی دەوێ، نەك (یەکسانیی)و (برایەتیی)و (ئازادیی)، کە ئیتتیحادییەکان باسی دەکەن."[1] ورد بەرەوە چۆن (شەریعەت)ی بەرامبەر (یەکسانیی‌و برایەتیی‌و ئازادیی) داناوەو توندڕەوانی (ئیتتیحادو تەرەققی)شی داناوە بە هەڵگران‌و پێشەنگانی ئەو دروشمانە، دیارە کوردیش بە دوژمنیان..هەر ئەم پیلان‌و شەیتەنەتەش بوو کە سەری گرت‌و (ئیتتیحادی)یە ئەڵقە لەگوێکانیاکان لەکۆتایی ئەوساڵەدا– وەك گوتمان–(یانەی کوردان)یان لەئەستەمبوڵ‌و هەموو شارەکانی تر داخست.

ئەوانە بەشێکن لە وانە بنەڕەتییەکانی پەروەرشگای مزگەوتەکان، ئەوەش کە ڕابورد چمکێکە لە نمونەی قسەو هەڵوێست‌و کارەکانیان، کە بە گیانێکی موسڵمانانە داکۆکییان لە نەتەوەو نیشتمان کردووە، لە دەرگای هەموو ڕەهەندە سیاسییەکانیشیان داوە، بۆ هیچ سیناریۆو مانۆڕێك –کە شۆڕش‌و خەبات‌و هەڵوێست بیخوازێ– دانەماون‌و دەستەپاچە نەبوون، نە گفت‌و گۆ، نە پەیوەندیی، نە دان‌وستاندن، نە شۆڕش‌و موقاوەمەت، نە تاکتیکی پاشەکشەو دەستشلکردن، نە هونەری هەڕەشەو خۆسوورکردنەوە، نە هیچ ئەگەرو سیناریۆو هەڵوێستێکی تر، کە بەرژەوەندیی گشتی‌و سیاسەتی قۆناغ‌و واقیع بیخوازێ، بە پێی پێودانگ‌و ڕێسا شەرعییەکان.

---

١ هەمان سەرچاوە، لا: ١٧٤.

**٢–مزگەوتەکانی سلێمانیو مەهابادو ئامەد، نەخشێنەری خەباتن:**

مزگەوتە نایابەکەی (**سەید حەسەن)ی شاری سلێمانی،** ئەویش بۆ خۆی وەك مزگەوتەکەی **(سوور)ی مەهابادو مزگەوتی گەورەی شاری ئامەدو مزگەوتی گەورەی کاك ئەحمەدی شێخی سلێمانیو مزگەوتەکەی ئەیاصۆفیای ئەستەمبوڵ،** داستانی هەیە، هەرکامیان دیرۆكو ڕوداوێکی مێژوویی گرنگ تیایاندا ڕوویان داوەو داستانێکی لەگەڵ خەباتی سیاسی کوردان هەیە، وەك: ڕاگەیاندنی ڕاپەڕینو شۆڕش، ڕاگەیاندنی حزبو ڕێکخراوەی سیاسی، ڕاگەیاندنی ئیمارەتو دەوڵەت. بەڵێ، لە ڕۆژێکی هەینیو پاش نوێژی جومعە، لە ٢١/ تەموزی/١٩٢٢ بە ئامادەبونی زانایانو پیرانو پیاوماقوڵانو مونەووەرانو کاسپکاران (لە مزگەتی سەی حەسەن) بڕیاردرا لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی بە ناوی (جەمعییەتی کوردستان) بە سەرۆکایەتی (حاجی مستەفا پاشای یامولکی)، شایانی باسە ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی مێژووییەوە بە یەکەم ڕێکخراوی کوردیی دادەنرێ کە لە باشوری کوردستان دامەزراوە.[١]

لە ١٥/٩/ ١٩٢٢ شدا دوای نوێژی هەینی، لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی (ناسراو بە مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ) کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شار، بە ئامادەبوونی حدودی ١٠ هەزار کەس لە حەوشەو گۆڕەپانەکەی بەردەمیدا، بە پێشەنگیی زانایان، فەقێو قوتابیو پیاوماقوڵانو سەرۆك هۆزەکان، کۆبوونەوە، بۆ ڕاگەیاندنی ناوی شێخ مەحمودی حەفید وەك یەکەم مەلیکی کوردستان. لەوێ –وەك گۆڤاری (بانگی کوردستان) باسی

---

١ لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا وێنەیەکی (کۆمەڵەی زانستیی کوردان) لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفیددا ببینە.

دەكات– ئاڵای میللی كوردستان بەرز كرایەوە،[1] دواتر لە دایرەكانی حكومەتو قشڵەی عەسكەریی، ئاڵاكە هەڵكراو تۆپی خۆشیی تەقێنرا.[2]

بەڵێ، لە حكومەتەكەی شێخ مەحمودی حەفیددا، مەلاو شێخو كەسایەتییە ئاینییەكان پێشەنگ بوون، بۆیە شێخ مەحمود حاجی مەلا سەعیدی كردە وەزیری داد، شێخ عبد القادری حەفیدی كردە سەرۆكی حكومەت، مەلاكانی سلێمانی كردە ڕاوێژكاری شەخصیی خۆیو كابینەی حكومەتەكەی. دیارە نابێ ئەم حاڵەتە وای لێ بخوێنرێتەوە كە شێخ مەحمودو هاوكارانی دەسەڵاتیان قۆرخ كردووە لە توێژو تاقمێكدا، یان بڕوایان بە فرەییو پێكەوەژیانو چاوپۆشیی نەبووە، بە پێچەوانەوە شێخ بۆ خۆی كەسێكی زۆر كراوە بوو، بەڵگەش ئەوەیە كە كەسێكی مەسیحی ناسراوی شاری سلێمانی بەناوی (كەریمی عەلەكە) كردە وەزیری دارایی لە كابینەی حكومەتی مەملەكەتی كوردستاندا.

بەمجۆرە لە شارەكەی مەولانا خالیدو شێخ مەعروفو مەحویو كاك ئەحمەدی شێخدا، مزگەوتی گەورەی كاك ئەحمەدی شێخ[3] بووە سەكۆی ڕاگەیاندنی یەكەم مەملەكەتی كوردستانو ناولێنانی شێخ مەحمود وەك یەكەم مەلیك بۆ كورد. بۆیە هەر لەسەر هەمان ڕەوییەو ڕێباز، لە كۆمارە

---

١ ئاڵای كوردستان لە حوكمڕانیی شێخ مەحموددا تەختەكەی سەوز بووە، بازنەیەكی سووری تێدا بووە، لە ناوەڕاستی بازنە سوورەكەدا شێوەی مانگێكی یەكشەوە كێشراوە. لە بەشی كۆتایی ئەم كتێبەدا نمونەیەك لە وێنەی ئەو ئاڵایە ببینە.

٢ ئەم هەواڵە، گەرماوگەرم لە گۆڤاری (بانگی كوردستان)، ژمارە ٧، لە ١٩٢٢/٩/٢٢، بڵاوكراوەتەوە. بڕوانە: یاداشت، ڕەفیق حیلمی، بەشی پێنجەم، لا: ٩٥. (لە بەشی كۆتایی ئەم كتێبەدا نمونەیەك لە وێنەی گۆڤاری بانگی حەق ببینە).

٣ لەبەشی كۆتایی ئەم كتێبەدا نمونەیەك لە وێنەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی ببینە.

جوانەمەرگەکەی کوردستانی قازی محەممەدی شەهیدیشدا، مزگەوتی (سوور)ی ناوشاری مەهاباد، بووە یەکەم مەڵبەندی کۆبونەوەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، لەوێش وەك شاری سلێمانی مەلاو زاناو قازیو شێخانو نوێژخوێنان، بوونە پێشەنگ.[١]

**مزگەوتی هاوچەرخی کوردان: پەروەرشگا، زانستگە، لانکی شۆڕش:**

ئەوەش مەعلومە کە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا مزگەوت لە سەراسەری کوردستاندا لانکی شۆڕشو ڕاپەڕینو ژوانی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە. هەروەها جگە لەوە کە زانستگەیەکی شوێنی پەروەردەبوونی صەدان کەسایەتیی بووە، لە زانایانو شۆڕشگێڕانو شاعیرانو ئەدیبان، مەڵبەندێکی کۆمەڵایەتیش بووەو کاریگەریی زۆری هەبووە لە توندوتۆڵکردنی شیرازەی کرمەڵایەتیی‌و ڕێگریی کردووە لە لێکدابڕان، نەك تەنها لەسەر ئاستی گوندو شارۆچکەکاندا، بەڵکو لەسەر ئاستی شارە گەورەکانیش. ئەوەش ناشارڕێتەوە کە پەروەرشگایەکی کاریگەریش بووە بۆ ڕاستکرنەوەی ڕەفتارو کردارەکان.

لێرەدا من بێژراوە دووبارەکان ناگێڕمەوە، بەڵام هەڵوێستە نەمرەکان لە مێژووی ئەو پیاوانەدا دەخەمەوە ڕوو، بە تایبەتی ئەو هەڵوێستانەی لەبەر هەر هۆیەك لە هۆکان نەخراونەتە ڕوو، یان بەڕوونی تیشکیان نەخراوەتە سەر. بۆیە کۆتایی ئەم بەشە بەبۆچونەکانی یەکەمجار دێنمەوە، کە: ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکانی سەرەتای سەدەی بیستو شۆڕشە هاوچەرخەکانیش، ئیلهامیان لەو شۆڕشو ڕاپەڕینانە وەرگرتووەو

---

[١] لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا نمونەیەك لە وێنەی مزگەوتی سووری مەهاباد ببینە.

درێژەپێدەری ئەو ڕێبازانە بوون. دیارە بەسوودوەرگرتن لە کۆی ئەزمونەکانیان‌و وردبونەوە لە هەڵەو هەورازو نشێوو کەم‌و کورتییەکانیان، کە بەدڵنیایی لە چەند وێستگەیەکدا بێ هەڵەو کەموکورتی‌و گرفتی جۆراوجۆر نەبوون‌و زۆرجاریش هەڵەکان کوشندە بوون، هەروەك لە بزاف‌و شۆڕشە هاوچەرخەکانیشدا، دەیان هەڵەی ستراتیژیی تۆمار کراون، چ جای هەڵەی تەکتیکی، یان تەکنیکی.

**٣- (شێخ، مەلا، قازی، سەید، حاجی، فەقێ..) تەنها ڕێکەوتە، یان..؟**

لە کاتێکدا بە دوای سەلماندنی ئەم ڕاستییەوە بووم، کە ئیسلام وەکو ئاین‌و مەلاو شێخ‌و فەقێ‌و قازی‌و بانگخوازانی ئیسلامیی، وەکو کەسایەتی، هاندەرو پێکهێنەرو پێشەنگی ڕەوتەکانی سەرهەڵدانی بزافی ڕزگاریخوازی کورد بوون، چ لە شۆڕشەکاندا، چ لە ڕاپەڕینەکاندا، چ لە ڕێکخراوو ناوەندەکانی چالاکییە جۆراوجۆرەکاندا، کەمێکی تر لە ڕووی مێژووییەوە چوومە پێشەوە، گەڕامەوە بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیست، بۆ ئەوەی چاکتر لە گەرم‌و گوڕیی‌و کارایی ئەم فاکتەرە تێ بگەین، لەم کاتەدا چاوم کەوت بە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی ئینگلیز کە پەیوەندیی بە هەواڵی لەسێدارەدانی یازدە خەباتگێڕی گەلی کوردەوە هەیە لە ناوچەی (وان)ی باکوری کوردستان، لەسەر دەستی دام‌و دەزگاکانی ئیتتیحادییە نەتەوەپەرستە دەمارگیرەکان.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ناونیشان‌و نازناوی جیاکەرەوەی ناوی ئەو شەهیدانە بوو، داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم لێیان ورد ببێتەوە، تا بزانێت خەباتگێڕانی کورد کێ بوون‌و لە چ توێژانێك بوون‌و چ لەقەبێکیان هەبووە؟

تا کەمێکیش شارەزا ببێت کە لە سەردەمی کەمالییەکاندا چ ڕەنجێکی تاقەت پڕۆکێن کێشراوە؟

جێگری کونسوڵی ئینگلیز لە پارێزگای (وان)ی باکوری کوردستان، لە بروسکەیەدا لە ١٦/مایسی/١٩١٤، بەرپرسانی سەرەوەی خۆی لەم هەواڵەی خوارەوە ئاگادار کردۆتەوە، دەقاودەق دەنووسێت:

"گەورەم، بەڕێز لویس مالیت![1] جێی شانازیمە ئاگادارتان بکەمەوە، کە دادگایەکی عورفیی، حوکمی لەسێدارەدانی دەرکرد بۆ یازدە کەسایەتی کورد، چونکە لە ڕاپەڕینەکەی نیسانی ١٩١٤ لە شاری (بتلیس) بەشدار بوون، لە سەرەتای ئەم مانگە حوکمەکە جێبەجێ کرا، ناوی کەسە لەسێدارەدراوەکان ئەمانەن:

١–شێخ شەهابەددین ٢– شێخ شەریف (برای شێخ شەهابەددین) ٣– شێخ سەید علی ٤– مەلا محی الدین ٥– مەلا فەقێ عەلی ٦– مەلا جوندی ٧– مەلا مەجید ٨– حاجی حەیران ٩– حاجی باهیر ١٠– حاجی خورشید ١١– عەلی ئەفەندی."[2]

بەڵێ، (شێخ)، (سەید)، (مەلا)، (فەقێ)، (حاجی).. ئەمە لەقەبی (١٠) کەسە لە کۆی ئەو (١١) کەسەی لەسەر بەرهەڵستکارییو داکۆکیی لە خاکو وڵاتو گەلیان لەسێدارە دراون! لە کاتێکیشدا ناحەزانی کورد لۆمەی کوردیان دەکرد کە شۆڕش دەکەن، کەس لۆمەی تورکانی ئەوکاتەی نەدەکرد کە دەیانویست شوناسی نەتەوەیەکی گەورەو ڕەسەنی وەکو کورد بسڕنەوە، لەکاتێکدا لافی دیموکراسیو ئازادییان لێ دەدا.

---

١ مەبەست (لویس دو پاڵ مالیت)ە، کە لەو کاتەدا باڵیۆزی ئەو کاتەی حکومەتی بەریتانیا بووە لە ئەستەمبوڵ، جگە لەوە چەندین پۆستی باڵای لە دەوڵەتی بەریتانیادا بینیوە.

٢ الکورد فی الوثائق البریطانیة، د. عثمان علي، ص: ١١٢.

من كه ئەم بابەته دەنووسم نەخشه گەورەكەی مەماليكو ويلايەتەكانی دەوڵەتی عوسمانيی لەبەر دەستمدايه، كه ساڵی ١٨٩٣ی زاينی كێشراوەو كوردستانی گەورەی تێدا نەخشێنراوەو لەناوچەی (لوڕستان)و (ئيلام)ەوە، تا نزيك شاری (مەلاتيا)ی درێژكردۆتەوەو بەخەتێكی درێژو گەورە لەسەری نوسيويەتی:(كوردستان)[1]، بەڵام خێڵی (ئيتتيحادوتەرەققی)و كەماليزمەكان هاتنو هەموو توانای خۆيان خستەگەڕ بۆ سڕينەوەی ناوی كوردو نەخشەی كوردستان، بۆيه كاركردن بەو نەخشه عوسمانيەشيان هەڵوەشاندەوە، لەبەر ئەوەی داننەنێن به وڵاتێكدا بەناوی كوردستانو ئەو وشه درێژەی (كوردستان) كه لەسەری نوسرابوو.[2]

لەو سەروبەندەدا كۆمەڵی (ئيتتيحادوتەرەققی) توركان، ڕۆژنامەيەكيان هەبوو به ناوی (طنين) كه زمانحاڵی كۆمەڵەكه بوو، سەرۆكەكەی كەسێك بوو بەناوی (حسين جاهد) تيايدا پێشنيارى كردبوو كه شەش ويلايەته گەورەكەی كوردستان ـ كه ئێسته بەڕێژەی جيا جيا له پازده پارێزگا زياترن ـ ئەو ناوی كوردستانەيان لەسەر لاببرێو ناوبنرێن: (ويلايەتەكانی

---

١ له بەشی كۆتايی ئەم كتێبەدا، وێنەی ئەو نەخشەيه ببينه.

٢ پێويسته وەكو وەفاو پێزانينێك لێرەدا ئاماژه بەوە بكەم، ساڵی ٢٠١٣ كه بەنده ئەندامی پەرلەمان بووم، بەڕێز د.ئەرسەلان بايز، سەرۆكی خولی سێيەمی پەرلەمانی هەرێمی كوردستان بوو، نوسخەيەك لەو نەخشه گەورە بەنرخەی بەدياری پێشكەش كردم. شايانی باسه ئەم نەخشەيه هەمان ئەوەيه كه ساڵی ٢٠٠٤ له ئەنجومەنی حوكمدا، (مامجەلال) بەرزی كردەوەو پيشانی ئەندامانی (مەجلسی حوكمی عيراقی)دا، وەك بەڵگەيەك بۆ سەلماندنی كوردستانيبوونی كەركوكو دەوروبەریو دانانی عوسمانييەكان بەو ڕاستييەدا، لەناو ئەو نەخشەيەدا، كه له ساڵی ١٨٩٣وە نەخشێنراوە.

خۆرهەلاتی تورکیا).[1] بۆیە لەوکاتەدا لەبەر ئەوەی لەسەر دەسەلات بوون، پێشنیارەکەی سەری گرت، لەوکاتەوە وشەی (کورد) لەسەرزمانیان سڕرایەوە، وشەی (کوردستان)یش -وەك وتمان- لە نەخشەی وڵاتی تورکیادا نەهێڵراو کوژایەوە.

جا بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی زیهنی خوێنەرم دابێتەوە، کە ئاخۆ ئەم شێخو مەلاو حاجیو سەیدو فەقێیانە، بۆچیو لەسەرچی ئیعدام کراون، خراپ نیە بەڵگەیەکی تری (ئەرشیفی بەریتانی) بخەمە بەردەست: ئەو شێخ (شهاب الدین)ەی کە یەکەم ناوە لە ڕیزبەندی لیستی لەسێدارەدراوەکانی سەرەوەدا، پێش لە ئیعدامکردنی "یاداشتێکی ناردووە بۆ والی پارێزگای (وان)، تیایدا داوای کردووە کە سەرلەنوێ یاساکانی شەریعەت لە کوردستان جێبەجێ بکرێنەوەو فەرمانبەرە گەندەڵەکان لە ناوچەکە بگوێزرێنەوە، چونکە لەوە زیاتر خەڵکی تەحەممولیان ناکات.." لە کۆتایی یاداشتەکەدا نوسیویەتی: "ئەگەر والی ئەمە نەکات ئەوە موجاهیدەکان پەلاماری شاری (بتلیس) ئەدەنو هەموو فەرمانبەران دەگرن."[2]

بەڵێ ئەوەی لە نێوان دوو کەوانەکەدایە، دەقاودەق قسەی شێخ شەهابەدینەو لە ڕاپۆرتی نوێنەری حکومەتی بەریتانیادا هاتووە، کە لە شاری (وان)ەوە، باڵیۆزی خۆیانی لێ ئاگادار کردۆتەوە.

لێرەدا هەڵوێستی یەکێکی تر دەخەمە ڕوو لە هەڵوێستی کەسایەتی دیارو خەباتگێڕانی کورد کە (صالح بەگی خانەیی)یە، واتە: سەرکردەی ڕاپەڕینی کوردانی شاری (ئامەد) لە ساڵی ١٩٢٥دا، کە ناسراوە بە موفتی (مەعدەن)و (سەردەستەی یەکەمی موجاهیدین).

---

٢ فی سبیل کوردستان، زنار سلوپی، لا: ٣٥.

١ سەرچاوەی پێشوو لا: ١٢٠.

ناوبراو کەسێکی جوامێرو نەبەرد بووە، کاتێك براوە بۆ ئیعدامکردن ئامۆژگاری هاوڕێیانی کردووە کە ئازاو خۆڕاگر بن، لە کاتی هەڵواسینی بە قەنارەشدا دوو شیعر دەڵێت، کە ئەمە واتاکەیانە:

"لەبەر ئەوەی لە ڕەحمەتی خوا نزیك دەبینەوە، خۆشحاڵین،
هەرچەندە نابودو خانەخراپ بووین،
بەڵام چونکە لە ڕێی حەق‌و ڕاستیدا بوو، گوێمان لێ نیە.
ئێمە هیچ ناترسین کە کەسێك ستەممان لێ بکات،
چونکە خودا، ئێمەی پەسەند کردووەو لێمان ڕازییە." [1]

بەمجۆرە دەبینین کە تێگەیشتنی ئاینیی لە کوردستاندا- بەپێچەوانەی هەندێك بۆچوونەوە کە هەڵقوڵاوی ڕقی ئایدیۆلۆژین- کاریگەریی ئەرێنیی‌و پۆزەتیفی زۆری هەبووە لەسەر هەستی نیشتیمانپەروەریی، بگرە لەسەر کۆی خەباتی سیاسی نەتەوەیی.

بەڕێز محەممەدی شاپەسەندی- یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان- لە ناساندنی (عبد الرحمن زەبیحی)و سەردەمەکەیدا، جوانی بۆچووە کە دەڵێت: "لە سەردەمی منداڵیی زەبیحیدا جیاوازیی بەینی دین‌و سیاسەت لە کوردستان، بەمجۆرەی کە ئێستا هەیە، بەرچاو نەدەکەوت، توندڕەویی‌و زیادەڕەویی حزبایەتی لەئایندا پەیدانەبووبوو، مەگەر ئەوسا بەشی زۆری ڕابەرانی نیشتمانیمان پیاوانی ئاینی نەبوون؟ مەگەر ئێمە ئیلهامی نیشتیمانپەروەریمان لەئاینی پیرۆزی ئیسلام

---

١ ڕاپەڕینی کورد، ئوغورمومجوو ئەستەمبوڵ، ١٩٩١، بە نەقڵ لە جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەققی کورد، مالمیسانژ، لا: ٥٣.

وەرنەدەگرت؟ بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەوکاتە لەناو ئێمەدا، دین لە سووکترینو هاسانترین شێوەی خۆیدا بەکار هێنراوە."[1]

ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، ئاین –بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (کارل مارکس)و چەپەکانەوە– نەك تریاکی گەلان نەبووە، بەڵکو لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا هەوێنی گیرسانی خەباتو دینەمۆو بزوێنەری جوڵانەوەکانو ئیلهامبەخشی خۆزگەو داواکارییەکانی میللەتان بووە بۆ مافەکانیان، چونکە پرەنسیبو بەهاکانی هاندەر بوون بۆ هەقگوتنو دژایەتی ستەمو قبوڵنەکردنی ناهەقییو داواکردنی مافەکانو ڕزگارکردنی چەوساوەکان هەرکێ بنو لەهەرکوێ بن.. ئەم بابەتانە لەو سەردەمانەدا، هەرگیز لە بابەتەکانی تری پەرستشو عیبادەتو لایەنەکانی تری ئاینو بیروبڕوای ئاینیی، جیا نەکرابوونەوە، وەك ئەمڕۆ لەلایەن هەندێك عەلمانی توندڕەوەوە، بێهوودە کاری بۆ دەکرێت، گوایە بۆ دابڕینی ئاین لە خاكو خەڵكو ژیانو کۆمەڵگە.

---

١ بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسەندی، بنگەی ژین، سلێمانی،٢٠٠٧، لا: ١٢٣.

# بەشی دووەم

## شەڕی (چاڵدێران)و یەکەم فیدراڵیەتی کوردییو ڕۆڵی مێژوویی مەلا ئیدریسی بتلیسی

## تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- سەرەتای ئاڵۆزبوونی دۆزی کورد........................ ←
- ڕۆڵی مێژوویی مەلا (ئیدریس بتلیسی)و دیرۆکی پێکهێنانی یەکەم فیدراڵییەتی کوردیی.................................... ←
- بیرۆکەی یەکخستنەوەی ئیمارەتە کوردییەکان............ ←
- نەزانیی، یان غەرەزبازیی دژی مەلا ئیدریس............. ←
- چەند نموونەیەك لە شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی کوردستان..... ←

## ١- سەرەتای ئاڵۆزبوونی دۆزی کورد

پێویستە پێش باسی شۆڕشو ڕاپەڕینەکان، ئاماژەیەك بەوە بکەین کە سەرەتای ئاڵۆزبوونی پرسی کوردستانی گەورە، لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەوە دەستی پێ کرد، کاتێك کە هەردوو زلهێزی ئەوکاتەی دونیای ئیسلام – صەفەویی ئێرانو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی– بەگژیەکتردا چوونو لە ساڵی (١٥١٤)ی زاینیدا کوردستان بووە شەڕگەو شوێنی پێکداهەڵپژانی هێزەکانی هەردوولا، کە ناوبانگی بە شەڕی (چاڵدێران)[١] دەرکردووە. بەڵام وا دیارە ئێرانییەکان –بە تایبەتی شائیسماعیلی صەفەوی، کە گەنجێکی کەمئەزموونی سەرکەشو یاخیو لەخۆبایی بوو– زۆر حیسابیان بۆ ئەو ڕاستییە نەکردبوو،

---

١ وشەی (چاڵدێران) ناوە بۆ ناوچەیەکی دەشتاویی لە باکوری ئازەربایجانی ئێران، کە ئێستە قەزایەکی سەر بە پارێزگای ئازربایجانی تێدایە. کاتی خۆی بەشێك بووە لە قەزای (ماکۆ). دانیشتووانی ئەو ناوچەیە تێکەڵن لە کوردو تورکی ئازەری، بەڵام ناوچەکە بەگشتی بەشێکە لە خاکی کوردستان. شەڕەکە لە سەردەمی شا ئیسماعیلی صەفەوی ئێرانو سوڵتان سەلیمی عوسمانیدا بوو. هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە صەفەوییەکان بەردەوام دژایەتی عوسمانییەکانیان دەکردو تەماعی برەودان بە مەزهەبی شیعەگەریی لەسەریان دەرنەئەچوو، بە تایبەتی لە ناوچەکانی خەتی تێکەڵی هەردوو لا. پێش ئەو شەڕە، شا ئیسماعیلو سوپای صەفەوی پەلاماری عیراقیان دابوو، هەزاران کەسیان لە سوننەی عیراق لەناو بردبوو، جگە لە چەندین پەلاماری تری باشوری کوردستان، چونکە دەیویست تۆڵەی خوێنی باوکیو باپیری بکاتەوە کە لەشەڕی دژەسوننەدا کوژرابوون.

لەسەر جەنگی چاڵدیرانو هۆکاری سەرهەڵدانیو سەرەنجامەکەی، سەرچاوەی زۆر لەبەردەستدان، بۆ نمونە بڕوانە: (تاريخ الدولة العلية العثمانية) ، نوسراوی: محەممەد فريد بك، لا: ١٨٩-١٩١. هەروەها: (الدولة العثمانية، د.على الصلابی، لا: ٢٠٠. لە کوردیشدا سەرچاوەی سەرەکی، شاکاری (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بتلیسی)یە، کە تەنها ١٨ ساڵ پاش شا ئیسماعیل لەدایکبووەو نزیك بووە لە ڕووداوەکانو لەلایەن (هەژار موکریانی)یەوە فارسییەکەی کراوە بە کوردی، (محەممەد عەلی عەونی)ش کردوویەتی بە عەرەبی، ئەوەندەی زانیاریم هەبێت وەرگێڕاوە بۆ زمانەکانی ڕووسیو فەرەنسیو تورکیش.∞

که کوردەکان لە بەینی ئەو دوو بەرداشەدا، زۆربەیان سەر بە ڕێڕەوی ئەهلی سوننەتن،[1] مەزهەبە پەیڕەوکراوەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی، بۆیە ناتوانن پشتهەڵبکەن لە هۆگریی خۆیان بۆ ئەو مەزهەبەو ئەو هاوکێشەیە نادیدە بگرن. بۆیە کاتێك جەنگ بە شکستی هێزەکانی قزڵباشان[2]و صەفەوییەکان، لە بەرژەوەندیی سوپای عوسمانیی کۆتایی پێ هات، کورد کەوتە دووڕیانێکی چارەنووسسازی نوێ، کە: یان دەبێت لەگەڵ سوپای پشتیوانلێکراوی خۆی -کە سوپای عوسمانییەکانە- دەستەویەخە ببێ‌و بجەنگێ، کە زۆربەی باکورو باشورو خۆرئاوای کوردستان کەوتبووە ژێر ڕکێفیانەوە، یان دەبێت لەگەڵی بسازێ‌و پلانێك پەیڕەو بکات بۆ مانەوەو ئارامیی میرنشینەکانی، کە زۆربەیان کەوتبوونە بەشە سەرزەوی عوسمانییەکان، واتە بە گفتو گۆو دانوستان بە ئامانجێك بگەن، کە وا دیارە (مەلا ئیدریس)و زۆربەی ژیرو دەمڕاسانی ئەو کاتە، ئەم بۆچونەی دووەمیان لەلا باشتر بووە.

---

١ لێرەدا ئەوەمان لەبیر نەچێت تا ئەوکاتە، زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە پێیان گوتراوە (ئێران)، سوننی مەزهەب بوون. (د.ڕەزا سیامەند) یەکێك لە نوسەرە فارسە ناسراوەکانی ئێران، دەڵێت: "ڕۆژێك کە شا ئیسماعیلی صەفەوی شیعەی وەك مەزهەبی ڕەسمیی ئێران ڕاگەیاند، ئێران وڵاتێکی سوننی بوو. پێڕەوانی گروپە جیاوازە شیعەکان لە ئێران کەمینەیەکی زۆرکەمیان پێك دەهێنا. لە ناو ئەو شیعە جۆراوجۆرانەشدا لایەنگرانی شیعەی دوازدە ئیمامیی لە تاقمەکانی تر کەمتر بوون... تەبریز سوننی نشین بوو." کتێبی (شیعه در تاریخ إيران (فارسی)، د.رضا سیامند، تهران، ١٣٨٣ هـ.ش، ص: ١٢٧). (حمد الله)ی موستەوفی قەزوینیش- کە صەد ساڵ پێش صەفەوییەکان ژیاوە (١٢٨١-١٣٤٩ز)- دەڵێت: "زۆرترینی شارەکانی ئێران سوننی شافیعی‌و ئەوانی تریش حەنەفی بوون." نزهة القلوب، المستوفي، ص: ١٠١.

٢ (قزڵباشان) بە تورکی واتە: سەرسوورەکان. بەو سەربازە شیعانە دەڵێن کە بووبوونە پشتیوانی صەفەوییەکان، لەبەرئەوەی کڵاوێکی سووریان دەکردە سەریان، کە ١٢ کونی تێدا بوو، وەك ئاماژەیەك بۆ١٢ پێشەوای شیعەی دوازدە ئیمامیی. بڕوانە: سایتی (المعرفة).

## ٢- ڕۆڵی مێژوویی مەلا (ئیدریس)و یەکەم فیدراڵییەتی کوردیی:

لێرەوە ڕۆڵی درەوشاوەی سەرکردەیەك بەناوی (مەلا ئیدریسی بتلیسی) دەست پێ دەکات، کە لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەی زاینیدا توانی گەلی کورد لە نێوان دوو بەرداشی صەفەویو عوسمانیدا، بە تاکتیکێکی ژیرانەو ڕاوێژ لەگەڵ میرو ژیرانی ئەوکاتە، ڕزگار بکات.. کاتێك کە زۆربەی ئیمارەتە کوردەکانی یەکخستەوەو لە ململانێی نێوان ئەو دوو زلهێزە ڕزگاری کردنو ئەو ناوچانەی کوردستان وەکو کۆنفدرالیەتێکی سەربەخۆیان لێ هات.

بەداخەوە زۆرێك لە نووسەرە هاوچەرخەکانمان، لە ناساندنی مەلا ئیدریسو هەڵسەنگاندنی کارەکەیدا، کەوتوونەتە هەڵەیەکی گەورەوە، بۆیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە، کەمتر قسەی خۆم دەکەمو زیاتر بۆچوونی گەورە نووسەرو کەسە متمانە پێکراوەکانی سەردەمی پێش خۆمان دێنم:

ڕەنگە بۆ پێناسی مەلا ئیدریسی بتلیسی، بە وتەیەکی نوسەرو وەرگێڕو ڕوناکبیری گەورەی کورد، مامۆستا (شوکور مستەفا) دەست پێ بکەم، باشتر بێت، کە لە پێشەکی وەرگێڕانیدا بۆ ژیاننامەیەکی مەلا ئیدریس، بەمجۆرە مەلا ئیدریس دەناسێنێت: "(مەلا ئیدریس) کوردی سیاسەتمەدارو زاناو فەیلەسوفو شەرعزانو دیرۆکنوسو هونەرمەندو موتەصەوویفی سەدەی شازدە.." ئەوانەش کە بەخراپ ناوی مەلا ئیدریس دەبەن، ناوی ناون: "نەخوێندەواری نەزانو سەرلێشێواوو مایەپووچ.."[١]

من پێم وایە ئەو پێداگوتنو وەصفانەی مامۆستا شوکور بۆ مەلا ئیدریس زیادەڕەوییان تێدا نیە، بۆیە بەوەش دەستم پێ کرد چونکە مامۆستا شوکور جێی متمانەی زۆربەی ڕوناکبیرانی کوردە، کە بەداخەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا

---

١ بڕوانە پێشەکی کتێبی: ئیدریسی بتلیسی، نوسینی: محمد بیرقدار، وەرگێڕانی: شکور مستەفا، چاپی ٢، دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٩، لا: ٧.

دەیکەنە شایەتو قسەی بە بەڵگە دەهێننەوە، بەڵام لە ئاوا جێیەکدا کە باسی مەلا ئیدریسە، خۆی لێ دەبوێرن. !

با کەمێك زیاتر مەلا ئیدریس بناسین:

ئیدریسی بتلیسی ناسراوە بە مەولانا حەکیمەددین، کوڕی شێخ حسام الدین عەلی بتلیسییە، لە خانەدانێکی ئاینپەروەرو عاریفو خواناسە، باوکی هاوتەمەنی مەولانای جامی بووە، لە شاری تەورێز، بەشداری کۆڕەکانی کردووە. مەلا ئیدریس لە دەوروبەری ساڵانی (١٤٥٢ بۆ ١٤٥٧ز) هاتۆتە دونیا، بەڵام مەعلومە کە ساڵی (١٥٢٠ز) لە شاری ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە، لە نزیك گڵکۆی صەحابەی شەهید (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری) نێژراوە، ئێستەش شوێنەکەی دیارەو پێی دەڵێن: (کۆشکی ئیدریس). سەبارەت بە منداڵو نەوەکانیشی، ئەوەندە جێی گومان نیە کە کوڕێکی زاناو هەڵکەوتووی لێ بەجێ ماوە بەناوی (محەممەد ئەفەندی مەولانا ئەبولفەزل)، کە نازناوی چەلەبی بووە، وا دیارە ئەویش وەك باوکی زاناو حەکیمو سیاسەتمەدار بووە، لە دەرباری سوڵتانان ژیاوە، ماوەیەك قازی تەرابولسی شام بووەو چەندین بەرهەمی زانستیشی لێ بەجێ ماوە، پەراوێزی لەسەر هەندێك لە نووسینەکانی باوکی هەیە.

بەهەرحاڵ، مەلا ئیدریس، لە تەمەنی گەنجیداو ساڵی ١٤٦٩ز لە شاری (دیاربەکر/ ئامەد)ەوە چووە بۆ تەورێز، لەجێی باوکی بۆ ماوەی بیست ساڵ میرزاو باشکاتبی یەعقوب بەگی فەرمانڕەوای (ئاق قۆینلۆکان)[1] بووە. کە لە (١٥٠١ز) دا شا ئیسماعیلی صەفەوی کۆتایی بە دەسەڵاتی (ئاق قۆینلۆکان) هێنا، مەلا

١ (ئاق قۆینلۆکان): یەکێتییەکی هێزە تورکمانەکان بووە، کە پاش تیاچوونی حوکمڕانیی (قەرەقۆینلۆکان) لە نێوان ساڵانی (١٣٧٨ بۆ ١٥٠٨ز) حوکمی ناوچەکانی ئازربایجانو زۆربەی کوردستانو خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵیان لەژێردەستدا بووە. قەڵەمڕەوی ئەم هۆزە تورکمانانەو دەسەڵاتیان هەورازو نشێوی زۆری بەسەردا هاتووەو لە مێژوودا مشتو مڕی زۆریان لەسەرە.

ئیدریس ناچار بوو كە تەورێز بەجێ بێڵێتو بەرەو ئەستەمبوڵ بچێت، لەوكاتەدا سوڵتان بایەزیدی دووەم لەسەركار بوو، ڕێزێكی زۆری لەمەلا ئیدریس گرت. هەر لەو كاتەدا بوو دەستی كرد بە نوسینی كتێبە مێژووییەكەی بەزمانی فارسی بە ناوی (هشت بهشت)[1]، بۆ ماوەی نزیكەی سێ ساڵ پێوەی خەریك بوو. مەلا ئیدریس لەبەر لێهاتنو كەسایەتییە ناوازەكەی، لە ناوەندە عەرەبیو توركیو فارسییەكانی سەردەمی خۆیو كەمێك پاش خۆیدا، ناوبانگێكی سەیرو سەرنجڕاكێشی دەركردووە.

نووسەری گەورەی عیراقی (عباس العزاوی) دەقێكی لە كتێبی (الكواكب السائرة في رجال المائة العاشرة)، وەرگرتووە كە بەمجۆرە باسی مەلا ئیدریسی بتلیسی دەگێڕێتەوە: "مەلا ئیدریس كەسێكی بێوێنە بوو، هاوتای نەبوو، كە ئەو هات، پێشینانی پێش خۆی لەبیر خەڵكی بردەوە، لە پاشینانیش كەس جێگای نەگرتەوە، ئەوەندە چامە شیعری بە عەرەبیو فارسی هەن، كە لە ئەژمار نایەن، لە چەندین بواری جیاوازدا كتێبی سەرسوڕهێنەری نووسیوە، بە كورتی لە كەسە دەگمەنەكانی دونیا بوو."[2]

---

١ بۆ ئاگاداری خوێنەری بەڕێز: دەیان كتێب بە فارسی بەناوی (هشت بهشت) دانراون، بۆ جیاكردنەوەی كتێبەكەی مەلا ئیدریس، لە نوسخەیەكی خەتیدا، لە مەركەزی بەڵگەنامەكانی زانكۆی تاران، بە ژمارە ٥٦١٩، بەدرێژی نوسراوە: (المواقف الرحمانية في ذكر المواهب العثمانية). یان: (الصفات الثمانية في أخبار الخلفاء والقياصرة العثمانية)، جا دیار نیە ئاخۆ خۆی بەوجۆرە جیای كردۆتەوە، یان نوسەرەوە (نساخ)ی كتێبەكە؟ جێی باسە ئەوەندەی من زانیاریم دەستكەوتبێت ئەم كتێبە چەندین نوسخەی تریشی بەشێوەی پژاو لەم شوێنانە هەیە: كتێبخانەی مەرعەشی نەجەفی، مەڵبەندی پاراستنی كلتوری ئیسلامیی لە تاران، دەزگای فەرهەنگی ئینقیلابی ئیسلامیی لە تاران، كتێبخانەی پەرلەمانی ئێران (واتە: ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی). لە ئەستەمبوڵیش چەندین نوسخە لە دەستنوسخانەكانی ئەیاصۆفیاو بایەزیدو سوڵتان ئەحمەدو نور عوسمانییەو شوێنانی تریش پارێزراون.

٢ موسوعة العراق بين احتلالين، عباس العزاوي، ٢٩٩/٣.

مەلا ئیدریس مەیلێکی زۆری حەجی لەسەردا بووە، بەڵام هەموو جارێك لەلایەن عەلی پاشای صەدری ئەعزەم (سەرەك وەزیران)ی عوسمانییەوە لەمپەری بۆ دروست کراوە، چونکە ئیرەیی بردووە بە پلەوپایەی ئیدریس لای سوڵتان، بۆیە، کە عەلی پاشا مردووە، ئیدریس ساڵی ١٥١٢ لە ڕێی قاهیرەوە بەرەو گەشتی حەج چووە، وا دیارە لەوێ دڵسارد بۆتەوە لە گەڕانەوە بۆ تورکیاو لەوێ ماوەتەوە. بەڵام پاش ساڵێك کە سوڵتان بایەزید دەمرێو (سەلیم یاوز)ی کوڕی دێتە جێی، مەلا ئیدریس نیاز دەگۆڕێو دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵو دەبێتە یەکێك لە ڕاوێژکارو متمانە پێکراوەکانی سەڵتەنەت، تەنانەت لە زۆربەی شەڕەکانی دژی صەفەوی بۆ داگیرکردنی کوردستان بەشدایی دەکات، بۆیە سوڵتان نازناوی (قازی یەکەمی سەربازیی) پێ دەبەخشێت، جگە لەوەش، چەندین (فەرمانی سوڵتانیی) بەبۆشی بۆ مۆر دەکاتو دەیداتێ، تا خۆی چۆنی پێ باشە پڕیان بکاتەوە، بە تایبەتی بۆ دیاریکردنی حوکمڕانێتی میرە کوردەکان.! لەلایەکی ترەوە لە سەفەرەکانی شامو میصریدا، سوڵتان، مەلا ئیدریسی بتلیسی لەگەڵ خۆی بردووە، وەك ڕاوێژکارو وەزیری جێمتمانە.

سەرنجڕاکێش لە کەسایەتی ئەم پیاوە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەم هەموو سەرقاڵییە سیاسیو کۆمەڵایەتییە، خاوەنی دەیان بەرهەمی زانستییە لە بوارەکانی: تەفسیری قورئان، ڕاڤەی فەرموودە، مێژوو فیقهی ئیسلامیی، فەلسەفە، عیرفان، کەلام، مەنتیق، شیعرو ئەدەب، پزیشکیی، ئاژەڵناسیی، تەنانەت هونەری ئاوازو مۆسیقاو گۆرانی. ئەوانەی لە پەراوێزدا هاتوون گرنگترین بەرهەمەکانیەتی.[١]

---

١ لە بەرهەکانی مەلا ئیدریس: ١–کتێبی پزیشکیی (رسالة الأبا..) یان (رسالة في الطاعون)، بە عەرەبیی.٢– کتێبێك دەربارەی ئاژەڵناسیی، بەناوی (حياة الحيوان)، بە فارسی. ٣– کتێبێکی گەردووناسیی بە ناوی (ربيع الأبرار).٤–کتێبێك لە ڕەددانەوەی شیعەی (رافضة).٥–کتێبێکی فەلسەفیی بەناوی (رسالة في النفس). ٦و٧و٨و٩و١٠و١١–چەند کتێبێکی تەصەووفی بەناوەکانی: مناظره عشق با عقل، کنز الخفي، مرآة العشاق، شرح الخمرية، الحق المبين، شەرحی (گلشن راز)ی شەبوستەری. ١٢و ١٣و ١٤و ١٥و ١٦و ١٧– چەند کتێبێکی←

### ٣-بیرۆکەی یەکخستنەوەی ئیمارەتە کوردییەکان:

پاش شەڕی چالدێران، بەسەرپەرشتی ئەم زاناو سیاسەتمەدارە بلیمەتە، ژمارەیەك لە میرانی گەورەی کوردستان کۆبوونەوەو بڕیاریان دا کە مەلا ئیدریس بە هاوڕێیەتی (محەممەد ئاغای کلهوکی)، بە نوێنەرایەتی خۆیان بنێرن بۆ لای سولتان سەلیم، بۆ گفتوگۆو دانو ستان، ئەوانیش لای سولتان وتیان: میرانی کورد داوا دەکەن یەکێك لە خۆیان بکەنە سەرداری هەموویانو میری میران، سولتانیش ژیرانە ئەو سەرئێشەیەی لەکۆڵ خۆی کردەوەو وتی: هەرکام لەو میرە مەزنانەی کورد بۆ میری میران دەست دەدەن، با بۆ خۆیان میر دیاریی بکەنو میرەکانی تریش لەژێر فەرمانی ئەودا بن. !

وا دیارە وەك چەندین جاری تر، دەردە کۆنو نوێکەی کورد، دووبارە دەبێتەوەو میرانی کوردان لەسەر براگەورەیەك ڕێك ناکەونو ئەو هەلە مێژووییە زێڕینەش لە کیس خۆیانو نەتەوەکەیان دەدەن، بۆیە میرە ناودارەکانی کوردستان کۆدەبنەوەو داوا لە مەلا ئیدریسی حەکیم دەکەن کە بچێتەوە لای سولتانو تەکلیفی لێ بکات کە خۆی کەسێك بکاتە سەرگەورەی هەموویان، چونکە خۆیان ڕێك ناکەون..! ئەویش بە ناچاریو ئیحراجییەکی زۆرەوە دەچێتەوە لای سولتانو پینەی حاڵی میران دەکاو پێی ڕادەگەیەنێت

---

← شەرعیی وەك: مناظرة الصوم والعید، شرح أسرار الصوم، رسالة في إباحة الأغاني، الأحادیث الأربعون، تفسیر القرآن، حاشیة علی تفسیر البیضاوي. ١٨و ١٩و ٢٠- چەند کتێبێکی مێژوویی، وەك: هشت بهشت (بەناوبانگترین کتێبی مێژوویی بتلیسی)، سەلیم نامە، رسالەی خزانیە.٢١و٢٢و٢٣- بەرهەمە شیعرییەکانی: قصائدو مراسلات. المنشآت، مجموعة المنشآت. ئەم بەرهەمەکانە بینراونو پارێزراون، یان باسیان لێ کراوەو ناویان هاتووە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ژیانو بەسەرهاتی ناوبراو، بڕوانە کتێبی (ئیدریس بتلیسی) نوسراوی محەممەد بایرەقدار، وەرگێڕراوی شوکور مستەفا.

که خۆت کەسێك دابنێ، ئەویش (چاوش پاشای محەممەد ئاغا) دیاری دەکا.![1] دواتر مەلا ئیدریس خۆی دەکەوێتە دانوستان لەگەڵ میرانی موکریو برادۆستو بابانو سۆران، سەردانی ئامێدیو جزیرەو خیزانو بتلیس دەکات، سەرەنجام بە سەرپەرشتیی ئەو، لە نێوان میرانی کوردو عوسمانییەکاندا ڕێکەوتننامەیەکی مێژوویی مۆر دەکرێت.

مێژوونوسی بەتوانای کورد (ئەمین زەکی بەگ) دەربارەی مەلا ئیدریسو ئەو کارە مێژووییەی دەڵێت: "ئەم وڵاتانی کوردستانە، بەهیممەتو دیرایەتو سیاسەتی مەولانا ئیدریسو بە جورئەتو جەسارەتی محەممەد پاشاوە، بەم تەرحە بۆ عوسمانیی ساغ بووەوە. مەولانا ئیدریس لە پاش ئەمە دەستی کرد بە تەشکیلاتی ئیدارییەو ڕێکخستنی کاروباری ئەم وڵاتانەو ئیجرائاتو تەدابیری لە تەرەف سوڵتان سەلیمەوە موناسیب بینراو فەرمانی بۆ هات."[2]
پاشان ئەمین زەکی، دەقی پەیماننامەکە باس دەکات، کە لە پێنج بڕگە پێك هاتووەو لە ساڵی (٩٢٠)ی کۆچی، بەرامبەر (١٥١٤ز)ی زاینی جێبەجێ کراوە، کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی:
یەکەم: میرنشینە کوردەکان، سەربەخۆیی تەواوی خۆیان هەبێت.
دووەم: پۆستی میرنشینی لە باوکەوە بۆ منداڵان (پشتاو پشت) دەبێت، یان بەگوێرەی یاسای وڵاتو دابو نەریتی خۆماڵیی ڕێك دەخرێت.
سێیەم: کورد لە هەموو شەڕێکدا یارمەتی تورك دەدات.
چوارەم: بەرامبەر هەر دەستدرێژییەکی دەرەکیی، تورك یارمەتی کورد دەدات.

---

١ شەرەفخانی بتلیسی کە تەنها ٨٠ ساڵێك جیاوازیی سەردەمی بووە لەگەڵ مەلا ئیدریس، لە (شەرەفنامە)دا ئەم باسە دەکاتو زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە دەخاتە ڕوو، وەرگێڕانی هەژار، لا: ٧٤٥– ٧٤٧.

٢ خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، ئەمین زەکی بەگ، ٢٠٠٦، ١٢٧/١.

پێنجەم: کورد باجو ڕسوماتی شەرعیی بە خەزێنەی (بیت المال) دەدات.[1]

پاش ئەو ڕێکەوتننامەیە –کە گەورەترین سەرپێچی مێژوویی بوو بۆ نەتەوەی کوردو قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە– مەلا ئیدریس سیستەمی (سنجەق)[2]ی لە ٤٦ ئیمارەتی کوردیدا پیادە کرد، لە شاری ئامەدەوە تا وانو بتلیسو جزیرەو خاپورو موسڵ، لە سەریشەوە تا تەورێزی کردە چەند سنجەقێك. محەممەد ئەمین زەکی دەڵێت: "ئەم نەوعە تەشکیلاتە کە ئەسەری دەهاو سیاسەتی مەولانا (ئیدریس) بوو بەڕاستی زۆر موافیقی ئیحتیاجاتو ئیجابییاتی مەحەللی بوو بۆ وڵاتێکی وەکو کوردستان"[3]

وا دیارە سوڵتان سەلیمی عوسمانیی، متمانەیەکی زۆری داوە بە مەلا ئیدریس، کە میرە کوردەکان دڵنیا بکاتەوە لە ڕاستگۆیی بەڵێنەکانی، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئیمارەتەکانی کوردستان، بۆیە مەلا ئیدریس سەرکردەو میرەکانی دڵنیا کردەوە کە سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نادەن، هەر واش بوو، "ئیمارەتە کوردییەکان توانییان پارێزگاریی لە سەربەخۆیی خۆیان بکەن، چونکە توانییان قەناعەت بەدەسەڵاتی عوسمانیی بکەن کە قایمقامو کارگێڕو بەرپرسانی کاروباری کوردان لە ناوچە کوردییەکان لەخۆیان بێت."[4]

---

١ بڕوانە: کێشەی کوردستان لەئاست تورکیادا، نوسینی سورەییا بەدرخان، وەرگێڕانی: ئەحمەدی قازی، لا: ٤٢، هەروەها خولاصەیەکی تاریخ.. ئەمین زەکی، ١/ ١٢٨.

٢ (سنجەق) لە سیستمی عوسمانیدا دابەشکردنێکی ئیداریی بووە لە نێوان (ویلایەت)و (قەزا)دا، بە مانای ناوچە دێت. هەندێك سنجەقیش هەبوون کە گەورەتر بوون لە ویلایەت، هەندێکیش وەك قەزای ئێستە وابوون، بەڕێوەبەری سنجەق پێی گوتراوە (موتەصەرریف). دواتر ویلایەت ناونرا (لیوا).

٣ خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان، محممەد ئەمین زەکی، لا: ١٣٠.

٤ أكراد تركيا، د. إبراهيم الداقوقي، ئاراس، ط ٢، أربيل، ٢٠٠٨، ص: ٩٥.

ئەمە ناوەرۆكو پوختەی هەوڵەكانی مەلا ئیدریسی بتلیسی بوو، بۆ چارەسەری كێشەی نەتەوەی كورد.. دوای ئەو بڕیارە هاوبەشە، هەر میرێك هێزەكانی خۆیو هۆزەكەی كۆكردەوەو كەوتنە ڕاوەدوونانی پاشماوەكانی هێزەكانی ئێرانی صەفەوی‌و سنوری جوگرافی خۆیانیان دیاری كردو ئیدارەی سەربەخۆیان ڕاگەیاندو هەماهەنگییان ڕێكخست، سەرەنجام لەو قۆناغە مێژووییەدا كەش‌و هەوایەكی تازەو جیاواز ڕووی كردە زۆرێك لە ناوچەكانی ئەوكاتەی كوردستان.

پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوون بكەینەوە كە مەلا ئیدریس زۆر كاریگەریی مەیدانیی‌و هەژموونی ڕۆحیی هەبووە بەسەر سوڵتان سەلیمەوە، تا وا نەزانرێت كە سوڵتان كاریگەریی لەسەر ئەم هەبووەو بۆ مەرامی خۆی‌و دەوڵەتی عوسمانیی بەكاری هێناوە، بەپێچەوانەوە مەلا ئیدریس زۆر ژیرانەو حەكیمانە توانی لە سایەی ئەو متمانەیەی سوڵتاندا داواكارییە كوردییەكان دەستەبەر بكاتو كوردستان لەمەترسی‌و هەڕەشەكانی قزڵباشانی شیعەمەزهەبی توندڕەو بپارێزێت. پەیوەندیی مەلا ئیدریس‌و سوڵتان سەلیم پەیوەندیی موریدو شێخ‌و قوتابی‌و مامۆستا بوو، سوڵتان نەیدەتوانی لە ڕێنمویی‌و داواكارییەكانی مامۆستاو شێخەكەی لابدات، بەڵگەش ئەوەیە كاتێك سوڵتان وڵاتی میصری ڕزگار كرد، مەلا ئیدریس ترسی ئەوەی هەبوو كە سوڵتان سەلیم تووشی غرورو لەخۆبایی بوون ببێت، بۆیە لە چامە شیعرێكی فارسیدا چەند ئامۆژگارییەك بۆ سوڵتان دەنوسێت، ئەویش هەموویان لەگوێ دەگرێت."[١]

---

١ بڕوانە: مشاهیر الكرد، محەممەد أمین زكی، ١/٨٠.

### ٤- نەزانیی یان غەرەزبازیی هەندێك كەس دژی مەلا ئیدریس:

لێرەدا پێویستە بێمەوە سەر ئەو باسەی لە سەرەتاوە ئاماژەیەكم پێكرد، كە كەسانێك لە ڕووی نەزانی، یان بە مەبەستو بەباكگراوندێكی دژ بە ئاینو دژ بە ڕۆڵی زانایانی ئاینی، ویستوویانەو دەیانەوێ لە گرنگیی‌و بایەخی ئەو هەولو كارانەی مەلا ئیدریس كەم بكەنەوە.. من لێرەدا نامەوێ دەست بكەمە ڕەتدانەوەی ئەو كەسانە، چونكە كاری ئەم بابەتە ئەوە نیە، جێگەكەشی ئێرە نیە، بەڵام وەك پێشتر گوتم هەڵسەنگاندنی چەند كەسێك دەگوێزمەوە كە بۆ زۆرێك بابەتو باسو خواسی تر، هەر خودی ئەو كەسانە حیساب بۆ قسەیان دەكەنو هەڵوێستو تێڕوانینیان زۆر بەهەند دەگرنو بە بەڵگە دەیانهێننەوە.

جگە لە بۆچوونەكەی مامۆستا شوكور مستەفا كە پێشتر هێنامان و (مەلا ئیدریس)ی ناونابوو: "كوردی سیاسەتمەدار، زانا، فەیلەسوف، شەرعزان، دیرۆكنووس، هونەرمەندو موتەصەوویف." ئەوانەش كە بە خراپ ناوی مەلا ئیدریس دەبەن ناوی نابوون: "نەخوێندەواری نەزانو سەرلێشێواوو مایەپووچ.."[١] یەكێكی تر لەو كەسانە كە باسی دەكات مێژوونوس‌و ڕۆژنامەنوس‌و زانای ناسراوی كوردستان مامۆستا (عەلادین سەجادی) یە، كە لەو زەمینەیەدا دەڵێت: "مەلا ئیدریس بە زانایی خۆی - بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا ئەو ئەمارەتانەی كورد بمێننەوە - هێنای لەساڵی ١٥١٤ی زاینیدا، ٢٦ ئەمارەت لە ئەمارەتەكانی كوردی (ئەمین زەكی بەگ بە ٤٦ ئەمارەت دایناون) -واتە لە دیاربەكرەوە تا موسڵ- كردنی بەوێنەیەكی فیدراڵیی‌و

١ بڕوانە پێشەكی كتێبی ئیدریسی بتلیسی، نوسینی: محەممەد بیرقدار، وەرگێڕانی: شكور مستەفا، چاپی٢، دەزگای ئاراس، ساڵی ٢٠٠٩، لا: ٧.

پاڵیدان بەحکومەتی عوسمانییەوە. ئەم کردەوەی مەلا ئیدریسە بۆ ئەو ڕۆژە، گەورەتر خزمەتێك بوو کە بە قەومییەتی کورد کردی. یەکەم کەسێك بوو کە ئیدارەیەکی ناوخۆیی بۆ کورد دروست کرد، ئیدارەیەکی وا کە بتوانن بە هەموو جۆر کاروباری خۆیان بە بێ گیروگرفتی ببەن بەڕێوەو لە لایەن حکومەتێکی گەورەی ئەو ڕۆژەی وەکو عوسمانییەکانەوە دانیان پیا بنرێ."[1]

لە وەڵامی ئەو کەسانەشدا کە بایەخی سیاسی ئەو کارەی مەلا ئیدریس نازانن‌و لەخۆڕا ڕەخنە لەو کارەی دەگرن، کە گوایە کوردی خستۆتە ژێر ڕکێفی عوسمانیی‌و نازانن کوردستان بە بێ ئەوەش بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی، مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێت: "گومانی تێدا نیە کە ئەم ئیشەی مەلا ئیدریس ئیشێکی زل بوو، چونکە ئەگەر ئەو ئەوەی نەکردایە حکومەتی (یاوز) سوڵتان سەلیمی عوسمانیی، بەتەواویی ئیمارەتەکانی قووت ئەداو ناوێکی بۆ نەئەهێشتنەوە... ئەوانەی لۆمەی ئیدریسی بتلیسی ئەکەن بۆ کردنی ئەو ئیشەی، گزییەك لەگەڵ واقیعو لەگەڵ تەئریخ ئەکەن، بەڵکو دوور نیە لە حەقیقەت ورد نەبنەوە. بە پێچەوانەی ئەوە، تەئریخ ئەو گەواهییە ئەدا ئەگەر چەند کەسێکی تر زاناو دانای وەکو مەلا ئیدریسی بتلیسی هەڵبکەوتایەتەوە، ئیشی کورد غەیری ئەم ئیشە ئەبوو کە بەم ئاڵۆزییە ئێمە ئەیبینین، مەلا ئیدریسی بتلیسی بناغەیەکی باشی دامەزراند."[2]

---

١ خوێنەر هەست دەکا کە داڕشتنەکەی مامۆستا (عەلادین سەجادی) ڕەنگو بۆی ساڵانی شەستەکانی پێوە دیارە، من لەبەر ئەمانەتی زانستیی، بەبێ دەسکاریی دەقی قسەکانیم وەك خۆی دابەزاندووە.

٢ شۆڕشەکانی کورد.. عەلادین سەجادی، لا: ٣٩.

له نوسەرە کوردناسە بیانییەکانیش (م.س.لازاریف) دەڵێت: "مەلا ئیدریس کەسایەتییەکی ئاینیو صۆفییەکی بەدەسەڵاتو ناسراو بە (حەکیم) بوو، جگە لەوە ڕوناکبیرێك بوو کە هونەری گفتو گۆی دەزانی."[1]

عەللامەی کوردو سیاسەتمەدارو مێژوونوس (محەممەد ئەمین زەکی بەگ)یش یەکێکی ترە لەوانەی کە حیسابی زۆر بۆ نوسینەکانی دەکرێت، ئەویش زۆر بەڕێزو پێزانینەوە ئەو هەوڵو تەقەلایەی مەلا ئیدریس دەنرخێنێ، وەك کەمێك پێش ئێستا هێنامان، هەوڵەکانی ناو دەنێت: (گفتو گۆو هەوڵی ماهیرانە)و ڕوداوەکەش بە (ئیستیسنائی)و (بێ وێنە لە مێژوودا)، ناوزەد دەکاو دەڵێت: "ئەم نەوعە تەشکیلاتە کە ئەسەری دەهاو سیاسەتی مەولانا ئیدریس بوو، بەڕاستی زۆر موافیقی ئیحتیاجاتو ئیجابییاتی مەحەللی بوو. وڵاتێکی وەکو کوردستان سەختو ئەهالییەکی وا شەڕکەرو ئیختیلالجوێ، بە نەوعێکی تر ئیدارە نەئەکراو ناکرێو بەم تەرحە ئەو ٤٦ ئیمارەتە کوردانە کە لە پێش دەوری یاوز(سوڵتان سەلیم)دا لە کوردستاندا هەبوون، بەشی موهیممی بە صورەتێکی ڕەسمیو قانونیی هێڵرانەوە."[2]

ماوەتەوە ئەوە بڵێین: کە ئەوە دوایەمین ڕێکەوتنی نێوان ئێرانو عوسمانییەکان نەبووە، لە ساڵی ١٥٥٥ زاینیشدا، هەردوولا پەیماننامەی ناسراو بە (پەیماننامەی ئەماسیا)یان مۆر کرد، کە بە تەواوی سنوری نێوان هەردوولایان دیاری کردو ناوچەکانی کوردستانیان دابەش کرد. لە ساڵی

---

١ تاريخ كردستان، م. س. لازاريف، وآخرون، أربيل، ٢٠٠٦، ص: ٨٢.

٢ کوردو کوردستان، ئەمین زەکی بەگ، لا: ١٢٠. هەروەها: کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا، سورەییا بەدرخان، وەرگێڕانی ئەحمەدی قازی، لا: ٤١، بەڵام سورەییا بەدرخانو عەلادین سەجادی پێیان وایە ئیمارەتەکان ٢٣ ئیمارەت بوون نەك ٤٦، وا دیارە هەندێك ئیمارەت لەیەکدراونو بە یەك ئیمارەت ئەژمار کراون.

١٦٣٩شدا ڕێکەوتننامەی (زەهاو) یان (قەسری شیرین) پاش ١٥ ساڵ شەڕ لە نێوانیاندا مۆر کرا. بە پێی ئەو ڕێکەوتنەش دەسکارییەکی سنورەکان کرا، بۆ نمونە (یەریڤان) خرایە سەر ئێران، عیراقی ئێستاش خرایە سەر دەوڵەتی عوسمانیی، ئەمە جگە لە چەندین ڕێکەوتننامەی تر لە سەردەمی جیاجیادا.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێویستە بڵێم: بەندە بۆ دوو مەبەست ئەم تیشکەم خستە سەر ئەو قۆناغە مێژووییە:

یەکەم: بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی باری سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئەوکاتەی کوردستانو تاکڕەوییو خۆخۆیەتی ژمارەیەك لە میرانی کوردو زاڵبوونی گیانو هەستی خێڵەکایەتیو لەسەرێکی ترەوە ملهوڕییو فراوانخوازیی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانیو صەفەوییەکان، بێتەوە بیرمان. چونکە ئەوە هاوکارێکی باشە بۆ تێگەیشتن لەهەر هەوڵێکی سیاسیو دیبلۆماسیی لەو کاتەدا.

دووەم: بۆ ئەوەی وەك دەرەنجامێکی ئەو وێناکردنە، نرخو بایەخی هەوڵەکانی مەلا ئیدریسی بتلیسی بزانین، لەوێشەوە بەڵگە بۆ بۆچونەکەی خۆمان بێنمەوە کە لە دەسپێکی ئەم بابەتەدا ئاماژەم پێ کرد، لەسەر ڕۆڵی خەمخۆرانەو دڵسۆزانەی پێشەوایانی ئاینی، کە مەدالیای پێشەنگییەکەی بە مەلا ئیدریس خەڵات کراو پێشم وایە دەبێت هەموو کوردان– نەك بە تەنها زانایان – شانازیی بەو پیاوەوە بکەن.

**٥-چەند نمونەیەك لە شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکانی کوردستان، پاش ئەو قۆناغە:**

پاش ئەو هەنگاوو ڕووداوە مێژووییە، جێی خۆیەتی هەر لەم بەشەدا ئاماژە بە گرنگترین شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکانی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەی زاینی بکەم، کە چالاکییەکان پەرەیان سەند، وەك:

ـ شۆڕشی محەممەد پاشای ڕەواندوز، ناسراو بە (پاشای کۆرە)، کە لە موصل تا سنوری فارس، ئیدارەیەکی دامەزراندو ئەنجومەنێکی لە مەلاو زانایان بۆ (یاسادانان)و نوسینەوەی مێژوو داناو دراوی لێ دا، بەڵام لە ساڵی ١٨٣٦ دا دەوڵەتی عوسمانی ئیدارەکەی ڕوخاند.[١]

ـ یان شۆڕشی (بەدرخانییەکان) لە ناوچەی (بۆتان)ی باکوری کوردستان (١٨٢١-١٨٤٧ز)، کە ئیمارەتێکی گەورەیان دامەزراندو لە شاری سنەی خۆرهەڵاتەوە، تا شاری ئامەد لە باکورو شاری موصلّ لە باشوری گرتەوەو شاری (جزیرە)یان کردە پایتەخت‌و چەندین کاری نمونەییان کرد، بۆ نموونە: ئاڵای کوردیان هەڵبڕی، زەوییان دابەش کرد بەسەر جوتیاراندا، دراویان لێ دا، لاوانیان ناردە ئەوروپا بۆ خوێندن‌و چەندین کاری تری گرنگیان ئەنجامدا، بەڵام ئەویش ساڵی (١٨٤٧ز) لەبەر پەلاماری عوسمانیی بە پشتیوانیی بەریتانیا شکستی هێنا.[٢] (لەبەر بایەخ‌و ڕۆڵی گرنگیان بەشێکی ئەم کتێبەی بۆ تەرخان دە کەم).

---

١ بڕوانە: شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، جەلیلی جەلیل‌و لازاریف و.. وەرگێڕانی بەهادین جەلال، هەولێر، ٢٠١٣، لا: ٢٠.

٢ بڕوانە: ماضي الكرد وحاضرهم، بله. ج. شيركۆ. ص: ٥٠. هەروەها: لمحات من تاريخ الانتفاضات الكردية، أبو شوقي، بيروت، ١٩٧٨، ص: ١٨.

ــ یان میرنشینی (ئەردەڵانییەکان) لە خۆرهەڵاتی کوردستان، کە سنوری قەڵەمڕەوییان زۆربەی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانو بەشێکی باشوریشی گرتبووەوە، بەڵام ساڵی (١٨٦٧ز) بۆ هەمیشە ئەویش کۆتایی هات.

ــ تا دەگاتە شۆڕشی شێخ (عوبەیدوڵڵای نەهری) لە شەمزینان، (١٨٨٠-١٨٨٣ز)، (لەبەر تایبەتمەندیی‌و بایەخی مێژوویی، بەشێکی تایبەتیش بۆ ئەو تەرخان دەکەم‌و هەندێك ڕوونکردنەوەی تایبەتی لەسەر دەدەم).

ــ تا ڕاپەڕینی مەلا سەلیمی بتلیسی، کە وەك دکتۆر کەمال مەزهەر دەڵێت: "داوای جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی شەریعەت‌و دورخستنەوەی فەرمانبەرە تورکەکانی دەکرد، چونکە -بەلای ئەوو هەموو سەرکردە کوردەکانەوە- ئامانجیان لێدانی کوردو فرۆشتنی وڵات بوو بە بێگانە."[1] بۆیە مامۆستا سەعیدی نورسی دەڵێت-: "مەلا سەلیم لە ساڵی (١٩١٣ ز) دژی هەڵس‌و کەوتی نامووسڵمانانەی هەندێك لە ئەفسەرە تورکەکان لە شاری (بتلیس) ڕاپەڕی‌و شارەکەی گرت"[2] و ساڵی ١٩١٤ لە هەمان شاری خۆی لە سێدارە درا. بە پێی هەندێك زانیاریی ئەم مەلا سەلیمە یەکەم کەس بووە کە ئاڵای کوردستانی لە ناوچەکەی خۆیدا بەرز کردۆتەوە. جەلیلی جەلیل دەڵێت: "مەلا سەلیم یەکێك بوو لە ڕابەرانی ڕاپەڕینی ناوچەی (بتلیس) لە ساڵی ١٩١٤دا، ئاڵای کوردستانی لە شارۆچکەکەی خۆی لە (گوماتش)و پاشان (خێزان) بەرز کردەوە.[3]

---

١ كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، د.كمال مظهر، بيروت، ط٣، ٢٠١٣، ص: ١١٨.

٢ المثنوي العربي النوري، سعيد النورسي، ص: ٢٠١.

٣ بڕوانە پێگەی ئەلیکترۆنیی kurdnas.com، ونهضة الأكراد الثقافية والقومية، جليلي جليل.

بۆ دڵنیابوونەوە لەدڵسۆزیی‌و لێبڕان‌و ئازایەتیی مەلا سەلیم، کەسایەتییەکی تورك بەناوی (مستەفا دوراك بەگ) کە نوێنەری ناوچەی (ئەرزڕوم) بووە لە پەرلەمانی تورکیا، لە دانیشتنێکی نهێنیی پەرلەمان، لە ساڵی ۱۹۲۳دا، پەرلەمانتاران ئاگادار دەکاتەوە کە کاتی شۆڕشەکەی مەلا سەلیم‌و ڕوداوی لەسێدارەدانی، لە شاری (بتلیس) بووە، دەڵێت: مەلا سەلیم پێش ئەوەی لەسێدارە بدرێت، وتی: "ئەی تورکەکان! ئێوە من لەسێدارە دەدەن، قەیناکا لەسێدارەم بدەن، بەڵام ئایا ئێوە شەرم لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەمان ناکەن؟ چەندە ناوچەو شوێنی جۆراوجۆرتان دا بە ئەمو بە ئەو؟ قەت دان بەوەشدا نانێن کە لەو ڕووەوە کەمو کوڕیتان هەیە، چ زیانێکتان پێ دەگات ئەگەر (بیتلیس)یش بدە بە ئێمە؟ چی دەبێ؟."[1]

ـ تا دەگاتە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید لە باشوری کوردستان، (۱۹۱۸-۱۹۲۲ز) (کە چەند نمونەیەك لەڕوداوو هەڵوێستە پەیوەندیدارەکانی ئەویش بە جیا لە بەشێکدا پشت بەخوا دەخەمە ڕوو).

ـ یان ڕاپەرینی شێخ ڕەزای دەرسیم، لە ساڵی ۱۹۳٦، دژی سیاسەتی بەتورککردن، کە ئەویش بە هەمان چارەنوس، ساڵی ۱۹۳۷ دیل کراو لەگەڵ ۱۱ کەسی تردا لە تەمەنی ۷٥ ساڵیدا بەڕیشی سپییەوە لە سێدارەدران. شێخ ڕەزا پێش ئەوەی گەردنی بە پەتدا بکرێت وتی: "من تەمەنم گەیشتۆتە ۷٥ ساڵ‌و لە سێدارە دەدرێم و دەگەمە ڕیزی شەهیدانی خەبات لە پێناوی کوردستان، من شاری (دەرسیم)م لە دەست چوو، بەڵام کوردو کوردستان هەر ماون، لاوانی کوردیش هەر بەردەوام دەبن، سەرشۆڕیی‌و

---

١ جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان، لا: ٥٧.

شەرمەزاریش بۆ ستەمکاران."[1] شایانی باسە خودی کەمال ئەتاتورك سەرپەرشتی هەڵمەتە سەربازییەکەی دژ بە ڕاپەڕینی دەرسیمی دەکردو زڕکچێکی ئەتاتورك بۆمبارانی شاری دەرسیمو شۆڕشگێڕانی دەکرد، کە هەزاران کەس بوونە قوربانیی. بە پێی هەندێك سەرچاوە لەو پرۆسەیەدا صەدان ڕوناکبیرو خەباتگێڕی کورد بە زیندوویی خرانە تورەکەی سەربەستراوو فڕێدرانە دەریاچەی (وان).[2] کارەساتی ئەم تاوانانە لە ئاستێکدا بوو کە لەم دواییانەدا (ڕەجەب تەییب ئۆردوغان) سەرۆك وەزیرانی تورکیا (ساڵی ۲۰۱۳ ) ئەو ڕوداوەی بەتاوانێکی وەحشیگەرانەو شەرمئاوەر ناوزەد کرد.

ـــ تا دەگاتە خەباتی قازی محەممەدی پێشەوای شەهید، لە خۆرهەڵاتی کوردستان، (۱۹٤٥–۱۹٤۷ز)، کە پشت بەخوا بە تایبەتیو بەچڕیی لەسەر ئەویش دەنوسمو هەندێك ڕاستی فەرامۆشکراو – یان بە ئەنقەست لاخراو– دەربارەی ئاشکرا دەکەم، لە کتێبێکی تایبەتدا بەناوی (چەند لاپەڕەیەکی لاخراو لە ژیانی قازی محەممەدی پێشەواو کۆماری کوردستان).

هەموو ئەوانەو ئەوانەی تریش کە لەو نێوەندو کاتانەدا خەباتیان کردووە، وەك وتم ئیلهامبەخشی بزوتنەوەو جوڵانەوە سیاسییەکانی سەردەمی خۆیانو پاش خۆیان بوون، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمو سەرهەڵدانی بیری کۆمۆنیزمیی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، زۆر باشیش توانیویانە خەباتی ئیسلامییو نەتەوەیی تێکەڵ بکەن، خەباتی

---

١ شۆڕشەکانی کورد، جەلیلی جەلیل، لا: ۲۹۳.

٢ سایتی کوردستان، بابەتی: د جەمال ئیبراهیم.

نەتەوەیی بە واتای داکۆکیی لە مەزلۆمییەتی گەلی کوردو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافو داواکارییەکانی، هەرچەند بۆ خۆم پێم وایە کە ئەو دوو بوارە جیاکردنەوەیان ناوێ، دەستەواژەی (خەباتی ئیسلامیی) بۆ نەتەوەیەکی موسڵمان، گشتگیرەو هەموو ڕەهەندو لایەنەکان دەگرێتەوە، چونکە –وەك مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێت–: "ڕۆحی قەومیی پێچەوانەی ڕۆحی ئیسلامیی نیە، بەڵکو ئیسلام فەرمانی پێ ئەکا، فەرمانەکانی لە لایەن خواوە هاتووەو دوژمنێکی هەرە گەورەیە بۆ زۆرو ستەم، فەرماندەرە بۆ ئازادیی تاكو کۆمەڵ."[1]

زۆرێك لە نووسەرو توێژەرانی بەئینصافیش پێیان وایە کە: "هەرکەس بەدواداچوون بۆ پرۆگرامو ئامانجەکانی ئەو جوڵانەوانە بکات، بە ڕوونی تێیاندا دەبینێت کە پەیوەندییەکی فیزیکیی هەیە لە نێوان داکۆکیی لە شەریعەتی ئیسلامیی وەك پرۆگرامی حوکمڕانییو داکۆکیی لەکوردانی موسڵمانی ستەملێکراو." [2]

بۆیە لەم بەشە داهاتووانەدا تیشکێك دەخەمە سەر ئەو شۆڕشانەو گرنگترین ئەو بەڵگەنامانە دەخەمە ڕوو، کەڕەسەنایەتی ئایینییو نەتەوەییو نیشتمانییان دەسەلمێنن، بە تایبەتی ئەوانەیان کە ئەرشیفو سەرچاوە دیکۆمێنتییەکان– بەشی ئەو کارە– کارئاسانیمان بۆ دەکەن.

---

١ شۆڕشەکانی کورد، عەلادین سەجادی، تاران، ٢٠٠٥، لا: ٢١.

٢ الحركة الكردية المعاصرة، د.عثمان علي، ص: ٨٣. مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی ئیسلامیی جیهانیی مالیزیاو پەیمانگای (رایسۆن)ی کەنەدی.

# بەشی سێیەم

## ئاوڕدانەوەیەك لە بنەماڵەی بەدرخانییەكان

## (١٨٥٠-١٩٥٠ز)

## تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- هەستی نیشتیمانیی‌و ئیسلامیی بنەماڵەی بەدرخانییەکان.←
- چالاکیی بەدرخانییەکان‌و ناکۆکییان لەگەڵ ڕێکخراوی ئیتتیحادی‌و کەمالییەکان..............................←

### ١- هەستی نیشتیمانییو ئیسلامیی بەدرخانییەکان:

بەدرخانییەکانی مەحاڵی (بۆتان) لە باکوری کوردستان، بنەماڵەیەکی زۆر بەتواناو نیشتیمانپەروەرو خەباتگێڕ بوون، دەیان کەسایەتییان تێدا هەڵکەوتووە، ڕۆڵەی بە وەفاو لێهاتووی زۆریان لە هەموو بوارە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕۆژنامەنوسییەکاندا، پێشکەش بە کوردستانو نەتەوەی کورد کردووە، لەپێناوی ئازادیی نەتەوەکەیانو سەربەخۆیی کوردستاندا، دەیان قوربانییان داوە، صەدان کەسیان تووشی زیندانیکرانو نانبڕینو دەرکردنو دوورخستنەوە لە نیشتیمان بوون. سەیر ئەوەیە کە لە سەردەمی عوسمانییەکانو ئیتتیحادییە توندڕەوەکانیشدا-سەرەڕای دەربەدەرکردنو دوورخستنەوەیان -چەندینجار ناچاریان بوونەتەوەو لەبەر لێهاتوویيو کەسایەتیی بەهێزیان، کراونەتە والیو ڕاوێژکارو باڵیۆزو سەرکردەو فەرماندەی سەربازییو لەلایەن عوسمانییەکانەوە چەندین پۆستی بەرزو گرنگیان دراوەتیێ.

ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێنەوە سەر میربەدرخانی کوڕی عبد الله خانی ناسراو بە عەبداڵخانی مستەفا خانی سمایل خان، کە لە بنچینەدا دەچنەوە سەر هۆزی (عەزیزان)، کە هەر لە سەردەمی ئومەوییەکانەوە فەرمانڕەوای ناوچەی جزیرەو بۆتان بوون.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بنەماڵەیە کۆڵنەدانو لێبڕان بوو، هەرکەسیان ناوبەری، نمونەی لەخۆبوردەییو بەرخۆدان بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان خوێندەوارو ڕوناکبیرو دنیادیدە بوون، زۆربەی هەرەزۆریان یان میرو سەرکردەو ئیداریی بوون، یان ڕۆژنامەنووسو نووسەرو ڕوناکبیر بوون، یان دیپلۆماتکارو سیاسی بوون. کەم ناوەندی سیاسیو ڕوناکبیریی لە ئەورووپاو زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبیی هەن، کەسێکی ئەم بنەماڵەیە سەرنجی ڕانەکێشا بن، یان ناوی کەسێك یان کەسانێك لە هەڵکەوتوانی ئەم

بنەماڵەیەیان نەبیستبێت، دەکرێت لێرەدا ناو لە دەیانی وەك: جەلادەت بەدرخان، میقداد مەدحەت بەدرخان، کامەران بەدرخان، حامد بەدرخان، ئەحمەد بەدرخان، عبد الرحمن بەدرخان، عبد الرزاق بەدرخان، سورەییا بەدرخان، ڕەوشەن بەدرخان، عەلی شامیل، محەممەد صالح بەدرخان، ئەمین عەلی بەدرخانو چەندینی تر ببەین، کە هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە خەباتی هەیەو کەلێنێکی لە بزوتنەوەی سیاسیو ڕوناکبیریی نەتەوەی کورددا پڕ کردۆتەوە.

ئەمە لەڕووی نەتەوەییەوە، لەڕووی ئاینپەروەریشەوە (بەدرخان)ی باوکە گەورەیان، کەسایەتییەکی زۆر بڕوادارو ئایندۆست بووە، زۆر خزمەتی ئەهلی زانستی شەرعیو موسڵمانانی کردووە، لێرەدا بۆ سەلماندنی بەشێك لەم تێڕوانینە، ناچارم هەڵسەنگاندنێکی گەورە نوسەری فەرەنسیی (کریس کۆچێرا)ی دۆستو پشتیوانی گەلی کورد، بە بەڵگە بهێنمەوە، کە دەڵێت: "میربەدرخان پیاوێکی دیندارو بەباوەڕ بوو، زۆر بە وردی کاری بە ڕێساو یاساو بنەماکانی ئاین دەکرد، بە پێی گوتەی ئەو مژدەبەرو مسیۆنیزە مەزهەبییە ئەمریکییانەی کە سەردانیان کردووەو دیتویانە، (دەڵێن:) نوێژی لە کاتی خۆیدا دەکرد. ئەو کەسانەی کە دیتویانە ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە بیری ئیسلامیی ڕۆڵێکی گەورەی لە بەهێزکردنو پتەوکردنی دەسەڵاتی ئەودا هەبووە."[١]

ئەم میر بەدرخانە، ساڵی ١٨١٢ز، لە ١٨ ساڵیدا بۆتە میری بۆتان، هەر ئەو کاتە کارخانەی چەکسازییو تەقەمەنیی دروست کردووە. دواتر لە ساڵی ١٨٤٢ دا بە ناوی خۆیەوە دراوی لێداوەو دەسەڵاتی گەیشتۆتە

---

١ کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، هەولێر، چاپی ٦، ٢٠١٢، لا: ٢٢.

شارەکانی سنەو موصلو ڕەواندزو ورمیۆ وان. لە ڕوداوە ناخۆشەکانی ژیانی، خیانەتی چاوەڕواننەکراوی سەرکردەیەکی کورد بوو بە ناوی (عز الدین یەزدانشێر) – کە لە ئامۆزاکانی خۆی بوو–، چونکە بە هاوکاری ١٥ هەزار چەکداری کورد، بوو بە پشتیوانی عوسمان پاشای تورك، بە هیوای ئەوەی بەدرخان لەناو بەرنو یەزدانشێر خۆی ببێتە میری بۆتان. بۆیە لە ساڵی ١٨٤٧ دا پاش هەشت مانگ شەڕو خۆڕاگریی، بەدرخان لەگەڵ دوو کوڕیدا (میر سەعدو میر صالح) گیران و بران بۆ ئەستەنبولو کۆتایی بە حوکمو دەسەڵاتی هات.

لە ساڵی ١٨٧٧ز دا کاتێك کە شەڕی ڕووسو عوسمانیی هەڵگیرسا، عوسمانییەکان ناچاری بەدرخان بوونەوەو کردیانە سەرکردەی سوپای بەرەنگاربونەوەی ڕووسەکان. ئەم میرە بە پێی زۆربەی سەرچاوەکان ٢١ کوڕو ٢١ کچی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، بۆیە نەوەکانی بە دەیان شارو شارۆچکەی تورکیاو سوریاو میصرو لوبنانو هەندێك لە شارانی ئەوروپیدا بڵاوبوونەتەوەو خاوەنی چەندین پێگەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕوناکبیریی بوون.[١]

لەگەڵ باسی ئەو هەستە ئیسلامییەدا، (کۆچێرا) ئەو شایەتییەش دەدا، کە میر بەدرخان یەکەمین کەسە کە دەسەڵاتێکی کوردیی لە مێژووی

---

١ لەسەر ئەم کەسایەتییەو منداڵو نەوەکانی، دەیان کتێب بە تورکیو عەرەبیو فارسیو ئینگلیزیو فەرەنسی نوسراون، بەشێکیشیان کراون بە کوردی. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریانەی سەرەوەو زانیاری زیاتر لەسەریان، سەیری ئەم کتێبانە بکە: الأسرة البدرخانية، نشاطها السياسي والثقافي، د.صلاح محمد سليم هروری، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦. البدرخانيون، مالسيمانژ. نهضة الأكراد، جليلي جليل. القضية الكوردية، بله. ج. شيركو. المسألة الكوردية، لازاريف.

هاوچەرخدا دروست کردبێت. بۆیە دەڵێت: "بەدرخان دەیزانی کە چۆن لە بازنەی تەسکی تیرەگەرییو تایفەگەریی بێتە دەرێو بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی تازەدا، دەسەڵاتی نەتەوەیی کوردیی دروست کرد. هەر ئەمەشە کە ئەم لە میرێکی ئاسایی کورد، جیا دەکاتەوە... بۆیە لە ساڵی ١٨٢٥ز کەوتە بیری ئەوە کە سەربەخۆیی کوردستان کارێکی پێویستە."

لە بەشێکی تری گەواهیدانەکەیدا، (کۆچێرا) لە هەڵسەنگاندنی لایەنی ئیداریی‌و وێناکردنی حوکمڕانیی بەدرخاندا، دان بەوەدا دەنێت کە لە سەردەمی ئەودا "چەتەییو ڕێگریی بنبڕ بووە، ئەمن‌و ئاسایش لە هەموو کوردستاندا[1] بەرقەرار بووە،" ڕێبواران‌و گەشتیارانی ئەوروپایی ئەو سەروبەندە، گەواهی لەسەر ئەم حاڵەتە دەدەن. بۆیە لە دوا پەیڤیدا، کۆچێرا دەڵێت: "بەدرخان بێ چەندو چوون، یەکێکە لە قارەمانانی سەربەخۆیی کوردی سەدەی نۆزدەهەم."[2]

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بنەماڵەیە بەهرەو لێهاتنی ڕوناکبیریی‌و بایەخدانیان بوو بەکاری ڕۆژنامەوانی‌و نوسین‌و وەرگێڕان. هەر لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە هەوڵیانداوە کەمترین هەل‌و دەرفەت بقۆزنەوە بۆ خزمەتی ئاین‌و میللەتیان. بۆ نمونە یەکێك لەوانە (صالح بەدرخانی نەوەی عەبدالّ خان)ە کە ساڵی ١٩٠٠ لە قاهیرە ڕۆژنامەیەکی نیو مانگیی بەناوی (ئومێد) بە هەردوو زمانی عەرەبی‌و تورکی دەرکرد، بۆ ئەوەی ناوەندی عەرەبیی‌و ناوخۆی تورکیاش لە هەندێك لە ڕاستییەکان سەبارەت بە کورد ئاگادار ببنەوە. لەلاپەڕەی یەکەمیدا ئاماژە کراوە کە

---

١ دیارە مەبەستی (کریس کۆچێرا) کوردستانی بەشە بندەستی میر بەدرخانە، دەنا قەڵەمڕەوی ئەو، هەموو کوردستانی گەورەی نەگرتبووەوە.

٢ سەرچاوەی پێشوو لا: ٢٣، ٢٥.

ڕۆژنامەکە بە ئامانجی خزمەتی ئاینو نیشتیمان دەردەچێت. بۆیە لە وتارێکدا بە ناونیشانی (القول الحق) صالح بەدرخان دەڵێت: "بەڕاستی ئامانجم خزمەتی ئاینو میللەتو نیشتیمانی ئازیزە. ئەمەوێ گوێیان لەدەنگدانەوەی قەڵەمم بێت، کە لە ئاسماندا وەك شمشێرەکانو نرکەی تۆپەکان دەنگ دەداتەوە، دواجاریش ستەمکاران دەزانن چارەنووسیان چی لێ دێت."[1]

ڕوداوەکانی پێش کودەتای (کۆمەڵەی ئیتتیحادو تەرەققی) لە ساڵی ١٩٠٨ز، ئەوەمان بۆ دووپات دەکەنەوە کە پەیوەندیی بەدرخانییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیدا هەمیشە بە چەندین حاڵەتی هەڵکشانو داکشاندا تێپەڕیوە. هۆکارو سەرچاوەی ناکۆکییەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسو کەوتە چەوتەکانی هەندێك لە والیو کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتەو زیادبوونی ستەمکارییەکانی دەرهەق بە خەڵکی کوردستانو گوێنەدانیان بە زۆرێك لە تەعلیماتە ئاینییەکان.

بۆیە کاتێك ئیتتیحادییەکان لە تەموزی ساڵی ١٩٠٨ ز کودەتایان کردو لێبوردنی گشتییان دەرکرد بۆ بەدرخانییە گیراوو دوورخراوەکان، سەرەتا هیوایەکی زۆریان بەستەوە بە کودەتاچییەکانەوەو پێیان وابوو لەگەڵ دروشمەکانیان: (ئازادیی. یەکسانیی. دادپەروەریی) ڕاستگۆن، بۆیە زۆرێکیان کە گەڕانەوە بۆ ئەستەمبوڵو شارەکانی تری تورکیا، لە سەرەتاوە بە گەرمیی بوونە هاوکاری بەرپرسانی نوێ، بەڵام زۆری پێ نەچوو بۆیان دەرکەوت کە مامەڵەی بەرپرسانی پێشووی عوسمانییو شەخصی سوڵتان عەبدولحەمید زۆرچاکتر بووە لەتاقمی تازەی ئیتتیحادیو (کەمالیستەکان)، چونکە ئەمان سەرەڕای دژایەتییان بۆ ئاینو کلتورو مێژووی میللەتەکە،

---

١ بڕوانە: الأسرة البدرخانية، د. صلاح محەممەد سليم هروری، ص: ٣٨. نمونەی ڕۆژنامەکە لە پاشکۆکاندا ببینە.

دەستەیەکی تورانییو دەمارگیرو شۆڤێنی بوونو لە بنەڕەتدا دانیان نەدەنا بە بوونی نەتەوەیەکدا بەناوی کوردو وڵاتێکدا بەناوی کوردستان.[١] بۆیە زۆری نەخایاند شەپۆلێکی تر لە نەهامەتیی بۆ نەتەوەی کوردو ڕۆژگارێکی تاڵو ناسۆر بۆ سەرکردەکانی کورد– بەتایبەتی بنەماڵەی بەدرخانییەکان– هاتە کایەوە، کە ئەوەش بۆ خۆی دیرۆکێکی دوورو درێژەو لێرەدا ناچارین تەنها چەند سەرە قەڵەمێکی لێ باس بکەین.

١ ئەمە بە تەنها بۆچوونی بەندە نیە، لە ڕاستیدا من ئەوەی سەرەوەم نوسی بوو، دواتر چاوم بە هەمان بۆچوون کەوت لەلایەن مامۆستا (ئەمین بوز ئەرسەلان)ەوە، کە لە پێشەکی وەرگێڕانیدا بۆ (کوردو کوردستان)ەکەی ناو (قاموس الأعلام)ی ئەنسکلۆپیدیای تورکیی، جوانترو گشتگیرتر نوسیویەتی. دەڵێت: "ڕژێمی کەمالیی لە ڕژێمی عوسمانیی گەلێك کۆنەپەرستترو زۆردارترو دیکتاتۆرتر بەڕوونی دەردەکەوێ... ڕژێمی عوسمانیی ڕەگەزپەرست نەبوو، گەلانێك کە لە ڕەگەزی جیاجیاوە هاتبوونو گروپگەلێکی ئەتنیکی لەژێر سەیوانی خودی خۆیدا جێدەکردەوە. دەوڵەتی عوسمانیی پشتی بە یەك ڕەگەز نەدەبەست، (بەڵام) تورکیای کەمالییەکان پشتی بە (تاکڕەویی) دەبەست. عوسمانیی حاشای لەوەی هەبوو، نەدەکرد. هەوڵی نەدەدا بیانگۆڕێت... کوردستانی وەکو کوردستان قبوڵ کردووەو بەڕێوەی بردووە، لەکاتێکدا دەستەو تاقمی کەمالییە ڕەگەزپەرستەکان هەوڵیانداوە ئەوەی کە هەیە بیگۆڕن.." بڕوانە: (کوردو کوردستان لە یەکەم ئەنسکلۆپیدیای تورکیدا. شمس الدین سامی، وەرگێڕانی بۆ تورکیی نوێ: بوز ئەرسەلان. وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە، هەولێر، ئاراس، ٢٠١٠، لا: ٢٨).

**٢–چالاكیی بەدرخانییەكانو ناكۆكییان لەگەڵ ئیتتیحادیو كەمالییەكان:**

پاش كودەتای دەستوریی‌و هاتنەسەردەوری ئیتتیحادییەكان بە دوو مانگ –واتە لە ئەیلولی ساڵی ١٩٠٨دا– یەكەم ڕێكخراوی كوردیی لە ئەستەمبوڵ بەناوی كۆمەڵەی هاریكاریی‌و پێشكەوتنی كورد (كرد تعاون‌و ترقی جمعیتی) دامەزرا، كە ئەمین عالی بەدرخان لە دامەزرێنەرە سەرەكییەكانی بوو، دواتر شێخ عبد القادر شەمزینی كرایە سەرۆكی‌و ئەمین عالی بەدرخان بە جێگری هەڵبژێررا. ئەم ڕێكخراوە لە كۆبونەوەیەكی فراواندا لە مزگەوتی (ئەیاصۆفیا)ی شاری ئەستەمبوڵ، ڕاگەیەنرا، كەسانێكی وەك عەللامە سەعید نورسی‌و (پیرەمێرد)ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس‌و زۆرێك لە كوردانی نیشتەجێی ئەوكاتەی شاری ئەستەمبوڵ بوونە ئەندامی. وا دیارە پیرەمێرد ئەندامی دامەزرێنەری ڕێكخراوی ناوبراو بووە، چونكە لە دە كەسی یەكەمی ئەندامانیدا ناوی هاتووە.[1]

ئەم ڕێكخراوە بووە بۆتەیەك بۆ تواندنەوەی زۆرێك لە ناكۆكییەكانی لایەنە كوردییەكان، هەروەك بووە مەكۆیەك بۆ كۆكردنەوەی كەسایەتییە لێهاتووەكانی بنەماڵەی بەدرخانی‌و شەمدینی‌و بابانییەكان، چونكە پێش ئەو دۆخە پەیوەندیی نێوان زۆربەی ئەو بنەماڵانە زۆر نەخوازراو بوو، كە لێرەدا شوێنی خۆی نیە بچینە ناو درێژایی ئەو باسەوە، كە پێویستی بەكاری شرۆڤەكاریی زیاتر هەیە.[2]

تەمەنی ئەو ڕێكخراوە كە كوردانی ئەستەمبوڵ‌و زۆرێك لە شارەكانی تریش هیوایان پێوەبەستبوو زۆر نەبوو. شۆڤێنییەتی دەسەڵاتی

---

١ بە بۆچونی عەلادین سەجادی، لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا، بەغدا ١٩٥٢، لا: ١٩.

٢ بڕوانە: نهضة الأكراد الثقافية والقومية في نهاية القرن ١٩، جليل جليلي وآخرون، ص: ٦٢.

ئیتتیحادییەکان دەرکەوت، بە بێ هیچ پاساوێکی یاسایی ڕێکخراوی (تەعاونو تەرەققی کرد)یان پاش چەند ساڵێك داخست. بەڵام هەمان ئەو سەرکردانەی بنەماڵەی بەدرخانیی– ئەمین عالی بەدرخانو میقداد مەدحەت بەدرخانو یوسف کامل بەدرخان – گەرماو گەرم ڕێکخراوێکی تریان بەناوی کۆمەڵەی کوردیی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی (کرد نشر معارفی) دامەزراندو ئەحمەد ڕامیز[1] کوردیزادە بووە سەرۆکی ڕێکخراوەکە.[2]

لە کەسایەتییە کوردە ناسراوەکانی تر کە لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا بەشدار بوون مامۆستا (سەعیدی نورسی)یە، کە ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە بووە.[3] هەروەها قوتابیی زۆر نزیکی نورسی (خەلیل خەیالی)، لە کەسە چالاکەکانی ڕێکخراوەکە بووە، (دواتر لە باسی ڕێکخراوەکاندا ئاماژە بە هەندێك لە خزمەتەکانی ئەم کەسایەتییە دەکەم).

وێستگەیەکی تر کە کاریی بەدرخانییەکان دەخاتە ڕوو دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی)یە، کاتێك لە ساڵی ١٩١٢دا قوتابیانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ ئەو هەنگاوە مێژووییەیان ناو ئەو ڕێکخراوەیان ڕاگەیاند، ژمارەیەك لە بەدرخانییەکان بوونە کارەکتەری سەرەکی، لەوانە: قەدری جەمیل پاشا، کە کرایە سکرتێری کۆمەڵە. هەروەها واصف بەدرخانو صالح بەدرخانو خەلیل بەدرخان کە کەسانێکی زۆر چالاك بوون.[4] هەروەها لە دامەزراندنی

---

١ بۆ ناسینی ئەحمەد ڕامیز بڕوانە بەشی کۆتایی ئەم کتێبە.

٢ بڕوانە: القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، محمد علي عوني، ١٩٣٠، القاهرة، ص: ٥١.

٣ بڕوانە: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، ٢٠١١، لا: ٤٥. ناوی تەواوی کۆمەڵەکە: (جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریفو نەشرییاتی کورد) بووە.

٤ بڕوانە: في سبيل كوردستان، زنار سلوبى، بيروت، ١٩٨٧، ص: ٢٧.

ڕێکخراوێکی نهێنی ناوچەی (ئەرزڕوم)یشدا بە ناوی (ئیرشاد) لە ساڵی ١٩١٣دا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە، ئەو ڕێکخراوەی کە پلانی ڕاپەڕینێکی گشتیی داڕشتو بیرۆکەی دامەزراندنی ئیمارەتێکی کوردیی سەربەخۆی لە پشتەوە بوو. ڕاپەڕینەکەش کە دواتر بە ڕاپەڕینی (بتلیس) ناسرا، دووبارە شێخێکو مەلایەکی خەمخۆر ڕابەرایەتییان دەکرد: شێخ شەهابەددینو مامۆستا مەلا سەلیم،[1] کە بەجیا بۆ باسی ئەوانیش، هەڵوێستەیەك ئەکەین.

یەکێك لە بەدرخانییە بە تواناکان ئەحمەد سورەییا بەدرخانە، کە ساڵی ١٩٠٨ ڕۆژنامەی (کوردستان)ی لە ئەستەمبوڵ دەرکرد[2]، پاش ساڵێکو لە ١٩٠٩دا ڕۆژنامەکەی داخراو بە تۆمەتی پیلان دژی ئیتتیحادییەکان حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام لەبەر دەنگدانەوەی هەواڵەکەو تووڕەبوونی کوردان، ناچاربوون حوکمەکەیان جێبەجێ نەکردو لە ئەستەمبوڵ دووریان خستەوە. ناوبراو کاتێك لە ساڵی ١٩١٧شدا لە قاهیرە گیرسایەوە، بە ناوی خوازراوی (عەزیزی ئەحمەد)، ڕۆژنامەیەکی تری نیومانگیی بە هەردوو زمانی کوردیو تورکیی بەناوی (کوردستان) دەرکرد، کە یازدە ژمارەی لێ دەرچوو.

کەسایەتییەکی تری زۆر چالاکی بنەماڵەی بەدرخانییەکان (عبد الرزاق بەدرخان)ە، کە لە هەردوو ڕەهەندی سیاسیو ڕوناکبیرییەوە لە ژیانیدا چالاکیی جۆراوجۆری نواندووە. ئەو بەدرێژایی ساڵانی١٩١٠بۆ ١٩١٦ لەبیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا بوو، بەڵام حکومەتی ڕوسیا –وەك پیشەی هەمیشەی– بوبووە لەمپەر لەبەردەمیداو هاوکاریی نەدەکرد، کاتێکیش لەوهەنگاوە نائومێد بوو، کەوتە جموجووڵ بۆ شۆڕشێکی گەورە، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیی کرد بە (سەید تاهای نەهری)و سمایل ئاغای ناسراو بە

---

١ بڕوانە: المسألة الكردية، م. س. لازاريف، ترجمة: د.عبدى، بيروت، ١٩٩١، ص: ٣١٠.

٢ نمونەی ڕۆژنامەکە، لە بەشی پاشکۆکاندا ببینە.

(سمكۆی شكاك)ەوە.[1] بەڵام لەمەشیاندا ڕووسەكان بۆ جارێكی تر پیلانیان دارِشت بۆ سەرنەگرتنی شۆڕشەكە.[2]

له ڕەهەندی زانستیی‌و ڕوناكبیریشەوە، ناوبراو له شاری (خۆی) خۆرهەڵاتی كوردستان، ساڵی١٩١٣ ڕێكخراوێكی بەناوی جیهانزانیی (جهاندانی) دامەزراندو ڕۆژنامەیەكی بەناوی (كوردستان) بڵاوكردەوە، هەروەها قوتابخانەیەكیشی بۆ فێربوونی زمانی كوردی دامەزراند، لەو كارانەشدا سمكۆی شكاك هاوكارو پشتیوانی بوو.

پاش جەنگی یەكەمی جیهانیش، چالاكیی بەدرخانییەكان بەردەوام بوو، بۆ نمونە ساڵی ١٩١٨ لەسەر دەستی حەمزە موكسی‌و خەلیل خەیالی‌و سەعید نورسی‌و ژمارەیەكی تر، كۆمەڵەی (تەعالی كوردستان) دامەزرا[3]، "ناوی ئەم سێ كەسە وەك دامەزرێنەرەكانی سەرەتایی ڕێكخراوەكە هاتووەو ئەوان یەكەم كارەكانی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالی كوردستانیان ڕاپەڕاندووە"[4] بەڵام دواتر سەید (عبد القادر شەمزینی) كرایە سەرۆكی كۆمەڵە، (ئەمین عالی بەدرخان)یش كرایە جێگری یەكەمی، جگە لەوانیش كەسانێكی وەك (خەلیل ڕامی بەدرخان، محەممەد عەلی بەدرخان، كامەران

---

١ مەبەست ئیسماعیل ئاغای كوڕی محەممەد ئاغای عەلیخانی ئیسماعیل ئاغای سەرۆكی هۆزی شكاكە. (بڕوانە بەشی كۆتایی ئەم كتێبە بۆ بینینی كورتەیەك لە ژیاننامەی).

٢ بۆ درێژەی ئەو چالاكییانە، بڕوانە: نهضة الأكراد، جليلي جليل، كردستان في سنوات الحرب، كمال مظهر. المسألة الكردية، م.س. لازاريف.

٣ محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان لە ژمارە (٧)ی ژین، لە ١٩١٩/١/٢، لە بڵاوكراوەكانی دەنگ، سوید، ١٩٨٩, لا: ٢٣، هەروەها: زنار سلوپی لە: دۆزا كوردستان، دەزگای ستێر، ١٩٦٩، لا: ٥٢، جەختیان كردۆتەوە كە ئەو سێ كەسە دەستەی دامەزرێنەر بوون.

٤ جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، و. زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ٤٠.

بەدرخان)، بوونە ئەندامی چالاکی ڕێکخراوەکە. هەر ئەوانیش بوون کە بوونە نوێنەری ئەو ڕێکخراوە بۆ پەیوەندیکردن بە نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمانەوەو گەیاندنی داواکارییەکانی کورد پێیان.[1] هەروەها خەلیل ڕامی بەدرخان، سەرکردەی جوڵانەوەی (مەلاتیە) بوو، کە ساڵی ١٩١٩ سەری هەڵداو کێشای بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی فراوانی ڕاگەیاندنی خەلیل وەکو حاکمی کوردستان.

کاتێکیش دووبەرەکی لە ناو (تەعالی کوردستان)دا دروستبوو، بەپشتیوانیی بەدرخانییەکان، ڕێکخراوێکی نوێ بەناوی (کۆمەڵەی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە کوردستانییەکان) دامەزرا، دووبارە ئەوان بوونەوە نوێنەر، بۆ گەیاندنی داواکارییەکانی کورد بە ناوەندە نێونەتەوەییەکانو وڵاتانی هاوپەیمان.

هەر لەهەمان ساڵی ١٩١٨دا لە شاری قاهیرە (حزبی سەربەخۆیی کوردیی) دامەزراو ئەحمەد سورەییا بەدرخان کرایە ئەمینداری گشتیی ئەو حزبەو توانی لەڕێی نوێنەرایەتیو کونسوڵخانەکانەوە داواکاریی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی، بە نوێنەری وڵاتانی دونیا بگەیەنێت.[2]

لە سەرێکی ترەوە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ساڵی ١٩١٢دا دوو کەس لە بەدرخانییەکان – حەسەن فەوزی بەدرخانو حوسێن کەنعان بەدرخان – وەك نوێنەرانی ویلایەتی (سیرت)ی باکوری کوردستان دەرچوون بۆ پەرلەمان، بەڵام ئیتتیحادییە دیکتاتۆرەکان نەیانهێشت ئەو دوو نوێنەرەی کورد بچنە پەرلەمانو دوو کەسی تریان خستە جێیان. ![3]

---

١ بڕوانە: الأسرة البدرخانية، د. صلاح هروری، ص: ٨٤ – ٨٥.

٢ بڕوانە: أكراد الملل وإبراهيم باشا، د.أحمد عثمان، بغداد، ١٩٧٣، ص: ٩٦.

٣ هەمان سەرچاوە، ص: ٢٩١.

له ڕووی چالاکیی ڕۆژنامەنووسیشەوە، ئەو بنەماڵەیەی بەدرخانییەکان زۆر چالاك‌و ماندوونەناس بوون، چونکە زۆربەی زۆریان بەتواناو خوێندەوارو ڕوناکبیر بوون. ئەگەر چاوێك بە ژمارە پارێزراوەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بخشێنین، دەیان بابەت‌و وتاری بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی (کورد)، (کوردستان)، (سەربەستیی)، (تەنین)، (بسفۆڕ)، (اجتهاد)، (ژین)، (هاوار)، (ڕوناهی)، (ڕۆژا نۆ)و (ستێر)دا دەبینین.

بەچاوخشاندن بە درێژایی ساڵانی دەیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، دەبینین کە چالاکیی کەسایەتییەکانی ئەم بنەماڵەیە بەردەوام بووە، بۆیە لە دامەزرانی کۆمەڵەی (خۆیی بوون)یشدا لە ساڵی ١٩٢٧دا، پشکی شێریان هەبوو، ئەو ڕێکخراوەی کە هەوڵی شێلگیرانەی دا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی‌و (ئارارات)یان کردە پایتەختی دەوڵەتەکە.

بۆیە ساڵی ١٩٢٨ جەلادەت بەدرخان[١] بە سەرۆکی ڕێکخراوی (خۆیی بوون) هەڵبژێردرا، کاتێکیش کەمالییەکان بەشێوەیەکی دڕندانە ئەو دەستکەوتەی کوردیان سەرکوت کرد، جەلادەت پەنای برد بۆ (ڕەزا شا)ی

---

[١] جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣– ١٩٥١) کوڕی ئەمین عالی میربەدرخانە، لە ئەستەمبوڵ هاتۆتە دونیا، بەشداری جەنگەکانی بەرەی قەفقاس بووە دژی ڕوسیا. کەسێکی بلیمەت‌و هەڵکەوتوو بووە. پاش چوونەسەرکاری (ئیتتیحادو تەرەققی) بۆتە نەیاریان و ئەتاتورك حوکمی لەسێدارەدانی داوە. زۆربەی تەمەنی لە ئاوارەییدا بووە، بەڵام چالاکیی نەوەستاوە، لە زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکاندا بەرپرس‌و ئەندام بووە. لە تەموزی١٩٥١ لەگوندی (هەیجانە)ی خۆرئاوای کوردستان کۆچی کردووەو لە گۆڕستانی مەولانا خالیدی شارەزوری، لە گەڕەکی کوردان (حي الأكراد)ی دیمەشق لەمەراسیمێکی زۆر بەشکۆدا نێژراوە. بڕوانە: الأسرة البدرخانية، د.صلاح هروری، لا: ١٧٢.

ئێران‌و داوای هاوکاریی کوردانی لێ کرد، بەڵام شای ئێران نەك یارمەتی نەدا بەڵکو بۆ هەڵخلیسکاندنی، داوای لێ کرد ببێتە باڵیۆزی ئێران لە وڵاتێکی ئەوروپیی، بەڵام جەلادەت ئەوەی ڕەدکردەوە، بۆیە شای ئێران دووری خستەوە بۆ عیراق، لە عیراقیش سیخوڕانی ئینگلیز بەدوایەوە بوون، بۆیە ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ ناو سوریەو دواتر لە ١٩٣١دا گۆڤاری (هاوار)ی بڵاو کردەوە.![١]

ئەم لێهاتن‌و بەهرەمەندییەی بەدرخانییەکان، تەنها تایبەت نەبووە بە پیاوەکانیانەوە، بەڵکو زۆرێك لە ژنەکانیشیان چالاك‌و لێهاتوو بوون، بۆ نمونە: ئەندامی زۆر کارای ڕێکخراوی (تەعالیی ژنانی کوردستان)– کە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا– لەناو ژنەکاندا، (دولبەر خانم)ی هاوسەری (یوسف کامل بەدرخان)ە، جگە لەوەش، ژنەکانی ئەم بنەماڵەیە، ڕێکخراوێکی تایبەت بە بنەماڵەی خێزانە بەدرخانییەکانیان بەڕێوە دەبرد، کە تایبەت بوو بە بەسەرکردنەوەی تاکەکانی خێزانەکانی خۆیان، چونکە زۆرو بەربڵاو بوون، (پێشتر گوتمان: کە بەدرخانی باوکیان٢١ کوڕو ٢١ کچی هەبووەو زۆربەشیان منداڵ‌و نەوەی زۆریان لێ کەوتۆتەوەو لەبەر زۆرییان، پژاون‌و بەزۆرێك لە وڵاتە عەرەبیی ئیسلامیی‌و ئەوروپییەکاندا بڵاو بوونەتەوە)، لە زۆربەی ئەو جێیانەشدا کە ئەوانی لێبوون، پێشەنگ‌و نمونەو کەسانی هەڵکەوتوو بوون، چ لە بوارە زانستیی‌و ڕوناکبیرییەکاندا، چ لە بوارە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و هونەرییەکاندا.

ماوەتەوە ئەوە بزانین کە کەمالی‌و ئیتتیحادییەکان زۆر دژی ئەم بنەماڵەیە بوون، بۆیە کاتێك ئەتاتورك لە ساڵی ١٩٢٢ دا چووە شاری

---

١ بڕوانە: الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية. عبد الستار طاهر شريف، ص: ٦٥.
هەروەها: الأسرة البدرخانية، د. صلاح هروري، ص: ١٢١– ١٢٢.

ئەستەمبوڵ، حوکمێکی دەرکرد بۆ دوورخستنەوەی کوردەکانی ئەو شارەو بڕیاری لەسێدارەدان بۆ زۆرێك لە کەسایەتییەکانی بەدرخانییەکان، بە تایبەتی ئەمین عالی بەدرخانو هەر سێ کوڕەکەی: ئەحمەد سورەییاو جەلادەتو کامەران، بۆیە هەر یەکەیان بەلایەکدا پەرتەوازە بوون.

زانست

# بەشی چوارەم

## ڕۆڵی تایبەتیو مێژوویی شێخ (عبید الله)ی نەهری

## تەوەرەكانی ئەم بەشە:


- بەشێك لە ژیان و كەسییەتی شێخ (عبید اللّٰه)ی نەهری............⟵
- شێخ عبید الله، ڕابەرو زاناو شۆڕشگێڕ......................⟵
- كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان، لە ساڵی ۱۸۸۰و پەیامێكی مێژوویی شێخ عبید الله..................................⟵
- هەڵوێستی ئەمریكاو ڕووس‌و بەریتانییەكان لە شێخ........⟵
- هەڵوێستی شێخ عبید الله بەرامبەر ئەرمەنەكان............⟵
- گرنگترین كارو ئاكارەكانی شێخ عبید الله..................⟵
- بەشێك لە كەسیەتیی شێخ عبد القادر كوڕی شێخ عبید....⟵

## پێشەکی

پاش هەولّی میربەدرخانی بۆتانو بنەماڵە خزمەتگوزارو لێهاتووەکەی، دەچینە لای کاریگەرترین ڕابەرو پێشەنگی شۆڕشە گەورەکانی کورد، شێخ عبید الله نەهری‌و[1] شۆڕشە مێژوییەکەی، ئەو شۆڕشەی کە نەیهێشت ئاگری ئاگری ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی بکوژێتەوە، بەڕابەرایەتی ئەو پیاوە دلێرەی چەندین جار لەپێناوی ئاین‌و خاک‌و خەڵکی کوردستاندا، دژی دەسەڵاتدارانی فارس‌و تورک، ڕاپەڕی.

شێخ عبید الله، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ سوپای عوسمانیی دژی ڕووسەکان لە ساڵانی ١٨٧٧و ١٨٧٨، جەنگێکی بوێرانەی کردو دژی ڕوسیا وەستایەوە –چونکە داوایان لێ دەکرد کە پەیمانیان لەگەڵ ببەستێ دژی عوسمانییەکان– بەڵام ئەو هەڵوێستە، ئەوەی لەبیر نەبردەوە کە خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە دژی ستەم‌و ناعەدالەتیی بوەستێتەوە.

بەندە شۆڕشی شێخ عوبەید، بەگرنگترین شۆڕشی نەتەوەی کورد – بگرە پێشەنگی شۆڕشەکان–دادەنێم، چونکە توانی لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی ناوچەکانی باکورو خۆرهەڵاتی کوردستان –لەدەریاچەی (ورمێ)وە تا دەریاچەی (وان)– یەکبخاتەوەو بیکاتە هەرێمێکی سەربەخۆ. شێخ بەپێی ئاماژەکان‌و لەڕێی هەڵوێستەکانییەوە دەردەکەوێ کە "ئامانجی دامەزراندن‌و بەرفراوانکردنی کوردستانی گەورە بوو، لەڕێی یەکخستنی کوردەکانی ئێران‌و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی. ئەو، بۆ ئەم ئامانجە لە ناوخۆی ئێران چەندین هێرشی ئەنجام دا، کە بوونە هۆی ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران‌و عوسمانی دژی شۆڕشەکەی یەکبگرن."[2]

---

١ (نەهری) گوندێکی (شەمزینان)ی سەر بەپارێزگای هەکاری باکوری کوردستانە.

٢ مافیای قدرت (فارسی)، نادر انتصار، تهران، ١٣٨٥ ک. ه، ص: ١٦٤.

بۆیە لە چەند برگەیەکی ئەم بەشەدا تیشکێك دەخەمە سەر ژیاننامەو هەولّ و هەڵوێستو چالاکییەکانی شێخ عبید اللهو شێخ عبد القادری کوڕی، بە تایبەتی شۆڕشە گەورەو مێژووییەکەیان.

**١–پوختەیەك لە ژیان و كەسییەتی شێخ (عبید اللە)ی نەهری:**

شێخ عبید اللە، كوڕی شێخ تەهای شەمزینی، گەورە خەلیفەی مەولانا خالیدی شارەزوری، ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندییە، ساڵی١٨٣٠ یان ١٨٣١ لە (نەهری) لەدایك بووە، لە ١٨٦٥ بووە بە خەلیفەی شێخ عوسمان سراج الدینی تەوێڵەی هەورامان، ساڵی ١٨٧٧ بەشداری كردووە لە شەڕی ڕووس‌و عوسمانییەكاندا، لە ١٨٩٧ كۆنگرەیەكی نەتەوەیی فراوانی لە نەهری سازداوەو گەورە ناودارانی كوردی لە هەموو بەشەكانی كوردستانەوە بانگێشت كردووە، هەرلەو كۆبوونەوە فراوانەدا ڕێكخراوێكیان بەناوی (یەكییەتی كوردان) دامەزراندووەو ئەو ڕێكخراوە ڕابەرایەتی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەكەی كردووە.

شێخ هاوكات لە یەككاتدا، هەم خەباتی سیاسی كردووە، هەم لە ئیرشادو عیرفانیشدا دەستێكی باڵای هەبووە، لە هەمان كاتدا زاناو نوسەرو شاعیریش بووە. لە ساڵی ١٨٨١ دەسگیركراوەو دوور خراوەتەوە بۆ ئەستەمبوڵ، پاش چەند مانگێك هەڵهاتووەو دووبارە گیراوەتەوەو براوە بۆ شاری موصڵ، لەوێوە بۆ شارەكانی ئەسكەندەرونەو بەیروت، دواتر بۆ شارەكانی مەدینەو تایف‌و مەككە، هەر لە شاری پیرۆزی مەككە لە ١٨٨٣/١٠/١٣ كۆچی دوایی كردووە.[١]

---

١ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیان‌و بەسەرهاتی شێخ (عبید اللە)ی شەمزینی، بڕوانە: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، محەمەد حەمە باقی، هەولێر، دەزگای موكریانی، ٢٠٠٠، لا: ٢١ بەدواوە. هەروەها تەواوی بیرەوەرییەكانی وەفایی شاعیر بە ناوی (تحفة المریدین)، كە بە سوپاسەوە محەمەد حەمە باقی لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر كوردی‌و ساڵی ١٩٩٩ چاپ كراوە.

## ٢-شێخی ڕابەرو زاناو شۆڕشگێڕ:

شێخ (عبید الله) یەکێك لە دیارترین شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی بوو، چونکە کوڕی شێخ تەهای نەهری یە، کە خەلیفەی مەولانا خالیدی شارەزوری بووە. بە پێی هەندێك سەرچاوە، زیاتر لە ١٠ هەزار موریدی هەبووە.[١] ساڵی١٨٧٩ ڕاپەڕینێکی ساز کرد دژی سەڵتەنەتی عوسمانیی، بۆ سەربەخۆیی کوردستان. لە ساڵی ١٨٨٠ دژی دەسەڵاتی فارسی ئێرانیی هەستا، بە نیازی ئازادکردنی هەموو کوردستان. جگە لەوە بە مەبەستی دەستخستنی پشتیوانیی، پەیوەندی کرد بە خدێوی میصر (ئیسماعیل پاشا)و[٢] (حوسەین)ی شەریفی مەککەو[٣] شێخانی عەشیرەتەکانی بەغدا، بۆ ئەوەی دەسەلاتی عوسمانیی ناچار بکات کە ملبدەن بە داواکاریی کوردان، بە تایبەتی بۆ ژێرڕکێفخستنی موسڵ، چونکە هەستێك بەسەر کورداندا زاڵ بوو بوو، کە ئەگەر دەوڵەتی کوردیی دابمەزرێ، موصلّ دەبێتە پایتەختی.[٤]

سەرچاوە بیانییەکان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە شێخ (عبید الله)ی نەهری ویستویەتی دەوڵەتێکی کوردیی دابمەزرێنێ. کونسوڵی ئەوکاتەی

---

١ ئەمە بە پێی قسەی (خانیکۆف)، کونسوڵی ڕوسیا لە تەبرێز لەو کاتەدا. بڕوانە کتێبی: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، محەممەد حەمە باقی، لا: ٤٥.

٢ ئیسماعیل پاشا، کوڕەزای محەممەد عەلی پاشای والی میصر، (١٨٣٠-١٨٩٥ز)، ساڵانی ١٨٦٣ تا ١٨٧٩ حوکمی میصری کرد، لە سەردەمی ئەودا ئەنجومەنی شورای نوێنەران دامەزراو کەناڵی(سویس)کرایەوەو چەندین چاکسازیی ئابوریی‌و ئیداریی‌و کشت‌وکاڵیی‌و بازرگانیی کرد.

٣ حوسێن کوڕی عەلی محەممەد عبد المعین، (١٨٥٤-١٩٣٠)، حاکمی مەککە لە دوا ساتەکانی تەمەنی عوسمانیدا، یەکەم کەس بوو داوای سەربەخۆیی عەرەبی کرد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی، بۆیە شۆڕشی عەرەبیی گەورەی لە ١٩١٦ بەڕێوە برد.

٤ بڕوانە: انتفاضة الأكراد، جليل جليلي، ص: ٥١.

ڕوسیا لە شاری تەبریز لە کانونی یەکەمی ١٨٧٩ نوسیویەتی: "لەم ڕۆژانەدا شێخ عبید الله پلان دادەنێت بۆ ڕاپەڕینێك دژی دەوڵەتی عوسمانی. ئەو نیازی وایە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستانی تورکیا[١] دابمەزرێنێ‌و خۆی ببێتە سەرۆکی، بۆ ئەم مەبەستە شاری (موسڵ)یشی کردۆتە بارەگای خۆی."[٢] (کریس کۆچێرا)ش دەڵێت: "شێخ عبید الله باوەڕی بە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ هەبوو."[٣]

شێخ لە سەرەتاوە زۆر هەوڵی دا بەشێوەی ئاشتییانە لەگەڵ ئەستەمبوڵ ڕێکبکەوێت، داواکارییەکانی نەتەوەی کوردی گەیاند، بەتایبەتی داوای ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان. چەندین جار خراپکارییەکانی دارودەستەی سەڵتەنەتی لە ناوچەکە، گەیاندە ئەستەمبوڵ، بەڵام سوودی نەبوو، دەوڵەتی عوسمانیی نەك هەر داواکارییەکەی ڕەدکردەوە، بەڵکو

---

١ لە ئاماژەکردن بۆ ناوی (کوردستان)دا زۆرێك لە نوسەران دوو هەڵە دێتە ڕێیان:
ا–یان دەستەواژەکانی: کوردستانی تورکیا، ئێران، عێراق، سۆڤیەت، بەکار دەبەن.
ب– یان دەستەواژەی وەك: کوردستانی باشور، باکور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا، بەکار دەبەن، کە هەردوو بەکارهێنانەکە هەڵەیە. (کوردستان) وڵاتی نەتەوەیەکە بەناوی کورد، جوگرافیایەکی دیارو بەرچاوی بەشبەشکراوی هەیە، سەرو خوارو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای هەیە. بۆیە ڕاستتر ئەوەیە کە: بۆ بەشەکەی تورکیا (باکور)، بۆ بەشەکەی عێراق (باشور)، بۆ بەشەکەی ئێران (ڕۆژهەڵات)، بۆ بەشەکەی سوریا (ڕۆژئاوا)، بەکار بهێنرێت. واتە: بڵێین باکوری کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان.. هتد. کەسانی بیانی بە مەبەست بێت، یان لە ڕووی نەزانی، بەهەر حاڵ ئەکەونە ئەو هەڵەیەوە، بەڵام خۆمان بۆ دەبێت ورد نەبین؟ نایشارمەوە کە خۆم بە بێ مەبەست، پێشتر چەند جارێك کەوتوومەتە ئەم هەڵەیەوە.

٢ لمحات من تاريخ الانتفاضات الكردية، أبو شوقي، دار الكاتب، بيروت، ص: ٦١.

٣ کورد لە سەدەی ١٩و٢٠، کریس کۆچێرا، چاپی ٦، ٢٠١١، لا: ٢٧.

چاودێریی خستە سەر جموجوڵی شێخو هەموو ڕێگاکانی بەسەر (هەکاری)دا داخستو هێزێکی زۆری بردە بەرامبەری، تا کەس پەیوەندیی بەشێخەوە نەکاتو شۆڕشگێڕانی ناوچەکانی تری کوردستان نەلکێن پێیانەوە.[1]

سوڵتانی عوسمانیی، هەوڵی زۆری دا کۆڵ بە شێخ بدات، بۆیە موفتی شاری (وان)ی ناردە لایو پێی گوت: "لە شەریعەتدا شتی وا نیە کە لە فەرمانی سوڵتان دەربچیت؟ شێخ وتی: دەوڵەت لە جێبەجێکردنی شەریعەت دوور کەوتۆتەوە، ستەمکاریی لەسنوری تەحەممولکردن تێپەڕیوە، من وەك زانایەكو سەرکردەی گەلێکی موسڵمان، واجیبە لەسەرم کە دژی ئەم ستەمانە بوەستمەوە.."[2] بۆیە شۆڕشێکی هەڵگیرساند، سەرەتا شکستی هێنا، بەڵام جارێکی تر بە توندوتۆڵیو پلانی وردەوە دەستی پێکردەوە.

---

١ الحركة الكردية في العصر الحديث، جليل جليلي، مؤسسة الأبحاث العلمية، ص: ٣١.

٢ خەبات لە ڕێی کوردستان، ن. خالفین، سلێمانی، ١٩٧١، لا: ١٦٧.

### ٣-کۆنگرەی نەتەوەیی ساڵی ١٨٨٠و پەیامێکی مێژوویی شێخ عبید اللە:

ساڵی ١٨٨٠ بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی سیاسیو شۆڕگێڕیی کوردیدا، پەیامێکی ئیسلامیی- نەتەوەیی لە لایەن شێخی موجاهیدەوە ڕاگەیەنرا، بۆ یەکەمجار دەستەواژەکانی نەتەوە، تایبەتمەندیی، ماف، سەربەخۆیی، سیستەم، (أمة، خصوصیات، حقوق، استقلال، نظام)ی خستە ئەدەبیاتی شۆڕشو خەباتی خەڵکی کوردستانەوە، ئاماژەشی کرد بە مافی سەربەخۆییو تایبەتمەندیی نەتەوەیی، کە ئەمەش یەکێکی ترە لەو خاڵانەی دەبێت مەلاو شێخو زاناو ڕوناکبیران بە پلەی یەکەم، بە دوایاندا هەموو نەتەوەی کورد، شانازیی پێوە بکەن. شێخ ئەوانەی لە پەیامێکدا ڕاگەیاند، کە ئەمەی خوارەوە بەشێك لە دەقەکەیەتی:

".. ئوممەتی کوردیی گەلێکی سەربەخۆیە، ئاینی جیاوازە لە ئاینەکانی تر، شەریعەتو عادەتو نەریتەکانی تایبەتن بە خۆی، ئێمە ئوممەتێکی سەربەخۆین، ئاواتەخوازین کاروباری خۆمان بە دەستی خۆمان ڕاپەڕێنین، هیواخوازین ئەو مافانەمان هەبێت کە نەتەوەکانی تر هەیانە." بۆیە بە نوسراوێك ئەمریکییەکانو فارسەکانیشی ئاگادار کردەوەو بۆی نووسین: "کوردانی ژێردەستی فارسو تورك دەیانەوێت یەکبگرنو یەك سیستەم لە نێوان خۆیاندا پێکبهێنن."[١] لەلایەکی ترەوە بەریتانییەکانیشی دڵنیا کردەوە کە لە کوردستاندا موسڵمانو مەسیحیو ئەرمەنییەکان مافی یەکسان بە مافی موسڵمانانیان هەیە!."

بەڵێ، شێخ لە هاوینی ساڵی١٨٨٠دا کۆنگرەیەکی فراوانی لە گوندی نەهری ناوچەی (شەمزینان) ساز کرد، ٢٢٠ کەسی لە گەورە سەرکردەو زاناو کەسایەتییە کوردەکانی سەراسەری کوردستان بانگ کرد، لە ناوچەکانی سلێمانیو شارەزورو هەورامانو بۆتانو سرتو موشو وانو

---

١ النزاعات الکیانیة في الدولة العثمانیة، د.عبد الرزاق سنَو، ص: ١٢٣.

موکریان‌و شوێنانی تری خۆرهەڵاتی کوردستانەوە، خەڵکی کۆکردەوە. شێخ لە کۆنگرەکەدا وتی:

"بەسمانە ناڕەحەتیی صەبرو خۆڕاگریی‌و چارەڕەشیی، دەبێت ئازادیی بەدەست بهێنین، هەردوو حکومەتی تورك‌و فارس کۆسپی ڕێی ئێمەن، نابێت ستەم‌و کۆیلایەتی سەپێنراو بەسەرماندا، قبوڵ بکەین، ئەم دوو حکومەتە نایەڵن پێشکەوین، باپیرانمان داوای قوربانیدانیان لێ کردووین، دەبێت لە پێناوی ئاین‌و نیشتماندا خوێنمان ببەخشین. داواتان لێ دەکەم کە دیفاع لە بەرژەوەندییە کوردییەکان‌و عەقیدەی ئیسلامیی‌و وڵاتەکەمان بکەن. ئەوەش بزانن تەنها هەر عوسمانییەکان نین کە ستەممان لێ دەکەن، برایانمان لە ئێرانیش لە بارودۆخێکی ئابوریی‌و سیاسی زۆر خراپدا دەژین، لەژێر سایەی حوکمێکدا کە فرێ بەئیسلامەوە نیە."[1]

سەرەنجام لەو کۆنگرەیەدا میکانیزمێکیان پەسەندکرد بۆ کۆکردنەوەی دەنگ‌و هەڵوێستی کوردانی هەموو پارچەو ناوچەکان‌و ناویان نا: (یەکییەتی کوردان)، یان (کۆمکاری هۆزە کوردییەکان)،[2] کە هەندێك کەس بە کۆمەڵە (جمعیە)ش ناویان بردووە، بۆیە دەتوانین ئەم کۆمەڵەیە بە یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی کوردیی دابنێین لەمێژووی بزوتنەوەی سیاسی کوریدا، کە ئەم سێ ئامانجە سیاسییە سەرەکییەی ڕاگەیاند:

"١-ڕزگارکردنی کوردستان لە دەست زوڵم‌و زۆری قاجاریی‌و عوسمانییەکان.

٢-پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردستانیی یەکگرتووی ئازاد، لە هەردوو بەشی (ژێر دەسەڵاتی) قاجاری‌و عوسمانیدا.

---

١ لمحات من تاريخ الانتفاضات الكردية، ص: ٦٥، والحركة الكردية.. د.عثمان علي، ص ٨٤.

٢ الحركة الكردية، جليل، ص: ٣٤.

٣- هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام، بە تایبەتی لەڕووی بەرقەرارکردنی دادپەروەرییەوە، کەماوەیەك بوو لەهەردوو دەسەڵاتی فارسی‌و عوسمانیدا لەبیرکرابوو، وەك لەچەندین لێدوان‌و هەڵوێستی شێخدا دەخوێنرێتەوە"[1]

بەهەرحاڵ، شێخ لەو کاتەدا باڵاترین کەسایەتی خاوەن پێگە بوو لە ناو کوردستاندا. لە ڕاپۆرتی کونسوڵێکی ئینگلیزی ئەوکاتەدا هاتووە کە:"شێخ عبید الله بە نفوزترین کەسە لە کوردستاندا، ڕێزو شکۆی ئەو، لای خەڵکیی، لە سوڵتانی عوسمانیی زیاترە. سەرچاوە ڕوسیەکانیش شێخیان بە "گەورەترین سەرکردەی ڕۆحیی کوردان ناسیویانە، شێخی نەهری هەژمونێکی وای هەبوو کە کوردانی ئێران باجیان نەئەدا بە دەوڵەتی ئێران‌و دەیاننارد بۆ شێخ، بۆیە سوپای فارسی ئێران، هێرشی بردە سەر ناوچەکەی."[2]

---

١ شۆڕشی شێخ عبید الله، محەممەد حەمە باقی، لا: ٧٨.

٢ النزاعات الكيانية في الدولة العثمانية، د.عبد الرزاق سنَو، بيسان، بيروت، ص: ١١٨.

## ٤- هەڵوێستی ئەمریکاو ڕووس و بەریتانییەکان لە شێخ عبید الله:

لەو سەروبەندەدا وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەش سەبارەت بەدۆزی کورد، یان بێ هەڵوێست بوون، یان نەیارو دژ بوون. هەرچی ڕووسەکان بوون، وەك پیشەی هەمیشەیان دژی دامەزرانی دەوڵەتی کوردیی بوون، بۆیە لە ساڵی ١٨٩٧دا کونسوڵی ڕوسیا لە شاری تەورێز حکومەتەکەی خۆی ئاگادار کردۆتەوە کە "شێخ پلان دادەڕێژێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە کوردستان، شاری (موصڵ)یشی هەڵبژاردووە بۆ بارەگای خۆی."[١] ترسی ڕووسەکان لەوە بوو کە بەوکارە کوردانی بەشەکەی سەرسنوری ئەوانیش دەکەونە خۆیان، بە تایبەتی کە ڕوسیا لەو ناوچەیە بەرژەوندیی تایبەت بەخۆی هەبوو "بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بە حەماسەیەکی ئاینیی سۆفییانە، بەلای ئەوانەوە مەترسیی بوو بۆ سەر خۆیان."[٢]

بۆ ئەوەی خوێندنەوەی ئەمریکییەکانی ئەوکاتەش بزانین، سەیری ئەم وتەیەی مەسیحییەکی ئەمریکی دکتۆر (جۆزیف کوجوانی) بکەن، کە دوو هەفتە بە میوانیی لای شێخ عبید الله ماوەتەوە. دەڵێت: "کاتێك لای شێخ بووم ٥٣ ساڵ تەمەنی بوو، کەسێکی زۆر بە ویقارو سەنگین بوو، جلو بەرگی کوردیی لەبەردەکرد، مێزەری مەلای ئیسلامیی بەسەرەوە بوو، زۆر شارەزا بوو لە زانستە ئیسلامییەکان، عەرەبیو فارسیو تورکی بە باشی دەزانی، زۆر دیندارو خواناس بوو، زۆر باسی خواو پێغەمبەری دەکرد، دەیویست حوکمی عەدالەتی ئیسلامیی لەکوردستاندا، جێی گەندەڵییو لادانەکانی تورکەکان بگرێتەوە."[٣]

---

١ لمحات من تاريخ الانتفاضات الكردية، أبو شوقي، بيروت، ١٩٧٨، ص: ٦١.

٢ النزاعات الكيانية في الدولة العثمانية، ص: ١٢١.

٣ الحركة الكردية المعاصرة، د. عثمان على، ص: ٩٣. بە نەقڵ لە: speer.pp.

دیاره ئاماژەی ناوبراو بە دامەزراندنی حوکمێکی ئیسلامیی لەلایەن شێخەوە، ڕاستە لە سەرێکەوە باسی واقیعی ئەو کاتە بووە، بەڵام لە سەرێکی ترەوە، ڕاگەیاندنی مەترسیی خۆیان بووە بۆ جوڵانەوەکەی شێخ، دوور نیە مەبەستیشی داچڵەکاندنی لایەنە دژو نەیارو بەرژەوەندخوازەکان بووبێت، تا بکەونە خۆیانو ڕێ لەو مەترسییە بگرن.

نوسەری ناسراوی فەرەنسیش (کریس کۆچێرا) دەربارەی شێخ دەڵێت: "شێخ عبید الله مرۆڤێکی ساکارو قانیعو دادپەروەر بوو، بڕوای بەخوا زۆر بوو، زۆر دیندار بوو، زۆر بایەخی دەدا بە چاککردنی بژێوی کوردان، ئەمە وای کردبوو هاووڵاتییەکانی زۆر ڕێزی لێ بگرن، خوا وەك ڕزگارکارێك بۆ ئەوانی ناردبوو."[1] (ڕۆبرت ئۆلسن)یش دەڵێت: "شێخ عبید الله یەکەمینو ڕەنگە گەورەترین ڕابەری ئاینی– سیاسی کوردستان بووبێت.[2]

لەسەرێکی ترەوە بە پێی هەڵوێستە زۆرو جۆراوجۆرەکانی، وا دەردەکەوێت شێخی ناوبراو کەسێکی زۆر هەقبێژو بەغیرەتو بەهیممەت بووە، کاتێك تورکەکان بە پلانو فیتی ئینگلیز، ڕێکەوتننامەی ناسراو بە (ڕێکەوتننامەی بەرلین)یان لە ١٨٧٨ دا مۆرکرد، کە تیایدا ماف بە وڵاتانی ئەوروپی درا کە دەستوەربدەنە کاروباری تورکیاو کوردستان، بەبیانووی پاراستنی ئەرمەنییەکان– کە پێشتر ستەمیان لێ کرابوو– تا ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی لە سەرزەوی کوردستان– شێخ بە سوڵتان دەڵێت: "تۆ چۆن شتی وا قبوڵ دەکەی؟ چۆن ئێوە ڕێ دەدەن کە دژی کوردی

---

١ الكرد في القرن ١٩و٢٠، كريس كوچێرا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، لا: ١٨.

٢ قيام شيخ سعيد پيران، ڕۆبرت ئەلسن، لا: ٢٠.

موسڵمان دەوڵەتێکی ئەرمەنیی دابمەزرێت؟ ئێمە هەرگیز ئەمە قبوڵ ناکەینو چی لەدەستمان بێت دژی ئەمکارە دەیکەین."[١]

سەرکونسوڵی گشتی بەریتانیایش لە تەبرێز (ولیام، ئاپوت) لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ دەرباری وڵاتەکەی-کە لەوکاتەدا ناردوویەتی- ئاماژە بەوە دەکات کە: شێخ عبید الله وەك شاهان دەژی، ڕۆژانە ٥٠٠ تا هەزار کەس لەسەر سفرەی نان دەخوا، لەناو میوانەکانیدا هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی

---

١ الحركة الكردية المعاصرة، د. عثمان ص: ٩٦. جێی باسە حاجی قادری کۆیی لەو کاتەدا لە ئەستەمبوڵ بووە، وەکو ڕوناکبیرێك لەسەر ئەو ڕووداوانە وتوویەتی:

خاکی جەزیرەو بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان
صەد حەیفو صەد مخابن! دەیکەن بە ئەرمەنستان
مەسجید دەبێتە (دەیر)و ناقوسیان (مؤذّن)
(مەطران) دەبێتە قازی، موفتی دەبێتە (ڕوهبان)!
هیچ غیرەتێك نەماوە، صەد جار قەسەم بە قورئان
پەیدا بێ ئەرمەنستان، نامێنێ یەك لە کوردان
کوا ئەو دەمەی کە کوردان، ئازادو سەربەخۆ بوون؟
سوڵتانی مولكو میللەت، صاحێبی جەیشو عیرفان؟!

لە چامەیەکی تریدا، هانی کوردان دەداتو غیرەتیان دەجوڵێنێ، سەبارەت بەو بڕیارە ئەوروپییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئەرمەنییو ئاکامی سەرگرتنی ئاوا کارێك، بەمجۆرە دەخاتە ڕوو:

بۆ کەیە ناموسو عار؟ بۆچییە ئیمانو دین؟
خاچو ئینجیلی لەجێی تەفسیرو قورئان دادەنێ
هەر کە تاجی نایە سەر، تەختی لە کوردستان دەبێت!
خەرجو پیتاکی لەسەر گۆرانو سۆران دادەنێ
مەدرەسە، دەیکاتە جێی قیسسیسو ڕوهبانو کەشیش
بانگە، ناقوسی، لە تەکیەش پیری مەتران دادەنێ..∞

تێدایە، لە هەژارترین کەس تا گەورە بەرپرسانی هەردوو دەوڵەتی ئێرانیی‌و تورکیی.. شێخ خۆی‌و کوڕەکەی لە نزیکەوە لە سکاڵاو داواکارییەکانی خەڵکی دەکۆڵنەوە، ئەوەش ناشارێتەوە کە لەشارەکەی شێخدا خواردنەوەو مەشروبات نیە، (جگە لەوە شێخ) هەرگیز بەرتیل وەرناگریْ‌و ڕێگەش نادات کەس وەریبگرێت.

لە ڕووی لێبڕانیشییەوە، ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە شێخ بۆ خۆی هەموو ڕۆژێك لە سەرەتای خۆرهەڵاتنەوە تا نیوەشەو، خەریکی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئیداریی گەلەکەیەتی، گەلەکەی بێ سیْ‌و دوو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن. شێخ زۆر زیرەکە، بە پێچەوانەی زۆرێك لە (مەلا)و ڕۆحانییەکان، زۆر شارەزایە بە زانستەکانی سەردەم، دەیەوێت کوردەکان یەکبخاتەوە، هەوڵ دەدات کۆتایی بە دزیی‌و تاڵان‌و ڕێگەبڕیی بهێنێت، بۆیە زەوی‌و زاری زۆری کڕیوەو دەیەوێت زۆرترینی جووتیاران بخاتە ئیش..[1]

ئەم هەڵسەنگاندنەی سەرکونسوڵی گشتیی بەریتانیا لەو کاتەدا، شایەتیدانی گرنگی شایەتحاڵێکەو بایەخێکی مێژوویی زۆری هەیە، چونکە بێ مەبەستێکی تایبەت، تیشکی خستۆتە سەر هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی شێخ‌و تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە ئاوێنەی وێناکردنی بەشێك لە واقعی سیاسی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئەوکاتە، واتە وەك شایەتیدانی کەسێکی بنەماڵەکەی، یان یەکێك لە قوتابیی یان موریدەکانی نیە، کە ئەگەری زۆر هەبوو نیشانەی پرسیار لەدوای خۆی بەجێ بێڵیْ‌و ئەگەرو نەگەری زیادەڕەویی‌و پیاداخوێندنی تێدا بخوێنرێتەوە.

---

١ بەڵگەنامەکانی شۆڕشی١٨٨٠، وەرگێڕانی جەمال میرزا عەزیز، سلێمانی، سەردەم ١٩٩٩، لا: ١٧–١٨.

## ٥- هەڵوێستی شێخ عبید الله بەرامبەر ئەرمەنەکان:

بۆ ئەوەی وا گومان نەبرێت کە ئەو پابەندییەی شێخ بە ئاینی ئیسلامەوە، ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت هۆکارێك بووبێت بۆ دژایەتی نەتەوەی ئەرمەنو ئاسوریو مەسیحییەکانو مافەکانیان، پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە هیچ ڕابەرو سەرکردەیەکی سیاسیو سەربازیی کورد- لەکۆنەوە تا ئێستە- هێندەی شێخ عبید الله لەگەڵ مەسیحیو ئاسوریو ئەرمەنەکان، مامەڵەی دروستو باشی نەبووە. ئەمەش بەوە دەسەلمێت کە سەرەڕای ئەوەی چەندین جار ئەرمەنەکان -لەو کاتەدا بە فیتی بێگانەو دوژمنانی کورد- ویستویان هێرش بەرنە سەر ناوچە کوردییەکان، بەڵام شێخ هەڵوێستی مرۆڤانەو موسڵمانانە بووەو بەپێچەوانەوە لە ڕێنموییە ئیسلامییەکانەوە فێری چاوپۆشیو لێبوردنو سنگفراوانییو حیکمەتو دانایی بوو بوو، بۆیە زۆر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ پیلانەکانیش کردووە، موسڵمانانی هانداوە کە دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەن تێك نەدەنو دڵی دوژمن خۆش نەکەن، تەنانەت کاتێك عوسمانییەکان لەساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨ ز جەنگی ئەرمەنەکانیان ڕاگەیاند، شێخ پەنای ئەرمەنەکانی داو ژمارەیەکی زۆری لە ئەرمەنەکان لە کوشتن ڕزگار کرد.[١]

بەدڵنیایی ئیرشاداتو ڕێنوێنییانەکانی شێخ لەو ڕووەوە کاریگەریی زۆری هەبووە، چونکە شێخ هەم پێگەی ئاینیو ڕوحییو کۆمەڵایەتی لەناو دۆستو موریدانیدا بەهێز بووە، هەم پێگەی هێزو دەسەڵاتی سیاسی، بۆیە (ئارمیانیسکی فینیسیك) دەڵێت: "بۆ نمونە لە شاری دەرسیم ٢٠ هەزار

---

١ بڕوانە: لە تاریکییەوە بۆ ڕوناکی، بەڵگەنامەکانی حکومەتی ئینگلیز دەربارەی شۆڕشی١٨٨٠ی شێخ عبید الله، سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، لا: ٢٩.

ئەرمەنی لە نێوان کورداندا خۆیان حەشار دا. کاتێکیش خودی کوردەکان برسی بوون، نانیان دەکردە دوو لەتو بەیەکەوە لەگەڵ ئەرمەنەکاندا دەیانخوارد، هاوکات ئاغاو بەگەکانی کورد چەندین جار ئەرمەنەکانیان لە پلانەکانی دەسەڵاتی تورکیا ئاگادار دەکردەوە."[1] ناوبراو ئەو هەواڵانەش پشتڕاست دەکاتەوە کە کاتێك کۆمەڵی (ترکیا الفتاة) پاش سوڵتان عبد الحمید، هەوڵیان دا ئەو قەتڵوعامەی بە پلانی (تەلعەت پاشا) هێنایان بەسەر ئەرمەنەکاندا، هەمووی بەسەر کورداندا ساغ بکەنەوە، بە مەبەستی ناشیرینکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.[2]

پاش جەنگی ڕووسو عوسمانییەکان کەسایەتییە کوردەکان لە شاری (وان) کۆبوونەوە، شێخ عبیداللە لەو کۆبونەوەیەدا وتی: "زۆر لەمێژە کوردو ئەرمەنەکان پێکەوە لەسەر ئەم نیشتمانو خاکە، وەك دراوسێ دەژین. ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ ئەوان بشکێنین، سبەینێ تورکەکان ئێمەش دەشکێننو لەناومان دەبەن. من پێم وایە کوردەکان دەرك بەمە دەکەنو کوردێکیش پەیدا نابێ ئەم کارە جەللادییانە قبوڵ بکات."[3]

وەفایی شاعیر– کە بۆ ماوەی ١٤ساڵ لە خزمەتی شێخ (عبید اللە)دا بووەو بیرەوەرییەکانی خۆی لە بارەیەوە نوسیوەتەوە– باس دەکات

---

١ شۆڕشەکانی کورد.. جەلیلی جەلیل، لا: ١٤٢.

٢ بڕوانە: (الحركة الكردية في العصر الحديث، عن أرشيف سياسة روسيا الخارجية، مذبحة الأرمن في الإمبراطورية العثمانية، وثائق يريفان سنة ١٩٦٦م، مجموعة مؤلفين، ص:٢٧).

٣ عبد الرحمان بەدرخان، ئەوی (کوردستان) یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بڵاوکردەوە، مالمیسانژ، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، لا: ٣٥.

کاتێك کە سەرکردەیەکی ئەرمەن بەناوی (مارشەمعون)[1] هێزی نارد بەرەو ناوچەی (نەهری)و ویستی شەڕی کوردو ئەرمەنەکان هەڵگیرسێنێ، شێخ زانایەکی کارامەی بەناوی (مەلا ئەحمەدی کاتونەیی) بە یاوەری شاندێك نارده لای مارشەمعونو پێی ڕاگەیاند کە شێخ مەیلی شەڕی برایانی کوردو ئەرمەنی نیە، بەڵام مارشەمعون کەللەشەقانە گوتی: "من دەست هەڵناگرم، سوێندی واو وام خواردووەو لەڕێگەی حەزرەتی مەسیحدا نەزری واو وام کردووە، یان سەری خۆم دابنێم، یان دەبێت خاکی شەمزینان (مەڵبەندی دەسەڵاتی شێخ عبید الله) بە تورەکە ببێژم." مەلا ئەحمەد بە پەلە ئەم هەڵوێستەی گەیاندە شێخ، بەڵام شێخ هەمان وەڵامی بۆ ناردەوە کە خوازیاری شەڕ نیە. بۆیە ئەرمەنەکان ناچار بوون بە کشانەوە، تەنانەت (مارشەمعون) بە جۆرێك شەرمەزار بوو کە بە مەلا ئەحمەد بڵێت: "زۆر پەشیمانم، ئێستە خۆم بەدۆستی شێخ دەزانم... بۆچی بە فڕو فێڵو هەوای کۆمەڵێك نەزان، ببینە هۆی خوێنڕشتنی کۆمەڵێکی زۆر لە هەردوو لاو ببینە مایەی هەڵگیرسانی شەڕو ئاژاوەو ڕقو کینە؟!"[2]

---

١ (مارشەمعون) سەرکردەو قەشەیەکی ئاسوری بوو، ڕوسەکان دنەیان داو پەیمانیان پێدا کە لەسەرێکەوە دژی عوسمانییەکانو لە سەرێکی ترەوە دژی کورد پشتگیریی بکەن، بەرامبەر بە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی. ناوبراو لەبەر دەستدرێژییەکانی بۆ سەر کوردو مەترسییەکانی بۆ سەر کوردستان، لە ڕوداوێکی کارەساتباردا، لەسەر دەستی سمکۆ(سمایل ئاغا)ی شکاك کوژرا، لێکدانەوەی زۆر لەسەر جۆری کوشتنەکەی کراوە، عەلادین سەجادی دەڵێت: "سمایل ئاغا بە کوشتنی مارشەمعون پیلانی گەلێك کەسی لە دەست دا. ئامانجی ڕوسیای قەیصەری هەڵوەشاندەوە، تەونەکانی ئەوی پێ لەناو برا."(بڕوانە: شۆڕشەکانی کورد، سەجادی، لا: ٢٤٧). زۆرێکی تریش کارەکەی سمکۆ بە ڕەفتارێکی ناپەسەندو نامرۆڤانە دەزانن.

٢ بیرەوەرییەکانی وەفایی، لا: ١٢٨-١٢٩.

له لایەکی ترەوە وا دیارە بە فیتی تورکە دەمارگیرەکانی دوژمنانی کورد، لە کاتی ئەو کۆنگرە فراوانەی ساڵی١٨٨٠ی شەمزیناندا، کەسێك بەناوی (فەهیم) پێشنیاری کوشتارو لێدانی ئەرمەنەکانی کردووە، گوایە دوابەدوای ئەوان، شۆڕش دژی تورکەکانو فارسەکان هەڵگیرسێنن، بەڵام شێخ دژی وەستاوەتەوە، بۆیە بە پێچەوانەوە کاتێك پاش کۆنگرەکە لە لایەن هێزەکانی شێخەوە ئابلۆقەی شاری (ورمێ) درا، شێخ داوای کرد بە هەموو جۆرێك پارێزگاریی لە ژیانو ماڵو موڵکی مەسیحییەکانی ورمێ بکرێت، تەنانەت پێشتر فەرمانی دابوو صەدان ئاڵای شین دروست بکرێن، بۆ ئەوەی وەك نیشانە لەسەر ماڵی مەسیحییەکان دابنرێنو لە ماڵانی تر جیا بکرێنەوە! جگە لەوەش پێشتر شێخ سەرکونسوڵی ئەوکاتەی ئینگلیزی لە تەبریز ئاگادار کردبووەوە کە با مەسیحییەکانی ورمێ ئەوشارە بەجێ بێڵن، ئەویش یارمەتییان بدات"[١] بۆ ئەوەی لەو شەڕەدا کە دژی قاجارەکان ڕایگەیاندبوو، پارێزراو بن.. بۆیە کاتێکیش شێخ لە ئەستەمبوڵ خۆی قوتارکردو گەڕایەوە بەرەو کوردستان، سەری لە گوندە ئەرمەنەکان داو لە کڵێسای شاری (وان) لە گوتارێکیدا وتی: "لەدێرینەوە، باوباپیرانمان برایانەو دۆستانە بەیەکەوە ژیاون، ئەرمەنەکان لەوە دڵنیا دەکەمەوە، کە لە لایەن میللەتەکەمەوە زیانیان لێ ناکەوێت.." دواتریش بە خەڵکەکەی خۆی ڕاگەیاند: "کە ئەرمەنەکان بە دۆستی خۆیان دابنێنو دڵیان نەشکێنن."[٢]

هەر لەو ئاقارەدا، لە کاتی ڕاپەڕینی کوردان لە مارتی ١٩٠٨دا، شێخ تەلگرافی نارد بۆ ئەو شارە کوردییانەی ئەرمەنیشیان تێدایە، داوای لێ

١ شۆڕشەکانی کورد، جەلیلی جەلیل، لا: ١٣١.

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ١٥٢.

کردن دوژمنایەتی ئەرمەنەکان نەکەن.[1] بۆیە لە کاتی پەلاماری دەسەڵات دژی ئەرمەنەکان، لە ناوچە تێکەڵەکاندا، موسڵمانان ئەرمەنەکانیان لەناو ماڵو منداڵی خۆیاندا ئەشاردەوە، تا نەکەونە دەستی جەندرمە تورکچییە دەمارگیرەکانی (ئیتتیحادوتەرەققی)، بەمەرجێك لەیەکێك لەبەڵگەنامەکاندا، دەقی بروسکەیەکی فەرماندەی سوپای سێی (مەحمود کامیل)ی تورکی پارێزراوە کە تیایدا دەڵێت: "هەر موسڵمانێك هاوکاریی ئەرمەنییەك بکات، سزاکەی مردنەو ماڵەکەشی دەسوتێنرێت."[2] بەڵام موسڵمانەکان هیچ گوێیان نەدا بەو هەڕەشانەی دەسەڵاتی تورکە ئیتتیحادییەکان، بۆیە کاتێك هەواڵیان دایە شێخ سەعیدی پیران، کە ژمارەیەك لە لایەنگرانی، تەنگ بە ئەرمەن هەڵدەچنن، فەرمانی دەرکرد: هەرکەسێك توخنی ئەرمەنییەك بەخراپە بکەوێت، تووشی سەختترین سزا دەبێتەوە.[3] تەنانەت لە ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیاشدا هاتووە کە: "سەرانی کورد لە دیاربەکردا داوایان کرد دەسەڵاتی سوڵتان بە ئاشکرا بگەڕێتەوەو پەنا بەرنەوە بەر ئیسلامو شەریعەت. !"[4]

لەم زەمینەی هاوکارییەی کورداندا بۆ ئەرمەنەکان، کەسایەتیی گەورەی کورد (عبد العزیز یامولکی)[5] دووپاتی دەکاتەوە کە سێ لەسەر چواری

١ بڕوانە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد.. گارۆ ساسۆنی، بە نەقڵ لە جەمعییەتی تەعاونو تەرەققی کورد، مالمیسانژ، لا: ٥٧.

٢ علاقة الأكراد بمذابح الأرمن، محەممەد خليل أمير، ص: ٥٦.

٣ شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، جەلیلی جەلیلو هاوکارانی، لا: ٢٤٣.

٤ هەمان سەرچاوە، لا: ١٠٨.

٥ بۆ زانیاری لەسەر کورتەیەکی ژیانو بەسەرهاتی ئەم کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کورد، بڕوانە بەشی کۆتایی ئەم کتێبە.

ئەرمەنەکان – کە لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ ڕزگاریان بوو– بە هاوکاری کوردان بوو، کە ڕزگاریان کردن‌و شاردنیانەوە لە دەستی ئیتتیحادییە توندڕەوەکان.[1]

لە یەکێك لە ژمارەکانی ساڵی ۱۹۰۰ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا– کە لە قاهیرە دەردەچوو– وتارێك بەبێ ناوی نوسەرەکەی بڵاو کراوەتەوە– خۆم گومانم وایە کە عبد الرحمن بەدرخان نوسیبێتی– تیایدا نوسیویەتی: "ئەرمەنییەکان بە تەمان دوای جیابونەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانیی، خاکی پاکی کوردستان بکەنە جێی تەڕاتێنی خۆیان. بۆ ئەم ئامانجەشیان لە وڵاتانی ئەورووپیی چالاکییان دەستپێکردووەو چەند دڕندەیەکی خۆشیان لە کوردستان بڵاو کردۆتەوە."

ئەمە وێناکردنی بەشێك لە واقیعەکەی ئەو کاتەیە، بەڵام سەرنج بدەن بزانن ڕۆشنبیرو کەسایەتییە کوردەکان –سەرەڕای ئەو ڕاستییانە– چ بۆچوون‌و هەڵوێستێکیان هەبووە؟

لە کۆتایی ئەو قسانەدا نووسەر دەڵێت: "بەڵام ئەمانە بەهیچ شێوەیەك مافی ئەوەتان نادەنێ کە ئێوە هێرش بکەنە سەر ئەرمەنەکان‌و بەشەڕ بێن لەگەڵیان‌و لێیان بکوژن."[2]

ئەمە هەڵوێستی موسڵمانانی کورد بوو بەرامبەر ئەرمەن، بەڵام دەبێت کۆمەڵی توندڕەوی (ئیتتیحادو تەرەققی) تورکان، هەڵوێستی چۆن بووبێ بەرامبەر ئەرمەنەکان، کە خۆیان بە ڕەوتێکی عەلمانی‌و مۆدێرن دەزانی.؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چاکتر وایە لەجێی قسەی ئەم‌وئەو، پەنابەرینە بەر بەڵگەنامەکان، خۆشبەختانە بروسکەی (تەلعەت پاشا)ی وەزیری

---

١ بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی عبد العزیز یاموڵکی، لا: ١٤٢.

٢ ڕۆژنامەی کوردستان، قاهیرە، ژمارە ٥، لە ١٩٠٠/٩/٣٠ز. بەرامبەر: ٦/ج ١٣١٨/٢ك.

ناوخۆی تورکیای سەردەمی (ئیتتیحادییەکان) لەبەر دەستماندایە، کە بۆ والی (پارێزگار)ی (حەلەب)ی نوسیوە، تیایدا دەقاودەق دەڵێت: "پێشتریش ئاگادار کران کە لە لایەن کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی)یەوە بڕیاری کۆتایی دراوە بە لەبەینبردنی ئەرمەنەکانی دانیشتووی تورکیا. بڕیاریش دراوە هەرکەس دژی ئەم بڕیارە بوەستێتەوە (واتە: لە بەرپرسانی حکومیی) ئەوە لەسەر کار لادەبرێتو لە هەموو حاڵەتەکاندا سزاکان سەختو گران دەبن، پێویستە سنورێك دانرێت بۆ ئەرمەنەکان، گوێ بە هیچ مەدەن، نە تەمەن، نە ویژدان، دەست لەکەس مەپارێزن، نە پیاو، نە ژن!"[1]

هەروەها قسەی ئەندامێکی ناسراوی لێژنەی مەرکەزیی کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی) بە ناوی (دکتۆر حەسەن فەهمی)ش سەبارەت بە ئەرمەنەکان، لەبەردەستدایە، کە دەقاودەق نەقڵی دەکەم، ڕەنگە پێویستی بەهیچ کۆمێنتو بەراوردکردنێك نەبێت، لەگەڵ هەڵوێستی موسڵمانانەو جوامێرانەی کوردەکان بەرامبەر هاووڵاتییە ئەرمەنەکان. ناوبراو دەڵێت: "لەسەر بنەمای (هەموو زیانبەخشێك دەبێت لە ناو ببرێت)، ئەڵێم: مادام زیانی ئەرمەنەکان مەعلوم بوو، مادام دژ بە دەسەڵاتی کۆمەڵەی پیرۆزی (ئیتتیحادو تەرەققی) وەستاونەتەوە، واجیبە تەفرو تونا بکرێنو هەموویان لە ناو ببرێن، لەسەر ئەو بنەمایەش کە دەڵێت: (گونجاوە زیانی بچوك تەحەممول بکرێت، لە پێناو لابردنی زیانی گەورەتر)، ئەوە ئاساییە پیرو منداڵو ژنانو پیاوانیان هەموو بکوژرێنو لە ناو ببرێن.(!)"[2]

---

١ كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، د. كمال مظهر، ص: ٢٨٥.

٢ الوجه الخفي للانقلاب التركي، مولانا زاده رفعت، ترجمة: د.توفيق برو، حلب، ١٩٢٧، ص: ٩٢، بە نەقلٚ لە: علاقة الأكراد بمذابح الأرمن، محمد خليل أمير، ص: ٥٤.

ئێمە نابێت هەرگیز لەم بۆچونە شۆڤێنییە بەگومان بین، بەڵکو دەبێت لەوە دڵنیا بین، چونکە بەشێوەی کرداریی، دەسەڵاتی تورکانی (ئیتتیحادو تەرەققی) ئەو کارەیان کرد کە لەو بۆچونەدا وێنا کراوە، صەدان هەزار کوردو ئەرمەنیان لە بەین برد، هەزارانیان زیندەبەچاڵ کرد. خراپتر لەمە، بەپێی ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا، لە کوشتارگەی ئەرمەنەکاندا، سەربازە تورکەکان جلو بەرگی نەتەوەیی کوردیان لەبەر دەکرد، وەك فیتنەیی‌و ئاگرخۆشکردنێك لە نێوان کوردان‌و ئەرمەنەکاندا.[١]

لە سەرێکی ترەوە هەندێك بەڵگەنامەی پارێزراو ئەوەمان بۆ دووپات دەکەنەوە، کە ئینگلیزەکانیش لەوکاتەدا ڕۆڵی دووزمانیی‌و فیتنەییان بینیوە، یەکێك لەوانە بەڵگەنامەیەکی ئەرشیفی عوسمانییە، کە دەقی بروسکەیەکی سوپای عوسمانییە، لە (ئەرزڕۆم)ەوە نێرراوە بۆ وەزارەتی جەنگی دەوڵەتی عوسمانی، تیایدا هاتووە: "ئەرمەنەکان لە تەورێز ژمارەیەکی زۆر سەربازیان بەهاندانی ئینگلیز کۆکردۆتەوە، بۆ پەلاماری سمکۆ، فڕۆکەی ئینگلیزیش بەردەوام لە ئاسمانی ورمێ دەسوڕێنەوە."[٢]

بەهەرحاڵ، من نازانم ئەگەر شێخ (عبید الله) شەمزینی‌و موسڵمانانی شوێنکەوتووی، بۆ ڕەفتارە جوانەکانیان لەگەڵ مەسیحی‌و ئەرمەنەکان، پشتیان بە ئاراستە قورئانییەکان‌و هەندێك فەرمودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەبەست، وەك ئایەتی: ﴿لا يَنْهاكُمُ اللهُ عَنِ الّذينَ لَمْ يُقاتِلوكُمْ في الدّينِ ولَمْ يُخْرِجوكُمَ مِنْ دِيارِكُم أَنْ تَبَرّوهُمْ وتُقْسِطُوا إِليهم إِنَّ اللهَّ يُحِبُّ

---

١ شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، لا: ٦٩.

٢ ئەرشیفی عوسمانیی، ژمارە: ٩٢-٣/٢٥-٥٠. (لە ئەرشیفی نووسەر پارێزراوە).

المُقْسِطِين﴾ الممتحنة/٨[١]. یان فەرمودەی: (مَنْ قَتَلَ مُعاهِدا لَمْ يُرِحْ رائحةَ الجنة..)[٢] (صحيح البخاري)، یان ( أَلَا مَنْ ظَلَمَ مُعَاهِدًا، أَوْ انْتَقَصَهُ، أَوْ كَلَّفَهُ فَوْقَ طَاقَتِهِ، أَوْ أَخَذَ مِنْهُ شَيْئًا بِغَيْرِ طِيبِ نَفْسٍ، فَأَنَا حَجِيجُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) (سنن أبی داود)[٣]، ئەی ئەو بەناو موسڵمانانە پەنایان دەبردە بەر چی، لە ئازاردانی هاووڵاتییە سالمو بێوەیە ئەرمەنییەکاندا؟

دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە هەندێك لە ئەرمەنەکان ڕۆڵێکی دوژمنکارانەیان دژی کورد گێڕاو بووبوونە داردەستی داگیرکەران، زنار سلوپی (قەدری جەمیل پاشا) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "ئەرمەنەکان بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵیان دا سومعەی ڕۆڵەکانی کورد لە زیهنی ئەوروپییەکاندا ناشیرین بکەن، لەبەر ئەوەی دەیانزانی کەڕۆڵەکانی گەلی کورد پابەندن بە ئاینی ئیسلامەوە، شانازیش بەهۆگریی خۆیانەوە دەکەن بۆ ئەو ئاینە. ئەمەش بووبووە مایەی نیگەرانیی پیاوانی کڵێساو (موبەششیر)و مزگێنیدەرە مەسیحییەکان. شاڵاوی پڕوپاگەندەکانیان دژی کورد وای کردبوو کە ئەوروپییەکان بەسووکیی سەیری هەر کوردێکیان دەکرد، بەڕادەیەك

---

١ واتە: "سەبارەت بەوانەی کە لەسەر ئاین شەڕیان لەگەڵ نەکردن‌و لە وڵاتی خۆتان دەریان نەکردن، خوا قەدەغەتان لێ ناکات کە ئەوپەڕی چاکەکارییان لەگەڵ بکەن‌و دادگەر بن لەگەڵیان، بەڕاستی خوا دادگەرانی خۆش دەوێت". زانایانی تەفسیر کۆدەنگن لەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە لە جۆری (موحکەم)ە، واتە حوکمەکانی نەسخ نەکراونەتەوەو نەسڕاونەتەوەو تاهەتایە کاریان پێ دەکرێت.

٢ واتە: هەرکەس هاوپەیمانێك بکوژێت بۆنی بەهەشت ناکات. !

٣ واتە: ئاگادار بن! هەرکەس ستەم لە هاوپەیمانێك (لە غەیرە موسڵمانان) بکات، یان بەسووك سەیری بکات، یان لە مافەکانی کەم بکاتەوە، یان ئەرکێکی زیاتر لە توانای خۆی بدات بەسەریدا، یان بەبێ ڕەزامەندی ئەو شتێکی لێ بستێنێت، ئەوە من لە پاشەڕۆژدا دەبمە نەیاری‌و دژی دەوەستمەوە.

قوتابییه کوردەکان له ئەوروپا –لەبەر ناوزڕاندنی کورد لەلایەن ئەرمەنەکانەوە – ڕوویان نەدەهات کوردبوونی خۆیان ئاشکرا بکەن."[1]

(شاخۆفسکی) ڕوسیش دووپاتی دەکاتەوە– وەك دکتۆر کەمال مەزهەر لێی دەگێڕێتەوە– کە "ئەرمەنە نەتەوەپەرستو ڕەگەزپەرستەکان، نیازیان لەناوبردنی هەموو موسڵمانانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوو کە ئێمە (واتە: هێزەکانی ڕوسیا) داگیرمان دەکردن." کەمال مەزهەر لەسەر ئەم قسەیە دەڵێت: "هەندێك لە توندڕەوە ئەرمەنەکان هێرشی هێزە ڕوسەکانیان دەقۆستەوە، بۆ لێدانی موسڵمانانی ناوچەکە، بە تایبەتی موسڵمانانی کورد، ئەمەشیان بە تۆڵەسەندنەوەی خوێنی ئەرمەن دەزانی، کە لە سەدە پێشووەکاندا بە ناهەق ڕژا بوو."[2]

---

١ في سبيل كوردستان، زنار سلوبى، ص: ٣٠.

٢ كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، د. كمال مظهر، ص: ١٦٦.

**٦-گرنگترین کارو ئاکارەکانی شێخ عبید الله:**

بەپێی ژیاننامەو مێژووی چڕو پڕی شێخ عبید اللهو ئەو نوسینانەی لە بەردەستدان، وا دەردەکەوێت شێخ سەرەڕای کارو بەرهەمو دەستکەوتە کەموێنەکانی، خاوەنی ڕەوشتو ئاکارگەلێکی زۆر بەرزیش بووە، لەڕادەیەکدا کە ڕەقیبو نەیارانیشی وەك موریدو دۆستانی، دانیان پێدا ناوەو نەیانتوانیوە نکولیی لێ بکەن.

سەرەتای ئەم بڕگەیە بە شایەتییەکی (کریس کۆچێرا) دەست پێ دەکەم کە دەڵێت: "شێخ عبید الله پیاوێکی سادەو قانیعو دادپەروەرو خواناسو زۆر بەدین بوو، پەرۆشی خۆشگوزەرانی خەڵکی کورد بوو.."[1]

پاشان ئەگەر بە کورتی تایبەتمەندیی کارەکانی شێخ عبید الله بخەینە ڕوو دەکرێت ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین، لە لایەنە جیاجیاکانەوە:

ـ شێخی ناوبراو، دەبێتە یەکەمین ڕابەری ئاینی، کە جڵەوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بگرێتە دەست.

ـ توانی زۆربەی سەرۆکخێڵو دەسەڵاتدارانو جەماوەری ناوچەی جیاجیاکانی کوردستان یەکبخات.

ـ کێشەی کوردی کردە کێشەی ڕەوای نیشتمانو نەتەوەیەکی دابەشکراوو داگیرکراوی نێوان دوو دەوڵەتی عوسمانیو قاجاری.

ـ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەوروپاو سەرانی قاجارو عوسمانیو عەرەبو مەسیحیو ئەرمەنو ئاشورییەکان." [2]

ئەگەر بە تەمای گێڕانەوەی دیرۆکی ئەم خەباتگێڕە بین زۆری دەوێ، هێندە بەسە کەبزانین ئەو زاتە پیاوێکی کەموێنە بووە، ڕوناکبیری گەورەی

---

١ کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠، کریس کۆچێرا، لا: ٢٦.

٢ شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا... محەممەد حەمە باقی، هەولێر، ٢٠٠٠، لا: ١٥.

کورد (عبد العزیز یامولکی)، بەم دەستەواژانە دەیناسێنیٚ: "سەردارێکی دادپەروەر، باوك، پارێزەری مافی گەل، کاربەدەستێکی بیٚ وێنە."[1] بۆیە لەلایەن دوژمنانی گەلەکەیەوە چەندین جار پیلانی جۆراوجۆر دژی تەنراوە، بەڵام کۆڵی نەداوە. لە حوزەیرانی ساڵی ١٨٨١ دەسگیر کراوەو براوە بۆ ئەستەمبولٚ، دواتر خۆی دەرباز کردووەو هاتۆتەوە بۆ(نەهری). بۆ جارێکی تر لە تشرینی یەکەمی هەمانساڵدا گیراوەتەوەو لەگەڵ خێزانو بنەماڵەکەی دوورخراوەتەوە بۆ شاری موسلٚ. پاش ساڵێك لەبەر هەولٚو چالاکییو جموجووڵەکانی –بە حوکمی نزیکیی موصل لە جەرگەی کوردستانەوە– دوور خراوەتەوە بۆ ئەسکەندەرونە، پاشان شارەکانی بەیروتو مەدینەو تائیف، بۆ دواجار لە شاری مەککەی پیرۆز دەمێنێتەوە، تا لە ١٢/١٠/ ١٨٨٣ لەویٚ کۆچی دوایی دەکات.

ماوەتەوە لێرەدا هەڵسەنگاندنێکی شاعیری گەورەی کورد (وەفایی) بۆ شێخ (عبید الله) بێنم، کە بۆ خۆی – وەك پێشتر وتم – بۆ ماوەی ١٤ ساڵ لەگەڵ شێخ ژیاوەو باشکاتبو سکرتێری شێخ عبید الله بووە، لەو بارەیەوە بیرەوەرییەکانی لەگەڵ شێخدا نوسیوەتەوە، ڕاستە تا ڕادەیەك سۆزدارانە باسی شێخ دەکاتو لە قسەکانیدا هەستی شاعیرانەی، ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام وەك کەسێك کە زۆر لەگەڵ شێخ ژیاوە، لایەنێکی زۆری کەسیەتیی شێخی خستۆتە ڕوو. وەفایی دەڵێت:

"کاتێك ئەو زاتە لەسەر کورسی ڕابەرایەتی تەریقەت دانیشت، ڕۆژ دوای ڕۆژ جیهانی خەمناك لە هەناسەی ئەو زاتەدا دەبوژایەوە، ڕۆژگار بوو بە ڕۆژگارێکی دیکەو سەردەمێکی ڕێكوپێکتر هاتە کایەوە، لە: پەرەپێدانی ئاینی پیرۆزو پەیڕەویکردنی فەرمانی پەروەردگار، دووریی لەخراپە، دوورخستنەوەی

---

١ شۆڕشەکانی کورد، جەلیلی جەلیل، وەرگێڕانی بۆ کوردی: بەهادین جەلال،لا: ١٠٧.

زۆردار له بێدەسەڵات، بەجێهێنانی ڕابەری ڕاستەقینه (جلّ شأنه)، نمونەی نەبوو.. لەو ڕۆژەوە که تەختی ڕابەرایەتی تەریقەت به وجودی موبارەکی ڕازایەوە، هەتا لەدونیادەرچوو، لەو دەوروبەرەو له ناوچه دوورو نزیکەکانیش، هیچ زۆردارێك توانای ئەوەی نەبوو دەستدرێژیی بچکۆله بکاته سەر بێدەسەڵاتێك ... زۆربەی کاتی ئەو زاته موبارەکه هەر به داوەریکردنو سەندنی مافی هەژاران بەسەردەبرا. به بێ مۆڵەتی شەرع هیچ کارێکی له خۆیەوە نەدەکرد، شتی پێچەوانەی شەرعی له هیچ کەس قبوڵ نەدەکرد."

هەروەها وەفایی زیاتر لەسەر ئاکارو ڕەوشته بەرزەکانی شێخ دەدوێو دەڵێت: "کاتی به نرخی بەفیڕۆ نەدەدا.. چاکەکارو خۆشخوو بوو، هەمیشه خۆشخولقو زمانشیرینو ڕوو کراوەو میهرەبان بوو، مەگەر بەبینینی کارێکی دوور له شەرع، تووڕه ببوایه، دەبووه سەرچاوەی (الحب والبغض فی الله). شێخ، خواویستێکی له هەزار پیاوی دونیایی خۆشتر دەویست." له ڕووی پەرستشو عیبادەتیشیەوە، وەفایی شاعیر دەڵێت: "هەرگیز نەمدیوەو نەمبیستووە ئەو زاته بەبێ جەماعەت نوێژێکی کردبێت... سێیەکی شەوی به شەونوێژو دوعاکردن بەسەردەبرد... له دوای نوێژی بەیانی، زۆربەی بەیانییان (مراقب)[1] دادەنیشت، هەتا خۆر هەڵدەهات.. بڕێك قورئانی دەخوێند، نەختێك (دەلائل)ی دەگوتەوە،[2] دوای بەجێهێنانی سوننەتی

١ (موراقەبه) حاڵەتێکی صۆفییانەی عیرفانییە، بەواتای: خاڵیکردنەوەی دڵ دێت له هەموو ختورەو خەیاڵێكو بیرکردنەوە له زاتی خوای گەورە به تەنهایی.

٢ مەبەست کتێبی (دلائل الخيرات وشوارق الأنوار)ی محمد سليمان الجزولي یە، کەساڵی ٨٧٠ك/١٤٦٥ز کۆچی دوایی کردووە. تایبەته به صەڵەواتدان لەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت). له ناوەندە ئیسلامییەکانی کوردەوایدا وا باو بوو که له ناو ئەم کتێبەدا دۆعاو صەڵەوات دەخوێنرانەوە. هەندێك شیعری لەکەڵ تەوحید یەکناگرنەوە.

(ضحی)ش، بەداوەریی هەژاران‌و دەستگرۆیی نیازمەندان‌و دڵنیاکردنەوەی ستەملێچووانەوە، خەریك دەبوو."

لە ڕووی تواناو بەهرەی دارایی‌و سەخاوەتیشییەوە، وەفایی دەڵێت: "ئەو زاتە نیوەڕۆ ئێوارە سفرەی بۆ میوانان کراوە بوو. بچوکتان (واتە وەفایی شاعیر خۆی) کە نزیکەی ١٤ ساڵ خزمەتکاریی ئەو دەروازەیە بووم، هیچ ڕۆژێك میوان لە ٣٠٠ و٤٠٠ کەمترم نەدیوە، مەگەر لە سێ مانگەی زستاندا، کە بە هۆی بەفرو سەرماو ڕێبەندانەوە، هات‌و چۆ کەمتر ببوایەتەوە، هەندێك جار ڕادەی میوان دەگەیشتە ١٥٠٠ کەس."

لە ڕووی پابەندی شێخیش بە شەریعەت‌و دادگەریی‌و حەقڕەوییەوە، وەفایی شاعیر دەڵێت: "پەیڕەوکردنی شەریعەتی پێغەمبەری بە ڕادەیەك لەلا گرنگ بوو کە لە دینارێکەوە تا گەنجی قارون، لە حەسارێکەوە تا موڵکی فەرەیدون، لە مەزرایەکەوە تا چواریەکە ماڵێك، بە بێ مۆڵەتی شەریعەت، نەیدەکرد بە هی خۆی. ئەمرو نەهی ئەو زاتە بەپێوانەی شەریعەت، ڕاست دەیخستە ڕوو" [١]

لەڕووی زۆریی موریدو مەنسوب‌و قوتابییانیشیەوە، وەفایی دەڵێت: "لە دەرو ژووری وڵاتەوە موریدو خوازیار کاروان کاروان زیارەتیان دەکرد، هەرگیز خانەقا لە لادێیی‌و شاریی، بەڵخی‌و بوخارایی، چۆڵ نەدەبوو. خەلیفەکانی ئەو زاتە لە ئێران‌و شیروان (ناوچەیەکە لە خۆرهەڵاتی قەفقاس)و کوردستان‌و داغستان‌و خاکی ڕۆم‌و ئەو دەوروبەرانە، خەریکی پەرەپێدانی

---

١ تحفة المریدین، بیرەوەرییەکانی وەفایی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، لا: ٣٥ بەدواوە. پەیامنێری ڕۆژنامەی (تایمز) لەو سەردەمەدا (لۆرد جۆرج کۆرزۆن) لە کتێبەکەیدا: (ایران‌و قضیه ایران) ئەو باسی میوانداریە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: "شێخ عبید الله ڕۆژانە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ میوانی هەبووە."

ئاین‌و ڕێنوێنی خوازیاران بوون، شەریعەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بە هەوڵ‌و کۆششی ئەو زاتە زۆرترو باشتر پەرەی سەند."[١]

بەڵێ ئەوە لایەنێکە لە ژیان‌و تایبەتمەندییەکانی شێخی نەهری، وەکو بینیمان بیانییەکانیش وەك دۆستانی، تاریفی دەکەن‌و کارە چاك‌و ئاکارە پەسەندەکانی دەخەنە ڕوو، بەتایبەتی لەڕووی دڵسۆزیی‌و خەمخۆرییەوە بۆ نیشتیمان‌و نەتەوەکەی‌و پابەندییەوە بە ئاینەکەی، کە ئەگەر هەردووکی لێکبدەین تێدەگەین کە یەکەمیان دەرهاویشتەی دووەمیانە، واتە هەستی ئاینیی، گیانی بەرپرسیارێتی تێدا تۆخکردۆتەوەو هانی داوە کە تەمەنی بۆ خاك‌و نەتەوەکەی –بگرە بۆ مرۆڤایەتیی‌و چەمکە مرۆییەکان– بەخت بکات، هەروەك ئەو لایەنەش لە مامەڵە جوانەکانی لەگەڵ ئەرمەن‌و مەسیحییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. لێرەشەوە ئەو ڕاستییە زیاتر دەسەلمێت کە ئامانجی نوسینی ئەم بابەتەیە، کە تێگەیشتنی دروست لە ئاینی ئیسلام‌و پابەندیی تەواو بە بەهاکانییەوە، مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەکاتە ڕەگەزێکی خزمەتگوزارو بەرهەمهێن.

---

١ تحفة المریدین، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەممەد حەمە باقی، لا: ٣٥–٣٦.

**٧-لایەنێك لە كەسیەتیی شێخ عبد القادر كوڕی شێخ عبید الله:**

شێخ (عبد القادری نەهری) (١٨٥١- ١٩٢٥)، كوڕی سەركردەی گەورە شێخ (عبید الله نەهری)یە، بۆ ماوەیەك لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا سیناتۆرو ئەندامی شورای دەوڵەتو ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان بووە، ماوەیەكیش بۆتە سەرۆكی (كۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی كورد)، ساڵی ١٨٨١ لەگەڵ باوكی، دوور خراوەتەوە بۆ شاری مەككە، پاش خەباتێكی بێوچان ساڵی ١٩٢٥ لەسەر دەستی كەمالییەكان لەسێدارە درا.

بۆ زیاتر ناسینی ئەم كەسایەتییە گەورەیە، پێم باشە پێش كۆتایی ئەم بڕگەیە، هەڵسەنگاندنی ڕۆشنبیرێكی گەورەی كوردتان بۆ بگوێزمەوە، ئەویش بلیمەتی ناسراو موتەصەرریفی كۆنی سلێمانی لە ١٩٤٢ بۆ ١٩٤٦ (مەعروف جیاووك)ە[1] كە لە وتارێكی عەرەبیدا دەربارەی شێخ عبد القادر پاش شەهیدكردنی، گوتویەتی: "شانازییە بۆ تۆ ئەی سەركردەی كورد، ئەی موسڵمانی ڕاستەقینە، بەو خوێنەتەوە كە بەناهەق ڕژا، بەرەو پەروەردگارت بڕوا، ئاڵاكەت لەبەردەمی خوادا بەرزكردەوە، بەو ڕووە گەشەتەوە، بەو باوەڕە ئیسلامییە پتەوەوە كە هەتبوو."[2]

پاشان سەرنجی ڕای گشتی عەرەبو موسڵمانان ڕادەكێشێ، كە بزانن شێخ بۆچی ڕاپەڕی؟ لەبەرچی دژی ڕژێمی دیكتاتۆری (ئیتتیحادییەكان) هەستا؟ لەسەرچی شەهید كرا؟ دەڵێ: "ئەو تێكۆشەرانەی كە داوای

---

١ مەعروف جیاووك: كوڕی عەلی ئەصغەر ئەفەندی حاجی مەولودە. (١٨٨٥ز-١٩٥٨ز). بۆ زیاتر ناسینی ئەم كەسایەتییە هەڵكەوتووەی كوردو هەڵوێستە زیندووەكانی، بڕوانە بەشی كۆتایی ئەم كتێبە، كە بە تایبەتی كورتە ژیاننامەیەكیمان نووسیوە.

٢ سەرجەمی بەرهەمی مەعروف جیاوك، د. ئازاد عوبێد صاڵح، لا: ٢٣٥.

ڕووخانی (مصطفی کەمال ئەتاتورك)یان کرد، پشتیان بەچەند بنەمایەکی شەرعیی‌و ڕاستەقینە بەستبوو، کە ئەمانە بوون:

١ــ ئەتاتورك وەك سەرۆکێك، شەرعییەتی نەماوە، چونکە لەسەر سوننەتی ئیسلام بەیعەتی نەدراوەتیێ‌و ئوممەت کۆك نین لەسەر سەرۆکبوونی.

٢ــ لەدین دەرچووەو قوتابخانە شەرعییەکانی داخستووەو مەشیخەی ئیسلامیی– کە سەرچاوەی فتوادانە – هەڵوەشاندۆتەوە.

٣ــ خەلیفەو میرەکانی دەرکرد، عەرشی خەلافەتی داگیرکرد، بەناهەق دەستی بەسەر ماڵ‌و داراییدا گرت.

٤ـ ئەتاتورك خۆی کردووە بەتورك، لە کاتێکدا مشەخۆرێکی (سلانیك)ییەو بنەماڵەی نەناسراوە.

٥ــ بەتورککردنی نەتەوەکانی تر بە زۆرو بە تۆپزیی.

٦ــ ڕاگەیاندنی سفورو پەتیارەیی تەواوو ( قەدەغەکردنی پۆشتەیی) کە لە ژنەکەی خۆیەوە دەستی پێکرد.

٧ــ پەنابردنەبەر لە بەینبردن‌و تیرۆرکردنی نەیارانی، لەسەر ڕێبازی ناپلیۆن پۆناپارت."[١]

بەڵێ، ئەو باوك‌و کوڕە (شێخ عبید الله‌و شێخ عبد القادر) دوو نمونەن لە سەرکردەکانمان، کە: هەم بڕوادارو خواناس‌و عاریف‌و بەتەقوا، هەم سیاسەتمەدارو دیپلۆماتکار، هەم بانگخوازو موصلیح‌و چاکەخواز، هەم ڕابەرو سەرکردەو شۆڕشگێڕ، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستیان نەکرد دینداریی، ڕێ لە چالاکیە سیاسییەکانیان بگرێت، یان سیاسەت‌و شۆڕشگێڕیی، ڕێ لە مزگەوت‌و خانەقاو زیکرو ئەورادەکانیان بگرێت. بەڵام بەداخەوە لە

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٢٣٧.

دەورانێکی بێ ئاگایی‌و متبوونی قەڵەمی ئیسلامیدا، ئەم لایەنانە لە ژیانی ئەو پیاوانە، یان سڕرانەوە، یان کاڵکرانەوە، بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە کە هەندێك وێستگەی مێژوویی هەرچەند دەرکەوتنیان دواکەوێ، هەر دەکەونەوە ڕوو، بەتایبەتی ئەوانەیان کە بەڵگەنامەی سەلمێنەریان لەگەڵە، یان لەکاتی خۆیدا تۆمار کراون، بەڵام لاخراون، ئەوانە دەگونجێت کۆن ببن، بەڵام ناگونجێت بفەوتێن‌و لە بیری مێژووی نەتەوەیەك بچنەوەو ڕۆژێك لە ڕۆژان باسیان سەر هەڵنەداتەوە.

# بەشی پێنجەم

## سەرهەڵدانی ڕێکخراوەی سیاسی ئیسلامیی– نەتەوەیی لە کوردستان

## تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- سەرچاوەی ئیلهامبەخشی کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامیی‌و سەرەتاکانی.........................................←
- (حزبی ئیسلامیی کورد)، هەڵەبجە، ساڵی (١٩٣٣ز)............←
- لە (حزبی ئیسلامیی کورد)و (یەکێتی ئیسلامیی کورد)و (برایەتی)و (حزبی محەممەدی) یەوە، بۆ حزبی ئازادیخوازی کوردستان‌و (ژێ.کاف)..................................←
- پوختەیەك لەسەر حزبی هیوا...........................←

## لەبری پێشەکی

### سەرچاوەی ئیلهامبەخشی کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامییو سەرەتاکانی

چارەکی یەکەمی سەدەی بیست، جێدێڵێنو سەرێك لەسەرەتای ساڵانی سییەکان بەدواوە دەدەین، کە بەشێکی نادیاری مێژووی کاری ئیسلامیی لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانە، کە بەداخەوە لەو سەرچاوانەدا کە باسیان لە مێژووی کاری ئیسلامیی لە عێراقو کوردستان کردووە، یان ئاماژەی پێ نەکراوە، یان بە ڕاگوزەر بەلایدا چوون، سا لەبەر ئەوەی نوسەرەوەی ئەو مێژووانە ئاگادار نەبوون بەو چالاکییانە، یان پێیان وابووە تا کاتی سەرهەڵدانی کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامیی (برایانی موسڵمان) هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی ئیسلامیی لە باشوری کوردستان نەبووە، یان هەر هۆیەکی تر.

بەڵام ئایا ئەو کارە ئیسلامییەی ساڵانی بیستەکان لە هەڵەبجەو دەوروبەری –کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد– لەژێر کاریگەریی میصردا بووەو پێش بەغداو موصڵ لەڕێی چەند کەسایەتییەکەوە ڕاستەوخۆ لە قاهیرەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناوچەی هەڵەبجە، وەك مەلا حەسەنی دزڵی کە پێش ئەو ساڵانە چۆتە قاهیرەو گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجەو هەورامان. یان مەلا محەممەدی قزڵجەیی کە زانایەکی ڕوناکبیری بەناوبانگی کوردەو کوڕەزای مەلا عەلی قزڵجەییە، کە ئەویش لە حدودی ١٩٢٩–١٩٣٠دا (واتە گەرمەی دامەزرانی کۆمەڵەی برایان) لە میصر بووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕوناکبیرانی وەك: محەممەد ڕەشید ڕەزاو محەممەد فەرید وەجدیو عبد الوهاب عزامو عبد القادر مەغریبیو شنقیتیو عەللامە مەراغی، کە گەڕاویشەتەوە ڕاستەوخۆ ماوەیەك لە بیارە ماوەتەوەو دواتر بۆتە یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (الأخوة الإسلامية)ی واجیهەی برایان (الإخوان

المسلمون)، به هاوکاری (محەممەد محمود صواف)و (ئەمجەد زەهاوی)و کەسانێکی تر لە بەغدا.؟[1]

یان بە هەوای ئەو هەوڵە سەرەتاییە ئیسلامییەی مامۆستا سەعید نورسی بووە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کە بە هاوکاریی ژمارەیەك کەسایەتی تر، ساڵی ١٩٠٩(ئیتتیحادی محەممەدی)یان لە شاری ئەستەمبوڵ دامەزراند؟

یان بە ئیلهام وەرگرتن بووە لە هەوڵە ئیسلامییەکانی ناوچەی (موکریان)، بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٢٠ بە دواوەی سەدەی بیست- کە حزبێك بەناوی (حزبی محەممەدی) یان (ئیتتیحاد محەممەدی) بە ڕابەرایەتی (أبو الحسن سيف القضاة)،[2] مامی پێشەوای قازی (محەممەد)ی سەرۆك کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، کە دڵنیام ئەویش بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)یەکەی نورسی بووە، کە لە(١٩٠٩) دامەزرا، (دواتر دێمەوە سەر ئەم باسە..)؟

ئایا بەوجۆرە بووە یان نا؟ ئەمە بابەتێکە تەنها بە زانیاریی‌و بەڵگە دەسەلمێت، ڕەنگە کەمێك ڕامان‌و شیکردنەوە تا ئەندازەیەك نزیکمان بکاتەوە لە ڕاستییەکان، بەڵام مەرج نیە کتومت وەك خۆیان دەربێن.

بەهەرحاڵ، زۆربەی نوسەرانی مێژووی کارو ڕەوتی ئیسلامیی ڕێکخراوەیی، پەیدابوون‌و خەباتی ئەو ڕەوتە دەبەستنەوە بە سەرهەڵدان‌و گەشەسەندنی کۆمەڵی برایانی موسڵمان (الإخوان المسلمون)ەوە، کە لە چلەکانی سەدەی

---

١ بەندە سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە کتێبێکی (٤٩٣) لاپەڕەییم لەسەر مێژووی ژیان‌و خەباتی (مەلا محەممەدی قزڵجەیی) نوسیوەو ساڵی ٢٠١٥ چاپکراوە.

٢ وێنەی (أبو الحسن سيف القضاة) لە بەشی کۆتاییدا ببینە.

بیستەمدا لەبەغداو موصلْ سەری هەڵداو لەسەرەتای پەنجاکانیشدا گەیشتە کەرکوکو هەولێرو سلێمانیو هەندێك شوێنی تری وەکو زاخۆو ئاکرێ.

ئەمە بەلای منەوە هەڵەیەکی مێژووییە، چونکە پاش بەدواداچونێکی وردو لێکۆڵینەوەی زۆر لە چەند سەرچاوەیەکی پارێزراوو بیرەوەریی چەند نوسەرو کەسایەتییەکی شایەتحاڵەوە، ئەوەم بۆ سەلماوە کە سەردەمانێکی زۆر لەپێشترو لەسەرەتاکانی ساڵانی سییەکاندا کاری ئیسلامیی ڕێکخراوەیی هەبووەو هەڵقوڵاوی بیرکردنەوەو هەوڵی خۆماڵیش بووەو هەستکردن بەپێویستیی چالاکییەکان لە هەموو ئەگەرەکاندا لە سنوری کوردانی زاناو ڕوناکبیرو ئیسلامدۆستی شارەکانی سلێمانیو مەهابادو کوردانی دانیشتووی ئەستەمبولْ دەرناچێت، ئەمەش لەم بڕگانەی داهاتوودا ڕوون دەکەمەوە.

### ١- (حزبی ئیسلامیی کورد)، هەڵەبجە، ساڵی ١٩٣٣:

لە ساڵی ١٩٣٣دا، حزبێك لە هەڵەبجە بە ناوی (حزبی ئیسلامیی کورد) دامەزێنراوە، بەندە قەناعەتم وایە کە شەپۆلی ڕێکخراوە کوردییە زۆرەکانی ئەستەمبولّ کاریگەریی زۆریان لەسەر دامەزرانی ئەم حزبە هەبووە، یان بە هەوای ئەوانەوە بزاڤی کاری ڕێکخراوەیی لە باشوری کوردستانیش سەری هەڵداوە، وەك (ئیتتحادی محەممەدی)و (کۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی کورد) کە مامۆستا سەعید نورسی‌و پیرەمێردی ڕەحمەتی، لەکادیرە باڵاو چالاکەکانی بوون، یان حزبی (هێڤی)و (خۆییبوون) کە دواتر دامەزران.

لە سەرێکی تریشەوە ئەم حزبە (حزبی ئیسلامیی کورد) کاریگەریی لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی پاش خۆیان هەبووە، چ لە باشوری کوردستان، وەك کادیرە سەرەتاکانی حزبی (برایەتی)و حزبی (دارکەر)و بە دوایدا حزبی (هیوا)[١]. چ لە ناوچەی موکریان‌و خۆرهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، کە چەندین ڕێکخراویان بەگەڕ خستووە، وەك حزبی (ئیتتیحادی محەممەدی)و (حزبی ئازادیخوازی کوردستان)و دواتر کۆمەڵەی (ژ.ك)، کە لە ساڵانی سەرەتای چلەکاندا لە مەهاباد لەسەر داروپەردووی حزبی ئازادیی دامەزراوەو وەك حزبێکی ئیسلامیی نەتەوەیی کاری کردووەو لە بەرنامەو پرۆگرامی حزبدا بڕیاری داوە کە (ئیسلامەتی) یەکێك بێت لە چوار پایەکەی حزب، لە کەنار سێ پایەی تردا، واتە بەم جۆرە: (ئیسلامەتی، کوردەواری، شارستانێتی، ئاشتی).![٢]

---

١ لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەچینەوە سەر باسی ئەم حزبانەو باسێکیان لێ دەکەین.

٢ بەندە بابەتێکی نوێم لەسەر مێژووو تایبەتمەندییەکانی ڕێکخراوی خەباتگێڕی (ژ.ك)، هاوکات لەگەڵ ئەم کتێبە نوسیوە، بە ناوی (خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵەی (ژ.ك)، هیوادارم خزمەتێکی تازە بێت بەو مێژووەو بەو ڕێکخراوەو بە خوێنەران‌و هاوولاتیان∞

بەهەرحاڵ، بەڵگەم بۆ باسی بوونی حزبێك بەناوی (حزبی ئیسلامیی كورد) بە پلەی یەكەم بەشێك لە بیرەوەرییەكانی محەممەد سەعید بەگی كوڕی سەلیم بەگی جافە،[1] كە تیایدا لەژێر ناونیشانی: (كورتە باسێك دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی (حزبی یەكێتی) كە بریتی بوو لە (حزبی ئیسلامیی كورد)، دەڵێت:

"لە كۆتایی ساڵی ١٩٣٣دا لە شارۆچكەی هەڵەبجە، لە ماڵی ئێمە، منو مەلا حەسەنی قازیی– شاهۆی شاعیر، كوڕی مەلا قادری (بیارە)–و عبد الله بەگی ئەحمەد بەگی میرەدێو نەجمەدینی كوڕی مەلا ڕەسولی دێلێژەیی، كۆبووینەوەو كەوتینە لێكۆڵینەوە دەربارەی وەزعی ناهەمواری كوردو چەوساندنەوەی، مەنهەجێكمان دانا كە بریتی بوو لە ٣٧ ماددە، دوای ئەوەی كە نەقڵی سلێمانی بووینو كەوتینە ئیشكردن، خەڵكێكی زۆرمان ڕاكێشایە ناو حزبەوە، موتەصەرریفی سلێمانی، ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگ بوو، هێنامانە ڕیزی حزبەوە، لەگەڵ حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا، لەناو جەیشا خوالێخۆش بوو ئەمین ڕەواندزی[2]و مستەفا خۆشناوو عیززەت عەبدولعەزیزی شەهیدو نوری ئەحمەد

---

١ محەممەد سەعید بەگ، كوڕی سەلیم بەگ، كوڕی یارئەحمەد بەگ، كوڕی وەسمان بەگ، لە هۆزی وەڵەدبەگی جافە. ساڵی ١٩٠٢ز لە ناچەی خورماڵ هاتۆتە دونیا. ماوەیەك لە ماڵی شێخ حسام الدین لە هەورامان كتێبە ئاینییەكانی خوێندووە، دواتر بۆتە پلەدارێكی سوپای شێخ مەحمود. ساڵی ٢٠٠١ بیرەوەریی‌و شیعرەكانی لەلایەن بەڕێزان صدیق صالحو عبد الرقیب یوسفەوە لە كتێبێكی ٢٠٠ لاپەڕەییدا چاپو بڵاوكرانەوە∞

٢ ئەمین ڕەواندوزی، كوڕی مەلا حەسەنی ڕەواندوزییە. ساڵی ١٨٩٨ز لە خێزانێكی ئاینپەروەر لە دایكبووە، لە حكومەتی شێخ مەحمود ئەفسەر بووە، ماوەیەك قایمقامی شاری ڕەواندوز بووە، یەكێكە لە دامەزرێنەرانی (یانەی پێشكەوتن)، ئەندامی كۆمەڵەی هیوا بووە، لە (ژیانەوە) وتاری هەیەو لەهەولێر ڕۆژنامەی (هەتاو)ی لە١٩٤٨ دەركردووە، لە ١٩٥٥ لە بەغدا وەفاتی كردووە. ناوبراو باوكی د.وریا ڕەواندزییە كە ساڵی ٢٠١١ لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا كۆچی دوایی كرد.. (سایتی abood ٨٩ أهلا)∞

تاهاو نوری ئەمین بەگو محەممەد قودسی شەهید،[1] پەلمان هاویشتە ناو هەموو قەزاو ناحیەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر لەناو شورطە هاتنە ڕیزی حزبەوە"[2]

لە شوێنێکی تردا سەعید بەگ ئاماژە دەکات: کە (ئەمین زەکی بەگ)یش لە بەغدا، لەگەڵ حزبەکەیان بووەو چالاکیی بۆ کردوون.[3] هەروەها باس لەوە دەکات ڕاسپێردراون کە لەگەڵ عبد القادری سەید ئەحمەدی حەڵواچی پەیوەندیی بکەن بە بارزانییەوە بۆ ئەوەی بێتە ڕیزی حزبەکەیانەوە، دوای پەیوەندی پێوەکردنی، ڕەزامەندی دەربڕیوەو چۆتە ڕیزی حزبەوە.[4]

من بۆم ڕاست بووەوە کە مەبەستی لەو (عبد القادر)ەش مەلا عبد القادری کوڕی سەید ئەحمەدی ناسراو بە حەڵواچی، کوڕی شێخ عبد القادری ئەحمەد بەگە، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو حزبە (حزبی ئیسلامیی کورد)و بە ناوی (ع. أحمد) لە ڕۆژنامەی (کوردستان) زمانحاڵی کۆماری کوردستان، نۆ وتاری هەیە. ناوبراو لە ١٩١١ لە شاری سلێمانی

١ مەبەست لە مستەفا خۆشناوو عیززەت عبد العزیزو محەممەد قودسی، ئەو سێ ئەفسەرە خەباتگێڕەن کە بەهۆی دڵسۆزییان بۆ کێشەی کوردو بە تۆمەتی خیانەت لە حکومەتی عیراقی، پاش بەشدارییان لە چالاکییەکانی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا گیرانو لە حوزەیرانی ١٩٤٧دا لەلایەن ڕژێمی پاشایی عیراقەوە لەگەڵ خەیروڵڵا عەبدولکەریم هەر چواریان پێکەوە لەسێدارەدران. ناوبراوان پێش ڕۆژێك لە ئیعدامکردنیان نامەیەکی دلێرانەیان بۆ نەتەوەی کورد نوسیوە، کە فیداکارییو نەبەردییو نەترسانیان لەمردن دەسەلمێنێت.

٢ بیرەوەرییو شیعرەکانی محەممەد سەعید بەگی جاف، لا: ٢١.

٣ هەمان سەرچاوە، لا: ٢٢.

٤ بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا: ٢٤، لە هیچ سەرچاوەیەکی ترەوە ئەم زانیارییەی بەشداریی بەرزانیم بۆ پشتڕاست نەکرایەوە.

لەدایك بووە، ماوەیەكیش ئەندامی حزبی (برایەتی)و (هیوا) بووە، ساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی گیراوە، لە ١٩٤٦ بە عیشقی كۆماری كوردستان چۆتە شاری مەهابادو لەوێ بە حوكمی ئاشنایی بە زمانی كوردیی بۆتە مامۆستا. لە گۆڤارو بڵاوكراوەكانی (گێتی تازە)، (ژین)، (گەلاوێژ)و (كوردستان)، وتارو بابەتی بڵاوكراوەی هەیە. ناوبراو هەندێك جار بە ناوی خوازراوی (ناشاد) بابەتی نوسیوە، ساڵی ١٩٨٦ كۆچی دوایی كردووە.[١]

وا دیارە ئەو ڕووداوەی پەیوەندی بە بەرزانییەوە هەیە لە ساڵی ١٩٣٧ بووبێت، لە قۆناغی سێیەمی دوورخرانەوەی بەرزانییەكان بۆ سلێمانی، بەڵام محەممەد سەعید بەگ بە هەڵە وتویەتی ئەمە لە ساڵی ١٩٣٥دا بووە.

لە هەمووی گرنگتر، كە جێی سەرەكی بەڵگە هێنانەوەكەی بەندەیە، ئەوەیە حەمە سەعید بەگ ئاماژە دەكات كە لە مانگی مایسی١٩٤٢دا بە پلانو فرمانی حزب نێرراوە بۆ خۆرهەڵاتی كوردستان، بۆ بڵاوكردنەوەی بیروبۆچونی ئەو حزبە. ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: "حزب بە پێویستی زانی من بنێرێ بۆ خۆرهەڵاتی كوردستان، بۆ پێكهێنانی ئەنجومەنی قیادەیەكی كوردییو داوای مافی كوردایەتیو ئازادیی، منیش لە١٥ی مانگی مایسدا (ساڵی١٩٤٢) چووم، گەشتێكی دوورو درێژم كرد لە خۆرهەڵاتی كوردستانداو گەلێ گەورەی عەشیرەكانم دیت." [٢]

ئەمە شایەتی كەسایەتییەكە كە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە دامەزراندنی (حزبی ئیسلامیی كورد)دا هەبووە، دەكرێت لێرەدا ئەوەش بیر بێنمەوە كە پاش سێ مانگ لەو سەفەرەی ناوبراو بۆ خۆرهەڵاتی كوردستان، واتە لە ١٦/ی ئابی ١٩٤٢دا حزبی (ژێ، كاف) (ژیانەوەی كوردستان)، لە شاری مەهاباد

---

١ ڕۆژنامەی ژین، لا: ٢٠-٢١. هەروەها پێشەكی ڕۆژنامەی كوردستان، صدیق صالح، لا: ٢٠.

٢ هەمان سەرچاوە، ل: ٢٣.

ڕاگەیەنراوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو بۆچوونە بخەمە ڕوو کە هەندێك لە نوسەرو توێژەران پێیان وایە کە "دەوری کوردی نەتەوەیی عیراقی، لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا، یەکێکە لە نهێنییە بچوکەکانی مێژووی بزوتنەوەی کورد.. لە ڕاستیدا هەموو شتێك ئەوە دەردەخات کە ئەم بزافە (ژێ. کاف) سەرەتا بە دامەزراندنی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لە لایەن مەحمود جەودەت[1] لە سلێمانی دەستی پێ کرد."[2]

بەهەرحاڵ، وا دیارە مەلا حەسەنی قازی کوڕی مەلای گەورەی بیارە (مەبەست شاهۆی شاعیرە)، ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە دامەزراندنی حزبەکەدا هەبووبێت، بە بەڵگەی ئەوەی کە مەلایەکی زۆر خوێندەوار بووەو حەمە سەعید بەگی جاف خوێندەوارییەکی سەرەتایی هەبووە، هەرچەند خودی حەمە سەعید بەگیش بە تەوازوعەوە لە جێیەکی بیرەوەرییەکانیدا دان بەوەدا دەنێت‌و دەڵێت: "حزبەکە مەلا حەسەنی قازی دروستی کرد."[3]

بەکورتی، بەپێی ئەو بیرەوەرییانەی حەمەسەعید بەگ، ئەم زانیارییانە لەسەر (حزبی ئیسلامیی کورد) دێنە دەست:

ئەو حزبە –وەك پێشتر وتمان– لەشاری هەڵەبجە دامەزراوە. پرۆگرامی ناوخۆی هەبووە کە لە٣٧ ماددە پێك هاتووە. مەلا حەسەنی قازی (شاهۆی شاعیر) کوڕی مەلای گەورەی بیارە، دامەزرێنەری بووە. پاشان کەسایەتی‌و ڕوناکبیرەکانی ئەو دەمە بوونەتە ئەندامی، وەك: عبد الله بەگی ئەحمەد بەگی میرەدێ، نەجمەدینی مەلا ڕەسولی دێلێژەیی. لە سەرێکی

---

[1] مەحمود جەودەت، کوڕی ئەحمەد جەودەتی مەحمود ئاغای مستەفا ئاغای (زەنگەنە)، (١٨٨٩– ١٩٣٧). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی کۆتایی.

٢ کورد لە سەدەی نۆزدەو بیست، کریس کۆچێرا، لا: ٢١٨.

٣ سەرچاوەی پێشوو، لا: ٣٦.

ترەوە حزبەکە بە پێی دانپێدانی دامەزرێنەرانو ناوی حزبەکە، ئیسلامیی بووە، ئامانجی سەرەکیشیان دروستکردنی حکومەتی کوردیی بووە. محممەد سەعید بەگ دەڵێت: "بەرنامەکەمان ئیسلامیی بوو بۆ تەرەققی کورد، هەدەفمان دروستکردنی حکومەتی کوردیی بوو."[1]

لە ڕووی ژمارەی ئەندامانو باری ئابوریو هەندێك زانیاریی ترەوە: حزبەکە دوو هەزار ئەندامی لەخۆگرتووە، بڵاوکراوەی ناوخۆی هەبووە، ئابوونەو یارمەتی تێدا کۆکراوەتەوە. شێخ مەحمودی مەلیك لێی ئاگادار بووەو پێی خۆشبووەو بەرنامەی حزبەکەی پەسەند کردووە. بە پێی قسەی محەممەد سەعید بەگ، مەلا مستەفای بەرزانی بۆتە ئەندامی. ئەندام بە قورئان سوێندی خواردووە کە نابێت خیانەت بکات، هەمان ئەو مەنهەجەی کە دواتر لای (ژ.ك)یش دووبارە بۆتەوە. نوێنەرو کادریان ناردووە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان بۆ چالاکیی، هەر لەوێش ئەندامیان هەبووە. لە ئەندامە ناسراوو دیارەکانیشی: نوری شاوەیس، مەلا جەلالی توتنچی، عبد القادری سید ئەحمەد، خەلیفە عەلی بەسێی مەنمی لە کەرکوك، شێخ مەعروفی قەرەداغی، عیززەت کابان، ئەحمد شوکری (د.شۆ)، حەمەی تاپۆ، مەلا ئەسعەدی مەحوی، شێخ حسام الدینی باخەکۆنی (هەورامان)، گیوی موکریانی، ئەسکەندەر بەگی ئێناخی لە کرماشان، ئەحمد بەگی تەوفیق بەگی موتەصەرریفی سلێمانی، بابا شێخی باشچاوش، حسێن ئەسعەدی ڕەئیس عورەفای زەنگەنەیی، مەحمودی فەقێ حەمەدی هەمەوەندی لە چەمچەماڵ.[2]

---

[1] هەمان سەرچاوە، لا: ٣٧.

٢ هەندێك لەو کەسانەی سەعید بەگ ناویان لەگەڵ ئەو حزبە ئیسلامییەدا دەبات، کەسایەتی ئاینیی بوون، بەڵام هەندێکیان وا دیارە دواتر پابەندییان بە ئاینەوە نەماوە.

به کورتی تەمەنی ئەم حزبە پێنج ساڵێکی خایاندووە، سەرەتا بەناوی (حزبی ئیسلامیی کورد)، پاشان بەپێی قسەی محەممەد سەعید بەگ، لەگەڵ جەبهەیەکی تری کوردیی، یەکی گرتووەو ناویان ناوە (یەکێتی ئیسلامیی کورد)،[1] هەروەها دواتر هەموویان تێکەڵ کردوەو لە ١٩٣٦ ناویان ناویان ناوە (حزبی برایەتی)، کە یەکەمجار (شاهۆ)– مەلا حەسەنی قازی کوڕی مەلای گەورەی بیارە–سەرۆکی بووە، پاشان شێخ لەتیفی دانساز بۆتە سەرۆکی،[2] وا دیارە دواتر تێکەڵ بووە بە حزبی (هیوا)، چونکە محەممەد سەعید بەگ دەڵێت: "حزبەکەمان تەسلیمی حزبی هیوا کرد." [3]

گرنگە لێرەدا ئەو ڕاستییە بزانین کاتێك کە (کۆمەڵەی برایەتی) دامەزرا، بە هەمان شێوەی ڕێکخراوە هاوشێوەکانی ئەو سەردەمە، ئیسلامیبوونی خۆی نەشاردەوەو زۆرێك لە شایەتحاڵەکان ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە، د. عبد الستار تایر شریف دەڵێت:

"(کۆمەڵەی برایەتی) جگە لەوەی کە کۆمەڵێکی نەتەوەیی بوو، تایبەتمەندییەکی ئاینیشی هەبوو، پشتی بەقورئان دەبەستو پابەندبوو بە پرەنسیبەکانی ئیسلامەوە، لەپێناو مافە نەتەوەیییەکانی گەلی کوردو مافی هەژاران تێ دەکۆشا، بڕوای بە برایەتی نێوان کوردان هەبوو بە بێ هۆکاری جیاوازیی ئاین. کۆمەڵەی برایەتی سیاسی بوو ئامانجی ئازادکردنی کوردو

---

١ بیرەوەرییەکانی محەممەد سەعید بەگ، لا: ٣٥.

٢ ئەم حزبەی (برایەتی) غەیری ئەو حزبی (برایەتی)یە یە کە (محرم محەممەد أمین) باسی دەکات، کە لە ماڵی (محەممەد قودسی) دا لە کۆتایی سییەکاندا پێکیان هێناوە، کاتێك کە بیستویانە ئەو (برایەتی)یەی تر هەیە چوونەتە ناوی، بەڵام دوایی وازیان لێ هێناوە. (گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە (٣) ساڵی (١)، حوزەیرانی ١٩٦٠).

٣ هەمان سەرچاوە، لا: ٢٣

کوردستان بوو، چالاك بوو، نەتەوەیی بوو، هەروەها پڕۆگرامی ناوخۆی (کۆمەڵەی برایەتی) جەختی کردبووەوە لەسەر بەربەرەکانێی نەخوێندەواریی لە ڕیزەکانی جەماوەری کورداو پێی وابوو نەخوێندەواریی بەڵایەکی بڵاوی مەترسیدارەو هۆی دواکەوتنی کوردە لە کاروانی شارستانێتی، هەوڵی دەدا بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ڕەسمی لە پاڵ قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستاندا، کە بە شێوەی بەربڵاو هەبوون. یەکێك لە هەڵوێستەکانی تری کۆمەڵە، بریتی بوو لە هاوکاریی لەگەڵ ئەو هێزە (سیاسی)یە عەرەبییانەی کە بڕوایان بە کێشەی کورد هەبوو.."[1]

کەسانێکی تریش باسیان لەم حزبە کردووە، کە زیادە زانیاریمان لەسەری دەدەنێ، لەوانە: محەممەد محەممەد ئەمین دەربەندفەقەرەیی لە بیرەوەریەکانیدا سەبارەت بەم حزبە دەڵێت: "لە گیانێکی نیشتمانییو هەستێکی نەتەوەییمانەوە، حزبێکی بچوکمان بەناوی (حزبی برایەتی) دامەزراند، عەزیز پشتیوانو ڕەشید باجەلان لە ئەندامانی دامەزرێنەری بوون، بەڵام تەمەنی کەم بوو لەگەڵ (هیوا) تێکەڵمان کرد."[2]

(جەمال بابان)یش دەڵێت: "پڕۆگرامی کۆمەڵەی برایەتی ئازادکردنی کوردستان بوو، بە تایبەتی لەژێر چنگی ئینگلیز. شێخ لەتیفی حەفید لە ساڵی ١٩٣٧ بەشدار بوو لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵە سیاسییە."[3] ئاماژە بەوەش دەکات کە محی الدین کوڕی حاجی خدر، ناسراو بە (محی الدین)ی چنارە، ئەندام بووەو بەرپرسی لقی شاربازێڕی حزبەکە بووە، تا کاتێك

---

١ الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية، د. عبد الستار طاهر شريف، ص: ١٣٤. هەروەها: (ڕۆژنامەی ئاسۆ، عبد الله عەزیز (ئاگرین)، ژمارە: ٤٥، لە ٢/ ٦/ ١٩٩٠.

٢ یاداشتەکانی دەربەند فەقەرەیی، لا: ٤١.

٣ أعلام الكرد، جمال بابان، أربيل، ئاراس، ٢٠١٢، ١/٤٦٠.

لەگەڵ شێخ لەتیفی حەفیدو مەلا ئەسعەدی هاوەڵانی ئاوارە بوون و بەرەو خۆرهەڵاتی کوردستان هەڵاتوون."[1]

شایانی باسە ئەم محی الدین چنارەیی یە، زۆر نێزیك بووە لە شێخ مەحمودەوەو دواتر چۆتە مەهابادو بە مەبەستی پیرۆزبایی لە کۆمارو سەرکۆماری کوردستان، دیداری لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد کردووە.[2] غەنی بلوریانیش لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات کە لە گوندی سیتەکی شارباژێڕ– پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان – ناوبراوی بینیوە.

موکەررەم تاڵەبانیش لە یاداشتەکانیدا لەسەر حزبی (هیوا)، جەخت دەکاتەوە کە شێخ لەتیف حزبی (برایەتی) دامەزراندو ئەندامانیشی تەنها ڕوناکبیرو مەلاکان بوون.[3] موحەررەم محەممەد ئەمینیش دووپاتی دەکاتەوە کە هەرکەسێك بیویستایە ببێت بە ئەندام، دەبوایە لەماڵی شێخ لەتیفی دانساز، یان خانەقای مەحوی، دەستنوێژێك بشواو سوێند بخوات.[4]

کەواتە ئەم ڕێکخراوەش لەلایەن بەچکە شێخ و مەلاو ڕوناکبیرانی ئەو کاتەوە، دامەزێنراوە، بۆیە شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید ماوەیەك سەرۆکی بووەو پیاوانێکی وەك مەلا ئەسعەدی مەحوی و ئیسماعیل حەقی و مەلا جەلالی حەیدەری و محەممەد سەعید بەگی جاف و عیززەتی مەلا سەعیدی کابان و کەریم زەندو حەمە ئەمین دەربەندفەقەرەیی و ڕەشید باجەلان و محەممەد مەحمود ئەفەندی کە لە١٩٤٧ لە سێدارە دراو چەندین خوێندوارو کەسایەتی تری ناسراو ئەندامی بوون.

---

١ هەمان سەرچاوە، ٢/٤٨٤.

٢ بڕوانە گۆڤاری شارەوانی سلێمانی، ژمارە ٢٧، محەممەد عبد الرحمن، لا: ١٠.

٣ باسێك دەربارەی حزبی هیوا، موکەررەم تاڵەبانی، خاك، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤ گۆڤاری ڕۆژی نوێ، ژمارە (٣)، حوزەیرانی ١٩٦٠، لا: ٤٣.

(کریس کۆچیرا)یش لەبارەی حزبی برایەتییەوە دەڵێت:"دوو ڕێکخراوی نەتەوەپەروەری کوردی لەخۆ گرتبوو، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود دایمەزراندبوو، لەسەر هەمان شێوەو شێوازی کۆمەڵەو یانە کوردییەکانی قوستەنتینیە دامەزرابوو. (حزبی برایەتی) ڕێکخراوی تایبەتی سەرانو پیاوماقوڵانی کورد بوو، جێی لاوانی هەواداری حزبی کۆمۆنیستی عیراقو ریفۆرمخوازانی گروپی بەغدای تێدا نەدەبووەوە، حزبی کۆمۆنیستی عیراق لە ١٩٣٤ دامەزرابوو."[١]

ڕەنگە لێرەدا پێویست بێت ئاماژە بەوە بکەم، کە ئەم (حزبی برایەتی) یە هیچ پەیوەندییەکی بە حزبی (إخاء) برایەتییەکەی بەغداوە نیە، کە (یاسین هاشمی) سەرەك وەزیرانی عێراقو ڕەشید عالی وەزیری ناوخۆ، دروستیان کردو هەوڵی زۆریان دا کە لە کوردستاندا پشتیوانی بۆ دروست بکەن،[٢] چونکە ئەو حزبە لە ساڵی ١٩٣١دا دامەزرابوو، ئەوەندەش تەمەنی نەبوو، لە کاتێکدا حزبی برایەتی کوردستان لەکۆتایی سییەکاندا دامەزراوەو جیاوازیی نێوانیشیان زۆرە.

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە لەو ساڵانەدا ئینگلیز لە لایەکو پیاوانی ڕووسو سۆڤیەت لە لایەکی ترەوە، زۆر لە هەوڵی ئەوەدا

---

١ کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠، کریس کۆچێرا، لا: ١٧٧.

٢ وا دیارە تا ڕادەیەك ئەو هەوڵە سەری گرتبێت، چونکە (یاسین هاشمی) سەرۆك وەزیرانی عێراق، خۆی بە موریدی شێخ عەلادینی بیارە زانیوە، شێخیش هەوڵی داوە لە (ڕەواندوز) لق بۆ ئەو حزبەی هاشمی بکاتەوە، بۆیە کاکەمینی سەلانە – کە موریدی شێخ عەلادین بووە– کراوە بە بەرپرسی ئەو لقە، تەنانەت لە تەکیەی کاکەمین، لایەنگرانی ئەو حزبە کۆ دەکرانەوە. (بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حوزنی موکریانی، بەرگی یەك، لا: ١٦و بەرگی دوو، لا: ٦١٤).

بوون کە دەسندەو پیاوانی تایبەت بە خۆیان لە ناو کوردانی هەڵکەوتوودا پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی لە خەتی بەرژەوەندی ئەواندا بسوڕێنەوە، بە تایبەتی پیاوانی (کەی.جی.بی) دەزگای سیخوڕی سۆڤیەت، کە دەسەڵاتی لە بەشە کوردستانی بندەستی عیراقدا لاوازتر بوو لەچاو خۆرهەڵاتی کوردستان، بەڵام هەندێك بەڵگەنامە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئەو کەسایەتییە کوردانەی هەوڵی دەستەمۆکردنیان دراوە، زۆر جوامێرانە دژی ئەو بەرنامەو پیلانانە وەستاونەتەوەو خۆیان بە دەستەوە نەداوە.

نمونەی ئەمە بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیایە، کە باس لە هەوڵی سۆڤیەت دەکاتو ئاماژە دەکات کە دەزگای جاسوسی سۆڤیەت لە ڕێگای ئەفسەرێکی (کەی. جی. بی)یەوە، بەناوی (ئەلیکسەندەر. ئۆف) پەیوەندی کردووە بە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودەوەو داوای لێکردووە کە ببێتە سیخوڕی سۆڤیەت، بەڵام شێخ لەتیف جوامێرانە ئەو داوایەی ڕەد کردۆتەوەو ناڕەحەتی خۆی دەرخستووە، بەمەرجێك وەك کەسایەتیو سیاسییەکی کورد پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ ڕووسەکان هەبووە. ئەم ڕوداوە دوابەدوای ئەو چالاکییە سیاسییانەی شێخی ناوبراو بووە لە ساڵی ١٩٤٥دا، دوای ئەوەی کە کاریگەریی بنەماڵەی حەفید بەسەر کوردستان –بەتایبەتی بەشی باشوریەوە–بۆ ڕوسەکان دووپات بووەتەوە.[1]
بووەتەوە.[1]

---

١ ئەرشیفی تایبەت بە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا. بڕوانە سایتی: www.nationalarchives.gov.uk.

ئ

**٣- له (حزبی ئیسلامیی كورد)و (یەكێتی ئیسلامیی كورد)و ( برایەتی)و (حزبی محەممەدی)یەوە، بۆ حزبی ئازادیخوازی كوردستانو (ژ.ك):**

سەرەتا دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت كە هەندێك كەس پێیان وایە كە حزبی ژیانەوەی كوردستان (ژێ، كاف) بە پشتگیریی حزبی (هیوا)ی باشوری كوردستان دامەزراوە، تەنانەت مامۆستا هەژار پێی وایە كە لە بنەڕەتەوە (حزبی هیوا) داوای كردوە كە حزبی (ژێ، كاف) دامەزرێنرێت، ئەویش لە ڕێی (میرحاج)ەوە كە ئەفسەرێكی باشوری كوردستان بوو، لە سلێمانییەوە چوبووە مەهاباد. هەژار دەڵێت: "لەپاش قەومانی شەهریوەرو هاتنی ڕووس بۆ مەڵبەندی موكریان، ئەفسەرێك لەلایەن كۆمەڵی (هیوا)ی كوردستانی بندەستی عێراقەوە هاتۆتە سابلاغ... یازدە كەس لەگەڵ میرحاج كۆدەبنەوە، لەسەر ئامۆژگاری ئەو، حزبی (ژێ، كاف) دادەمەزرێنن، سوێندنامەكەی دەنوسنەوە، پرۆگرامی حزبی (هیوا) بەتۆزێك دەسكارییەوە دەكەنە پڕۆگرامی ژیانەوەی كوردستان (ژێ، كاف)".[1]

هەر لەمبارەیەوە عەلی قازی كوڕی شەهید پێشەوا قازی محەممەد، لە دیارێكیدا دەڵێت: "لەپێشدا (مەبەستی پێش (ژێ،كاف)و حزبی دیموكراتو كۆمارە) مەرحومی بابم (پێشەوا قازی محەممەد) لەگەڵ حزبی (هیوا) پێوەندی هەبووە. بەبیرم دێ ماڵی ئێمە ئەشكەوتێكی تێدا بوو، هەموو ڕۆژنامەو گۆڤاری (حزبی هیوا)ی تێدا دانرا بوون. مەرحومی بابم بەردەوام

١ چێشتی مجێور، هەژار، لا:٦٠.

لەڕێی چەند بازرگانێکی عێراقیی– کە hاموشۆی ئێرانیان دەکرد– پێوەندی بە هیواوە هەبوو."[1]

جێی باسە کە بەڕێز عەلی قازی کوڕی قازی محەممەد ساڵی ٢٠٠٨ ڕاستەوخۆ ئەم زانیارییانەی بۆ خۆیشم دووپات کردەوە.

بەڵام بەداخەوە عەلی قازیو پێش ئەویش هەژار موکریانیو ئەوانەی تریش کە ڕۆڵی کاریگەریی (هیوا) لەسەر (ژێ. کاف) تۆخ دەکەنەوە، ئەوەیان لەبیر کردووە کە پێش دامەزرانی حزبی هیوا بە چەندین ساڵ، ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی) لەسەر دەستی باوکی قازی محەممەدو (سیف القضاة)ی مامی، لە ساڵی ١٩٢٠ لە خودی شاری مەهاباد دامەزراوەو دواتریش حزبی (ئازادیخوازانی کوردستان) ساڵی ١٩٣٨ لە هەمان شوێن دامەزراوەو هەموو مێژوونوسانی شایەتحاڵی سەردەمەکە، (ژێ. کاف) بە درێژبونەوەی ئەو بزوتنەوەیە دەزانن، وەك لە چەند جێیەکی ئەم کتێبەدا ڕوونم کردۆتەوە.

بۆیە من دڵنیام ئەم ڕێکخراوو حزبانە، بێ پەیوەندیی نینو درێژکراوەی یەکترن، دیارە بە پێی زنجیرە مێژوییەکەش دەبێت ڕیزبەندییان بکەین:

لە تورکیادا: لە ساڵی ١٩٠٩دا لە شاری ئەستەمبوڵ، یەکێتی محەممەدی (ئیتتیحادی محەممەدی) دامەزرا. هەندێك کەس پێیان وایە زانای گەورەی کورد مامۆستا سەعیدی نورسی دامەزرێنەری بووە.[2] ئەگەر واش نەبێت ئەوە مەعلومە کە یەکێك بووە لە بانگخوازو ئەندامە هەرە

---

٢ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ: ٣٩٠، لە ١٩٩٣/٥/١٧، لا: ٣و٠٦ هەروەها بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسەندی، ئا: صدیق صالح، لا: ٢٣.

٢ بڕوانە: (من الفكر والقلب، سعيد رمضان البوطي، دمشق، ١٩٦٩، ص: ٢٧٢).

چالاكەكانی، بۆیە لەكاتی دادگاكردنەكەیدا بەشانازییەوە داكۆكیی لەو ڕێكخراوە كردو هۆگریی خۆی بۆی دووپات كردەوە. (بە جیا تیشكێكم خستۆتە سەر ئەم بابەتە.)

لە خۆرهەڵاتی كوردستانیشدا: ساڵی (١٩٢٨-١٩٣١) گروپێكی سیاسی بە ئەندامێتی هەندێك مەلا لە ناوچەی موكریان دامەزراو لەگەڵ شۆڕشی (ئارارات)و كۆمەڵی (خۆییبوون)، پەیوەندی بەستو زانای بە توانا (مەلا ئەحمەد فەوزی) سلێمانەیی بووە سەرۆكیو سەرپەرشتیاری.[١]

پێم وایە (كەریمی حسامی)ش كە باسی كۆمەڵێكی بچوك دەكات لە ساڵانی ١٩٢٧ بۆ ١٩٣٠، هەمان گروپ بێت، چونكە باس لەوە دەكات كە قازی محەممەدی پێشەواو شێخ ئەحمەدی سەربلاوەو قازی كاكە حەمەی بۆكانو مەلا محەممەد صادقی قزلجەییو مەلا ئەحمەدی فەوزی، بەڕێوەیان دەبرد، ئەوەش پشڕاست دەكاتەوە كە ئەو كۆمەڵەیە لەگەڵ ڕاپەڕینی (ئارارات)و (خۆیی بوون)و كوردانی عێراق، پەیوەندی هەبووە.[٢] هێمنی شاعیریش كە زۆر باس لە گەورەیی مەلا ئەحمەدی فەوزی دەكاتو خۆی ناوناوە (دەستكردی فەوزی) دەڵێت: "بیستوومە كۆمەڵەی (ژینەوە)شیان دروستكردووە"[٣]

لە ساڵی ١٩٢٠دا، ژمارەیەك لە قازییەكانی مەهاباد (قازی عەلی) باوكی قازی محەممەدو (سیف القضاة)ی برای، (حزبی محەممەدی)، یان (ئیتتیحادی محەممەدی)یان دامەزراند -كە وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد- بۆنی ئەوەی لێدێت ناوو پرۆگرامی ڕێكخراوەكەی (ئیتتیحادی

---

١ بارودۆخی سیاسی كوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦)، موجتەبا برزویی، وەرگێڕانی: نازناز محەممەد، هەولێر، ٢٠٠٥، لا: ٣٦١.

٢ كاروانێك لە شەهیدانی كوردستانی ئێران، كەریمی حیسامی،١٩٧١، لا:١١.

٣ دیوانی هێمن، سلێمانی، پەخشانگای ئازادیی، ٢٧٠٨ ك، لا: ٣٣.

محەممەدی) تورکیایان بیستبێ، چونکە گومانم وایە کە بەشێك لەو ڕێکخراوانە، لە کاردانەوەی ڕێکخراوی نەتەوەپەرستو دەمارگیری (ئیتتحیادو تەرەققی)و (ترکیا الفتاة)ەوە دروست بووبن، (لەسەر ئەم بابەتەش بەکورتی شتێکمان لە جێیەکی تری ئەم کتێبە نوسیوە).

من پێم وایە دواتر بە ئیلهام وەرگرتن لەڕێکخراوی (حزبی محەممەدیی)، لە مەهابادو دەوروبەری، بە هەوڵی هەندێك گەنجی خوێندکارو لە ڕێی (مەلا داوودی)و هەندێك کەسی ترەوە، لە ساڵی ١٩٣٧وە بیرۆکەی دامەزراندنی (حزبی ئازادیی کوردستان)، یان (حزبی ئازادیخوازانی کوردستان) دەستی پێ کردووەو لە (١٩٣٨) ڕاگەیەنراوە، دواتر عەزیزی زەند[1] بۆتە بەرپرسی.[2]

ئەو حزبە (حزبی ئازادیی کوردستان) پێڕەوێکی ناوخۆی ٢٨ خاڵیی هەبووە، لە خاڵی ٢٤ دا دەڵێت: "تەواوی یاساکانی وڵات لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام بەهرەمەند دەبنو برەودان بە دابو نەریتو یاساکانی

---

١ عەزیزی زەندی، باوکی خاتوو میدیای زەندی، بێژەری ڕادیۆ تارانو هاوسەری حەسەن زیرەکی گۆرانیبێژ بوو. ساڵی ١٩٣٨ لە دامەزرێنەرانی حزبی ئازادیخوازی کوردستان بوو، لە ١٩٧٢ کۆچی دوایی کرد، دژی پێوەندیی کۆمەڵەی (ژ.ك) لەگەڵ سۆڤیەتو سپاردنی کاری کوردستان بە سۆڤیەت بوو، بەو هۆیەوە لەگەڵ حزبی ئازادیخواز ناکۆك بوو، لەبەر ئەوە تۆمەتبار کرا بە لایەنگریی لە ئەڵمانیای نازی، واتە بەرەی دژەسۆڤیەت، بۆیە نازناوی بە (عەزیزی ئەلمانی) دەرچوو، ناچار مەهابادی بەجێهێشتو چووە شاری تەبرێزو لەوێ نیشتەجێ بوو. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامدی گەوهەریی، لا: ٣٣ – ٣٤).

٢ بڕوانە: ڕۆژنامەنوسیی سەردەمی کۆمار، د. هیمدادی حوسەین، لا: ٢٢.

مەزهەبی میللەتانی تر، لەو لایەنانەوە کە جیاوازن لە یاسای ئیسلامیی".[1]
لەڕووی نەتەوەییشەوە ئامانجی سەربەخۆبوونی کوردستان بووەو هەر بۆ ئەو مەبەستە نوێنەریان ناردووە بۆ سەر سنوری عیراق بۆ هاوکاری لەگەڵ کوردانی باشوور."[2]

جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بڵێم کە محەممەدبەگی کوڕی فەتاح بەگی حەمە پاشای جاف، لە پێشەکی بیرەوەرییەکانی فەتاح بەگدا نوسیویەتی: "لە کۆتایی بیستەکاندا پەیوەندیی لەگەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی کوردی ئەو سەردەمەو مرۆڤی ژێری ناوچەی (کفری)دا هەبووە، بۆ ئەوەی پارتێك پێکبهێنن، لەئەنجامدا کۆمەڵێك بەناوی (پارتی ئازادیی کوردستان)یان پێك هێنا." ناوبراو بۆ ناساندنی ئەندامانی ناسراوی ئەم پارتە، باس لە چەندین ناو دەکات، لەوانە: ئەحمەد موختار جافو مەلا سەعیدی موفتی کفریو عەلی کەمال باپیرو حوسەین حوزنی موکریانیو مەعروف جیاووكو شێخ محەممەدی گوڵانیو چەندینی تر.[3]

جا ئایا ئەم حزبە لەگەڵ حزبی ئازادیی ناوچەی موکریان پەیوەندییان هەبووە، یان نا؟ من شتێکی ئەوتۆم بۆ ڕاست نەبووەوە، بەڵام لەبەر نزیکی سەردەمی دامەزراندنیانو هاوکاتیی ڕاگەیاندنیانو هەواڵی سەردانی

---

١ ئەمەی خوارەوە ئەصلی دەقە فارسییەکەیە: "تمام قوانین مملکتي از اصول شریعت اسلام بهرەمند ورغبت دادن به عادات و قوانین مذهب سایر ملتها براي مواردی که مخالف قانون اسلامي است." بڕوانە: طیراني بهروز، أسناد أحزاب سیاسي إیران، جلد اول، سازمان أسناد ملي إیران، تهران، ١٣٧٦هـ. ش.

١ کوردستانی ئێران، د.یاسین سەردەشتی، چاپی دووەم، ٢٠١١، لا: ١٧١.

٢ بڕوانە: تەئریخی جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگ، لا: ١٠٥.

نوێنەرانی حزبەکەی مەهاباد بۆ مەرزی کوردستانی باشوور، بۆ هەماهەنگیی– وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد– بەدوور نابینم پەیوەندییان پێکەوە هەبووبێت.

لە شاری هەڵەبجەشدا ساڵی ١٩٣٣، مەلا حەسەنی قازی (شاهۆی شاعیر)، کوڕی مەلا قادری مەلای گەورەی (بیارە)، بەیاوەریی چەند کەسێکی تر، (حزبی ئیسلامیی کورد)یان دامەزراند، وەك باسمان کرد. لە کۆتایی سییەکان– ساڵی١٩٣٧ بەدواوە– ئەو حزبە ناو ئەنێن (حزبی برایەتی)، دواتر تا ماوەیەك بەناوی (یەکێتی ئیسلامیی کورد) کار دەکەن. هەمان ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵەی (دارکەر) لە کەرکوك لە لایەن ژمارەك قوتابیو ڕوناکبیرەوە دامەزرا. موکەررەم تاڵەبانی کە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی، باس دەکات کە: "سوێندی نەتەوەییو دینیمان دەخوارد، سوێند بەخواو قورئانی پیرۆزو خەنجەری کوردی، کە دڵسۆز بین بۆ گەلی کوردو نیشتمانمان کوردستانی گەورە." هەمان کۆمەڵەی (دارکەر) لە ١٩٣٩ دا حزبی هیوای لێ دروست بوو.[1]

یەکێك لە ئەندامانی ڕێکخراوی (دارکەر) مامۆستا مەلا (محەممەد سەعیدی سیوەیلی، موفتی کفری)یە، کە زانایەکی بەناوبانگی ناوچەی سیوەیلەو لە کفری ژیانی بەسەر بردووەو قازی شەرعو وتاربێژی شاری

---

١ موکەررەم تاڵەبانی یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (دارکەر)، لە یاداشتەکانیدا بە درێژی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەو بەدوایدا گۆڕانی بە (حزبی هیوا) لە کەرکوك، باس دەکات. (بڕوانە باسێك دەربارەی حزبی هیوا، موکەررەم تاڵەبانی، خاك، سلێمانی، ٢٠٠٢). بەڵام (کریس کۆچێرا) پێی وایە کە: "(دارکەر) ڕێکخراێکی چەپ بوو... مۆرکێکی هەبوو کە پتر ڕەنگدانەوەی کاریگەرییو دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیستی عیراق بوو." (کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠، لا: ١٧٨).

کفری بووە، پێشتریش ئاماژەمان کرد کە لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی کفریدا ئەندامی حزبی ئازادیی کوردستان بووە.[1]

سەیر ئەوەیە هەندێك لە نوسەرە چەپمەشرەبەکان بۆ خۆکردنە خاوەنی بەشێك لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردو سڕینەوەی بەشێك لە هەڵوێستە دژ بەکوردانەکەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران (تودە)و حکومەتی سۆڤیەت-بەتایبەتی لەکارەساتی ڕوخاندنی کۆماری کوردستانو دواتردا- زۆر هەوڵ ئەدەن ئەم حزبەی ناومان بردو زۆرێکی تر لە ڕێکخراوە کوردییەکانی چلەکانو پەنجاکان، بەدەسندەی کۆمۆنیستانو دروستکراوی حزبی تودەی ئێران، یان پاشکۆی حکومەتی ئازربایجانی دەستنەمامی سۆڤیەت، یان حزبی شیوعی عیراق، دابنێن، لەکاتێکدا ئەمە هەم شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکانە، هەم کەمکرنەوەی بایەخی چالاکییو هەوڵە خۆماڵییەکانە.

بینیمان کە (حزبی ئازادیی کوردستان)- بەدوایشیدا حزبی (ژێ. کاف) کە لەسەر داروپەردوی ئەم دامەزراوەو تەنانەت حزبی دیموکراتیش کە درێژکراوەی ئەمان بوو- بەڕوونیی ئیسلامیبونیان ڕاگەیاندووە، بۆچونیان، ئەدەبیاتیان، تەنانەت پێڕەوو پرۆگرامیان، جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەڵام

---

١ مەلا محەممەد سەعیدی سیوەیلی: ساڵی ١٨٥٦ زاینی لە گوندی (بێوری)ی ناوچەی (سیوەیل)ی سەر بەقەزای چوارتای پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە. لای مەلا عبد الرحمن پێنجوێنی ئیجازەی زانستیی وەرگرتووە، دواتر بۆتە قازیو وتاربێژی شاری کفری، جارێکی تر مەلا ئەبوبەکری ناسراو بە (کوچك مەلا)ی هەولێر، ئیجازەنامەیەکی تری داوەتێ، لە ١٩٣٧ چۆتە (ڕێکخراوی ئازادیی کوردستان)، دواتر بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی (دارکەر)، ساڵی ١٩٤١ وەفاتی کردووە. (بڕوانە وەرزنامەی گیرفان، کەلار، ژمارە:٢١، لا:٤-١٢، وتارێکی تایبەتی تێدایە، نوسینی: ڕەحیم حەمید عەبدولکەریم)∞

زۆرکەس بێ بەڵگە دەیانەوێت بەکۆمۆنیست یان دروستکراوی حزبو دەزگاو وڵاتی سەربەوانی ناوبەرن. بۆیە جێی خۆیەتی کە د.یاسین سەردەشتی ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوەو دەڵێت: "ئەو حزبە سەرەڕای ئەوەی کە لە ١٩٣٨ دامەزراوە، بەڵام زۆرێك لە چەپەکان دەڵێن: بە هەوای گەیشتنی سوپای سوور بە ئێران –بە تایبەتی موکریان– دامەزراوە، کە ئەمە لە ڕووی مێژووییەوە ناتەواوە؟" [1]

منیش دەڵێم: حزبێك داوای ئەوە بکات کە یاساکانی وڵات بەپێی سەرچاوە تەشریعییەکانی ئاینی ئیسلام بێتو دامەزرێنەرانی کەسانێکی ڕوناکبیری وەك مەلای داودیو بانگخوازێکی هۆشیاری وەك مەلا محەممەدی قزڵجەیی بێت، چۆن دەگونجێت کۆمۆنیست بن؟ بە پێچەوانەوە ئەو عەزیز زەندییەی کە دواتر بوو بە سەرۆکی حزبەکە، "لەگەڵ کەمینەیەکی سەران، بڕوایان بە پاڵپشتی سۆڤیەت نەماو دانیشتن." [2] بۆیە نووسەری گەورەی فەرەنسیو پاڵپشتی هاوچەرخی کورد (کریس کۆچیرا) دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٤٢دا ڕووسەکان ئەم حزبەیان هەڵوەشاندەوە." [3]

ڕەنگە ئەو کەسانە ئەو بۆچونەیان لەوێوە بۆ دروستبووبێت، کە بەپێی هەندێك سەرچاوە عەزیز زەندی دواتر چووەتە شاری تەبرێزو بۆتە بەرپرسی حزبی تودەی کۆمۆنیستی ئێران، وەگەرنا حزبەکە پێش سەرهەڵدانی بیری چەپ لە کوردستاندا پەیدا بووە.

بەهەرحاڵ، لە ساڵی ١٩٤٢ (میرحاج)– بە پلانو فەرمانی حزبی هیوا– دەچێت بۆ شاری مەهابادو لەگەڵ ژمارەیەك ڕوناکبیر کۆ دەبێتەوەو دەبێتە

---

١ کوردستانی ئێران، د. یاسین سەردەشتی، لا: ١٦٤.

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ١٦٤.

٣ کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠، کریس کۆچێرا، لا: ٢٠٥.

پشتیوان بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێو بەسوودوەرگرتن لە ئەزمونی حزبی ئازادیی کوردستانو ڕێکخراوە کوردییەکانی تری پارچەکانی تری کوردستان، حزبی (ژێ، کاف) دادەمەزرێنن.

بەخوێندنەوەی ئەم مێژووانەو پشتسەریەککەوتنی کاتەکانیانو لێکنێزیکییانو لێکچوونی چالاکییەکانو هاووێنەیی ئامانجو شێوازی کاری زۆربەیان، دڵنیابوونێك دروست دەبێت، کە زۆربەیان درێژبونەوەی یەکترنو هیچ بزافێکی دواتریان دانەبڕاوە لە پێشتری خۆی، یان لە دواتری خۆی..

**پوختەیەك لەسەر حزبی هیوا:**

هەرچەند من لەم باسەمدا دامەزراندنی حزبی هیوام لە ساڵی ١٩٣٩دا کردۆتە خاڵی وەرچەرخانی لایەنی فکرییو ئایدیۆلۆژیی ڕێکخراوە کوردییەکان، بەهۆی کەوتنە بەر شاڵاوی کۆمۆنیستیی، بەڵام جێی خۆیەتی لێرەدا کورتەیەکی لەسەر بزانین:

پێشتر چەند ڕستەیەکمان لە شایەتحاڵەکانو هاوچەرخانی ڕوداوو چالاکییەکان هێنا کە دەریانخست حزبی هیوا درێژبونەوەی هەندێك ڕێکخراوی پێش خۆیەتی، بۆ نمونە: قسەیەکی محەممەد سەعید بەگمان هێنا کە دەربارەی حزبی برایەتی وتی: "حزبەکەمان تەسلیمی حزبی هیوا کرد." محەممەد محەممەد ئەمین دەربەند فەقەرەییش بە هەمان جۆر دەربارەی (برایەتی) وتی: "لەگەڵ (هیوا) تێکەڵمان کرد." موکەررەم تاڵەبانیش –کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (دارکەر)– وتی: "هەمان کۆمەڵەی (دارکەر) لە ١٩٣٩ دا، حزبی هیوای لێ دروست بوو."

لێرەدا بۆ تەواوکردنی وێناکە، پێویستە ئەوە بزانین کە دوای شۆڕشی (ڕەشید عالی گەیلانی) لە١٩٤١دا، زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی ڕێکخراوە کوردییانەی ساڵانی سییەکان، کە بەناوی جیاجیا چالاکییان دەستپێکردبوو،

کەوتنە بیری یەکخستنەوەی هەوڵەکانیان‌و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەراسەریی یەکگرتوو. بە بۆچوونی (کریس کۆچێرا)، هەر لەو ساڵەدا نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوانە لەکۆنفرانسێکدا لێبڕان بۆ یەکخستنی چالاکییەکانیان لەژێر ناوی حزبی (هیوا)دا، (کۆچێرا) ئەوەش ناشارێتەوە کە باڵێکی چەپی سەر بە کۆمۆنیستە عیراقییەکان خۆی خزاندە ناو حزبی هیوا، بۆیە پاش چەند ساڵێك لە دامەزراندنی، لە ساڵی (١٩٤٥ز)دا، بوون بە سێ پارچەوە:
١- باڵی حزبی (شۆڕش)، کە لە ڕاستیدا بریتی بوون لە حزبی شیوعی کوردستان/عیراق.[١] ٢- باڵی حزبی (ڕزگاریی)، کە کەسەکانی بوونە پێکهێنەری دواتری حزبی دیموکراتی کوردستان.[٢] ٣- باڵی ئازادیی، ڕێی ڕاست.

زۆر کەس -لەوانە کریس کۆچێرا- ئەم کەرتبوونەی حزبی هیوا دەگێڕێتەوە بۆ خەتای حزبی شیوعی عیراق، دەڵێت: "هۆی پارچەپارچە بوونی حزبی هیوا: پەیوەندیی‌و میانەی هیوا بوو لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی عیراقدا." [٣] ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، چونکە کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ١٩٤٦ دامەزرا، ئەندامە شیوعییە کوردەکانی ناو حزبی شیوعی عیراق، پەیوەندییان کرد بە پارتییەوە.[٤]

---

١ لەو کەسایەتییانەی ڕۆڵیان هەبوو بۆ ڕەنگگرتنی ئەم حزبە: عەلی عبد الله ، نوری شاوەیس، جەمال حەیدەری، صالح حەیدەری، کە لە بیرەوەرییەکانیدا بەدرێژی باسی دامەزراندنی ئەم حزبە دەکات.

٢ لەو کەسانەی پێکهێنەری ئەم باڵەش بوون: د.جەعفەر عەبدولکەریم، تاها محی الدین (جێگری دواتری سەرکۆماری عیراق)، د. صدیق ئەتروشی..

٣ کورد لە سەدەی ١٩و ٢٠، لا: ١٩٧.

٤ لەسەر دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان: هەندێك پێیان وایە کە ساڵی ١٩٤٦ ١٩٤٦ کونسوڵی ڕوسیا لە ورمێ تەکلیفی حەمزە عەبدوڵڵا دەکات کە بە مەلا مستەفا

منیش پێم وایە بە حوکمی پاشکۆیەتی بیری شیوعییەکان بۆ جیهانبینی ئینتەرناسیۆنالیستی دژە نەتەوەیی، ئەو بۆچوونەی کۆچێرا دروست بێت. وەك بەڵگەی بەردەستیش، نووسینەکانی (فەهد)ی سکرتێری حزبی شیوعیو بەیاننامەکانیان دژی خەباتگێڕانی کورد، ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەسەلمێنێت. د.کەمال مەزهەری مێژوونوس، لە بەرگی دووەمی (کوردو کوردستان)ەکەیدا، باس لە وتارێکی ڕۆژنامەی (ئازادی) زمانحاڵی حزبی شیوعی ئەکات کە ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە، تیایدا –وەك د.کەمال دەڵێت–: "بە شێوازێکی زۆر توندو تیژو یەکجار توندڕەو، هێرشێکی ناڕەوا دەکاتە سەر (مەعروف جیاووك)و (عەلی کەمال)و (ماجید مستەفا)و (حزبی هیوا)و ئەوانی ترو لە زمانی (فەهد) (سکرتێری حزبی شیوعییەوە) دەڵێت: "ئەو زوعەمایانە بۆ مەصالیحی میللەتی کورد ئیش ناکەن، بەڵکو بۆ مەصالیحی سەرەکیی خۆیان ئیش دەکەن... پێویستە میللەتی کورد ئەو چەشنە موجریمانە لەخۆی دوور بخاتەوەو خۆی ڕێك بخاتو هێزی خۆی لەگەڵ برا عەرەبەکان یەکبخات."

پاش ئەم ئاشوبگێڕییو گوماندروستکردنە لەسەر کەسایەتیی ئەو کەسە زەحمەتکێشانە، ناوی (حزبی هیوا)ش دەزڕێنیو دەڵێت: "کۆمەڵی (هیوا)

---

بڵێت: حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنێت، بەڵام لەسەر داوای قازی محەممەد، ئەو جارە حزبەکە هەڵوەشێنراوەتەوە، چونکە پێی وابووە لەگەڵ بوونی حزبی دیموکراتی کوردستانی (ڕۆژهەڵات)، کورد پێویستی بەحزبی تر نیەو پەرتەوازەبوونی هەڵوێستی کوردی لێ دەکەوێتەوە. (لە دیداری ٢٠١٤/٦/١٨ خۆم لەگەڵ بەڕێز عەبدلحمید حوسەینی پێی گوتم کە ساڵی١٩٨٠ لەمەهاباد ئەمەی لە زەبیحی بیستووە)∞

کۆمەڵێکی میللی نیە، بەڵکو کۆمەڵێکی ئینتیهازییو ئیستیعمارپەرستەو میللەتی کورد پێویستی بە کۆمەڵی هیوا نیە."[1]

ڕەنگە زۆر لەو حزبەو لە ئۆرگانە ڕەسمییەکەیو لەو نوسەرە نەگیرێت، کە بەشانازییەوە پاشکۆیەتی خۆی بۆ وڵاتی ئەوکاتەی سۆڤیەت دووپات دەکاتەوەو ناوی دەنێت: "وڵاتی کرێکارو جوتیارو بێشکەی ئیشتراکیەت"، حزبی شیوعیش ناو دەنێت: "ئەو ئەستێرە سوورەی نوری پەرتبووەتە هەموو وڵاتێکی گێتی"! کۆتایی وتارەکەش بە کۆپلە شیعرێك هاتووە، کە بۆ سەلماندنی پاشکۆیەتی، پێویستمان بە بەڵگەی تر نیە، تیایاندا هاتووە:

ئەتۆ لێمی قبولْ ناکەیت (ستالین)، طاعەتی ئەعما
بەڵام تەقدیسی تۆ هەردەم، ئەکەم بەخوا لەدڵما
ستالینم! ڕەفیقی خۆشەویستم! هەربژی دایم
بە تەنها من وەها نالێم، شیعاری میللەتی خۆمە"(!) [2]

---

١ دەقی ئەو وتارە لە ژمارە(٣)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٥ی ڕۆژنامەی ئازادی حزبی شیوعی بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە: کوردو کوردستان.. د. کەمال مەزهەر،٢/ ٢٩٧–٢٩٨.

٢ هەمان ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی (ئازادی)، ئۆرگانی حزی شیوعی عیراق. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٣٠٥/٢.

# بەشی شەشەم

## (کۆمەڵەی محەممەدی)

## یان (ئیتتیحادی  محەممەدی)

# تەوەرەکانی ئەم بەشە:


- پێشەنگیی کاری ڕێکخراوەیی ئیسلامیی– نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.........................................←
- بەسەرهاتی (حزبی دیموکراتی محەممەدی).....................←
- واقعی باشووری کوردستان لەو مێژووە بەدواوە................←
- (حزبی دیموکراتی محەممەدیی کوردستان)، یان (حزبی دیموکراتی کوردستان)؟!.............................................←
- ئەگەری کاریگەریی (ئیتتیحادی محەممەدی) ئەستەمبوڵ، لەسەر (ئیتتیحادی محەممەدی) مەهاباد............................←

**١ـ پێشەنگیی کاری ڕێکخراوەیی ئاینیی– نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:**

پێشتر ناوێکم لەم ڕێکخراوە ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی) یان (حزبی محەممەدی) برد، لەبەر بایەخو تایبەتمەندییو کاریگەریی مێژوویی، پێویستە لێرەدا بەجیا تیشکێکی بخەمە سەر:

ئەگەر سەرێك لە خۆرهەڵاتی کوردستان بدەین، ڕاستییەکمان بۆ بەرجەستە دەبێت، کە دینەمۆی بزافو ڕاپەڕینە نەتەوەیییەکان هەستی ئیسلامەتیی بووەو بیرکردنەوەی ئاینی بۆ بەرەنگاربونەوەی ستەمو ڕازی نەبوون بە چەوسانەوە، پاڵنەرێکی بنەڕەتیی بووە بۆ خەباتو تێکۆشانو کارەکتەرە کاریگەرەکانیش مەلاو فەقێو قازیو ڕابەرانی ئاینی بوونو زۆربەی کات مەڵبەندو ژوانی بەیەکگەیاندنی خەباتکارانیش مزگەوتەکان بوون.

لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پاش جەنگی جیهانیی یەکەمو خۆرهەلاتی کوردستان، بە تایبەتی ناوچەی موکریان. گلەیییەك کە ڕوو دەکاتە ئەو بەشە لە توێژەرانو مێژوونوسان، ئەوەیە کە کاتێك قسە لە (کۆماری کوردستان)و دامەزراندنی حزبی (ژیانەوەی کورد) (ژێ، کاف) دەکەن، کەمێکیان نەبێت، زۆربەیان، خۆیان لا دەدەن لە باسی (حزبی محەممەدی) کە بەسەرهاتێکی هەیە.

پێش بەسەرهاتی ئەم ناوە، پێویستە ئەوە بزانین کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، لە شاری مەهاباد لەلایەن خوالێخۆش بوو (أبوالحسن سیف القضاة) مامی شەهید پێشەوا قازی محەممەدو باوکی قازی محەممەدەوە – لە ساڵی ١٩٢٠ دا –حزبێك دامەزرا بەناوی (حزبی محەممەدی).

محەممەد ڕەزا، کوڕی شەهید سەیفی قازی، وەزیری بەرگریی کۆماری کوردستان، کوڕی (أبو الحسن سیف القضاة)– واتە کوڕەزای ناوبراو– دەڵێت: "(حزبی محەممەدی) حزبێکی ئیسلامیی بوو، ئامانجیشی خەبات

دژی داگیرکەرو حکومەتی دژ بە ئیسلامیی ڕەزا شا بوو."[1] (حەمید ڕەزا جەلایی پور)یش ئەم زانیارییە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: " قازی عەلی باوکی پێشەوا قازی محەممەد لە مەهاباد، ڕێکخراوێکی کوردیی بەناوی (حەرەکەتی محەممەدی) پێك هێنا، تا لە ١٩٣٤ کە کۆچی دوایی کرد، لەسەر ئەمکارە بەردەوام بوو."[2] بەڵام لەجێی ساڵی ١٩٢٠ و ١٩٢٤ باس لە١٩٣٠ ١٩٣٤ دەکات، کە وا دیارە هەڵەی چاپە.

باشترین سەرچاوە کە زۆرترین زانیاری لەسەر ئەم حزبەو چالاکییەکانی داوە، بەرهەمەکەی ڕەحیمی قازی – ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەدە– کە ئاماژە بە ساڵی ١٩٢٠ دەکات –نەك ١٩٣٠– بۆ ساڵی دامەزرانی (حزبی محەممەدی)و ڕۆڵی (سیف القضاة)یش لە دامەزراندنی دووپات دەکاتەوەو ئەم چەند زانیارییەشمان بۆ زیاد دەکات، کە: "قازی محەممەدو بەشی زۆری فەقێکانی سابڵاخ دەبنە ئەندامی ئەم حزبە." هەروەها دەڵێت: "لە ١٩٢٤ کە ئۆردووی ڕەزاخان، مەهاباد داگیر دەکات، لەو سەردەمەدا (حزبی محەممەدی) ئیتر هەلی ئەمەی نامێنێ بەئاشکرایی خەبات بکاتودەچێتە نهێنییەوە."

سەبارەت بە کارامەیی‌و ڕادەی کاریگەریی ئەو حزبە لەو سەردەمەدا، دەڵێت: "(حزبی محەممەدی) لاگری (لایەنگری) خەباتێکی بەڕێوجێی سیاسی‌و پێکهێنانی پێوەندییەکی نێزیك بووە لە نێوان بزوتنەوە جیاوازەکانی بەشەکانی کوردستاندا." پاشان دەڵێت: "سەرۆکەکانی حزبی محەممەدی لە بیرڕوناکانی کورد پێکهاتبوون. هەوڵیان دەدا لە نێوان بزوتنەوەی شێخ مەحمودو جوڵانەوەی (سمکۆ)دا پێوەندییەکی نێزیك

١ أسرار محاكمه قاضی محمدو یارانش، محەممەد رضا سیف قاضی، ص: ١٨.

٢ قاضی محمد، حمید رضا جلایی پور، لا: ٦٥.

پێکبێنن. هەر بەو ئامانجە (سیف القضاة)[١] وەك نوێنەری حزب دەچێتە لای سمکۆو چەند ڕۆژێك لای دەمێنێتەوەو تێدەکۆشێت بزوتنەوەکەی بە ڕێگەیەکی ڕاستدا بەرەو پێش بەرێت. سەیف پاش گەڕانەوە بۆ سابلاغ ئەچێتە شاری سلێمانیش بۆ لای شێخ مەحمود.."پاشان ئاماژە دەکات بەو پلانەی (حزبی محەممەدی) کێشاویەتی بۆ نزیکخستنەوەی سمکۆو شێخ مەحمودو دەڵێت: " لەلایەن (حزبی محەممەدی) یەوە نەخشە کێشرا بوو بۆ ئەمەی لەشکری شێخ مەحمودو لەشکری سمکۆ لە ناوچەکانی سەقزو بانە یەکبگرنەوەو بەیەکەوە بۆ ڕزگارکردنی بەشەکانی کوردستان تێبکۆشن. هەر لە ئەنجامی ئەم تێکۆشینەدا بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣دا سمکۆ بۆ بەڕێوەبردنی سکاڵا (مەبەستی وتو وێژە) دەچێتە شاری سلێمانی... بەمجۆرە دەبینین حزبی محەممەدی هەنگاوێکی گەورەی نا، بۆ یەکخستنی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا." [٢]

ماوەتەوە ئەوەش بڵێین کە من پێم وایە هەردوو برا- باوکی قازی محەممەد، واتە (عەلی قازی)و (سیف القضاة)ی برای- هەردووکیان

---

١ وەك لە لاپەڕە پێشووەکانو لە داهاتووی ئەم کتێبەچدا بەدیدەکرێت، (سیف القضاة) – کە مامی قازی محەممەد بووە- زانایەکی زۆر هۆشیارو چالاكو بەخزمەت بووە. لە زرۆبەی ڕێکخراوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، یان ڕابەر بووە، یان ستوونی سەرەکیی بووە، بۆیە ناوەکەی بەستراوە بەباسی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد، (١٩٢٧ز) و حزبی (ئیتتیحادی محەممەدی (١٩٣٠ز) و (شۆڕشی سمکۆی شکاك)ەوە" بۆیە پێم وایە ئەو چامە شیعرییەی کە بە (سمکۆ)دا هەڵی داوە، پاش ئەو سەفەرەیە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە. (بڕوانە بەشی بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبە، بۆ بینینی دەقی شیعرەکە.. ناوبراو وێنەیەکیشی لە بەشی کۆتاییدا هەیە.)

٢ بڕوانە: بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی کوردو قازی محەمد، ڕەحیمی قازی، لا: ٦٠.

دەستیان لە دامەزراندنی ئەو حزبەدا هەبووە کە باسمان کرد، بۆیە هەندێکجار بەجیا ناو لە هەر یەکەیان دەبرێت. سەبارەت بە ناوی حزبەکەش، کە ئایا (حزبی محەممەدی) بووە یان(حەرەکەتی محەممەدی)؟ من دڵنیام یەك شتە، بەڵام گومانم وایە لە ئەسڵدا (حەرەکەتی محەممەدی) یان (ئیتتیحادی محەممەدی) بووە، نەك (حزبی محەممەدی)، بەو بەڵگەیەی کە بەکارهێنانی وشەی حزب تا سەردەمی کۆماریش بە ناڕەحەت قبوڵ کراوە، تا بگات بەوەی لە ساڵانی بیستەکاندا بیری لێ بکرێتەوە. جگە لەوە ئەگەر ئەو گومانو ئەگەرەشمان بەڕاست دەربچێت کە ئەو بزوتنەوەیە ئیلهامی لە (ئیتتیحادی محەممەدی)یەکەی سەردەمی عەللامە سەعید نورسیو ئەستەمبوڵ (١٩٠٩) وەرگرتبێت، ئەوە دڵنیا دەبینەوە کە وشەی حزبی لەگەڵ نەبووە، بەڵکو یان (ئیتتیحاد) بووە، یان (حەرەکەت).

**٢- بەسەرهاتی (حزبی دیموکراتی محەممەدی):**

بەپێی بیرەوەریی شایەتحاڵەکانی هەردوو سەردەمی ڕێکخراوی (ژێ، کاف)و (دیموکرات)، هەروەها بەپێی بۆچونی زۆرێك لەو نوسەرە خۆماڵیو بیانییانەی کە لەسەر (کۆماری کوردستان)و (شەهید قازی محەممەد)و (ژێ، کاف)و (حزبی دیموکرات)یان نوسیوە، گومانمان لەوەدا نامێنێت هەوڵێکی زۆر لە ئارادا بووە بۆ گۆڕینی ناوی (ژێ، کاف). خودی شەهید قازی محەممەد دانی بەوەدا ناوە کە لە کاتی سەفەریدا بۆ سۆڤیەت، پیاوانی (یەکێتی سۆڤیەت) داوایان لێ کردووە کە ئەو حزبە دەبێت ناوی بگۆڕێو ناوێکی تری لێ بنرێ کە بە چەمکی (دیمکراسی)و سەردەم بخوات.

غەنی بلوریان -یەکێك لە شایەتحاڵەکانی ئەو سەردەمە- لە وێناکردنی کۆبونەوەکەی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)، بۆ گۆڕینی ناوەکە بە دیموکرات، دوای ئەوەی کە کەمێك لە قسەی پێشەوا قازی محەممەد دەربارەی هەلومەرجی نێودەوڵەتیو دەوروبەر، نەقڵ دەکات، دەڵێت: "لە ڕەنگو ڕوخسارو شێوەی گوتنی قازی، دەردەکەوت کە ڕاگەیاندنەکەی زۆر بەدڵ نیە، بەڵام وەسەرەخۆی نەدەهێنا..!"[1]

بە پێی خوێندنەوەی خۆم بۆ کۆی هەوڵەکانو جموجوڵەکانی ئەو کاتە، دڵنیاییەکم لە لا دروستبووە کە ئامانج لەو گوشارەی دروستکراوە، (ناوەرۆك) بووە نەك (ناو)، بەلآم وا دیارە ویستویانە وەك هەنگاوێکی سەرەتایی دەستوەردەنە کاروباری حزبەکەو بیسەلمێنن کە توانای ئەوەیان هەیە، ئاماژەکانیش ئەوەدەگەیەنن کە لەناو هەندێك لەبەرپرسانی (ژێ، کاف)یشدا مشتومڕێك لەسەر ئەو ناوگۆڕینە سەریهەڵداوەو هەندێکیان پێیان باش بووە، هەرچەند زۆریشیان دژبوون بەناوگۆڕینو هەڵوێستیشیان نواندووە.

---

١ ئاڵەکۆك، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، غەنی بلوریان، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، لا: ٥٧.

### ٣- واقعی باشوری کوردستان لەو مێژووە بەدواوە:

من پێم وایە هەمان ئەو دووباڵییەی لەناو حزبی (هیوا) لە باشوری کوردستانو دواتر لەناو (حزبی دیموکراتی کوردستان- عێراق) یش دروست بوو، هاوشێوەی هەمان ئەو دووباڵییە بووە کە لە نێوان سەرانی (ژیانەوەی کوردستان)دا دروست بووە، دواتریش ڕیشاڵی ئەو دوو بەرەی (ڕاست)و (چەپ)ە، لە دیموکراتی ئەو کاتەشدا درێژەی هەبووە، کە ئەمە بە کورتی سەربوردەکەیەتی:

(حزبی هیوا) بوونە دوو باڵ: باڵی ڕاست، کە پێی وابوو ئینگلیز لە عیراقدایەو پێی ناوێت پەنا بۆ یەکێتی سۆڤیەتو شیوعیەت ببرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش ناتوانرێت لەو قۆناغەدا پشتیوانی فیزیکییو کردەیی لە جوڵانەوەو خەباتی چەکداریی کورد بکرێت، گوایە (ڕەفیق حیلمی) سەرۆکی حزبەکە، لە سەرەوەی ئەم ڕەوتە بووە.

باڵی چەپ: لەبەر ئەوەی ئینگلیز داگیرکار بووە، پێی وابووە سۆڤیەت فریشتەی ڕزگارییەو مامەخەمەی گەلانی چەوساوەیەو دەبێت پشتی مەلا مستەفا بەرزانی بگیرێت. گوایە ئیبراهیم ئەحمەدو حەمزە عبد الله پێشەنگی ئەم ڕەوتە بوون؟ سەرەنجام ساڵی ١٩٤٤ جیابوونەوەی دوو باڵەکە ڕووی داو مەشرەبچەپەکان دابەشبوون بەسەر (لیژنەی ئازادی)و دواتر (القاعدة)و حزبی (ڕزگاری)دا، هەندێك لەوانەش کە لەسەر باڵی ڕاست دەژمێردران چوونە ڕیزی حزبی (ژێ.کاف)، یان دانیشتنو وازیان لە کاری سیاسی هێنا.

هەندێك کەس پێیان وایە کە شیوعیەکانی عیراق دژایەتی حزبی (هیوا)یان کردووەو بوونەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی.[١]

ڕەنگە شرۆڤەی ئەم بابەتە کاری ئەم کورتە باسە نەبێت، جگە لەوە من لەم باسەدا ئیشێکم بەم لایەنە نیە، بەڵام ئەوەندە بەسە بزانین ماددەی

---

١ بۆ نمونە بڕوانە: حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، لا: ٧٢. حکومەتی کوردستان، مەحمودی مەلا عیززەت، لا: ١١٤.

سێی پێڕەوو مینهاجی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق، پاش کۆنگرەی دامەزراندنی لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦– کە لە بەغدا گیراو مەلا مستەفا بە سەرۆکی حزب هەڵبژێررا– باشترین بەڵگەی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە کۆمۆنیستەیە، کە دەقاو دەق دەڵێت: "پارتی، بۆ خەباتی سیاسی خۆیو لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانیدا سوود لە (تیۆری زانستیی مارکسیی لینینی)، وەردەگرێ."[١] ئەمەش باشترین بەڵگەی کاریگەریی کەسایەتییە مارکسیستەکانو باڵە چەپەکەی (حزبی شۆڕش) بوو بۆیە دواتریش صالح حەیدەریو نافع یونسو جەمال حەیدەریی بەرگەی واقیعە نوێکەیان نەگرتو جیابوونەوەو چوونە ناو حزبی شیوعی عیراقیی، هەرچەند دواتر صالح حەیدەریی گەڕایەوە.

سەیر ئەوەیە هەندێك لە سەرکردەی ئەو حزبانە لە باسی هۆکاری گەشەنەکردنی حزبەکانیاندا دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە هەندێکجار دوو فاقەیی لە ڕووی ئایدیۆلۆژیو واقیعییەوە هۆکار بووە. یەکێك لەوانە (حزبی ڕزگاریی)یە، کە– وەك بورهان حاتەم دەڵێت–: "پارتەکە لەناوەوە وەك حزبێکی مارکسیو لە ڕوکاری دەرەوەشیدا وەك حزبێکی نەتەوەییو نیشتیمانیی دەربکەوێت. بەڵام ئەمە دواتر بووە هۆی نانەوەی کێشەی ئایدیۆلۆژییو نەگونجانی ئاراستەی هزریی نێو ئەندامەکانی، بۆیە دوای زێتر لە نیو سەدە خودی حەیدەری دانی بەوەدا ناوە.. کە ئەم کارەی هەڵە بووەو لەگەڵ ئاکاری دروستی تێکۆشەرێکی خاوەن هەڵوێستو بیروباوەڕ نەگونجاو بووە."[٢] بەڵام ئێمە لێرەدا ئیشێکی ئەوتۆمان بەم لایەنە نیە، بۆیە لەمە زیاتری لەسەرناچم، ئەمە تەنها دەسپێکێك بوو بۆ ئەم خاڵەی دادێت.

---

١ پێڕەوو پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ماددەی سێیەم، پێش هەموارکردنی.

٢ صالح حەیدەری، ڕۆڵی سیاسیو ڕوناکبیریی، بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، هەولێر، ٢٠١٢، لا: ٩٨. شایانی باسە ئەو دانپێدانانەی صالح حەیدەری لە گۆڤاری (گوڵان)ی عەرەبیی، لە ١٩٩٧/٤/٢٥ بڵاو کراوەتەوە.

## ٤-(حزبی دیموكراتی محەممەدیی كوردستان)،

## یان (حزبی دیموكراتی كوردستان)؟

ڕەنگە ئەم ناونیشانە بەشێوەی ئەم پرسیارە، جێی سەرنجی خوێنەرو هەمانكات جێی سەرسوڕمانیشی بێتو حەزیش بكات وەڵامی دەست بكەوێت.. فەرموون لەگەڵ وەڵامی پرسیارەكە:

وا دیارە كاتێك قازی محەممەدی پێشەواو زۆرێك لەسەركردەكان، ڕازی بوون بە گۆڕینی ناوی ڕێكخراوی (ژێ،كاف)، حەزیان كردووە لەگەڵ وشەی (دیموكراتی) -كە داوای زۆری لەسەربووە- وشەی (محەممەدی)یشی تێدابێت، وەك نیسبەتدانێكی حزبەكە بۆ ناوی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت)، تاڕەسەنایەتی ئیسلامییەتەكەش لە حزبەكەدا بمێنێت.

(محەممەد ڕەزا سەیفی قازی) كوڕی شەهید (سەیفی) قازی وەزیری بەرگری كۆماری كوردستان- كە لەگەڵ شەهید قازی محەممەد لە سێدارە درا- لەم بارەیەوە خاڵێكی گرنگ دەدركێنێت، بەڵام تا ئێستە نەمدیوە كەسێك بەدواداچونێكی بۆ بكات، دیارە بە مەزاجو حەزی زۆرێك لەوانە ناخوات كە لە ژێر كاریگەریی ئایدۆلۆژیەتی چەپیی، یان تەنانەت لائیكیو عەلمانیدا، بابەتیان لەسەر ئەم وێستگەیە نوسیوە. محەممەد ڕەزا سەیفی قازی دەڵێت: "بزافی كوردستانو (حزبی دیموكراتی كوردستان) بەپێچەوانەی خواستو سیاسەتی سۆڤیەتو (باقرۆف)ی سكرتێری حزبی كۆمۆنیستی ئازربایجانی سۆڤیەت،[١]هاتە كایەوە، هەڵسوڕێنەرانی وەزعەكەو

---

١ باقرۆف سكرتێری حزبی كۆمۆنیستی ئازەربایجانو سەركۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت، وەك نوێنەری سۆڤیەت لەگەڵ قازی محەممەدو شاندی كورد قسەی دەكرد. سەیر ئەوەیە پاش مردنی (ستالین)، ساڵی ١٩٥٥ز، لەگەڵ (بێریا)ی وەزیری ←

کۆمارەکەی (کوردستان)، خودی ڕابەرانی کورد بوون، بە تەواویی بە پێچەوانەی سەرانو بەرپرسانی ئازربایجانەوە کە (حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت)و پیاوانیان (واتە: حزبی تودەی ئێران) هەڵسوڕێنەری سەرەکییو ئەسڵی بوون. سۆڤیەتەکان دژ بە هاتنەکایەی هەر ڕێکخراوەو دامەزراوێك بوون لە کوردستان، بەڵام کوردو ڕابەرو ڕۆشنبیرانی کورد –لەو سەردەمەدا– پێشدەستیان کردو (حزبی دیموکراتی کوردستان)یان دامەزراند."

پاشان محەممەد ڕەزا سەیفی قازی دەچێتە سەر ئەسڵی بابەتو دەڵێت: "... جا، سەرەتا بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە حزبی دیموکرات دژە بە کۆمۆنیستیو وڵاتی سۆڤیەت دەستی نیە لە کاروباری ناوخۆی کوردستاندا، بڕیار بوو ناوی حزبەکە بنێن: (حزبی دیموکراتی محەممەدیی)، بەڵام لەبەر ئەوە کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لە مەهاباد حزبێك بەناوی (حزبی محەممەدی) بە ڕابەرایەتی خوالێخۆش بوو (أبو الحسن سیف القضاة) (دەکاتە باپیری خودی محەممەد ڕەزا، مامی قازی محەممەد) دامەزرا، کە حزبێکی ئیسلامیی بوو، ئامانجیشی خەبات دژی داگیرکەرو حکومەتی دژ بە ئیسلامی ڕەزا شا بوو، لەبەرئەوە ناوی حزبەکەیان گۆڕی بە (حزبی دیموکراتی کوردستان)."[1]

---

→ناوخۆی سۆڤیەت، هەردووکیان دادگایی کرانو لەسێدارەدران، لە دادگاکردنەکەی (باقرۆف)دا دەرکەوت کە بەرپرسیار بووە لە کوشتنی ٢٠ هەزار کەس، بۆیە وەك تاوانباری جەنگ حوکم دراو ئیعدام کرا. (بڕوانە: چل ساڵ خەبات. عبد الرحمن قاسملو لا: ١٥٣).

١ أسرار محاكمه قاضى محەممەدو يارانش، محەممەد رضا سيف قاضى، ص:١٨.

**٥-ئەگەری کاریگەریی (ئیتتیحادی محەممەدی ئەستەمبوڵ) لەسەر (ئیتتیحادی محەممەدی مەهاباد):**

ئەگەر ئەو بۆچونەی محەممەد ڕەزا سەیفی قازی دروستو تەواو بێت، ئەوە بەدووری نازانم کە دامەزرێنەرانی ئەو (حزبی محەممەدی) یان (ئیتتیحادی محەممەدی)یەی مەهاباد، دەنگۆی دامەزراندنی (ئیتتیحادی محەممەدی)یەکەی مامۆستا نورسیو ڕوناکبیرەکانی ئەستەمبوڵیان بیستبێت، کە ساڵی ١٩٠٩ دامەزراو نورسی لەسەری دادگایی کرا، بەو پێیەی کە چەند ساڵێکیان بەین بووە، هەرچەند ئەمە خەمڵاندنێکی سەرەتاییەو کەس ئاماژەی پێ نەکردووەو خۆیشم زانیارییەکی ئەوتۆم دەست نەکەوتو بە تەواوی بۆم ڕاست نەکرایەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە بۆم مەعلوم بوو لەو سەروبەندەدا باوکی هەژار (عبد الرحمن شەرەفکەندی)و خاڵی باوکی، کە دەبێتە مەولانا محەممەد صادق،[١] -یەکەم خەلیفەی شێخی گەورەی بورهان- سەفەری تورکیایان کردووەو بۆ ماوەیەك لە شاری (وان)ی باکوری کوردستان ماونەتەوەو چاویان بە مامۆستا نورسی کەوتووە. هەژار موکریانی

---

١ شێخ محەممەد صادق، ناسراوە بە مەولانا، کوڕی مەلا ئەحمەد ناوێك بووە لە هۆزی (مرزنگ)، باوکی لە گوندی (قەڵای ڕەسول سیت) لە خواری شاری (میاندواو) ژیاوەو محەممەد صادقی کوڕی لەو گوندە پەیدا بووە. بڕوانە: (زندگینامه عارف ربانی شمس الدین برهانی)، نوسینی: أبوبکر خانچە، لا: ٢١٩، کە بە فارسی نوسیویەتیو (نەشری صلاح الدین) بڵاوی کردۆتەوەو تایبەتە بە ژیاننامەی شێخی بورهان∞

لەم بارەیەوە دەڵێت: "بابم لە تورکیە مەلا سەعیدی (بدیع الزمان)ی دیبوو زۆر بە موبارەکی دەزانی."[1]

سەرچاوەیەکی تر کە ئەم سەفەرو دیدارە دووپات دەکاتەوە، ئەو کتێبەیە کە لە پەراوێزی پێشوودا ئاماژەم پێ کردووەو تەرخانە بۆ ژیاننامەی شێخی بورهان. وا دیارە ئەو شێخ محەممەد صادقەی سەرەوە – کە خاڵی باوکی هەژار موکریانی بووە – لەگەڵ کوڕێکی شێخی بورهان میانەی تێك دەچیٚو لەگەڵ باوکی هەژار – عبد الرحمان شەرەفکەندی – عەزمی سەفەری شام دەکەن، بەڵام لە شاری (وان)ی باکوری کوردستان، خەڵکێکی زۆر تکایان لێ دەکەن کە بمێننەوەو نەچن بۆ شام، دیارە لەو کاتەدا مامۆستا نورسی لە تەمەنی لاوێتیدا بووەو لەوێ بووە، ئەبوبەکر خانچە– نوسەری ژیاننامەکەی شێخی بورهان– دەڵێت: " لەوانەی کە بوونە موریدی شێخ محەممەد صادق، مەلا سەعیدی بدیع الزمان بوو، کە

---

١ بڕوانە: چێشتی مجێور، هەژار، چاپی پاریس، ١٩٩٧، لا: ١١و٥٣، بەڵام یان هەژار یان باوکی، بە هەڵە وتویانە: "..(بدیع الزمان) لە لایەن سوڵتانی ڕۆمەوە کوژراوە.. "دیارە یەکێکیان لەگەڵ (شێخ سەعیدی پیران) لێیان تێکەڵ بووە، چونکە مەعلومە کە شێخ سەعیدی پیران شەهید کرا، نەك (بدیع الزمان سەعیدی نورسی)، جگە لەوە شێخ سەعیدی پیران نازناوی (بدیع الزمان)ی نەبووە، مامۆستا نورسی هەر بە لاوێتی ناوبانگی دەرکردوەو نازناوی (بدیع الزمان)یان داوەتیٚ، بۆیە بۆتە جێی شانازیی زۆربەی ناوەندە ڕوناکبیرییە کور دییەکانیش. لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری (ژین) کە ساڵی ١٩٠٧ لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، شاعیرێك بە ناوی (قازی لەتیف) شیعرێکی ٢٣ بەیتی نوسیوەو باسی گەورەیی‌و فەزڵی زانایانی کورد دەکاتو لە بەیتێکدا دەڵێت:

خۆ خصوص، مەلا سەعیدی کورد لە ئیسلامبۆلێیە

خۆی بەدیعی ڕووی زەمانە، ئەو مەلای والا تەبار ∞

پاش سەرنگومی حکومەتی عوسمانیو پێکهاتنی دەوڵەتی تورکیای نوێ، بۆ زیندووڕاگرتنی شەعائیری دینیو پاراستنی پێناسی ئیسلامیی ئەو وڵاتە، سەرسەختانە دژی ئەتاتورکو داروەستەکەی خەباتی کردو لەو پێناوەدا چەندین کتێبو پەیامی نووسی، ئەم پیاوە یەکێك لەجێمتمانەکانی ئەو حەزرەتە (مەولانا) بوو کە بە یومنی (!) پیرۆزی ئەوان، هۆگر بوو بە تەریقەتی نەقشبەندیی."[1]

ماوەتەوە ئەوەش بزانین کە ئەم شێخ محەممەد صادقە نزیکەی حەوت ساڵ لەوێ – واتە لە ناوچەی شاری وان – ماوەتەوەو لە جیمادی یەکەمی ١٣٢٨ی کۆچی مانگی، کە دەکاتە ساڵی١٩١٠ی زاینی، گەڕاوەتەوە بۆ موکریان،[2] بۆیە ناگونجێت پاش حەوت ساڵ مانەوە لە باکوری کوردستانو ئەو تێکەڵییە زۆرە لەگەڵ مامۆستا نورسیو لە ناو ئەو مێژووە پڕ لە جەنجاڵو پڕ کێشمەکێشەی تورکیادا – ساڵانی ١٩٠٣ بۆ ١٩١٠ – شێخ محەممەد صادق ئەزموونو پەیامێکی نوێی پێ نەبووبێت بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی بۆ موکریانی زێدی خۆی، لە کاتێکدا ئەو ماوەیەی ئەو لە تورکیادا ماوەتەوە، هاوکات بووە لەگەڵ گەشەی چالاکییە کوردییە ئیسلامییەکان، بەتایبەتی دامەزراندنی ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)، ئەو ڕێکخراوە دەستپێشخەرەی کە بۆ سەرەداوێك دەگەڕێین تا بزانین لە کوێوە گوێزراوەتەوە بۆ کوێ..؟

دیارە کە پێشتر زانیمان ئەو ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)یەی باوكو مامی پێشەوا قازی لە مەهاباد دایانمەزراندووە، دەگەڕێتەوە بۆ

---

١ زندگینامه عالم ربانی، شمس الدین برهانی (فارسی)، أبوبکر خانچه، نشر صلاح الدین، ص: ٢٢٦.

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ٢٢٧.

ساڵی١٩٢٠ز، ئەوەی مامۆستا (نورسی)و پیرەمێردیش لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٩، کەواتە لە ڕووی مەنتیقییەوە بەدوور نازانرێت بیرۆکەکە لە ڕێی مەلا شێخ محەممەد صادقو باوکی هەژار موکریانییەوە گوێزرابێتەوە بۆ موکریان، بە تایبەتی کە هەردووکیان لە ساڵانی (١٩٠٣ بۆ ١٩١٠) لە شاری (وان)و نزیکی زێدی مامۆستا نورسی بوونو سەرسوڕمانی خۆیان لە بلیمەتیو لێهاتنی ئەو پیاوە دەربڕیوە. تەنانەت وەك پێشتر گواستمەوە، باوکی مامۆستا هەژار مامۆستا نورسی بە پیاوێکی موبارەك زانیوە!. ئەمە بۆچوونو هەڵگۆزینو لێکدانەوەی بەندەیە، بە پێی ئەو چەند زانیارییە پرژو بڵاوە، بە هیوام یان خۆم، یان هەر توێژەرێك، زانیارییو سەرەداوی ترمان دەست کەوێت، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتە.

# بەشی حەوتەم

## کاردانەوەی چالاکوانانی کورد بەرامبەر ڕێکخراوی توندڕەوی (ئیتتیحادو تەرەققی) تورکانو دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردییەکان

## تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- نیازپاکیی کوردانو خیانەتی نەیارانی.....................⟵
- نامەیەکی مێژوویی شێخ سەلام بەرزانیو نوری بریفکانی...⟵
- چالاکترین ڕێکخراوە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی ٢٠.....↓

ـ کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد (١٩٠٨)

ـ کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد

ـ کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی)، (١٩٠٩) لە ئەستەمبول

ـ گروپی ئیصلاحی بنچینەیی، ١٩٠٩

ـ قوتابخانەی فێرکاریی (جەمبرلی تاش)ی ئەستەمبوڵ، ١٩١٠

ـ کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد (جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان)

ـ کۆمەڵی ئیرشاد، ئەرزڕوم، ١٩١٣

ـ ڕێکخراوی تەعالی کوردستان، ١٩١٨

ـ حزبی سەربەخۆیی کوردی، ١٩١٨

ـ ڕێکخراوەی ژیانەوەی کوردستان، ١٩١٩

ـ جەمعییەتی تەعالی ژنانی کورد، ١٩١٩

ـ حزبی دیموکراتی کوردی، ١٩١٩

ـ کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییە، ١٩٢٠

ـ کۆمەڵەی خۆیی بوون، ١٩٢٧ و سەربوردێکی ئاڵای کوردستان

ـ کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد، ١٩٢٧ز

### ١- نیازپاكیی كوردانو خیانەتی نەیارانی:

پاش ئەو جمووجوولّو چالاكییە گەرمو گوڕەی شێخ عبید اللەو هاوسەنگەرانی، كە زیندوویەتی نەتەوەی كوردی سەلماندو ئەو گۆڕانكارییە نێونەتەوەییو ناوچەییانەی كە كاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هزرو بیركردنەوەی عوسمانییەكانو بە گشتی توركانو هەموو دانیشتووانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بەجێ هێشت، ڕەهەندی نەتەوەیی لە ناو زۆربەی نەتەوەكانی ژێر ڕكێفی عوسمانییەكان، كەوتە گەشەكردنو لە قالّبو قۆناغی (هەستو سۆزی نەتەوەیی)یەوە كەوتە قۆناغو قالّبی (هزرو بیری نەتەوەیی).

بەڵام تەواوی توێژەرو شرۆڤەكاران، كۆكن لەسەر ئەوەی كە سەرەڕای گیرسانی ئەو قۆناغە، هیچ ڕێكخراوێكی كوردیی لەسەر بنەمای بیركردنەوەی نەتەوەیی دانەمەزراوە، تا ئەوكاتەی توركەكان ڕێكخراوی نەتەوەپەرستو توندڕەوی (ئیتتیحادو تەرەققی)یان لە ساڵی ١٨٨٩ دا دژی خیلافەتی عوسمانی دامەزراندو دواتر لەگەڵ (تركیا الفتاة) تێكەڵ بوونو كەوتنە پلاندانان بۆ بە توركردنی نەتەوەكانی تر، بە تایبەتی نەتەوەی كورد، بەڵگە ئەوەیە ئەو گۆڤارەی كە زمانحاڵی (ئیتتیحادییەكان) بوو بە ناوی (طنین)، ماسۆنییەكی جولەكە لە (یەهودی دۆنمە) بە ناوی (حسین جاهد یالّچین) دەری دەكرد، كە بەردەوام دژی شەریعەتی ئیسلام بابەتی دەنوسیو هەستی موسڵمانانو نەتەوەكانی تریان بریندار دەكرد. تەنانەت مزگەوتیان كردە چایخانە، لەشفرۆشیی پەتیارەییان داهێنا، پەیوەندییان لەگەڵ جولەكە گەرم كرد.[١] تا ڕادەیەك ئەندامێكی باڵای كۆمەڵەی (ئیتتیحادو ترقی) بەناوی (دكتۆر نازم) لەو كاتەدا پەردەی

---

١ بڕوانە: الحركة الكردية المعاصرة، د. عثمان علي، ص: ٩٣، .

لەسەر نهێنییەکان هەڵدابووەوەو ڕاشکاوانە وتبووی: "کودەتای ئێمە (ئیتتیحادییەکان) بۆ کورسیو پۆست نەبوو، تەنها بۆ زیندووڕاگرتنی قەوارەی تورکی بوو، من دەمەوێ تەنها تورك لەم وڵاتە بژی، تەنها تورکیش دەسەڵاتدار بێت، خوای ئەکرد غەیری خۆمان هەرچی کەسی تر هەیە، لەناو ئەچوو! بژی ڕەگەزی تورك لەهەر ئاینو مەزهەبێك هەیە! ئاین لای من نرخی نیە، دینی من تۆرانییەتەو بڕایەوە.."![1]

بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین هیچ ڕێکخراوێکی کوردیی پێش ساڵی ١٨٨٩- ساڵی دامەزرانی ئەو حزبە تورکانە- نابینین کە پاشگری وشەی (کوردی) یا (کوردستانی)یان پێوە بێت. تاکە ڕێکخراوێکی کوردیی کە لە سەرەتای سەدەی بیستدا بەرچاوم کەوتبێت، ڕێکخراوێکە بە ناوی (جمعية العزم القوی الکردستانیة)، کە ساڵی ١٩٠٠ لە لایەن (فکری دیاربەکری)یەوە دامەزراوە،[2] واتە ئەویش پاش ١١ ساڵ لە (ئیتتیحادو تەرەققی)، کە (ئەحمەد ڕامیز)و (فوئاد زازا جەرموکی)، لە ناودارترین ئەندامەکانی بوونو ڕامیز لە ١٩٠٤ دا لە شاری (دیاربەکر)ەوە بە نوێنەری ئەو کۆمەڵەیە چووە بۆ قاهیرە.[3]

قەدری جەمیل پاشا- ناسراو بە زنار سلوپی- وەك هاوچەرخێکی بەشێك لەو سەردەمە- دەڵێت: "حکومەتی نوێی تورك- کە بە حکومەتی گەنجە تورکەکان ناوبانگی دەرکردبوو- هەستی تورانچێتیی لەنێو

---

١ القضية الأرمنية والقانون الدولي، شاروش طوريكيان، ص: ٥٠" بە نەقلْ لە: علاقة الأكراد بمذابح الأرمن، محەممەد خليل أمير، لا: ١٧٥.

٢ بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا: ١٧١.

٣ بڕوانە: القومية الكردية، مالميسانژ، لا: ٤١.

بەرپرسو کارمەندانی دەوڵەتدا پەرەپێداو سیاسەتی تورکایەتی گرتەبەر... ئەو بنەما ئیسلامییانەی کە پێکهاتە جیاوازەکانی عوسمانیی پێکەوە دەبەستەوە، ئیدی وەك بنەمایەك بۆ پتەوکردنی بیری تورکایەتیی بەکاردەبران. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە پێکهاتە موسڵمانەکانی عوسمانیی، هەستیان بە ستەمدیدەییو زوڵملێکراویی خۆیان کرد... بەو مەبەستەش ڕێکخراوی جۆراوجۆریان دانەزراند. عەرەبەکان (منتدى الأدبي)و پێکخراوی ... ئەلبانییەکان (باکشیم)و کوردیش (جڤاتا هێڤی)یان دامەزراند."[1]

پیاوێکی هاوسەنگو فامیدەی وەك (ئەمین زەکی بەگ) ڕاشکاوانە دەڵێت: " کاتێك وشەی (عوسمانیی) لە تورکیا هەڵگیراو لە جێیدا وشەی (تورکی)و (تورانی) بەکاربرا، بۆ خۆم هەستێکی بەهێزی نەتەوەیی سەربەخۆ، جیا لە تورك، لەناخمدا پەیدا بوو. ئەمە هانیدام بۆ دەرخستنی هەستێکی نەتەوەیی هەڵچوو."[2]

هەروەها ناوبراو ساڵی ١٨٩٨ لە ژمارە (١٦)ی ڕۆژنامەی (کوردستان) –کە لە قاهیرە دەردەچوو– نوسیویەتی: "کوردان پێش ئەوەی سەر بە عوسمانییەکان بن، خۆیان بە موسڵمان دەزانن. حەزیش دەکەن صیفەتی خەلیفەی موسڵمانان لە سەرووی صیفەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بێت، چونکە ئاین بنەمای بینای سیاسیو کۆمەڵایەتیو دەوڵەتە."[3]

بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەدەبیاتی کوردییو گوتاری ڕوناکبیرە کوردەکان لەو ساڵانەو تەنانەت زۆر دواتر لەسەرهەڵدانی (ئیتتیحادییەکان) یش، پاکییو بەرائەتو ڕاستگۆیی کوردمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بابەتەکانی

---

١ جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، وەرگێڕانی زریان، ، لا: ٢٩.

٢ خلاصة تاريخ الكرد وكردستان، محمد أمين زكى، القاهرة، ١٩٣٩، ص: أ.

٣ خلاصة تاريخ الكرد وكوردستان، أمين زكي بك، ص: ١١.

ڕۆژنامەی (کوردستان) کە لە قاهیرە دەردەچوو، هەر لە ساڵی ١٨٩٨ه وە شاهیدی ئەم ڕاستییەن.

لە سەروتاری ڕۆژنامەی (کوردستان)دا، کە لە ساڵی ١٩١٧ لە قاهیرە دەرچووە، هاتووە: "کاتێك سوڵتان سەلیمی یەکەم، ناوی خیلافەتی لە سەڵتەنەتەکەی خۆی نا، میرانی کورد لە خۆشەویستی خواو پێغەمبەری خواو جێنشینان، چوون بەیعەتیان دا بە خەلیفەی مسوڵمانان، لەو بەیعەتەدا کردیان بە مەرج کە میرانی کورد دووبارە لە وڵاتی خۆیاندا میرییەتی بکەن، بەڵام هەر کاتێك شەڕ ببێت هەر میرێك خەڵکی خۆی بباتو بەشداریی ئەو شەڕە بکەن." [1]

لە وتارێکی ژمارە (١٦)ی ئەو ڕۆژنامەیەدا دەڵێت: "هەموو موسڵمانێك پێی خۆشە تەمەنی دەوڵەتی عوسمانیی درێژ ببێتەوە، کاتێك دەبینین جەستەی دەوڵەت نەخۆشە، ئەرکی سەرشانمانە چارەسەری بکەین، چونکە تەندروستی دەوڵەتی خیلافەت، تەندروستی ئێمەیشە، مردنیشی، مردنی ئێمەیە." دواتر بۆچوونەکەی پێشوو کە لە سەرەوە هێنامان بە کەمێك جیاوازییەوە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: "کوردان پێش ئەوەی سەر بە دەوڵەتی عوسمانیی بن، موسڵمانن. دەبێت خەلیفە خەلیفەی موسڵمانان بێت، نەك تەنها خەلیفەی عوسمانیی، چونکە دینی ئیسلام بناغەی کۆشکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو دەوڵەتە." [2] ئەمە دەقی قسەی ئەمین زەکی بەگە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ەکەی میقداد مەدحەت بەدرخاندا، کە لای خۆی بەرهەڵستکار بوونو لە ئەستەمبوڵ ڕێیان پێ نەدراوە چالاکیی بکەن، بۆیە گەیشتونەتە قاهیرەو بۆ ماوەیەك لەوێ ڕۆژنامەکەیان چاپو بڵاو کردۆتەوە،

---

١ ڕۆژنامەی (کوردستان)، قاهیرە،١٩١٧/٩/١٢ز.نمونەی ئەم ڕۆژنامەیە لەکۆتابەشدایە.

٢ ڕۆژنامەی (کوردستان)، قاهیرە، ١٨٩٨زایینی، ژمارە (١٦).

بەڵام وەك دەبینی بەو زمانە ناسكو بابەتیو ڕاستگۆیانە دۆزەكە هەڵدەسەنگێننو ڕەخنەكانیان ئاراستە دەكەن.

لە ئاقاری ئەم بۆچونانەدا، لەو كاتانەدا شێخ عبد القادری كوڕی شێخ عبید الله ی شەمزینی لە دیدارێكی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (تصویر أفكار)ی ئۆرگانی (ئیتتیحادو تەرەققی)، وەك وەڵامێك بۆ تێڕوانینە لائیكییو شۆڤێنییەكانی ئیتتیحادو تەرەققی، كە پێیان وابوو بە دژایەتی ئیسلام پێشكەوتن دابین دەبێت، دەڵێت: "..تەنها یەكێتی موسڵمانانە كە دەتوانێت پێشكەوتنو تەرەققی دابین بكات."[1]

سەبارەت بە ناوچەی عەرەبیش، بەپێی سەربوردە مێژووییەكان، بۆ یەكەم جار لە میصر (ناپلیۆن) بیری فیرعەونییەتی بەرامبەر بیری (ڕابیتەی ئیسلامیی) وروژاند، دواتر دەزگا تەبشیرییەكان لە سەردەمی محەممەد عەلی پاشادا (١٨٨٠–١٨٨٩)دا برەویان دا بەبیری لائیكییو دەمارگیری نەتەوەییو گۆڤاری (الوطن المصری)یان دەركرد. پاشان مەسیحییە عەرەبەكان، وەك: بوتروس بوستانی، میشیل عەفلەق، ئەنتوان سەعادەو هتد، ڕەواجیان دا بەبیری نەتەوەپەرستی عەرەبیی، وەك چەكێك دژ بە ئاینی ئیسلام. لە كاردانەوەی (تركیا الفتاة)یشدا ژمارەیەك قوتابی عەرەب لە پاریس، كۆمەڵەی (العربیة الفتاة) یان لە ساڵی ١٩٠٩ دا دامەزراند. !

نوسەری ئیسلامیی ناسراویش (د.منیر الغضبان) سەبارەت بە پرۆسەی بە عەرەبكردنو بە تورككردنو پلانی ڕەگەزپەرستانەی حزبە عەلمانییەكان دژی كوردو نەتەوەكانی تر، دەڵێت: "بەعەرەبكردن (تەعریب)ی عەلمانی، ترسناكترین دیاردەی جوداییخوازییو هەڵاوێردنە، مەگەر پلانی (بەتوركردن)

---

١ كورد لە سەدەی ١٩و ٢٠، كریس كۆچێرا، لا: ٤٣.

هێندەی ئەمە مەترسیدار بێت، کە لە دوادواییەکانی سەردەمی عوسمانیدا پەیڕەو دەکرا. پرۆگرامی حزبی بەعس ئەوەیە کە کوردەکان بکاتە عەرەبی لائیکی، واتە وەك پێناسی حزبەکەی خۆیان. ئەمە بوو کێشای بەوە کە ١٨٠ هەزار کورد، بێ ناسنامە بکرێن (مەبەستی ژمارەی قوربانییانی پرۆسەی ئەنفالە، کە ڕژێمی حزبی بەعس ئەنجامی دا). هەر ئەو سیاسەتەش وای کرد کە ڕەگەزنامەی کوردیی لە کەسێکی وەك (صلاح الدین)ی ئەیوبی بسەنرێتەوەو ڕەگەزنامەی عەرەبی بدرێتێ!"[١]

بۆیە لەم بەشەدا ئاماژە بە هەندێك چالاکیی‌و هەوڵ‌و هەڵوێست‌و ڕاپەڕین‌و ڕێکخراوی پاش ئەو قۆناغە دەکەم.

---

١ گۆڤاری (المجتمع) ی کوەیتی، د.منیر الغضبان، ژمارە: ١٥٣٧، لە شوباتی ٢٠٠٣.

**٢-نامەیەكی مێژوویی شێخ عبد السلام بەرزانیو نوری بریفكانی:**

دوابەدوای ئەو نمونانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێ كردن، لە كۆنترین بەڵگەنامەی سەرەتای سەدەی بیستەوە دەست پێ دەكەم، كاتێك كە توركە تورانییەكان ڕێكخراوی توندڕەوی (ئیتتیحادو تەرەققی)یان دژی خیلافەتی عوسمانی دامەزراند، ژمارەیەك لە كەسایەتییە كوردەكان كەوتنە خۆیان بۆ ڕوبەڕونەوەیان، بە تایبەتی لە دوو ڕەهەندەوە، یەكەم: لە ڕەهەندی پێداگریی لە سەر ئیسلام، وەك ئاینی زۆرینەی گەلی كوردو توركو گەلانی ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانیی. دووەم: لە ڕەهەندی داكۆكیی لە مافە سیاسییەكانی گەلی كوردەوە، وەك گەلێكی چەوساوەو مافخوراو.

لەم ئاقارەدا دەقی نوسراوێكی شێخ عبد السلام بەرزانیو[١] شێخ نوری بریفكانیو چەند كەسایەتییەكی تر دەخەمە ڕوو، كە لە بەهاری ساڵی ١٩٠٧دا ناردوویانە بۆ حكومەتی ئیتتیحادو تەرەققی لە (بابی عالی)و ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی ئەعیان لە شاری ئەستەمبوڵ، لە چەند خاڵێدا پرۆژەیەكی چاكسازییان لە شێوەی چەند داواكارییەكدا خستۆتە ڕوو، كە ئەمانەن:

"١- دەزگای بەڕێوەبەرێتی (خۆجێیی) لەپێنج قەزای كوردستاندا ڕاگەیەنرێن.

٢- بە ڕەسمیكردنی زمانی كوردی لە ناوچە كوردنشینەكاندا.

٣- قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەكانو فەرمانبەران لەكەسانی كوردزمان بن.

٤- بەو هۆیەی كە دینی ڕەسمیی حكومەت ئیسلامە، پێویستە كاروباری یاساو داد، بە پێی قانونەكانی شەرع بێت.

---

١ عبد السلام بەرزانی-برا گەورەی مەلا مستەفا بەرزانی- پاش كودەتای ئیتتیحادییە دەمارگیرو توندڕەوەكان، شۆڕشێكی هەڵگیرساندو داوای چاكسازیی كرد، بۆیە دەستگیركراو لە ١٤ /١٢/ ١٩١٤ لەلایەن توركیای ئیتتیحادییەوە لەسێدارە درا.

٥- دانانی قازیو موفتییەکان، لە پێڕەوانی مەزهەبی شافعی بن.
٦- باج بە پێی یاساکانی شەرع وەربگیرێو ئەو باجانە بسڕێنەوە کە بە پێی شەرع زۆرن.
٧- ئەو بڕە باجانەی کە وەردەگیرێن، بۆ ئاوەدانییو نۆژەنکردنەوەی ڕێگەوبان، لە پێنج قەزای ناوبراو تەرخان بکرێت."

ئەم نوسراوە کە نێررا بۆ ئەستەمبوڵ، وێنەشی لێ نێررا بۆ شێخ عبد القادری کوڕی شێخ (عبید الله)ی نەهریو ئەمین عالی بەدرخانو شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان.[١] بەو پێیەی کە لەو کاتەدا هاوکاری یەکتریان دەکردو لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوون.

**٣-چالاکترین ڕێکخراوە کوردییەکانی چارەکی یەکەمی سەدەی بیست:**

چارەکی یەکەمی سەدەی بیست، بەلای منەوە سەردەمی زێڕینی مێژووی چالاکیی ڕێکخراوەیی نەتەوەی کوردە. سەیر ئەوەیە لەو ماوەیەدا شاری ئەستەمبوڵی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی، بووە مەڵبەندی جموجووڵو چالاکییەکی زۆری ڕێکخراوەییو ڕۆشنبیرییو ڕۆژنامەوانیی کوردەکانی نیشتەجێی ئەو شارەو شارەکانی تری باکوری کوردستان.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە شارەکانی کوردستان - بە هەموو بەشەکانییەوە- چالاکییان تێدا نەبووە، نەخێر، ئامەدو مەهابادو ورمێو سلێمانیو کەرکوكو زۆر شوێنی تریش، کارو چالاکیی نمونەییو مێژوویيان پێشکەش کردووە.. لەم بەشەدا ئاماژە بە گرنگترینی ئەو ڕێکخراوانە دەکەم:

---

١ قیام شیخ سعید پیران، (رابرت ئۆلسن)، فارسی، ترجمەی إبراهیم یونسی، لا:٤٠. هەروەها: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، لا:٦٠-٦١. مەسعود بەرزانیش لە کتێبی (البارزاني والحركة التحررية)، ص: ١٢، بە کەمێك جیاوازییەوە گێڕاویەتەوە.

**١/ كۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی كورد (١٩٠٨):**

پاش فەرمانی سوڵتانی عوسمانی بە ڕاگەیاندنی دەستورو ئازادییەكان، ڕێكخراوی كۆمەڵەی (تەعاون‌و تەرەققی كورد)، لە پایزی ساڵی ١٩٠٨ لە شاری ئەستەمبوڵ، لە لایەن شێخ عبد القادر نەهری[١] (كوڕی شێخ عبید الله) سەركردەی ڕاپەڕینی١٨٨٠و ئەمین عالی بەدرخان‌و جەنەراڵ محەممەد شەریف پاشای سلێمانەیی‌و كەسایەتی دڵسۆزو خەمخۆری كورد (خەلیل خەیالی)و (مشیر ذو الكفل پاشا)و چەند كوردێكی ترەوە- لەلایەنگرانی مەشروتیەت‌و دەستور- دامەزراو لە كۆبونەوەی ئەنجومەنی گشتیدا لە مزگەوتی (ئەیاصۆفیا)، ڕاگەیەنراو كەسانێكی وەك پیرەمێردی شاعیرو زۆرێك لە كوردانی نیشتەجێی ئەوكاتەی شاری ئەستەمبوڵ بوونە ئەندامی. هەندێك پێیان وایە كە پیرەمێردیش ئەندامی دامەزرێنەری ڕێكخراوی ناوبراو بووە، چونكە ناوی لەڕیزی ناوەكانی دە كەسی یەكەمی ئەنداماندا هاتووە.[٢]

ئەم ڕێكخراوە كە لە ماوەیەكی كەمدا ژمارەی ئەندامانی لە هەزاران كەس تێپەڕیی، بەپێی بۆچونی زۆرێك لە سیاسی‌و سەركردەكانی كورد، بە دینەمۆو بزوێنەری ڕێكخراوەكانی پاش خۆی دادەنرێت، چونكە وەك هەندێك نوسەر دەڵێن: "بیرۆكراتە مەدەنی‌و عەسكەرییەكان‌و پیاوماقوڵانی سەرۆكخێڵ‌و زانایان‌و مەلاو شێخ‌و سەیدو موفتییەكان، لەگەڵ ڕۆشنبیراندا ڕۆڵێكی سەرەكییان لە كارەكانی كۆمەڵەدا گێڕا."[٣] محەممەد ڕەسول هاوار دەڵێت: "(كۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی كورد) بە بەهێزترین كۆمەڵەو

---

١ بۆ ناسینی شێخ عبد القادر، بڕوانە بڕكەی حەوت، لە بەشی چواری ئەم كتێبە.

٢ بە بۆچونی عەلادین سەجادی، لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا، بەغدا ١٩٥٢، لا: ١٩.

٣ جەمعییەتی تەعاون‌و تەرەققی كورد، مالمیسانژ، لا: ٣٩.

ڕێکخراوی کورد دەژمێردرێ... ئەم کۆمەڵەیە بووە بناغەی ڕێکخراوو بزوتنەوەکانی داهاتوو لە باکوری کوردستاندا." [1]

بەندەش بەحوکمی بەدواداچوونم بۆ مێژووی دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردییەکان، پێم وایە یەکەمین ڕێکخراوی کوردیی کە مەرجو پایەکانی ڕێکخراوەیی تێدابووبێت، کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد)ە، چونکە خاوەنی پێڕەوی ناوخۆ، ئامانجی سیاسی ڕۆشن، دەستەی بەڕێوەبردن، دەستەی ڕاویژکاریی، ئەنجومەنی گشتی، هەڵبژاردن، هەروەها دارای ئۆرگانو زمانحاڵی ڕەسمیو چەندین لقو بەش بووە لە شارە کوردییەکانو هەندێك جێی تریشدا، وەك: لقی شارەکانی بتلیس، ئامەد (دیاربەکر)، ئەرزڕۆم، مووش، موسڵ، خنس، بەغدا.

جگە لەو مەرجە تەکنیکییانە (کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی کورد) دڵسۆزانەو بەهەستێکی ئیسلامخوازانەی پاکەوە، بۆ پێشکەوتنی کوردو دەستەبەرکردنی مافەکانی، هەوڵیان دەداو بەقەولی (عبد العزیز یامولکی): "بە شێوەیەکی بەهێز بنیاتنرا بوو. زۆر شەرەفمەندانە بیروبۆچونی سەربەخۆیی کوردەکانی هێنابووە چۆش. دوای هیچ بەرژەوەندییەکی تاکەکەسیی نەدەکەوت، کاری بۆ بەدیهێنانی ئارەزووە نەتەوەییەکانی کورد دەکرد، لە ڕووی مێژوویی‌و دینی‌و کۆمەڵایەتییەوە." [2]

بۆ سەلماندنی ئەمەش دووبارە چاکتر وایە بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەو دیکۆمێنتەکانو بە بەڵگەی پارێزراوەوە قسە بکەین. بۆیە من لە زاری دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکەوە ئەو وێناکردنە پشتڕاست دەکەمەوە:

---

١ کوردو باکوری کوردستان.. ڕەسول هاوار، چاپخانەی خاك ، ٢٠٠٠، لا: ٤٩١.

٢ جەمعییەتی تەعاونو تەرەققی، مالمیسانژ، لا: ٣٣.

له مادەی بیستی پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکەدا هاتووە: "ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەنی گشتیی، بە پێچەوانەی دەستوری ئیسلامو پێوانەکانی ئەخلاقەوە، هەڵسو کەوت بکات، یان لەو بارەیەوە سکاڵا دژی تۆمار بکرێت، بە بڕیاری زیاتر لە سێیەکی ئەندامان، مافی ئەندامێتی لێ دەسەنرێتەوە." [1]

پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی ناوبراو (پیرەمێرد)ی ڕەحمەتیی، شاعیری بەئیمانو کوردپەروەرو ڕۆژنامەنوسی هەڵکەوتوو– کە ئەوکاتە نیشتەجێی ئەستەمبوڵ بووە– بە خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) کە ڕۆژنامەی (کورد)[2] بوو، هەڵبژێررا، بەڵگەی ئەندامبونیشی لەو ڕێکخراوەدا ئەوەیە کە خۆی دەکاتە یەکێك لە خاوەنانی ڕێکخراوەکەو سەبارەت بە ئامانجی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە، دەقاو دەق دەڵێت: "جەمعیەتی ئێمە –(تەعاونو تەرەققی کورد)– مەقصودمان ئەمەیە حوکمی قانونی ئەساسیی کە لەگەڵ شەریعەتدا

---

١ جەمعییەتی تەعاونو تەرەققی کورد، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، لا: ١٦١.

٢ ڕۆژنامەی (کورد) (ڕاستتر ئەوەیە گۆڤارە، چونکە قەوارەو بیچمی گۆڤاری هەیە، بەڵام خۆیان لەسەر بەرگەکەی نوسیویانە (غەزەتە))، ئۆرگانی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) بووە. پاش دامەزاندنی کۆمەڵەی ناوبراو لە پایزی ١٩٠٨ (پیرەمێرد) هەڵبژێرراوە بە خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤارەکە، کە ١٩ ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ١٩٠٨/١١/٢٢، دوا ژمارەی لە ١٩٠٩/١/١٧ دەرچووە. لەسەر بەرگەکەی نوسراوە: "ڕۆژنامەیەکی دینی، زانستی، سیاسی، ئەدەبیو کۆمەڵایەتییە". کەسایەتییە کوردەکانی وەکو: سەعید نورسی، خەلیل خەیالی، پیرەمێرد، ئیسماعیل حەقی..هتد، بابەتو وتاریان تێدا نوسیوە.(لە بەشی پاشکۆکاندا وێنەی گۆڤارەکە ببینە).

ڕێك دەكەوێ، موحافەزە بكەین، ئەوەی لازمە بۆ تەرەققی قەومی نەجیبی كورد، هەمووی ڕێك بخەین، مەعریفەیان، حالْخۆشییان، ڕێكەوتنی ناوخۆیان، ئاشتبونەوەیان لەگەلْ هاووەتەنییان- بەخسوس لەگەلْ ئەرمەنییەكان- بێنینە جێ، لەڕێی موحافەزەی دەولەتو میللەتی عوسمانیدا، بە عەزمێكی موحكەمی دینی، بە یەك وجودی میللی، ڕۆح ببەخشین !"[1]

بۆ زیاتر دلْنیا بوون لەو قسانەی پیرەمێردی ڕەحمەتی- كە قسەی خۆی نین‌و هەلْقولاوی هەست‌و هەلْوێستی ڕێكخراوەكەن- باشترە چەند دەقێكی تری پێڕەوی ڕێكخراوەكە بێنم كە ئاماژە بە ئامانجەكانی دەكات‌و باشترین بەلْگەن لەسەر وردیی تێگەیشتنی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێكخراوە، كە تەمەنی بۆ زیاتر لە سەد سالْ دەگەڕێتەوە. لە ماددەی یەكدا دەلْێت:

"ــ تێگەیاندنی دەستەیەك لەو كوردانەی كە ڕاستییەكان سەبارەت بە (دەستور) نازانن‌و ئاگایان لەوە نیە كەدەستور بە گوێرەی یاسا پایەبەرزەكانی ئیسلامەو خۆشیی‌و بەختیاریی خەلْك‌و ئاسایشی نیشتمان دەستەبەر دەكات.

ــ پاراستنی تایبەتمەندییەكانی دەولەتی پایەبەرزی عوسمانیی، لەگەلْ ئەوەدا كە هەولْی جێگیركردنی سیستەمی (مەشروتیەت) دەدات، هەروەها تێدەكۆشێت بۆ بەهێزكردن‌و پتەوكردنی پەیوەندیی كوردەكان بە خەلیفەو سولْتانەوە.

ــ پێكەوەژیانێكی باش لەگەلْ ئەرمەنی‌و نەستوری‌و گەلەكانی تری عوسمانیدا.

ــ چارەسەری ناكۆكیی نێوان خێلْەكان، بەمەبەستی پێشكەوتنی زیاتر.

---

١ گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، ژمارە: ٩، هاوینی ٢٠٠٣، لا: ٥٣. جێی باسە ئەم قسانەی (پیرەمێرد) لە دوا لاپەڕەی ژمارەی (یەك)ی ڕۆژنامەی (كورد) زمانحالْی كۆمەلْەی (تەعاون‌و تەرەققی كورد) بە هەمان شێوەی داڕشتنی سۆرانی، بلْاو كراوەتەوە.

ـ پێشخستنی ئاستی کەلتورو پەروەردەو پەرەپێدانی پیشەسازیو بازرگانیو کشتو کاڵ."[1]

لە مادەیەکی تردا بە جیاواز باس لە چاپو بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی کتێبە کوردییەکان دەکات.

لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەشدا، ڕەسەنایەتی ئیسلامیو نەتەوەیی بەباشی دەردەکەوێت کە دەڵێت: "(کۆمەڵەی تەعاونو تەرەققی) بایەخ دەدات بە پتەوکردنی یەکێتیو یەکڕیزی ئیرادەی نەتەوەییو دینیی ئەو خەڵکەی کە ماڵی خۆیان فیدا دەکەن." [2]

بە پێی زانیارییەکانی بەردەست، ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ئەو هەستە ئیسلامییە پاکە، کارتێکی بۆ ئەندامانی دروست دەکرد لە جێی پێناس، کە شێوەی ئاڵای کوردستانی لەسەر بوو بۆ ئەوەی هۆگرییشیان بۆ نەتەوەو نیشتمانیان بپارێزێت. بەڵام بەداخەوە هیچ سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی ئەو سەردەمەم دەست نەکەوت کە شێوەی ئەم ئاڵایەی ڕاست کردبێتەوە، ئایا هەمان ئەو ئاڵایە بووە کە دواتر (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) لە ١٩٢٠ بەکاریان هێناو ئیحسان نوری پاشا لە ١٩٢٧ لە (ئاگری داخ)و شاخی

---

١ جەمعییەتی تەعاونو تەرەققی کورد، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا: ٢٧. جێی باسە کە ئەم ئامانجانە لە بەیاننامەیەکدا لە ژمارەی یەکەمی گۆڤارەکەیاندا (کورد) کە لە پەراوێزی سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، بە دوورو درێژیو ڕۆشنتر جەختیان لەسەر کراوەتەوە. هەروەها پیرەمێرد لە وتارێکی هەمان ژمارەدا گرنگیی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەو ئامانجەکانی دووپات دەکاتەوە.

٢ جەمعییەتی تەعاونو تەرەققی، مالمیسانژ، لا: ١٨٣.

(ئەرارات) دایچەقاند؟[1] یان ئەوەبووە کەشێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی لە ١٩٢٢ ڕایگەیاند؟ یان شێوازێکی تری جیاواز لەم دوانەی هەبووە.؟[2]

بەڵام بە داخەوە ئەم ڕێکخراوە ڕەسەنو کارایە، لە ژێر گوشاری کۆمەڵەی توندڕەوی (ئیتتیحادو تەرەققی)دا، پاش چوارساڵ قەدەغە کرا لە چالاکییو بڵاوکراوەکانیشی ڕاگیرانو قوتابخانەکەشی داخرا. هەندێك پێیان وایە ساڵی ١٩١٢ لە کار خراوە، هەندێکیش ڕایان وایە زووتر لەوە قەدەغە کراوە.[3] پێم وایە سەرچاوەی ئەم دووڕاییە لەوەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێکخراوەکە ملیان نەداوە بە بڕیارەکەی دەسەڵاتو درێژەیان بە چالاکیی ژێرزەمینیی داوە، بۆیە مێژوویەکی دیاریکراو بۆداخستنی ڕەسمیی دیارنیە.

---

١ ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا (١٨٩٢– ١٩٧٦) لە شاری (بتلیس)ی باکوری کوردستان لەدایك بووە، لە ئەستەمبوڵ ئەکادیمیای ئەفسەری تەواو کردووە، لە شەڕەکانی تورکیا دژی ڕوسیاو ئەلبانیا ڕۆڵی گەورەی هەبووە، جگە لە سەرکردایەتی ڕاپەڕینی ئارارات، لە بەرەکانی یەمەنو ئەلبانیا فەرماندە بووە. لە دامەزراندنی زۆربەی ناوەندو ڕێکخراوە کوردییەکانی سەردەمی خۆیدا بەشدار بووە. لە ١٩٧٦/٣/٢٦ لە تاران کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕاپەرینی ئارارات یاداشتەکانی خۆی نوسیوە.

٢ ئاڵای کوردستان لە مەملەکەتی شێخ مەحمود دا: تەختەکەی سەوز بووەو بازنەیەکی سووری تێدا بووەو لە ناوەڕاستی بازنە سوورەکەدا شێوەی مانگێکی یەکشەوە کێشراوە، وەك دواتر باسێکی لێ دەکەم.

٣ بڕوانە ئەم سەرچاوانە: جەمعییەتی تەعاون. مالمیسانژ، لا: ٧٨و کێشەی کورد. بلە.ج. شێرکۆ، لا: ٦٢و دۆزی کوردستان، لا: ٢٣.

**باسێکی ڕۆڵی مامۆستا سەعیدی نورسی لەم ئاقارەدا:**

جێی باسە مامۆستای ناوداری باکوری کوردستان، سەعیدی نورسی– ناسراو بە (بدیع الزمان)–یەکێك لە نوسەرانی گۆڤاری (کورد)ی ئۆرگانەکەی ڕێکخراوی (تەعاونو تەرەققی کورد) بووەو لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا هاوڕێو هاوکاری پیرەمێردی شاعیر بووە.

لە نمونەی ئەو وتارانەی مامۆستا نورسی لە ژمارە (١)ی ئەو گۆڤارەدا نوسیویەتی، وتارێکە بەناونیشانی (کردچە لسانمز)، واتە: (زمانی کوردیمان)، بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو کە ئەمە بەشێکیەتی بە شێوەی سۆرانی: "ئەی گەری کوردان، لە ڕێککەوتندا هێزو لە یەکگرتندا ژیانو لە برایەتیدا خۆشبەختییو سەعادەتو لە بوونی حکومەتدا بێوەییو سەلامەتیی هەیە. دە با بە یەکگرتن پەیوەندیی خۆشەویستیمان پتەوتر بکەین، تاکو لە بەڵاو دەردەسەریی ڕزگارمان ببێت. باش گوێم بۆ شل کەن! ئێوە بزانن سێ گەوهەرمان هەن، یەکەمیان: ئیسلام، کە خوێنی هەزاران هەزار شەهیدی بۆ ڕژاوە. دووەمیان: مرۆڤایەتی (ئینسانیەت)، کە پێویستە ئێمە ئەوپەڕی نمونەی ئینسانییەت بنوێنین بۆ جیهان. سێیەمیان: میللەتی خۆمان، کە لەسەرمان پێویستە بەپارێزگاریمان لەمیللەتی خۆمان، ڕۆحی مردووەکانمان لە گۆڕدا شاد بکەین."

پاشان مامۆستا نورسی ئاماژە دەکات بە سێ دوژمنی سەرەکیی: هەژارییو نەخوێندەوارییو دوو بەرەکیی ناوخۆیی. بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو دوژمانەش ئاماژە دەکات بە: دادپەروەرییو یەکگرتنو خۆشەویستییو پشت بەخۆبەستن.[١]

---

١ ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (کورد)، تشرینی دووەی ١٩٠٨، ئەستەمبوڵ. (لە بەشی بەڵگەنامەکاندا دەقە ئەسڵییەکەی ببینە.)

لەوتارێکی تریدا لەژمارە (٢)ی هەمان ڕۆژنامەدا پرسیارێك دەوروژێنێت کە: کورد پێویستی بە چیە؟ لە وەڵامدا ئاماژە بەوە دەکات کە پاش ١٥ ساڵ لە ئاراستەکردنی ئەو پرسیارە، بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە وەڵام تەنها لە سێ چارەسەردا دەبینێت:

یەکەمیان: یەکگرتنێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی.

دووەمیان: بایەخدان بە زانیاری هونەریی‌و ئەو زانستانەی دەبنە هۆی پێشکەوتنی شارستانیی، لەگەڵ فێربوونی زانستە ئیسلامییەکان.

سێیەمیان: پێکهێنانی سوپایەکی تایبەتی لە ناو کورداندا، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی لەڕێی ئەو سوپایەوە بەدەست بهێنێت. ڕاشکاوانە دەڵێت:"لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا پێویستمان بە دامەزراندنی سوپایەکی کوردیی گەورە هەیە."[1]

وتارێکی تری لە ژمارە(٦)ی هەمان ڕۆژنامەدا هەیە لە ژێر سەردێڕی (وتووێژ، ئەنجامی قسەکانی پێشوو)، بە ئیمزای (مەلا سەعیدی کوردی)، تیایدا باسی لایەنە چاك‌و خراپەکانی شارستانێتی خۆرئاوا دەکات‌و جەخت لە پێویستی پێشکەوتنی ماددی‌و شارستانیی دەکاتەوە، هاوشان لەگەڵ پاراستنی بیرو باوەڕو بەها ئاینییەکان. هەروەها پێداگریی دەکات لەسەر سێ چەك‌و ناوی ناون شمشێری ئەڵماسی: ١- خۆشەویستیی نەتەوەو میللەت ٢-یەکگرتنەوە ٣-پەروەردەو فێرکردن. هەروەها داوا دەکات خراپەو ملهوڕییەکانی حکومەت پەیوەست نەکرێن بە دین‌و شەریعەتەوە. لەگەڵ ئەمانە جەخت دەکاتەوە لەسەر نیازمەندیی بە لایەنە باشەکانی شارستانێتی ئەوروپا، ئاماژەش بە پێویستیی چاکسازیی دەستوریی

---

١ مێژووی کوردو ئەرمەن، شەهبازیان، لا: ١٧٧. لە گۆڤاری ڕۆژنامەوانیی، ژمارە: ٩، ساڵی ٣، لا: ٤٧.

دەكاتو پێی وایە دەتوانرێ بە زێوەری شەریعەتی ئیسلام، ناتەواویی‌و كەمو كورتییەكانی شارستانێتیی ئەوروپا چاك بكرێن. پاش ئەمانە دەڵێت: "گرنگترین شت لەم سەردەمەی ئێستادا بریتییە لە پێشكەوتنی ماددی، بۆ ئەمەش پێویستە خەبات بكرێت بەرامبەر دوژمنانی پێشكەوتن، كە بریتین لە: نەداریی‌و نەزانیی‌و دووبەرەكیی.[1]

شایانی باسە لەم دواییانەدا بەڵگەنامەیەكی نوێ لە توركیا بڵاو كرایەوە، كە ئەوە دەسەلمێنێت سەعید نورسی لە ساڵی ١٩٠٩ دا، بۆ خۆی سەردانی بەشی چاپەمەنییەكانی وەزارەتی ناوخۆی توركیای كردووە، بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی دەركردنی ڕۆژنامەیەكی تایبەت بە كورد، بەناوی: (مەعریفەتو ئیتتیحادی ئەكراد)، بە هەردوو زمانی كوردیو عەرەبیی. سەیر ئەوەیە كە صەد ساڵە لە هیچ سەرچاوەیەكی تایبەت بە سەعید نورسیدا ئەم هەواڵە باس نەكراوە. لەمەشەوە وەك مامۆستا فاروق ڕەسول دەڵێت: "..دەردەكەوێ كە پشكنینی ناوەندە بەڵگەنامەییەكانی توركیا دەگونجێ لەئایندەدا شتی تری وا كە تا ئێستا پەردەیان لەسەر لا نەدراوەو تۆزی مێژووی صەد ساڵەیان لێ نیشتووە، دەربخات."[2]

جێی ئاماژەیە كە مامۆستا نورسی لە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەی ئەو كاتەدا لەسەر پرسە ئاینیی‌و نەتەوەییەكانی كورد بابەتی جۆراوجۆری نوسیوە، لەوانە: (وولقان، تەنین، شەرقی كوردستان، سەربەستی، كورد

١ ڕۆژنامەی (كورد)، ژمارە (٦). دەقی وتارەكە لە كتێبی: جەمعیەتی تەعاون‌و تەرەققی كورد، مالمیسانژ، لا: ٢٠٣–٢٠٨ بە كوردی بڵاو كراوەتەوە.

٢ گۆڤاری ژین، بنكەی ژین، سلێمانی، ژمارە ٢، ئەیلولی ٢٠١٠، وتاری سەعید نورسی كوردی. نوسینی:فاروق ڕەسول. بەڵگەنامەكە لەماڵپەڕی ڕۆژنامەی (زەمان)ی توركی بڵاوكراوەتەوە∞

تەعاون‌و تەرەققی غزەتەسی، میزان‌و میصباح)و.. هتد.[1] لە هەموو ئەو بابەتانەیدا نورسی هەوڵی دەدا کە خەمی ئاین‌و نەتەوە پێکەوە گرێ بداتو هاووڵاتیانی کوردستان لە مافو داواکارییەکانیان ئاگادار بکاتەوە. بۆ نمونە: بۆ خۆی پرسیارێك دەوروژێنێو دەپرسێت: چی بۆ کوردەکان پێویستە؟ لە وەڵامیشدا دوو هۆکارو چارەسەری بنەڕەتیی دەخاتە ڕوو دەڵێت: "پازدە ساڵە بیر لەم پێویستییە دەکەمەوە، جگە لەم بیرۆکانەی کە داهاتووی کورد مسۆگەر دەکەن، ناتوانم هیچ چارەیەکی دیکە بدۆزمەوە:

١- یەکێتیی نەتەوەیی ٢- پێشکەوتن‌و فێربوونی صەنعەتی (پیشەسازیی) تەکنیکیی، بۆ ئەوەی ئاستی شارستانیش لەگەڵ هۆشیاریی ئاینیدا گەشە بکات."[2] بۆیە کەسایەتی بەتوانای کورد (ئەحمەد ڕامیز) دەربارەی (سەعید نورسی) لە پێشەکی کتێبی (ئیکی مصیبت شهادتنامە..یان دیوانی حەربی عورفی) سەعید نورسی، دەڵێت: "ساڵی ١٣٢٣ (ڕۆمی/١٩٠٧ز) هەواڵێك لە هەموو لایەکەوە دەنگی دایەوە، کە لە پشتی چیا سەخت‌و لوتکە بڵندەکانی کوردستانەوە، کەسێك بەناوی (سەعیدی کوردی) بەسەر ئاسۆی ئەستەمبوڵدا هەڵهاتووەو یەکێکە لە مرۆڤە هەڵکەوتووە دەگمەنەکان‌و بلێسەیەکە لە زیرەکیی. هەندێ کەس لەوانەی کە بە سروشت حەسود بوون، کاتێ ئەو بلیمەتە ناوازەیان ڕووبەڕوو بینی، نەیانتوانی ئەو بەخششە خواییەیان پێ هەرس بکرێت، کە لە گەنجینەی نەبڕاوەی خۆی بەوی بەخشیوە. هەروەك تێگەیشتنیان لەوە ئاسان نەبوو کە چۆن بلیمەتێکی ناوازەی وا، لە پۆشاکی شاڵ‌و شەرواڵی کوردیدا هەڵکەوتووە؟... بەڵێ هاتنی سەعیدی کوردیی بۆ ئەستەمبوڵ، لەو کوردستانەوە-

---

١ بڕوانە: پاشکۆی بەڵگەنامەکان، هەندێك وێنەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی تێدایە کە نورسی بابەتی تێیاندا نوسیون.

٢ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا:٤٦، لە: ساسۆنی، لا: ١٤٣.

که به پێچەوانەی ئێرە، لە زانست بێ بەشەو هەوڵدراوە بە نەزانی لەناو ببرێت–بەونیازە بوو کە سیاسەتی کۆشکی یەڵدز بلەرزێنێت.."[1]

بەهەرحاڵ دەکرێت لەو چەند وتەو برگانەوە بەشێك لە ڕادەی خەمخۆریی‌و جۆری تێگەیشتنی مامۆستا نورسی‌و هاوکارانی لەو کاتەدا تێبگەین، دواجار کاتێك (ئیتتیحادی)یە توندڕەوەکان (کۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی کورد)یان داخست‌و گۆڤاری (کورد)یان پێچایەوە، مامۆستا نورسی‌و پیرەمێردی شاعیر، پێکەوە گیران‌و پێکەوەش ئازاد کران. ئەم بابەتەش بۆ خۆی بەسەرهاتێکی شیرینی لەسەرەو لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بە جیا شتێکی لەسەر دەنوسم.

## ٢/ کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد، (١٩٠٨ز):

(ڕۆبرت ئۆلسن) پێی وایە کە (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد) لقی ڕۆشنبیریی (کۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی کورد) بووە. کە ساڵی ١٩١٩ز لە ئەستەمبوڵ قوتابخانەیەکیان بۆ قوتابییە کوردەکان کردەوەو سێ هەزار قوتابیی لێی سوودمەند بوون. هەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەرکرد وەك درێژکردنەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ەکەی (قاهیرە) کە میقداد مەدحەت بەدرخان پێشتر دەری دەکرد.[2] محەممەد میهریی هەورامانی خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە بووە. شایانی باسە مامۆستا سەعیدی نورسی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد

---

١ بڕوانامەی هەردوو قوتابخانەی موسیبەت، سەعیدی نورسی، وەرگێڕانی: فاروق ڕەسول، بەیروت، ٢٠١٤، لا: ٢١. (مەبەست لە یەڵدز کۆشکی سوڵتانە عوسمانییەکانە).

٢ بڕوانە: (قیام شیخ سعیدی پیران)ی رۆبرت ئولسن، لا: ٣٨. نمونەکەی لە بەشی بەڵگەنامەکان ببینە.

بووه.[1] تاریق زەفەر تونیایا –کە بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی ناوبراوە– جەخت لەسەر ئەندامێتی مامۆستا نورسی دەکاتەوەو لەگەڵ چەندین ناوی تری وەکو: ئەمین عالی بەدرخان‌و دکتۆر عبدالله جەودەت‌و[2] قوتابی نورسی خەلیل خەیالی‌و ئەحمەد ڕامیزو چەندینی تر، ناوی سەعید نورسیش دەبات.[3]

(ڕۆهات) دەڵێت: "جێگرتنی سەعیدی کوردی (نورسی) لەنێو دەستەی دامەزرێنەرەکانی ئەم جەمعییەتەدا، نیشانەی هاوکاریی ئەو بووە... چونکە کۆششەکانی سەعیدی کوردی بۆ سەرهەڵدانی جەماوەریی لە دژی دەسەڵاتی عەبدولحەمید، بە بەشداریکردنی لەو جەمعییەتەدا، واتایەکی دیکەیان پەیدا کرد."[4]

ئەم ڕێکخراوە چەندین داواکاریی هەبوو، لەوانە: بە ڕەسمیی دەسەڵاتی تورکیی دان بنێ بە زمانی کوردیدا، کردنەوەی زانکۆیەك لە کوردستان، دەرکردنی چەندبڵاوکراوەو گۆڤارێکی سیاسی بەزمانی کوردیی، دیاریکردنی نوێنەرێکی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی تورکیادا، کە کۆمەڵی ئیتتیحادو تەرەققی تورك ڕێگرییان لێ کردبوو، گەشەدان بەئابووریی کوردستان.[5]

---

١ بڕوانە: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، ٢٠١١، لا: ٤٥ و ٤٢٨. ناوی تەواوی کۆمەڵەکە: (جەمعییەتی تەعمیمی مەعاریف‌و نەشریاتی کورد) بووە.

٢ دکتۆر عبد الله جەودەت، (١٨٦٩–١٩٣٢)، سیاسەتمەدارو نووسەری بەتوانا، کۆلێژی سەربازیی‌و پزیشکیی لە ئەستەمبوڵ بەدوای یەکدا خوێندووە، ماوەیەك گیراوەو دواتر ئاوارەی جنێڤ بووە، خاوەنی دەیان کتێب‌و وتاری گرنگە لەسەر کوردو عوسمانیی.

٣ بڕوانە کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، ڕۆهات ئەلاکۆم، وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە، لا: ١١٨. هەروەها: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، لا: ١٢٢.

٤ بەرگە، ژمارە ٤، ١٩٩٠، لا: ٢٢، ڕۆهات، لە جەمعییەتی تەعالی کوردستان، لا: ٤٦.

٥ بڕوانە: نهضة الأكراد الثقافية.. جليل جليلي، بيروت، ١٩٨٦، ص: ٧٨.

**٣/ دامەزراندنی کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی)، (١٩٠٩) لە ئەستەمبوڵ:**

لە ساڵی ١٩٠٩دا جارێکی تر مزگەوت بووەوە مەکۆی پێکگەیشتنی دڵسۆزانی ئاینو وڵاتو ژمارەیەك لە کەسایەتییە خەمخۆرەکانی دانیشتووی شاری ئەستەمبوڵ، وەك: (حەمدی جاویش)و (دەرویش وەحدەتی)و (سوهەیل پاشا)و (ڕەزا پاشا)و (محەممەد صادق)و چەند کەسایەتییەکی تر، لە کۆنگرەیەکی فراواندا لە مزگەوتی (ئەیاصۆفیا)ی دێرینی ئەستەمبوڵ، ڕێکخراوێکیان بە ناوی کۆمەڵەی یەکێتی محەممەدیی (ئیتتیحاد محەممەدی جمعیتی) دامەزراند. لەوێش جێ پەنجەی زاناو کەسایەتییە کوردەکان دیار بوو بۆیە یەکسەر مامۆستا سەعیدی نورسی، ناسراو بە (بدیع الزمان) کە لەوکاتەدا لە ئەستەمبول دەژیا، پەیوەندی پێوە کردن. هەندێك کەسیش پێیان وایە کە سەعید نورسی دامەزرێنەری ڕێکخراوەی (ئیتتیحادی محەممەدی) بووە،[١] ئەوەی کە گومان ناهێڵێتەوە بۆ ئەندامێتی مامۆستا نورسی لەو ڕێکخراوەیەدا، دانپێدانانی خۆیەتی لە کتێبە ناسراوەکەیدا بە (دادگای سەربازیی عورفی)، کە لە هەمان ساڵی دامەزراندنی کۆمەڵەی (یەکێتی محەممەدی) نوسیویەتی، لەوەڵامی پرسیارێکدا کە: ئایا چوویتەتە ناو یەکێتی محەممەدی؟ دەڵێت: "بەڵێ، بەهەموو فەخرو شانازییەکەوە! من لە بچوکترینی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەم، بەڵام بەو شێوەیەی خۆم دەیناسم.."[٢]

نورسی لەو کۆنگرە گەورەیەی مزگەوتی ئەیاصۆفیادا وتارێکی دوو کاتژمێری داو بە دوورو درێژی هەڵو مەرجی سەردەمەکەی ئەو کاتەی باس کرد. ناوبراو بۆ خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دامەزراندنی ئەم

---

١ بڕوانە: (من الفكر والقلب، سعيد رمضان البوطي، دمشق، ١٩٦٩، ص: ٢٧٢).

٢ كليات رسائل النور، سعيد النورسى، ترجمة: إحسان قاسم الصالحى، ٨/٤٤٠.

ڕێكخراوەیە دەكاتو ئەوەش دووپات دەكاتەوە كەپاش چوونە ناویو بە كاریگەریی وتارەكەی ئەو لەسەر باسی ڕێكخراوەكە، تەنها لە شارەكانی (ئەدەپازار)و (ئیزمیت)، (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار كەس لە هەموو شارەكانەوە، چوونەتە ناو ڕێكخراوەكەوە.[١] بۆیە لە كاتی دادگاییكردنەكەی مامۆستا نورسیدا، یەكێك لەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵی، دامەزراندنی كۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی) بووە. ئەویش بەشانازییەوە هۆگریی خۆی بۆ ڕێكخراوی ناوبراو دووپات دەكاتەوەو داكۆكییەكی زۆری لێدەكات، نورسی بۆ خۆی لە بەشێك لە بیرەوەرییەكانیدا دەڵێت:

"بیستوومە هەندێك كەس، وەك بەڕێزان سوهەیل پاشاو شێخ صادق، ئەم ناوەیان گۆڕیوە بۆ شتێكی ساكارو كەمو قۆرخیان كردووە تەنها لە پەرستشو شوێنكەوتنی هەندێك سوننەتی پاكدا، بۆیە پەیوەندییان پچڕاندووە بەو كۆمەڵە سیاسییەوەو بڕیاریان داوە نەچنە ناو سیاسەت. بۆیە ترسامو ووتم: ئەم ناوە (واتە: ئیتتیحادی محەممەدی) مافی هەموو موسڵمانانە، بۆیە تایبەتكردنو سنورداركردن قبوڵ ناكات، لەبەر ئەوە هەروەكو چۆن من چومەتە چەندین كۆمەڵەی ئاینیی– چونكە وام دەبینی ئامانجیان یەكە– هەروەها ئەچمە ئەم ناوە موبارەكەش، بەڵام ئەو (یەكێتی محەممەدی)یەی ناسیمو چوومە ناوی، ئەو بازنە نورانییەیە كە پێكەوە پەیوەستەو لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاواو لە باشورەوە تا باكور درێژ بۆتەوە." پاشان باسی ئەو ڕێكخراوە پەیوەست دەكات بە ئوممەتی ئیسلامییەوەو بەم جۆرە پێناسی ڕێكخراوەكە دەكا:

".. ئەوانەی چوونەتە ناوی، ژمارەیان لە ٣٠٠ ملیۆن ترازاون.

---

١ بڕوانە: (السيرة الذاتية، سعيد النورسي، ص: ١١١).

تۆمارێك كە ناوی ئەندامانی تێدا نوسراوە: (لوح المحفوظ) ە..
شوێنی كۆبونەوەكانی: مزگەوتو تەكیەو قوتابخانە ئاینییەكانن،
مەڵبەندی گشتی: مەككەو مەدینەیە.
سەرۆكەكەی: سەروەری جیهان گەورەمان پێغەمبەری بەڕێزە.
پێڕەوی ناوخۆی ئەم یەكێتی یە: سوننەتو ڕەوییەی پێغەمبەرە.
یاساكەی: فرمانە شەرعییەكانن. چەكو شمشێری: بەڵگە بڕندەكانن.
ئامانجو مەبەستیان: بەرزكردنەوەی وشەی خوایە."[1]

ئەم ڕێكخراوە زمانحاڵێكی بووە بە ناوی (وولقان) كە لە ژێر ئەم ناوەدا نوسراوە: (ڕەواجدەری ئەفكاری یەكێتی محەممەدی)، كە (دەروێش وەحدەتی) خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بووەو سەعید نورسی یەكێك بووە لە نوسەرە هەمیشەییەكانی.[2]

**محەممەد ڕەشید ڕەزاو هەڵوێستی لە (ئیتتیحادی محەممەدی):**

لێرەدا بۆ ئەمانەتی زانستی بە گونجاوی دەبینم كە لە گۆشەنیگایەكی ترەوەو بەخوێندنەوەیەكی جیاوازەوە، دامەزراندنی ئەو ڕێكخراوەیە بخەمە ڕوو ئەویش لەسەر زمانی بیریارو موصلیحی گەورە (محەممەد ڕەشید ڕەزا)ی قوتابی بیریاری گەورە محەممەد عەبدەیە، كە لە هەڵسەنگاندنێكی دوور بە دووردا دەڵێت: "لە سوریە بووم هەواڵی دامەزراندنی (كۆمەڵەی

---

١ السيرة الذاتية، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان قاسم الصالحي، ص: ٩٦.

٢ دەرویش وەحدەتی زۆر دژی حزبە توندڕەوەكەی (ئیتتیحادو تەرەققی) بووە، مامۆستا نورسی لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەكە زۆر سەردانی دەكردو هەوڵی دەدا كە هێورانە تر مامەڵە بكات، دواتر (ئیتتیحادی)یەكان گرتیانو لەسێدارەیان دا. بڕوانە (رسائل النور) إحسان قاسم الصالحی، ٨/ ٥٣٨. بڕوانە بەشی كۆتایی ئەم كتێبە، بۆ بینینی نمونەی گۆڤاری (وولقان).

محەممەدی)م بیست، کە داوای حوکمی شەریعەتو جێبەجێکردنی یاساکان دەکات بە پێی شەریعەت. من بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش نەبووم، هەرچەند ژیانی خۆم تەرخان کردبوو بۆ بانگەواز بۆ ئیسلامو داکۆکی لێکردنی، ترسم ئەوە بوو کە بە ناوی ئایینەوە دژایەتی دەستور بکرێت. تەنانەت لە کۆبونەوەیەکدا لە (یانەی یەکێتی عوسمانی) لە بەیروت، ئەمیر (شەکیب ئەرسەلان) دەربارەی ئەو کۆمەڵەیە ڕای لیٚ وەرگرتم، منیش وتم: ترسم زیاترە لێی، تا ئەوەی ئومێدم پێی ببێت، بۆ نمونە ئەگەر داوا بکا لە(ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوممەت) کە یاساکان بە پێی کتێبەکانی مەزهەبی حەنەفی بێت – بەو مەرجانەی ئەوان بۆ فتوا پشتیان پێبەستووە –ئەوە حەرەجو بارگرانییەکی گەورە دروست دەکات، واش نازانم دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە هێندە لە پلەیەکی بەرزدا بن کە داوای پارێزگاری لە بنەما نەگۆڕەکانی قورئانو سوننەت بکەنو تەنها ئەوە بکەنە مەرج کە هیچ یاسایەك دژیان نەبێت، کە ئەوە بۆ خۆی بەسە."

پاشان ڕەشید ڕەزا دەڵێت: "بەدڵنیایی لە ئاینی ئێمەدا شتێك نیە دژی شارستانێتی هاوچەرخ بێت، لەو شتانەدا کە بە سوودی نەتەوە پێشکەوتووەکانە، جگە لە هەندێك بابەتی تایبەت بە مامەڵەی سوو، بۆیە من ئامادەم ڕێکخستن بکەم لە نێوان ئیسلامی ڕاستەقینەو هەموو ئەو شتانەی عوسمانییەکان پێویستیانە بۆ گەشەپێدانی دەوڵەتەکەیان، لەو شتانەی ئەورووپیەکان تاقییان کردۆتەوە، بە مەرجێك پابەند نەکرێم بە مەزهەبێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو قورئانو سوننەت سەرچاوە بن." [1]

---

١ مجلة المنار، محمد رشيد رضا، ١٢/٢٣٣.

### ٤/ گروپی ئیصلاحی بنچینەیی:

ئەم ڕێکخراوە لە شاری پاریس لەسەر دەستی شەریف پاشای خەندان، لە ١٩٠٩ بەناوی (إصلاحات أساسية عثمانية فرقەسی) دامەزرا، ئامانجی ڕێکخراوەکە ململانێو بەربەرەکانێی کۆمەڵی تورانیی(ئیتتیحادو تەرەققی)و ئیصلاحی بارودۆخی سیاسی هەموو دەوڵەتی تورکیا بوو، گۆڤارێکی دەرکرد بە ناوی (مەشروتیەت)،[1] دواتر لە ١٩١٣ حزبی (حريتو ائتلاف) دامەزراو شەریف پاشا بووە سەرۆکی.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی لە چەندین جێی ئەم کتێبەدا جەختم لەسەر کردۆتەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە (شەریف پاشا) لەپێڕەوی ناوخۆی ئەو حزبەیاندا (گروپی ئیصلاحی بنچینەیی) ئەم ئامانجەی وەك یەکێك لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی حزبەکە، تۆمار کردووە: "چاککردنی یاساکان بە پێی ڕێساو (قاعیدە)کانی شەرع، بە شێوەیەك کە دەبێت ئاستەنگ لەبەردەم ئازادیی ڕەفتارو پەیوەندییەکاندا دروست نەکات." هەروەها لە ماددەیەکی تردا جەخت دەکاتەوە کە: "دەبێت ئاینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی ئاینی ئیسلام بێت، چونکە ئەم پرەنسیبە بەهێزو بنجبەستووە هۆکاری پاراستنی ئیمتیازاتە دینییەکانو دەستەبەرکاری مافی کەنیسەکانو ئازادیی مومارەسەی ئاینیی غەیرە موسڵمانەکانە." [2]

---

١ لە ئەرشیفی هەردوو کتێبخانەی حکومەتی سوید لە (ئۆبسالا) و (ستۆکهۆڵم)، ٥٤ ژمارەکەی ڕۆژنامەی (مەشروتیەت) پارێزراون. (بڕوانە کتێبی: سنوات عاصفة لدبلوماسي كوردي، روهات الأكوم، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦، ص: ٧٤).

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ٨٤.

٥/ کۆمەڵەی هێڤی قوتابیانی کورد (جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان) ١٩١٠ز:

بەپێی زۆرێك لە سەرچاوەکان ساڵی ١٩١٠ز ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە بۆ بڵاوکردنەوەی زانستو زانیاریی‌و پشتیوانیی قوتابیانی کورد، لە شاری ئەستەمبوڵ دامەزراو ژمارەیەك لە قوتابیانی مامۆستا سەعید نورسی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە دامەزراندنیدا، لەوانە: بە پلەی یەکەم خەلیل خەیالی، حەمزە موکسی، محەممەد میهری (هەورامانی)، ئەحمەد ڕامیز، ئەمانە لەگەڵ کەسانێکی تری وەکو قەدری جەمیل پاشا، فوئاد تەمۆ، شوکری سەگبان، بەردەوام لە هەوڵدا بوون بۆ هاندانی قوتابیانی کورد، "بە تایبەتی خەلیل خەیالی بەگ، خوێندکارانی هانداوە بۆ ئەوەی (هێڤی) دابمەزرێنن... ئەم کەسانە ڕۆژانێکی زۆر بۆ نووسینی پێڕەوی کۆمەڵەکە لە مزگەوتی مەکتەبدا کۆدەبنەوە، ساڵی١٩١٢ بەشێوەی ڕەسمیی مۆڵەت لە حکومەت وەردەگرن‌و دامەزراندنی (هێڤی) ڕادەگەیەنن."[١]

پێویستە لێرەدا ڕۆڵی دڵسۆزانەی (خەلیل خەیالی) بنرخێنین، لە خزمەتکردنی قوتابی‌و خوێندکارانی کورددا. خەلیل – کە قوتابییەکی پەروەردەبووی مامۆستا سەعید نورسی بووە– بەچەندین وتاری حەماسی‌و گەرم، هانی لاوانی دەدا کە بخوێنن. هەروەك لە چەندین وتاریدا کە پێش نزیکەی سەد ساڵ نووسیونی‌و بڵاوکراونەتەوە، ڕەخنە لە زاناو مەلاو خوێندەوارانی کورد دەگرێت، کە بە عەرەبی و فارسی‌و تورکی دەنووسن‌و خۆیان فێری زمانی کوردیی ناکەن، بۆیە لەم لایەنەوە چەند پەرەگرافێکی دەگوێزمەوە. لە وتارێکیدا کە ساڵی (١٩١٣ز) بڵاوی کردۆتەوە، لە دە خاڵدا

---

١ جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، لا: ٩٧. جێی باسە لە ژمارە (٤)و(٥)ی گۆڤاری (هەتاوی کورد)ی ساڵی ١٩١٤و ژمارە (٢١)ی (ژین)ی هەمان ساڵدا، ناوی کۆمەڵەکە بەو ناوە (واتە: هێڤی فەقیهیێ کوردان) هاتووە∞

پێداویستییه زانستییو ڕوناکبیرییەکانی کورد ڕیزبەندیی دەکات، که لەم تەوەرانەدا کۆ دەبنەوە:

- سیستمێك بۆ پیتی کوردییو ئەلفو بیو فەرهەنگێك بۆ فێربوونی زمانی کوردییو نووسینو خوێندنی ڕێزمانی کوردیی.
- مێژووی باوباپیران و ژیاننامەی ناودارانو شاعیرانی کورد.
- کتێبێك که یاساو ڕێساکانی دینی ئیسلامی تێدا بنووسرێت.
- نووسینی ناوی خێڵە کوردەکانو ئامارگرتنی ژمارەی نفوسەکانیانو نووسینی نەریتو ڕەفتاری کوردو ناوچەکانیان.
- کتێبێکی بیرکاریی..

لەکۆتایی ئەو وتارەیدا، خەلیل ڕوو بە خوێندەوارو مەلایانی کورد نووسیویەتی: "پێویسته بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانه هەرچی کتێبی کوردیتان هەیه بینێرنو بەیتو بالۆرەبێژەکانیش هەموو چیرۆکو قسەکانیان بنووسنەوەو بیاننێرنو مەلاو فەقێکانیش درێغی له ئاشکراکردنی ئەو شتانەی که دەیانزانن نەکەن... برایینه! تکاتان لێ دەکەم که سەبارەت به خزمەتکردنی کوردایەتیو موسڵمانێتیی کەمتەرخەم نەبن، دەتوانن هەموو شتەکانتان بۆ (جڤاتا هێڤی) بنێرن."[1]

جێی سەرنجه له دامەزراندنی کۆمەڵەی (هێڤی)دا- که ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی بوو- کوردانی خەمخۆرو ڕوناکبیری زۆربەی بەشەکانی کوردستان، بەشدار بوون، بۆ نمونه: له باشوری کوردستانەوە ناوی عەبدولعەزیزی بابانیو عەبدولکەریمی سلێمانەیی، له خۆرهەڵاتیشەوە ناوی محممەدی میهریی هەورامی، مستەفا شەوقی مەهابادی،

١ بڕوانه: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ١٤٨-١٤٩.

هاتووه، جگه له بەشدارانی باكوری كوردستان، كه پاش ماوەیەك بە صەدان كەس پەیوەندییان پێوه كردووه.[1]

ڕێكخراوەكه سەرەتا ناوی (جڤاتا هێڤی فەقیهێ كوردان) بوو، دواتر پێیان وتووه: (جڤاتا هێڤی قوتابییانێن كورد).[2] دوباره لەم ڕێكخراوه مێژووییەشدا ڕۆڵی كەسایەتییه ئیسلامییەكان سەرەكیو بنەڕەتیی بوو، چونكه ڕۆڵەی دڵسۆزی كورد (خەلیل خەیالی)– قوتابییه خۆشەویستەكەی سەعید نورسی–جگه لەوه كه یەكێك له دامەزرێنەرانی بوو ژمێریارو سەرپەرشتیاری ڕێكخراوەكەش بوو هەر بۆ خۆیشی بنەماكانی ڕێكخراوەكەو پێڕەوەكەی نووسی، كه له بەشێك له مادەكانیدا هاتووه:

" ا– بە یەكدیناساندنی قوتابیانی كوردو دروستبوونی پەیوەندی برایانه لەنێوانیاندا. ب ـ هەوڵدان بۆ چاككردنی زمانو ئەدەبیاتی كورد.

ج ـ تێكۆشان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستیو كۆمەڵایەتی كوردان"[3]

شایانی باسه مامۆستا بدیع الزمان سەعیدی نورسی له كتێبێكیدا ستایشێكی زۆری ئەم قوتابییەی خۆی دەكات، كه مامۆستا ڕەسوڵ هاوار لێی نەقڵ دەكات، نورسی دەڵێت: "خەلیل خەیالی ئەو كەسەیه كه بناغەی پیتەكانی ئەبجەدی كوردیی داهێناو بناغەی زمانی كوردی دانا.[4] ئەو كوردە

---

١ بۆ ناوی دامەزرێنەرانو ئەندامانی بەرچاوی ئەو ڕێكخراوه، بڕوانه: ڕۆژی كورد، ئامادەكردنی عبد الله زەنگەنه، بنكەی ژین، سلێمانی. جەمعییەتی تەعالیی كوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی. في سبیل كردستان، نزار سلوبي.

٢ له ژماره ٤ و٥ ی گۆڤاری (هەتاوی كورد) دا ئاماژه بەمه كراوه.

٣ ڕۆژی كورد، ئامادەكردنی عبد الله زەنگەنه، بنكەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا: ٧٥.

٤ مەبەستی سەعید نورسی لەو بەرهەمە، كتێبەكەی (خەلیل خەیالی)یه لەسەر شێوەنوسینی كوردی كه بەناوی (ئەلفبای كرمانجی) له ساڵی١٩٠٧ نوسیویەتیو له←

نیشتیمانپەروەرە وەك ئەستێرەیەكی گەشەداری ئاسمانی كوردستان وایە. خەلیل داهێنەری بناغەی چۆنیەتی گۆڕینی زمانەكەمانە."

لە كۆتاییدا مامۆستا نورسی دەڵێت: "داوا لە هاووڵاتیان دەكەم ڕێبازی ئەو بگرنە بەرو بیرو بۆچونەكانی بكەن بەبناغەی سەرەتای وانەكانمان."

پاش ئەو نەقڵە لە نورسی، ڕەسوڵ هاوار دەڵێت: "ئای چەند گرنگەو جێی دڵخۆشكردنە! لەناو كوردا مامۆستایەكی بەرزی ئەو سەردەمەی وەكو بدیع الزمان، ئا بەو جۆرە ڕێزی لە قوتابییەكی خۆی گرتووەو بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵكو داوای لە هاووڵاتیانی كوردیش كردووە كە پێڕەوێتی ئەو بكەن، كە لام وایە لە ناو كوردا كەمجار مامۆستای وا بەرزو پاك هەڵدەكەوێ بەرامبەر بە قوتابییەكی خۆی." [1]

جگە لە خەلیل خەیالی، كەسانێكی تری وەك: قەدری جەمیل پاشا (زنار سلوپی)، ئەكرەم بەگی جەمیل پاشا، مەمدوحی سەلیم بەگ، فوئاد تەمۆ، لە دامەزراندنی كۆمەڵەی (هیڤی)دا بەشدار بوون.

---

→ئەستەمبوڵ چاپكراوە، كە بە یەكەمین دەستپێشخەری ڕوناكبیرێكی كورد دادەنرێت لە نوسینی ئەو بابەتەدا. لە بەڵگەنامەكانی ئەم كتێبەدا وێنەی بەرگی ئەو كتێبەی خەلیل بەناوی (ئەلفبای كرمانجی) كە لە ئەستەمبول ئەحمەد ڕامیز بۆی چاپ كردووە، ببینە.

١ مێژووی كوردو باكوری كوردستان، محەممەد ڕەسوڵ هاوار، لا: ٤٧٢. قسەكەی نورسی لەو كتێبەیدایە بەناوی (ئیكی مكتب شهادەتنامەسی) كە بەتوركی نوسیویەتی. (زنار سلوپی)یش ئەم باسەی لە (في سبیل كوردستان) لا: ١٨ گێڕاوەتەوە.

له ڕووی پەیوەندییەکانەوە: "کۆمەڵە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییە عەرەبییەکاندا هەبوو، کە سەرکردایەتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی دەکرد لە ویلایەتە عەرەبییەکاندا." [1]

له ڕووی چالاکیی ڕۆژنامەگەریشەوە، لە حوزەیرانی ١٩١١ دا گۆڤاری (ڕۆژی کورد)یان وەك ئۆرگانی (هێڤی) بڵاو کردەوە، کە لەسەری نوسرابوو: "ئاینی، سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەییە" عەبدولکەریم کوڕی حاجی عەولاّ (عبدالله)ی حەمە شارباژێڕیی (١٨٨٠-١٩٢٩)، خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری نوسینی بووە وەك لەسەر بەرگەکانی دیارە.[2]

ئەم عەبدولکەریمە لە یەکەم ژمارەیدا وتارێك بە شێوەزاری سۆرانی بڵاو دەکاتەوەو تیایدا دڵسۆزیی خۆی بۆ ئاینو نەتەوەکەی دووپات دەکاتەوەو باسی پێویستی خوێندەواریی‌و زۆر بابەتی دی دەکاتو لە بەشێکیدا دەقاودەق دەڵێت: "حەیفە برای دینیمان نەزانن مەعنای حکومەت چیە؟ مەجلیسی مەبعوسان (ئەنجومەنی نوێنەران) وەزیفەی چیە؟ دەوڵەت چیە؟ فائیدەی تەئریخو جوگرافیا چیە؟ بۆچی دەبێت ئینسان لە عیلمی حقوقو ئیقتیصاد شارەزا بێتو سەمەری چیە؟ قانون چیە، بە عەمەلی چی دێت؟ عیلمی زەراعەت بۆچی چاکە؟ ئەمانە یەك یەك خەزنەیە، کیمیایە.. ئیمڕۆ پیاوێك کە موتتەلیع بێت بەسەر ئەمانە، تەئمینی ئیدارەی خۆی دەکا، فیکری ئیسلام

---

١ شۆڕشەکانی کورد، جەلیلی جەلیل، وەرگێڕانی بۆ کوردی: بەهادین جەلال، لا: ١٢٢.

٢ نمونەیەك لە کۆپی بەرگی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، لە بەشی بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبەدا ببینە. شایانی باسە ئەم عەبدولکەریمە دوای داخستنی گۆڤارەکە گیراو حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، بەڵام بە تکای چەند کەسایەتییەك لە خێزانە بابانەکان، ڕزگاری بوو. بڕوانە: (باقة دراسات كوردية، كمال رؤف، آراس، ٢٠٠٦، ص: ١٣٠).

مونەووەر دەبێت...موتەمەددین دەبێت ... تەوسیعی دینی ئیسلام دەکا، ئیرشادی جاهیلیێ دەکا، لەناو تاریکی جەهلدا کەسو برای دینی دەر دەکا." [١]

لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە خولگەی سوڕانەوەی ئەم کتێبەمانە– واتە پێکەوەگرێدانی هەستو پابەندیی ئیسلامیی‌و خەباتی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی، لە شۆڕش‌و ڕاپەڕین‌و ڕێکخراوە کوردییەکاندا– بەپێویستی دەبینم چەند پەرەگرافێك لە چەند بەیان‌و وتارێکی ئەو گۆڤارە (ڕۆژی کورد)– زمانحاڵی ڕێکخراوی (هێڤی)–دەقاودەق بێنمەوە، بۆ دڵنیاکردنەوەی خوێنەری بەڕێز، چونکە لە دەیان وتاری نوسەرە لائیك‌و چەپەکان– تەنانەت ناسیۆنالیستەکانیش– دا، هەستم کردووە خۆدەبوێرن لەم بابەتانە، سەرەڕای ئەوەش ئاقاری باسەکانیان ئەم ڕێکخراوەی (هێڤی)و گۆڤارەکەشیان بێت:

سەرەتا بە بەیاننامەیەکی سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە دەست پێدەکەم کە لە ئۆرگانی ڕەسمیی ئەو ڕێکخراوەدا (گۆڤاری هەتاوی کورد) بڵاو کراوەتەوە. تیایدا هاتووە: "دینە ئاشکراو ڕوونەکەمان فەرمانی ئەوە دەدات بە موسوڵمانان کە بەدوای فێربوون‌و پێشکەوتندا بڕۆین. جەنابی حەق لە قورئانی پیرۆزدا فێربوونی زانست دەکاتە فەرزێکی ئاینی بەسەر موسوڵماناندا. ئێمە ئەگەر بمانەوێ ملکەچی خودای گەورە بین ناچارین فێری زانست‌و هونەر ببین‌و خۆمان پێشبخەین.. جەنابی حەق هەمووجۆرە زیرەکیی‌و تێگەیشتوویی‌و لێهاتووییەکی بە کورد بەخشیوە، بۆیە دەتوانین لە ماوەیەکی کورتدا خۆمان پێشبخەین... پێویستە هەموو گەورەو بچووك، دەوڵەمەندو هەژارێکی کورد، بزانێت کە قەرزاری ئاین‌و نەتەوەکەیەتی‌و هەوڵی بەجێهێنانی ئەرکەکانی خۆی بدات... باشترین‌و بەسوودترین ڕێگای کارکردن یەکگرتنە. هەموو ئەو

---

١ گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، ژمارە یەك، ١٩١٣/٦/١٩، ل: ٢٢.

نەتەوانەی کە تازە ووشیاربوونەتەوە، سەرەتا کۆمەڵەو ڕێکخراویان دامەزراند، دوای ئەوەش گەیشتنە ئامانجەکانی خۆیان.."

پاشان هۆکارە پاڵنەرەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوی (هێڤی)و بەشێك لە ئامانجەکانی، بەمجۆرە دەخاتە ڕوو:"ئێمەی گەنجانی کورد لەئەستەمبوڵدا، هەوڵی فێربونی زانستو هونەر دەدەین، بۆ بەجێهێنانی ئەرکە ئاینیو نەتەوەییەکانمان، جڤاتی (هێڤی)مان دامەزراند... بەکورتی ئامانجی کۆمەڵەکەمان خزمەتکردنی دینو دەوڵەتو کوردایەتییە، کە ستونێکی پتەوی ئیسلامەتییە."[1]

ڕەنگە ئەم هیممەتو غیرەتو جوامێرییە وای کردبێت کە کەسێك بەناوی (کوردیێ بتلیسی) دەرهەق بە ڕێکخراوی (هێڤی)و سەرکردەکانی بڵێت: "(هێڤی) بناغەی دەزگا نەتەوەییەکانە، سەرکردەکانی (هێڤی)ش موجاهیدن."[2]

لە بەیاننامەیەکی تری (هێڤی)دا ڕوو بە سەرکردەو زانایانی کورد، لاوانی بنیاتنەری (هێڤی) وتویانە: "ئەمڕۆ هیچ ئەرکێکی زانایانو گەورەکانی کورد بەئەندازەی ئەرکە دینیو نەتەوەییەکانیان گرنگ نیە، چارەنوسی پێکهاتەیەکی گەورەی دنیای ئیسلام لە دەستی ئێوەدایە..پێشخستنی ڕۆشنگەریی لەنێو ئەم پێکهاتەیەدا زیاتر لە هەموو کەسێك ئەرکی ئێوەیە... ئافەرینەری گەردوون دەفەرموێت: (ئایا زانایانو نەزانان وەك یەك وان؟).. جەنابی حەق بەرپرسیاریو گوناحی کردەوەی هەرکەس دەخاتە ئەستۆی خۆی، لەبەرئەوەش پێویستە هەرکەس ئەرکی دینیو نەتەوەیی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات."

---

١ ژمارە ٤ وە٥ ی گۆڤاری (هەتاوی کورد)، بە نەقڵ لە جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ٩٢و ١٨٤–١٨٦.

٢ ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە: ١٤، ساڵی ١٩١٩ز، ئەستەمبوڵ. وتاری (لەسەر زمانی کوردیی).

له کۆتایی بەیاننامە ژیرانەکەیاندا وتویانە: "ئەی گەورە بەڕێزەکانمان! کام لەئێوە دەتوانێت لە ئاست ئەم ئامانجانەو نیازپاکیی لاوانو پێداویستییەکانی نەتەوەدا کەمتەرخەمو بێهەست بێت؟! لەبەر ئەمەش وەکو دوا قسە دەڵێین: ئەگەر دەتانەوێ ئەرکەکانی خۆتان لە بەرامبەر ژیانی کوردایەتیو تیشکە پرشنگدارەکەی جێبەجێ بکەن، ئەوا مەیدانێکی فراوانی خزمەتتان لەبەردەمدایەو جەمعییەتی(هێڤی)ش بۆ ئەوە دامەزراوە. ئیتر پێویستە ئاگادار بن لەوەی کە ڕزگاریی کوردو ئیسلامەتیی پەیوەندیی بەتێگەیشتنی دینیو نیشتیمانپەروەریی ئێوەوە هەیە."[1]

(ئیسماعیل حەقی بابان زادە)،[2] یەکێك لەنووسەرە بەرچاوەکانی (ڕۆژی کورد) لەوتارێکیدا، کە بە تورکی لەژێر سەردێڕی (ئیسلامەتییو کوردایەتیی) نوسیویەتی، لە ژمارە(٢)ی گۆڤاری ناوبراودا دەڵێت:

"بە پێی مێژووی کۆنو نوێ، نەتەوەی کورد یەکێك لە گرنگترین گۆشە پێکهێنەرەکانی خێزانە گەورەکەی ئیسلام بووە، لەڕاستیدا کورد بۆ ئیسلامەتیی، ناودارترین سەرکردەو میرو زاناو شاعیری پێگەیاندووە، واتە هەم دەستو مێشکی، هەم شیرو قەڵەمی، بۆ بەرزیی ئیسلام تەرخان کردووە، بەڵام لەو سەدانەی دواییدا لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە لەبیر کران، خزمەتی کورد بۆ ئیسلام تاقانەیەو لە دینداریی‌و پابەندییان بەم ئاینەوە بێهاوتان، ئەو

---

١ گۆڤاری هەتاوی کورد، ئەستەمبوڵ، ژمارەی ٤و ٥، ساڵی ١٩١٤. بە نەقڵ لە: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، لا: ٣٥٠-٣٥٤.

٢ ئیسماعیل حەقی بابان زادە (١٨٧٦- ١٩١٣)،کوڕی مستەفا زیهنی پاشایە، وتاربێژو یاساناسێکی ناودار بوو. ماوەیەك ئەندامی پەرلەمان بووە، پاش کودەتای ١٩٠٨ کراوە بە وەزیری مەعاریف. بە لاویەتیو لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. (بڕوانە وتاری ئەمین زەکی بەگ لە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە ٥و ٦ی ساڵی ١٩٤١).

دڵسۆزیی‌و خواپەرستیی‌و تەقوایەی ئەوان بۆ ئیسلام کردوویانە، پێویستە بە ئەندازەی ئەو ڕەنج‌و هەوڵەیان، پارێزگاریی لێوە بکرێت."

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت: "لەم سەردەمەدا خزمەتی هەر ئاینێك بە شێوە کۆنەکان ناکرێ، بەهێزبوونی هەر میللەتێکیش کە بەشێك بێت لە ئیسلام، بەهێزبوونی ئیسلامەتییە."

پاشان لەسەر ئەو بنەمایە ئاماژە دەکات بە گرنگیی زمان‌و جەخت دەکاتەوە کە دەبێت گرنگیی بە زمان‌و فەرهەنگ‌و کلتوری کوردیی بدرێت، چونکە بە بایەخدان بە زمانی نەتەوە جیاجیاکان، هەم نەتەوەکان سوودمەند دەبن، هەم ئوممەتە گەورەکەی ئیسلام قازانج دەکات. دەڵێت: "نوسین بە زمانی هەر نەتەوەیەك هێمای نەتەوایەتییە، هەر نەتەوەیەکیش زمانی خۆی بەکار نەهێنێ، بیری ئاینیشی ناکرێتەوە."

لەکۆتا بڕگەدا دەڵێت:"بەرنامەو پرۆگرام بەمجۆرەیە: یەکەم ئیسلام، پاشان کورد. بەمجۆرە دەبێت ئیسلامەتی خزمەتی کوردبوون بکات، هەستی ئاینیش لەناو کوردا بەهێزدەبێت‌و خزمەتی ئیسلامەتیی‌و کوردایەتی دەکات."[1]

ناوبراو (ئیسماعیل حەقی بابان زادە) لەوتارێکی تریدا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گومانانەی کە هەندێك لە ڕەگەزپەرستە تورکەکان دژی کورد دەیانوروژاند –کە گوایە ئەگەر کورد داوای مافی خۆی بکات ئەوە ڕەگەزپەرستیی کردووە– دەڵێت: "شانازیی بەکوردبوونی خۆمەوە دەکەم. ئەم گەلە بەر لەهەموو شتێك گەلێکی موسوڵمانە، پاکە، پایەدارترین‌و گرنگترین دەستەی دونیای ئیسلامەتیی‌و عوسمانیشە.. لەپلەی سێیەمیشدا کوردە، بەو پێیە وەکو بەشێکی سەرەکیی دونیای پرشکۆو بێداریی ئیسلامەتی‌و پێکهاتەیەکی گرنگی دەستەی پڕ هەیبەتی عوسمانیی کەڵکێکی زۆری هەیە...

---

١ گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، زمانحاڵی کۆمەڵەی (هێڤی)، ژمارە: ٢، لە ١٩١٣/٧/١٩. لا: ٥.

لەو کاتەوە کە کورد لەناو بازنەی ڕزگاریی ئیسلامیدا جێگەی خۆی گرتووە، یانی لە قۆناغە سەرەتاکانی ئیسلامەوە تا ئێستا، هیچ کاتێك بەرامبەر بەم دینە پیرۆزە، ڕانەپەڕیوەو دژایەتی نەکردووەو نایکات."[1]

بەمجۆرە هەر موزایەدەکردنێکیان لە موسڵمانێتیدا بەسەر کورداو هەر خۆبردنەپێشێکیان لەسەر حیسابی کورد، ڕەد کردۆتەوە.

ئەمە نمونەیەکە لە وتارەکانی (ڕۆژی کورد)و بیرو بۆچونی بەڕێوەبەرو نوسەرانی، کە بەداخەوە نوسەرانو دامەزراوەو دەزگا ڕوناکبیرییەکانمان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نادەن.[2] دواتر کە تورکەکان گۆڤارەکەیان داخست، لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ناوی (ڕۆژی کورد)یان گۆڕی بۆ (هەتاوی کورد)، پاشان کردیان بە (ژین) کە خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەرەکەی عەبدولکریم ڕۆستەمی سلێمانەیی بوو.[3] شایانی باسە (ژین) لە ساڵانی ١٩١٨–١٩١٩، لە شاری ئەستەمبوڵ درێژەی هەبوو، بە زمانی کوردیو

---

١ جەمعییەتی تەعاونو تەرەققی کورد، لا : ١٨٤.

٢ جێی سوپاسە کە بنکەی (ژین) لە سلێمانی لە بواری پاراستنی زۆرێك لە بڵاوکراوە کوردییەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆڵی بنەڕەتییان گێڕاوە. یەکێك لە بەرهەمە نایابەکانیان کۆکردنەوەو چاپکردنەوەی ژمارەکانی (ڕۆژی کورد)ە، کە ساڵی٢٠٠٥ بە هەوڵی بەڕێز عبد الله زەنگەنەو ژمارەیەك نوسەر، بە نوسینەوەی نوێ، هاوڕێ لەگەڵ ئۆرژیناڵەکان، چاپ کرانەوە. دەستیان خۆش بێو نمونەیان زیاد بێت.

٣ بڕوانە یاداشتەکانی (زنار سلوپی) (١٨٩٢–١٩٧٣)، کە خۆی یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی (هێڤی)و بەشێکی یاداشتەکانی تەرخان کردووە بۆ باسی ئەو ڕێکخراوە، عەلادین سەجادیش لە مێژووی ئەدەبی کوردی، لا: ٦١، هەمان ساڵی داناوە بۆ دامەزرانی هێڤی، هەیشە پێی وایە ١٩١٢ ڕاگەیەنراوە.

تورکی شیعرو بابەتی بڵاو دەکردەوە، ٢٥ ژمارەی لێ دەرچوو. سەرەتا ئەشرەف حەمزە، پاشان مەمدوح سەلیم بەرپرسی بوون.[١]

## ٦/ قوتابخانەی فێرکاریی (جەمبرلی تاش)ی ئەستەمبوڵ:

لە ساڵی ١٩١٠ کۆمەڵەی (بڵاوکردنەوەی فێربوونی کوردی)و قوتابخانەیەك بۆ قوتابییە کوردە نیشتەجێکانی ئەستەمبوڵ، لە لایەن کەسایەتی بەتواناو ناودار، (خەلیل خەیالی)یەوە، لە ناوچەی (جەمبەرلی تاش)ی ئەستەمبوڵ دامەزرا، لە هەمان ئەو شوێنەی کە بارەگای (هێڤی) تێدا بوو، هەر بۆ خۆیشی شەوانە وانەی فێرکردنی زمانی کوردیو ڕەوشتو پەروەردەی نیشتیمانیی، بە منداڵانو لاوانی قوتابی کورد دەگوتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە شارە کوردییەکانەوە چووبوونە ئەستەمبوڵ، بە مەبەستی خوێندن.هەروەها ئەحمەدڕامیزو سەعید نورسیش وانەیان تێدا دەگوتەوە.[٢]

وا دیارە مامۆستا نورسی لەو ساڵانەی سەرەتای چوونیدا بۆ ئەستەمبوڵ زۆر کاری کردووە لەسەر زمانی کوردیو فێرکردنی زمانی کوردیو مەبەستی بووە کە بە هەموو شێوەیەك لەو لایەنەوە هاوکار بێت. بۆیە لە سەرێکەوە لەو قوتابخانەیەدا بەشدار بووەو لە سەرێکی ترەوە زۆر هانی خەلیل خەیالی داوەو پشتیوانیی لێ کردووە– کە قوتابی خۆی بووە – بۆ ئەو بوارە. تەنانەت بۆ یەکەم جار وەك مەلایەکی کورد بە زمانی کوردی وتاری

---

١ بەسوپاسەوە بەڕێز (ئەمین بوز ئەرسەلان) ساڵی ١٩٨٥، کۆپی ژمارەکانی (ژین)ی لەگەڵ نوسینەوەیان بە شێوە پیتی لاتینی بڵاو کردەوە، وێنەیەکی لای بەندە پارێزراوە، (بڕوانە بەشی کۆتایی ئەم کتێبە بۆ بینینی وێنەکەی)، بریا بە شێوە ئەلفبای کوردیش بنوسرانایە، تا خوێنەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان سوودیان لێ ببینینایە.

٢ بڕوانە: الأسرة البدرخانية، د.صلاح هروري، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦، ص: ٤٩.

نوسیوه، وەك وتارەكەی بە ناوی (زمانمان كوردی) یە لە یەكەم ژمارەی ڕۆژنامەی (كورد) زمانحاڵی كۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی كورددا، لە ١٩٠٨.

لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر د. عز الدين مستەفا ڕەسول دەگێڕێتەوە كە قەدری جەمیل پاشا (زنار سلوپی) بۆی گێڕاوەتەوە، لە ساڵی ١٩٠٨ دا لەگەڵ ئەكرەم بەگی ئامۆزایدا چوونەتە ئەستەمبوڵ‌و دیویانە لە شوێنێك نوسراوە: (مەدرەسەی مەلا سەعیدی كوردی). چوونەتە ژورەوەو مامۆستا نورسی پێی خۆش بووەو پێی گوتون: "كوڕم ! بەخێر بێن. منیش پێتان شادم. لە خوێندنی زانستگاكان باشتر ئەوەیە كە هەموو ڕۆژێك بێنە لای من كوردیی بخوێنن. كوردی فێربوونەكە فەرزترە." قەدری بەگ دەڵێت: "ماوەیەك دەچووین كوردیمان دەخوێند. هەر ئەو (مەلا سەعید)ە بەشێكی ناوخۆی پیشانداین، كە خەلیل خەیالی بەڕێوەی دەبرد، بە ڕۆژ لای ئەو (مەلا سەعید) كوردیمان دەخوێند، بە شەویش خەلیل خەیالی كوردایەتی فێر دەكردین."

لە كۆتایی ئەم بیرەوەرییەیدا دكتۆر عز الدين ڕەخنە لەوانە دەگرێت كە لە هەوڵی شێواندنی بەشێك لە مێژووی مامۆستا نورسیدان، گوایە لە وەرگێڕانی هەندێك شوێنی كتێبەكانیدا وشەی (كوردستان)یان لابردووە[1]،

---

١ جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بكەم كە بەندە ساڵی ١٩٩٥و١٩٩٦ زنجیرە وتارێكم لە ڕۆژنامەی (یەكگرتوو)دا دەربارەی سەعید نورسیو خەباتی، بڵاوكردەوە. لەبەشێكی بابەتەكاندا بەبەڵگەوە ئاماژەم كردبوو كە لە بڵاوكردنەوەی ژیاننامەو بەرهەمەكانی نورسیدا لە توركیا، بەهۆی باڵادەستیی تۆرانییەكانەوە دەسكارییو ئاڵوگۆڕ لە وشەی (كوردو كوردستان)ی كتێبەكانیدا ڕووی داوەو لەوەرگێڕانەكانیشدا بۆ زمانەكانی جیهان ئەو هەڵانە گوێزراونەتەوە، بەداخەوە لەوكاتەدا بابەتەكان نیگەرانیی بۆ هەندێك كەس‌و دەزگا دروست كرد. بەڵام دواتر كە لە سەردەمی (پارتی گەشەپێدان)دا، كرانەوەی سیاسی بۆكورد دروستبوو، ڕاستیی بۆچونەكەمان دەركەوت‌و هەندێك دەزگا دانیان بەوڕاستییەدا ناو هەندێكیان بەرهەمەكانی نورسییان سەرلەنوێ چاپ كردەوە.

یان لە بایەخی هەوڵەکانی نورسی لە ڕەهەندی نیشتیمانیی‌و نەتەوەیی کەم دەکەنەوەو دەڵێت: "سڵاو بۆ یادی سەعید نورسی، کە تا ئێستا بیرو شوێنپێی لە ناو کوردو تورکو لازدا لە تورکیا دیارە." [1]

**٧/ کۆمەڵی ئیرشاد:** لەسەر دەستی ژمارەیەك زاناو کەسایەتی کوردی چالاك لە (ئەرزرۆم) لە ١٩١٣ دامەزرا. لە شارەکانی: وان، ئامەد، ئورفە، لقی هەبوو. یەکێك لە ئامانجەکانیان –جگە لە ئیرشادو هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان– دامەزراندنی ئیمارەتێکی کوردیی سەربەخۆ بوو. ڕاپەڕینە مەشهورەکەی (بتلیس) لە ١٩١٤ کە مەلا سەلیم‌و شێخ شهاب الدین ڕابەرایەتییان دەکرد بە بڕیاری ئەم ڕێکخراوە بوو." [2] جێی باسە کە مامۆستا مەلا سەلیم لە شاری بتلیس گیراو لە سێدارە درا. [3]

---

١ ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، ژمارە ١٥٢٨، لە ٢٠١١/٨/٩، شایانی باسە لە دیدارێکی تایبەتی خۆمدا لەگەڵ د. عز الدین مستەفا، ساڵە ٢٠١٤، ئەم زانیاریانە دووپات کردەوە.

٢ بڕوانە: نهضة الأكراد، جليلي جليل، ص: ١٩٢.

٣ المسألة الكردية، لازاريف، ص: ٣١٢.

## ٨/ دامەزراندنی کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان– ١٩١٨):

هەر لەو ئاقارەدا، کۆمەڵەیەکی تر بە ناوی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) ساڵی ١٩١٨ لەسەر دەستی حەمزە موکسیو خەلیل خەیالیو سەعید نورسیو ژمارەیەکی تر، دامەزرا[١]، "ناوی ئەم سێ کەسە وەك دامەزرێنەرەکانی سەرەتایی ڕێکخراوەکە هاتووەو ئەوان یەکەم کارەکانی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالی کوردستانیان ڕاپەڕاندووە"[٢]، دواتر چەندین کەسایەتیو زاناو ڕۆشنبیری کورد بوونە ئەندامی، لەوانە: ئەمین عالی بەدرخان، شێخ سەعیدی پیران، شەریف پاشای خەندان، تەوفیق وەهبی، ئیحسان نوری پاشا، پیرەمێردی شاعیرو ڕۆژنامەنووس، عەزیز یامولکی، ئەمین زەکی بەگ، عەبدولکەریمی حاجی عەولاو چەندینی تر.[٣] هەروەها کەسایەتی بەتواناو هەڵکەوتووی کورد شێخ عبد القادر کوڕی شێخ عبید اللەی شەمزینی کرایە سەرۆکی، ئەم بەڕێزە لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کردو ساڵی ١٩٢٥ لە شاری ئامەد لەسەردەستی تاقمەکەی (ئەتاتورك) لە سێدارە دراو شەهید کرا.[٤]

---

١ محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان لە ژمارە (٧)ی ژین، لە ١٩١٩/١/٢، لە بڵاوکراوەکانی دەنگ، سوید، ١٩٨٩, لا:٢٣، هەروەها: زنار سلوپی لە دۆزا کوردستان، دەزگای ستێر، ١٩٦٩، لا:٥٢، جەختیان کردۆتەوە کە ئەو سێ بەڕێزە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە تەعالی بوون.

٢ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١، لا:٤٠.

٣ لە کتێبی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی)، هەوڵێکی باش دراوە بۆ دۆزینەوەی ناوی ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە، کە لیستێکی ١٦٧ ناوی ئامادە کراوە، جێی دەستخۆشییە.

٤ هێمنی شاعیری هەست ناسك، لە شینی ئەم سەرکردەیەدا وتویەتی←:

محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلانو زنار سلوپی، پێیان وایە (سەعید نورسیو حەمزە موکسی، بەڕێوەبەری گۆڤاری (ژین)و (خەلیل خەیالی)، ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵەیە بوون،[1] ئەوەش کە ڕاستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ کە سەعید نورسی ئەندامی دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە بووە، ئەوەیە کە سەعید نورسی ئەندامی ئەو شاندە بووە کە بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە سەردانی کۆمیسیاریای ئەمریکایان کردووەو بەدرێژی باسی کوردستانیان کردووە. شاندەکە جگە لە سەعید نورسی، شێخ عبد القادری نەهریو ئەمین عالی بەدرخانو دکتۆر محەممەد بەگی تێدا بووەو هەندێك بابەتی گرنگیان بەگوێی ئەمریکییەکاندا داوە، کە جێی نرخاندنەو بە پێویستی دەبینم ئاماژەیەکی پێ بکەم، بەتایبەتی لەلایەن (سەعید نورسی)یەوە کە زۆر بوێرانەو ڕاشکاوانە وەڵامی ئەمریکاییەکانی داوەتەوە.

لەو دیدارەدا وەفدە ناوبراوەکەی کورد نەخشەیەکیان لەبەردەم ئەمریکییەکاندا ڕاخستووەو جەختیان کردووەتەوە کە دەبێت ڕێی کوردستان بۆ سەر دەریا بکرێتەوە!، کۆمیسیارە ئەمریکییەکەش جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بڕیار دراوە (دەوڵەتێکی ئەرمەنیی) لەسەر بەشێکی زۆری خاکی کوردستان دابمەزرێت، لەو کاتەدا (سەعید نورسی) بەتوندییو جۆرێك لەهەڕەشە وەڵامی کابرای ئەمریکیی داوەتەوەو وتویەتی:

"ئەگەر کوردستان کەناری دەریای هەبوایەو کەشتییەکانی ئێوەش بیانتوانیایە نزیکی ئەو کەنارانە ببنەوە، ئەوکاتە دەتانتوانی ئەو بیرۆکەیە

---

←هێمنا! پێت وا نەبێ یەزدانی بێ هاوەڵو فەرد

کەیفەری ئەم زولمو زۆرە، بێ حیساب ناداتەوە

(لە ژمارە دووی گۆڤاری "نیشتیمان"ی زمانحاڵی (ژێ. کاف)، ساڵی ١٩٤٣ بڵاو کراوەتەوە).

١ بڕوانە جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداشی، لا: ٤٠ .

جێبەجێ بکەن، بەڵام کەشتییەکانی ئێوە ناگەنە شاخەکانی کوردستان، لەبەر ئەوە ناتوانن ئەو بڕیارەتان جێبەجێ بکەن."!

لە کۆتاییشدا وەفدی کوردیی داوایان کردووە کە ئەمریکا یارمەتیی کورد بدات بۆ دابینکردنی مافەکانی.[1]

ئەم ڕێکخراوەش وەك زۆرێك لە ڕێکخراوەکانی دیکەی ئەو سەردەمە، جەختی کردەوە لەسەر پێناسی ئیسلامیی نەتەوەی کورد، لەگەڵ گەشەپێدانی وەزعی کوردستان، بۆیە لە ماددەی (٤)ی پێڕەوی ناوخۆی ئەم جەمعییەتەدا ئەم دەقە هاتووە: " تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی کوردستان لە ڕووی ماددی‌و مەعنەوییەوە پێش بکەوێت، هەروەها لە نێو کورددا لە ڕووی فکرو باری دەروونییەوە چاودێریی گەشەکردن‌و پەروەردەی ئیسلامیی دەکات"[2]

لە مادەی ٣٢ شدا دەڵێت: "جەمعییەتەکەمان لەسەر بنەمای یەکیەتی‌و گەشەکردنی نەتەوە دامەزراوەو ڕێز لەپەروەردەی ئیسلامیی‌و شارستانیی‌و نەتەوایەتیی کورد دەگرێت.." [3]

شایانی باسە لە ڕاپۆرتێکی بەڵگەنامە ئینگلیزەکاندا -کە سیخوڕێکی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ سەفارەتی ئەو وڵاتەی لە بەغدا نوسیوە- وێڕای ئەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەندامێتی (ثریا بەدرخان‌و عارف پاشای ماردینی‌و شەریف پاشای سەرکردەی ناسراوی کورد) لەو ڕێکخراوەدا، ئەم

---

١ هەمان سەرچاوە، لا: ٢٦٣، کە لە (کوردستان پرێس ژمارە (٥٠) ی وەرگرتووە، لە ١٩٨٩/١٢/١، لا: ٨.

٢ الجمعيات والمنظمات الكردية، د.عبد الستار طاهر، ص: ٤٨. هەروەها: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ٤٤٨.

٣ جەمعییەتی تەعالی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: ٤٥٤. هەروەها: الجمعيات والمنظمات .. عبد الستار طاهر شريف، لا: ٥٤.

دەقەش هاتووە: "کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) ڕێکخراوێکی ئیسلامییە. لە هەموو ناوچەکانی تورکیاو سوریا بەشی هەیە، لەناو ئاستە باڵاکانی سوپادا ئەندامێکی زۆری هەیە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە کۆمەڵەی ناوبراو زۆر چالاك بووەو کەسانێکی وەك: شێخ عبد القادر کوڕی عبید الله نەهریو مستەفا پاشای کوردیو مەلا سەعیدی کوردی (مەبەستی بدیع الزمان سەعیدی نورسی یە)و ئیبراهیم بەگی حیدەری، لە ئەندامانی بوون. (شەریف پاشای خەندان) یش بە ناوی کۆمەڵەی ناوبراوەوە– لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە–بەشداریی دەیان کۆنگرەی ئاشتی کردووە، بەتایبەتی کۆنگرەی بەناوبانگی باریس." [1] مەبەستی جەنەراڵ شەریف پاشایە کە ساڵی ١٩١٩ بە نوێنەرایەتی کورد بەشداریی کۆنگرەی ناسراو بە (کۆنگرەی ئاشتی پاریس)ی کرد، کە بەشی هەشتەمی ئەم کتێبەی بۆ تەرخان دەکەم. هەروەها شێخی شەهید شێخ سەعیدی پیرانو نوسەری گەورە محەممەد ئەمین زەکی بەكو سەربازی دڵسۆزی گومناو خەلیل خەلیلی، ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بوون.

ڕێکخراوی (تەعالی کوردستان) گۆڤارێکی بە ناوی (کوردستان) دەرکردووە، کە وا دیارە ٣٧ ژمارەی لێ دەرچووە، گۆڤارەکە لە چاپخانەی (نجم استقبال) چاپ دەکراو محەممەدی میهریی دشەیی خاوەنی بوو.[2] هەروەها گۆڤاری (ژین)یش لە ساڵانی ١٩١٨و ١٩١٩ وەك ئۆرگانی ڕێکخراوەکە دەرچووە، گیانی ئاینپەروەرییو خەمخۆریی بۆ کوردستان لە زۆر وتارو بابەتی بڵاوکراوەی ئەم ڕۆژنامەیەدا، ڕەنگی داوەتەوە. ئەوەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەو کاراکانی ئۆرگانەکەی، کەسایەتی هۆشیارو دڵسۆزی نەتەوەو ئاینپەروەر بوون.

---

١ الكورد فی الوثائق البریطانیة، د. عثمان علي، ٣٣٤.

٢ بۆ ئاشنابوون بە کەسایەتی محەممەدی میهریی، بڕوانە بەشی کۆتایی ئەم کتێبە.

بۆ نمونە کەسایەتییەکی وەك ئیبراهیم حەیدەری– کە لە ئەدەبیاتی تورکیادا بە(حەیدەری زادە ئیبراهیم ئەفەندی) ناسراوە– لە یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەدا دەڵێت: "خۆشەویستەکەی ناو ویژدانی کوردان، دین‌و ئیمانە، هەموو کاتیش ئامادە بوون بۆ ئەوەی قسەکانی خودا بەرزو پیرۆز ڕابگرن."[1] ئەمەش سەرسوڕهێنەر نیە، چونکە ناوبراو – کە وتمان ئەندامی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بووە– سێ جار لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بۆتە (شیخ الإسلام)ی هەموو وڵاتەکانی سەر بەو ئیمپراتۆریەتە. شایانی باسە ئەم کەسایەتییە ساڵی١٩٣٠ بۆتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی (یانەی سەرکەتن) کە لە بەغدا دامەزراوە. هەمان کات لە کابینەی حکومەتی عیراقدا بۆتە وەزیری ئەوقاف‌و ساڵی ١٩٣١ کۆچی دوایی کردووە.[2] هەندێك پێیان وایە کە ئەو کۆمەڵە سیاسییەی ئەفسەرانی کورد، کە دواتر بەناوی (جڤاتا خووەسەری کورد) دامەزراو ئامانجی سەربەخۆکردنی کوردستان بوو لە حکومەتی کەمالییەکانی تورکیا، درێژکراوەی (کۆمەڵەی تەعالی)یە، چونکە شێخ سەعیدی پیران ئەندامی بووەو هەر ئەم ڕێکخراوەش بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ کۆنگرەیەکی گەورەی ساز کردو بڕیاری ڕاپەڕینە سەراسەرییەکەی دا، کە شێخ سەعید ڕابەرایەتی کردو لە پێناویدا خۆی‌و ٤٨ سەرکردەی کورد لە ١٩٢٥/٦/٢٩ لەسەر دەستی کەمالییە عەلمانییەکان، شەهید کران.[3]

---

١ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: ٢٠٠.

٢ بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا: ٢٠٢.

٣ بڕوانە: القضية الكردية، بلە،ج.شێرکۆ، بیروت، ١٩٨٦، لا: ٩٤، هەروەها: الأسرة البدرخانية، د. صلاح هروري، لا: ١٠٢.

**٩/ حزبی سەربەخۆیی کوردی:** "ساڵی ١٩١٨ لە قاهیرە دامەزرا. کەسایەتی ناسراو ئەحمەد سورەییا بەدرخان بوو بە سکرتێری گشتیو چەندین یاداشتنامەی دایە حکومەتی بەریتانیا، تیایاندا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی کرد."[١] ئەندامە دامەزرێنەرە ناسراوەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوون لە کەسایەتی ناسراو (یوسف ضیاء) – نوسەری (الهدیة الحمیدیة)–و ئیسماعیل حەقی شاوەیسو ئیحسان نوری پاشا.

**١٠/ ڕێکخراوەی ژیانەوەی کوردستان:**

لە ساڵی ١٩١٩ چەند کەسێك لە ئەندامانی بنەماڵە بە غیرەتو زیندووەکەی بەدرخانییەکان– کامەران عالی بەگو جەلادەت بەگ، لەگەڵ ئەکرەم بەگو عەلی غالب بەگو جەمیل پاشا زادەو چەند کەسایەتییەکی تری کورد– ڕێکخراوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)یان دامەزراندو دژی ستەمکاریی تورکەکان ڕاپەڕین. بە پێی هەندێك زانیاریی مستەفا کەمال ئەتاتورك زۆر ترسی لەم ڕێکخراوە هەبووە، بۆیە نامەیەکی ناردووە بۆیان، تیایدا نوسیویەتی: "پاش پاکبونوەی نیشتمان لە داگیرکەر، مافە نەتەوەییەکان بە برا کوردەکان دەدەین."[٢] بەڵام ئەوان هیچ متمانەیەکیان بەو بەڵێنانە نەبووە، چونکە چەندین جار بەڵێنی لەو بابەتانە بە گوێیاندا درا بوو، بەڵام بێ ئاکام بوون.

بە پێی یاداشتەکانی (زنار سلوپی) زانای گەورەی کوردستان مامۆستا سەعیدی نورسی یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ئەم ڕێکخراوە.[٣] بەڵام ڕێم لە هیچ سەرچاوەیەکی تر نەکەوت کە ئەم زانیارییە پشتڕاست بکاتەوە.

---

١ الأسرة البدرخانية، د. صلاح هروري، ص: ٨٩.

٢ بڕوانە: کتێبی (فى سبیل کوردستان، نزار سلوبی)، ٦٢.

٣ هەمان سەرچاوە، لا: ٦٣.

### ١١/ (جەمعییەتی تەعالی ژنانی کورد):

هەمان ساڵی ١٩١٩ (جەمعییەتی تەعالی ژنانی کورد) لە ئەستەمبوڵ دامەزرا. بە پێی ڕۆژنامەی (ژین) کە لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو لە کۆنگرەی دامەزراندنەکەیدا -کە خستبوویانە ئاهەنگێکی مەولود- خاتوو (ئەنجومی یامولکی) کچی مستەفا پاشای یامولکی سلێمانەیی، ئامانجو شێوازی کاری ڕێکخراوەکەی خوێندۆتەوە. هەروەها دولبەر خانم هاوسەری یوسف کامل بەدرخان لەدامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەدا ڕۆڵی هەبووە.[١] دواتر ئەمینە خانمی هاوسەری شەریف پاشای خەندان- کە کچی عەباس حیلمی پاشای خدێوی میصر بوو- کرایە سەرۆکی فەخری ڕێکخراوەکە. ئەم ئافرەتە "جگە لە پێگەی بڵندی کۆمەڵایەتی بنەماڵەکەی، بۆ خۆیشی کەسایەتییەکی بەهێزو بیرێکی ڕوناکی بەرزی هەبوو، زمانەکانی عەرەبیو تورکیو ئینگلیزیو سویدیو فەرەنسی دەزانی، لەبەر ئەوەش کە تەوقەی لەگەڵ پیاوان نەدەکرد نازناوی (المحتشمة)ی پێدرابوو، پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ بنەماڵەی پادشای سوید هەبوو، جگە لەمانەش لەڕیزی ئەو ڕێکخراوانەی (سوید)یشدا چالاکیی دەکرد کە لەسوید داکۆکییان لە مافی ژنان دەکرد."[٢]

---

١ بڕوانە: الأسرة البدرخانية، د. صلاح هروري، لا: ٩١.

٢ شريف باشا، حياته ودوره السياسي، صالح محمد حسن، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦، ص: ٢٩. ڕەنگە ژیانی ئەم ئافرەتە وەڵامێکی باشی تێدا بێت بۆ ئەو کەسانەی کە وا گومان دەبەن، پابەندیی بە هەندێك ئەحکامی شەرعییو پاراستنی دابو نەریی خۆماڵییەوە، دەچێتە خانەی دواکەوتوویی، یان ڕێگردەبێت لە شارستانێتییو پێشکەوتن، ئەوە نمونەی ئافرەتێکی گەورەبووی وڵاتی (سوید)و شارێکی وەکو (پاریس)ە، تێکەڵ بە بنەماڵەی پادشایان، چالاك لە ڕێکخراوە سویدییەکان، سیاسیو ڕوناکبیرو دیپلۆماتکار، لەگەڵ ئەوانەشدا پێی عەیبو عارو دواکەوتن نیە ←

شایانی باسە لە بۆنەی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکەدا (ئەنجوم خانم) وتارێکی کاریگەری داوە، ئەمە بەشێکیەتی:

"خاتوونە بەڕێزەکان! جەمعییەتی تەعایی ژنان بۆ ئامانجێکی بەرزو پیرۆز دامەزراوە، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی خۆیەوە مەولودی کردووە، بەدەر لە هەموو شتێك داوا لە جەنابی حەق دەکەین کاروبارەکانمان پڕ خێر بکات. کوردەکان دژی تورکەکان نین.. لەبنەڕەتدا نابێت گەلە موسڵمانەکان دژایەتیی‌و دوژمنایەتی یەکتر بکەن، پێویستە کوردەکان وەکو نەتەوەکانی دیکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان هەوڵ‌و تەقەلا بدەن، ژنانی کورد بەڵێنیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان داوە.." هەروەها گوتویەتی:

"هیچ کات دڵی موسڵمانە ڕاستەقینەکان لە یەکتر جیا نابێتەوە، چونکە ئاینێك هەیە کە ئەوانە بەپەیوەندییەکی توندوتۆڵەوە بەیەك دەبەستێتەوە، خوا یاربێت لەمەودوا گەلانی موسڵمان ئامانجی دادپەروەریی‌و خۆشبەختیی بۆ خۆیان دەستنیشان دەکەن‌و لە پێناوی ئەوانەدا کاردەکەن، ئەوەش لە جموجووڵ‌و ڕەفتارەکانی خۆشیاندا پیشانی دەدەن شارستانێتی ئیسلامیی لەڕووی مرۆڤایەتییەوە چەندە سەرکەوتوو بووە."

لە کۆتایی وتارەکەیدا ئەنجوم خانم باسی ئەوەی کردووە کە چەندین کۆبونەوەو کۆنفرانس‌و مەراسیمی جۆراوجۆر ساز دەکەن.[1]

---

←کە ئیلتیزام بکات بە داواکانی شەریعەت‌و نەریتی میللەتەکەیەوە، سەرەنجام لەباتی ئەوەی ناوی لێبنرێت (دواکەوتوو)، یان (معقّد)، نازناوی ڕەوشتبەرزو (المحتشمة)ی پێدراوە.

١ بڕوانە: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: ١٣٧-١٣٨. هەروەها: لا: ٤٨٤ و ٤٨٥.

بەپێی هەندێك لە گۆڤارو بڵاوكراوە كوردییەكانی ئەو كاتەی لە ئەستەمبوڵدا دەردەكەوێت كە ژمارەیەك لە ڕوناكبیرانی كورد ویستوویانە گرنگیی بە پرسەكانی ئافرەت بدەن، هەر ئەو گرنگیپێدانەش وای كرد كە بیرۆكەی دامەزراندنی ئاوا ڕێكخراوێكی تایبەت بە ئافرەتان بێتە ئاراوە، دەكرێت وەك نمونە چەند ڕستەیەك لە وتارێك بێنینەوە كە لەژێر ناونیشانی (مەسەلەی ژن لە نێو كوردەواریدا) لە ساڵی ١٩١٣ دا بڵاو كراوەتەوە، نوسەرەكەی تێیدا بەدرێژیی باسی دۆزی ژن لە كۆمەڵگەی كوردیدا دەكاتو ئاماژە دەكات بە واقیعی ئەو كاتەی ئەوروپاو ئەمریكا لە گرنگیدانیان بە پرسەكانی ژنان– بەتایبەتی خوێندنیان–و ڕەخنە دەگرێ لە هەندێك لایەنی لاوازی حاڵو وەزعی ژنان لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.

بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی هۆشیارییو تێگەیشتنی وردی ئەو ڕوناكبیرانە دەكرێت لە چەند پەرەگرافێكی ئەم نوسینە ورد ببینەوە. لە بەشێكیدا دەڵێت: "..پێویستە گەنجانی كورد ئاگادار بن لەوەی كە كێشەی ژنو بنەماڵە (خێزان) كێشەی ژیانە. هەروەها پێویستە بیر لە ڕێگاكانی پێشخستنی ژنانی كورد بكەنەوەو ئەوەش بزانن كە هەبوونی دایكانی عاقڵو تێگەیشتوو بە ئەندازەی خۆراك لەنێو كۆمەڵگەدا پێویستن، ژنانی هەر نەتەوەیەك تەرازوی دیاریكردنی ئاستی پێشكەوتنی ئەو نەتەوەیەن.."هەروەها دەڵێت: "پێویستە هیچ كات ئەوە فەرامۆش نەكرێت كە ئاستی پێشكەوتنی هەر كۆمەڵگایەك بە ئاستی پێشكەوتوویی ژنەكانییەوە پێوانە دەكرێت."[1]

وا بزانم ئەگەر بە ئینصافەوە سەرنجی ئەم ڕستانە بدەین كە پێش صەدو یەك ساڵ – واتە لە ساڵی ١٩١٣دا وتراون–دەبێت بڵێین: ڕوناكبیرانی كورد لە ئاستێكی بێدارییو تێگەیشتنی زۆر بەرزدا بوون، كە پاش زیاتر لە

---

١ جڤاتا هێڤی تەلەبەی كوردان، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ١٧٥.

سەدەیەك لەو سەردەمە، تازە بەتازە هەندێك ڕێكخراوو هێزی سیاسی ئەمجۆرە قسانە دەكەن.

جا بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارێكم دابێتەوە كە: ئایا ئەم نوسەرە لە چ باكگراونێكی فكرییەوە ئەو قسانەی كردووە؟ هەروەها ڕاو بیركردنەوەی سەبارەت بەتێڕوانینی ئاینی ئیسلام لەمەڕ پرسەكانی ژنان چیە؟ پێویستە لەزمانی خۆیەوە وەڵام بدەمەوە كە لە وتارێكی تریدا بەناوی (خانمی كورد) دەڵێت: "هیچ گومانێكی تێدا نیە كە پێگەو مافەكانی ژن لە ئیسلامەتیدا زۆر فراوانترو زیاترە لەو پێگەو مافانەی كە ئەمڕۆ بۆ ژنان ڕەوا نابینرێن.."

پاشان زانایانی ئاینیو پیاوان بەگشتی وریا دەكاتەوەوداوایان لێ دەكات كە گەشە بە هزرو بیریان بدەنو پێیان دەڵێت: "ئەركی پیاوانو زانایانی ئاینی ئەوە نیە كە مافە ئاینییەكان زەوت بكەن، بەڵكو ئەركیان ئەوەیە كە ئەو مافانە بە گوێرەی سەردەم فراوانتر بكەنو ڕێگر نەبن لەوەی كە دووبارە دابڕێژرێنەوە.(!!)" [1]

لە ڕاستیدا ئەم چەند ڕستەیە زۆر سەرنجیان ڕاكێشام، كە بە داخەوە نوسەرەكەیم بۆ ڕاست نەكرایەوە، چونكە لە ئیمزای نوسەرەكەیدا تەنها نوسراوە: (ئەرگانی مادەنلی، ی.ج)و زانیاری زیاترم دەست نەكەوت لەسەری، بەڵام لەم جۆرە نوسینانەوە لەوە تێگەیشتم كە بۆچی ڕوناكبیرو زاناو كەسایەتییەكانی كورد بە ئاسانی گەیشتوونەتە باڵاترین پلەو پایەو پۆستە ئیدارییو سیاسیو قەزاییو سەربازییەكانی (ئاستانە)و (بابی عالی)و دەیان كەسایەتی كورد لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوونەتە وەزیرو سەفیرو والیو قازیو ڕاوێژكارو.. هتد. دەتوانم بڵێم هیچ نەتەوەیەك بە

١ هەمان سەرچاوە، لا: ١٧٧. هەروەها: جەمعییەتی تەعالی كوردستان، لا: ٤٨٣.

ڕادەی کورد– سەرەڕای بێنازیو چەوساندنەوەی نەتەوەکەو سەرەڕای نەبوونی سەقامگیریی لە وڵاتەکەیانداو کەمیی ڕێژەی لەچاو نەتەوەکانی تردا– بەو ڕادەیە کەسایەتیو بیرمەندو کارەکتەری چالاکیی لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی خیلافەتی عوسمانیدا نەبووە. ئەم خاڵە جێی تێڕامانو شرۆڤەکردنی زیاترەو هەقوایە لێکۆڵەران –بەتایبەتی خانمانی خاوەن هزرو قەڵەم– بەوردیی بابەتی لەسەر بنوسن، بەداخەوە لێرەدا بواری لەمە زیاترم نیەو درێژکردنەوەی بەدەرە لە بابەتەکەی ئێمە.

**١٢/ حزبی دیموکراتی کوردی:**

لە ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ دامەزرا. زیاتر لەسەر دەستی ئەوانە بوو کە لە (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) جیابوونەوەو نەیار بوون بە سیاسەتو هەڵوێستەکانی عبد القادر شەمزینی.[١]

**١٣/ کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییە:**

لە کۆتاییەکانی ساڵی١٩٢٠دا، پاش ئەوەی گوشاری دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستی تورکیا، لەسەر (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)و لقەکانی ئەو ڕێکخراوە لە شارە کوردییەکاندا زیادی کرد، لە سەرێکی تریشەوە ناکۆکیی کەوتە نێوان سەرکردەکانی کۆمەڵەی ناوبراو، دەستەیەك کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییە)، کە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد، ژمارەیەك کەسایەتیی لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە بەشدار بوون، بە تایبەتی قوتابییە کوردەکانی ئەستەمبوڵو دانیشتوانی ئەوروپا، هەروەها ژمارەیەك لە ڕوناکبیرانی شاری سلێمانی، بۆ نمونە: جگە لە ئەمین عالی بەدرخانی بۆتانیو کەمال فەوزی

---

١ هەمان سەرچاوە، لا: ١، ٩١.

بتلیسیو مەمدوح سەلیمی وانی، کەسانێکی وەك: فەرید بەگو حیکمەت بەگو فوئاد بەگو شوکری بەگ لە بابانەکانی سلێمانی، لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە بوون.[1]

بەپێی بەڵگەنامەکان ئەم ڕێکخراوە زۆر چالاكو بزواو بوون، هەمیشە ڕووداوو هەلو دەرفەتە سیاسییەکانیان قۆستۆتەوە بۆ خزمەتی نەتەوەو نیشتیمانەکەیان، بۆ نمونە کاتێك چواردە خاڵەکەی (وێڵسن)ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاو کرانەوە، ڕاستەوڕاست کۆمەڵە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٠ دا، بە واژۆی ئەمین عالی بەدرخانی سەرۆکی کۆمەڵەو مەمدوح سەلیمی سکرتێری کۆمەڵە، نوسراوێك ئاراستەی سەرۆکی ئەمریکا دەکەن، کە تیایدا هاتووە: ".. نەتەوەی کورد ئەوە لە ئێوە چاوەڕوان دەکات، کە بڕیاری دروستی ئێوە ئەم نەتەوەیە لە تەوقی هەموو لایەنەکان ڕزگار بکات ... هیواخوازین ویژدانتان ڕێبەری کارتان بێت، لەو کارە ناسکەدا کە مێژوو خستوویەتە سەرشانی ئێوە."[2]

هەروەها لە کۆتایی ساڵی ١٩٢١ دا بە واژۆی ئەمین عالی بەدرخان یاداشتنامەیەکی ٤ لاپەڕەییان ناردووە بۆ (لیود جۆرج) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، کە تایبەتە بەباسی دیاریکردنی سنورەکانی کوردستانەوە.[3]

---

١ بڕوانە: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: ٣٤٦.

٢ کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەرەنسادا، وەرگێڕانی د.نەجاتی عبد الله، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا: ١٤٥.

٣ بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا:١٦٠– ١٦٣.

**سەربوردێكی ئاڵای كوردستان:**

ماوەتەوە ئەوەشمان لەبیر نەچێت كە دروستكردنی (ئاڵای كوردستان) بۆ یەكەمجار، لەداهێنانی كۆمەڵەی ناوبراو (تەشكیلاتی ئیجتیماعییە) بوو كە ساڵی١٩٢٠ لە لایەن دەستەی كۆمەڵایەتی ڕێكخراوەكەوە پەسەند كرا. ئیحسان نوری پاشا (١٨٩٣-١٩٧٦) لە ڕاپەڕینی (ئاگری داغ)و سەر بەرزایی شاخی (ئارارات)، ساڵی ١٩٢٧ ئەو ئاڵایەی بەكار هێنا، هەروەك خۆی لە بیرەوەرییەكانیدا باسی دەكات. دواتر لە گۆڤاری (هاوار) لە ساڵی ١٩٣٢ دا بڵاو كرایەوەو[1] جەلادەت عالی بەدرخان شێوەكەی باس كردووە.[2] دوای ئەو قۆناغە كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان، (ژێ، كاف) لە مەهاباد، بۆ جارێكی تر بەكەمێك جیاوازییەوە بەكاریان هێنایەوەو قازی سەركۆماری كوردستانیش لەڕاگەیاندنی كۆماری كوردستاندا ڕەسمییەتی بەئاڵاكە دایەوە.[3]

---

١ لە بەشی بەڵگەنامەكانی ئەم كتێبەدا، بڕوانە نمونەیەك لە كۆپی گۆڤاری (هاوار)، كە جەلادەت بەدرخان لە شاری دیمەشق دەری كردووە.

٢ شێوەی ئاڵاكە بەمجۆرە باسدەكات: ڕەنگی سوور لە سەرەوە، سپی لە ناوەڕاستدا، سەوز لە خوارەوە. تیشكی خۆر لە ناوەڕاستدا. (گۆڤاری هاوار، ژمارە ٩، ساڵی ١٩٣٢). لە سەردەمی كۆمەڵەی (ژێ. كاف)و كۆماری كوردستاندا گوڵە گەنمێك و كێوێك لە پشت خۆرەكەوەو قەڵەمێك زیاد كراو بە بازنەیی لەسەری نوسرا: (دەوڵەتی جمهوری كوردستان). دواتر پێشەوا قازی محەممەد ئاڵاكەی كۆماری كوردستانی سپارد بە مەلا مستەفای بەرزانی وەك خۆی باسی كردووە.

٣ جێی شانازییە بۆ مەلاو زانایانی كوردستان، كە كۆنترین دەقی كوردیی باسی (ئاڵا)ی كوردی بە دیدێكی سیاسی تێدا بێت، لە مەلایەكی كوردەوەیە، كە (مەلا ئەحمەدی خانی)یەو ساڵی ١٧٠٦زاینی وەفاتی كردووە. هەرچەند پێش ئەو(مەلای جزیری)ش كە ساڵی ١٤٨١ زاینی كۆچی دوایی كردووە، لە بەرهەمەكانیدا وشەی ئاڵای بەكار هێناوە∞

ئەم ڕێکخراوە دەیان هەڵوێستو چالاکیی لەم جۆرەیان هەبووە، گۆڤاری (ژین) کە دکتۆر عبد الله جەودەت لە چالاکترین کادێرەکانی بووە، بۆتە زمانحاڵیو دەیان چالاکییو وتاری گرنگی تێدا بڵاوکراوەتەوە.. لێرەدا بواری ئەوەمان نیە لەمە زیاتر لەسەری بچین.

**١٤/ کۆمەڵەی خۆیی بوون:**

لە ساڵی١٩٢٧دا کۆمەڵەی (خۆیی بوون)– لە ئاکامی کۆنگرەی ڕێکخراوە کوردییە سەرەکییەکانی ئەوکاتە (کۆمەڵەی تەعالی)، (پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان)، (کۆمەڵەی سەربەخۆیی)، (ڕێکخراوی ئوممەی کوردی)– لەشارۆچکەی (بوحمدون)ی لوبنان دامەزراو ئەو ڕێکخراوانە هەڵوەشێنرانەوە، بڕیار درا بارەگای سەرەکیی لە دیمەشق بێت، دواتر گوێزرایەوە بۆ شاری حەڵەبو (جەلادەت بەدرخان) بووە سەرۆکی.

لە ڕاستیدا ئەم ڕێکخراوە حزبێکی سیاسی بوو پێڕەوو پرۆگرامی خۆی هەبوو، سوێندخواردنی ئەندامانی ئەویش ئیسلامییانە بوو، سوێندی (برایەتی)یان دەخوارد، هەر ئەندامێك پەیمانی دەدا کە لە خەبات بەردەوام بێت، لە پێناوی یەکیەتی گەلی کوردو دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆدا،[1] بڵاوکراوەی (ئاگری)یان دەرکرد،[2] بەپێی ڕاپۆرتێکی فەرەنسی لە ماوەیەکی کەمدا ١٦ لقی کرایەوە، لە ناو تورکیا، لە شارەکانی: ئەستەمبوڵ، دیاربەکر، سیرت، ماردین، ستور. لە شامیش، لە شارەکانی: دیمەشق، حەڵەب، حەسەکەو بەیروت. لە عیراقیش لە شارەکانی: بەغدا، سلێمانی، کەرکوك، ڕەواندوزو زاخۆ. لە ئەوروپاش: لە شاری باریس – کە شەریف پاشا نوێنەرایەتی دەکرد– لە مێشیگان– دیترۆیت: سورەییا بەگی

---

١ بڕوانە شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، لا: ٢٦٥.

٢ بڕوانە: (تاريخ كوردستان، م.س.لازاريف، ترجمة: عبدي حاجي، ص: ٢٢٦).

بەدرخان بەرپرسی بوو، بە پێی ئەو ڕاپۆرتە نوێنەرانی شارەکانی بەغداو باشوری کوردستان بەمجۆرە بوون:

شاری بەغدا: شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عومەری شێخ سەعید. شاری زاخۆ: حازم بەگ ناوێك کە ئەندامی پەرلەمانی عیراق بووە بە نوێنەرایەتی خەڵکی زاخۆ. شاری سلێمانی: تەوفیق وەهبی. شاری کەرکوك: مەحمود جەودەت. شاری ڕەواندوز: شێخ بەروان.[١] لە بەڵگەنامەیەکی تری بەریتانیدا ئاماژە بەوە کراوە کە (خۆیبوون) پەیوەندیشیان کردووە بە شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ ئەحمەدی بەرزانییەوە.[٢]

ئەم ڕێکخراوە لە نیسانی ١٩٢٨ دا بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە تێیدا ڕەدی ئەوانە دەداتەوە کەگومانیان خستبووە سەرهۆگریی‌و نیشتیمانپەروەریی ڕێکخراوەکە، بۆیە تێیدا هاتووە: "خۆیبوون ئامڕازێك نیە بە دەستی دەوڵەتێکی بیانییەوە، تاکە ئامانجیشی ڕزگارکردنی گەلی کوردە لە هێرشی تورك، هەروەها کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. پشتیشی تەنها بەهێزی تایبەتی خۆیەتی."[٣]

---

١ ئەم بەڵگەنامە دیکۆمێنتییە لە ١٩٣١/٩/١٧، لەلایەن فەرماندەی کەتیبەی ئیسناد لە (قامیشلی)یەوە نێردراوەیە بۆ فەرماندەی کەتیبەی ئیسناد لەحەڵەب، بە ژمارە ٧٧٧/ س.ج.ك. بڕوانە سایتی (نیت کورد)و (کوردی پیدیا)، بناف شەمدین لە فەرەنسییەوە کردوویەتە کوردی. هەروەها لە (کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەڕەنسادا، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عبد الله، لا: ١٨٦– ١٩٠) هاتووە. لە کۆتابەشی ئەم کتێبەدا وێنەیەکی ئەو بەڵگەنامە فەرەنسییە ببینە.

٢ بڕوانە: جمعية خۆيی بوون، کونێ ڕەش، لا: ٤٥. هەروەها: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد.. د.کەمال مەزهەر، هەولێر، ٢٠٠١، ٢/٣١٣.

٣ شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، لا: ٢٦٧

(خۆیی بوون) تەمەنێکی زۆری هەبوو تا ساڵی ١٩٤٣ بەردەوام بوو لە چالاکیی، دەیان بڵاوکراوەشی بە زمانەکانی کوردیو تورکیو عەرەبیو ئینگلیزیو فەرەنسی، دەربارەی دۆزی کوردو داواکارییەکانیان، بڵاو کردەوە، لوتکەی ئامانجیشی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بوو کە بڕیاریان دا مەڵبەندەکەی گوندی (کورد ئاوا) بێ لە ناوچەی (ئاگری).[1] بۆیە توانی ڕاپەڕینی (ئارارات) لە ساڵانی١٩٢٧ تا ١٩٣٠ بە فەرماندەیی سەرکردەی هەڵکەوتوو ئیحسان نوری پاشا،بەڕێوە بەرێت، کە تیایدا ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە، هەروەها ژمارەیەك لە مەلاو ڕوناکبیر بە والیو قایمقام دامەزرێنران.

شایانی باسە کە لە ساڵانی ١٩٣٢– ١٩٤٣ گۆڤاری (هاوار) لە لایەن چالاکوانانی ڕێکخراوی (خۆیی بوون)ەوە– بە تایبەتی جەلادەت بەدرخانو ڕۆشنا خانمی هاوسەری– بە هەردوو زمانی کوردیو فەرەنسی لە سوریە دەردەچوو. بەڵام هەڵەیەکی ستراتیژی کە جەلادەت لەژیانیدا تێی کەوت ئەوەبوو کە بڕوای بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی هەبوو بۆ نوسینی کوردی، بۆیە لە ٢٣ ژمارەی (هاوار)دا بە هەردوو شێوە ئەلفبای عەرەبیو لاتینی نوسیویەتی، بەڵام لە ژمارە (٢٤) بە دواوە تا دوا ژمارەی کە ژمارە (٥٧)ە تەنها لاتینی بەکار هێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارەکە ڕەسەنایەتی موسڵمانێتی گەلی کوردی لەبیر نەکرد، بۆیە لە٣٠ ژمارەیدا– لە ژمارە ٢٧ تا ٥٧ گۆشەیەکی تایبەت کردبوو بە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت)، تەنانەت یەکێك لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (هاوار)، کتێبێکی کامەران بەدرخانە بە ناوی (چەند وانەیەك لە شەریعەت)، کە بە زمانی کوردییە، بەڵام بە پیتی لاتینی چاپ کراوە.[2]

---

١ بڕوانە: الأسرة البدرخانية، د. صلاح هروري، لا: ١١٧.

٢ ژمارە کۆکراوەکانی (هاوار)، ئامادەو پێشەکی موحەممەد بەکر ئاغا. سوید، ١٩٨٧ز.

ئەمە جگە لەوەی کە لە ساڵانی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٥، لە گەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، دوبارە جەلادەت بەدرخان لە شاری دیمەشق، گۆڤاری (ڕوناهی) بەئەلفبێی لاتینی دەرکرد، کە٢٨ ژمارەی لێدەرچوو، بابەتەکانیشی سیاسی، زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، گشتی، بوون.[1]

## ١٥/ کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد:

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی١٩٢٧ لەمەهاباد، بە مەبەستی پشتگیریی لە کۆمەڵەی (خۆیی بوون)و شۆڕشی ئاگری داغ دامەزرا. بە پێی هەندێك زانیاریی لە شارەکانی ورمێ، سنە، بانەی خۆرهەڵاتی کوردستان، ئەندامی هەبووەو چەند کەسایەتییەکی وەك (سیف القضاة) مامی قازی محەممەدی پێشەواو حاجی بابەشێخ سەرۆك ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری کوردستانو قازی محەممەدی شەهیدو مەلا صادقی قزڵجەیی‌و مەلا ئەحمەدی فەوزی.. ئەندامی بوون.[2]

لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەوانەی باسمان کردن تەنها چەند نمونەیەك بوون لەڕێکخراوە چالاكو بەرچاوە کوردییەکانی سەرەتای سەدەی بیست، نەك هەموو ڕێکخراوەکان، نەشدەکرا لێرەدا لەسەر تەواوی ڕێکخراوەکان بنووسم، چونکە ئەو هەنگاوە توێژینەوەی فراوانتری پێویستە. بۆ نمونە ڕێکخراوانێکی وەکو: (جڤاتا پێشکەفتنا ژنێن کورد، ١٩١٩ز)، (کۆمەڵا کوردو کوردستان، ١٩٢٠ز)، (جڤاتا ئازادیی کوردستان، ١٩٢١)، (کۆمەڵی پێشکەوتنی کوردان،١٩٢٧ز)، (کۆمەڵی

---

١ ژمارەکانی گۆڤاری (ڕوناهی) ١ تا ٢٨، لە بەرگێکدا ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن چاپخانەی (ژینا نۆ)وە، لە قەبارەیەکی ٦٨٣ لاپەڕەییدا کۆکراونەتەوە. ( بڕوانە: پاشکۆکان).

٢ بڕوانە: کوردستانی ئێران، د. یاسین سەردەشتی، لا: ١٥٧، .

زانستی ژنانی کوردستان، ١٩٣٠ز)، (کۆمەڵی لاوان، ١٩٣٠ز)، (یانەی سەرکەوتن، ١٩٣٠ز) و چەندینی تر نمونەگەلێکن لەو ڕێکخراوە کوردییە چالاکانەی لە بواری جیاجیادا کارو خزمەتیان کردووە.

زانست

# بەشی هەشتەم

## ئاوڕدانەوەیەك لە شەریف پاشای خەندان

## (١٨٦٥–١٩٥١)

## تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- شەریف پاشاو بنەماڵەکەی..............................←
- شەریف پاشاو (گروپی ئیصلاحی بنچینەیی)..............←
- شەریف پاشاو نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد لە (کۆنگرەی ئاشتی پاریس)......................................←
- هەڵوێستێکی سەیرو چاوەڕواننەکراوی شەریف پاشا........←

### ١- شەریف پاشاو بنەماڵەکەی:

شەریف پاشای خەندان، (١٨٦٥-١٩٥١)، کوڕی سەعید پاشا (١٨٣٤-١٩٠٨)ی حسین پاشای ئەحمەد ئاغای خەندانە،[١] لە یەکێك لە بنەماڵە ڕەسەنەکانی شاری سلێمانییە، کەسایەتییەکی گەورەبووی شاری (ئەستەمبوڵ)ی پایتەختی عوسمانییە، لەبەر لێهاتوویی‌و خانەدانیی خۆی‌و بنەماڵەکەی، گەیشتە پلە باڵاکانی سەڵتەنەتی عوسمانی، سەعید پاشای باوکی پاش تەواوبوونی (ئیمارەتی بابان) چۆتە ئەستەمبوڵ‌و چەندین پۆستی لە (بابی عالیی) وەرگرتووە. ماوەیەك پارێزگاری ویلایەتی (قارس) بووە، دواتر بۆتە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی‌و ڕاوێژکاری سوڵتان عبد الحمیدو[٢] سەفیری عوسمانی بووە لە(بەرلین)، دواتر تا کاتی مردنی (سەرۆکی شورای دەوڵەتی عوسمانیی) بووە بەوەکالەت. زۆر خزمەتی کردووە بە کوردستان، لە شاری سلێمانی بۆ یەکەمجار قوتابخانەی (روشدییەی عەسکەرییە)ی دامەزراند، کە لەو کاتەدا ١٠٦ قوتابی

---

١ نازناوی (خەندان) بۆ ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئافرەتێکی بنەماڵەی بابان بە ناوی (خەندان)، گوایە کچی میرێکی بابان بووەو بۆتە هاوسەری عەلی ئاغای کوڕی جەعفەرئاغای سەرحەد. ئەم ئافرەتە زۆر زیرەك‌و ئازاو هەڵکەوتوو بووە، لە کاتی نەبوونی باوکیدا کاروباری ئیمارەتی بابانی سەرکەوتووانە بەڕێوە بردووە، بۆیە کەم کەم نازناوی (سەرحەد) لەبیر کراوەو نازناوی خەندان جێی گرتۆتەوە. بڕوانە: (شریف باشا، حیاته ودوره السیاسی، صالح محەممەد حسن، ص: ١٩).

٢ سوڵتان (عبد الحمید) کۆڕی سولتان (عبد المجید)ە. (١٨٤٢-١٩١٨ز). لە ١٨٧٦ بۆتە سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هەمانساڵ مەشروتەی یەکەمی ڕاگەیاندو ئەنجومەنی نوێنەران دامەزرا، لە ١٩٠٨ لە سەڵتەنەت لابرا. بۆ زانیاری زیاتر لە سەری، بڕوانە: (السلطان عبد الحمید ) نوسینی: د.محمد حرب، کە چەندین چاپکراوەتەوە.

وەرگرتووەو ١٣ مامۆستای بۆ داناوە. وەك مامۆستا ئەمین زەکی بەگ دەڵێت سەعید پاشا کەسێکی "بەجەوهەر، زیرەك... خۆشپێکەوت.. عالم، فاضل، شارەزا، خۆشەویستی وڵات، زۆر فەقیردۆست بوو."[١]

بەهەرحاڵ شەریف پاشای خەندان کوڕی هەڵکەوتووی ئەو پیاوە بەخزمەتەیە، بۆیە ئەویش لە سەڵتەنەتی عوسمانیدا – هەر وەکو باوکی– چەندین پلەو پۆستی بەرزی پێدراو لەبەر لێهاتوویی لە ساڵانی ١٨٩٨ بۆ ١٩٠٣ جگە لەوە کە ڕاوێژکاری خودی سوڵتان بوو، کرایە وەزیری ڕاسپێردراوی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوروپا، بۆ ماوەیەك لە (ستۆکهۆڵم)ی پایتەختی سوید لەسەردەمی (شائۆسکاری دووەم)و (گۆستافی پێنجەم)دا، بۆ ماوەیەکی تر لە (پاریس)ی پایتەختی فەرەنسا ماوەتەوە. لەبەر لێوەشاوەیی لە خوێندنی ئەفسەریشدا، کە لە پاریس تەواوی کرد، ڕوتبەی ژەنراڵی پێ بەخشرا.[٢]

ناوبراو "زمانەکانی تورکیو عەرەبیو ئینگلیزیو فەرەنسیو سویدیو ئیتالیو یۆنانی بەچاکیی دەزانی"،[٣] لە کۆتایی ١٩٠٨دا کاتێك لە نیازە خراپەکانی کۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی) تێگەیشت، وازنامەی نووسیو ئەستەمبوڵی بەجێ هێشتو چووە پاریسو کەوتە ڕەخنەگرتن لێیان، بۆیە لە ١٩٠٩دا (ئیتتحادییەکان) بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکردو هەوڵی

---

١ تەئریخی سلێمانیو وڵاتی، محەممەد ئەمین زەکی بەگ، بەغداد، ١٩٣٩، لا: ٢٥٦.

٢ شریف باشا، حیاته ودوره السیاسی، صالح محەممەد حسن، ص: ٢٦. وأعلام الکرد، جمال بابان، ١/٢٥٧.

٣ سەرچاوەی پێشوو، لا: ٣٢.

تیرۆرکردنیان دا، بەڵام سەری نەگرتو[1] بەردەوام بوو لەبەرهەڵستیی سیاسەتی شۆڤێنیی تورکە توندڕەوەکان، لە ساڵی١٩١٠شدا ڕۆڵی بنەڕەتیی گێڕا لە دامەزراندنی حزبی (ئازادیی میانەڕەو) لەگەڵ ژمارەیەك ڕوناکبیری نەتەوەکانی تر، کە دواتر لەگەڵ حزبی (ئەهالی) تێکەڵکراو ناونرا حزبی (حريتو ائتلاف).[2] هەمان ساڵ لە لایەن (ئیتحادییەکان)ەوە بڕیاری حوکمی حوکمی زیندانیی تاهەتایی بۆ دەرکراو لە ١٩١٣شدا بۆ جارێکی تر حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووەوە. لە ١٩١٤دا کەسێکی ڕاسپێدراو لە لایەن نەیارە تورکەکانیەوە، لە شاری پاریس هەڵمەتی بردە سەر ماڵەکەیو بە ئازایەتی هاوسەرەکەی ڕزگاری بوو.[3]

دژایەتی تورکە ئیتتیحادییەکان بۆ شەریف پاشا بەم بڕیارو هەوڵانەوە نەوەستا، بەڵکو پەنایان بردە بەر هەندێك شێوازی تری نەزۆكو ناشارستانی، بۆ نمونە هانی کەسێکیان دا بە ناوی (سلێمان نەزیف) کە کتێبێکی دژی شەریف پاشا نووسی بە ناوی (بۆش شەریف)و تیایدا زۆر بەناشیرینی چەندین جوێنو سوکایەتی دەرهەق بەو پیاوە خەباتگێڕە دەرخست، کە خزمەتەکانی بۆ تورکیای عوسمانیی بێ ئەندازە بوون.[4]

کەسایەتی ئەم شەریف پاشایە لە ئاستێکدا بووە کە دەبێت هەموو کوردێکی دڵسۆز شانازیی پێوە بکات. بەپێی سەرچاوەو بەڵگەنامەکانی

---

١ لە ژمارە ٣٨ی ساڵی ١٩١٣ی ڕۆژنامەی (مەشروتیەت)دا، بۆ خۆی باسی ئەو هەوڵەی کردووە. (هەمان سەرچاوە، لا: ٧٩).

٢ بڕوانە: (نشأة الحركة العربية الحديثة، محمد عزة دروزة، بغداد، ص: ٤٥٨).

٣ شريف باشا، سنوات عاصفة لدبلوماسي كوردي، روهات الأكوم، ترجمة: شكور مستەفا، ص:٨٧.

٤ بڕوانە هەمان سەرچاوە، لا: ٩٤.

بەردەستمان کاتێك لە پاریس ژیاوە لەناو ئەو هەزاران کەسایەتییە تورکو عەرەبو هیندە موسوڵمانەی کە لە فەرەنسا ژیاون، ئەمیان بە لێهاتووترین کەس زانیوە بۆ ئەوەی بیکەنە سەرۆکی بیرۆو کۆمیتەی ڕاگەیاندنی ئیسلامیی پاریس، کە موسڵمانە هیندییەکان لەبەر زۆرییان لە فەرەنسا دایانمەزراندبوو، بۆیە کاتێك کە لە نوێنەرایەتی کورد دەست لەکار دەکێشێتەوە، وازنامەی خۆی لەو بەرپرسیارێتییەش ڕادەگەیەنێت.[١]

دوبارە لێرەدا ناچارم بیڵێمەوە کە: من ناتوانمو نامەوێت لەم کتێبە بچوکەدا مێژووی ئەم پیاوانە بنووسمەوە، چونکە لەو لایەنە گشتییەوە زۆر لەسەریان نوسراوەو پێویستی بە دوبارەکردنەوە نیە، بەڵکو تەنها هەوڵێکی سەرەتاییم داوە بۆ تۆخکردنەوەو خستنەڕووی لاپەڕەو هەڵوێستە کاڵکراوەکانیان بۆ نەوەی نوێی میللەتی کورد، تا پێشەنگو سەرکردەکانی خۆیان وەك خۆیان بناسن.

---

١ بڕوانە: نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لا: ١٢٣و ١٢٥.

## ٢- شەریف پاشاو گروپی ئیصلاحی بنچینەیی:

ئەم پیاوە گەورەیە (شەریف پاشا) لە سەرەتاوە تا ڕادەیەك هیوایەكی بە كۆمەڵەی (ئیتتیحادو تەرەققی) توركەكان هەبوو، بەڵام كاتێك زانی ڕێكخراوەی ناوبراو لە ڕووی ئاینییەوە دژی ئیسلامن‌و لە ڕووی نەتەوەییشەوە توركچییەتی دەكەن‌و باوەڕیان بە دۆزی كورد نیە، بوو بە نەیاریان‌و سەرەنجام وەك وتمان لەشاری(پاریس) گیرسایەوەو بووە بەرهەڵستكارێكی سەرسەختیان‌و لەوێ دژی (ئیتتیحادو تەرەققی)یەكان حزبێكی لە ١٩٠٩ دامەزراند بەناوی: گروپی ئیصلاحی بنچینەیی عوسمانیی (إصلاحات أساسية عثمانية فرقەسی)و ڕۆژنامەیەكی بەناوی (مەشروتیەت) كردە ئۆرگانی حزبەكەو بۆ خۆی بووە بەڕێوەبەری‌و[1] لەچەندین ژمارەیدا دەربارەی كوردو مافەكانی‌و یەكسانی نەتەوەكان‌و پێكەوەژیانی كوردو ئەرمەن، وتاری بڵاوكردەوە، وەك وتارەكانی: (یەكسانی نەتەوەكان، پرسی چاكسازیی، نەتەوە موسڵمانەكانی توركیا، كوردەكان‌و ئەرمەن، هۆكانی بەرهەڵستكاریی كوردان)، كە تیایدا باس لە ڕاپەڕینەكەی مەلا سەلیمی دەرسیم دەكات.[2]

شەریف پاشا لە پێڕەوی ناوخۆی ئەو حزبەیاندا (گروپی ئیصلاحی بنچینەیی) ئەم ئامانجەی وەك یەكێك لە ئامانجە بنەڕەتییەكانی حزبەكە،

---

١ بڕوانە: (شريف باشا، حياته ودوره السياسی، صالح محمد حسن، ص: ٨١).

٢ لە ژمارەو مێژووەكانی٤٠/١٩١٣، ٤٧/١٩١٣، ٤٩/ ١٩١٣، ٥٠/١٩١٣، ٥٢/١٩١٣ بەشێك لەو وتارانەی سەرەوەیان تێدایە. شایانی باسە(٥٤) ژمارەكەی ڕۆژنامەی (مەشروتیەت) لە ئەرشیفی هەردوو كتێبخانەی حكومەتی سوید لە (ئۆبسالا)و (ستۆكهۆڵم) پارێزراون. (بڕوانە كتێبی: سنوات عاصفة لدبلوماسي كوردي، روهات الاكوم، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦، ص: ٧٤- ٧٧).

تۆمار کرد: "چاککردنی یاساکان بەپێی ڕێساو (قاعدە)کانی شەرع، بە شێوەیەك کە دەبێت ئاستەنگ لەبەردەم ئازادیی ڕەفتارو پەیوەندییەکاندا دروست نەکات." هەروەها لە ماددەیەکی تردا جەخت دەکاتەوە کە "دەبێت ئاینی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی ئاینی ئیسلام بێت، چونکە ئەم پرەنسیبە بەهێزو بنجبەستووە، هۆکاری پاراستنی ئیمتیازاتە دینییەکان‌و دەستەبەرکاری مافی کەنیسەکان‌و ئازادیی مومارەسەی ئاینیی غەیرە موسڵمانەکانە." [1]

ڕاستە ئەم باسە پەیوەندیی بە ئیصلاحاتێکەوە هەیە کە ویستوویەتی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بیکات، بەڵام دیسانەوە شانازییە بۆ نەتەوەی کورد کە پیاوی وای هەبووە لە ئاستی چاکسازیی لە ئیمپراتۆریەتێکدا بیر بکاتەوەو ئەو ڕادەیە لە تێگەیشتن‌و خەمخۆریی‌و گرنگیدانی هەبێت بە ڕەهەندی ئیسلامیی لەهەوڵە ئیصلاحییەکانیدا. لەهەڵوێستەکەی کۆنگرەی ئاشتی (پاریس)یشدا، هەڵوێستی ناوبراومان بەرامبەر بە دۆزی کورد بە باشیی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ، پاش شکستی (ئیتتیحادییەکان) لە جەنگ لەگەڵ ئیتالیاو بێسەروبەری سیاسەتەکانیان، حزبی (حریت‌و ائتلاف) – کە پێشتر باسمان کرد– توانی کودەتایان بەسەردا بکات‌و حکومەتێکی نوێ پێکبێنن. شەریف پاشا پاش چوار ساڵ‌و نیو لە ئاوارەیی، حوکمی لەسێدارەدانەکەی هەڵوەشێنرایەوەو گەڕایەوە شاری ئەستەمبوڵ‌و پێشوازیی شاهانە کراو خودی سوڵتان محەممەدی پێنجەم پێشوازیی لێکرد. [2]

---

١ هەمان سەرچاوە، لا: ٨٤.

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ١٠٥.

**٣- شەریف پاشاو نوێنەرایەتی کورد لە (کۆنگرەی ئاشتی پاریس):**

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، کەڵکەڵەی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی، کەوتە سەری شەریف پاشا. بۆیە زۆر جوامێرانە لە (کۆنگرەی ئاشتی پاریس) لە ساڵی ١٩١٩دا، دەسەڵاتو پۆستەکانی دەوڵەتی عوسمانیی لە خۆی داڕنیو بە نوێنەرایەتی کوردو ڕێکخراوە کوردە ناسراوەکان -وەك: کۆمەڵەی (تەعالی کورد)و کۆمەڵەی (تەشکیلاتی ئیجتیماعییە)و (سەربەخۆیی کوردستان)- وتارێکی خوێندەوە، سەرەتا خۆی بەئامادەبووانی کۆنگرەکە ناساندو وتی:

"لە پاریس غەیری من کەس نوێنەرایەتی کورد ناکات، من لە هەردوو سەری باوکمو دایکمەوە کوردم، باوکم سەعید پاشای سلێمانەییە، دایکیشم کچی مارشال شەریف پاشای کوردە".

پاشان چەند یاداشتێکی لەسەر داخوازییەکانی گەلی کورد- بە تایبەتی داوای دەوڵەتێکی کوردیی- بەگوێی ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانانو ڕای جیهانیی، گەیاند، بەتایبەتی نوێنەرانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا، کە ئامادەی کۆنگرەکە بوونو ئەندامی سەرەکیی بوون،[١] جگە لەوەش شەریف پاشا نەخشەیەکی گەورەی کوردستانی خستە ڕوو، بۆ سەلماندنی بەرفراوانیی سنوری کوردستان.

شەریف پاشا لە بەشێکی قسەکانیدا زۆر ژیرانە هاوپەیمانانی لە مەترسییەکانی پەلامارو هاتنەپێشی ڕووسە بەلشەوییەکان ترساندو دای بە گوێیاندا کە کورد لە ئەرمەنو هەموو گەلانی تری ئاسیا، باشتر دەتوانێت بەر بەو مەترسییانە بگرێت، چونکە دەرکەوتووە کە زۆربەی زۆری

---

١ شەریف پاشای خەندان، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، لا: ١٣.

ئەرمەنەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بیرو بۆچونە مەترسیدارەکانی بەلشەویەکان، لە کاتێکدا کە کوردەکان بە حوکمی پابەندییان بە ئاینی ئیسلامەوە بەوجۆرە نین. لەو ئاقادارەدا ڕەخنەی گرت لە وڵاتە ئەوروپیەکانو (موبەششیر)ە مەسیحیەکانو نێردە ئەمریکییەکان بۆ ناوچەکە، کە بەناهەق تۆوی فراوانخوازیی لە ئەرمەنەکاندا سەوز دەکەنو دنەیان دەدەن بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام لەسەر خاکی کوردستانو لەسەر حیسابی کوردان.[١]

لە بەشێکی کۆنگرەکەدا شەریف پاشا بیری نوێنەرانی هاوپەیمانانیشی خستەوە، کە نەتەوەی کورد لەو ناوچانەی ئەوان دەیانەوێت دەوڵەتێکی ئەرمەنیی تێدا دامەزرێنن، زۆرینەنو ئەوە ستەمە کە لە نەتەوەی کورد دەکرێت. ئەم مەترسییەی ناوبراو لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، کە زلهێزانی ئەو کاتە –بەتایبەتی بەریتانیا– سوور بوون لەسەر پشتگیریی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنیی لەسەرزەوی کوردستان، چونکە لەو جوگرافیایەدا کە دیارییان کردبوو، شەش پارێزگای کوردیی تێدەکەوت، کە بریتی بوون لە پارێزگاکانی: (ئەرزڕۆم، سیڤاس، وان، بایەزید، بتلیسو خەربوت)، کە ئەم شوێنانە هەموو بەشێکن لە کوردستانو دانیشتوانیشیان کوردن. شەریف پاشا دەیزانی قسەکانی لەسەر دڵی وڵاتانی زلهێز گرانە، بۆیە وتی:

"ئێستە هەموو کورد چاویان لە منەو چاوەڕێن کە بە هەموو هێزو توانام داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەم بکەم."[٢]

لە کۆتاییدا پێشنیاری کرد کە لیژنەیەکی نێونەتەوەیی پێکبهێنرێت، بۆ دیاریکردنی سنووری ئەوشوێنانەی زۆرینەیان لەکورد پێکهاتووەو ڕاپرسییەکی ڕاستەوخۆش بۆ ئەو مەبەستە لەناو خەڵکی کوردستانا بکرێت.

---

١ بڕوانە: (أكراد الدولة العثمانية، د. أحمد محمد)، لا: ٤٨٣.

٢ شريف باشا، حياته ودوره السياسى، ص: ١٤٣.

**نامەو پشتیوانیی شێخ مەحمود لە شەریف پاشا:**

ماوەتەوە ئەوەش بزانین کە بۆ ئەم نوێنەرایەتییە شەریف پاشا داوای لە شێخ مەحمودی حەفیدیش کرد، کە بۆی هەبێت بەناوی هەموو کوردەوە قسە بکات، شێخیش زۆر بە سنگفراوانییەوە داواکەی قبولّ کردو لە ئازاری ١٩١٩دا ڕاوێژی بە سەرۆك هۆزەکان کردو لەخۆرهەلّاتی کوردستانیش ئیمزای پشتگیریی بۆ کۆکردەوەو بە دوو کەسایەتیدا بەناوی (ڕەشید کابان)و (ئەحمەد بەرزنجی) تۆماری مەزبەتەو ئیمزاکانی نارد بۆ شەریف پاشا، بەلّام هێزە فەرەنسییەکان لە سوریە هەردوو کەسەکەیان گرتو نەیانهێشت بگەنە فەرەنسا.[1]

ڕەفیق حیلمی دەربارەی ئەو نامەیەی شێخ مەحمودو کوردانی باکور بۆ کۆنفرانسی ئاشتی سالّی ١٩١٩ کە لە٢٠ی ئاداری١٩١٩ نوسراوە، دەلّێت:

"خۆم نووسەری مەزبەتەو نامە تایبەتییەکە بووم، کە نێررا بۆ شەریف پاشا. بە ڕەشید کابانو سەید ئەحمەدی بەرزنجیدا ڕەوانەی پاریس کرا."[2]

چەند پەرەگرافێك لەیاداشتەکانی شەریف پاشا بۆ کۆنگرەی ئاشتیی:

لە بەشێکی یاداشتەکەیدا کە لە ٢٥ی نۆڤمبەری ١٩١٩ ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆنفرانسی ئاشتی کردووە لە فەرەنساو دەقەکەی لە ئەرشیفی فەرەنسیدا وەك خۆی ماوە، دەلّێت: "..(با) لە ئەنجومەنی بالّای کۆنفرانسی ئاشتیی، پرسی کورد بە وردی دیراسە بکرێت... ئەمە بنەوانی

---

١ هەریەك لە: ئەحمەد خواجە لە: (چیم دی؟)، بەرگی یەکەم، لا: ٢٢. ڕەسولّ هاوار، لە: شێخ مەحمودی قارەمان لا: ١٢. ڕەفیق حیلمی لە: بەرگی یەکەمی یاداشتەکانی، لا: ٦٥، باسی ئەم بەسەرهاتەیان کردووە.

٢ یاداشت، رەفیق حلمی، کوردستانی عێراقو شۆڕشەکانی شێخ مەحمود. بەشی یەکەم. چاپی دووەم. هەولێر، ١٩٨٨، لا: ٦٥.

ڕەوشە سەرەکییەکانی زامنکردنی ئاشتیو ئارامییە لە ئاسیای بچووکدا... هەڵەیەکی گەورەیە کوردستان وەك زەمینەیەکی سەوداگەریی دابنرێو هەوڵ بدرێت بکرێتە هەژموونی سەرمایەگوزارییو داگیر بکرێت... کوردستان پارچە پارچە ناکرێتو تەنها یەك دەوڵەتی سەربەخۆ پێکدەهێنێت."[1]

لە دوایەمین یاداشتیشدا کە لە هەشت لاپەڕە پێکهاتووەو لە ١/ئاداری/١٩٢٠دا ئاراستەی کۆنگرەی ئاشتیی کردووە، بەدرێژیی پرسەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەی کوردو وڵاتی کوردستانی خستۆتە ڕوو، وەك: دیاریکردنی سنوری کوردستان، مێژووی نەتەوەی کورد، ڕێژەو ژمارەی کوردو نەتەوەکانی تری نیشتەجێی کوردستان، قبوڵکردنی ئیسلام لەلایەن کوردەوە، لەگەڵ پاراستنی هەستی نەتەوەیی، ئاکامەکانی پیلانی دابەشکردنی کوردستان، هەڵەیی دامەزرانی دەوڵەتی ئەرمەنیی لەسەر حسابی کورد، دەوڵەمەندیی خاکی کوردستان.. هتد.

لەکۆتایی یاداشتنامەکەدا سێ داواکاریی گرنگ دەخاتە ڕووو دەڵێت:

١- ئێمە شێلگیرانە دژی هەموو بڕوبیانوویەکین لەسەر کوردستان، دەبێت هێڵەکانی سنوور بەمشێوەیە (بێت) کە ئێمە لەو نەخشەیەی وا کراوەتە هاوپێچ، دیاریمان کردووە، کە دەبێت ئەم ناوچانە هەر بۆ کوردەکان بمێننەوە. (لەو کاتەدا شەریف پاشا نەخشەی سنوورەکانی کوردستانی گەورە پیشانی ئامادەبووانی کۆنگرە دەدات).

٢- ئێمە... داوای دەستەبەرکردنی دەروویەکی زەریایی دەکەین لە کوردستان، کە لەسەر زەریای ناوەڕاست بکرێتەوە، هەروەها بە ئاراستەی

---

١ نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان، وەرگێڕانی: د.نەجاتی عەبدوڵڵا، لا: ١١١. هەروەها لە(کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو فەڕەنسادا، وەرگێڕانی: نەجاتی عبد الله، لا: ١٢٣-١٣٠) تەواوی یاداشتنامەکە هاتووە.

زەریای قەزوین بۆ ڕۆیشتنی نەوتو بەروبومە کانزاییو دارستانییەکانی دی.

٣- (داوا دەکەین) کۆنفرانسی ئاشتیی، ئەرکی دیاریکردنی هێڵکێشانی سنوورەکان- بەگوێرەی پرەنسیبی نەتەوەکان- بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەجۆرێك کە کوردستان هەموو ئەو دەرو ناوچانە بگرێتەوە کە کوردەکانی تێدا زۆرینەن، دەبێت بوونو هەقی وڵاتی موسڵمانی کورد لەبیر نەکرێت."[١]

---

١ بۆ دەقی ئەو دوو یاداشتنامەیە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو لا: ١١٢ تا ١٢١.

### ٤- هەڵوێستێکی سەیرو چاوەڕواننەکراوی شەریف پاشا:

سەیر ئەوەیە ئەم کەسایەتییە دیپلۆماتکارە سەرکەوتووەی کورد- کە هەموو ڕێکخراوە سیاسیو ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، لەهەر چوار بەشە پارچەکراوەکەی کوردستانەوە کۆدەنگییان لەسەری هەبوو، وەك نوێنەری خۆیان- لە هەڵوێستێکی ناکاوو چاوەڕواننەکراودا، لە ٢٤ی نیسانی ١٩٢٠دا- واتە تەنها پاش ٥٢ ڕۆژ لە دوا یاداشتنامەکەی کە بۆ کۆنگرەی ئاشتی پاریس ئامادەی کردبوو- دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگەیەنێتو دەنوسێت:

"بەو پێیەی کە لەناوەوەی خۆمدا تەواو پابەندم بە عەرشی پیرۆزی خەلیفەوە، بۆیە ڕەتم کردەوە لە ڕێگەی بیروباوەڕی جیاخوازییانەی شوومەوە، زیانی پێبگات، وازم لە سەرۆکایەتیی وەفدی کوردیی بۆ کۆنفرانسی ئاشتیی هێنا. من موسڵمانم بەر لە هەموو شتێك، بەبێ ئەوەی لەژێر کاریگەریی هیچ پارتێکی سیاسیدا بم، هەموو کۆششەکانم بۆ پاراستنی مافەکانی خیلافەت تەرخان دەکەم."[١]

من لە هیچ سەرچاوەیەکی تورکیی، یان عەرەبیی، یان کوردییەوە، نەمدیوە هۆکاری ئەم دەستلەکارکێشانەوەیەی شەریف پاشا ڕوون بکەنەوە، بەڵام بۆ خۆم پێم وایە سێ هۆکار هەبوون کە شەریف پاشا ئەم هەڵوێستە بنوێنێت:

یەکەم: کاتێك لە سویدو فەرەنساو وڵاتانی تری ئەورووپی ژیاوەو بەشداری کۆڕو ناوەندە سیاسییەکانی کردووەو لە نزیکەوە چاوی بە ئەمریکیو فەڕەنسیو ئینگلیزەکان کەوتووە، هەستی کردووە کە لە جێی

---

١ نامە دیپلۆماتییەکانی شەریف پاشای خەندان، لا: ١٢٢.

هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پاش جەنگی جیهانیی‌و خەمخواردنی نەتەوە چەوساوەکانی هاووێنەی کورد، هەر لەبیری پیلانگێڕیی‌و تۆڵەسەندنەوەن لە عوسمانییەکان‌و دڵنیا بووە کە ستەمێکی ناڕەوا لە خەلیفە دەکرێت‌و شەڕی ئایدۆلۆژیی لەگەڵ دەکرێت.

دووەم: لە سەرێکی تریشەوە، بەپێی سەرچاوەو بەڵگەنامەو سەنەدە پارێزراوەکانی بەردەستمان، دەردەکەوێت کە نە کۆنگرەی ئاشتی‌و نە نوێنەرانی زلهێزانی ئەو کاتە، هیچ وەڵامدانەوەیەکی ئیجابییان نەبووە بۆ داواکارییەکانی نەتەوەی کوردو ئاوڕێکیان لە یاداشتەکانی کورد نەداوەتەوە بۆیە ئەو بڕیارەی داوە.

سێیەم: ئاشکرایە شەریف پاشا لەبەر ئەوەی ڕەخنەی زۆری هەبوو لە دەسەڵاتی عوسمانی‌و زۆرێك لە حاشیەکانی خەلیفەو والییەکانی‌و ئەفسەرەکانی سوپاو هەڵس‌و کەوتەکانیان، لە سەرەتاوە وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد چوو بەدەم ڕێکخراوی (ئیتتیحادو تەرەققیی)یەوە، بگرە وەك دامەزرێنەرێك لەو ڕێکخراوەدا ناسراوە، بەڵام کاتێك ئەمسەرو ئەوسەری ئەوروپای کردو گوێی لە نەیارانی ئەورووپیی گرت، هەستی کرد کە نەیاریی ئەو ڕێکخراوە بۆ خیلافەتی عوسمانیی لە سۆنگەیەکی ترەوەیەو خۆیان فرۆشتووە بە بێگانەو مەبەستیان خێرو ڕزگاریی گەلانی تورکیا نیە، بەڵکو جێبەجێکاری ئەجێندای دەرەکین‌و خزمەتی زایۆنیزم‌و خاچپەرستانی داخ لەدڵی عوسمانیی دەکەن، بۆیە لەو کارو ئەرکەی خۆیشی نائومێد بووو بەو جۆرە ڕاستگۆیانەو ڕاشکاوانە، وازنامەی ڕاگەیاندو هۆگریی خۆی بۆ ئاین‌و کیانی عوسمانیی– کە تا ئەودەمەش چەتری نەتەوە موسڵمانەکان بوو، هەرچەند چەترێکی شڕ بوو– دووپات کردەوە.

ئەگەر لەو ڕستەیەی شەریف پاشا ورد ببینەوە کە دەڵێت: "ڕەتم کردەوە لە ڕێگەی بیروباوەڕی جیاخوازانەی شوومەوە زیانی پیێ بگات" (واتە بە خەلیفە)، تێدەگەین کە سەرچاوەی کاردانەوەی ئەو هەڵوێستە ئەم خاڵەیە کە ئاماژەمان پیێ کرد.

ئەوەی تا ڕادەیەك ئەم بۆچوونەی بەندە دووپات دەکاتەوە، دوو نامەی تری شەریف پاشایە کە یەکێکیانی لە ١٩٢٠/٤/٢٧ واتە چوار ڕۆژ پاش وازنامەکەیو ئەوی تریان لە(٥)ی ئایاری هەمان ساڵ– واتە پاش هەفتەیەك لەوان– دەیاننوسیێ، لە یەکەمیاندا وێڕای ئاماژە بەوە کە وازهێنانەکەی بۆ ناکۆکییەك دەگەڕێتەوە لە نێوان خۆیو یانەیەکی کوردیدا، باس لە "نائومێدی نویێ لە تاقیکردنەوەی سیاسیدا" دەکات. لە نامەی دووەمیشدا بە ئاشکرا دەڵێت: "بڕێك نیشانە پێشبینی ئەوەم بۆ دەکەن کە شیمانەی ئەنجامەکان لەگەڵ پرەنسیبە سیاسییەکانماندا ناگونجێن، هەروەها خۆم لە سەرۆکایەتیی کۆمیتەی زانیارییە ئیسلامییەکانی (پاریس)یش کە موسوڵمانانی هیندستان چاودێرییان دەکرد، کێشایەوە."[١]

بە کورتی، من بۆ خۆم لە تێکڕای ئەو هەڵوێستانەی شەریف پاشا، مەبدەئیەتو ڕاستگۆییو جیدییەت دەخوێنمەوە، دیارە تا ئەوکاتە بڕوای بە بەهاکانی خیلافەتی عوسمانییو خۆدوورگرتن لە کەرتکردنی هەبووە، هەروەها زۆر دژی کەوتنە ژێر هەژموونی وڵاتانی ئەورووپییو زلهێزانی ئەوکاتە بووە، بە تایبەتی ئینگلیزو فەڕەنسا، چونکە نە لەگەڵ کوردا بە ڕاستگۆی زانیون، نە سیاسەتیشیان دژی عوسمانیی بەلایەوە مرۆڤدۆستانە بووە، بۆیە لە تەواوی ئەو پرۆسانە کشاوەتەوە.

---

١ دەقی هەردوو نامەکە لە هەمان سەرچاوە، لا: ١٢٣و ١٢٥ بڵاوکراونەتەوە.

# بەشی نۆیەم

## شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران

# تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- کەسایەتی شێخ سەعیدو ئامانجی شۆڕشەکەی............←
- هەڵوێستی عەللامە سەعید نورسی لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران..................................←
- لەبەرچی شۆڕشەکەی شێخ سەعید سەرنەکەوت؟.........←

## ١- كەسایەتی شێخ سەعیدو ئامانجی شۆڕشەکەی

شێخ سەعیدی پیران وەك خەباتگێڕێکی کوردو سەرکردەیەکی موسڵمانو کەسایەتییەکی کاریزمیو درێژەپێدەری خەباتی پێش خۆی، ناوێکە لەسەر تابلۆی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ناسڕێتەوە. ناوبراو ساڵی ١٨٦٥ لە گوندی (پیران)ی سەر بە قەزای (بالوو)ی پارێزگای (ئالازاغ)ی تورکیا لەدایکبووە، لە شارەکانی کوردستان فەقێیەتی تەواو کردووە، لەگەڵ زانستدا بایەخی بە ئیرشادو عیرفانیش داوە، بەڵام زۆرێك لە ڕێچکە تەقلیدییەکانی شکاندووە، بۆ نمونە نەیهێشتووە دەستی ماچ بکرێت، یان صۆفیو موریدەکان بۆی بچەمنەوە، هەرچەند زۆر بە هەیبەتو ویقاریش بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٤وە، کەوتەخۆ بۆ سازدانی شۆڕشێکی نوێ، شۆڕشێکی دووسەرەی ئاوکێش، کە ئاسەوارەکەی بەکەس هەڵنەدەگیرا، چونکە لەسەرێکەوە دەیویست خیلافەتی ئیسلامیی بگێڕێتەوە، لەسەرێکی تریشەوە دەیویست کوردستان ئازاد بێتو گەلی کورد بەمافە نەتەوایەتییەکانی بگات. دوو ئامانجی گەورەو شیرین لای خۆیو شۆڕشگێڕانو گەلەکەی، بەڵام تاڵو زەحمەت لای کەمالییەکانو زلهێزانی ئەو سەردەمەو ئەوروپای نەیاری خۆرهەڵات.

**شێخ سەعیدی پیران بۆچی ڕاپەڕیو چی دەویست؟!:**

زۆر پێویستە نەوەی نوێی ئێمەی کورد بە تایبەتیو هەموو ئوممەتی ئیسلام بە گشتی، بەو کەشو هەوا سیاسی- کۆمەڵایەتییە ئاشنا ببێت، کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی شێخ سەعید، کە پێم وایە وێناکردنی ئەو کەشو هەواو هەلو مەرجە ناوخۆییەی تورکیاو دەرەوەی تورکیا، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە، کە ئاخۆ (شێخ سەعیدی پیران) بۆچیو لە پێناوی چیدا ڕاپەڕی؟ ئەمەش پێویست دەگێڕێت کە پێش ئەوە بزانین

(کەمال ئەتاتورك) چی کردو چ هەڵوێستێکی هەبوو، بە تایبەتی لەبەردەم بێگانەو نەیارانی خیلافەتی ئیسلامیدا؟

مێژوونوسان دووپاتیان کردۆتەوە کە باڵوێزی بەریتانیا لە کۆنگرەی ئاشتی ١٩٢٢، ڕاشکاوانە بەنوێنەری تورکیای وتووە: "ئێمە ناتوانین بڕیاری سەربەخۆیی ئێوە بدەین، چونکە ئێوە جارێکی تر دەبنەوە بە سەنتەری کۆبونەوەی موسڵمانانو هەمان کێشەی خۆرهەڵات –کە زۆر ماندوو بووین بە دەستییەوە– دوبارە دەبێتەوە".

سەرچاوەکان ئەوە دەسەلمێنن هەر ئەو کاتە ئەتاتورك دڵنیای کردونەتەوە کە مەرجەکانیان قبوڵ دەکات، بۆیە ساڵی ١٩٢٣ باڵوێزی بەریتانیا (کارزون) چوار مەرجی بنەڕەتیی پێڕاگەیاندوون، کە مەشهورن بە (مەرجەکانی کارزون)، کە بریتین لە: خۆداڕنین لەئاینی ئیسلامو ڕاگەیاندنی ڕەسمیی کۆتایی خیلافەتی ئیسلامیو بنبڕکردنی ئەو جوڵانەوانەی باس لە گێڕانەوەی خیلافەت دەکەنو وازهێنان لە شەریعەتی ئیسلامو کارکردن بە یاسا خۆرئاواییەکان.

ئەتاتورك بەم مەرجانە ڕازی بوو، هەموویانی جێبەجێ کرد، وڵاتانی عەرەبیش نقەیان لێوە نەهات، وەك لە بڕگەی داهاتوودا ڕوونتر بە بەڵگەوە ئەم باسە تەواو دەکەم.

ئەمە بەشێکی سەرەکیی کەشو هەواکە بوو، ئەوەش وەزعی ناوەندە عەرەبیو ئیسلامییەکان بوو، بۆیە شێخ سەعیدی پیران زۆر بوێرانەو ڕاشکاوانە ڕۆژی ١٩٢٥/٢/١٤دا فتوایەکی دەرکردو خۆی بە ناونیشانی (سەرکردەی موجاهدین) ڕاگەیاند، بەڵام کە جیهادو شۆڕشەکەی دەستی پێکرد، ناونیشانی خۆی گۆڕی بۆ (خزمەتکاری موجاهدین)و گوندی (دارەخانی) کردە

مەڵبەندی سەرهەڵدانی شۆڕش، دروشمەکەشی، تەنها دوو وشە بوو: (بژی خیلافەت، بڕوخێ کەمالیەت)، (لە پێناوی خواو شەریعەت).[1]

بەپێی سەرچاوەکانی بەردەستمان، ئامانج لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، ئەمە بوو: "سەربەخۆیی کوردستانو گێڕانەوەی خیلافەتو هەڵوەشاندنەوەی مەحکەمە قەزاییەکان، بەپێی قورئانی پیرۆز."[2]

باڵیۆزی ئەو کاتەی بەریتانیا لە تورکیا (ڕونالد لیندسی) لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەکانی تورکیا، ئەو ڕاستییەی سەرەوە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: "شورشی شێخ سەعید بۆ دینو نەتەوەی کورد بوو، یەکەم جولانەوەی لەبەرچاو بوو دژی حەزە سێکۆلاریی‌و عەلمانییەکەی سیستمی هاوچەخی تورکیا، بۆیە شێخ سەعید لە پێناوی ئاینو ڕەوشتو گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامیی هەوڵی دەدا، هەروەها لە ڕاستیشدا خەونی دەدی بە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆوە."[3]

ڕەنگە (تۆینبی) مێژوونوسی بەریتانیش (١٨٨٩–١٩٧٥)، یەکێك بێت لەو نوسەرانەی بە وردی دەستنیشانی تایبەتمەندییەکانی شورشەکەی شێخ سەعیدی کردبێت، چونکە دەڵێت: "شورشی شێخ سەعید بەرهەڵستکارییەك بوو دژی سیاسەتی (غەربگەرایی)و (مەرکەزیەت)و (بەتورککردن)، گەیاندنی پەیامی سەرکردایەتی کورد بوو کە واز لەدەستکەوتە ئاینییو ئەقتاعییەکان ناهێنن."[4]

١ حول التاريخ الراهن للولايات الشمالية الشرقية فى تركيا، زافريف، د.س، ١٩٤٧، ص: ١٤٤. (بڕوانە: المسألة الكردية، لازاريف، ص: ٨٢).

٢ المسألة الكوردية، بوكوريلف، م. (الحرب والثورة)، ١٩٢٥، ١٤٨/٣.

٣ حول التاريخ الراهن للولايات الشمالية الشرقية في تركيا، زافريف، د.س، ص: ١٤٤.

٤ المسألة الكردية، لازاريف، ص: ٨٧.

له سەرێکی ترەوە بەڵگەنامە پارێزراوەکانی وڵاتی فەرەنسا –تایبەت بە شۆڕشەکەی شێخ سەعید– ئەو ڕاستییەی سەرەوە لە هەردوو ڕەهەندی ئیسلامیی‌و نەتەوەیی شۆڕشەکە دووپاتدەکاتەوە، لەیەکێك لەو بەڵگەنامانەدا دەقی ڕاپۆرتێکی قۆماندانی فەیلەقی هەشتەمی تورکیا هاتووە، کە دەڵێت: "بەڵگەنامەگەلێکمان گرتووە کە باسی هاریکاریی ئەرمەن‌و نەستورییەکان دەکەن لەگەڵ شێخ سەعید، بۆ هاریکاریکردنی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ."[1] بۆ لایەنە ئاینییەکەی ئامانجەکانی شێخ‌و شۆڕشەکەشی، لە هەمان ئەو بەڵگەنامانەی حکومەتی فەرەنسادا هاتووە: ".. ئەم شۆڕشە دەیویست ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەك پەردەیەك بەکاربێنێت بۆ پارچە پارچەکردنی نیشتیمان (مەبەستی تورکیایە)، شۆڕش ئامانجی دابڕانی بەشێکی نیشتمانی تورکیا بوو."[2]

سەیر ئەوەیە کە هەندێك لە ناحەزانی کورد، هەوڵیان دەدا کە ئەو شۆڕشە بە پیلان‌و دەسندەی ئینگلیز بناسێنن دژی تورکیا، بەو پێیەی پاش کۆنگرەی (لۆزان) پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئینگلیز ئاڵۆزیی تێکەوت، لەبەر یەکلانەبونەوەی کێشەی ویلایەتی موصل کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، بۆیە تا سنوری هەڵبەستنی بوختان دژی شۆڕشەکەی شێخ سەعید، قسەدەکرا، تەنانەت زۆر بەشێوەیەکی ناشایستە ڕۆژنامەکانی تورکیا پڕوپاگەندەیان بڵاو دەکردەوە، کە پارەی زۆری بەریتانیاو چەکی ئینگلیزیی بۆ شۆڕشگێڕان هاتووە، بە مەرجێك پیاوێکی وەکو شێخ سەعید لە کاتی دادگاییکردنەکەیدا، لێیان پرسی: "دوژمنی سەرەکی تورکیا کێیە؟

١ شێخ سەعیدی پیران لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی فەرەنسادا، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبوڵڵا. ٢٠١٣، هەولێر، لا: ١٤٦.

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ٢١٦.

وتبووی: بەریتانییەکان"، بەڵام ئەم هەستە ئینسانییە گەورەیەی شێخ لای سەرانی دەسەڵاتی تورکی هیچ ڕێزێکی بۆ دانەنرا، بەمەرجێك لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی فەرەنسادا، دەقی وەڵامێکی شێخ بۆ ئەو بوختانانە پارێزراوە، کە ڕاشکاوانە دەڵێت: "من لە لایەن هیچ کەسێك، یان هیچ پارتێکەوە هاننەدراوم، تا شۆڕش بکەم، من بەخۆم شۆڕشم دارشتو ئامادەم کردو جێبەجێم کردو بیرو باوەڕی خۆم ڕێبەرم بوو."[1]

بەهەرحاڵ، لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٥ دا لە دادگای دیاربەکر بڕیاری لەسێدارەدان بۆ شێخ سەعیدو ٤٧ شۆڕشگێڕی هاوکاری دەرچوو، ڕۆژی دواترو لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٥ شێخی سەربەرز برایە بەر پەتی سێدارە، شێخ سەعید لەژێر قەنارەکەدا وتی: "ژیانی سروشتیم لە کۆتاییەکەی نزیك دەبێتەوە، هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی کە خۆم بە قوربانی میللەتەکەم دەکەم، ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە کە نەوەکانمان هەست بە شەرمەزاریی ئێمە نەکەن بەرامبەر بە دوژمنانمان."[2]

---

١ هەمان سەرچاوە، لا: ٣١٧.

٢ شۆڕشەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا، جەلیلی جەلیلو هاوکارانی، لا:٢٤٠.

## ٢- هەڵوێستی عەللامە سەعید نورسی لە شۆڕشەکەی شێخ سەعید:

بەگونجاو- بگرە پێویست- ی دەبینم کە لەم باسەدا ئاماژەیەك بکەم بە هەڵوێستی زاناو بیرمەندی گەورەی کوردستان مامۆستا سەعید نورسی، لەو شۆڕشەی شێخ سەعید، لەو سۆنگەیەوە کە لە زۆربەی ناوەندە تورکیو عەرەبی-و تەنانەت کوردییەکانیش-دا وا بڵاو بووەتەوە کە نورسی لەگەڵی نەبووە، بگرە نامەشی بۆ شێخی پیران ناردووە کە دەست هەڵبگرێت لەو شۆڕشە.

بەڵێ، تا ئەم دواییانەش وا بڵاو بوو کە سەعید نورسی دژی ئەو شۆڕشەی شێخ سەعیدی پیران بووە، بە پاساوی ئەوەی کە سوپای تورکیا موسڵمانەو ناکرێ شەڕ لە نێوان موسڵماناندا هەڵگیرسێت. بەبێ ئەوەی ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێت کە شێخ سەعیدی پیران دژی ئەتاتورکو دارودەستەکەی هەستابوو کە هەزاران کوردیان کوشتو بووبووە داردەستی بێگانەو بەپشتیوانیی زایۆنیزمی جیهانیو بەرەی ئەوروپای دژ بە ئیسلام، خیلافەتی عوسمانییان ڕوخاندو ڕاشکاوانە ئیعلانی دژایەتی ئیسلامیان کرد، شەریعەتیان قاچاخ کرد، یاسا ئاینییەکانیان گۆڕی، بانگیان لە مزگەوتەکان ڕاگرت، پۆشاکی شەرعییو دیمەنە ئیسلامییەکانیان قەدەغە کردو هتد.

شێخ سەعیدی پیران دژی ئەم کارانە هەستا، هەم بە نیازی تۆڵەسەندنەوە لەو تاوانە دژە مرۆڤانەی ئەنجام دران، هەم بۆ گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامیی ڕاستەقینە، وەك لە لێدوانو (مورافەعات)ەکانی خۆی لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا دەردەکەوێت. (وەك لە کۆتایی ئەم کتێبەدا دەیبینیت). جا، ئایا مەعقولە کەسایەتییەکی زاناو هۆشیاری وەك (بدیع الزمان) مامۆستا سەعید نورسی)- کە پێش شێخ سەعید بە زیاتر لە ٢٥ ساڵ هەمان بانگەشەی دژایەتیو ڕاپەڕین دژی ستەمی دەکردو هەر لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییەوە ڕەخنەبارانی دەسەڵاتی

توركیای دەکرد، کە لە بەرنامەی ئیسلام لایان داوەو ستەمیان لە نەتەوەی کوردو ناوچەکانی کوردستان کردووە- لەو ساتەوەختە مێژوویی‌و هەستیارو ناسکەدا، دژی سەرکردەی موجاهید شێخ سەعیدی پیران بوەستێتەوەو شۆڕشەکەی بە نادروست بزانیێ‌و نامەی بۆ بنوسیێ‌و داوای لیێ بکات دەست هەڵبگرێت ؟! بەلیێ، من لەو ساڵانەدا کە بەڵگەیەکی ئەوتۆشم بەدەستەوە نەبوو نەك جارێك، صەدجار دەمگوت: نەخێر، نە مەعقولەو نە ڕاستو ڕەوایەو نە لە نورسی دەوەشێتەوە کە هەڵوێستی وا بنوێنێت. هەروەها نە ئاین‌و نە تێگەیشتنی دروست لە چەمکە ئاینییەکانیش-کە نورسی لەو بوارەدا قاڵ بوو بوو-ڕیێ بە ئاوا هەڵوێستێك دەدەن ؟![1]

تا ئێرە تەنها بۆچونی خۆم بوو هیچ بەڵگەنامەیەکیشم نەدیبوو بەردەوامیش لە ناوەندە ڕوناکبیرییە کوردستانیی‌و عەرەبیی‌و تورکییەکاندا داکۆکیم لەم بۆچونەم دەکرد، نەشمدەزانی چۆن بیسەلمێنم، تەنها جارێك لە شاری ئەستەمبوڵ، لە بارەگاکەی خۆی، مەرحومی مامۆستا (عز الدین یەڵدرم) سەرۆکی وەقفی (الزهراء)م[2] بینی- کە یەکێکە لە باڵەکانی ڕەوتی

---

١ لەم بارەیەوە ڕەشنوسی لێکۆڵینەوەو بەدواداچونێکی دیکۆمێنتاریی‌و مەیدانیم ئامادە کردووە، خوای گەورە تەمەن بدات، لە داهاتوودا بڵاوی دەکەمەوە.

٢ عز الدین یەڵدرم (١٩٤٦- ٢٠٠٠ز): سەرۆکی دەزگای (وقف الزهراء) بوو لە لایەنگرانی قوتابخانەی (سەعید نورسی)ن‌و زیاتر کوردیان لە دەور کۆبووەتەوە. ساڵی ١٩٩٢ ئەو وەقفەی دامەزراندو خاوەنی زیاتر لە ٧٥ لق‌و بارەگا بوو لە تورکیاو بارەگای سەرەکی لە ناوچەی (ئاقسەرا)ی ئەستەمبوڵ بوو. بەندە چەندین جار لە نزیکەوە سەردانم کرد، کەسێکی لێبڕاوو خەمخۆرو بەتوانا بوو. خاوەنی گۆڤاری کوردیی (نەوبەهار) بوو، لە کاتێکدا کەس نەیدەتوانی بابەتو بەرهەم بە کوردیی بڵاو بکاتەوە. ساڵی (٢٠٠٠) بە پیلانێکی داڕێژراو تیرۆر کرا، خوا بە شەهید زوری بگرێت.

(نور)– هەستم کرد زۆر پڕە لەو دەزگاو ناوەندە تورکانەی کە خۆیان بە شوێنکەوتەی نورسی دەزانن، بەڵام وشەکانی (کوردو کوردستان)یان لەکتێبەکانی مامۆستا نورسیدا لابردووە. بەڕێزیان وتی: "ئەو هەواڵەش کە گوایە مامۆستا نورسی نامەی نوسیوە بۆ شێخ سەعیدی پیران ئەصلو ئەساسی نیەو ڕەگەزپەرستە تورکەکان ئەم داستانەیان هەڵبەستووە، تا نورسی بکەنە دوژمنی کورد." ئەو دەیوت: "بەپێچەوانەوە مامۆستا نورسی پشتیوانیی لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران کردووەو تەنانەت بەو تۆمەتەش نورسی دەسگیر کراوە."

لە ڕاستیدا من لەمە زیاتر نە هیچم بیستبوو نە هیچم دیبوو قسەکانی ئەویش بۆ من نەدەبوونە بەڵگە، چونکە دەزگاو ناوەندەکانی تر کە ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەبوو تۆمەتباریان دەکرد بەوەی دەمارگیریی بۆ کورد زۆرە، هەرچەند پیاوێکی زۆر دیندارو خاوەن هەڵوێست بوو بەڵام من بۆ خۆم دەترسام کە لە کاردانەوەدا کەوتبێتە هەڵەو زیادەڕەویی.

بەهەرحاڵ، بۆ یەکەم جار لە مانگی نیسانی ٢٠١٤ دا چاوم بە کتیبێك کەوت تایبەت بە مێژووی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان) لە نوسینی (ئیسماعیل گوێڵداش)[١] سەیر دەکەم ئەم بابەتەی وروژاندووە. زۆر پێی دڵخۆش بووم، چونکە بۆ یەکەمجار بوو بەزمانی کوردی نوسراوێك بڵاو ببێتەوە کە گومان بخاتە سەر ئەو بابەتی نامەو جۆری پەیوەندییەی نێوان نورسیو پیرانو داستانی ئەو نامەیە بخاتە ژێر پرسیارەوە.. بۆیە لێرەدا چەند برگەیەکی لێ دەگوێزمەوەو بەشێك لە بۆچونەکانی پێش بیست ساڵی خۆمی پێ پشتڕاست دەکەمەوە:

---

١ ئەم کتێبە لە لایەن بەڕێز (زریان ڕۆژهەڵاتی)یەوە کراوە بە کوردیو بە سوپاسەوە (بنکەی ژین) لە سلێمانی، ساڵی ٢٠١١، لە ٥٠٢ لاپەڕەی مامناوەندیدا، چاپی کردووە.

".. بۆچوونی جیاواز هەن سەبارەت بە هەڵوێستی (بدیع الزمان) سەعیدی نورسی سەبارەت بەو بابەتە... هەندێك لەو گێڕانەوانە ڕاستو هەندێکیشیان درۆو دەلەسەن. بەگوێرەی هەندێك چاودێرو لێکۆڵ، (بدیع الرزمان) سەرەتا هەڵوێستی نەرێنیی بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکە هەبووە، بەڵام دواتر کاتێك ڕەفتاری نائیسلامیی لە وڵاتدا بینیوەو فشارەکانی سەر خۆیشی پتر بوون، بۆچوونی گۆڕیوەو بەشداریی لە جوڵانەوەکەی شێخ سەعیددا کردووە. هەندێکی تریش دەڵێن بەدیعوززەمان هەر لە سەرەتاوە پشتگیریی شێخ سەعیدی کردووە، بەڵام متمانەی بەشێوازی دروستبوونی جوڵانەوەکەو وادە دانانەکەی نەبووە."

سەبارەت بە دەنگۆی ئەو نامەیەش کە باس دەکرێت: گوایە نورسی بۆ شێخ سەعیدی پیرانی ناردبێتو وتبێتی: جیهادەکەتان براکوژییەو بێ ئەنجامە، هەمان سەرچاوە دەڵێت: "..سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگەی زۆر لەبەر دەستدان سەبارەت بەوەی وا ئەو نامەیە هی (بدیع الزمان) نیە، هیچ بەڵگەیەك نیە بیسەلمێنێ ئەو نامەیە هی ئەو بووە. بەر لە هەموو شتێك ناوەڕۆکی نامەکە لەگەڵ ئەو تێکۆشانەی کە بەدیعوززەمان لەماوەی تەمەنیدا کردوویە، ناکۆکە. زۆرێك لە لێکۆڵەرەکان پێیان وایە ئەوی تۆزێك لە یاسای ئیسلام تێ بگات، نامەیەکی وا نانوسێو کەسێکی وەکو بەدیعوززەمانیش کە بە وردی ئاگای لە یاساکانی ئیسلامە، هەڵوێستێکی وەها وەرناگرێت.."[1]

دواجار ئەم نوسەرە بەڵگە بۆ دروستیی بۆچونەکەی خۆی بەوە دەهێنێتەوە کە نورسی لە کتێبی (شوعاعلەر)دا زۆر بەرێزەوە ناوی لە شێخ سەعیدو هاوڕێکانی بردووەو وتویەتی: "شێخ سەعیدو هاوڕێکانی

---

١ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: ٥٢ — ٥٣.

شەهیدی ڕاستەقینەن"، بەڵام ئەو ڕستەیە کە لە نوسخە ئەصلییەکاندا هەیە، لە چاپەکاندا لابراوە.[1]

بەڵگەیەکی تری بەهێز بۆ ناڕاستیی ئەو نامەیە، ڕونکردنەوەی کوڕەزایەکی شێخ سەعیدی پیرانە بەناوی (مەلیك فورات) کە لە چەندین بۆنەدا دەری خستووە هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەو نامەیە. مەلیك فورات –کە چەند جارێك لە پەرلەمانی تورکیا بۆتە پەرلەمانتارو بۆ خۆم چەند جارێك لە تورکیا بینیومە– ساڵی ١٩٨٩ بۆ گۆڤاری (گریشم)ی تورکیی ڕایگەیاند: کە نورسی نامەی وای بۆ شێخ سەعیدی باپیرم نەناردووە.[2] لەو چاوپێکەوتنەدا ئەوەش دەڵێت کە: "ساڵی ١٩٥٤ لە (ئیسپارتە) سەرم لە بەدیعوززەمان دا... نەخۆش بوو... جامەدانەکەی سەری دەسماڵێکی لوولکراوی پێوە بوو... دەستیم ماچ کرد... هەندێك شتی پێویستمان باس کرد.وتی: من تۆڵەی برای پایەبەرزو موکەڕڕەم، شێخ سەعید دەکەمەوە."[3]

---

١ نورسی لە چوار پێنج جێگەی پەیامەکانیدا ناوی شێخ سەعیدی پیرانی بردووە، لە: (اللمعات: ٣/٦٧)، (الشعاعات:٤ /٤٢٥ و٥١٥)، الملاحق: ٧/٢٤٠)، (سیرة ذاتیة/ ١٨٧). لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی (ئیحسان صالحی)شدا، لەچەند پەراوێزێکدا ئاماژەی کردووە کە شۆڕشەکەی شێخ سەعید دژی سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەتاتورك بووە لەگەڵ ئیسلام، (کلیات الرسائل: ٣/٦٧و ٩/١٨٧). ئەوەی ئێستە لە (الشعاعات) هەیە، هەر ئەوەیە کە ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید لە(٤/٤٢٥) بە ڕوداوێکی لاوەکیی (حادثة جزئیة)و لە(٤/٥١٥)شدا بە شۆڕش ناوی دەبات، بەڵام لە (الملاحق،٩/١٨٧، دارو دەستەی ئەتاتورك تۆمەتبار دەکاتو دەڵێت: "دووڕووەکان لە پێناوی ئاشووبو تۆقاندن کار دەکەنو بوونەتە هۆی دەیان ڕووداوی وەك (مەنمن)و ڕوداوی شێخ سەعید"

٢ گۆڤاری (گریشم)، ژمارە: ٤٧، ئابی ١٩٨٩، ڕاپەڕینی شێخ سەعید، حسین ئوقچو، لا: ٧. (لە لاپەڕە (٥٥)ی (جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش) وەرگیراوە.

٣ هەمان سەرچاوە، لا: ٢٢.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە: "ژمارەیەك لەنوسەران باسی ئەوەیان کردووە کە سەعیدی کوردیی کاتی ڕاپەڕینەکەی ١٩٢٥ (شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران) لە چیای (ئەرك) بووە لە ناوچەی (وان)و بە کردەوە بەشداریی لە ڕاپەڕینەکەدا کردووەو پشتیوانیی لێ کردووە." [١]

بەڵێ هەر ئەوە لە کەسایەتییەکی وەك مامۆستا سەعید نورسی دەوەشێتەوە نورسییەك کە سیاسەتمەداری ناوداری کورد موسا عەنتەر[٢] لە بیرەوەرییەکانیدا بە(موجاهیدێکی کورد)و (گەورەترین دەستبژاردەی کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا) ناوزەدی دەکاو دەربارەی دەڵێت: "لە سەرەتای سەدەکەمانەوە تا ساڵی ١٩٦٠ (ساڵی وەفاتی) ژیانی بە تێکۆشان دژی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی عوسمانیو کۆماریی تورکیا بەسەر بردووە."[٣]

بەهەرحاڵ، ئێستەش ئەوە دووپات دەکەمەوە دەربارەی ئەو نامەیەی کە باس دەکرێت گوایە نورسی بۆ شێخ سەعیدی نوسیوە، دەڵێم: تا دەقی ئەو نامەیە بڵاو نەکرێتەوە، جێی ئەوە نیە بەڕاست بزانرێت، چونکە —وەك (ئیسماعیل گوێڵداش) دەڵێت: "نابێت ڕۆڵی هەستیارییەکانی (نورسی) سەبارەت بە شوناسی کوردیی لەبەرچاو نەگرین."[٤]

---

١ جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵاش، لا: ٥٧.

٢ موسا عەنتەر: ڕوناکبیرو ڕۆژنامەنووسو سیاسەتمەداری باکوری کوردستان، لە ١٩١٨ لە ماردین لەدایك بووە، ساڵی ١٩٩٢ لە ئامەد تیرۆر کرا، لە زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکاندا چالاك بووە، خاوەنی چەندین نووسینو بەرهەمی زانستییە. لەوانە: ئەلفبای کوردیو فەرهەنگێکی کوردیی— تورکییو بیرەوەرییەکانی لە دوو بەرگدا. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی، بڕوانە (المستدرك على تتمة الأعلام)، بیروت، دار ابن حزم.

٣ بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر، لا: ٧٦، (لە سەرچاوەی پێشوو لا: ٦١) .

٤ هەمان سەرچاوە، لا: ٦١.

لێرەدا پێویستە ئەم زانیارییە بدەم بە خوێنەرانی بەڕێز، کە کەسانی شارەزا بە ناوەندە دیکۆمێنتیو ئەرشیفییەکانی تورکیا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەزاران بەڵگەنامە لە تورکیادا بەپارێزراوی ماونەتەوە، کە پەیوەندییان بە ساڵانی دەیەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە هەیە. بەپێی ئەو بەڵگەنامانەش کە کەم تا زۆرێك بڵاودەبنەوە دەردەکەوێ کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی (ئیتتیحادو تەرەققی)و دەسەڵاتی کەمالیستە ڕەگەز پەرستەکانەوە، هەوڵ دراوە ئەو دیکۆمێنتو بەڵگەنامانە بشارنەوە کە لە بەرژەوەندیی بیرکردنەوە دەمارگیرییەکەی ئەواندا نین. لەوەش زیاتر– بەپێچەوانەوە– دەیان نوسراو بڵاو کراونەتەوە کە هەندێك بەڵگەنامەی مێژوویی دەسکاریی کراونو شێوێنراون، بەشێکیشیان پەیوەندییان بە کتێبو بەرهەمەکانو ژیاننامەی مامۆستا (سەعیدی نورسی) یەوە هەیە.

بەداخەوە زۆرێك لە ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوە– لە ڕاستەوە بۆ چەپ، تا دەگاتە زۆرێك لە ئیسلامییەکانیش– بێئاگایانە یان بە مەبەست، کەوتونەتە هەڵەی وردنەبونەوە لەم خاڵەو بەدوادانەچوون بۆ زۆرێك لەو پرسو بابەتە مێژووییانەی کە پرسیار هەڵدەگرنو بەدواداچوونیان پێویستە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە نەتەوەکانی تری غەیری تورکو ناوچەکانی کوردستانو ڕوداوە گرنگەکانی وەك ڕێکخراوو جوڵانەوە کوردییەکانو شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیرانو شۆڕشی ئاراراتو ئاگری داخ و دەرسیم و..هتد، هەیە.

### ٣- شۆڕشەکەی شێخ سەعید بۆ سەرنەکەوت؟

سەرچاوە نزیکەکان بەو سەردەمە باس لەوە دەکەن کە بە پلانێکی توندو تۆڵ شێخو هاوکارانی٥٠ هەزار چەکدارو جۆرەها چەکو تەقەمەنی ئامادە دەکەن. ڕۆژی ٢١ی مارسیش دیاری دەکەن، وەك سەعاتی سفر بۆ هەڵمەتی سەراسەریی. دیارە تورکان هەستیان بە شتێك کردووە. یەکێك لە هاوڕێیانی شێخ چەند ڕۆژێك پێش ئەو وادەیە سەردانی ماڵی شێخ دەکات، پۆلیسو جەندرمەی ئەتاتورك لێی دەکەونە گومانو دەسگیری دەکەن.[١] هاوکارانی نزیکی شێخ کە بەوە دەزانن، چەند سەد کەسێك لێی کۆدەبنەوەو شڵەژاوییان پێوە دەردەکەوێت. بەو جۆرە لە ٧ ی مانگ -واتە پێش وادەی دیاریکراو بە ١٥ ڕۆژ - شۆڕش بە کاڵو کرچیو شپرزەیی دەست پێدەکاتو شوێنە دوورەکان وادەزانن وادەی هەڵگیرساندنی شۆڕش پێش خراوە.

هێزی کۆکراوەی کەمالییەکان دەست دەکەنە کوشتو بڕی کوردان، لەگەڵ ئەو شپرزەییەشدا جەنگاوەرانی کوردی لایەنگری شێخ، لێیان دێنە دەنگ، تەنانەت لە ماوەیەکی کەمدا (دیاربەکر) ئامەدی پایتەختی باکوری کوردستانی دەگرن. بەڵام ئەوەی کە پشتی کوردانی سارد کردەوە شالاوی هێزێکی زۆری تورك بوو لە تەرەفی سوریەوە، کە بە هۆیەوە هێزی کورد کەوتە نێوان دوو بەرداشی زەبەللاحەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمالییەکان گەورەترین زیانی گیانیو ماددییان لێ کەوت.[٢]

---

١ لەبەشی پاشکۆکاندا، وێنەیەکی شێخ سەعیدی پیران لەکاتی دەستگیرکرانیدا ببینە.

٢ باشترینو نزیکترین سەرچاوە لە ڕوداوەکان، کتێبە بەنرخەکەی سورەییا بەدرخان کوڕی ئەمین عالی بەدرخانە، بە ناوی (پرسی کوردستان لە ئاست تورکیادا) کە تەنها سێ ساڵ پاش شۆڕشەکەی شێخ سەعید - واتە ساڵی ١٩٢٨- لە فیلادیلفیا بە ئینگلیزی لەچاپدراوە. ئەم کتێبە بە دروستترین سەرچاوەی پڕ لە بەڵگەنامە دەژمێردرێت ←

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بۆ ئەوانەی کەمال ئەتاتورک ناناسن:**

لە ئاقاری باسی تورکیادا ڕەنگە ڕونکردنەوەیەك پێویست بێت، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە: ئاخۆ بۆچی کورد بە تایبەتیو نەتەوەکانی تری تورکیاش، ئەوەندە بە خەستی دژی ئەتاتورك وەستاونەتەوە؟

وەڵام بەکورتی ئەمەیە کە ئەتاتورك پاش جێ پێ قایمکردنی خۆی، دوو تاوانی زۆر گەورەی ئەنجام دا، یەکەمیان: کەوتە هەوڵی سڕینەوەی ناوو شوناسی نەتەوە غەیرە تورکەکان، بەتایبەتی نەتەوەی کوردو ئینکارکردنی سنورو جوگرافیاو وڵاتێك بە ناوی کوردستان.

دووەمیان: کەوتە دژایەتی ئاینی ئیسلام، کە ئاینی ملیۆنها هاووڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی بوو. بۆ ئەم مەبەستەش هیچ مانعی نەبوو کە دەست تێکەڵ بکات لەگەڵ مەحفەلە ماسۆنییەکانو ناوەندە دوژمنەکانی ئوممەتی ئیسلامی. هەر ئەوانیش بە پلانێکی وردو نەخشەیەکی داڕێژراو هەوڵیاندا ئەتاتورك بەو وەزعو حاڵەوە بکەنە پاڵەوانو ڕزگارکارو زیندووکەرەوەی پیاوە نەخۆشەکە، کە کرابووە نازناوی ئەو کاتەی تورکیای عوسمانیی.

کاتێك لە ساڵی ١٩٢١دا هێزەکانی یۆنان لە شاری ئەزمیری تورکیا کشانەوەو هێزی عوسمانیی گرتیەوە، کەمال ئەتاتورك وەك سەرکردەیەکی پاڵەوانو سەرکەوتووی ئەو کاتە، ناوبانگی دەرکرد. میدیای ئەوکاتەی خۆرئاوا بە ئەنقەست گەورەیان کردو فوویان پێدا کرد، کە گەڕایەوە شاری ئەنقەرە پەرلەمان ڕێزی لێناو نازناوی (غازی)یان پێداو لەدونیای ئیسلامەوە

---

←لەسەر ڕوداوەکانی پاش کودەتای کەمالییەکان، بە سوپاسەوە ئەحمەدی قازی کردوویەتی بە کوردیو ساڵی ٢٠١٠ دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپی کردووە. سورەییا بەدرخان ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.

دەیان بروسکەی پیرۆزبایی بۆ هات. جیهانی ئیسلامیی بە خێرایی لە بیری چووەوە کە ئەتاتورك پیاوە ڕوخێنەرەکەی خیلافەی عوسمانی، چۆن لە ماوەی چەند ساڵێکدا بوو بە موجاهیدو (غازی)؟ ئەو سیحرو چاوبەستە کە لە ئوممەتی ئیسلام کرا، بەڕادەیەك بوو کە تەنانەت ئەحمەد شەوقی میری شاعیرانی عەرەب –کە بە ڕەگەز کوردە– لەو کاتەدا چامەیەکی دوورو درێژی هەشتا شیعریی پیاهەڵدانی بە ئەتاتورکدا وتووە، تیایدا دەڵێت:

اللَهُ أَكبَرُ، كَم فِي الفَتحِ مِن عَجَبِ — يا خالِدَ التُركِ! جَدِّد خالِدَ العَرَبِ
خُطاكَ فِي الحَقِّ كانَت كُلُّها كَرَمًا — وَأَنتَ أَكرَمُ فِي حَقنِ الدَمِ السَرِبِ
حَذَوتَ حَربَ الصَلاحِيِّينَ فِي زَمَنٍ — فيهِ القِتالُ بِلا شَرعٍ وَلا أَدَبِ...

یان کەسێکی فەیلەسوفی وەك ئیقباڵ لاهوری، چامە شیعری بەباڵای ئەتاتورکدا گوتووەو بە موجاهیدی ناساندووە.

بەهەرحاڵ، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئەو پیاوە وەك خۆی بناسن، ئەم چەند زانیارییە سەرەتاییە دەخەمەبەردەست، هەرچەند چەندین بەرگ کتێب لەسەری نوسراوەو ڕەنگە ئەم ڕادەیە بەس نەبێت بۆ ناساندنی، بەڵام بۆ ئەم بەشە لە باسەکەمان مشتێکی نمونەی خەرواریکە:

لە ساڵی ١٩٢٢دا ئەتاتورك (عیصمەت ئینۆنۆ)ی گوێ لە مشتی خۆی نارد بۆ ئینگلتەرا، تا لەگەڵ ئینگلیز ڕێکبکەون بۆ جیابونەوەو سەربەخۆیی. بەڵام باڵوێزی بەریتانی ڕاشکانەوە لە کۆنگرەی ئاشتی ١٩٢٢ بە تورکیای وت: ئێمە ناتوانین بڕیاری سەربەخۆیی ئێوە بدەین، چونکە ئێوە جارێکی تر دەبنەوە بە سەنتەری کۆبونەوەی موسڵمانانو هەمان کێشەی خۆرهەڵات –کە زۆر ماندوو بووین بە دەستیەوە– دوبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەتاتورك گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردنو دڵنیای کردنەوە کە ئەو مەرجەکانیان قبوڵ دەکات. بۆیە لە ساڵی ١٩٢٣ باڵوێزی بەریتانیا

(کارزون) چوار مەرجی داوا کرد لە تورکیای ئەتاتورک، کە مەشهورن بە مەرجەکانی کارزون، کە بریتین لەمانە:

١ـ تورکیا خۆی دابڕنێت لە ئاینی ئیسلام.

٢ـ ئەتاتورك بە ڕەسمی کۆتایی هاتنی خیلافەی ئیسلامی ڕابگەیەنێت.

٣ـ هەر بزوتنەوەیەك بۆ زیندوکردنەوەی خیلافەت هەولبدات، لە ناو ببرێن.

٤ـ یاسا دانراوە زەمینییەکان بخاتە جێی شەریعەتی ئیسلامو دەستورێکی عەلمانی دابنێت.

ئەتاتورك دەمودەست بە مەرجەکان ڕازی بوو ڕێکەوتنی (لۆزان) ڕێك خرا، ئینگەلترا زەوییە عوسمانییە داگیرکراوەکانی گێڕایەوە. هێندەی تر قارەمانێتی ئەتاتورك زەق کرایەوە، کەسیش نەیدەزانی لە ژێرەوە چ مەرجێکی قبولّ کردووە. بۆیە دەستوری سویسری هێنا، خیلافەتی بۆ یەکجاری پێچایەوە، لە ٢٩/ ئوکتۆبەر/ ١٩٢٣ خۆی کرا بە سەرۆك کۆمار، وەزارەتی ئەوقافو مەحاکیمی شەرعی هەلّوەشاندەوە، قوتابخانە ئیسلامییەکانی داخست، عەلمانیەتی دەولّەتی ڕاگەیاند، بانگ کرایە تورکیی، جلوبەرگی مەلایەتیو بالاّپۆشیی قەدەغە کران. ئەلفبای عەرەبی قەدەغە کراو، پیتی لاتینی لە جێی دانرا. تێکەلّکردنی ئاینو سیاسەت بە تۆمەت لە قەلّەم درا.. بەلاّم ولاّتانی عەرەبی چییان کرد؟

ئەزهەری میصر وەك بالاّترین دامەزراوەی ئیسلامیی لە ولاّتانی عەرەبیو ئیسلامیی، کۆنگرەیەکی لە ١٩٢٤/٣/٢٥ گریّ دا، کەمێك گریان بۆ لەدەستچونی خیلافەت. هەموو بڕیارێك لێی کەوتەوە ئەوەبوو کە کۆنگرەیەکی ئیسلامیی فراوانتر بگیرێت بە سەرپەرشتی شێخی ئەزهەر لە سالّی داهاتوودا (١٩٢٥)؟! لەو سەروبەندەدا ناکۆکیی عەرەبەکان لەسەر پۆستی خەلیفەیی سەری هەلّدا، مەلیك فۆادی میصر داوای ئەکرد بۆ خۆی

بێت، شەریف حسین هەروەها، شا عبد العزیزی کوڕی سعودیش خۆی بە لەپێشتر ئەزانی لە هەر کەسێکی دی. سەرەنجام عەرەب گوتەنی: (کێو ژان گرتیو مشکێکی بوو)، بڕیار درا کۆنگرە دوابخرێت بۆ ساڵی١٩٢٦، ئەویش سەری نەگرت.![١]

بۆ ئەوەی گۆشەیەك لە تاوانە دژە مرۆییەکانییشی بخەینە ڕوو تەنها ئەم چەند پەرەگرافەی خوارەوە– وەك نمونە – دێنمەوە کە لە کەسێکی شایەتحاڵی ڕوداوەکانەوەیە، ئەویش شازادە سورەییا بەدرخانە، یەکێکیان تایبەت بەجینۆسایدی کوردانە، دووەمیشیان تایبەت بە جینۆسایدی ئەرمەنەکانە. لەلایەن (تورکانی گەنج) (ترکیا الفتاە)و کەمال ئەتاتورکەوە. دەربارەی ئەوەی بەسەر کوردا هات دەڵێت:

"بەڵگە نوسراوەکانی سەرۆکایەتی گشتیی کاروباری ڕاگوێستن لە ئەستەمبوڵ، ئەم ڕاستییە تاڵە نیشان دەدەن کە لە ساڵی١٩١٥دا تورکانی گەنج (ترکیا **الفتاة**)٧٠٠٠٠٠ (حەوت صەد هەزار) کوردیان لە کوردستانەوە بۆ ئانادۆڵی ڕۆژئاوا ڕاگوێزتووە. کچ، ژن، منداڵی ساوا، کەم تەمەنو تازەلاو بە هەزاران کرانە کۆیلەو غوڵام. برسییەتی، نەخۆشیی، شەکەتیو نەحەسانەوە، سایەی مەرگی پڕ کارەساتی بەسەر کاروانی دورو درێژی ئەم مرۆڤە بێ نەوایانەدا شۆڕ کردبووەوە. کۆمەی کەلاكو ئەوانەی دەمردن قووڵگەو دەرو دۆڵی ڕێگەی داپۆشیبوو... لەو ژمارەیەی کە بەم جۆرە بەرەو مەنفا بەڕێ گران زیاتر لەنیوەیان تێدا چوونو مردن، هیچ کەسیش

---

١ بە کورتی لە (تاریخ الدولة العلیة العثمانیة)، محەممەد فرید بك المحامی، دار النفائس، بیروت، ٢٠٠٩ ص: ٧٥٤–٧٥٩، هەروەها سایتی www.al-waie.org وەرگیراوە.

نازانێ ئەمڕۆ چەند کەسیان ماون، خاشەبڕکردنی کورد لەوەودوا بوو بوو بەسیاسەتی نەگۆڕو بنەڕەتیی."[1]

دەربارەی تاوانەکانی دژ بەئەرمەنەکانیش دەڵێت: "لە مەودای زستانی ١٩٢٦دا سەربازانی کەمالیست بەوەحشیگەرییەکی تەواوەوە لەسەر منداڵانو ژنان، ئەوەی لە ئەرمەنییەکان –پاش ڕاگوێستنو کوشتاری ١٩١٥– مابوونو ژمارەیان دەگەیشتە یەك ملیۆن، لە ماڵو زێدی خۆ، وەدەریان نان... لە نیوەی زستاندا کە سەرما لەژێر سفر بوو بەکوێرەڕێگەی ناهەموارو بەردەڵانو کێوپارەدا –کە بەفر داپۆشیبوون– ئەم ڕەوە ئینسانییە چارەڕەشو بێ پەنایانە، بە نووکی سەرنێزە بەرەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ ڕەپێچەك دران، دەیان هەزار کەس لەبرسان مردن، یا بەسەرما ڕەق هەڵاتنو دەستە دەستە کچو ژنی لاو بەزۆرەملێ بۆ ناوەندەکانی ئەفسەرانو کاربەدەستە سوپاییەکان بەڕێکرانو ئەوانی تریشیان بۆ کەمالیستەکان برانە ئەنقەرە، سەدان گوند وێران کرانو ئاگریان تێبەر درا، دانیشتووەکانیان قەتڵوبڕ کران."[2]

کۆتایی ئەم بڕگەیە بە وتەیەکی ڕەحمەتیی (مەعروف جیاووك) دێنم، کە لە وتارێکیدا لە کاتی شەهیدکردنی شێخ عبد القادر نەهریدا لەسەر دەستی کەمالییە شۆڤێنییەکان، چەندین بەڵگەو نمونە لەسەر بێدینیو

---

١ کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا، سورەییا بەدرخان، وەرگێڕانی ئەحمەدی قازی، هەولێر، ئاراس، ٢٠١٠، لا: ٤٨. جێی ئاماژەیە کە نوسەر گەرماوگەرم لەگەڵ ڕوداوەکاندا زانیاری بڵاو کردۆتەوە، بۆ نمونە: لە خشتەیەکی دورودرێژی ١٦ لاپەڕەییدا ناوی ٢١١ گوندی خاپور کراوی کوردستانو ئاماری ٧٩١٨ماڵی سوتێنراوو زیاتر لە ١٥ هەزار کوردی کوژراوی ئەو جینۆسایدە باس دەکات.

٢ کێشەی کوردستان لە ئاست تورکیادا، سورەییا بەدرخان، لا: ٦٧.

ستەمو کارەناڕەواکانی ئەتاتورکو داروەستەکەی دەهێنێتەوە. بۆ نمونە ئەم بەشە لە تاوانەکانیان ژمار دەکات:

"ــ فەرمانکردن بە لابردنی دیواری حەمامی نێوان ژنانو پیاوان، بە فەرمانی بەڕێوەبەری پۆلیس.

ــ بەکارهێنانی وتەی ناشرینو ناشایستە دەرهەق بە پێغەمبەران، بۆ نمونە: نوێنەرێك کە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ئەقشام)ە وتویەتی: ئەگەر عیساو محەممەد ڕاوێژکاری وەك ئەتاتورکیان ببوایە سەرکەوتوو دەبوون!

ــ یەکێکی تریان وتویەتی: ئێمە لە سەدەی بیستەمداین، ناتوانین ملکەچ بکەین بۆ شوانی حوشترو شوێنی کەوین !

ــ هەندێکیان بۆ قورئانی پیرۆز ئەم ڕستەیەیان بەکارهێناوە: (کتێبی ڕەشو پوتورکاوی بەسەرچوو)!.

ــ داخستنی قوتابخانەکانی لەبەرکردنی قورئان.

ــ دەعوەتکردنی میوان بۆ چای خواردنەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا.

ــ کردنەوەی یانەی لەشفرۆشی لە ناوچە موسڵمان نشینەکاندا.

لەسەر ئەمانەو دەیان شتی تر، کوردان هەستانو ڕاپەڕین، تا لەم بێ دینانە ڕزگاریان ببێت، هەمووتان دەزانین چیان کرد بە ئەرمەنە مەسیحیەکانیش."[1]

---

١ سەرجەمی بەرهەمەمی، مەعروف جیاووك، لا: ٢٣٧.

# بەشی دەیەم

# هەڵوێستە لەبیرنەکراوەکانی

# شێخ مەحمودی حەفید

# تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- پوختەیەك لە ژیاننامەی شێخ مەحمودی حەفید...........⟵
- نمونەیەك لە هەڵوێستو ئاکارەکانی شێخ مەحمود.........⟵
- ئاینپەروەریی‌و دیبلۆماسییەتی سیاسی شێخ.............⟵

## ١ـ پوختەیەك لە ژیاننامەی شێخ مەحمودی حەفید

شێخ مەحمود، کوڕی شێخ سەعید، کوڕی شێخ محەممەد، کوڕی خواناس‌و بانگخوازی ناودار کاك ئەحمەدی شێخە. لە نێوان ساڵانی (١٨٨١–١٩٥٦ ن) ژیاوە. دژی ئینگلیز هەستا لەبەرئەوەی پەیمانی (سیڤەر)یان نەبردە سەر، کە تورکەکان بەڵێنیان تێدا دابوو بە سەربەخۆیی کوردستان. دژی ڕوسیای قەیصەریش هەستا لە کاتی داگیکردنی ئێراندا. لە ١٩١٩ بە پشتیوانی‌و هاوکاریی مەحمود خانی دزڵی لە هەورامانەوە[١]، هێزەکانی ئینگلیزیان لە شاری سلێمانی دەرپەڕاندو سەربەخۆیی کوردستانیان لە بەشی زۆری (ویلایەتی موصل)ی ئەوکاتەدا ڕاگەیاند. ئینگلیزەکان پاش شەڕێکی قورس شێخیان بەبریندارییی لە بەردە قارەمانی بازیان بەدیل گرت‌و بردیانە بەغداو دادگایەکی

---

[١] مەحمود خان، کوڕی عەزیز خان، کوڕی بارام بەگی دزڵییە، ساڵی (١٨٧٠ز) لە گوندی دزڵی هەورامان لەدایکبووە. کەسایەتییەکی ئازاو دڵسۆزو نیشتیمانپەروەر بووە، دۆستێکی نزیکی شێخ مەحمود بووە، هەمیشە لە ڕیزی هاووڵاتیاندا بووە دژی ڕژێمەکان. لە بەری ئێرانەوە دژی ستەمی قاجارو پەهلەوییەکان‌و لەبەری عیراقیشدا دژی ئینگلیزەکان وەستاوەتەوە. ساڵی (١٩١٩ز) بە لەشکرێکی هەورامییەکانەوە چووەتە شاری سلێمانی‌و هاوکاری شێخ مەحمودیان کردووەو ئینگلیزیان لە ناوچەکە دەرپەڕاندووە. بۆیە مەشهور بووە بەو پیاوەی ئینگلیز لێی دەترسا. مەحمود خان کەسێکی وریاو سیاسی بوو، ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی هەبوو، دۆستی زاناو شێخانی هەورامان بوو. نەجیبە خانی کچی مەحمود خان ـ کە هاوسەری شێخ ئەمینی شێخ عەلادینی نەقشبەندیی بوو ـ لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا وتی: "باوکم کەسێکی دیندار بوو، نوێژی نەدەفەوتا، زوڵمی نەبوو، بەڵام سام‌و هەیبەتی هەبوو. جگە لەوە خاوەن نان‌و خوان بوو، جیاوازیی لە نێوان نانی خۆی‌و ڕەعیەتدا نەدەخست". مەحمود خان لەگەڵ شێخ مەحمود دوور خرانەوە بۆ هیندستان، دواتر ئازاد کران. ساڵی (١٩٤٦ز) بە پیلانی ڕەزا شای ئێران زەهر خوارد کرا.. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاداشتەکانی ڕەفیق حیلمی و دیدار لەگەڵ نەجیبەخانی کچی، لە کەناڵی ڕووداو، لە (٢٦–١٠–٢٠٢٣ز)).

شکڵێیان بۆ داناو حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرکرد.[1] پاشان لەبەر گوشاری کوردو کاردانەوەی زۆری بڕیارەکە، حوکمەکەیان سووك کرد بە دوورخستنەوەی بۆ هیندستان. دواتر لە ١٩٢٢ بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ناچاربوون بیهێننەوەو بیکەنە حوکمڕانی کوردستان. زۆری نەخایاند لەگەڵ ئینگلیزەکان تێکچووەوەو ساڵی ١٩٢٣ لە شاری سلێمانی دەری کردن. بەڵام هێزێکی هاوبەشی ئینگلیزو عیراق پەلاماری شاری سلێمانییان داو گرتیانەوەو شێخ بە ناچاریی چووە ئێران.

دواتر لە ١٩٢٧ شێخ لەگەڵ حکومەتی عیراقی ڕێکەوت کە لە دەرەوەی کوردستان بێت، (لە گوندی پیرانی خۆرهەڵات). بەڵام لە ١٩٣٠ جارێکی تر شۆڕشی هەڵگیرساندەوەو ناوچەی شارباژێڕی گرتەوە. دواجار لەبەر بۆمبارانی توندی فڕۆکە بەریتانییەکان شۆڕش شکستی هێناو شێخ ناچار بوو لە ئایاری ١٩٣١ خۆی تەسلیمی سوپای عیراقی بکات. بۆیە شێخ ڕاپێچی بەغدا کراو تا ساڵی ١٩٤١ لەوێ مایەوە. کاتێك لەو ساڵەدا پێکدادانێك لە نێوان سوپای ئینگلیزو عیراقیدا ڕووی دا، شێخ مەحمود هەلەکەی قۆستەوەو لە ڕێگای شارەبان ـ کفری ـ کەلار ـ دەربەندیخانەوە، گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی. لەو سەفەرەیدا شێخ لە شاری (کفری) پێشوازییەکی گەرمی شاهانەی لێکراو لە ماڵی کەسایەتییەکی ناوداری شاری کفری مایەوە.

شێخ مەحمود پاش تەمەنێکی پڕ هەورازو نشێوو کۆڵنەدانێکی کەموێنە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ دا کۆچی دوایی کردو لە

---

١ سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە سەرۆکی دادگاکە گاڵتەو سوکایەتیی بە شێخ مەحمود کردووە، بۆیە شێخ جامەدانەکەی سەری داگرتووەو کێشاویەتی پیایداو بە توندیی وەڵامی داوەتەوە. بڕوانە: (كرد العراق منذ الحرب العالمية الأولى، محسن محمد المتولي، ص: ١٩٤).

تەنیشت گۆڕی کاک ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی، لە مەراسیمێکی شایان‌و بەشکۆدا، بەخاک سپێررا.[1]

١ بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: چیم دی، ئەحمەد خواجە. هەروەها: تاريخ الوزارات العراقية، عبد الرزاق الحسني، بەرگی ٣.

**٢- نمونەیەك لە هەڵوێستو ئاكارەكانی شێخ مەحمود**

لێرەدا پێویستە باسێك لەم شۆڕشگێڕە گەورەیە بكەین، كە یەكەمین مەلیكو حوكمڕانی كوردستان بوو، كەسێك كە هەڵوێستی جوامێرانەی لە بیرنەكراوی زۆری هەن. من نامەوێت لەم كورتە باسەدا لە مێژووی بدوێم، یان جەخت لەسەر ئازایەتییەكەی بكەمەوە، یان قوربانیدانەكانی بنرخێنم، چونكە هیچ كام لەمانە لای نەتەوەی كورد- بەتایبەتی توێژی خوێندەواران- شاراوە نینو زۆر لەسەر ئەو لایەنانەی گوتراوە. بەڵكو دەمەوێت تەئكید لەسەر ئەو لایەنە بكەمەوە كە بۆ نەوەی هاوچەرخمان پێویستەو كەمتر شرۆڤە كراوە، لەگەڵ جەختكردنەوە لەسەر ئەو خاڵەی لەم بابەتەدا مەبەستم بووە، مەسەلەی ڕۆڵی ئاینو كاریگەرییەكانی لەسەر شۆڕشو خەباتەكانو خودی شۆڕشگێڕو خەباتگێڕان، كە وەك پێشتر گوتم: یان لەسەری نەنوسراوە، یان زۆر بە كورتی قسەیان لەسەر كراوە. دەبێت ئێمە بزانین ئەو هەستو گیانی عیززەتو سەربەرزییەو ئەو دژایەتیی دیلیەتییو كۆیلایەتییە، لە كوێوە بۆتە دروشمو پێناسی كەسێكی وەكو شێخ مەحمود، كە دەڵێت:

دەست بە دەستی یەكبدەن ئەی لاوەكانی مەردو قۆز
تاكو كەی دوژمن لە ناومانا ئەبێتە گورگی هۆز؟
بێن ببینە پشتیوانی یەكترو بیكەینە تۆز
دەست بەداوێنی خوداوە بگرینو بگرین بەسۆز
تاكو دوژمنمان لە (جنات الإرم) بەرپا ئەكا
نامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی
نایكەمە سەرسەر بە دەستی موددەعی تاجی شەهی
قەت بە ئەمری دوژمنانم، نامەوێ فەرمانڕەهی

نامەویَ تاجی (کەی)و بەختی (جەم)و[1] شاهەنشەهی

تەشنەیی خوێنی عەدووم‌و بۆ حقوقی وا دەکا[2]

ئەم هەستە جگە لە بڕوای بەهێز بەخواو کاریگەریی ئەو پاشخانە ئاینییەی کە عیززەت‌و سەربەرزیی‌و سەربەخۆیی لە مرۆڤدا دروست دەکات، لە شوێنێکی ترەوە نایەت.

بۆ دڵنیایی زیاتر با خوێنەری بەڕێز ئەم بەسەرهاتە لە هاوەڵێکی خودی شێخ مەحمودەوە بخوێنێتەوە، ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەریی (ناسراو بە ئەحمەدی بیَ شیر)، کە لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

"لەگەڵ فەوزی بەگ– ئەفسەر بوو– (مەبەستی فەوزی بەگی یۆزباشی یە) چوینە دێی (کەڵەکن)ی پەنای سلێمانی. لەویَ شێخ مەحمودمان ئاگادار کردبووەوە کە تازە لە هیندستان هاتبوەوە. لە سلێمانی هاتە دەریَو گەیشتە ئەویَ (کەڵەکن). شەویَ هەر سیَ، (من‌و شێخ‌و فەوزی) یەکترمان بینی. فەوزی بەگ لە لایەن (ئۆزدەمیر)ەوە[3] نێررا بوو هیچ کەس

---

١ مەبەستی لە (کەی) کەیخەسرەوی شای ئێرانە، مەبەستیشی لە (جەم) پادشای خاوەنی تەختی جەمشیدی ئێرانی کۆنە.

٢ لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بەهەڵەو ناتەواویی ئەم شیعرەی شێخ مەحمود بڵاو کراوەتەوە، بە تایبەتی زۆربەیان لەبەر هەرهۆیەك بێت، مەصرەعی کۆتاییان بڵاو نەکردۆتەوە. ئەمەی سەرەوە دروستترین دەقیەتی، لەسەرچاوەیەکی کۆن وەرمگرتووە، کە ژمارە (٣)ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری (بلێسە)یە، کە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩دا، بڵاو کراوەتەوە، لا: (٧)، هەروەها لەو دیوانە شیعرەیەشدا کە عومەر مەعروف بەرزنجی ساڵی ٢٠٠٦ شیعرەکانی شێخ مەحمودی تێدا بەناوی (نوربەخشی) بڵاو کردۆتەوە، هەموو شیعرەکە لە لا: ٢١و ٢٢ هاتووە، نازناوی شیعریی شێخ (نوربەخشی) بووە.

٣ ئۆزدەمیر ئەفسەرێکی عوسمانیی بە ڕەچەڵەك (چەرکەس) بوو. ناوی ڕاستی خۆی (عەلی شەفیق)ە. ناوی خۆی نا: (ئۆزدەمیر). شاری (موصڵ)ی لە ئینگلیزەکان←

بەمەی نەزانی، نێررابوین تا لە فیکری شێخ (مەحمود) تێ بگەین. شێخ گوتی: من ئیسلامم، تورك باوکیان کوشتووم،[1] ئەگەر بێن منیش بکوژن، دەست لە ئاینی ئیسلام هەڵناگرمو کافرم ناوێ."[2] مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) یش لە بەشی دووەمی یاداشتەکانیدا ئەم هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە.[3]

دیارە (ئوزدەمیر) پەیامی حکومەتی بەریتانیای پێ بووە بۆ شێخ، بۆیە لە شوێنێکی تردا ئەحمەد ئاغا جارێکی تر ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: "شێخ وتی: من ئینگلیز نیمو موسڵمانم. چاك بزانن، من باوەڕی موسڵمانێتیم بە هیچ شتێك ناگۆڕمەوە. تورك باوکیان کوشتووم، خۆشم بکوژن دەست لەدینی ئیسلام هەڵناگرمو کافرم ناوێ!"[4] مەبەستی ئەوەیە کە با ئینگلیز دژایەتیی من بۆ سیاسەتی تورکانو ڕقی تورکان لە منو

---

←گرتەوەو خستییەوە سەر تورکیا. ئینگلیز بۆ بەرەنگاریی ئەم پیاوە، شێخ مەحمودی لە هیندستانەوە– کە خۆی دووری خستبووەوە– هێنایەوە بۆ سلێمانی. هەر بەو مەرامەش بوو کە ئینگلیزی داگیرکەرو حکومەتە ملکەچەکەی عیراق، دانیان نا بە حکومەتەی شێخدا، بەڵام کاتێك زانییان نابێتە پیاوی ئەوانو لە ۱۹۲۲دا مەترسی (ئۆزدەمیر)و سوپای تورك لەسەر عیراق نەما، ئینگلیز پشتی لە شێخ کردو کەوتە بۆمبارانی شاری سلێمانیو ڕوخاندنی حکومەتەکەی شێخ. (ئۆزدەمیر، ناوی ئەو شارەی تورکیاشە کە یۆنانییەکان گرتیانو ئەتاتۆرك لێی گرتنەوە).

١ لە پەراوێزێکی پێشووتردا باسمان کرد کە تورکە تۆرانییەکان لە شاری موصل شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودیان ساڵی ۱۹۰۹ز لە هەنگاوێکی ترسنۆکانەدا زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە شەهید کرد.

٢ بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەریی، ل ٢٤.

٣ یاداشت، ڕەفیق حیلمی، بەشی دووەم، لا: ٧٠.

٤ حکومەتی کوردستان، صدیق صالح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا: ٨٩.

بنەماڵەکەم نەقۆزنەوەو وا بزانن کە ئەگەر تورکەکان دوژمنی باوەکوشتەی من بن، ئیتر ئەتوانن هەرچییان بویَ بەسەر مندا فەرزی بکەن!.

من بۆچوونم وایە کە ئەو تایبەتمەندییەی شێخ مەحمود، چ لە ڕووی ئاینپەروەرییەوە، چ لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی، سەرەنجامی پەروەردەی خێزانیی‌و کۆمەڵایەتیی شێخ مەحمودو کاریگەریی ئامۆژگاریی‌و ئاراستەکانی ناو مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخی باپیریەتی، کە بەنوسراوو دەماودەم بۆی دەگێڕرایەوە. ئەوە وای لیَ کردووە کە شێخ مەحمود بۆ خۆی ڕاشکاوانە بڵێت: "لە منداڵییەوە بیرم لە گەلەکەم دەکردەوە، من وا دروست بووم."[1] ئاخر ئەگەر کاریگەریی شێخان‌و مزگەوت‌و پەروەردەی ئاینی نیە، چۆن لەمنداڵییەوە بیر لە گەلەکەی دەکاتەوە؟ چۆن وا دروست دەبێت؟ جگە لەو فاکتەرانە کێ‌و چی وای کرد وا دروست ببێت؟!

تایبەتمەندیی شێخ مەحمودو ئاکارەکانی ئەوەمان پیَ دەڵێن کە بزوتنەوەکەی تەنها بۆ ڕەواندنەوەی خەمی کۆسی کەوتووی بابانەکان‌و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە نەبوو کە نەمانی بابان هێنایە کایەوە، بەڵکو دەسپێکی هەنگاوێکی نوێی مێژوویی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بوو سەرەتای خۆقوتارکردن بوو لەپاشکۆیەتی ئەملاوئەولا، بەپشت بەخۆ بەستن‌و دامەزراندنی حوکمی خۆماڵیی.

کەواتە ئەو کەسانە وا گومان دەبەن کە هەستی ئیسلامیی شێخ مەحمودو پابەندیی بە ئاراستەو ئاکارە ئیسلامییەکانەوە، ڕێگر بوون لەبەردەم تێگەیشتن‌و هەڵوێستی سیاسی، زۆر بەهەڵەدا چوون، چونکە بە پێچەوانەوە ئەو هەست‌و پابەندییە ئاینییە، دڵسۆزیی‌و هەڵمەت‌و غیرەتی زیاد کردووە،

---

١ یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، بنکەی ژین، ٢٠٠٦، سلێمانی، لا: ١٩.

بۆیه هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە لە خەمی سەربەخۆیی کوردستاندا بووە. بەڵگەنامەکان پێمان دەڵێن: "کاتێك هێزەکانی ئینگلیز ساڵی ١٩١٨ –واتە شێخ لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا بوو– هاتنە کەرکوك، شێخ نامەیەکی نهێنیی نارد بۆ (ئارنۆد وێڵسن)ی بەرپرسی ئیدارەی سیاسی حکومەتی بەریتانیا لە عیراقو ناوچەکە، تیایدا داوای کرد ئینگلیز بڕیاری حکومەتێکی کوردیی لەژێر چاودێریی خۆیاندا لە سلێمانی بداتو خۆی ببێتە سەرۆکی."[١] بەڵام دیارە وەك زۆرێك داواکاریی تر، ئەوەش لە لایەن ئینگلیزەکانەوە وەڵام نەدراوەتەوە.

بەهەرحاڵ، بۆ ئەوەی باشتر ئاشناببین بەشێخ مەحمودو ئامانجەکانیو زۆرتر دڵنیا ببین لەو ڕاستییە، باشترە بگەڕێینەوە بۆ بەڵگەنامەکانی سەردەمی خۆی، واتە ئەو هەواڵو وتارو قسەو هەڵوێستانەی کە لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانی سەردەمی خۆیدا چاپو بڵاو کراونەتەوە، بە تایبەتی ئەو ئۆرگانو نوسراوانەی گوزارشتیان لە شێخ مەحمودو حکومەتەکەی کردووە. یەکێك لەوانە گۆڤاری (بانگی حەق)ە کە لە مارتی ساڵی ١٩٢٣ زایینی، لە ئەشکەوتی (جاسەنە)ی نزیك (سورداش)ی سەر بە قەزای (دوکان)ی پارێزگای سلێمانی، یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو کاتێك بە هۆی بۆمبارانی ئینگلیزەوە بۆ ئەو شارە، شێخو سوپاکەیو زۆربەی هاوڵاتیانی دانیشتووی شارەکە، چوونە دەرەوەی سلێمانی.

لە سەروتاری یەکەم ژمارەیدا خودی شێخ مەحمود پاش کارەساتەکانی بۆمبارانەکە، بە ئیمزای (باش قۆماندانو مەلیکی کوردستان)، وتارێکی نوسیوە، پاش ناوی خوای گەورە، لە ژێر ناونیشانی ئایەتی پیرۆزی (إنما المؤمنون إخوة)، دەقاودەق دەڵێت:

---

[١] کرد العراق، محسن محمد المتولي، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠١، ص: ٧٥.

"مەقصەدو غایەمان سەعادەتو سەلامەتی ئیسلامو قەومی نەجیبی کوردە. ئێمە بە دوو ڕابیتە برای یەکین، ئەووەلەن ئیسلامین، پانییەن کوردین. ئەم دوو ڕابیتەیە ئێمەی وەها یەك دڵو یەك ئەمەل کردووە کە هیچ کەس بە هیچ لەونێ ئێمە لەیەك جوێ ناکاتەوە، لە عەزمو موجاهەداتی میللیەی خۆمان فەراغەت ناکەین."

پاشان بە توندی بۆمبارانی شاری سلێمانی لە لایەن ئینگلیزەوە مەحکوم دەکاتو دواتر دەڵێت: "بەعزێ مەئمورانی ئینگلیز لە خصوص کوردستانی جنوبی سیاسەتێکی زۆر سەقیمیان گرت. مەقصەدو ئەمەلی ئەمانە (ئەوەیە) ئەم کوردە مەزلۆمە، ئەم عونصوری ئیسلامە، قەهرو تەدمیر (بکەن). حاڵ بۆ کورد عەزمو ئیمانیان قایمە. لە ڕێی ئیسلامییەتو سەعادەتی، خۆی لە هیچ فیداکارییەك لا نادا. الحمد لله بێ قووەتو بێ قودرەت نین. عەزمو ئیمانی کورد بە عەونو عینایەتی باری، بەدخواهانو منافقین مەئیوسو سەرنگون دەکا. (لا تحزن إن الله معنا)... ئێمە هەتا ڕۆحمان لە بەدەنمانا مابێت، بۆ ئیستخلاصو ئیعتیلای ئیسلامو میللەتی کورد، بە عەزمو ئیمانێکی تەواو صەرفی ئیمانو مەقدەرەت ئەکەین، پشتمان بە خواو ڕۆحیانەتی حەزرەتی فەخری کائینات قایمە. (حسبنا الله ونعم الوكيل، نعم المولى ونعم النصير)."

لە کۆتایی وتاەکەیدا پاش هەندێك ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان، شێخ دەڵێت: "إن شاء الله قەریبەن فەوزو نوصرەتی ئیسلامو کورد خۆی ئەنوێنێ، تەوفیقات لەخوداوەندی عالی یەوەیە، خوا لەسەر حەقو خێری ئیسلامو کورد لامان نەداو موەففەقمان بکا. ئامین."[١]

١ ژمارەی (١)ی گۆڤاری (بانگی حەق)، ئۆرگانی قەرارگای عمومی ئۆردوی کوردستان. ٢٨ی ماتی ١٩٢٣ز.

له ژمارەی سێیەمی هەمان گۆڤاردا، شێخ ژمارەیەك ڕێكارو تەعلیمات بۆ قۆماندانی هەندێك مەفرەزە دادەبەزێنێتو لە كۆتاییدا بەرچاوڕوونیان دەكاتەوەو دەڵێت: "ئێمە ئەساسەن بۆ ئیسراحەتو سەعادەتی ئیسلامو كورد تەرجیحی هەموو موشكیلاتێكمان كردووە. لەسەر ئێمە واجیبە هەموو ئارەزویەكی میللەتی ئیسلامو كورد بەجێ بێنین. لەبەر ئەوە ئێوەش بە موجیبی ئەم تەعلیماتە بكەونە فەعالییەت. (وما النصر إلا من عند الله)."[1]

ئەمە دیدو بۆچوونی شێخ مەحمودی حەفید بوو لە هەموو ململانێ سەختەكانیدا لەگەڵ تورکو ئینگلیزەكانداو تاكو دوا ساتەكانی خەباتیشی لەسەر ئەم حاڵەتەی مایەوە، بۆیە دوابەدوای دووەم چۆڵكردنی شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٢٣دا، لە ژێر هەڕەشەی فڕۆكە جەنگییەكانی ئینگلیزی داگیركەردا –كە چەندین جار ناوشاریان بۆمباران كرد– پاش خۆڕاگرییو جیهادێكی كۆڵنەدەرانە، شێخ مەحمودی قارەمان، بە چەند شیعرێك – كە بە فارسی گوتونی– هەستی ئیماندارانەی خۆیو هەڵوێستی خۆی لە ئینگلیزی داگیركەرو ئامانجی خۆی لە شەڕكردن لەگەڵیان دەخاتە ڕوو، ڕاشكاوانە ڕایدەگەیەنێت كە ئەو لەپێناوی ئایندا لەدڵو گیانی خەڵكی كوردستاندا تۆوی تێكۆشانی سەوز كردووەو ئاڵای نیشتیمانی بەرز كردۆتەوەو بۆ ئەم مەبەستەشماڵو گیانی خۆی بەخت كردووە، ئەوەتا شێخی قارەمان، یادگارییەكەی بەردە قارەمان دەڵێت:

تخم زحمت در ره دين ــــ در دلو جان كاشتيم

در فلك نوك علم در يك زمان ــــ افراشتيم

---

١ ژمارە ٣ی (بانگی حەق)، نیسانی ١٩٢٣ز.

چون به‌عزم این سفر پا از میان برداشتیم

دست از جاه‌و جلال‌و خان‌و مان برداشتیم

بارها بر لشکر بد خواه کفار تاختیم

جای استحکام ایشان منزل خود ساختیم

در ره دین پروری هم‌مال‌و هم‌جان باختیم

تا ز (کردستان) غبار کفررا بر داشتیم[1]

واته: تۆوی تێکۆشان‌و زه‌حمه‌تمان له‌ڕێی ئایندا، له‌دڵ‌و گیانی خۆماندا چاند،

نوك‌و نێزه‌ی عه‌له‌م‌و (ئاڵا)مان له‌ ئاسماندا به‌رز كرده‌وه‌،

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به‌ نیازو عه‌زمی ئه‌م گه‌شت‌و سه‌فه‌ره‌ هه‌نگاومان نا،

ده‌ستمان له‌ پله‌و پایه‌و شكۆو خان‌و مان هه‌ڵگرت‌و،

چه‌ندین جار هه‌ڵمه‌تمان برده‌ سه‌ر سوپای خراپه‌كارو به‌دخووی كافران، (مه‌به‌ستی له‌شكری داگیركه‌ری ئینگلیزه‌)،

---

١ شێخ مه‌حمودی قاره‌مان، محه‌ممه‌د ڕه‌سول هاوار، له‌نده‌ن، ١٩٩٠، به‌رگی ٢، لا: ٥٠٧. هه‌روه‌ها (ئه‌حمه‌د خواجه‌)ش له‌ (چیم دی). دواجاریش له‌ ٢٠٠٦ عومه‌ر مه‌عروف به‌رزنجی له‌(نوربه‌خشی) شیعره‌ كۆكراوه‌كانی شێخ مه‌حمود، لاپه‌ڕه‌ ٦٤، هێناویه‌تی، به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی كه‌ ناوبراو ئاماژه‌ ده‌كات كه‌ له‌ دوو سه‌رچاوه‌ی پێشوودا به‌ هه‌ڵه‌یه‌كی زۆره‌وه‌ بڵاو كراوه‌ته‌وه‌، خۆیشی به‌ داخه‌وه‌ كه‌وتۆته‌ هه‌ندێك هه‌ڵه‌وه‌، له‌دێڕی ٥، ٦، ٧، دا، له‌ جێی (تاختیم، ساختیم، باختیم)، نوسیویه‌تی: (تاختم، ساختم، باختم)، كه‌ دیاره‌ هه‌ڵه‌یه‌، چونكه‌ به‌و شێوه‌یه‌ دروست دێته‌وه‌ له‌گه‌ڵ كۆتایی دێڕه‌كانی ١ تا ٤: (كاشتیم، أفراشتیم، برداشتیم)، كه‌ نوسیومانه‌، جگه‌ له‌وه‌ش به‌رزنجی له‌ وه‌رگێڕانه‌كه‌دا هه‌ندێك هه‌ڵه‌ی كردووه‌، پێم وایه‌ ئه‌مه‌ دروستتره‌، كه‌ لێره‌ كردوومانه‌.∞

له جێی ئەوان– کە شوێنی خۆیان لە ناوماندا مەحکەم کردبوو– پێگەو جێی خۆمان دامەزراند.

ئێمە لەڕێی ئاینپەروەریدا، هەمماڵی خۆمان بەخت کرد، هەم گیانی خۆمان، تا تەپو تۆزی کوفرو بێ باوەڕیمان لەسەر (کوردستان) ڕاماڵی.

بەڵێ شێخی شۆڕشگێڕو خەمخۆر، بەوجۆرە گوزارشت لە خەباتو ئامانجی ڕاپەڕینەکەی دەکات. ئەوە نمونەیەکی گۆیایە لە هەستی پاکی دینداریی‌و نەتەوەیی یەکەم مەلیکی کوردستان کە لە ساڵانی ١٩١٨ بۆ ١٩٢٢، سێ جار چووە سەر تەختی حوکمڕانیی، بەڵام بە پیلانی ئینگلیزو فیتی نۆکەرانی لە عیراق، نەیانهێشت خۆی‌و میللەتەکەی بە ئاواتی ڕەوای خۆیان بگەن.

لە ڕووی ساکاریی‌و سادەیی ژیانی شێخیشەوە هەندێك لەوانەی لە نزیکەوە بینیویانە دەگێڕنەوە کە ژیانێکی زۆر ئاسایی بەسەر بردووە. (جەمال نەبەز) بۆمان دەگێڕێتەوە کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنی شێخدا لە هاوینی ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ (شێخ ئەحمەدی شێخ رەئوفی نەقیب) سەردانی ماڵی شێخیان کردووە لە گوندی (داریکەلی)، کە هیچ جیاوازیی نەبووە لەگەڵ ماڵەکانی دەوروپشتی، بە قسەی جەمال نەبەز، شێخ مەحمود (دیوەخان شڕ) بوو.[1] شێخ ئەحمەد نەقیب دەڵێت یەکێکمان بەشێخی گوت: "تۆ لەم خانووە قوڕینە بچکۆلەیەدا دانیشتوویت، بێگانە دێنە لاتان، ئەمە بۆ شانی شای کوردستان جوان نیە؟ شێخ لە وەڵامدا فەرموی: "هەتاکو کورد نەبێت بە دەوڵەت، خانووو ماڵ‌و سامان دروست ناکەم. "بۆیە جەمال نەبەز دەڵێت: "بەچاوی خۆم دەرکەوت بۆم کە

١ خانووی شێخ مەحمود لە ناو شاری سلێمانی گونجاو بووە لەگەڵ شان‌وشکۆی حوکمڕانییەکەی، وێنەکەی لە بەشی پاشکۆکاندا ببینە.

کۆمۆنیستە عیراقچییەکان چەند درۆزنو بوختانکارو بێ ویژدانن، کە پیاوێکی وەك شێخ مەحمود بە دەرەبەگ دەدەنە قەڵەم."[1]

ئەم بۆچونو هەڵوێستانەی شێخ مەحمود وەنەبێت کاتیی بوو بن، یان پەیوەندییان بە حاڵەتو ڕوداوێکی ناکاوەوە بووبێت، بەڵکو بەدرێژایی تەمەنی سوورو مکوڕ بووە لەسەر پاراستنی ئەو جۆرە هەڵوێستانەی. ئەو هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە بە تاکە شیعرێك گوزارشتی لەم هەڵوێستەی کردبوو کە گوتبووی:

یان کەشتیی هۆزی کورد دەبەمە ساحیلی نەجات

یان گیانی خۆمو ئالی پێغەمبەر بە پرد ئەکەم[2]

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەڵوێستانەی، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لایەنی ١٣ نامەی شێخ مەحمود بکەم کە لای بنەماڵەی شێخ عبد القادری (دۆزەخدەرە)[3]ی نزیك شاری سەقزی خۆرهەڵاتی کوردستان پارێزراونو پەیوەندییان بە ساڵانی (١٨٧٣ بۆ ١٩٥٧ز) هەیە، کە بەڕێز حەمەی حەمە باقی پاش ساڵی ١٩٨٨ لای ئەو بنەماڵانەیە بینیونی. دەربارەی ئەو نامانە ناوبراو دەڵێ: لەو نامانەدا "گیانو باوەڕی شێخ مەحمودی حەفید بە ئاینی ئیسلامگەریی، ڕەنگ دەداتەوە. کە ئەم باوەڕە

---

١ ژمارە (٦)ی کۆبەرهەم، جەمال نەبەز، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا: ٩٣، ٧١.

٢ گۆڤاری هەتاو ژمارە ١١٢، لە ٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٥٧.

٣ شێخ مەحمود لە خۆشەویستی ئەو گوندە لە جێی وشەی (دۆزەخدەرە) لەسەر زەرفی نامەکان – کە لای بنەماڵەی شێخ عبد القادر پارێزراون– نوسیویەتی: (جەننەت دەرە)، داواشی کردووە هەروا ناوی بەرن. بڕوانە: (چەپکێ نامەی شێخ مەحمود حەمەی حەمە باقی) لە یادنامەی شێخ مەحمود، لا:١٠٧. گوندی دۆزەخدەرە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سەقزە.

له تەمەنی چارەکە سەدەی ئەم نامانەو لە قۆناغەکانی ئەوپەڕی دەسەڵاتی شێخ مەحموددا، لە حوکمداری کوردستانەوە بۆ ژیانی گۆشەگیری، لە گوندێکی وەك (داریکەلی)دا، هەمان هەست لە یەکەمین ئەم چەپکە نامەیەدا، تا دوایەمین نامە، بە هەمان جریوە دەدرەوشێتەوە."١

له یەکێك لەو نامانەی شێخ مەحموددا کە بۆ شێخ عبد القادری (دۆزەخدەرە)ی نزیك سەقزی ناردووە، هاتووە: ".. ئامانجو هەوڵی من بۆ پارێزگاریی ئاینو ئەم کۆمەڵە کوردە ئیسلامەیە... بۆ پاراستنیان لەژێر پەنجەی کافران، چونکە ئێمە بۆ زیندوکردنەوەی ئاین تێ دەکۆشین".[٢]

---

١ یادنامەی شێخ مەحمود، حەمەی حەمە باقی، بنکەی ژین، لا: ١١٢.

٢ شێخ مەحمود ئەم نامەیەی لە ٧ی مارتی ١٣٤٠ڕۆمی – کە دەکاتە ساڵی ١٩٢٥ ز – ناردووە. لا: ١١٥ ی سەرچاوەی پێشوو.

### ٣- ئاینپەروەریی‌و دیبلۆماسییەتی سیاسی شێخ

لێرەو لەویێ هەندێك كەس لە مێژوونوسان وا دەردەخەن كە ئەم پابەندییە ئاینییەی شێخ مەحمود كاریگەریی سلبی هەبووە لەسەر لایەنی نەتەوەیی‌و چالاكیی سیاسی‌و دیبلۆماسی‌و سەرەنجام هەڵوێستەكانی شێخ. ئەو كەسانە ئەم قسانە دەرهەق بە شێخ سەعیدی پیران‌و پێشەوا قازی محەممەدیش دووبارە دەكەنەوە. جا بەپێی خوێندنەوەی باكگراوندی ئایدیۆلۆژیی زۆربەی ئەو كەسانە، دەردەكەوێت كە بۆچوونەكە بنەمایەكی مێژوویی‌و زانستیی‌و واقیعی نیەو لە وەهم‌و خەمڵاندنەوە نزیكە، یان حەزو خۆزگەیەكە دەیخەنە قاڵبی هەواڵ‌و وێناكردن، واتە زیاتر نوسەرە چەپەكان‌و سیكۆلارە توندڕەوەكان ئەو بابەتە دەوروژێنن.

سەرچاوەی وروژاندنی ئەو باسە لەو سۆنگەو پاڵنەرەوەیە كە بە لایانەوە گران‌و زەحمەتە كەسانێكی وەكو شێخ مەحمودو قازی محەممەدو شێخی پیران سەركەوتوو بووبن لە پێكەوە گرێدانی خەباتی ئیسلامیی‌و نەتەوەیی. یان توانیبێتیان ئاین لە چوار دیواری مزگەوت دەربهێنن‌و بیگەیەننە سەر كورسی دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی. چونكە دیدو تێڕوانینە تایبەتەكەی ئەوان بۆ ئاین -بەتایبەتی ئاینی ئیسلام- پووچەڵ دەكاتەوە، كە پێیان وایە ئاین پەیوەندییەكی نێوان مرۆڤ و خوداوەندەو كاری بەسەر كۆمەڵگەو دەسەڵات‌و سیاسەت‌و نەتەوەگەرییەوە نیە.

لەم برگەیەدا بە بەڵگەوە ئەو تۆمەتە بەرامبەر شەخصی شێخ مەحمود ڕەت دەكەمەوە، كە لەو گۆشە نیگا ئایدیۆلۆژییەوە دەیانەوێت بە تیرێك لە دوو نیشانە بدەن، هەم ئاینی ئیسلام بچووك بكەنەوە، هەم لە كەسایەتی ئەو سومبولە نەتەوەیی‌و ئاینییانە بدەن. بۆیە چەند نمونەیەك دێنمەوە لە هەوڵە دیبلۆماسییەكانی لەگەڵ زلهێزانی ئەو كاتە، بەتایبەتی سۆڤییەت‌و

بەریتانیاو کۆمەڵەی نەتەوەکانو تورکیای عوسمانییو دەکرێت خوێنەر لەو دەلاقەیەوە بپرسێت: ئاخۆ ئەگەر کەسێکی تر غەیری شێخ مەحمود لەوکاتەدا بیویستایە هەنگاوی تری سیاسیو دیبلۆماسی بنێت، جگە لەو نمونە کارانە چی تری دەکرد؟!

سەرەتا بە پێچەوانەوە، بە خوێندنەوەی ڕۆژمێری کارەکانی شێخدا هەست دەکەی کە هەموو بۆنەو وێستگە هەستیارەکانی قۆستۆتەوەو لە ئاست هیچ سەرپێچێکی سیاسی بێ ئاگاو بێ هەڵوێست نەبووە. بۆ نمونە ساڵی ١٩١٢ کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی زۆری پێ نەچوو لە ١٩١٣دا بۆ باسکردنی کێشەی کورد، دوو جار نوێنەری نارده لای کونسوڵی گشتیی ڕوسیا (ئەرلۆف) لە بەغدا. هەر هەمان ساڵو ساڵی دواتریش دووجار نوێنەری نارده لای کونسوڵی ڕوسیا (کیرسانۆف) لەموصل. بەو نوێنەرانەدا شێخ نامەی تایبەتی دەناردو بارودۆخی کوردستانی تێدا ڕوون کردبووەوە. "بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ڕوسەکان لەسەر ئەو بناغەیە بوو کە سوود لە کورد دژی عوسمانییەکان وەربگرن."[1]

کاتێکیش لە هەمان ساڵی (١٩١٩ز) دا شێخ ئاگادار بووەوە کە نوێنەرانی (کۆمەڵەی دەوڵەتان)، (عصبة الأمم) خەریکن سنووری نێوان ئێرانو تورکیا دیاری دەکەن، بەبێ هیچ حیسابکردنێك بۆ سەرزەوی کوردستان، یاداشتنامەیەکی گلەیی ئامێزی نارد بۆیان کە ئەمە دەقەکەیەتی: "بۆ دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان نیە زەوی وڵاتەکەمان دابەش بکەنو بیدەنە گەلێکی دی، موڵکییەتی ئەم زەوییانە بۆ خەڵکەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

---

١ یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا: ٢٩.

ئیشەکەتان پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤو سەربەستیو  دیموکراسییە. بۆ بێگانە ڕەوا نیە ئەمە بکات."

بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە، شێخ خۆی چووەتە سەر سنورو یاداشتەکەی داونەتێ، بەڵام ئەندامانی لیژنەیناوبارەکی ئەوکاتەی نێونەتەوەیی، ڕایانگەیاند: "پارچەکردنی کوردستان شتێکی بڕاوەیەو بەدەست ئەوان نیە، کوردستانی خواروو ڕۆژهەڵات دەبنە ناوچەی دەسەڵاتی ڕوسیا.." [1]

شێخ کۆڵی نەداو جارێکی تر لە شاری خانەقین پەیوەندی کردەوە بە ڕووسەوە، بەڵام ڕاشکاوانە پێیان گوت: "هەرێمی کوردستان ئێستا بۆتە ناوچەی دەسەڵاتی ئینگلیزو پێویستە نەخشەکەتان بگۆڕنو یاداشت بدەن بە دەزگای ئینگلیز.."[2]

کاتێکیش ڕوسیای قەیسەری ویستی لاوازیی کورد بقۆزێتەوەو نامەیەکی لە ڕێی صەفوەت بەگەوە[3] لە ئەیلولی ١٩١٥ لە سەقزەوە نارد بۆ شێخو تیایدا داوای کرد کە شێخ ببێتە پشتیوانی ڕوس دژی تورکیا، بەڵێنیشی دا کە ئەوان یارمەتی بدەن. شێخ لە وەڵامدا نووسی: "دوای سڵاو: برام

---

١ یاداشتەکەی شێخ محمودی حەفید، ژمارەیەك نوسەر. لا: ٢٠.

٢ بڕوانە: یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید، لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، کەمال نوری، ١٩٩٥، لا: ٢٢.

٣ صەفوەت بەگ دۆستێکی نزیکی شێخ مەحمود بووە، ئەندامی حزبی (الحریة والائتلاف) بووە، لە بەغدا تۆمەتبار کراوە بەکوشتنی مەحمود پاشای صەدری ئەعزەم (سەرۆك وەزیران)، بۆیە پەنای بردووە بۆ شێخ عبد السلام لە بەرزان، حکومەتی عیراق زۆر داوای تەسلیمکردنەوەی کرد، بەڵام شێخ نەیداوە بە دەستەوە. دواتر چووە بۆ ڕوسیاو بووە بە پەنابەر، دیارە لەو کاتەدا ڕووسەکان ئەو نامەیەیان پێدا ناردووە بۆ شێخ مەحمود. (بڕوانە: چیم دی؟ ئەحمەد خواجە، ١٣/١  الشیخ محمود الحفید البرزنجي، عبد الرحمن إدریس، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا: ٨٨.

صەفوەت بەگ! من نیشتمانم لە دڕندەیی سوپای قەیسەر دەپارێزم. هیواشم پێی نیە، پێوستیشم بە دیاریی ئەو نیە. سوپای قەیسەری خوێنڕێژ، کوردی لەناو برد. تۆ چاکم دەناسی. من لەو دوژمنە ناترسم کە بیناسم. هەموو هیوام ئەوەیە کە کوردو کوردستان لەو دوژمنە ڕزگاری ببێت. ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات دۆستمانە. وەڵامی دوژمنەکانیشمان بە لولەی تفەنگەکانمان دەدەینەوە".

دڵسۆزت: محمود[1]

کاتێکیش سوپای ئینگلیز لە مایسی ساڵی ١٩١٨دا شاری کەرکوکی داگیر کرد، شێخ مەحمود کەوتە پەیوەندییو نوێنەرو نامە ناردن بۆ سەرکردەکانی سوپای ئینگلیز، تەنانەت نامەیەکی نارد بۆ (وڵسن) ی جێگری حاکمی گشتیی عیراق، تیایدا وێڕای ئاماژە بە بەیاننامەکەی سەرۆکی ئەمریکاو بەریتانیا لەمەڕ مافی گەلان، سەبارەت بە مافی نەتەوەی کورد نووسیبووی: "... هیوامان وایە بە چاوێکی سۆزەوە سەیری مەسەلەکەمان بکرێت و لە ڕزگارکردنی کوردستانو دەرکردنی تورکو بڵاوکردنەوەی بانگی سەربەخۆییدا یارمەتیمان بدەن."

وەڵامی ئینگلیزی داگیرکەر ئەوە بوو کە داوای دانیشتنێکیان کرد لەگەڵ شێخ، بۆ گفتو گۆو دانو ستان، بەڵام قۆڵبەستیان کردو بردیان بۆ کەرکوکو لە دادگاییەکی سەرپێیدا کەوتنە بیری کوشتنی شێخ. بەڵام عەلی ئیحسان پاشا فەرماندەی فەیلەقی شەشی سوپای عوسمانیی فریای کەوتو ئازادی کردو بە پێچەوانەی ئینگلیزەوە ڕوتبەی (مارشاڵ)ی بەخشی بە شێخ مەحمود، لەگەڵ ٥٠٠٠ لیرەی عوسمانیدا بۆ پێکهێنانی تیپێکی سەربازیی، بۆ پاراستنی سلێمانی..؟!

---

١ هەمان سەرچاوە، لا: ١٨٧.

شێخ چونکە خەمی نەتەوەیەك لە سەریدا بوو کۆڵی نەدا، جارێکی تر کەوتەوە بیری گفت وگۆ لەگەڵ ئینگلیز، لە سلێمانی کۆبوونەوەیەکی کرد بە سەرۆك هۆزەکانو کەسایەتییەکانو سەرەنجام بڕیاریاندا کە وەفدێك بنێرن بۆ شاری کفریو لەوێوە پەیوەندیی بکەن بە (وڵسن) ی جێگری حاکمی گشتی ئینگلیز لە عیراق. سەرەنجام ڕێکەوتننامەیەکی حەوت خاڵی لە بەرژەوەندیی کورد لەگەڵ ئینگلیز مۆر کرا. ئەو ڕێکەوتنە بووە هەوێنی حوکمداریی یەکەمی شێخ مەحمود لەساڵی ١٩١٨دا.

هەوڵێکی تری دیبلۆماسی مێژوویی شێخ مەحمود ئەو تۆمارە گرنگە بوو کە داخوازیی کوردانی باکورو خۆرهەڵاتی تێدا کۆ کردەوەو ساڵی ١٩١٩ ناردی بۆ شەریف پاشای خەندان، بۆ (کۆنگرەی صولح) لە پاریس، بەڵام سیخوڕانی فەرەنساو ئینگلیز نەیانهێشت بگاتە فەرەنسا. وا مەشهورە کە چەندین نامەی تریشیان ناردووە. لە یەکێك لەو نامانەدا شێخ نوسیویەتی: "... کوردستان نیشتیمانی ڕەسەنی کوردە، سنورێکی سروشتیی تایبەتیی خۆی هەیە، گەلێکی جیاوازی تێدا دەژی."هەروەها لەو نامەیەدا ڕاشکاوانە دەڵێت: "پارێزگاریی سەربەخۆییمانو مافمان بەستراوە بە دادپەروەریتانەزوە."[1]

بۆیە شێخ کە نائومێد بوو لە مایسی ١٩١٩دا شۆڕشی دژی حکومەتی ئینگلیز ڕاگەیاندو ئەم فەرمانەی بڵاو کردەوە: "سوپای کورد دەستی دایە چەك، بەهۆی ناڕەوایی، پارچەپارچەکردنی گەلی کورد، خراپەکاریی، لادان لە پەیمانی دانی مافەکان بەکورد لەلایەن ئینگلیزە بەریتانییەکانەوە. ڕۆژی ١٩١٩/٥/٢١ یەکەم ڕۆژی شۆڕشی کوردە لەبەردەمی بەریتانیای گەورەدا". ئیمزا: مەحمود حوکمدارو فەرماندەی گشتی[1]

---

١ بڕوانە: یادنامەی شێخ مەحمودی حەفید، بنکەی ژین، لا: ٤٩ و ٥٠، بۆ بینینی دەقی دوونامەی شێخ مەحمود بۆ (کۆنگرەی ئاشتی) لە (١٩١٩).

هەر لە سۆنگەی هەستکردنیەوە بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر میللەتەکەی، لە مانگی مارسی سالّی ١٩٣١دا، شێخ مەحمود نامەیەکی گرنگو مێژوویی، دەنێرێت بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبة الأمم) لە شاری (پاریس)ی پایەختی فەرەنساو بە دوورو درێژیی باسی دۆزی نەتەوەی کورد دەکاتو نمونەی نەهامەتییەکان دەخاتە ڕوو، هەروەها هۆکاری ڕاپەڕینی کورد دژی دەولّەتی عیراق ڕوون دەکاتەوەو بە ڕەسمیی داوا دەکات لە کۆمەڵەی ناوبراو، کە پشتیوانیی بکەن لە جیابوونەوەی باشوری کوردستان لە دەولّەتی عیراقو دانبنێن بەسەربەخۆیی (دەولّەتی باشوری کوردستان)دا.[٢]

لە نامەیەکی تری شێخ محموددا کە لە ١٩٣٠/٩/١٣ بۆ حاجی بابە شێخی مەهاباد (کە دواتر بووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری کوردستان)ی ناردووە، ئامۆژگاری ناوبراو دەکاتو دەڵێت: "... تکاو خۆزگەشم ئەوەیە — بەڵکو بە سۆزەوە عەرزتان دەکەم— کە ئەو پلەوپایەو ڕێزەی لە سایەی خواوە ئێستا هەتانە، بیقۆزنەوەو کاروباری موسڵمانانی پێ ڕاپەڕێنن. من پێموایە ڕەزامەندی خوای مەزن دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەو مانەوەی هەمیشە.."[٣]

بە دڵنیایی ئەوە بەشێك لەحەقیقەتی واقیعی ژیانو بەسەرهاتو ئاکارەکانی شێخ مەحمود بووە، بۆیە (ئەحمەد فەوزی)[٤] شاعیرو خەباتگێڕو خواناسو مامۆستای خەباتگێڕان، ئەم نازناوانە بۆ شێخ بەکار دێنێت:

---

١ ترك وكرد وعرب. أدمونز. ترجمە جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧١، ص: ٥٠٥.

٢ ئەو یاداشتەی شێخ مەحمود بۆ (عصبة الأمم) پێنج لاپەڕەی قەبارەی ئەم کتێبەیە، لەبەر بایەخی مێژوویی دەقەکەی لە دوابەشی ئەم کتێبەدا دانراوە.

٣ یادنامەی شێخ محمودی حەفید. لا: ١١٢.

٤ بۆ ناسینی زیاتری ئەحمەد فەوزی، بڕوانە: بەشی کۆتایی ئەم کتێبە.

(نوری ئیمان)، (ئەرشەدی ئەولادی حەیدەر)، (شێری یەزدان)، (میهری درەخشان)، (فەخری کوردان)، (ڕافیعی ئەعلامو ئیستقلالی کوردان)، لە چامەیەکیدا ساڵی ١٩٣٩ز، بەبۆنەی گەڕانەوەی شێخ لە هیندستان، دەڵێت:

شوکرو لیللا، مژدە بێت، وا نوری ئیمان هاتەوە

ئەرشەدی ئەولادی حەیدەر، شێری یەزدان هاتەوە

شەمشەکوێرە لە داخا خۆی لە قوڕنێ حەقیەتی

شەو نەما، زوڵمەت بەسەر چوو شێری یەزدان هاتەوە

جەژنی کوردستانە قوربان، مەوقیعی قوربانییە

چۆن بە قوربانی نەبم، وا فەخری کوردان هاتەوە

ئیدیعایی قەومییەت ئەمڕۆ ڕەوایە (فەوزی)یا !

ڕافیعی ئەعلامو ئیستیقلالی کوردان هاتەوە [١]

---

٤ مێژووی ئەدەبی کوردیی، د. مارف خەزنەدار، ٥/ ٤٨.

# بەشی یازدەهەم

## کاری ڕێکخراوەیی کوردیی

## لە مێژووی چلەکان بەدواوە

## تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- گۆڤاری ڕێگای موسڵمانیی..............................⟵
- حزبی کوردی موسڵمان.............................⟵
- یەکێتی قوتابیانی ئاینیی، (١٩٥٤)و بڵاوکراوەی (دەنگی فەقێ)..........................................⟵

## دەسپێك

کاتێك کە لە کۆتایی ساڵانی سییەکانو سەرەتای چلەکانی سەدەی بیست نزیك دەبینەوە، ئەو ڕاستییە هەر بەردەوامە، کە زۆربەی کارەکتەرە سیاسییەکانی سەر شانۆی بزافی ڕزگاریخوازیی کورد، مەلاو خوێندەوارانی مەدرەسە شەرعییەکان بوون. بۆ نمونە: بۆ وێناکردنی زەمینەو هەنگاوە بنەڕەتییەکانی پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانو ڕێکخراوی (ژێ.کاف)، محەممەدی صەمەدی دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٤٠دا زانایەکی بڕوادارو دڵسۆز بە ناوی (مەلا ئەحمەدی فەوزی)– کە بە مەلای ناوداری سلێمانی ناسرا بوو (پێشتر باسێکمان لێ کرد)– ئەنجومەنێکی پێك هێناو دەستی کرد بە وتنەوەی وانەی ئیمانو ئەخلاقو هەندێك بابەتی نەتەوەیی. ئەو ئەنجومەنە ناونیشانێکی حزبیی یان پەیڕەوو پرۆگرامێکی نەبوو، بەڵام ئەوانەی کە دواتر کۆمەڵەی (ژێ، کاف)یان دروستکرد، ئەوانە بوون کە لەو ئەنجومەنەدا بەشدارییان کردبووو لە کۆڕی ئەو زانایەدا سوودمەندو بەهرەمەند بوو بوون."[١]

دیارە ئەم حاڵەتە سەرتاسەریی بووەو زۆرێك لە خوێندەوارانی حوجرەو مزگەوتەکانی ئەوکاتە، بەدەرنەبوون لەم تایبەتمەندییە، چونکە بەپێی خوێندنەوەی ڕووداوو هەڵوێستەکانی ناوەندە ئاینییەکان، بەهۆی سەرهەڵدانی ڕێکخراوە کوردییەکانو جموجووڵی چالاکوانە کوردەکانی دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی ئەستەمبوڵو قاهیرەو شوێنانی تر، لەو سەردەمەدا (چارەکی یەکەمی سەدەی (٢٠) هەستی نەتەوەیی لای فەقێو مەلاو دەرچووانی مەدرەسە شەرعییەکان جۆرێك لە بوژانەوەی تێکەوتبوو و تێکەڵ بە حەزو خۆزگە ئاینییەکەیان بووە.

١ قازی محەممەد، محەممەد ڕەزا جەلایی پور، لا: ٣٤.

**کۆمەڵەی زانایانی ئایینیی و گۆڤاری ڕێگای موسڵمانیی:**

بابەتێکی تر کە لە هەندێك سەرچاوەوە باسی لێ کراوەو ئەو ڕاستییەی سەرەوە دووپات دەکاتەوە، بوونی ڕێکخراوێکی تایبەت بە زانایانی ئیسلامیی و دەرکردنی گۆڤارێکە بە ناوی (ڕێگای موسڵمانیی)، کە بۆ خۆم لە هیچ شوێنێك نەمبینیوە باسی لێ بکرێت، جگە لە (پرسی کورد)ی (م.لازاریف) کە لە باسی ڕێکخراوە کوردییەکانی ساڵانی سییەکاندا دەڵێت: "کۆمەڵێك پیاوانی ئاینی لەکوردو عەرەب پێکهاتبوون و لە ڕێی گۆڤارێکەوە بەناوی: (ڕێگای موسڵمانیی) گوزارشتیان لە ڕاکانیان دەکرد." [1]

ماوەتەوە ئەوەش بڵێم کە (لازاریف) ئەم زانیارییەی لە دەستنووسێکی (و.ل. فلیجینسکی) وەرگرتووە، بەناوی (جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد)، کە تا ئەو کاتەی (لازاریف) لێی وەرگرتووە چاپ نەکراوە.

**حزبی کوردی موسڵمان:**

لە دوا هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە کۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی پێشوو، لە بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا کە باس لە ساڵانی ١٩٤٦ بۆ ١٩٥٠ دەکات، چاوم بە ڕاپۆرتێکی چوار لاپەڕەیی کەوت، کە بەشی توێژینەوەی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا ئامادەی کردووەو ناونیشانی (کێشەی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ تا١٩٥٠)ی بۆ داناوە، تیایدا لە بڕگەیەکدا لەگەڵ هەواڵی هێنانەوەی تەرمی ڕەزا شای ئێران لە ساڵی ١٩٥٠دا، دەڵێت: "(حزبی کوردی موسڵمان) لە تاران کەوتە بەر سەرنج، ئەم حزبە هەندێك سەرۆك هۆزی ناسراو دایانمەزراند، کە لە مانگی مایسدا

---

١ المسألة الكردية، م. لازاريف، ٣٢٠ .

(مەبەستی مانگی مایسی ساڵی ١٩٥٠یە) بۆ بەشداریی لە ئاهەنگی هێنانەوەی تەرمی ڕەزا شا بۆ ئێران، هاتبوون بۆ تاران".

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە: "دواتر هیچ هەواڵێکیان لە سەرچاوەیەکی دیکەوە لێ نەبیسترا."[1]

ماوەتەوە –سەبارەت بەم بابەتە– وەڵامی چەند پرسیارێکمان دەستکەوێت: ئایا ئەم حزبە کەی دامەزراوە؟ ئایا نوسەری ڕاپۆرت تێکەڵی نەکردووە لەگەڵ ناوی حزبێکی تری کوردستانی؟ ئەگەر وایە ئەو حزبە کامەیە کە تا ساڵی١٩٥٠ درێژەی هەبووە، سەرای ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی بەسەر ناوخۆی ئێراندا هاتن؟ وە ئایا حزبێکی کوردیی چ کاری هەیە بەسەر هێنانەوەی تەرمی ڕەزا شاوە، ڕەزاشایەك کە دەستی بە خوێنی سەدان ڕۆڵەی کورد سوور بوو؟ ئایا نوێنەرانی ئەو حزبە لە کوێی کوردستانەوە بەرەو تاران ڕۆیشتوون؟ ناوی ئەندامانی ئەو وەفدە چیە؟ ئایا ئەو سەرۆك هۆزانە کێن کە –بە پێی ڕاپۆرتەکە– ئەو حزبەیان دامەزراندووە؟

ئەمانە چەند پرسیارێکن کە بەدەرن لەم بابەتەی بەندە لەم باسەدا وروژاندوومە، بەڵام وەڵامیان بایەخی مێژویی خۆی هەیە، هیوادارم کەسێکمان بتوانین لە دەرفەتێکدا بابەتەکە ڕاستبکەینەوەو زانیاری تەواو لەسەر ئەو حزبە بەدەست بێنین.

**یەکێتی قوتابیانی ئایینیو بڵاوکراوەی (دەنگی فەقێ):**

لە هەندێك سەرچاوەی تردا باسی ڕێکخراوێکی سیاسی کراوە بە ناوی (یەکێتی قوتابیانی ئایینی) کە گوایە ساڵی ١٩٥٤ بە نهێنی لە شاری سلێمانی دامەزراوەو ئامانجی ئیصلاحی کۆمەڵایەتییان هەبووەو

---

١ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ئەنوەر سوڵتانی.

زمانحالێکیان هەبووە بە ناوی (دەنگی فەقێ) کە مانگانە بە نهێنی دەرچووەو لە سلێمانیو کەرکوکو هەولێرو دیالە دابەش دەکراو پێنج ژمارەی لێ دەرچووە. هەندێك پێیان وایە شیوعییەکان ویستویانە ئیستیغلالی بکەن بۆ مەرامی خۆیان.[١]

یەکێك لەوانەی کە لە دەرکردنی بڵاوکراوەی (دەنگی فەقێ)دا بەشدار بووە، دەڵێت: "ئێمە –ئەم ناوانەی کەوا دێن– گۆڤارێکمان دژی حکومەتی عیراق دەرکرد، بەناوی گۆڤاری (دەنگی فەقێ)، ناوەکان: ١– محەممەدی مەلا کەریم٢– شێخ کەمالی شێخ نوری قەرەداغی ٣–مەلا حوسەین خوشکەزای مامۆستا مەلا کەریمی مودەرریس ٤– مەلا مەحمودی گەدانی ٥– مەلا عەلی توتاخاجی.." پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوەی ئەوانی هانداوە بۆ دەرکردنی ئەو گۆڤارە لە ساڵانی پەنجاکاندا، دوو شت بووە، یەکەم: هەستی نیشتیمانپەروەریی، دووەم: برسیەتیو کۆیلەیی خەڵکی عیراقو کوردستان. ناوبراو دەڵێت: "بەدەست دەماننووسیو بەکاربۆن چەند دانەمان لێدەردەکردو لە سلێمانیدا مزگەوتەکانمان ژمارد، کە هەر مزگەوتێك دانەیەك لە دەرگای حوجرەی فەقێکان دابنێین، هەر یەکە چەند

١ بڕوانە: (التكوين السياسي والثقافي للأحزاب والجمعيات الكردية من ١٨٨٠–١٩٥٨)، لە سایتی: wifq-syriaket. بیستوومە کە نوسەرو ڕوناکبیر محەممەدی مەلا کەریم – کە لەو کاتەدا کادرێکی چالاکی حزبی شیوعی بووە– ئەندامی دامەزرێنەر بووە لە یەکێتی قوتابیانی فەقێکان، هەروەها یەکێك بووە لە نووسەرانی بەشداری بڵاوکراوەی (دەنگی فەقێ).

مزگەوتێکمان بەرکەوتو شەو دابەشمان کرد، ئیتر حکومەت شڵەژاو گڕی تێبەربوو، لەناو شاردا بوو بە چیو چیو وتی وتی.."[1]

شایانی باسە ژمارەیەك لەم گۆڤارەی (دەنگی فەقێ) لە ماڵی ئێمەدا هەبوو، تا ساڵی ١٩٨٠ پاراستبووم، دواتر کە ئاوارەی دەرەوە بووم نەمابوو. گۆڤارەکە دیاربوو مانگانە بووە، بەخەتێکی دەستیی جوانیش نوسرابووەوە، بەسوودوەرگرتن لە بەکارهێنانی (کاربۆن) بۆ گرتنەوەی نوسخەی زۆر، کە لەوکاتەدا تەنها ڕێگەی لەبەرگرتنەوەی نوسراوی نهێنیی بوو. قسەکان لە گۆڤارەکەدا ئاراستەی فەقێکان کرابوون، منیش دڵنیام کە زمانەکە هاوشێوەی زمانی ئەو کاتەی شیوعییەکان بوو، وەك بەشێك لە پلانی کارکردن لەسەر کەس و ناوەندە ئیسلامییەکان: بنەماڵەی مەلاو شێخو مزگەوتو حوجرەکان، بەوپێیەی باش دەرکی ئەو ڕاستییەیان کردبوو کە ئەو ناوەندو کەسانە زۆر کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی هەیە.

---

١ ئەو کەسە ناسراوە بە مەلا عەلی توتاخاجی، نووسەری کتێبی: ژیاننامەی مامۆستا مەلا کەریم، لا: ١٦٢– ١٦٣.

# بەشی دوازدەهەم

# ڕووس‌و ئینگلیزو ئەمریکییەکان

# کوردیان چۆن ناساندووە؟

(وانەیەکی پێویست بۆ نەوەی ئەمڕۆی کوردستان)

# تەوەرەكانی ئەم بەشە:

- دیدی هاوبەشی ئەمریكیو ئینگلیزەكانی سەردەمی كۆماری كوردستان.........................................................←
- بەشێك لە دیدو هەڵوێستی سۆڤیەتی جارانو كۆمۆنیستان بەرامبەر بە كوردو دۆزی كورد..............................←

دەستپێك

زۆرجار ئێمە لە کاری شرۆڤەکارییو شیکردنەوەی بەسەرهاتو ڕووداوە مێژووییەکاندا، دەکەوینە هەڵەی زۆر گەورەوە. بۆ نمونە لە وێستگەیەکی هەستیاری وەك هۆکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی نەتەوەکەماندا – لە کۆنو نوێدا– یان لە باسی بەئەنجامنەگەیشتنی ڕاپەڕینو جولانەوە سیاسییە کوردییەکاندا، ئەمپەڕو ئەوپەڕ ئەگرینو زۆربەی کات ڕاستی ناپێکین.

ئەوانەمان کە کەسانی بیانییو دەوڵەتانی زلهێز بە دۆستو پشتیوانو مرۆڤدۆست دەزانین، هەموو هۆکارەکانی شکستو نسکۆکان بەسەرخۆماندا دەشکێنینەوەو پیلانو ناڕاستیی ئەوان لەبیری خۆمان دەبەینەوەو هەموو قسەکانمان لە (هۆکاری زاتیی) یە. بۆ خۆم دەیان جار لە هەندێك ڕوناکبیرو کەسانی سیاسی هاوچەرخم بیستووە، کە سەرنەکەوتنی شێخ مەحمودی حەفید دەکەنە خەتای خودی شێخ، گوایە دیبلۆماسیەتی لاواز بووە. سەرنەکەوتنی شۆڕشە مەزنەکەی شێخ سەعیدی پیرانیش، دەکەنە خەتای شێخو پشتیوانانی شێخ، گوایە بێ بەرنامەو ناهەماهەنگ بوون. ڕوخانی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستانیش، دەکەنە خەتای پێشەوا قازی محەممەد، گوایە قەتیسی ناوچەی موکریان بووەو نەیتوانیوە تیرەو هۆزەکانی کوردستان کۆ بکاتەوە، لە ڕوویەکی تریشەوە نەیتوانیوە لەگەڵ وڵاتی سۆڤیەت خۆی بسازێنێت، زۆرجاریش بە پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆژی دژەئاینی، ئاینپەروەریی ئەو سەرکردانە دەکەنە خەتاو هۆکار. من نکولیی لەوە ناکەم کە بەشێك لەو خاڵانە دروست بن، بەڵام باس لە گشتاندنەو وردنەبوونەوەی ڕێژەییە لە هۆکارو فاکتەرەکان.

ئەوانەشمان کە ئەو کەسو دەزگاو دەوڵەتە بیانییانە بە ناڕاستو بەرژەوەندخواز دەزانین، پەند لە هەڵەی خۆمان وەرناگرینو هەموو خەتاکان

دەدەین بەسەر ئەوانداو دونیا پڕدەکەین لە باسی تیۆری پیلانو شرۆڤەی پیلانگێڕیی‌و نالەباریی‌و نەگونجاویی (هەلومەرجی بابەتی)و هەڵسەنگاندنێکی دروست ناکەین، تا بەشە هەڵەو کەموکورتییەکانی خۆمانو سەرکردەکانمان ببینین.

ئایا ناکرێت لەم نێوەندەدا واز لە حوکمی ڕەهایی بێنین‌و هەرهۆکارە — چ زاتی‌و خودی، چ بابەتی‌و دەرەکی— قەبارەی خۆی بدەینێ ؟ من بۆ خۆم لەوانەم کە زۆربەی هۆکارەکانی شکست‌و بێ ئاکامی، دەگێڕمەوە بۆ پیلانو ناڕاستیی‌و ناحەزیی ولاّتانی زلهێزو گوێ لەمشتەکانیان لە ناوچەکەدا، هەر لە کۆنەوە تا ئێستە، هەرچەند ڕێژەیەك لە هۆکارەکانیش دەگێڕمەوە بۆ هەڵەو ناتەواوییە زاتییەکانمان.

لێرەدا نامەوێت ئەو هەوڵو شۆڕشانە هەڵسەنگێنم، بۆیە ناڵێم سەد لە سەدی ئەو بۆچونانە دروستن یان نادروست، بەڵام لەوەندە دڵنیام کە ئەو حوکمە ڕەهایانە هەڵەن‌و ئەگەر بەشێکی کەم خەتای خودیی (زاتیی) هەبن، زۆربەی خەتاکە دەگەڕێتەوە بۆ ناپاکیی‌و خیانەتی زلهێزانی سەردەمەکان، بۆیە هاودەنگم لەگەڵ ئەوانەی پێیان وایە ناحەزانی کوردن بە پلەی یەکەم کە ناهێڵن هەوڵەکان بگەنە ئاکام، بەڵام دەمەوێ بە بەڵگەوەو لەبەر ڕۆشنایی ئەرشیفی خودی زلهێزانداو لە ڕووی لێدوانی هەندێك لەخۆیان، ئەو ڕاستییە بسەلمێنم کە هەڵە گەورەکەی ناوخۆ— ئەگەر لێرەدا پێویست بێت ئاماژەیەکی پێ بکەم — ئەوەیە، کە خۆشباوەڕ بووین‌و بڕوامان بە ڕاستیی ئەو پەندە عەرەبییە نەکردووە کە دەڵێت: هیچ شتێك وەك نینۆکی خۆت، پشتت ناخورێنێت.

بۆیە لەم بەشەدا گۆشەیەك لە لێدوانو وێناکردنی زۆرێك لەو بەرپرس‌و دیپلۆماتکارو گەشتیارو بیرمەندو نوسەرە ئینگلیزو ئەمریکی‌و ڕوسییانە

دەخەمەڕوو، کە ڕەنگە ساڵانێكو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هیوامان پێوە گرێداونو بە فریشتەی ڕزگارکردنمان زانیون، تا بزانین چەندە بێڕێزانە سەیری نەتەوەی کوردیان کردووەو چەندە میکافیلییانەو دووفاقەییانە مامەڵەیان لەگەڵ کردووین، هەرکات کاریان پێمان بووبێت، نەتەوەیەکی ڕەسەنو نەجیبو ئازاو دۆست بووین، هەرکاتیش کارێکیان پێمان نەبووبێتو هەوای بەرژەوەندییان لە لایەکی ترەوە هەڵی کردبێت، چەتەو دواکەوتوو کۆنەپەرست بووین، یان بەلای کەم نەناسراوو نەبیستراوو نەویستراو بووین، جا فەرموون ئێوەو بەشێك لەو کەللە شەکرانەی دەرهەق بە گەلی کورد شکاندویانە:

## ١– دیدی هاوبەشی ئەمریكیو ئینگلیزەكانی سەردەمی كۆماری كوردستان

سەرەتا لەتێڕوانینو هەڵسەنگاندنێكی هاوبەشی ئەمریكیو ئینگلیزەكانەوە دەست پێدەكەم، كە لەكۆبونەوەیەكی هاوبەشی كاربەدەستانی باڵیۆزخانەی ئەمریكاو بەریتانیا لە تەبرێز– لەكاتی كۆماری كوردستاندا– بەمجۆرە وێنای نەتەوەی كورد دەكەن، دەڵێن: "كورد خەڵكێكی دواكەوتووو دەمدەمین، متمانەیان پێ ناكرێت، كەمایەتییەكن دەكرێت بەكار بهێنرێن" [١]

لە بەڵگەنامەیەكی دەزگای (ئیستخباراتی) هێزی هەواڵی بەریتانیاشدا لەوسەردەمەدا هاتووە: "كورد، گەلێكی دواكەوتووە، نەفامە، بیركردنەوەی ڕەنگدانەوەی ژینگە شاخاوییەكەی پێوە دیارە، گوێ ناداتە هیچ، زیاتر لەهەر شتێ، تەماع دەیجوڵێنێ." [٢]

لەكاتی سەرهەڵدانی شۆڕشەكەی شێخ سەعیدی پیراندا، (ئەمستردنگ) نووسەری ژیانی مستەفا كەمال، دەڵێت: "كورد دواكەوتووو شاخستانیو وەحشین، لە ڕووی ئاینییەوە توندڕەونو دەمارگیریيان هەیە، لە پشت سەركردەكانیانەوە ڕاپەڕیون، ئاڵای سەوزی پێغەمبەرەكەیان هەڵگرتووەو بۆ ڕزگاركردنی ئیسلامو لەناوبردنی توركە كافرەكان شۆڕش دەكەن"[٣]

بڕوانە ئەو نیازپیسییە، لە وێناكردنی شۆڕشێكی ڕەوای وەك شۆڕشی شێخ سەعیددا، یان لە هەڵسەنگاندنی ڕاپەڕینی میللەتێكی وەكو كورددا، یان لە خستنەڕووی جۆری ناكۆكی لەگەڵ توركاندا؟! كە بە چ ئاقارێكدا دەیبەن.؟

---

١ ئەم دەقە، لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا هاتووە. (بڕوانە: ڕۆژهەلاتی كوردستان لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ئەنوەر سوڵتانی، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا: ٣٣٧).

٢ الكورد في الوثائق البريطانية، د. عثمان علي، ص: ٢٥٤ .

٣ المسألة الكردية، م. لازاريف، ص: ٨٣.

سەبارەت بە شۆڕشە مێژووییەکەی شێخ سەعیدی پیران، جێگری کونسوڵی ئەمریکی لە شاری (حەلەب)ی سوریا، بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی، نوسیویەتی: "ئاژاوەگێڕانی ئێستە (مەبەستی شێخ سەعیدو هاوکارانیەتی) زۆر زیرەك بوون لە سوودوەرگرتن لە نەفامییو دواکەوتوویی کوردو پابەندیی توندیان بە ئاینی موحەممەدەوە." [١]

نوسەرێکی ئینگلیزیش بەناوی (جانیتزون)، دەڵێت: "کوردان خەڵکێکی شوانن، چەتەو ڕێگرن، شارستانیەتێکی دواکەوتوویان هەیە، شۆڕشە کوردییەکە بۆبەرەنگاربونەوەی سیستمی خۆرئاوایە، کوردستان کاڵەو نەگەییوە، ماویەتی بیروبۆچونی هاوچەرخ هەرس بکا، هۆزەکانو لەهجەو شێوەزارەکانو ڕێبازە ئیسلامییەکان کۆسپن لەبەردەم کورددا، هەرچەندە سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە بە تەمای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆن." [٢]

یان لەساڵی ١٩٢٠دا (موعتەمەدی سامی بەریتانی) بروسکەیەکی ناردووە بۆ وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، تیایدا نوسیویەتی: "ئەگەر حکومەتی خاوەنشکۆ (بەریتانیا) نیازی بەکارهێنانی کوردەکانی هەبێت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی بەلشەفییەکان، ئەوە سەرکردە کوردەکانی (قسطنطنیە) دەبێت ڕۆڵیان هەبێت، ئەوەش بزانن کە ناکۆکن."[٣]

وەنەبێت سەرکردەو سیاسەتمەدارانی کورد بێدەنگ بووبن لەو تێڕوانینە هەڵانە، یان هەوڵیان نەدابێت بۆگەیاندنی داواکارییەکانی نەتەوەی کورد، یان وەڵامی خێراو بەجێی ئەوانەیان نەدابێتەوە کە ویستوویانە ڕای

---

١ الكورد في الوثائق البريطانية، د.عثمان علي، ص:٣٥٥.

٢ المسألة الكردية، م. لازايف، ص: ٨٣– ٨٤.

٣ القضية الكوردية والمؤامرات الدولية، عمر عبد العزيز، تركيا، ١٩٩٣، ص: ٣٢.

گشتیی چەواشە بکەن‌و ڕاستییە مێژووییەکان بە لاڕێدا بەرن. من لێرەدا نمونەیەك لە هەوڵی (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان –تورکیا) دێنمەوە، تا بزانین چۆن بەرامبەر ئەو حاڵەتانە وەستاونەتەوە؟

کاتێك هێزەکانی (بەریتانیا) شاری (ئەستەمبوڵ)یان داگیر کرد، ژمارەیەك لە نوێنەرانی (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان) سەردانی کۆمسیاری ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسەیان کردو داوایان لێ کردن دان بە ڕەوایی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا بنێن. لەلای کونسوڵی ئەمریکی یاداشتێکیان پێشکەش کرد، کە نمونەی نەخشەی کوردستانیان تێیدا خستبووە ڕوو. داواشیان کردبوو کە پێویستە کوردستان دەروازەو دەرەتانێکی هەبێت بۆ سەر دەریا. بەپێی یاداشتەکانی (زنار سلوپی) لە وەڵامدا نوێنەری ئەمریکی وتویەتی: حکومەتی ئێمە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنییە کە بەشێکی زۆر لە کوردستان بگرێتە خۆی. بەڵام (بدیع الزمان)سەعید نورسی، یەکێك لەدامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان) وتویەتی:

"ئەگەر کوردستان لەسەر کەناری دەریا بوایە، ڕەنگە بتانتوانیبا لەڕێی بورجی پاپۆڕەکانتانەوە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن (واتە:بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی)، بەڵام تاوەرە بورجەکانتان ناتوانن سەرکەون بەسەر کێوەکانی کوردستاندا، بۆیە هیچتان بۆ ناکرێت!" [١] بۆیە ئەندامانی شاندە کوردییەکە پاشەکشێیان کرد لە کۆبونەوەکەو نوێنەرە ئەمریکییەکە کەوتە گۆمێك لە حەپەسان‌و سەرسوڕمان‌و تێڕامان.

---

١ مذكرات سلوبی، ص: ٦٣.

(سلوپی) دان بەوەشدا دەنێت کە نوێنەرایەتی کورد هەوڵی تری زۆریان دا لەگەڵ کۆمسارێتی ئینگلیزیش، بەڵام لە فێڵبازێکی پیلانگێڕ زیاتر هیچیان نەدی.[1]

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، سکرتێرەیەکی سەفارەتی بەریتانیا لە عیراق لە سەردەمی داگیرکردنەکەدا بەناوی (مس، بیل) لە بیرەوەرییەکانیدا ڕاشکاوانە دەڵێت: "هیچ کات لە نیەتو پلانی بەرپرسانی ئینگلیزدا نەبووە دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنن، هەرچی بووە مانۆڕ زیاتر هیچیتر نەبووە."[2]

بەوجۆرە کاتێك کە ئینگلیزەکان شکستیان دەخوارد لە دەستخستنی دۆستایەتی کوردان، جۆرەها تۆمەتیان هەڵدەبەست، جگە لە سوکایەتی پێکردنو بەنەزان لەقەڵەمدان، زۆرجار تۆمەتباریان دەکردن بە پاشکۆیەتی سۆڤیەت، لەکاتێکدا بەرەی کۆمۆنیزیش کوردیان بە گوێلەمشتی ئینگلیزو بەکرێگرتەی بەرەی دژە سۆڤیەت دەناساند.

سەیری قسەی ئەفسەرێکی ئینگلیز بکەن لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، کە چۆن پاساو بۆ شکستی هەوڵە دیبلۆماسییەکانی خۆی دێنێتەوە: (کۆلۆنێل ئێلفینستۆن) دەڵێت: "گومان لەوەدا نیە چ کوردی ئێران، چ کوردی عیراق، چ تورکیا، تا ڕادەیەکی زۆر، کەوتونەتە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی ڕوسیاو حیزبی شیوعی دژی بەریتانیا."[3] بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدا لە لێدوانو خوێندنەوەکانی بەرەی سۆڤیەتو کۆمۆنیستانیش بزانین.

---

١ بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل: ٦٣ .

٢ بڕوانە (تاريخ العراق الحديث )،مس، بيل، وەرگێڕانی (جعفر خياط )، کە بە درێژی پیلانەکانیان باس دەکات.

٣ کۆلۆنێلی ناوبراو ئەفسەرێکی ئینگلیز بووە، ساڵی ١٩١٩ پیاوی بەریتانیا بووە لە باکوری سوریە. (بڕوانە: کوردو کوردستان، د.کەمال مەزهەر، ٢١٤/١).

## ٢- بەشێك لە دیدو هەڵوێستی سۆڤیەتی جاران‌و کۆمۆنیستان بەرامبەر بە کورد

ئاشکرایە کە لەسەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستدا (بەلشەوییەکان) توانییان سنوری خۆیان جووت بکەن لەگەڵ سنوری تورکیاو ئێران، ئەویش بە لکاندنی بەشێك لە ئەرمەنستان‌و ئازربایجان بە یەکێتی سۆڤییەتەوە. وەك دەرەنجامی ئەو حاڵەتەش، سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٢١دا چەند پەیماننامەیەکی لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیاو ئێران مۆرکرد، کە لێرەوە دەرگای هەرجۆرە هاوکارییەك لەلایەن ئەو زلهێزەوە بۆ دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردیی داخراو بە شێوەیەکی کردەییش سۆڤیەت بووە لایەنێکی سەرەکیی لە لایەنەکانی دابەشکردنی کوردستانی گەورە، چونکە کاتێك بەشێکی زۆر لە وڵاتێکی گەورەی وەکو کوردستان لە نێوان ناوچەکانی سۆڤیەت‌و تورکیاو ئێراندایە، بەشێکی زۆری هۆزو تیرە کوردییەکانیش نیشتەجێی ئەو ناوچەو مەحاڵە فراوانەن، ئەوانیش بەسەر ئەو خاك‌و نەتەوە گەورەیەدا باز دەدەن‌و باسی سنوری نێوان خۆیان‌و تورکیا لە لایەك‌و ئێران لە لایەکی ترەوە دەکەن، ئیتر بەڵگە هەیە لەوە ڕوونتر لەسەر خیانەتی سۆڤیەت لە دابەشکردنی کوردستاندا.؟!

ئەمە ڕاستییەکی حاشا لێنەکراوەو هەموو ئەو ڕێکەوتن‌و پەیماننامەو نامەگۆڕینەوانەی لە نێوان سەرانی سۆڤیەتی هەڵوەشاوەو تورکیادا ئەنجامدراون‌و باس لە دیاریکردنی سنووری نێوانیان دەکەن، ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. بۆیە کار بەوەشەوە نەوەستاو سۆڤیەت بەهەموو شێوەیەك کەوتە پشتیوانیی ماددی‌و لۆجستیی‌و سەربازیی کەمالیستەکان‌و دژایەتی شۆڕش‌و ڕاپەڕینە کوردییەکان، بۆیە یەکێتی سۆڤیەتی جاران پەیماننامەی (سیڤەر)ی بەپیلانێکی ئیمپریالیستی دەزانی، کە ئومێدو تروسکاییەکی بۆ کورد دروست کردبوو، بەڵام پەیماننامەی (لۆزان)ی بە

ڕێکەوتن‌و دەسکەوتێکی باش دەزانی، کە بەپێچەوانەی (سیڤەر)ەوە هیوای کوردانی لەناو برد.[1]

ئەم گوێپێنەدان‌و نەخوێندنەوەیەی سۆڤیەت بۆ کورد، لە ساڵانی سییەکانی سەردەمی (ستالین)یشدا درێژەی هەبوو، هەموو شایەتحاڵەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، لە بیرەوەرییی‌و یاداشتەکانیاندا ئەو بابەتە دووپات دەکەنەوە، محەممەدی شاپەسەندیی–یەکێك لە سەرکردەکانی سەردەمی کۆمار– دەڵێت: "سۆڤیەت سەبارەت بە گەلی کورد هیچ بەرنامەیەکی نەبوو. سەرەڕای ئەمە، نیازیان وابوو کوردستانیش بخەنە سەر ئازەربایجان‌و پێشکەشی ئازەربایجانی قەفقاسی بکەن! بەڵێ، ئەمە بەرنامەی (باقرۆف)ی سەرکۆمارو سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بوو، سەبارەت بە کوردو کوردستان، کە بێگومان لەگەڵ ئامانج‌و داخوازییەکانی گەلەکەماندا نەدەهاتەوە، ئەمەش وەنەبێ شتێکی شاردراوە بێ."[2]

بەرپرسێکی (موخابەرات)ی سۆڤیەت بەناوی (جورج الحابیکون) کە وڵاتەکەی بەجێ هێشت‌و پەنای برد بۆ ئەوروپا، لایەنێك لە سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە هۆزەکانی نەتەوەی کورد، بەمجۆرە دەخاتە ڕوو: "هۆزە کوردییەکان لەسەرزەوییەکدا نیشتەجێن لەعێراقەوە تا (قەفقاس) درێژ دەبێتەوە، لە ئەگەری ناکۆکیی نێوان بەریتانیاو سۆڤیەتدا، هەڵوێستی ئەو هۆزانە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ هەردوو لایەنی ناکۆك. بۆیە ئێمە بیرمان لە پێکهێنانی کۆمارێکی کوردی کردەوە، لەسەرزەوی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام کۆمیسیاری کاروباری دەرەوە (وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت) دژی پرۆژەکە

---

١ بڕوانە: (دور السوفییت فی حروب العالم، بروس بورتر، وەرگێڕانی: فاتح تیجانی، لەندەن، ١٩٨٥، لا: ٢٣).

٢ بیرەوەرییەکانی محەممەد شاپەسەندی، ئا: صدیق صالح، بنکەی ژین، لا: ٢٣.

وەستایەوە، لە ترسی نەوروژاندنی حەساسیەتی تورکیاو ئێران، لەجێی ئەوە ئەم پلانەی خوارەوە بڕیاری لەسەر درا:

١–لەهەنگاوی یەکەمدا بەوردی توێژینەوە لەسەر پیاوانی هۆزە کوردەکان بکرێت.

٢– پاشان هەوڵ بدرێت سەرۆکەکانیان بەرەو خۆمان ڕابکێشبین.

٣– دواجار تۆڕێکی سیخوڕی مەیدانیی لەناویاندا دابمەزرێنین.

٤– لەدوا قۆناغیشدا دەتوانین بەڕێکەوتنێکی نهێنیی قەناعەت بەکوردەکان بهێنین کە لە کاتی پێویستدا یارمەتیمان بدەن دژی دوژمنەکانمان." [١]

وا بزانم قسەو پیلانی وا هیچ کۆمێنتو پەراوێز لێکردنەوەیەکی ئەوتۆی نەوێتو هێندە تێدەگەین کە تا چەندە سەرانی سۆڤیەتیش لەگەڵ گەلی کورد ناڕاستو ناپاکو بەرژەوەندخوازبوونو چەقی بیرکردنەوەکانیان تەنها باسی خۆیانو بەڕێکردنی کاروباری خۆیانو دروستکردنی سیخوڕو کڕینی ویژدانو مسۆگەرکردنی هۆگریی نەتەوەکان بووەو هیچی تر.

تا ئێرەی ڕەنگە ئاسایی بێت، ئەوەی نائاسییە ئەوەیە بۆچی ژمارەیەك لەڕۆشنیرانی لەمەڕ خۆمان بە درێژایی نیوسەدە بەم هەڵوێستانەیان نەدەزانی؟ یان ئەگەر دەیانزانی بۆچی گوێیان لێدەخەواندو بێدەنگ دەبوونو بەرژەوەندیی نەتەوەی کوردو دۆزی ڕەوای کوردستانیان کردبووە قوربانیی ئایدیۆلۆژیاو حزبایەتیی، مەبەستم ئەو کاتانەیە کەکرابووە نوکتەو دەیانگووت: لە مۆسکۆ باران دەبارێو هەندێك کەس لێرە چەتر هەڵ ئەدەن.؟!

بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لەو ڕاستییە، سەیری بەڵگەنامەیەکی تری پارێزراوی ئەرشیفی سۆڤیەت بکەن کە لەسەری نوسراوە: نهێنییەو

---

١ السياسة السوفيتية تجاه القضية الكردية في الميزان، خالد خالد، ١٩٩٠، ص: ٢٩.

کۆپیکردنی قەدەغەیە: (مۆلۆتۆف)[1] وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی سۆڤیەت لە ٣١ ی ئابی ١٩٤٢ دا نامەیەکی بۆ باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئێران نوسیوە، تیایدا دەڵێت: "خەباتی کوردانی ئێران بۆ ئۆتۆنۆمیو سەربەخۆیی– بەپێی ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکەی– کۆنەپەرستانەیەو پارێزگاریی فیوداڵە سەرخێڵەکانی کوردە جیاییخوازەکانە، کە دژی سیاسەتی سەنترالیزەکردن (بەهێزکردنی ناوەند)ن (!!) ... کوردەکان یەکگرتنی نەتەوایەتییان نیە، چەك یا ئامرازێکی (دەستی) سیاسەتی ئینگلیزو تورکیا بوون... خەباتیان بەهاندانی هێندێ تاقمی ئینگلیزیی یا تورکی بووە، بۆ باجوەرگرتنو پاشەکشێ پێکردنی سیاسیو ئابوریی لە ئێران... سەرکردەکانی کورد سەرپاکیان نۆکەرو نزیکی دەوڵەتانی جیاجیای ئیمپریالیستین، کەمنێن ئەوانەشیان کەنۆکەری دەوڵەتانی فاشیستن." (!!)[2]

لە بەشێکی تری ئەو نامەیەدا، ناوبراو دننەی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت دەدات کە واز لە متمانەکردن بە کورد بهێننو هانیان دەدات کە توندوتیژیی دژیان بنوێننو ببنە پشتیوانی ئازەرەکان، کە دۆستی کۆمۆنیستان بوون، دەڵێت:

---

١ مۆلۆتۆف ڤیچیسلاڤ (١٨٩٠–١٩٨٦) یەکێکە لەسەرکردەکانی سۆڤیەتو بەرپرسانی کوشتوبڕو دورخستنەوەی دەیانهەزار کەس لە کوردانو ڕۆشنبیرو ئازادیخوازانی نەتەوەکانی تر. جگە لەوە کە بۆ ماوەیەك وەزیری دەرەوە بووە، چەندین پۆستی تریشی هەبووە، وەك: باڵیۆزیو سەرۆکایەتی دەستەی باڵای کۆمیسیاران، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بووە. (مۆلۆتۆف) بەپێی دەیان توێژینەوەی پاش هەرەسهێنانی سۆڤیەت، بە یەکێك لە تاوانبارترین کەسایەتییەکان دەژمێردرێت. (بڕوانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی بەڵگەنامەکانی سۆڤیەت. د.ئەفراسیاو هەورامی، لا: ٥٩).

٢ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی دووەم جەنگی جیهانیدا، بەپێی بەڵگەنامەکانی سۆڤیەت. د. ئەفراسیاو هەورامی. سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠٠٦، لا: ٥٦– ٥٧.

"دەبێت نوێنەرانی ئێمە دەستبەرداری باوەڕهێنانی کوێرانە بەکوردەکانو سەرکردەکانیان ببنو لێیان بتەکنەوە... دەبێت فەرمانبەرانی ئێمە واز لە ڕێبازی ناڕاستی نەرمو نیانیی بەرامبەر کوردەکان بهێننو ڕێی پتەوکردنو پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکەدا بگرنە بەر (مەبەستی ئازەرییەکانە).."

لە کۆتایی نامەکەشدا ئەو تاوانبارەی جەنگ دەڵێت: "پێویستە ئەو ڕێبازی پشتیوانییو هاوکاریکردنەی کوردەکان بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمیو سەربەخۆیی کوردستان، وازی لێ بهێنرێو دانی پێدا نەنرێ، لەبەر ئەوەی ئەم داخوازییە لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی ئێراندا بێبناغەو کۆنەپەرستانەیە"[1]

ناوبراو لە ڕاپۆرتێکیدا نوسیویەتی: "نابێ بڕوا بە سەرۆکە کۆنەپەرستو خۆفرۆشەکانی کورد بکرێ. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە پشتیوانی کردنو یارمەتیدانی کوردەکان بۆ وەدیهێنانی خودموختارییو دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد دروست نیە. چونکە لە هەلو مەرجی ئێستای ئێراندا ئەوە داوایەکی بێ بناغەو دواکەوتوانەیە"[2]

هەر دەربارەی بۆچونی سەرانی سۆڤیەت لە سەر کورد، لە ساڵی ١٩٤٦دا – لە کاتی کۆماری کوردستاندا– کونسوڵی سۆڤیەت لە(ماکۆ) ڕاپۆرتیکی زۆر چەواشەکارانەی نوسیوە، وەك دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی لە (بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتدا) ئاماژەی پێ دەکات، ئەو کابرا "سۆڤیەتیو ڕەگەزپەرستە، تا پێی کرابێ درێغی نەکردووە لە بەدناوکردنی کورد... دەیەوێ نیشان بدات کوردەکان جگە لە ئاژاوەنانەوەو دزیو وێرانکارییو

---

١ سەرچاوەی پێشوو لا: ٥٨.

٢ مەدەنی. س.پ، لا: ٢٣٢، لە لا: ٣٦٨ سەردەشتی.

زوڵم‌و زۆر له ئازەربایجانییه‌کان، هیچ کارێکی تریان پێ ناکرێ‌و شیاوی هیچ شتێك نین. !"[١]

ئه‌م چاوساغه‌ی یه‌کیه‌تی سۆڤیه‌ت له‌وکاته‌دا که ئه‌وه‌ی گوتووه، ئه‌وه‌شی زانیوه که له کاتی هاتنی سوپای سووردا بۆ خۆرهه‌ڵاتی ئێران‌و ئازربایجان، به‌بێ خواست‌و حه‌زی کورد، زۆرێك له شاره کوردستانییه‌کان –وه‌ك: ماکۆ، سه‌ڵماس، خوی، ورمێ–ی خسته سه‌ر ئازربایجان‌و کۆماره‌که‌ی سه‌ر به‌خۆیان. واته زانیویه‌تی ئه‌وه کورده که سته‌می لێ کراوه‌و ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر شاره کوردنشینه‌کاندا لێ زه‌وت کراوه، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش به‌وچاوه سه‌یری ئه‌و میلله‌ته سته‌ملێکراوه‌یان کردووه. به مه‌رجێك ئه‌و کونسوڵه شاره‌زا بووه له وه‌زعه‌که‌و ئه‌و ڕاپۆرته‌ی پاش دامه‌زرانی کۆماری کوردستان به پێشه‌وایه‌تی قازی محه‌ممه‌د، به ماوه‌ی نزیکه‌ی ١٠ مانگ نوسیوه‌و ئاشنا بووه به هه‌وڵ‌و هه‌نگاوه چاکسازییه‌کانی قازی‌و سه‌رانی کۆمار له موکریان‌و ناوچه‌که به‌گشتی، به‌تایبه‌تی له‌دامه‌زراندنی په‌یوه‌ندیی دۆستانه له‌گه‌ڵ ئازه‌رییه‌کان به گشتی‌و کۆماری ئازربایجان به تایبه‌تی.

که ئه‌م ڕاستییه ده‌ڵێین، ده‌بێت ئه‌وه‌ش بزانین که سه‌ره‌ڕای ژێرڕکێفخستنی ئه‌و هه‌موو شاره کوردییانه، حکومه‌ته ئازه‌رییه‌که‌ی سه‌ر به سۆڤیه‌ت حازر نه‌بوون هیچ کوردێك– به‌لای که‌م له دانیشتوانی ئه‌و ناوچان– له دام‌و ده‌زگاکاندا دابمه‌زرێنن. بۆیه د. ئه‌فراسیاو هه‌ورامی– که بۆ خۆی ته‌مه‌نێکی له وڵاتی سۆڤیه‌ت برده سه‌رو یه‌که‌م که‌س بوو که

---

١ ڕوداوه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان له‌به‌ڵگه‌نامه‌ی سۆڤیه‌تیدا، د. ئه‌فراسیاو هه‌ورامی، لا: ١٤٣. د.ئه‌فراسیاو له بابه‌تی وه‌رگێڕانی به‌ڵگه‌نامه‌کانی ئه‌رشیفی سۆڤیه‌تیشدا، سیاسه‌تی سۆڤیه‌ت به‌رامبه‌ر به‌کوردوکوردستان به‌سیاسه‌تێکی "درۆزنانه‌و دووڕوویانه‌و قێزه‌ون"ناوزه‌د ده‌کا.(ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌پێی به‌ڵگه‌نامه‌کانی سۆڤیه‌ت، لا:٦٤)∞

بەشێکی زۆری بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی سۆڤیەتی تایبەت بە کوردو کوردستانی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی–ڕاستی گوتووە کە دەڵێت:

"ئەمە سیاسەتی زلهێزێك بوو کە کورد زیاتر لە ٧٥ ساڵ هیوای پێ بوو، هێزە سیاسییەکانی (کورد) بەدرێژایی تەمەنی سۆڤیەت تەپڵو زوڕنایان بۆ لێ دەدا. هاوکات تاوانی ئەو ڕژێمە بەرامبەر بەسمکۆی (شکاك)و درۆکردنی لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفیدو هاوکاریی لەگەڵ کەمالییەکاندا بۆ لێدانی شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیرانو ئاگری داغو دەرسیمو بەزۆرگواستنەوەو کۆچپێکردنی بەکۆمەڵی کوردانی سۆڤیەتو هەرەسپێهێنانی کۆماری کوردستان لەمەهابادو..هتد، لەلێکدانەوەو خوێندنەوەو بیروبۆچونی هیچ هێزێکی سیاسی کورددا ڕەخنەیان لێ نەگیراو ڕیسوا نەکران، بەڵکو تا لە گۆڕنانی ئۆردوگای بەناو سۆشیالیزمیش، سۆڤیەت لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوام بوون."[1]

لەجێیەکی تردا دەڵێت: "سۆڤیەت هیچ بەرنامەیەکی بۆ کێشەی کورد نەبووەو یارمەتی کوردیشی نەداوە، بەڵکو بۆ لێدانی کورد یارمەتی دوژمنانی داوە، پشتیوانیکردنی سۆڤیەت لە ئەتاتورکو هەڵوەشاندنەوەی کۆماری کوردستانی سوور لە ناوچەی لاچینی سۆڤیەت، (١٩٢٣–١٩٢٩)، هەروەها وەڵامنەدانەوەی نامەکانی شێخ مەحمود..بەڵگەی ئەو قسانەن."[2]

محەممەدی شاپەسەندی یەکێك لە سەرکردە چالاکەکانی کۆمار، لە بیرەوەرییەکانیدا ئەوە دوپات دەکاتەوە کە سۆڤیەتو سوپای سوورو ئەڵقە لەگوێ ئێرانییەکانی بوون نەیانهێشت ناوچە کوردستانییەکانی ورمێو سنەو سەقزو بانەو سەردەشت، بخرێنە سەر کۆماری کوردستان.[3]

---

١ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی بەڵگەنامەکانی سۆڤیەت، لا: ٦٥.

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ١٠٤.

٣ بڕوانە: بیرەوەرییەکانی شاپەسەندی، لا: ٤٣–٤٤.

ڕەنگە ئەم ڕاستییانە وای کردبێت لە ڕۆشنبیرێکی دڵسۆزی وەك مامۆستا شاکر فەتاح، کە لە سەرەتای حەفتاکاندا– لە وەڵامی هەندێك نوسەردا کە وایان دەزانی شەماڵی ئازادیی لە مۆسکۆوە هەڵی کردووە، هەندێکی تریش بە تەمای مەرحەمەتی ئینگلیز بوون– بڵێت: "ئێمە کەوتووینەتە ئەو باوەڕەوە کە هەموو فەرمانڕەواییەك بۆ کەڵکی خۆی هەوڵ دەدات، کە زۆربەی ناپوختەیە. لەبەر ئەوە نە پشت بە بەرەی سەرمایەداریی ئەبەستین، نە بەبەرەی سۆشیالیستیی، چونکە ئەوانە هیچ لایەکیان بۆ (خوا) کار ناکەن، بۆ (خورما) کار ئەکەن. ئێمەیش ئەگەر خۆمان یەکبین، ڕێگای خواناسیی بگرینە بەر، هیچ هێزێك دەرەقەتمان نایەت."[١]

پاشان مامۆستا شاکر فەتاح وەك ڕوناکبیرێك بەرچاوڕوونی دەدات بە نەوەکانی کوردو دەڵێت: "ئەگەر (کوردایەتی)یەکەمان بگاتە پلەی (مرۆڤایەتی)و (جیهانپەروەریی) یش بکەین، ئاینی پاکی ئیسلام لەگەڵ ڕەوشتەنەژادەکەی کوردایەتییەکەماندا بەسن، بۆ ئەمەی ڕێگامان پیشان بدەنو هەموو گیرو گرفتێکی خۆمانیان پێ چارە بکەین." لەکۆتاییدا ئاماژە دەکات کە: "شیوعییەت دژی چوار شتی پیرۆزمان وەستاوە: ئاینو خێزانو گەلپەروەریی و نیشتمانپەروەریی.."[٢]

جا بۆ ئەوەی کەس گومان نەبات ئەو ستراتیژەی زلهێزان گۆڕاوە، شتێك لەسەر ئەم سەردەمەش دەڵێم: من سەرەتا بەڵگەیەك لەسەر زمانی خۆیان دەخەمە ڕوو، ئەویش دانپێدانانی باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکایە لە کرواتیا (پیتە– گالبرێت) کە لە وتارێکیدا لە مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠٢دا نوسیویەتی، دەڵێت: "ئیدارەی سەرۆك (ڕێگان) ساڵی حەوتصەد ملیۆن

١ سەرجەمی بەرهەمەکانی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەی ئەحمەد بەرزنجی، ٢٦٤/٣.

٢ هەمان سەرچاوە، ٢٦٥/١.

دۆلاری دەدا بە عیراق وەکو گەرەنتییەك، لەبەر ئەوەی (صدام)ی بە شەریکێکی ئاسایشی خۆی دەزانی لە ناوچەی کەنداودا، هەروەها بازاڕێکی لەبار بوو بۆ بەرهەمەکانی ئەمریکا، ئیدارەی ئەمریکا شکستی هێنا بە یاسای ڕێگرتن لە (جینۆساید).."

هەروەها نهێنییەکی گرنگ دەخاتە ڕووو دەڵێت: "کورد ئەوەی لەبیر نەچووەتەوە کە (کۆڵن پاول) ئەوکاتە (ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی) بوو هەر نەخشەی بڕیارەکەی (ڕونالد ڕیگان)ی داڕشت لە ڕێگەپێدانی (صدام) بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد. !

لە بەشێکی تری وتارەکەیدا نیازپیسییەکی (کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی (نیکسۆن)و (جیراڵد فۆرد)و ڕاوێژکاری بەردەوامی ئیدارەکان، دەخاتە ڕوو و بە غەددارو سپڵە بەرامبەر کورد ناوی دەباو دەڵێت: "لە سەرەتای ١٩٧٠دا شای ئێران کوردی هاندا بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکانی ئۆتۆنۆمی بکشێنەوەو درێژە بەخەباتی چەکداریی بدەن، کە لەساڵی ١٩٦١وە دەستیان پێ کردبوو.

لەسەر داوای شای ئێران (کیسنجەر) ڕازی بوو کە پرۆگرامێکی دەزگای نهێنی موخابەراتی ئەمریکا C.I.A بەڕێوەبەرێت بۆ یارمەتیدانی گەریلاکانی کورد (مەبەستی پێشمەرگەیە)، هەرچەندە کورد متمانەی بە شای ئێران نەدەکرد، ئەگەر ئەو پشتیوانییەی ئەمریکا نەبوایە، بۆیە لە ١٩٧٤ دەستیان بە شۆڕش کردەوە، بەڵام پاش ساڵێك (صدام) لەگەڵ شای ئێران ڕێککەوتو پشتگیریی ئێران و ئەمریکای بۆ دەستەبەر بووو شۆڕشی کورد هەرەسی هێنا. کاتێك هەندێك لە کوردان ڕوویان کردە ئەمریکاو دۆزی کوردیان وروژاندو ویستیان هۆی ئەو نەهامەتییە بزانن، (کیسنجەر) لە وەڵامدا وتی: "نابێت کاری نهێنی لەگەڵ کاری ڕەسمیدا تێکەڵ بکرێت."بەڵێ، پیرە

سیاسەتمەداری ئەمریکا بەم ڕاشکاوییو ڕوونییە هەڵوێستی دووفاقەیی وڵاتەکەی ڕاگەیاند.

بەهەرحاڵ، نوسەری ئەمریکی لە درێژەی وتارەکەدا دەڵێت: "شازدە ساڵ پاش ئەوە، (واتە پاش ١٩٧٥) لە ١٥/شوباتی/١٩٩١ (جورج بۆش)ی سەرۆکی ئەمریکا خەڵکی عیراقو سوپاکەی هاندا بۆ ئەوەی (صدام) لەسەر دەسەلآت لابەرن، کورد پێیان وابوو سەرۆك بۆش خاوەنی قسەی خۆی دەبێت... دوابەدوای ڕاپەڕین سەردانی کوردستانم کرد، جەلال تاڵەبانیم بینی، بەردەوام پرسیاری لێدەکردم، لەسەر ئەگەری هاتنەناوەوەی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئەو ڕاپەڕینە؟ لە گفتوگۆیەکدا کە هاوکات بوو لەگەڵ بارانی بۆمبەکانی عیراق بۆ سەرئەوشارە، نەمتوانی هیچ هیوایەکی پیّ ببەخشم."[1]

بەهەرحاڵ، بەپێی مامەڵەو ڕووداوەکانی دەیانساڵی ڕابردووی ئەو زلهێزانە، دەردەکەوێت کە ئەو بۆچوونانەی سەرەوە سەبارەت بە هەڵوێستی ئەم زلهێزانە، نەگۆڕو بەردەوامە، بۆیە لێرەدا بۆ مێژوو پێویستە ئەمە بنووسم: ئەمڕۆ کە بەڕەشنووسی ئەم بابەتەی خۆمدا دەچمەوە، ڕۆژی ٢٠١٥/٧/٤ یە، ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە هەندێك لە وڵاتانی عەرەبیی کەنداو بەڵێنیان داوە کە ڕاستەوخۆ چەکو تەقەمەنی بەهێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بدەن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاقمی تیرۆریستی (داعش)– کە لەم کاتەدا لە ناوچە کوردستانییەکانی سەر سنورەکانی سوریەو تورکیاو عیراق لە جەنگدان– بەڵام ئەمریکا ڕێگریی کردووەو وتویەتی: "ناکرێت ڕاستەوخۆ چەك بە پێشمەرگەو هەرێمی کوردستان بدرێت، دەبێت لەڕێی

---

١ دەقی وتارەکە لە ژمارە ٢٩٤٤ی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٢ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نویّ)دا بڵاوکراوەتەوە ، کە بەرزان وەهاب کردویەتی بە کوردی.

حکومەتی عێراقەوە ئەوکارە بکرێت"[1]، بۆیە ئەمریکای (دۆست) ئەو هەلەشی لە دەستی کورد سەندەوە.!

لە سەرێکی ترەوە ئەم ڕاستییانە لەسەر هەڵوێستی زلهێزان بەرامبەر بە کورد، تا ئەم ساتەوەختەی ئەم بابەتە ئەنوسین، بەردەوامە. ئێستە کە ئەم بابەتە دەنووسم ساڵی (٢٠١٥)یەو ٢٥ ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی کوردو دژی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا لە باشوری کوردستان تێدەپەڕێو ١٣ ساڵە ئەو ڕژێمە تیاچووە، بەڵام زلهێزان هیچیان بۆ کورد نەکرد، هەرچەند بە هاوکاریی کورد نەبوایە هەرگیز ئەمریکاو ئینگلیزو هاوپەیمانانیان نەیاندەتوانی لە (٢٠٠٣ز)دا بڕژێنە خاکی عێراقەوە. ئەو زلهێزانە بەردەوام لەبیری پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیاندانو تەنها ئەو خاڵە چەقی ڕەنگرێژکردنو بەرزو نزمبونی ئەگەرو نەگەری هاوکارییو پشتهەڵکردنیانە لەگەلانی ناوچەکە.

تەنانەت ئێستە کە بەم بابەتەدا دەچمەوە (حوزەیرانی ٢٠٢٠ز) (١٠٥) ساڵ بەسەر ڕێکەوتننامەی (سایکس بیکۆ)دا تێپەڕیوە، کە دەبوایە بەو بۆنەیەوە مژدەی ئێکسپایەربوونی ئەو بڕیارە شوومە بدرایە، کە بە بێ ڕەزامەندیی کورد، کوردستانی تێدا دابەش کرا بەسەر چوار وڵاتی تازە دامەزراودا، بەڵام مخابن! لەبەر پشتهەڵکردنی زلهێزان لە دۆزی کورد، بەڕێز مەسعود بەرزانی ـ کە لەو کاتەدا ماوەی سەرۆکایەتیی بە پێی یاسای پەرلەمانی هەرێم بەسەرچوو بوو ـ ناچار دەکرێت بەپێچەوانەی ئەوەی ساڵانێك لەوەوپێش لەبۆنەکاندا باسی دەکردو دڵی کوردستانییانی پێخۆش دەکرد، ڕابگەیەنێت کە: "ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردیی لەئێستادا ئەستەمە".[2]

---

١ زۆربەی هەواڵە ناوخۆییو جیهانییەکان ڕۆژانی٣و٤ی تەموزی٢٠١٥ هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە.

٢ دەقاودەق ئەمە لێدوانی بەڕێزی بوو بۆ کەناڵی (روسیا الیوم)ی ڕوسی، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٦، کە لە زۆرێك لە کەناڵە ناوخۆییو جیهانییەکانیشەوە بڵاوکرایەوە.

# بەشی سێزدەهەم

## کورتە باسێك لەسەر ڕێکخراوی (ژێ. کاف)و حزبی دیمکراتو پێشەوا قازی محەممەدو کۆمار

# تەوەرەکانی ئەم بەشە:

- ڕێکخراوی (ژێ.کاف)و دیرۆکی ڕێکخراوە کوردییەکان.....←
- (ژ.ك)و فۆڕمی نوێی خەبات...............................←
- (ژ.ك) لە شاری سلێمانی دامەزرا یان مەهاباد؟...........←
- دووریی (ژ.ك) لە کاریگەریی تودەو سۆڤیەت‌و بیری چەپ.←
- بەکارهێنانی شێوازو دەستەواژە ئیسلامییەکان...........←
- لە(ژ.ك)ەوە بۆ (حزبی دیموکرات)، ناوگۆڕین یان کودەتا؟.←

### ١- ڕێکخراوی ژێ. کاف و دیرۆکی ڕێکخراوە کوردییەکان:

سەبارەت بە (ژێ.کاف) -خوا یار بێت - بابەتێکی تایبەتم بە دەستەوەیە، لێرەدا ئەم بەشەی بۆ ئێرە دەگوێزمەوە، کە پێویستو گونجاوە:

ناوی ڕێکخراوی (ژ.ک)[١] نامۆ نیە بە ناوەندە خوێندەوارەکان، ئەو ڕێخراوە سیاسییەی کە لە ئابی ساڵی ١٩٤٢دا ناوەکەی ڕاگەیەنرا، هەرچەند سەرکردەکانی، پێشتر لە ڕێکخراوی (حزبی ئازادیخوازی کوردستان)دا- کە ساڵی ١٩٣٩ دامەزرابوو- کاریان دەکرد.

لەسەر ناوی ئەم ڕێکخراوە، ڕای جیاواز هەیە، چونکە لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا کورتکراوەی ناوەکە بە دوو پیتی (ژ. ک) دەنوسرا، تەنانەت هاوچەرخەکانی ڕێکخراوەکەش یەکقسە نین، هەندێك پێیان وایە: کورتکراوەی (ژیانەوەی کورد) بووە، هەندێك دەڵێن: (ژیاندنەوەی کورد)، هەندێك دەڵێن: (ژیانەوەی کوردستان) ڕاسترە.

شوێنی لەدایکبوونی ئەم دوو ڕێکخراوە -(ئازادیی)و (ژێ.کاف)- ناوچەی موکریان -بەتایبەتی شاری مەهاباد- بوو، کە مەڵبەندی زانستو ئاینپەروەرییو خەمخۆریی نەتەوەو نیشتمان بوو، بەحوکمی کاریگەریی بنەماڵەی قازییەکانو هەندێك مەلای ڕووناکبیرو چەندین قوتابخانەو حوجرەو مزگەوتی سووری مەهابادو ئەو هۆشیارییە ئاینییو نەتەوەییەی، کە لەناو توێژی خوێندەوارانی ئەو شارەو دەوروبەریدا هەبوو.

ڕێکخراوی (ژێ. کاف) قسەی زۆری لەسەر کراوە، زۆر هەوڵی شێواندنی مێژووی سەرهەڵدانیو بیری ڕابەرانی دراوە، تاوێك بە ئیسلامیی کۆنەپەرست،

---

[١] بڕوانە: نیشتمان، عەلی کەریمی، لا: ٥، هەروەها: ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان، د. هیمدادی حسین، لا: ٢٤ و جمهوریەتی کوردستان، مەحمودی مەلا عیززەت، لا: ٨٤.

تاوێك بە كوانووی وردە بورژوا، تاوێكی دی بە كۆمۆنیستو گوێ لەمشتی سۆڤیەت ناسێنراون.

سەبارەت بە (ژێ. كاف)و دواتر گۆڕانی بە(حزبی دیموكراتی كوردستان)، هەروەها سەبارەت بە شەهید پێشەوا قازی محەممەد -وەك كەسایەتییەكی كاریگەر لەسەر ئەم ڕێكخراوەو دواتر لە حزبی دیموكراتو كۆماری كوردستانیشدا، بگرە لەسەر زۆرێك لە كەسایەتیو وەزیرو فەرماندەكانی كۆماریش- هەندێك ڕاستیی شاردراونەتەوەو زۆربەی ئەو نووسەرانەی كە پاشخانێكی سیكۆلارییان هەیە، یان چەپڕەوو هەڵوێستی پێشوەختیان لە ڕەهەندی ئاینی ڕێكخراوی (ژێ. كاف)و قازی محەممەدو كۆماری جوانەمەرگی كوردستان هەیە، نەك هەرخۆیان لاداوە لە بەشێك لەو بەشانەی مێژوو، بەڵكو هەندێكیان هەوڵیانداوە ڕاستییەكانیش ئاوەژوو بكەنەوە.

بە خوێندنەوەی دیرۆكی دامەزراندنی جوڵانەوەو ڕێكخراوە سیاسییەكان، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێت كە هەر ڕێكخراوو جموجوڵێك -بەپێی پانتاییو قەبارەو ڕێژەی خۆی- كاریگەریی لەسەر ڕێكخراوی پاش خۆی هەبووە، بۆیە دەتوانین بڵێین: هیچ جوڵانەوەیەكی كوردیی- چ ڕێكخراوە سیاسییەكان، چ شۆڕشەكان- لە خاڵی سفرەوە دەستیان پێنەكردووە، بەڵكو هەموو درێژكراوەی یەكترن، هەركامیان كە زووترو پێشتر بووە، ئیلهامبەخش بووە بۆ ئەوەی دوای خۆی، بگرە ئەوانەی دوای خۆی.

با سەیرێكی خێرای ئەم مێژووانەو ئەم چەند ڕێكخراوە لۆكاڵییە لێكچووانە بكەین، كە پێشتر ئاماژەمان بە هەندێكیان كرد:

- ساڵی ١٩٠٨ شێخ عبد القادرو ئەمین بەدرخان لە ئەستەمبوڵ كۆمەڵەی (تەعاوونو تەرەققی كورد)یان دامەزراند، كە مامۆستا سەعید نورسیو پیرەمێردی شاعیریش تێیدا بەشداربوون.

ـ ساڵی ١٩١١دا کۆمەڵەی (هێڤی) لە تورکیا لەلایەن قەدری جەمیل پاشاوە دامەزرا.

ـ ساڵی ١٩١٣دا یەکەم ڕێکخراوی ڕۆژهەلاّتی کوردستانی، بەناوی (کۆمەڵەی جهاندانیی) دامەزرا.

ـ ١٩١٩دا یەکەم ڕێکخراوی ژنان بەناوی (کۆمەڵەی تەعالی ژنان) لە ئەستەمبوڵ، دامەزرا.

ـ ساڵی ١٩١٨ دوای جەنگی شوومی یەکەمی جیهانیی (کۆمەڵەی سەربەخۆی کورد) لە قاهیرە دامەزراوە.

ـ لە ساڵی ١٩٢٠ قازی عەلی، باوکی پێشەوا قازی محەممەدو سیف القضاة، مامی قازی، ڕێکخراوێکیان بەناوی (بزوتنەوەی محەممەدی) دامەزراند کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی– میللی بوو.

ـ لە شاری سلێمانی، لە ١٩٢٢دا ڕێکخراوێك بەناوی (کۆمەڵەی کوردستان) بە سەرۆکایەتی مستەفا عزیز یامولکی ڕاگەیەنرا.

ـ لە ١٩٢٢ سمکۆی شکاك مەملەکەتی کوردستانی لە پارێزگای ورمێ ڕاگەیاند.

ـ لە١٩٢٧ کۆمەڵەی (خۆیی بوون) لە وردستانی ڕۆژ ئاوا (حەسەکە) دامەزرا.

ـ لە ١٩٣٤ (حزبی ئیسلامیی کورد)و دواتر بووە (برایەتی)، لە کوردستانی عێراق دامەزرا.

ـ ساڵی ١٩٣٧ (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) دامەزرا، دواتر لەسەر داروپەردووی ئەو حزبە، (ژێ. کاف) ڕاگەیەنرا.

بەمجۆرە زنجیرەی هەوڵە چاکسازییەکان بۆ واقعی سیاسی کورد، لەگەڵ خەباتی ڕوناکبیرانی کورد بە مەرجەعیەتی ئیسلامیی، پێکەوە گرێدراوەو ناتوانین ساڵێکی دیاریکراو بڕیار بدەین بۆ لەدایکبونی بیرو ئایدیای هیچ کام لە بزوتنەوە سیاسییەکان، یان شۆڕشەکان. ڕاستە

هەرکامیان بگری ڕۆژو بۆنەیەکی مێژوویی بۆ خۆی هەیە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە سەرەتاکانی گەڵاڵەبوونی بیرۆکەکانو چڕبونەوەی هەوڵەکان، پێویستە ئەو گەردنبەندەی ئاڵاوە بە گەردنی خەباتی نەتەوەی کوردەوە، هەر لە سەرەتاوە تا ئەوکاتەی قسە لەسەر بابەتێك دەکرێت، بخرێتە ڕوو، تا پێشینەکان بناسرێنو زەمینەکەش دەرکەوێتو فاکتەرەکان ڕوون ببنەوە، لێرەشەوە ئەو دەستو دەمە نەیارو ناحەزانە، کۆتا بکرێنو کپ بکرێنەوە، کە دەیانەوێت مێژووی ئەم میللەتە کۆڵنەدەرە بشێوێنن.

من پێم وایە ئەگەر بەو میتۆدە مێژووییە قسە لە دامەزراندنی ڕێکخراوە سیاسییەکان بکەین، چاکتر لە باکگراونو هۆکارەکان تێدەگەینو گومانی ئەو ناحەزانەش پووچەڵ دەکەینەوە، کە تاوێك ئەو بزوتنەوانە بە دروستکراوی نازییەکانی ئەڵمانیاو تاوێکی تر بە پیاوانی سۆڤیەتو کۆمۆنیزمو جارێکیتر بە دەسندەی ئینگلیز، لەقەڵەم دەدەن، وەك پێشتریش تۆمەتی کرێگرتەیی بۆ عوسمانییەکان، یان صەفەویو فارسو ڕەزاشاییەکان، لە بەشێك لە سەرکردەو ڕابەران دەدرا، وەك ئەوەی لە کۆندا بۆ مەلای خەتێو مەلا ئیدریسی بتلیسیو لە هاوچەرخیشدا بۆ حوزنی موکریانیو ڕەفیق حیلمیو تەنانەت زەبیحیو کەسانی تر هەڵدەبەسترا.

## ٢- (ژێ. کاف)و فۆڕمی نوێی خەبات:

لێرەوە دێینەوە بۆ باسی دامەزراندنی ڕێکخراوی (ژێ. کاف)و دەڵێم: (ژێ.کاف) بەدڵنیایی درێژەپێدەری ئەو هەستە ئاینییو نیشتمانییو نەتەوەییە پێکداشێلراوە بوو، کە دەیانساڵ بەر لەو مێژووەی خۆیان (١٩٤٢)، لە چەندین ڕێگاو ڕوانگەی جۆراوجۆری ترەوە گوزارشتی لێدەکرا، بەڵام بەهۆی ڕوداوو کاردانەوەکانی شەڕی جیهانیی یەکەمو گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێرانو دەوروبەرو پەلامارەکانی ئینگلیزو سۆڤیەت بۆ ناوخۆی ئێران، ئەو هەستە لە قاڵبی شێوازێکی زیاتر سەردەمیانەدا فۆرمەلە بوو، کە ڕێکخراوێکی هەرەمییو جومگەیی بوو.

بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی بۆ جوڵانەوەو ڕێکخراوە کوردییەکان کردمان، پێدەچێت (ژێ.کاف) میراتگری دواڕێکخراوی سیاسی ئەوقۆناغە بووبێت کە (حزبی ئازادیخوازی کوردستان)ە، ئەو حزبەی کە ساڵی ١٩٣٧ دامەزراو تا کۆتایی ١٩٤١ تەمەنی کرد. گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) لە ساڵی ١٩٦١دا نوسیویەتی: "کە لە شکری ئینگلیز هاتنە (سنە)وە، لەشکری (ڕووس)یش هاتنە مەهابادەوە، (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) بڕیاری دا کە بەرنامەی خۆی بگۆڕێو ناوی خۆیشی گۆڕی بە (ژێ، کاف). (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) حزبێکی نهێنی بوو، لە ناوچەی موکریان دامەزرێنراوە، تا مانگی ئابی ١٩٤١- هاتنی لەشکری سۆڤیەت بۆ ئازربایخان- هەرماوە، پاشان لە ئۆگستی ١٩٤٢ (ژێ. کاف)یان لەجێی داناوە[1].

هەندێك زانیاریی وا دەردەخەن سەرەتا (ژێ.کاف) لە شاری سلێمانی دامەزراوەو دواتر ساڵی١٩٤٠ لەڕێی مامۆستا (مەلا ئەحمەدی فەوزی)یەوە

---

١ گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) ژمارە١٠،لە١٩٦١/١/١، بڕوانە:پێشەکی گۆڤاری نیشتمان،ل:٣٠.

گوێزراوەتەوە بۆ شاری مەهاباد. بەدەر لەوەی ئەم زانیارییە دروست بێ یان نا –چونکە تا ڕادەیەك جێی مشتومڕەو لە بڕگەی داهاتوودا قسەیەکی لەسەر دەکەم– بەڵام ئەوەندەی جێی مشتومڕ نیە کە کارەکتەری سەرەکیی لە دامەزراندنی (ژێ. کاف)دا لە مەهاباد هەمان مەلا ئەحمەدی فەوزی بووە، کە لە سلێمانییەوە چۆتە مەهابادو لەوێ دەرسخانەیەکی داناوەو دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی ژمارەیەك لاوو وانەی ئاینیو نەتەوەیی فێرکردوونو سەرەنجام هەر لەو لاوانە، شانە سەرەتاییەکانی (ژێ. کاف) پێك دەهێنێت.

ئیحسانی هوشمەند لەم بارەیەوە دەڵێت: "لەم ئەنجومەنی دەرسانەی مەلا ئەحمەدی فەوزی یەوە، بۆ یەکەمجار حدودی ١٦ کەسی مەهابادیی لە باخێك کۆدەبنەوەو دوو نوێنەری حزبی هیوا لە عیراقەوە ئامادە دەبن، میرحاج ئەحمەدی، ئەفسەری سوپای عیراقی یەکێکیان دەبێ. لەوێ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ. کاف) پێکدەهێنن. میرحاج پێشنیارو ڕێکاری تایبەت بە حزبی تازەڕاگەیەنراو دەخاتە ڕوو، ئەو پێداگریی دەکا کە سوێندخواردن ببێتە مەرجی ئەندامێتیی بۆ ڕێکخستنی ئەرکەکانی ئەندامانی حزب."[١]

بۆیە دامەزرێنەرانی (ژێ. کاف) دانیان بەوەدا ناوە کە پێش مێژووی ١٩٤٢ هەبوونو ئەوساڵەیان بەمێژووی دامەزراندن قبوڵ نەبووە، بەڵگەیەکی زۆر ڕوون بۆ ئەمە ڕاپۆرتێکی دەستەی ناوەندی (ژێ.کاف)ە کە بۆ (مۆلوتۆف)ی وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتیان ناردووە، لە ڕاپۆرتەکەدا کە لە ٢٨ دیسمبەری ١٩٤٤ دا نوسیویانە، وتویانە: حزبی ئێمە

---

١ گۆڤاری (چشم أنداز إيران)، ژمارەی فروردین، ١٣٨٢م نیسانی ٢٠٠٣.

له ١٩٣٨ دامەزراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دامەزراندنی (حزبی ئازادیخوازی کوردستان).[١]

بەهەرحاڵ گرنگ ئەوەیە کە (ژێ.کاف) فۆڕمێکی نوێی گونجاو لەگەڵ کەش‌و هەوا سیاسییەکەو سازگار لەگەڵ کۆمەڵگەی زۆرینە موسڵمانی کوردستانیان، بۆ هەڵبژارد، فۆڕمێك کە هەستی دینی‌و میللی ئامێتەبوونی نەتەوەکە ڕێز لێبگرێ‌و مۆرکی خۆماڵی پێوەبێ‌و وەك (حزبی تودە) یان (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) نەبێتە پاشکۆی وڵاتان، یان حزبانی تر، بەتایبەت گروپە نازییەکان یان چەپەکانی سەربەسۆڤیەت.

بۆیە هەر لەسەر ڕەویەی پێشینانی دڵسۆزیان، بەڵام ئەمجارە بەشێوازێکی مۆدێرن، دوور لە شێوازەکانی دەمارگیریی عەشیرەتبازیی‌و هەستی ناوچەگەریی، ڕێکخراوی (ژێ. کاف) دامەزرا.

---

١ بڕوانە: کۆماری کوردستان، حامد گەوهەریی، هەولێر، ٢٠١١، لا: ٢٦.

## ٣– (ژێ. کاف) لە شاری سلێمانی دامەزرا، یان مەهاباد؟

ڕەنگە ئەم پرسیارە لە چەندین ڕووەوە ببێتە هۆی وروژاندن، چونکە ئەوەی زیاتر زانراوەو بۆتە ڕاستییەکی باو، ئەوەیە کە (ژێ.کاف) لە شاری مەهاباد دامەزراوە، بەڵام ڕایەکیش هەیە کە پێی وایە ئەو ڕێکخراوەی (ژێ.کاف) سەرەتا لە شاری سلێمانی دامەزراوەو دواتر لە ساڵی ١٩٤٠دا لەڕێی مەلا ئەحمەدی فەوزییەوە گوێزراوەتەوە بۆ مەهابادو لقی خۆرهەڵاتی کوردستانیشی لەو شارە ڕاگەیەنراوە، لەم بارەیەوە (ئیحسان هۆشمەند)[١] دەڵێت: "حزبێك بەناوی (ژێ. کاف) بۆ یەکەم جار لەلایەن کوردانی عیراقەوە لە شاری سلێمانی پێکهێنرا، کە مەحمود جەودەت– لەچالاکانی کوردی عیراق– دامەزرێنەری ئەسڵی بووە. کۆمەڵەی (ژێ.کاف) لە سلێمانی هاوکات لە جەنگی دووەمی جیهانیی هاتەدونیاو زۆر زووش هەڵوەشایەوەو دامەزرێنەرانیان ڕێکخستنێکی نوێیان –بەسیاسەتێکی نوێوە– بە ناوی (هیوا) دامەزراند.. پاش ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی (ژێ.کاف) لە سلێمانی، یەکێك لە مەلا کوردەکان لە سلێمانی بە ناوی مەلا ئەحمەدی فەوزی، لە سلێمانییەوە ساڵی (١٣١٩ ك.هـ/١٩٤٠ز) دەچێ بۆ مەهابادو لەوێ ئەنجومەنێکی دەرسگوتنەوە دادەمەزرێنێ‌و تیایدا وانەی ئاینیی‌و نەتەوەیی دەڵێتەوە."[٢]

جێی دووپاتکردنەوەیە کە کەریمی حسامی لە کتێبی (کاروانی شەهیدانی کورد)و محەممەدی صەمەدی لە (مێژووی مەهاباد)، ئەم زانیارییەی تایبەت بە مەلا ئەحمەدی فەوزی، پشتڕاست دەکەنەوە

---

١ (ئیحسانی هوشمەند) کەسایەتییەکی شاری (بیجار)ی خۆرهەڵاتی کوردستانە، نوسەرو کۆمەڵناس‌و سیاسی‌و ڕۆژنامەنووسە، خاوەنی چەندین کتێب‌و توێژینەوەیە، لەسەر هەندێك بیروبۆچوون‌و ڕەخنەگرتنی، چەند جارێك لە لایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە دەستگیر کراوە.

٢ گۆڤاری (چشم أنداز إيران، ژمارەی فروردين، ١٣٨٢ هەتاوی/ نيسانی ٢٠٠٣)، لا: ١٤.

**٤ـ دووریی (ژێ.کاف) له کاریگەریی توودەو سۆڤیەت‌و بیری چەپ:**

ئەوەی باسکرا باکگراوندی ژێ کاف بوو، بۆیه جەمال نەبەز سەبارەت به گومانی هەندێك نووسەر که پێیان وایه ئەو حزبه به دنەی کۆمۆنیستان لەدایکبووه، دەڵێت: "ڕاستییەکی چەسپاو هەیه دەبێت بگوترێ، که حزبی (ژێ. کاف) هەرگیز تەپڵ‌و زوڕنای بۆ (مارکسی – لینینی) لێ نەداوه." [1]

(هەژار موکریانی)ش کە بۆخۆی لە ئەندامە چالاکەکانی (ژێ. کاف) بووه، بەڕوونیی‌و ڕاشکاوانه جەخت لەسەر ئەوه دەکاتەوه کە یەکێتی سۆڤیەت ئاگای لە دروستبوونی کۆمەڵەی (ژێ، کاف) نەبووه. دەڵێت: "زۆر کەس لایان وایه که حزبی (ژێ.کاف) ڕووسان دروستیان کردووه، کە خوا هەڵناگرێ ڕاستی بۆ نەچوون... ڕووس هیچ ئاگایان لێ نەبوو، دەمانویست بە ڕەسمیی بمانناسن‌و یارمەتیمان بکەن، بەڵام هەرچی کۆششمان دەکرد جوابیان نەدەداینوه."[2]

لەوەش زیاتر، هەژار باس لە نیگەرانی قازی محەممەد لە سۆڤیەت دەکات‌و تەنانەت قسەشیان پێدەڵێت،[3] دەڵێت: "جارێکیان قازی محەممەد له تەورێز گەڕایەوەو ئەندامانی (ژ. ک)ی کۆکردەوەو ئاگاداری کردن که (قولی یوف)– لێپرسراوی سیاسی سۆڤیەت له تەبرێز– گوتویه: ئێمه جگه له توده (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) هیچ حزبێك قبولْ ناکەین، دەبێ خۆتان حەل بکەن‌و

---

١ المستضعفون الکرد، جەمال نەبەز، لندن، ١٩٩٧، ص:١٤٦– ١٤٧

٢ بڕوانه: چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٦٥– ٧٣.

٣ کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامید گەوهەریی، لا: ٦٤.

ببنه تووده، دەنا ناچارین بتانکوژین، ئێوه دەڵێن چی؟ قازی پێی وتووه: ئێمه بۆ خۆمان ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژاردووه، سۆڤیەت ئاگایان لێ نەبووه، ئێستاش هەر لەسەری دەڕۆینو چیان لەدەست دێ منەتیان نەبێ."[1]

زۆرێك له توێژەرانو ئەو نووسەرانەی بایەخیان بەو قۆناغە مێژووییه داوه، پێیانوایه که: "بێهەڵوێستیی حزبی توده لەئاست کێشەی نەتەوایەتی کوردو جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی کوردەکانی ئێران، له ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بگره دوژمنایەتیشی لەگەڵ ڕێکخراوه نەتەوایەتیەکانی کوردستانی ئێراندا، ڕاستییەکی مێژووییه" [2]

مەدەنی دەڵێت: "حزبی توده له موخالفینی سەر سەختی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) بوو، خۆی بڕوای به فرەگەلییو مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران نەبوو... بەردەوام لەلای سۆڤیەت بۆ (ژێ. کاف)ی تێدەچاند، زۆری هەوڵدا لاوازی بکاو بیتوێنێتەوه... توده حەقی به ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کوردی له کوردستان نەدەدا، ئەویش به دروشمی سەربەخۆیی قیت بێتەوه.."[3]

سەید محەممەدی صەمەدی– که یەکێکه لەوانەی مێژوی مەهابادیان نوسیوەتەوه دەڵێت: "(ژێ.کاف) کۆمەڵەیەکی بەتەواوی مەزهەبیی میللی (ئیسلامی– نەتەوەیی) بوو، پەیوەندیشی بەهیچ لایەکەوه نەبوو، جگه له خەڵکی کورد."[4]

---

١ د. یاسین سەردەشتی، لا: ٣١٧، له هەژار، لا: ٧٣، نەقڵی دەکات.

٢ کوردستانی ئێران.. یاسین سەردەشتی، لا: ٣٥٧.

٣ مەدەنی. س ب.دووەم، بێ شوێن،١٣٨٠، لا:٣٣٢، له لا: ٣٥٧ی سەردەشتی وەرگیراوه.

٤ تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی.

وا بزانم ئەوەندە لە بەڵگەو لێدوانی شایەتحاڵو قسەی شارەزایان بە مێژووی سەرهەڵدانی (ژێ. کاف) بەس بێت، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە ئەو ڕێکخراوە ڕێکخراوێکی تەواو خۆماڵیی کوردستانیی بووە، ئەرکی ئیسلامیی بۆ دژایەتی ستەمێك کە لە کورد کراوە، هەستی نەتەوەیی جولاندوونو کەوتوونەتە بیری ئەو خەباتە سیاسییە کەموێنەیە، هیچ دەستێوەردانێکیش کە کاریگەریی لەسەر ڕەوتو بیرکردنەوەی ڕێکخراوەکە لێ بەجێبێڵێت، بەدی ناکرێت، سەرەڕای ئەوە کە پاراستنی تایبەتمەندیی خۆیانو لە دەستنەدانی ڕەسەنایەتی بیرو خەباتیان، هەوڵیشیان داوە کە بیروڕا لەگەڵ دەوروبەردا بگۆڕنەوەو بۆ دەستخستنی دەسکەوت بۆ میللەتەکەیان هەندێك هەنگاو بنێن.

کەواتە (ژێ.کاف) حزبێکی، نەتەوەیی، پاشخان ئیسلامیی، نیشتمانیی بووە، ئەجێنداکانی خۆماڵییو کوردانە بوون، لە کۆرپەدانی دایکی کوردستاندا گەشەی کردووە، لەدایکبوی قۆناغی گەشەی بیری نەتەوەییو هەستی دژایەتی پاشکۆیەتی بێگانەو بەرەنگاربونەوەی کۆیلایەتی بووە، بۆیە ئەندامانی لە هەموو چینو توێژەکان بوون.

لە ڕووی خۆزگەو ئاواتیشەوە: لەبیری ئازادکردنی بەشەکانی کوردستانو یەکخستنەوەی کوردستانی گەورەدا بووە، هەنگاوی گەورەشی لەو بوارەدا ناوە. لە ڕووی بیری ئاینییەوە: هەڵگرانی مەلاو خوێندەوارو ڕوناکبیرەکانی ئەو سەردەمە بوون کە زۆربەیان پەروەردەبووی حوجرەو مزگەوتەکانی کوردستان بوون، وەك (حامیدی گەوهەریی) دەڵێت: لە مێشکی ئەو کەسانە هەڵقوڵیوە کە لەکۆڕی شەوانی ڕەمەزانی سالانی ١٩٣٦-١٩٣٧ بەشدارییان

کردووەو (کۆمەڵەی ئازادیخوازیی کوردستانیان دامەزراندووە).[1] لە ڕووی سیاسیشەوە: سەربەخۆو ئازادبوون، حیکمەتو داناییان هەبووە، توانیویانە لە گەمە سیاسییەکاندا بەشدار بن، هەوڵیانداوە لە هاوکێشەکانی ئەوکاتەدا جێپێی خۆیان بکەنەوە، ڕەنگە هەندێکجار لە هەوڵەکانیاندا سەرکەوتوو نەبووبن، بەلاّم لە ئاست قۆناغەکەی خۆیاندا بوون، ئەگەر لەچاو ڕەوتی سیاسیو نەتەوەیی نەتەوەکانی خۆرهەلاّتی ناوەڕاستی ئەوکاتە (ناوەڕاستی دەیەی چلەکانو سییەکانی سەدەی ڕابردوو) لەپێشتر نەبووین، لە دواتر نەبوون، بۆیە پێموایە زۆر ژیرانە یارییان بە کارتە سیاسییەکانی ئەوکاتە کردووە، زۆریش هەوڵیانداووە ڕەسەنایەتیی خۆیانو نەتەوەکەیان بپارێزنو نەکەونە ژێرکاریگەریی‌و زلهێزانی ئەوکاتەو گوێ لەمشتەکانیان لەناوخۆی ئێران.

پەندێکی عەرەبی دەڵێت: گەورەیی ئەوەیە دوژمنان دانی پێدا دەنێن، بۆیە گەواهییەکی بەرپرسانی ئێرانی نەیار بەکورد لەو کاتەدا، باشترین بەڵگەیە لەسەر پێناسی لایەنێك لە ماهییەتی کۆمەڵەی (ژێ.کاف). **لە** ڕاپۆرتێکی نهێنیدا کە لە بڵاوکراوەی بەڵگەنامە نەتەوەییەکانی ئێراندا بڵاو کراوەتەوە، ئەم دەقە نوسراوە: "چەند کەسێك خۆیان بە کورد ناساندووە، لە مەهاباد حزبێکیان دامەزراندووە بە ناوی (کۆمەڵە)، (جیاکردنەوەی کوردستان لەخاکی ئێران)یان کردووە بە ئامانجی خۆیان." پاشان دەڵێ:

---

[1] سەرچاوەی سەرەوە، لا: ٣٠.

"دانیشتوانی نەجیبو ئازای کوردستانو عەشائری ئەو ناوچەیە ئەو کەسانە ناناسن، ئەگەر یەك دوانێکیشیان بناسن، بە کوردو ئێرانی دایاننانێن."[1]

(ژێ.کاف) لەگەڵ دەستبەکاربوونی، گۆڤارێکی بەناوی (نیشتمان) دەرکرد، کە نوسخەکانی پارێزراونو ئێستە لەبەردەستدان[2]. ڕەنگە سەیرکردنێکی ئەو (٩) ژمارەیە بەس بێت بۆ ناساندنی بیری (ژێ. کاف)و بەرپرسانی:
لەسەر بەرگی ژمارە (یەك) ئایەتی: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتۡ فِئَةً كَثِيرَةَۢ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾ البقرة/٢٤٩، کراوە بەتاجی گۆڤارەکە. لەسەر بەرگی ژمارە (دوو) ئایەتی: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ﴾ الطلاق/٣. لەسەر بەرگی ژمارە (سێ) ئایەتی: ﴿نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞ﴾ الصف/١-١٣. لەسەر بەرگی ژمارە (چوارو پێنج) ئایەتی: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ﴾المائدة/٢ لەسەر بەرگی ژمارە (شەش) ئایەتی: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ﴾ النحل/٩. لەسەر بەرگی (حەوتو هەشتو نۆ) ئایەتی: ﴿كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ﴾المؤمنون/٥٣، نوسراوە.

ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر بەرگی ژمارە پێنجەوە تا کۆتایی وشەی (الله) کراوەتە تاجی هەموو نوسینەکانی سەربەرگی گۆڤاری نیشتمان.

---

١ گزارشهای محرمانەی شهربانی، مجید نقرشی، محمود طاهر أحمدی شقائق، ١٣٧١، ٦٧/١. هاتووە، لە ط: ١/مهر/١٣٢٤ ك.

٢ عەلی کەریمی لە قەبارەیەکی٣٦٠ لاپەڕەیدا کۆپی دقاودەقی هەموو ژمارەکانی گۆڤاری (نیشتمان)ی کۆکردۆتەوەو بنکەی ژین لەسلێمانی ساڵی٢٠٠٨ چاپ کردۆتەوە، لەگەڵ پێشەکییەکدا کە باسی کارەکەی خۆی تێدا دەکات. هەوڵەکەی کاك عەلیو کارەکەی (بنکەی ژین)یش هەردوو جێی نرخاندنن، پێشتریش جەمال نەبەز لە ساڵی ١٩٨٣دا لە ڕێی ئەکادیمیای کوردیو زانستو هونەرەوە لە سوید بڵاوی کردوونەتەوە.

دیاره بە دەستبەکاربوونی ڕێکخراوەکە، نەیارانی کوردو لایەنگرانی ڕژێمی شاهەنشایی ئێرانو فاشیستەکان، ویستیان (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لەبەرچاوی خەڵکی کوردسانو ئێران بەگشتیی، عەیبدار بکەن، گونجاوترین تۆمەتیش بۆ ئەوکاتە کە زۆر لەباربوو، ئەوەبوو کە بە کۆمۆنیست لەقەڵەمیان بدەن، چونکە دەیانزانی کۆمۆنیستبوون لە ناوگەلی موسڵمانی کوردا، تۆمەتێکی گرانەو لەکەو عەیبەیەکی قبوڵ نەکراوە، بۆیە پاش بلاْوبونەوەی نامیلکەی (دیاری کۆمەڵەی (ژێ، کاف)و ژمارەی یەکەمی گۆڤاری نیشتمان – زمانحاڵی کۆمەڵە– هەندێك لەو نەیارانەی کوردو کۆمەڵە، پڕوپاگەندەیان داخست کە کۆمەڵە حزبێکی کۆمۆنیستە، بەڵام دوابەدوای پڕوپاگەندەکە لە ژمارەی دووەمی نیشتماندا– کە لە خەزەڵوەری ١٩٤٣ز دەرچووە، ع. بێژەن، کە ناوی خوازراوی (عبد الرحمن زەبیحی) بوو– بەرپرسو بەڕێوەبەری سەرەکی گۆڤارەکەش بوو– لەدوو لاپەڕەو وتارێکی کورتدا لەژێر ناونیشانی (ئێمەو مەردوم)دا وەڵامی ئەو بوختانەی داوەتەوە.

لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (نیشتمان) ئۆرگانو زمانحاڵی ڕێکخراوی (ژێ. کاف)دا هاتووە: "بۆ وەڵامی هێندێ لە نەفامو تێنەگەیشتووەکان بەندێکی مەرامنامەی (کۆمەڵەی ژێ، کاف) دەنوسین: کۆمەڵەی (ژێ. کاف) لەسەر چوار کۆڵەکەی (ئیسلامەتی، کوردەواریی، مەدەنییەت، صوڵحو ئاشتیخوازی) دانراوە، هەموو قانونو نیزامەکانی لەگەڵ شەریعەتی موقەددەسی ئیسلام تەتبیق دەکرێن، ئینجا دەخرێنە کار."[1]

لە ژمارەی (٦)ی هەمان گۆڤاردا هاتووە: "بە بۆنەی (متدین)بوونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنها دینی

[1] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٥، ڕێبەندانی١٣٢٢ هەتاوی، ١٩٤٣ زاینی، لا: ١٠.

موقەددەسی ئیسلام بەڕەسمی دەناسیّو بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلامو بەجیّ گەیشتنی هەموو ڕیّو شوێنێکی ئیسلامەتی، تێدەکۆشیّو لەگەلّ موناقیقان بەربەرەکانێی بەشیددەت دەکا."[1]. بۆیە کونسولّی ئەمریکا لە تەورێز (ولیم ئیفلتن) لە کتێبی (کۆماری مەهاباد)دا نوسیویەتی: "لە ئەندامانی (ژیّ. کاف) هیچ مارکسیو کۆمۆنیستێك نەبوو"[2]. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوان نەیاری (ژیّ. کاف)بوونو هەرچۆنێك بێت نەچوونەتە ژێر ڕکێفی ئەوانو کۆمۆنیستانی ئازەریو حزبی شیوعی (تودە)ی ئێرانیو بەلشەویەکانی سۆڤیەت، هەموو ویستویانە وا دەربخەن کە (ژیّ. کاف) دۆستی ئەوانە، بەلّام کەس نەیتوانیوە ئەو ڕاستییە حاشاهەلّنەگرە بشارێتەوە کە (ژیّ. کاف) ڕێکخراوێکی کوردیی ئازادو سەربەخۆ بووە، ئەوەش بەهۆی ڕاستگۆیی سەرکردەکانیو ناسراوییان لە هەموو ناوەندە کوردییو ئێرانییو هەرێمایەتییەکاندا.

[1] گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٦، ڕەشەمێی١٣٢٢ هەتاوی، ١٩٤٣ زاینی، لا: ١٦.
[2] جمهورية مهاباد، وليم ايفلتن، ترجمة جرجيس فتح الله، ص: ٧٩.

## ٥- بەکارهێنانی شێوازو دەستەواژە ئیسلامییەکان:

شێوازی هۆگریی بۆ (ژێ. کاف)و مەراسیمی بەیعەتو پەیماندان:

لەڕاستیدا ئەم بەڵگەیە گومان ناهێڵێتەوە کەدەستێك بووە ویستویەتی ئەم جوڵانەوە ئازادیخوازە لای گەلی کورد -کە ئەوکاتەش وەك ئێستە- پابەند بەئیسلام بووە، ناشیرین بکاتو لە ڕەنگە ئیسلامییەکەی دابڕنێ، وەگەرنا خۆتان داوەر بن، ئایا لە حزبێکی مۆدێرنی ئیسلامیی ئەم سەردەمەشدا ئەوە دەکرێت کە ئەم ڕێکخراوە کردوویەتی، لەکاتی وەرگرتنی ئەندامو دەرخستنی هۆگریی‌و چوونە ناو ڕێکخراوەکە.؟

چەندین سەرچاوە - کە زۆربەیان- لە شایەتحاڵەکانی ئەوکاتەو خودی ئەو ئەندامانە قسەکەیان وەرگرتووە، دەڵێن: هەرکات کەسێك بیویستایە ببێت بە ئەندام لە ڕێکخراوی (ژێ. کاف)دا، دەستنوێژی دەگرت، پاشان قورئانێك دادەنراو لە پاڵیا نەخشەو ئاڵای کوردستان دادەنرانو بەو کەسە دەگوترا سوێند بەم قورئانە بخۆ بۆ ئەم شەش خاڵە:

١- خیانەت بە کورد نەکەم بەهیچ شێوەو ڕێگەیەك.

٢- بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێبکۆشم.

٣- نهێنی حزب نەدرکێنم. نە بەزمان، نە بە قەڵەم، نە بە ئیشارە.

٤- تا کۆتایی تەمەنم ئەندامی حزب بم.

٥- هەموو پیاوانی کورد بەبرای خۆم، هەموو ئافرەتانی کورد بەخوشکی خۆم بزانم.

٦- بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەحزب نەچمە هیچ حزبو دەستەیەکی ترەوە.[١]

---

[١] بۆ ئەم مەراسیمە، بڕوانە: مێژووی مەهاباد، نوسینی محەممەدی صەمەدی، لا: ١٠- ١١.

مەلا قادری (مودەرریس) یەکێك لە ئەندامە دەستەباڵاکانی (ژ.ك)، بەمجۆرە وێنای ئەو مەراسیمی بەیعەتدانە دەکات، دەڵێت: "کەسێك دەبووە ئەندامی (ژێ. کاف) هەوەڵی دەچووە حەمامیّو لە ڕوانگەی ئاینیی، خۆی خاوێن دەکردەوەو ئەوجا دەهاتە لای سیّ کەسو لای ئەوان حەوت جار بە قورئان سوێندی بۆ وەبەرچاوگرتنی ئەو شەش مەبەستانە دەخوارد."[1]

مامۆستا (هێمن) شاعیری هەست ناسکیش –کە یەکێك لە ئەندامەکانی (ژێ. کاف) بوو –بۆ خۆی باسی ئەم مەراسیمی سوێندخواردنو پەیماندانە دەکاتو دەڵێت: "بەهۆی زەبیحی بە کۆمەڵە ناسێنرام... بەقورئانو بەئاڵای کوردستانو بەشەرەڤ خۆمو بەشمشێر سوێندیان دام، کە بە زمانو بە قەڵەمو بە ئیشارە خیانەت بە نەتەوەی کوردو ئەندامی کۆمەڵە نەکەم، ناوی نهێنی حزبیم (هێمن) بوو، ژمارەی ئەندامێتیم (٥٥) بوو.."[2]

**هەڵبژاردنی دەستەواژەو زاراوە ئیسلامییەکان:**

بەڵگەیەکی تری پابەندیی سەرکردەو بەرپرسانی (ژێ. کاف) بە ئیسلامو پرەنسیبەکانیەوە، بەکارهێنانی دەستەواژە ئیسلامییەکان بوو، سەرەتا کە لە نیسانی ١٩٤٣دا لە گردێك بە ناوی (**گردی خوداپەرستان**) سازیان کرد، چەندین بڕیاری گرنگ دران، سەرنجڕاکێش لە بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیەدا ئەوەبوو کە بڕیاریان دا شفرەی نهێنیو وشەی یەکترناسینەوەی ئەندامان ئەم ڕستیە بێت: (**خوداپەرستیی شتێکی باشە**)[3]، وەك (ئینفیلتن) کونسوڵی ئەمەریکا ئاماژەی پێدەکات.

---

١ ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی، لا: ٦٩ و حکومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، لا: ٦٠.

٢ ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ٦٣– ٦٤.

٣ جمهوریەتی کوردستان، مەحمود مەلا عیززەت، لا: ٩١، هەروەها بڕوانە: جمهورية مهاباد، وليم ايفلتن، ترجمه جرجيس فتح الله ص: ٧١.

زەبیحی لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نیشتمان)دا لەژێر ناوی خوازراوی (ع. بێژەن)دا دەڵێت: "ئێمە بنچینەی کارمان لەسەر ڕێو شوێنی ئیسلام داناوەو پاڵمان داوەتە بەزەیی (رەحم)ی خواو گەورەیی پێغەمبەرو پاکی قورئان."[1]

## جێبەجێکردنی ڕەوشتو بەها ئیسلامییەکان:

سەبارەت بەکاریگەریی ئەو ڕێکخراوە لەسەر واقعی کۆمەڵگەی ئەوکاتەی کوردەواری، هێمن دەڵێت: "کۆمەڵە بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو، کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیش بوو، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کە خواردبوویان، دەستیان لە ئاکاری دزێو هەڵگرتبوو، دزی، خراپە، نێواننانخۆشی، لەکزیدا بوو، دەتوانم بڵێم لە هەندێك جێگایان هەر نەما."[2]

بۆ پشتڕاستکرنەوەی ئەو بۆچوونەی هێمنی شاعیر، مامۆستا هەژاری ئەدیبو گەورەنوسەریش، دەڵێت: "زۆرم حزب لە نزیکەوە دیتوون، باسی ڕەفتارو ڕابردووی زۆریانم خوێندۆتەوە، هیچ کۆمەڵێك وەك ئەندامانی (ژێ.کاف) ئاوا فیداکارو دڵگەرمو یەکتر خۆشەویست نەبوون. دەربارەی ئەصحابی پێغەمبەر (ﷺ) زۆرباسی یەکدڵیو فیداکاریی هەیە، وەختە بڵێم ئەندامانی ئەو حزبەش شتێکی وابوون. خۆدزینەوە لەفەرمان، درۆ، خۆخوازیی، فێڵبازیی، بەجارێك تەرە بوو بوو، لە حەوت کێوان ئاوا بوو بوو."[3]

ئەوەی ئەم قسانە دەسەلمێنێت ئەوەیە کە پێشتر وتمان، ئیسلامەتیی لە پرۆگرامی ناوخۆی (ژێ، کاف) پایەی یەکەم بوو لە چوار پایەی ڕێکخراوەکە، لە بەندی یەکەمی مەرامنامەی کۆمەڵەدا دەڵێت: "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد

---

١ ژمارە(١) ی گۆڤاری نیشتیمان، لا: ١٠.

٢ تاریكو ڕوون، هێمن، لا: ٢٠.

٣ چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٦٠ .

لەسەر چوار پایەی (ئیسلامەتی)، (کوردەواری)، (شارستانێتی)، (ئاشتی) ڕاوەستاوە". پاشان لەبەندی حەوتەمدا دەڵێت: "بەبۆنەی موتەدەیینبونی بەشی زۆری نەتەوەی کورد بە دینی ئیسلام، کۆمەڵە لە کوردستان تەنها دینی موقەددەسی ئیسلام بەڕەسمی دەناسێ."

جا بۆ ئەوەی گومان نەبرێت کە ئەم بەندە لە دیدێکی عەلمانی میانەڕەوانەوە نوسراوەو حسابی بۆ زۆرینەی موسڵمانانی کورد کردوەو ئەگەری ئەوە بەزیهندا بێت کە سەرانی (ژێ. کاف) بڕوایان بە ئیسلام وەك سیستەمو دەسەلاَت نەبووە، لە بەندێکی تردا دەڵێت: "بۆ تەرویجی شەریعەتی خاوێنی ئیسلامو بەجێگەیشتنی هەموو ڕێو شوێنێکی ئیسلامەتی، تێدەکۆشێو لەگەلّ مونافیقان بەربەرەکانێی بەشیددەت دەکا."[1]

دواتریش لە کۆنگرەی دووەمی حزبدا کە (١٠٠) کەس ئامادەی بوون "بەرنامەیەکی ڕێكو پێكو گشتگیریان ئامادە کردبوو، کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام سەرچاوەی گرتبوو، بەرنامەکە بۆ دەستخستنی ئازادییو سەربەخۆییو ڕزگاری کوردو کوردستان بوو."[2] بۆیە جەمال نەبەزیش دەلّێ:"لە پرۆگرامی (ژێ. کاف)دا یەك تاکە وشە لەسەر مارکسی– لینینی، بەدی ناکرێ."[3]

لەلایەکی ترەوە، لەڕاپۆرتێکدا بۆ (مۆلۆتۆڤ)، وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، هەیئەی ناوەندی (ژێ، کاف) نووسیویەتی: "بۆ ئەوەی پتر بایەخ بە نهێنییەکانمان بدەین، حزبی ئێمە لە هەوای لەباردا لە چیاکانو لە کاتی سەرمادا لە مزگەوتەکان کۆبونەوەکانی خۆی دەبەستێ."[4] من پێم وایە

---

[1] ژمارە (٦) ی گۆڤاری (نیشتمان) زمانحاڵی ژێ، کاف، لا: [17]، ڕەشەمێی ١٣٢٢ ك. هـ.

[2] محاکمات ودفاعیات قاضي محەممەد، أحمد حمه امین، تهران، لا: ٨.

[3] المستضعفون الکرد، جمال نەبەز، لندن، ١٩٩٧، ص:[146].

[4] کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، حامد گەوهەری، لا: [42].

ئەمەی نووسراوە، ئەوەندەی کە هەواڵێکە، یان دەرخستنی وێناو شێوازی کاری ڕێکخراوێکە، پەیامێکیشی تێدایە بۆ سوڤیەت و ستاف وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، کە بزانن مەکۆی چالاکیی‌و ژوانی بەیەکگەیشتنی کادێرانی ئەو حزبەو مەڵبەندی کارو بەرنامەدانانیان (مزگەوت)ە، ئەو وشەیەی کە کۆمۆنیستانی ئەوکاتەو دەسەڵاتی سۆڤیەت، باش تێی گەیشتبوون‌و دواتریش لە مامەڵەیاندا لەگەڵ (ژێ. کاف) دەرکەوت، چاك لەو پەیامە حاڵی بووبوون.

محەممەدی صەمدی دەڵێت: "کومەڵەی (ژێ.کاف) کە کۆمەڵەیەکی بە تەواوی مەزهەبی–میللی (ئیسلامی–نەتەوەیی) بوو، پەیوەندیی بەهیچ لایەکەوە نەبوو جگە لە خەڵکی کورد[1]. لە جێیەکی تردا دەڵێت: "لایەنی مەعنەویی‌و ئیمان بەتەواوی باڵی بەسەر (ژێ. کاف)دا کێشابوو، حزبێکی ئیسلامی‌و نەتەوەیی بوو."[2] مەلا قادری مودەرریس – کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی (ژێ. کاف)و مەلا چاك‌و ناسراوەکانی ناوچەی موکریان بوو– سەبارەت بە (ژێ. کاف) دەڵێت: "لەبەرئەوەی کە دینی ئیسلام زیاتر لە هەزار ساڵە تێکەڵ بەژیانی ماددی‌و مەعنەوی گەلی کورد بووە، بەبەشێك لە فەرهەنگی گەلی کورد حساب دەکرێت، (ژێ. کاف) ڕێزێکی تایبەت بۆ ئەو ئاینە پیرۆزە دادەنێن.."[3]

---

١ (ژێ. کاف) چی بوو؟ چی دەویست؟ چی لێ بەسەرهات؟ محەممەدی صەمدی دەقی ئەو نامیلکە ناوبراوەی لە کتێبە گەورەکەیدا، (مێژووی مهاباد) بڵاوی کردۆتەوە (بڕوانە (تاریخ مهاباد، سید محەممەدی صمدی، انتشارات مهاباد، لا: ١٠٨).

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ١١٧– ١١٨.

٣ جمهوریەتی کوردستان، مەحمودی مەلا عیززەت، چاپی ٢، ٢٠٠٣، لا: ٨٩.

### ٦– له(ژێ. كاف)ەوه بۆ (حزبی دیموكرات) ناوگۆڕین یان كودەتا؟

سەبارەت بەگۆڕینی ناوی (ژێ. كاف) بۆ (حزبی دیموكرات) قسەوباسی زۆر كراوه، له كاتێكدا هەندێك پێیان وایه كه به گوشاری سۆڤیەت كراوه، هەندێكی تر پێیان وایه كه بەرپرسانی (ژێ. كاف) پەرتو بڵاو بوونو كودەتایان بەسەردا كراوه، لەوانه عەلی كەریمی خوشكەزای عبد الرحمن زەبیحی، یەكەمین سەرۆكی كۆمەڵەی (ژێ. كاف)، پێی وایه كه هەلی پەرتەوازەبوونو هەتیوكەوتنی ڕێكخراوەكه، قۆزراوەتەوەو كودەتای بەسەردا كراوه، دوو بەڵگەی بەهێزیش بۆ ئەو مەبەسته دێنێتەوه:

بەڵگەی یەكەم پاش دامەزراندنی حزبی دیموكراتو ڕووخانی كۆمار به سێ ساڵو له ساڵی ١٩٤٨ چۆن عبدالرحمن زەبیحی ژماره (١٠)ی گۆڤاری (نیشتمان) دەرئەكاو هەمان ئارمو ناوی (ژێ. كاف)ی لەسەر دادەنێ، ئەمەش له گوندی (سیتەك)ی شارباژێر، به هاوكاری شێخ لەتیفی كوڕی شێخ مەحمودی حەفید، واته: ئەگەر (ژێ. كاف) ئارەزوومەندانه بووەته (دیموكرات) بۆچی ئەو ناوه تازەیه دانانرێو هەمان (ژێ. كاف) دەدرێ له گۆڤارەكه؟

بەڵگەی دووەمیش ئەوەیه كه تاقه نەفەرێك له دامەزرێنەرانی سەرەكیی (ژێ. كاف) نەچوونەته ناو حزبه تازەكەی (دیموكرات)، جا ئەگەر خۆیان ڕازی بوون بۆ دەبێت شانازیی بەو گۆڕانەوه نەكەنو نەچنه ناوی؟[1] بەڵام دیاره حزبی (دیموكرات)یان به حزبێكی تر زانیوەو نەچوونەته ناوی، تا ئەو سوێندەیان نەكەوێ كه له كاتی چوونه ناو (ژێ. كاف) خواردبوویان، كه هەرگیز تا مردن نەچنه ناو هیچ حزبێكی تر.[2]

---

١ بڕوانه لا: ١١٤– ١١٧ ی (ژیانو بەسەرهاتی زەبیحی) عەلی كەریمی، كه به درێژییو به چەند بەڵگەیەكی تریش ئەوه دەسەلمێنێ كه (ژ.ك) كودەتای بەسەردا كراوه.

٢ هەمان سەرچاوه، لا: ١٢٥.

کاتێك حکومەتی ئێران عبد الرحمن زەبیحیو هاوڕێکانی لە ١٩٤٥دا دەگرێت، لە هەمان ساڵدا سۆڤیەت لەڕێی باقرۆف (سەرۆککۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت)ەوە، دەعوەتی ڕەسمی لە قازیو ژمارەیەك لە پیاوماقوڵانی کوردستان دەکاتو داوایان لێ دەکات کە دەبێت کۆمەڵەی (ژێ. کاف) بکەنە حزبی دیموکرات.[1] هەرچەند هەموو کادیرانی کۆمەڵە ناڕازیی بوون.

کرۆکی ناڕازیبوونەکەش پەیوەندیی بە گۆڕینی ناوو ئامانجە گەورەکانو دروشمەکانی (ژ.ك)وە هەیە. هەموو ئاماژەکانیش ئەوەمان پێدەڵێن کە پرۆسەکە لەلایەن سۆڤیەتەوە سەپێنراوە.

غەنی بلوریان – لەکادیرانی دێرینی (ژ.ك)، وەك شایەتحاڵێك– لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەو سەفەرە دەکات کە ڕووسەکان قازییان بانگکردووە بۆ تەورێز، پاش گەڕانەوەی، ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە کۆدەبێتەوەو قازی ڕاشکاوانە پێیان ڕادەگەیەنێت کە: "دروشمی کۆمەڵە، جێی ڕێزەو دەزانین بە تەواوی بەرگریی لە مافی گەلەکەمان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێکە کە هیچ لایەنێکی جیهان داکۆکیی لە داخوازییەکانی ئەمڕۆی ژ.ك ناکات. کەواتە پێویستە ئەمڕۆ چاوێك بەداخوازییەکانماندا بخشێنینو لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان خەین.."

پاشان بلوریان دەڵێت: "لە ڕەنگو ڕوخسارو شێوەی گوتنی قازی، دەردەکەوت کە ڕاگەیاندنەکەی زۆر لەدڵ نیە، بەڵام وەسەرەخۆی نەدەهێنا...داخی گرانم، گۆڕینی دروشمەکانی ژ.ك پاشەکشەیەکی نالەبار بوو لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، کە هەلومەرج بەسەر ئێمەیدا سەپاند."[2]

---

١ ژیانی زەبیحی، عەلی کەریمی، لا: ١٢٤.

٢ ئاڵەکۆك، غەنی بلوریان، لا: ٥٧–٥٨.

جەلال تاڵەبانی لەم بارەیەوە بۆچوونی وایە ئەگەر "کۆمەڵەی (ژێ. کاف) خۆی ببوایە بە حزبی دیموکرات شتێکی تر دەردەچوو، ئاوا نەدەشکا، چونکە هەموو پیاوی تێکۆشەری خۆنەویست بوونو هیچیان نەبوو لەدەستیان بچێ.. ئەمن پێم وایە سۆڤیەت گەورەترین زەرەر بوو لە کوردی دا.. خەتی سۆڤیەت خەتێکی غەڵەت بوو."[1]

مامۆستا هەژار موکریانیش لە یاداشتەکانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ڕووسەکان لە ناوی (ژێ.کاف) ڕازی نین، چونکە بۆ ئازادی هەموو کوردستان تێ دەکۆشێ"[2]

هەرچۆن بێت (حزبی دیموکراتی کوردستان) بە ڕێکخراوێکی سیاسی درێژکراوەی کۆمەڵەی (ژێ.کاف)ی پێش خۆی دەژمێردرێت، باشترین بەڵگەش یادکردنەوەی دامەزراندنی حزبی دیموکراتە، کە لە ٢٥ی گەلاوێژ (١٩٤٦/٨/١٦) ئاهەنگ گێراوە بۆ ساڵڕۆژی حزبی دیموکرات، بەڵام ساڵڕۆژەکەیان ناوناوە پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حزب.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی سەرەوە، چاوم خشاند بە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی سەردەمی کۆمارداو ئەم دەقەم دۆزییەوە کە دەڵێت: "موبارەزەی ئازادیو دیموکراسی ئێمە پێی دە پێنجەمین ساڵی خۆی نا." (٢٥) گەلاوێژ پێنجەمین ساڵی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان."[3] بەپێی ڕاگەیاندن بوایە، دەبوایە ساڵی ١٩٤٥ یان بەساڵی دامەزراندنی حزب دابنایە، دەبوایە باسیان لە یەکەم ساڵڕۆژی حزبو پێخستنە ساڵی دووەم بکردایە. سەیر ئەوەیە پێشتریش لە ساڵی ١٩٤٢دا

---

١ دەقی لێدوانی تاڵەبانیو زەبیحی، لەگەڵ عەلی کەریمی، هەمان سەرچاوە، لا: ٣٢٧.

٢ چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٧٣.

٣ ژمارە ٧٩ی ڕۆژنامەی کوردستان، لا: ١.

که (ژێ. کاف) یان ڕاگەیاندووە، بە هەمانشێوە حەزیان نەکردووە کە ساڵی ١٩٤٢ بەساڵی ڕاگەیاندنی (ژێ.کاف) ناو ببرێ، بەڵکو خۆیان بەدرێژکراوەی (حزبی ڕزگاریخوازی کوردستان) زانیوە کە ساڵی ١٩٣٧ز یان ١٩٣٨ز دامەزراوە.

# بەشی چواردەهەم

## ژیاننامەو پرۆفایلی بەشێک

## لە ناوبراوانی ئەم کتێبە

# کەسایەتییە ناوبراوەکانی ئەم کتێبە:[1]

١- ئەحمەد ڕامیز

٢- ئەحمەدی فەوزی

٣- پیرەمێردی شاعیر

٤- حەمزە موکسی

٥- حوسەینی مەجدی

٦- خەلیل خەیالی

٧- سەعید نورسی

٨- سمکۆی شکاك

٩ـ عەبدولرحمان زەبیحی

١٠ـ عەبدو لعەزیز یامولکی

١١ـ قازی محەممەد

١٢- مەعروف جیاووك

١٣- محەممەد شەفیق ئارواسی

١٤- محەمەدی میهری هەورامی

١٥- مەحمود جەودەت

١٦- میرحاجی ئاکرێیی

١٧- هێمنی شاعیر (محەممەد ئەمینی شیخ الاسلامی)

---

[1] ناوەکان، لەسەر بنەمای ڕیزبەندیی ئەلفبێی کوردیی دانراون.

## ١- ئەحمەد ڕامیز

ـ خەباتگێڕێکی باکوری کوردستانو دۆستو هاوکاری مامۆستا سەعید نورسی بووە، خەڵکی قەزای (لیجێ)ی پارێزگای ئامەدە.

ـ کاتێك ئەمین عالی بەدرخانو میقداد مەدحەت بەدرخانو یوسف کامل بەدرخان ڕێکخراوێکیان بەناوی کۆمەڵەی کوردیی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی (کرد نشر معارفی) دامەزراند، ئەحمەد ڕامیز کوردیزادە بووە سەرۆکی ڕێکخراوەکە.[١]

ـ لە قوتابخانەکەی (جەمبەرلی تاش)ی ئەستەمبوڵ، کە خۆیان دایانمەزراند، لەگەڵ مامۆستا سەعید نورسی منداڵانی کوردیان فێری زمانی کوردیی کردووە.

ـ ساڵی ١٩٠٠و لە قاهیرە کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردیی بەناوی (جەمعیەتی عەزمی قەومیی کورد) دامەزراندووە.[٢]

ـ ئەندامی (جمعية العزم القوى الكردستانية) بووەو ساڵی ١٩٠٤ بە نوێنەرایەتیی ئەو ڕێکخراوە، لە شاری (دیاربەکر)ەوە چووە بۆ قاهیرە.[٣]

ـ کتێبی (ئیکی مصیبت شهادتنامەسی) مامۆستا نورسی چاپ کردووەو پێشەکی بۆ نووسیوە.

ـ خاوەنی چەندین بەرهەمی بەسوودە، لەوانە: پاشمڤانا کوردانو کوردستان.

ـ لەکۆتاییەکانی ژیانیدا لە دیمەشق ژیاوەو لەوێش کۆچی دوایی کردووە.

---

١ بڕوانە: القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، محمد علي عوني، ١٩٣٠، القاهرة، ص: ٥١.

٢ بڕوانە: کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیاو فەرەنسادا، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عبد الله، لا: ١٥.

٣ بڕوانە: القومية الكردية، مالميسانژ، لا: ٤١.

## ٢- مەلا ئەحمەدی فەوزی

ـ مەلا ئەحمەدی فەوزی، کوڕی حاجی عەلی، ساڵی ١٨٧٥ز لە گوندی عەبابەیلێی نزیك شاری هەڵەبجە لە دایك بووە.

ـ مامۆستا عەبدولکەریمی مودەرریس دەڵێت: "مەلا ئەحمەدی فەقێ عەلی- کە نازناوی شیعریی (فەوزی) بووە- مرۆیەکی خوێندەوارو هاوڕێی شێخ عەبدولکەریمی خانەشووری (شێخ عەبدولکەریمی ئەحمەد بڕندە)و شێخ باباڕەسوڵی بێدەنیی، بووە."[1]

ـ خوێندنی فەقێیەتیو زانستە شەرعییەکانی لای مەلا قادری مەلا موئمین بووە، کە یەکێك لە مەلا باشو خواناسو خوێندەوارەکان بووەو لە قزراباتو هەڵەبجەو پریسو چرچەقەڵا، دەرسی وتووەتەوە. بۆیە کە مەلا قادری مامۆستای، ساڵی (١٣٢٦ك) وەفات دەکات، مەلا ئەحمەد -کە نازناوی (فەوزی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە- بە چامە شیعرێکی حەوت بەیتیی، پرسەنامەیەکی پڕ سۆزی بە فارسی بۆ نووسیوە.[2]

- دواتر مەلا ئەحمەد لە هەڵەبجەوە چۆتە شاری سلێمانی، پاش نەمانی حکومەتی شێخ مەحمود، کۆچی کردووە بەرەو شاری مەهابادو لە گوندی (کۆلیجە)ی نزیك مەهاباد نیشتەجێ بووەو تەدریسی کردووە.[3]

ـ هێمنی شاعیر کە یەکێك لە قوتابییەکانی فەوزی یە دەربارەی دەڵێت: "فەوزی -بەبڕوای من- یەکێکە لە گەورە پیاوانی مێژووی کوردستان، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتانو خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی

---

١ یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، ١٩٨٣، بەغدا، ٥٣٤/٢.

٢ مامۆستا مەلا کەریمی بیارە، دەقی ئەو شیعرانەی فەوزی لە (بەرگی (٢)ی (یادی مەردان)، لا: ٥٢٨، هێناوە.

٣ هەمان سەرچاوە، ص: ٣٠٤.

ئازایانە کوردایەتییان دەکرد، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بوون، یا شاگردی شاگردەکانی ئەو بوون، بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی (فەوزی) بووە. فەوزی زانایەکی گەورە، ئەدیبێکی کەموێنە، کوردێکی پاکو بێباك بوو. بیرێکی تیژو وردی هەبوو."[1]

سەبارەت بە کاریگەریی فەوزی لە سەری، هێمن دەڵێت: "دەبێت بڵێم من دەسکردی (فەوزیم)م، ئەو هەڵیوەشاندمەوەو تێکی هەڵشێلامو سەرلەنوێ دروستی کردمەوە.. ئەو ڕێگەی ژیانی پێنیشاندام. ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردمو کوردیش نەتەوەیەکی بێبەشو چارەڕەشو زۆر لێکراوەو دەبێت ڕۆڵەکانی لە پێناوی ڕزگارکردنیدا فیداکاریی بکەن.. ئەو حاڵی کردم کوردیی زمانێکی ڕەوانو بەربڵاوو دەوڵەمەندەو دەکرێت ئەدەبێکی گەورەو دنیاپەسەندی هەبێت.."[2]

هەژاریش دەربارەی فەوزی دەڵێت: "مامۆستا فەوزی، زۆر عالم، زۆر کورد، شاعیر، ئیتر وەك ئاردی بەهار بۆ هەموو شت دەبوو نەسیحەتو ڕێنیشاندانی ئەو بیری کوردایەتی خستە مێشکی زۆر لە لاوانی ئاشنای، دننەدانی ئەو هێمنی کردە شاعیر."[3]

ـ مەلا ئەحمەدی فەوزی یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکان بووە لە دامەزراندنی (ژێ. کاف)دا لە مەهاباد، کە لە سلێمانییەوە ساڵی ١٩٤٠ چۆتە مەهابادو لەوێ دەرسخانەیەکی داناوەو دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی ژمارەیەك لاوو وانەی ئایینیو نەتەوەیی فێرکردوون،

---

١ دیوانی هێمن، لا: ٣٢.

٢ هەمان سەرچاوە، لا: ٣١.

٣ چێشتی مجێور، هەژار، لا: ٣٩.

سەرەنجام هەر لەو فەقىَو قوتابييە لاوانە، شانە سەرەتاييەكانى (ژىَ. كاف) پێك دەهێنێت.

ئیحسانی هوشمەند لەم بارەیەوە دەڵێت: "لەم ئەنجومەنی دەرسانەی مەلا ئەحمەدی فەوزی یەوە، بۆ یەکەم جار حدودی ١٦ کەسی مەهابادیی لە باخێك کۆدەبنەوەو دوو نوێنەری (حزبی هیوا) لە عیراقەوە ئامادە دەبن، (میرحاج ئەحمەد)ی ئەفسەری سوپای عیراقیی، یەکێکیان دەبیَ. لەویَ کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) پێك دەهێنن.. میرحاج پێشنیارو ڕێکاری تایبەت بە حزبی تازە ڕاگەیەنراو، دەخاتە ڕوو. ئەو پێداگریی دەکا کە سوێندخواردن ببێتە مەرجی ئەندامێتیی، بۆ ڕێکخستنی ئەرکەکانی ئەندامانی حزب." ١

- بەپێی چەند چامەشیعرێکی (فەوزی) کە لەبەر دەستماندان، وا دیارە کە توانایی‌و بەهرەیەکی شیعریی بەهێزی هەبووە، مامۆستا مەلا کەریمی مودەرریس، باس لەوە دەکات کە (فەوزی) دەسنووسی شیعریی هەبووەو تیایدا نمونەی چەند چامە شیعرێکی دوورودرێژی (٣٥) بەیتیی دێنێتەوە.. لە یەکێکیاندا ئاکارەکانی شێخ مەحمود دەخاتە ڕوو، لە ساڵی ١٩٣٩ز دا، بەبۆنەی گەڕانەوەی شێخ لە هیندستان. (ئەحمەد فەوزی)، ئەم نازناوانە بۆ شێخ بەکار دێنێت: (نوری ئیمان)، (ئەرشەدی ئەولادی حەیدەر)، (شێری یەزدان)، (میهری درەخشان)، (فەخری کوردان)، (ڕافیعی ئەعلام‌و ئیستقلالی کوردان)، لە چامەکەیدا، دەڵێت:

شوکرو لیللا، مژدە بێت، وا نوری ئیمان هاتەوە

---

١ گۆڤاری (چشم أنداز إيران)، ژمارەی فروردین، ١٣٨٢م نیسانی ٢٠٠٣.

ئەرشەدی ئەولادی حەیدەر، شێری یەزدان هاتەوە

شەمشەکوێرە لە داخا خۆی لە قوڕنێ حەقیەتی

شەو نەما، زوڵمەت بەسەر چوو، شێری یەزدان هاتەوە

جەژنی کوردستانە قوربان، مەوقیعی قوربانییە

چۆن بە قوربانی نەبم، وا فەخری کوردان هاتەوە

ئیدیعایی قەومییەت ئەمڕۆ ڕەوایە (فەوزی)یا !

ڕافیعی ئەعلامو ئیستیقلالی کوردان هاتەوە [1]

لە چامەیەکی تریدا، (فەوزی) وەصفی تەکیەی (شێخ مارفی ئەحمەد بڕندە) دەکات، بەژنی شیعرەکانی بەرزەو تامیشیان چێژێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە لە سەرەتاوە دەڵێت:

ئەم تەکیەیی شێخ مارفە، چوار فەسڵە بەهارە

جێی سونبولو گوڵ یاسەمەنو سەروو چنارە

ئەم صەحنە چ صەحنێکە کە ڕێی هەرکەسی تێکەوت

دەرچوونی لە بۆ باغی ئیرەم، زەحمەتو عارە

لە کۆتایی چامەکەشدا دەڵێت:

(فەوزی) چ دەڵێیت؟ گەر شەوو ڕۆژ مەدحی بکەم من

نایێتە نیهایەت، بە مەثەل یەك لە هەزارە [2]

تەشریحی سەمای وەصفی، وەگو نابەتە تەقریر

تەوزیحیشی وا نایەتە ناو دورجی عیبارە

---

١ مێژووی ئەدەبی کوردیی، د. مارف خەزنەدار، ٥/ ٤٨.

٢ یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، ١٩٨٣، بەغدا، ٢/٥٣٤-٥٣٦.

له کۆتاییدا هەرچەند حەسەنی قزڵجی وتوویەتی: "فەوزی دڵێکە لە لێدان ناکەوێت.."بەڵام بەپێی قسەی (هێمن)ی قوتابی، لە ساڵی ١٣٢٢ هەتاوی/ ١٩٤٣، لە گوندی (حاجی کەند) کۆچی دوایی کردووەو دڵە بێدارەکەی لە لێدان کەوتووەو لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە،[١] واتە ئاواتەکەی خۆی نەبینی، کە خەباتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکرد، چونکە پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بە سێ ساڵ وەفاتی کردووە، خوا لێی خۆش بێت‌و گۆڕی پڕ نوور بێت.

١ دیوانی هێمن، سلێمانی، پەخشانگای ئازادیی، ٢٧٠٨ ک، لا: ٣٣.

### ٣- پوختەیەك لە ژیاننامەی پیرەمێردی حەكیمو شاعیر

ـ شاعیرو حەكیمو ڕۆژنامەنوسی ماندوونەناس، حاجی تەوفیق بەگی سلێمانی، ناسراو بە (پیرەمێرد)، كوڕی حەمزە ئاغای مەسرەفە، ساڵی ١٨٧١ لە سلێمانی لەدایك بووە.

ـ لە منداڵییەوە قورئانی پیرۆزی خوێندووەو بۆ خوێندنی فەقێیەتی چۆتە زۆرێك لە شارەكانی كورستان

ـ ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ شێخ سەعیدی باوكی شێخ مەحمودی حەفید چۆتە ئەستەمبوڵو بۆتە میوانی خەلیفەی عوسمانی. لەوێوە چووەتە حەج، كە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبوڵ، بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەوێ ماوەتەوەو بەفەرمانی سوڵتان عبد الحمید كراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەستەمبوڵ.

ـ پیرەمێرد لەبەر لێهاتوویی‌و بەتوانایی، لە زۆربەی ناوەندەكاندا دەركەوتووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بۆتە ئەندامی چالاكی (كۆمەڵەی تەعاون‌و تەرەققی كورد)و بە خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ئۆرگانی كۆمەڵەكەش – گۆڤاری (كورد)– هەڵبژێرراوە.

ـ هەر لە ئەستەمبوڵ كۆلیژی حقوقی تەواو كردووەو هاوسەرگیریی كردووە.

ـ لەسەرێكی ترەوە لەگەڵ زانای گەورە مامۆستا (سەعید نورسی)دا ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی (كۆمەڵەی ئیتتحادی موحەممەدی) بوون، بۆیە لەبەر چالاكیی‌و هەڵوێستی بەرهەڵستكارانەیان هەردووكیان دەسگیر كراون‌و پێكەوەش دادگاییكراون‌و حوكمدران، هەرپێكەوەش ئازاد كراون.

ـ جگە لەوانە پیرەمێرد ئەندامی (كۆمەڵەی زانستی كوردان)و[١] (كۆمەڵەی كوردستان)و (كۆمەڵەی سەربەخۆیی كورد)و (كۆمەڵەی هێڤی) بووە.

---

[١] نمونەیەكی وێنەی ئەندامانی كۆمەڵەی زانستی لە بەشی پاشكۆكاندا ببینە.

ـ له ڕووی ئەزمونی ئیدارییەوە بۆ ماوەیەك قایمقامی قەزاكانی (بالاوا)و (قەرەمورسل)و (جولەمێرگ) بووە، ١٩١٨ كراوەتە والی پارێزگاری ئەماسیا.
ـ پیرەمێرد له زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەكانی سەردەمی خۆیدا بە چەندین ناوو نازناو وتاری هەیە، له ١٩١٨ ڕۆژنامەی (ژین)ی له ئەستەمبوڵ به كوردیو توركی دەر كردووە.
ـ له سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ بۆ هەمیشه گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی زێدی خۆیو ڕۆژنامەی (ژین)و (ژیان)ی دەركردووەو زیاتر له شەش هەزار پەندی كوردی كردووە به شیعر.
ـ پیرەمێرد لەگەڵ بەرفراوانبوونی جموجووڵەكانی سۆڤیەتو كشانی بیری كۆمۆنیستیی بەرەو سوریەو عیراق، له ساڵی١٩٤٠دا نامیلكەیەكی دژی هەڵپەو شاڵاوەكانی شیوعییەت نووسیوە، بەناوی (ئاوەڕەشەی ڕووسی سوور)(!)،[1] تیایدا زۆر به توندی هەوڵە پاوانخوازییەكانی سۆڤیەت پرۆتستۆو مەحكوم دەكاو ڕەخنه له سیاسەتی شیوعییەكان دەگرێت.. له بەشی كۆتایی ئەم كتێبەدا چەند پەرەگرافێك لەو نامیلكەیە دادەنێین.
ـ پیرەمێرد به پەیڕەویی له سوننەتێكی ئیسلامیی، وەصیەتنامەیەكی بەجێ هێشتووەو له بەشێكیدا هاتووە: "... ئەمجارە ئەمرم، له مردن ناترسم، ژیانێكی باشو عومرێكی درێژم ڕابوارد، گەلێ شارانو وڵاتان گەڕاوم، گەورەو پادشاهانم دیوە، به سەربەرزیی ئەزانم كه له ڕێی باوەڕی خۆما

[1] پیرەمێرد له١٩٤٠ ئەو نامیلكەیەی له چاپخانەی ژیان له سلێمانی، چاپكردووە، بەڵام شیوعییەكان پێچاویانەتەوەو نەیانهێشتووە بڵاوببێتەوە، لەو كاتەوە نامیلكەكه توندی زیندانی هەندێك ئەرشیف كراوەو چاپ نەكراوەتەوە (!)، بەندە پاش هەوڵێكی زۆر، به سوپاسەوە وێنەیەكی ئەسڵی نامیلكەكەم له (بنكەی ژین) دەسكەوت. هیوادارم له نزیكترین هەلدا به ڕێنووسی نوێ چاپی بكەمەوە، نمونەی له بەشی بەڵگەنامەكانی ئەم كتێبەدا ببینه.

حەپسو زیندانێکی زۆرم دیوە... ڕوو ئەکەمە قاپی ئەبەدیی، بە بێ ئەوەی کە ماڵی کەسم خواردبێ... خۆم بە ئاخیرخێر ئەزانم ... ئامۆژگاریم ئەوەیە شوێن ماددە مەکەون، دونیا زۆر بە گران مەگرن، تا ئەتوانن خزمەتی ڕاستو بێ موقابیلی قەومو زمانو وڵاتەکەتان بکەنو دەستی داماون بگرنو لە دین لامەدەن، خواو پێغەمبەری خۆتان بناسنو ڕەوشتتان پاکو خاوێن بێ... مزگەوتی (هەمزە ئاغا)ش فەرامۆش مەکەن، مەڵبەندی خوێندنی ئاینە، ماڵی خوایە" [١]

---

١ بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ژیاننامەی پیرەمێرد، بڕوانە:(پیرەمێردی نەمر، محەممەد ڕەسولْ هاوار، بەغدا،١٩٧٠و یادی پیرەمێرد، عەلادین سەجادیو ڕۆژنامەکانی (ژین)و (ژیان).

## ٤- حەمزە موکسی

ـ حەمزە موکسی، ساڵی ١٨٩٢ لە ناحیەی (موکس)ی سەر بە قەزای (گواش)ی پارێزگای (وان)ی باکوری کوردستان لە دایك بووە.

ـ کوڕی حاجی بەکری موکسی یەو لە سەرەتای تەمەنییەوە لە شارەکانی موکس‌و وان‌و ئەستەمبوڵ خوێندویەتی.

ـ لە (دار الفنون)ی ئەستەمبوڵ خوێندنی تەواو کردوەو قوتابخانەی (ئامادەکردنی وتاربێژان)یشی بە سەرکەوتوویی بڕیوەو ساڵی ١٩١٨ بوو بە مامۆستا، دواتر بۆ ماوەیەك بووە بەڕێوەبەرو مامۆستای قوتابخانەی (میرحەسەن وەلی) لە (موکس) کە خۆی تیایدا خوێندبووی.

ـ بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە قوتابخانەی (هەرهور) لە شاری وان، بووە بە قوتابی عەللامە سەعید نورسی، بۆیە نورسی یەکەم کەسایەتییە کە لە پەروەردەو فێرکردنی (حەمزە موکسی)دا ڕۆڵی هەبووە.

ـ نورسی لە سالآنی ١٨٩٧و ١٩٠٧و ١٩١٤ لەو قوتابخانەیەی (هەرهور) - کە دەکەوێتە ناو قەلآی مێژوویی شاری وان- مامۆستا بووە. ئەو قوتابخانەیە لەکاتی پەلاماری ئەرمەنەکاندا سوتێنرا، نورسی لەوجێیەدا وانەی بە٢٠٠ کەس دەگوتەوە.

ـ حەمزە بەشداری کردووە لە چاپکردنی کتێبەکانی سەعید نورسی مامۆستایدا، بەتایبەتی بۆ خۆی (إشارات الإعجاز)ی نووسیوەتەوە.

ـ حەمزە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستانی) بووە، هەروەها (بەڕێوەبەری بەرپرس) بووە لە گۆڤاری (ژین)ی زمانحاڵی کۆمەڵەی ناوبراو بووە لە ژمارە (١) تا (٢٠) بە بێ دابڕان.

ـ لە دامەزرانی (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد) و کۆمەڵەی (هێڤی)یش لە ئەستەمبوڵ ڕۆڵی کارای هەبووە، کاتێك بەشی ئەدەبی فارسی خوێندووە لە زانکۆی ئەستەمبوڵ، لە ١٩١٢/٨/١٩.

ـ قەدری جەمیل پاشا ئاماژە بەوە دەکات کە حەمزە موکسی لە (ڕۆژی کورد)ی زمانحاڵی (هیوا) دەینوسی. بەڵام ناوی لە ٤ ژمارەکەی (ڕۆژی کورد)دا نیە، وا دیارە کاری پێداچوونەوەو هەڵەچنی کردبێ.

ـ هەروەها حەمزە موکسی لە کۆمەڵەی (نشر المعارف الكردية)دا چالاك بووە، کە ساڵی ١٩١٠ لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە.

ـ حەمزە لە پێشەکی (مەمو زین)دا پێشەکییەکی بەزمانی کوردی نوسیوە، ئەم کتێبە پاش چاپکرانی کۆکرانەوەو سوتێنران.

ـ موکسی بەشداریی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩١٤ی شاری بتلیسی کردووە. ـ (نیکیتین) باس لەوەش دەکات کە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران گیراوەو لە دیاربەکر دادگایی کراوە.

ـ بەڵگەنامەیەك کە هەستی نەتەوەییو خەمخۆریی حەمزە دەسەلمێنێ – جگە لەو هەوڵە زۆرانەی– ناوەرۆکی بەشێك لە نامەیەکییەتی کە بۆ دەزگیرانەکەی (عەدالەت خانم)ی نوسیوە، کە لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت: "من کوردم، ئامادەشم هەرچی دارونەدارم هەیە لە پێناوی دۆزو نەتەوەی کورددا ببیەخشم، دڵنیاشم چەندین ئەرکی زۆر چاوەڕێم دەکات".

ـ حەمزە موکسی سەرپەرشتی پێداچوونەوەو چاپی (إشارات الإعجاز)ی نورسی کردووەو لە یەکەم چاپی عەرەبیدا لایەنێك لە ژیانی مامۆستاکەی (واتە سەعید نورسی) پێ زیاد کردووەو لەگەڵ (بەڵێنی دەیەم) (الوعد العاشر)ی مامۆستا نورسی چاپ کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩١٩دا گەورەترین شاکاری ئەدەبی کلاسیکی کوردی چاپ کرد کە کتێبی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی یەو پێشەکی بۆ نووسیوە.[١]

---

١ تا ئێرەی ئەم بابەتەی دەربارەی موکسی (بێرسینی) بە تورکی نوسیویەتی، (سالار ئاشتی) وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، بەندەش کردمە کوردی.(سەرچاوە:گۆڤاری بیر، ژ:٧).

- "حەمزە موکسی لە ١٩١٩/٦/٣ ئەستەمبوڵی جێهێشتووە بەرەو (ماردین)و لەوێوە بەرەو شاری (دیاربەکر) ڕۆشتووەو دەستی کردووە بەچەند چالاکییەك، بەمەبەستی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، کە هەموو ویلایەتەکانی خۆرهەڵات بگرێتە خۆی. ناوبراو دانی بەوەدا ناوە کە کۆمەڵەی (پێشکەوتنی کوردستانی) لە ئەستەمبوڵەوە ناردویانە بۆ ماردین. سەری لە (عبد القادر پاشا) داوەو وتاری داوە بۆ کوردانو داوای لێکردوون هەموو ویلایەتەکان یەکبگرنو کاتی هاتووە کوردستان سەربەخۆ ببیٚو فەرمانبەرانی تورك دەربکرێن، چونکە گەندەڵو ڕەگەزپەرستن..

- حەمزە دانی بەم تاوانەدا ناوە، جگە لەوە وەرەقەیەکی پیٚ بووە کە تێیدا نووسراوە: هەرچەند کاری کێڵگەکە ناتەواو بیٚ، بەڵام بە پشتیوانی خوا هەرچاك دەبێت.

- هەروەها لە ١٩١٩/٣/١٦ نامەیەکی بۆ عبد المجيد مامۆستای عەرەبی لە دواناوەندی دیاربەکر ناردووەو تێیدا داوای لیٚ کردووە کە هەوڵ بدات بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

- بۆیە لەبەر ئەو تاوانانەو بە پێی ماددەی (٤٥)ی یاسای سزادانو تۆمەتی خیانەت بە نیشتیمان، حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە، بەڵام سەیر ئەوەیە پاش ماوەیەکی کەم ئازاد کراوە.[١]

---

١ شایانی باسە لە ژمارە (٤٨٢)ی ڕۆژنامەی (سەربەستی)دا –کە لە ١٩١٩/٥/١ دەرچووە– ئاماژە کراوە کە لەو کاتەدا لە مەڵبەندی (جمعية التقدم الكردستانية) کۆبوونەوەیەك کراوەو بڕیاردراوە وەفدێکی بیریارو ڕوناکبیری کورد بنێررێن بۆ کوردستان بۆ هۆشیارکردنەوەی گەلی کوردو ڕێنموییکردنیانو ئاگادارکردنیان، دەربارەی هەستیاریو شێواویی وەزعی وڵاتو هەنگاوەکانی داهاتوو.

ـ سالّی ١٩٢٥ بەشداریی لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا کردووە، بۆیە جارێکی تر لە ناوچەی ئومرەلی ماردین دەسگیر کراوەو حوکمی دە سالّ زیندانی دراوە بە سەریدا. محەممەدی میهریی دشەیی هەورامی، بەبۆنەی ئەو گرتنەی (حەمزە موکسی) هاوڕێیەوە، لە گۆڤاری (کوردستان)ی ئەستەمبولّ، کە خۆی خاوەن ئیمتیازو بەرپرسی بووە، لەژێر ناونیشانی (شینا مەلا حەمزە، خودێ بیهێلّێ)، بەشێوەزاری کرمانجی ژوروو چامەشیعرێکی بلّاو کردۆتەوە، تیایدا دژایەتی جەندرمەی تورکو وەصفی حەمزەی کردووە.[1]

ـ لە٧/٥/١٩٢٨ حەمزە کەوتۆتە بەر لێبوردنی گشتیو دواتر سەفەری میصری کردووەو لەوێوە چۆتە لوبنان.

ـ ناوبراو ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی (خۆیبون)یش بووە، کە لە١٩٢٧ دامەزرا.

ـ حەمزە موکسی لە کاتی ئاوارەییشدا لە چالاکی نەکەوتووە، لە سالّی ١٩٣٢دا لە گوندی (عین دیدار) قوتابخانەیەکی دامەزراندووە بۆ منداڵانی کورد.

ـ لە ١٩٤٠ موکسی چووە شاری حەسەکەو بوو بە بەڕێوەبەری دواناوەندی حەسەکە، تا کاتی وەفاتی مایەوە (واتە ٢٠ سالّ لەو شوێنە خزمەتی کرد).

ـ لە ١٩٤٣ کرا بە بەرپرسی گشتی هەموو قوتابخانەکانی پارێزگای جزیرە.

ـ حەمزە موکسی لە کۆتایی تەمەنی، لە سوریە مایەوەو ڕەگەزنامەی سوری وەرگرتو لە شاری حەسەکە کاتێك بەڕێوەبەری دواناوەندیی ئەو شارە بوو.

ـ ڕۆژی ٥/٤/١٩٥٨ لە تەمەنی ٦٥ سالّیدا کۆچی دوایی کرد.

---

١ بڕوانە: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ٤١٢.

## ٥- مامۆستا حاجی مەلا حوسەینی مەجدی

مەلا حوسەینی مەجدیی،[١] ساڵی (١٢٦٨هـ/١٨٨٩ز)، لە گوندی (قالوی) نزیك شاری مەهاباد لەدایکبووە، لای گەورە زانایانی کوردستان خوێندوویەتی، زۆربەی قورئانی لەبەربووە. تایبەتمەندیی‌و ئاکاری زۆر بەرزی هەبووە، تەمەنی لەمزکەوت‌و حوجرەکانی کوردستاندا بەسەربردووە، زۆر ڕەوانبێژو خوێندەوارو بەهەیبەت بووە، لە زانستەکانی تەفسیرو حیکمەت‌و کەلام‌و مەنتیقدا زۆر شارەزا بووە. لە ڕووی ئەمانەت‌و لەخواترسان‌و تەقواو ڕەفتاری شیرینیشەوە، پێشەنگ‌و نمونە بووە، دەیان فەقێی پێگەیاندووە. تا کۆتایی ژیانی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی بازاڕی مەهاباد بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٤٦دا کە شورای باڵای حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، ناوبراو بووە یەکێك لە ئەندامانی، هەروەها گەورەترین خزمەتی بە کۆماری کوردستان کردووە‌و یەکێك بووە لەپشتیوانە ماندوویی نەناسەکانی پێشەوا قازی محەممەد.

ـ لەکابینەی حکومەتی کۆماری کوردستاندا، سەرۆکی دەزگای قەزایی بووە.

ـ یەکێك بووە لە نووسەرە پێشەنگەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی کۆمار.

ـ مامۆستا مەلا حوسەین مەجدی، ساڵی (١٣٥٠هـ/١٩٧١ز)ی کۆچی دوایی کردووە.[٢]

---

١ وێنەیەکی مامۆستا مەجدی لە بەشی پاشکۆکاندا ببینە.

٢ تاریخ مهاباد، سید محمد صمدی، ص: ٣٥٢.

## ٦- خەلیل خەیالی

ـ خەلیل خەیالی قوتابییەکی پەروەردەبووی مامۆستا سەعید نورسییە، خەڵکی (مۆتکی) سەر بە پارێزگای (بتلیس)ەو لە هۆزی (مۆدان)ە، تەمەنی لاوێتیو خوێندنی لە شاری ئەستەمبوڵ بەسەر بردووە. زمانەکانی فارسیو عەرەبیو فەڕەنسی زانیوە.

ـ ئەندامی کاراو چالاکی (کۆمەڵەی کوردیی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی)، (کرد نشر معارفی) بووە، کە ئەحمەد ڕامیز کوردیزادە سەرۆکی بووە.

ـ ساڵی ١٩٠٨بەشدار بووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد)، لە شاری ئەستەمبوڵ، بە سەرپەرشتی شێخ عبد القادری کوڕی شێخ (عبید الله)ی نەهری.

ـ بەپێی زۆرێك لە سەرچاوەکان، ساڵی ١٩١٠ز ڕێکخراوێکی خوێندکاریی بۆ بڵاوکردنەوەی زانستو زانیارییو پشتیوانیی قوتابیانی کورد، لە شاری ئەستەمبوڵ دامەزراوەو ژمارەیەك لە قوتابیانی مامۆستا سەعید نورسی ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دامەزراندنیدا، لەوانە: بە پلەی یەکەم خەلیل خەیالی، حەمزە موکسی، محەممەد میهری (هەورامانی)، ئەحمەد ڕامیز، "بە تایبەتی خەلیل خەیالی بەگ، خوێندکارانی هانداوە بۆ ئەوەی (هێڤی) دابمەزرێنن... ئەم کەسانە ڕۆژانێکی زۆر بۆ نووسینی پێڕەوی کۆمەڵەکە لە مزگەوتی مەکتەبدا کۆ دەبنەوە، ساڵی ١٩١٢ بەشێوەی ڕەسمیی مۆڵەت لە حکومەت وەردەگرنو دامەزراندنی (هێڤی) ڕادەگەیەنن."[١] خەلیل بەچەندین وتاری حەماسیو گەرم، هانی لاوانی دەدا کە بخوێنن، هەروەك لە چەندین

---

١ جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، لا: ٩٧. جێی باسە لە ژمارە (٤)و(٥)ی گۆڤاری (هەتاوی کورد)ی ساڵی ١٩١٤و ژمارە (٢١)ی (ژین)ی هەمان ساڵدا، ناوی کۆمەڵەکە بەوناوە (واتە:هێڤی فەقیهێ کوردان) هاتووە.∞

وتاریدا که پێش نزیکەی سەد ساڵ نووسیونیو بڵاوکراونەتەوە، ڕەخنە لە زاناو مەلاو خوێندەوارانی کورد دەگرێت، کە بە عەرەبی و فارسیو تورکی دەنووسنو خۆیان فێری زمانی کوردیی ناکەن. ڕێکخراوەکە سەرەتا ناوی (جڤاتا هێڤی فەقیهێ کوردان) بوو، دواتر پێیان وتووە: (جڤاتا هێڤی قوتابییانێن کورد).١

خەلیل خەیالی جگە لەوە کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی بوو ژمێریارو سەرپەرشتیاری ڕێکخراوەکەش بوو، هەر بۆ خۆیشی بنەماکانی ڕێکخراوەکەو پێڕەوەکەی نووسی، کە لەبەشێك لە مادەکانیدا هاتووە:

" ا-بەیەکدیناساندنی قوتابیانی کوردو دروستبوونی پەیوەندی برایانە لەنێوانیاندا. ب- هەوڵدان بۆ چاککردنی زمانو ئەدەبیاتی کورد. ج - تێکۆشان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستییو کۆمەڵایەتیی کوردان"٢

- ساڵی ١٩١٨ بە هاوکاریی حەمزە موکسیو سەعید نورسیو ژمارەیەکی تر، کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان)یان دامەزراند' ئەوان یەکەم کارەکانی دامەزراندنی جەمعییەتی تەعالی کوردستانیان ڕاپەڕاندووە"٣

- بدیع الزمان سەعیدی نورسی لە کتێبێکیدا ستایشێکی زۆری ئەم قوتابییەی خۆی دەکات، کە مامۆستا ڕەسوڵ هاوار لێی نەقڵ دەکات، نورسی دەڵێت: "خەلیل خەیالی ئەو کەسەیە کە بناغەی پیتەکانی ئەبجەدی

---

١ لە ژمارە ٤ و٥ ی گۆڤاری (هەتاوی کورد) دا ئاماژە بەمە کراوە.

٢ ڕۆژی کورد، ئامادەکردنی عبد الله زەنگەنە، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا: ٧٥.

٣ محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان لە ژمارە (٧)ی ژین، لە ١٩١٩/١/٢، لە بڵاوکراوەکانی دەنگ، سوید، ١٩٨٩، لا: ٢٣، هەروەها: زنار سلوپی لە: دۆزا کوردستان، دەزگای ستێر،١٩٦٩، لا: ٥٢و ئیسماعیل گوێڵداش لە: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، و:زریان ڕۆژهەڵاتی، لا:٤٠. جەختیان کردۆتەوە کە ئەو سێ کەسە دەستەی دامەزرێنەر بوون.

کوردیی داهێناو بناغەی زمانی کوردی دانا. ئەو کوردە نیشتیمانپەروەرە وەك ئەستێرەیەکی گەشەداری ئاسمانی کوردستان وایە، خەلیل داهێنەری بناغەی چۆنیەتی گۆڕینی زمانەکەمانە." لە کۆتاییدا مامۆستا نورسی دەڵێت: "داوا لە هاووڵاتیان دەکەم ڕێبازی ئەو بگرنەبەرو بیروبۆچونەکانی بکەن بەبناغەی سەرەتای وانەکانمان."پاش ئەو نەقڵە لە نورسی، ڕەسوڵ هاوار دەڵێت: "ئای چەند گرنگەو جێی دڵخۆشکردنە! لەناو کوردا مامۆستایەکی بەرزی ئەو سەردەمەی وەکو بدیع الزمان، ئا بەوجۆرە ڕێزی لە قوتابییەکی خۆی گرتووەو بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو داوای لە هاووڵاتیانی کوردیش کردووە کە پێڕەوێتی ئەو بکەن، کە لام وایە لە ناو کوردا کەمجار مامۆستای وا بەرزو پاك هەڵدەکەوێ بەرامبەر بە قوتابییەکی خۆی." ١

ـ پرۆفیسۆر د. عز الدین مستەفا ڕەسول دەگێڕێتەوە کە قەدری جەمیل پاشا (زنار سلوپی) بۆی گێڕاوەتەوە، لە ساڵی ١٩٠٨ دا لەگەڵ ئەکرەم بەگی ئامۆزایدا چوونەتە ئەستەمبوڵو دیویانە لە شوێنێك نوسراوە: (مەدرەسەی مەلا سەعیدی کوردی)، چوونەتە ژورەوەو مامۆستا نورسی پێی خۆش بووەو پێی گوتون: "کوڕم! بەخێر بێن، منیش پێتان شادم، لە خوێندنی زانستگاکان باشتر ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێك بێنە لای من کوردیی بخوێنن، کوردی فێربوونەکە فەرزترە."قەدری بەگ دەڵێت: "ماوەیەك دەچووین کوردیمان دەخوێند، هەر ئەو (مەلا سەعید)ە بەشێکی ناوخۆی پیشانداین، کە (خەلیل خەیالی) بەڕێوەی دەبرد، بەڕۆژ لای ئەو (مەلا سەعید) کوردیمان دەخوێند، بە شەویش (خەلیل خەیالی) کوردایەتی فێر دەکردین..

---

١ مێژووی کوردو باکوری کوردستان، محەممەد ڕەسوڵ هاوار، لا: ٤٧٢. قسەکەی نورسی لەو کتێبەیدایە بەناوی (ئیکی مکتب شهادەتنامەسی) کە بەتورکی نوسیویەتی. (زنار سلوپی)یش ئەم باسەی لە (في سبیل کوردستان) لا: ١٨ گێڕاوەتەوە.

ـ (خەلیل خەیالی) لەسەر شێوەنوسینی کوردی کتێبێکی بەناوی (ئەلفبای کرمانجی) ساڵی ١٩٠٧ نوسیوەو لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە، کە بە یەکەمین دەستپێشخەری ڕوناکبیرێکی کورد دادەنرێت لە نووسینی ئەو بابەتەدا.

ـ هەروەها "خەلیل فەرهەنگێکی کوردی –عەرەبی ئامادەکردووەو داوای لە میهری کردووە کە وشە فارسییەکانی بەرامبەر ئەو وشانە بنووسێت، بەڵام بەرلەوەی بڵاو بکرێتەوە لەلایەن (ضیا طیوك ئالپ)ەوە سوتێنراوە، دیارە ئەو ڕووداوە لە کاتێکدا بووە ئاڵپ – کە پێشتر کاری لەسەرزمانی کوردی کردووە–ڕووی کردبووە تورکایەتیی‌و وازی لە کاری کوردایەتی هێنابوو." [١]

– (پیرەمێرد)ی شاعیرو ڕۆژنامەنووسیش، دەربارەی خەلیل خەیالی دەڵێت: ".. ڕەفیقێکم بوو، یادی بەخێر، (خەلیل خەیاڵی)، زۆر خوێندەوارو بەویقارو بەئاثار، هەمیشە بەیەکەوە بووین! پێی گوتم: ئاغا، مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان هاتووە، هێشتا تۆ نەچووی بیبینی؟ وتم: کاکە، منو مەلایان نەوتووە، وتی: ئاخر ئەویش وەك تۆ لە مەلایان بێزارە. تەعریفی وا بۆ کردم دەستبەجێ وتم: هەستە با بڕۆین. وتی: باشە، وا ئێوارەیە، درەنگە ئێستا کەسی لەدەور نەمابێ. کە چووین، لەدوور ئێمەی بەچاو کرد، هەستا هات بە پیرمانەوە، بە (خەیاڵی بەگ)ی گوت: یاخوا بەخێر بێی، دیارییەکی قنجت بۆ هێناوم. باوەڕم ئەوەیە ئەمە (سلێمانیەلی تۆفیق بەگ)ە،! ناوی پیرەمێردە، (خەیاڵی)ش وتی: سەیدا! بەچت زانی هەوە؟ وتی: دڵم خەبەری دامێ، هەویش نەبێ، بەو نیەتە دەست ئەکەمە ملی، دەستی ڕاستی بەسەرشانمدا هێنا، خستیە پشت شانمەوە، وتی: موصافەحەی کوردان وەسانە.[٢]

---

١ چڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمسیانژ، زریان، ژین، ٢٠٠٨، لا: ١٥٢.

١وتارەکە لە لاپەڕە (٢–٣)ی، ژمارە (٦٦١)ی، ساڵی ١٩٤٢ی (ژین)دا، بڵاو کراوەتەوە

٧- تیشکێك لەسەر ژیانو خەباتی عەللامە سەعید نورسی

ـ زاناو نوسەرو بیرمەندی گەورەی کوردو جیهانی ئیسلام، بەدیعوززەمان سەعید نورسی، ساڵی (١٨٧٦ز) لە گوندی (نورس)ی سەر بە پارێزگای (وان) لە باکوری کوردستان، لە دایك بووە.

ـ هەر لە تەمەنی لاوییەتیو لە ١٦ساڵیدا، ساڵی١٨٩٢ نازناوی هەڵکەوتووی سەردەم (بدیع الزمان)ی لەلایەن زانایانی ئەو کاتەوە پێ دراوە، ئەمەش پاش گفتوگۆیەکی زانستیی کە لە شاری (سعرت) لەگەڵی کراوە.

ـ ساڵی ١٨٩٥ دەسەڵاتی عوسمانی دووریان خستەوە بۆ شاری (بتلیس).

ـ لە ١٨٩٧ دەقو مەتنی ٩٠ کتێبی لە زانستە شەرعییەکاندا لەبەرکردو توێژینەوەی لە زۆربەی زانستە هاوچەرخەکانیشدا ئەنجام دا.

ـ ساڵی ١٩٠٧ چووە شاری ئەستەمبوڵو ڕایگەیاند کە ئامادەی وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانی خەڵکییە.

ـ هەمان ساڵ نامەیەکی نووسی بۆ سوڵتان عبد الحمیدو داوای چاکسازیی کرد لە ناوچەکانی کوردستان.

ـ هەر لەو ساڵەدا، ئاشنا بوو بە شاعیرو ڕۆژنامەنووسو پەندزانی گەورەی سلێمانی تەوفیق بەگ کە بە (پیرەمێرد) ناسراوە.

ـ نورسی ساڵی ١٩٠٨ لەگەڵ ژمارەیەك لە دۆستانی، کۆمەڵەی (یەکێتی محەممەدی)یان پێکهێنا.

ـ هەمان ساڵ بەبۆنەی ڕوداوی (٣١))ی (مارت)ەوە لەگەڵ پیرەمێردی شاعیرو ژمارەیەکی تر لە ڕوناکبیرانی کوردو تورك دەسگیر کران.

ـ نورسی لەو چەند ساڵەی ئەستەمبوڵدا چەندین وتاری لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیو تورکییەکاندا بڵاو کردۆتەوە، وەك: (کورد)و (وۆلقان)و (شەرقی کوردستان)و (سەربەستی)و (سبیل الرشاد)و هتد..

ـ ساڵی ١٩١١ سەردانی وڵاتی شامی کردو لە مزگەوتی گەورەی (ئومەوی) لە شاری دیمەشق وتارێکی مێژوویی بە زمانی عەرەبیی دا، کە بە (الخطبة الشامية) ناوبانگی دەرکردووە.

ـ ساڵی ١٩١٤ لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا تیپی خۆبەخشی موجاهیدینی دژ بە ڕوسەکان دامەزراندو خۆی وەك ئەفسەرێکی میللی بووە سەرکردەیان.

ـ پاش بەشداریی چالاکانەی شەڕی دژەڕوس، ساڵی ١٩١٦ دیل کراو لە سیبیریای ڕوسیا زیندان کرا، بەڵام خوا هەلێکی بۆ ڕەخساندو ساڵی ١٩١٨ ڕای کردو لە ڕوداوێکی سەیرو سەمەرەدا بە پێو بە پیادە، لە(سیبیریا)وە بەرێی وڵاتەکانی (ڤیەننا)و (ئەڵمانیا)دا گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ.

ـ لەو ساڵەداو لەو دیلیەتییو کزییو دەربەدەرییەوە –بەبێ ئەوەی پرس بەخۆی بکەن– کرایە ئەندامی دەستەی باڵای زانایانی دەوڵەتی عوسمانیی، کە بە (المشيخة الإسلامية) ناسرابوو.

ـ ساڵی ١٩٢٢ چوو بۆ شاری ئەنقەرەو سەردانی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی کردو وتارێکی گرنگی ئاراستەی پەرلەمانتاران کرد.

ـ نورسی چەندین جار لە ژیانیدا دادگایی کراوەو زیندان کراوەو دوور خراوەتەوە، لە تەمەنیدا نەفی کراوە بۆ ئەم شارانە: (بوردور)، (ئەمیرداغ)، (بارلا)، (ئەسبارتە)، (قەستەمونی).[1] هەروەها لە (وان)و (بارلا)و (دینیزلی)و (ئەفیون)و (ئەستەمبول) چەندین جار دادگایی کراوە.

---

[1] لە ساڵانی ١٩٩١ بۆ ٢٠٠٩ سەردانی هەندێك لەو شارانەم کردووە کە یادگارییەکانی مامۆستا (نورسی)یان تێدایە، وەك: شارەکانی: وانو تاتوانو بتلیسو جزیرەو ئەمیرداغو بارلاو ئەسبارتەو قەستەمونیو.. هتد، جگە لە جێیادگارییەکانی لە ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ، بەشێك لەو گەشتو دیدارانەشم کردووە بە نامیلکەیەك بەناوی (گەشتێکی نورانیی، لە بەشی پاشکۆکاندا نمونەی هەندێك لەو شوێنو سەردانانە ببینە).

ـ له سەرەتای ساڵی١٩٦٠ دا گەشتێکی کرد بە شارەکانی (قۆنیا)و (ئەسبارتە)و (ئەمیرداغ)و (ئەنقەرە)و (ئەدەنە)و (غازی عەینتاب)و (ئورفە)و چەند جێی ترو هاوەڵو قوتابییەکانی بەسەر کردەوە، هەروەك ماڵئاوایی ژیانیان لێ بکات.

ـ لە ١٩٦٠/٣/٢٣، پاش تەمەنێکی موبارەكو خزمەتێکی زۆرو نوسینی دەیان کتێبو نامیلکەو پەروەردەکرنی صەدان قوتابی هەڵکەوتوو، کۆچی دوایی کرد.[١]

**سەعید نورسی لە ئەستەمبوڵ:**

(ڕۆهات ئەلاکۆم) لە نوسینێکیدا دەربارەی کوردانی ئەستەمبوڵی کۆن، باس لە مامۆستا نورسی دەکات وەك کارەکتەرێکی چالاکی کوردو خەمخۆرێکی هەژارانی کورد، بە تایبەتی کوردانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ. بۆیە ئاماژە دەکات کە نورسی هەمیشە لەو ناوچانەدا گەڕاوە کە کوردە هەژارەکانی لێ بووەو لە چارەسەر گەڕاوە بۆ گرفتەکانیان. لەو ساڵانەدا نزیکەی ٣٠ هەزار کورد لە ئەستەمبوڵ هەبوون. پاشان قسەیەکی نورسی نەقڵ دەکات کە شوێنی کوردەکان بە گشتیو قاوەخانەکان گەڕاوەو هەوڵی هێنانەسەرڕێی ڕاستی ئەوانی داوە.[٢] نورسی دەڵێ: "لە عەیبدارکردنی نەتەوەی کورد ترسام."[٣] (ڕۆهات) لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێت: "لە ژینگەیەکیوەهادا کە سەعید نورسی بۆ کوردی ئەستەمبوڵ بووەتە (باوکی دەردان) پێشەوایەتیو هاوپەیمانێتیی بۆ کردوون، کوردپەروەرییەکی

---

١ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامەی نورسی، بڕوانە: (السيرة الذاتية)ی نوسینی خۆی، کە لە لایەن (إحسان قاسم الصالحی) کراوە بە عەرەبی، هەروەها سایتی (نافذة النور)، کە تایبەتە بە ژیاننامەو بەرهەمەکانییەوە.

٢ کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، نوسینی: ڕۆهات ئەلاکۆم، وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە، ٢٠٠٥، هەولێر، لا: ٩٣.

٣ دیوانی حەربی عورفیی، سەعید نورسی، نەشریاتی تەنویر، ئەستەمبوڵ، ١٩٩٢، لا: ١٠.

بەتینی خۆیمان بۆ دەنوێنێ. بۆ ئەوەیوانەکا گەرد بەسەر کوردەکانی ئەستەمبوڵدا بنیشێتەوە، سەعید نورسی هەوڵێکی زۆر دەدا، هەمیشە شانازیی بەبوونی کوردەوە دەکاو لەهەموو بوارێکیشدا ئەمە دەردەخا.. لەو ماوەیەدا کە لە ئەستەمبوڵ بووە بیری لەبارودۆخی پەرێشانی کوردستان کردۆتەوە".[١] سەعید نورسی بۆ خۆی دەڵێ: "ساڵێو نیوێکە لێرە (لە ئەستەمبوڵ) بۆ بڵاوکردنەوەی زانست لە کوردستاندا تێدەکۆشم." هەروەها دەڵێ: "من لە چیاکانی کوردستاندا پەروەردە بووم، ڕەوشتی مەحکەمم دەبێ بە قەپانی کوردستان کێشانە بکرێ. نابێ بە تەرازووی هەستەوەریی ئەستەمبوڵی پێشکەوتوو پێوانە بکرێ." [٢]

ـ مامۆستا سەعید نورسی خاوەنی میتۆدێکی فیکریی تایبەت بەخۆی بوو، ئەو پێی وابوو کە بۆ ئەو سەردەمەی تورکیا –واتە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست– هەنگاوی یەکەم لەوەوە دەست پێدەکات کە ناوی لێنابوو (ڕزگارکردنی ئیمان)، چونکە بیروبڕواو ئیمانی موسڵمانانی تورکیا لەژێر هەڕەشەی کەمالیزمو عەلمانییە تورانییو توندڕەوەکاندا بوو.

ـ بۆیە نورسی لەڕێی بەرهەمە ئیمانییو فکرییەکانییەوە، ڕەوتێکی ئیمانیی میانەڕەوو هۆشیاری لە سەرتاسەری تورکیاو زۆربەی وڵاتانی عەرەبییو ئیسلامیدا خستەڕێ، کە کاریگەریی ئاشکرای بەسەر ڕابوونی ئیسلامیی هاوچەرخەوە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامیی دیارە.[٣]

---

١ کوردەکانی ئەستەبوڵی کۆن، ڕۆهات ئەلاکۆم، لا: ٩٣

٢ دیوانی حەربی عورفیی، سەعید نورسی، تەنویر، ئەستەمبوڵ، ١٩٩٢، لا: ١٨، ٣٢.

٣ جێی خۆیەتی لێرەدا بۆ مێژوو ئەمە بنووسم: بەندە لەبارەی مامۆستا نورسییەوە، دوو شەرەفو شانازیم دەسکەوتووە، یەکەمیان: ساڵی ١٩٨١ – کە تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو– بۆ یەکەمجار بەزمانی کوردی، پوختە ژیاننامەیەکی مامۆستا نورسیم لە شاری

## ٨- سمكۆی شكاك

ـ ئیسماعیل ئاغا، كوڕی محەممەد ئاغای عەلیخانی ئیسماعیل ئاغای سەرۆكی هۆزی شكاكە، كە بە(سمكۆ) ناوبانگی دەركردووە. لە بەهاری ساڵی ١٨٧٥ زاینی لەدایك بووە.

ـ لە ١٩١٢ لە شاری خوی، (كۆمەڵەی جیهاندانی) دامەزراندووە.

ـ لەجەنگی جیهانیی یەكەمدا لەبەر دژایەتی، ڕوسەكان گرتیانو دواتر ئازادیان كرد

ـ لە ١٩١٩ بۆ دامەزراندنی ئیدارەیەكی كوردیی سەربەخۆ شۆڕشێكی بەرپاكردو لە ١٩٢٢ خۆی بە پادشای كوردستانی سەربەخۆ ڕاگەیاندو حكومەتی پێكهێناو ڕۆژنامەی (كورد)ی بەهاوكاری مەلا محەممەدی قزڵجەیی دەركرد، بەڵام سوپای ئێران پەلاماری داو پەنای برد بۆ توركیا.

ـ لە ١٩٢٦ شۆڕشی هەڵگیرساندەوە، بەڵام دووبارە شكستی هێنا.

ـ لە ١٩٣٠/٦/٢١ لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە بەشێوەیەكی زۆر ناجوامێرانە لە كاتی دانو ستانو گفتوگۆدا كوژرا.[1]

---

مەهاباد چاپ كرد، بەناوی (كەڵە شۆڕشگێڕی كوردستان، سەعید نورسی)، دواتر كە چەند سەردانێكی توركیام كردو زیاتر پێی ئاشنابووم، زنجیرە وتارێكی شیكارشم لە ڕۆژنامەی (یەكگرتوو)دا -كە لە هەولێر دەردەچوو- لە ساڵی ١٩٩٥ بڵاو كردەوە. شەرەفی دووەمیش ئەوەبوو كە لە قوتابییە زۆر نزیكەكانی مامۆستا نورسی لە← →نزیكەوە ڕاستەوخۆ ئەم بەڕێزانەم بینییوە: ١- حوسنی بەیرام. ٢-مستەفا سونگور. ٣- سەعید ئۆزدەمیر.٤- عەلی ئیحسان ئۆزیود ٥- حەسەن حوسەین.٦- محەممەد فەرەنجی، كە تا نووسینی ئەم بابەتە زۆربەیان لە ژیاندا نەماون.

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانو بەسەرهاتەكانی سمكۆ، بڕوانە: شۆڕشەكانی كورد لە سەردەمی نوێدا، جەلیلی جەلیلیو كەسانی تر، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال، هەولێر، ٢٠١٣ز.∞.

ـ شۆڕشی سمكۆی شكاك له گۆڤاری (بانگی كوردستان)ی شێخ مه‌حموددا:
له ژماره (٦)، لاپه‌ڕه (٥)ی گۆڤاری ناوبراودا ئه‌م هه‌واڵو شیعره هاتووه:
"بینا له ئه‌خباری ئه‌سته‌مبوڵ، غه‌زه‌ته‌ی (الرافدین) نووسیویه كه له‌شكری سمكۆ داخڵی ته‌برێز بووه، وه‌زاره‌تی ته‌هران له خه‌وفا ته‌ڵه‌بی مه‌عونه‌تو ئیمدادی له فیرقه‌ی یازده‌هه‌می بولشه‌ویك (روسیه) كردووه".
پاشان ئه‌م شیعره‌ی بڵاو كردۆته‌وه:

صه‌با ! هه‌ڵسه ده‌خیلت بم، بڕۆ بۆ چاری لای سمكۆ
بڵێ: تاوی بدا ئه‌سپی، هه‌تا ته‌برێزو قافلانكۆ
هه‌موو كرمانجی كرمانشاه به ئاواتن به جانو دڵ
سنه حازر، هه‌موو خه‌ڵكی ده‌ڵێن: بێ له‌شكری سمكۆ[1]

له ژماره‌ی دواتریش ئه‌م شیعره‌ش هاتووه:

به‌شاره‌ت بێ، ده‌ڵێن: سمكۆ هجومی كرده سه‌ر ئێران
بڵاوه‌ی كرد عه‌جه‌م، تێكچوون، وه‌كو ڕێوی له‌به‌رشێران
شه‌به‌یخونێكی مه‌ردانه، (شكاك)و (هه‌ركی)یان كردی
بڵندی كرد (بحمد الله)، كڵاوو ته‌پله‌یی كوردان
ده‌سا كوردان فیداتان بم، هه‌موو هه‌ڵسن به یه‌كجاریی
نه‌تیجه‌ی ئه‌م شه‌ڕه، خێره، كه ئیستیقلاله بۆ كوردان[2]

---

١ گۆڤاری (بانگی كوردستان)، ساڵی یه‌كه‌م، ژماره (٥)، ١٩٢٢/٩/٤. ئه‌م گۆڤاره هه‌فتانه له سلێمانی له سه‌رده‌می شێخ مه‌حمودا ده‌رچووه، مسته‌فا پاشا یامولكی خاوه‌ن ئیمتیازی بووه، زمانحاڵی ڕێكخراوی (جه‌معییه‌تی كوردستان) بووه. عه‌لی كه‌مال باپیر ئاغاو نوری شێخ صالح به‌ڕێوه‌به‌ری نوسینی بوون. له ١٩٢٢ تا ١٩٢٦ (١٦) ژماره‌ی ده‌رچووه.

٢ هه‌مان گۆڤار، ساڵی یه‌كه‌م، ژماره (٦)، ١٩٢٢/٩/١٨.

## ٩- عبد الرحمان زەبیحی (عولەما)

- عبد الرحمان زەبیحی، کوڕی صوّفی مینەی ناسراو بە مینەی قورئانخوێنە، لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٠)ی مەهابادە

- هەموو نازناوە خوازراوەکانی (ع.بێژەن)و (بێژەن)و (عولەما) مەبەست ناوبراوە.

- یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (ژ.ك)و سەرپەرشتیاری گۆڤاری (نیشتیمان) زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوە بووە.

- پاش نەمانی کۆمار بەرەو باشووری کوردستان هەڵهاتو بۆ ماوەیەن چووە گوندی (سیتەك)ی شاربازێڕو لای شێخ لەتیفی هەفید مایەوە.

- دواتر ٣٢ ساڵی لە بەغداو سوریەو غەریبی بەسەربرد.

- پاش شۆڕشی کۆماریی عیراق، گەڕاوەتەوە عیراقو لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا درێژەی بە چالاکیی دا.

- ساڵی ١٩٨٢ لە سەفەرێکی نێوان عێراقو ئێراندا، لە کەشێکی گوماناویدا سەرنگوم کراو بێسەروشوێن کراو تیرۆر کرا..[١]

- لە هەڵسەنگاندنی کەسیەتی زەبیحیدا چەندین قسەی دژبەیەك کراون. بۆ ئەوەی کەسیەتی (عبد الرحمان زەبیحی) لە زاری چەند کەسایەتییەکی ناسراوەوە دەرخەین، ئەم چەند لێدوانەم هەڵبژارد لەسەری:

جەلال تاڵەبانی سیاسەتمەدارو ڕوناکبیر سەبارەت بە زەبیحی دەڵێت: "مامۆستا زەبیحی پیاوێکی تێکۆشەری کوردپەروەری خەباتگێڕی شۆڕشگێڕی لەخۆبردووی خۆنەویست-دەتوانم پێی بڵێم: سەربازی گومناوی کوردایەتی- بوو. هەموو ژیانی خۆی بۆ مەسەلەی ڕزگاری کوردستانو گەیاندنی خەڵکی

---

١ بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامەو کەسییەتی زەبیحی، بڕوانە کتێبی: ژیانو بەسەرهاتی عبد الرحمن زەبیحی، (مامۆستا عولەما)، عەلی کەریمی.

کورد به جۆرێك له مافه‌كانی ته‌رخان كردبوو. هیچ ته‌ماحێكی له‌دونیادا نه‌بوو تا بڵێی هۆشیار بوو دووربین بوو سه‌رڕاست بوو فرتو فێڵی سیاسی نه‌ده‌زانی. هیچ نه‌ده‌سڵه‌مییه‌وه‌، صادق بوو، حه‌وت زمانی ده‌زانی."[1] (صه‌لاحه‌دین موهته‌دی)ش سیاسه‌تمه‌داری خۆرهه‌ڵاتی كوردستان، زه‌بیحی به كه‌سێكی "سیاسه‌تمه‌دارو زمانه‌وانو نوسه‌رو ڕۆژنامه‌وانو زاناو گه‌وره‌و سازده‌رو ڕێكخه‌رو به‌ڕێوبه‌ری پڕ تواناو به ئه‌زمون.."[2] ناوی ده‌بات. ڕوناكبیرو سیاسه‌تمه‌دار (نه‌وشیروان مسته‌فا)ش پێی وایه "زه‌بیحی له دوو سه‌روه‌ریی گه‌وره‌دا به‌شداره: (ژێ، كاف)و ده‌ركردنی گۆڤاری (نیشتیمان)" جگه له‌وه به‌هه‌ڵكه‌وتوویه‌ك ده‌یناسێنێت كه "تێگه‌یشتنی سیاسی زۆرو ئاگاداریی ئه‌ده‌بیی‌و ڕۆشنبیریی‌و مێژوویی‌و زمانه‌وانیی پێكه‌وه ناوه."[3]

به‌ڵام سه‌یر ئه‌وه‌یه به‌م حاڵو پیاهه‌ڵدانه‌وه حامدی گه‌وهه‌ری له گۆشه نیگایه‌كی تره‌وه باسی ده‌كاتو ده‌ڵێت: "زه‌بیحی پاش شكانی شۆرشی ئه‌یلول له ١٩٧٥ له به‌غدا مایه‌وه‌و به‌ره‌به‌ره له به‌شێك له كاره په‌یوه‌ندیداره‌كان به كوردو كوردستانه‌وه هاوكاری ڕژێمی صه‌دام حوسه‌ینی كرد... له‌١٩٨٢وه بێسه‌رو شوێنه‌و له سه‌فه‌رێكی نێوان عێراقو ئێراندا دیار نه‌ما... ئه‌وه‌ی زه‌بیحی له دواساڵه‌كانی مه‌رگیدا تووشی هاتبوو، به‌شێك له خه‌باتگێڕان ئاگاداری نه‌بوون."[4] به‌ڵام گه‌وهه‌ریی بۆ ئه‌م هه‌ڵسه‌نگاندنه، به‌ڵگه‌و دیكۆمێنتێكی ئه‌وتۆی نه‌خستۆته ڕوو.

---

١ ژیانو به‌سه‌رهاتی زه‌بیحی، عه‌لی كه‌ریمی لا: ٣٢٥– ٣٢٦.

٢ له‌ده‌قی نامه‌یه‌كی صه‌لاحی موهته‌دیدا كه بۆ ژیاننامه‌ی زه‌بیحی نووسیوه. (سه‌رچاوه‌ی پێشوو لا: ٣٨٠).

٣ هه‌مان سه‌رچاوه، لا: ٥٢٩.

٤ كۆمه‌ڵه‌ی ژیانه‌وه‌ی كوردستان، حامدی گه‌وهه‌ریی، لا: ٣٧، ٣٨، ٣٩.

## ١٠ـ عەبدولعەزیز یامولکی

ـ عەبدولعەزیز یامولکی، کوڕی وەزیرو سەرکردەو ڕۆژنامەنوسی بەتوانا مستەفا پاشای یامولکی یە، دایکی (صەفیە خان)، ژنە دیندارێکی کچی حوسەین پاشای خەندان بووە.

ـ ساڵی ١٨٩٠ – لە کاتی سەفەری دایكو باوکیدا بۆ حەجکردن– لە شاری مەککەی پیرۆز لەدایك بووە.

ـ لە سلێمانی قورئانی پیرۆزو خوێندنە سەرەتاییەکانی خوێندووە، دواتر روشدییەی عەسکەریی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە.

ـ ئەندامی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان بووە.

ـ باوکی لە چەندین شوێندا سەرکونسوڵی عوسمانیی بووە. عبد العزیز دەربارەی باوکی دەگێڕێتەوە کە کاتێك ئیتتیحادییە کودەتاچییەکان، دژی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، داوای هاوکاریی لێدەکەن، پێیان دەڵێت: "من ئەو سوێندە ئەپارێزم کە خواردوومە. خستنی خیلافەت، زەبرێکی گورچکبڕە لە جیهانی ئیسلام، بۆیە نایەمە پاڵتانو پارێزگاریی خیلافەت ئەکەم.!"[١]

---

١ سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی، لا: ١٥١.

## ١١- پێشەوا قازی محەممەد

- قازی محەممەد، کوڕی قازی عەلی، لە بنەماڵەی قازییە ناودارەکانی شاری مەهابادە.

- قازی محەممەد لە مانگی مایسی ساڵی١٩٠٠ز، ١١/اردیبهشت/١٢٧٩ی هەتاوی، لەشاری مەهاباد لەدایك بووە. بنەماڵەی قازی تا ٢٠٠ ساڵ پێش سەردەمی قازی محەممەد، هەموویان پلەی قازییەتی ناوچەی (موکریان)یان هەبووە، قازی عەلی باوکی پێشەوا، قازی یەکەمی مەهاباد بووە.

- دایکی، ناوی گەوهەر تاج خانمو لە بنەماڵەی (فیض الله) بەگی بووە.

- محەممەد کوڕێکی زرتو وریا بووە، بەمنداڵیی هەڵکەوتوویی دەرکەوتووە، سەرەتای خوێندنی لای قازی عەلی باوکیو (أبو الحسن، سیف القضاة)ی مامی بووەو لە دوازدە ساڵیدا بووەتە فەقێو لە مزگەوتەکانی (ڕۆستەم بەگ)و (سوور)و (هەباس ئاغا) خوێندوویەتی. دواتر لە مەهابادو چەند گوندێکی ناوچەکە، لای مەلا ناودارەکان زانستە ئیسلامییەکانی خوێندووە.

- لە پاش وەفاتی باوکی، پۆستی قەزاوەتی وەرگرتووەو بۆتە قازی مەهابادو سەرۆکی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەو خوێندن لە مەهاباد.

- بە حوکمی زیرەکییو خوێندنو خوێندنەوەی زۆر، جگە لە کوردی، زمانەکانی عەرەبیو فارسیو ئینگلیزیو فەرەنسیو ڕووسی، هەندێك دەڵێن زمانی جیهانی (ئەسپەرانتۆ)شی زانیوە.[1]

---

١ زمانی ( ئەسپرانتۆ)، زانای ڕووسی دکتۆر (لۆتفیك زامنهۆف) ساڵی ١٨٨٧ دایهێنا، بەلأم سەرکردەکانی سۆڤیەت دژی بوون (کردها..درك کینان، لا: ١٩٥)، هەروەها بڕوانە پێگەی جیهانیی ویکیبیدیا.

– قازی محەممەد زۆربەی کات جلی مەلایەتی (جبەو عەمامە)ی لەبەر دەکرد، کاتێکیش بوو بە سەرکۆمار، هەرچەند چاکەتو پانتۆڵی لەبەر کرد، بەڵام عەمامەی مەلایەتییەکەی لانەبرد.

– لە ساڵی١٩٤٢ وڵاتی سۆڤیەت بانگێشتی فەرمی نوێنەرانی (ژێ، کاف)ی کرد، شاندێکی ٢٠ کەسی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد سەردانی شاری (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتیان کرد.

– لە ساڵی ١٩٤٥ جارێکی دی شاندێکی ٣٠ کەسی بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد، سەردانی باکۆیان کردەوە.

– لە بەهاری ١٣٢٢ی هەتاوی، ١٩٤٣، بوو بە ئەندامی ڕێخراوی (ژیانەوەی کورد).

– لە ١٣٢٤ی هەتاوی، ١٩٤٥ یەکەم کۆبونەوەی حزبی دیموکراسی کوردستان ساز کراو سەرکردایەتی دیاری کراو قازی محەممەد کرا بە سەرۆکی حزب.

– لە ٢/ بهمن/ ١٣٢٤ی هەتاوی، ١٩٤٦/١/٢٢ بە ئامادەبوونو پشتگیری بیست هەزار کەس (کۆماری کوردستان) ڕاگەیەنراو قازی محەممەد بە ڕەسمیی کرایە سەر کۆمار.

ـ پێشەوا لە ماوەی سەرۆك کۆماریدا –وەك محەممەد سەعیدی همایون، سکرتێرو ڕازگری پێشەوا دووپاتی دەکاتەوە– لە ماوەی سەرۆککۆماریدا، هیچ چەشنە مووچەو پووڵو پارەیەکی لەحکومەتی کوردستان وەرنەگرت.

– لە ١٣٢٥/١٠/١ ی هەتاوی، ١٩٤٦/١٢/٢٢ زاینی دەستگیر کراو، بۆ ماوەی ١٠٠ ڕۆژ لە زینداندا مایەوە.

– لە ١٠/ فروردین /١٣٢٦ی هەتاوی، ١٩٤٧/٣/٣١ قازی محەممەدو دوو هاوەڵی تری: (صەدری قازی برای)و (محەممەد حسین سەیفی قازی)، پێکەوە لە گۆڕەپانی (چوارچرا)ی شاری مەهاباد، لەسێدارەدرانو هەمان ڕۆژ ئۆفیسی سیاسی حزبی دیموکراسی کوردستان، داخرا.

## ١٢- بليمەتی کورد مەعروف جیاووك (١٨٨٥-١٩٥٨ز)

ـ مەعروف جیاووك، کوڕی عەلی ئەصغەر ئەفەندی حاجی مەولودە، ساڵی ١٨٨٥ز لەدایك بووە.

ـ باوکی لە هۆزی (باڵەکی)یە، دایکیشی لە بنەماڵەی (بابان)ی سلێمانییە. باپیری (واتە حاجی مەولود سەعدی)، لە سەردەمی خۆیدا عەللامەیەکی ناسراو بووە، بۆیە نازناوی (بدیع الزمان)یان داوەتێ، دوو جاریش بەشداریی شەڕی دژی ڕووسی کردووە، بۆیە کونیەی (أبو المغازی)شیان پێ بەخشیوە.[١]

ـ مەعروف جیاووك ڕوشدییەی بەغداو بەشێك لە کۆلیژی یاسای لە ئەستەمبوڵو دواتر لە بەغدا تەواو کردووە.

ـ ماوەیەك بەڕێوەبەری ناحیەی (دیر الزور)ی سوریا بووە.

ـ پێنج ساڵ لای ئینگلیز دیل بووەو لە ١٩١٢ دوورخراوەتەوە بۆ وڵاتی بۆرما.

ـ جیاووك لە بەغداو کەرکوكو هەولێرو دیوانیەو کوتو موسەییەب، کاری دادوەریی کردووە.

ـ ساڵی ١٩٢٨بۆتە نوێنەری هەولێر لە پەرلەمانی بەغداو لەبەر لێوەشاوەیی کراوەتە جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

ـ ساڵی ١٩٢٩ بۆتە ئەندامی دادگای تەمیزی عیراق.

ـ جیاووك جگە لەوەی کە پارێزەرێکی ناسراوو سیاسییەکی لێهاتوو بووە، نووسەرو ڕۆژنامەنووسێکی هەڵکەوتووش بووە.

ـ ساڵی ١٩٣٠ (یانەی سەرکەوتنی کوردان)ی دامەزراندو هەمان ساڵ بەرگی ئیملای کوردی، لە بەغدا چاپ کرد. هەروەها ساڵی ١٩٣٨ کتێبێکی بە ناوی هەزار بێژو پەند، لە بەغدا چاپ کرا.

---

[١] بڕوانە: تاريخ مشاهير الألوية العراقية، عبد المجيد فهمي حسن، الزمان، ١٩٤٦، بغداد، ص: ٥٩.

ـ له ١٩٤٤ تا ١٩٤٦ موتەصەرریفی لیوای سلێمانی بووه.

ـ ئەو بەرهەمانەی لەگەڵ چەندین بەرهەم بە زمانی عەرەبی بە سوپاسەوە لە لایەن د. ئازاد عوبەید لە ٧٨٢ لاپەڕەدا کۆی کردوونەتەوەو ساڵی ٢٠١١ بنکەی ژین چاپی کردووە.

ـ مێژوونوسی گەورەو بەتوانا (عەباس عەززاوی) دەربارەی جیاووك دەڵێت: "مامۆستا مەعروف جیاووك لەو هاوڕێیانەمە کە شانازییان پێوە دەکەین."[١]

ـ مەعروف جیاووك کەسێکی زۆر بەهەڵوێست بووە، لەهەرکوێ ستەمێکی دیبێت یان بیستبێت، هاتۆتە دەنگ، ساڵی ١٩٥٤ دژی ستەمێك کە لە بەرزانییەکان کراوە، کتێبێکی نوسیوە بەناوی (مأساة بارزان المظلومة). هەروەها لە کاتی شەهیدکرانی شێخ (عبید الله)ی نەهریدا وتەیەکی بەهێزی نووسیوە، کە بە گونجاوی دەبینم لێرەدا دەقەکەی کە بە عەرەبییە وەربگێڕم بۆ کوردیی، لەو بارەیەرەیەوە نووسیویەتی :

"شانازییە بۆتۆ ئەی سەرکردەی کورد! ئەی موسڵمانی ڕاستەقینە! بەو خوێنەتەوە کە بەناهەق ڕژا، بەرەو پەروەردگارت بڕوا، ئاڵاکەت لە بەردەمی خوادا بەرزکردەوە، بەو ڕووە گەشەتەوە، بەو باوەڕە ئیسلامییە پتەوەتەوە کە هەتبوو.."[٢]

پاشان سەرنجی ڕای گشتی عەرەبو موسڵمانان ڕادەکێشێ کە بزانن شێخ لەسەرچی شەهید کراوەو دەڵێت: "ئەو تێکۆشەرانەی کە داوای ڕوخانی مستەفا کەمال ئەتاتورکیان کرد، پشتیان بەچەند بنەمایەکی شەرعییو ڕاستەقینە بەستبوو کە ئەمانەبوون:

---

١ موسوعة عشائر العراق، عباس العزاوي، الدار العربية، بيروت، ٢٠٠٥، ١٦٤/٤.

٢ سەرجەمی بەرهەمی مەعروف جیاوك، د. ئازاد عوبێد صاڵح، لا: ٢٣٥.

١ـ ئەتاتورك وەك سەرۆكێك شەرعیەتی خۆی لەدەست داوە، چونکە لەسەر سوننەتی ئاینی ئیسلام بەیعەتی نەدراوەتیۆ ئوممەت کۆکنین لەسەر سەرۆکبوونی.

٢ـ ئەو لەدین دەرچووە، قوتابخانە شەرعییەکانی داخستووە، مەشیخەی ئیسلامیی کە سەرچاوەی فتوادانە هەڵوەشاندۆتەوە.

٣ـ خەلیفەو میرەکانی دەرکرد، عەرشی خەلافەتی داگیر کرد،ماڵو دارایی بەناهەق داگیر کردووە.

٤ـ خۆی کردووە بەتورك، لەکاتێکدا مشەخۆرێکی(سلانیك)ییەو بنەماڵەکەی نەناسراوە.

٥–بەتورککردنی نەتەوەکانی تر بە تۆپزی.

٦–ڕاگەیاندنی سفوری تەواو (فڕێدانی پۆشتەیی) کە لە ژنەکەی خۆیەوە دەستی پێکرد.

٧–پەنابردنە بەر تیرۆری نەیارانی، لەسەر ڕێبازی ناپلیۆن پۆناپارت."[١]

پاشان (مەعروف جیاووك) لە وتارەکەیدا چەندین بەڵگەو نمونەی تر لەسەر بێدینیو ستەمو ناڕەوایەتی ئەتاتورکو دارو دەستەکەی دەهێنێتەوە. بۆ نمونە:

ـ فەرمانکردن بە لابردنی دیواری حەمامی نێوان ژنان و بیاوان، بە فەرمانی بەڕێوەبەری پۆلیس.

ـ بەکارهێنانی وتەی ناشیرینو ناشایستە دەرهەق بە پێغەمبەران، بۆ نمونە: نوێنەرێك کەبەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ئەقشام)ە وتویەتی: ئەگەر عیساو محەممەد ڕاوێژکاری وەك ئەتاتورکیان هەبوایە سەرکەوتوو دەبوون. !

ـ یەکێکی تریان وتویەتی: ئێمە لە سەدەی بیستەمداین، ناتوانین ملکەچ بکەین بۆ شوانێکی حوشترو شوێنی کەوین. !

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا: ٢٣٧.

ـ هەندێکیان بۆ قورئانی پیرۆز ئەم ڕستەیەیان بەکار هێناوە: "کتێبی ڕەش‌و پوتورکاوی بەسەرچوو"!.

ـ داخستنی قوتابخانەکانی لەبەرکردنی قورئان.

ـ دەعوەتکردنی میوان بۆ چای خواردنەوە لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا.

ـ کردنەوەی یانەی لەشفرۆشی لە ناوچە موسڵماننشینەکاندا.

ـ لەسەر ئەمانەو دەیان شتی تر، کوردان هەستان‌و ڕاپەڕین، تا لەم دەسەڵاتدارە بێدینانە ڕزگاریان ببێت، هەموومان دەزانین چییان کرد بە ئەرمەنە مەسیحییەکانیش.."[1]

ـ هەر ئەو غیرەت‌و بەهەڵوێستبوونە وای لە (جیاووك) کردووە، کە دژی چەوساندنەوەی کۆمەڵی (برایانی موسڵمان) لەمیصر لەسەر دەستی (جمال عبد الناصر) بێتە دەنگ، چونکە هاوچەرخی ئەو ڕووداوانەش بووە، بۆیە نامەیەکی ڕەخنەو گلەیی ناردووە بۆ جەمال‌و وەڵام دراوەتەوە، کە لێرەدا لەبەر بایەخی مێژوویی، دەقەکەی بڵاو دەکەمەوە:

دەقی نامەکەی مەعروف جیاووك بۆ (جمال عبد الناصر):

**بیکباش جمال عبد الناصر،[2] قاهیرە**

ڕاپەڕین لە دژی سەرکردە (نەجیب)و (برایانی موسڵمان) (الإخوان المسلمون) نائومێدیی دروست کرد. لەسێدارەدانی بێتاوانان‌و زیندانکردنی کەسانی چاك‌و پاك– سەرەڕای تکاو ڕجای زانایان‌و سەرکردەکانی وڵاتان– موصیبەت‌و پەرتەوازەکردن‌و سوکایەتییەکە پینە ناکرێت. ئەم هەڵس‌و کەوتە مایەی نیگەرانکردنی پێغەمبەری خواو میراتگرانی بوو، لە زانایان‌و موسڵمانان

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢ دەقی هەردوو نامەکە لە (سەرجەمی بەرهەمی مەعروف جیاوك)، ئامادەکردنی د.ئازاد عوبێد صاڵح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١١، لا: ٧٨و٨١، بڵاو کراوەتەوە.

بەگشتیی، ئەمکارە ئامانجی (گلادستۆن)و ویستی زایۆنیزمەکانی هێنایە دی. بەڕاستی موسڵمانان برای یەکترن. ئەگەر بەئینصاف بوونایە لەگەڵ (ئیخوان) سیاسەتێکی دروستتر بوو.. هەرکەس ستەم بکات تورەیی خوای گەورە یەخەی دەگرێت. نابێت مرۆڤ بەوەی دونیا بەرەو ڕووی دێت غەڕڕا ببێت، چونکە هەرکەس ئەمڕۆ دونیا بیخاتە پێکەنین، سبەی دەشیخاتە گریان. خوا دوعای ستەملێکراوان ڕەد ناکاتەوەو پاداشتی چاکەکارانیشی دەداتەوە.

مەعروف جیاووك، بەغداد، گەڕەکی (طوب)، ژمارەی خانوو (٤٠/٤٩)

پاش ماوەیەك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی میصرەوە، وەڵامی یاداشتەکەی بەڕێز مەعروف جیاووك دراوەتەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

بەڕێز مەعروف جیاووك (طوب) بەغدا، سلاۆیکی برایانە..

نوسراوەکەت گەیشتە دەستم، باشتر بوو پێش ئەوەی لۆمە بخەیتە سەر ئێمە، کارەکەت بەوردی هەڵسەنگاندایە، ئێمە دژی (محەممەدنەجیب) ڕانەپەڕیوین، ئەو خۆی ئەو هەڵوێستەی ویست، کاتێك لایدا لەو پرەنسیپانەی کە شۆڕش دیاری کردبوون. ئایا بەڕەوای دەبینی کە قوربانیمان بدایە بەو پرەنسیپانەی لە بەرژەوەندیی نیشتیمانو (عروبە) بوونو ئەو ئامانجانەمان لەدەست بدایە کە خواو نیشتیمانمان لەسەریان کردە شایەت، لە پێناو هێشتنەوەی تاکە کەسێکدا.؟

مانەوەو نەمریی بۆ مەبدەءو پرەنسیبو بەها بالاًکانە، نەك بۆ کەسەکان، هەرکاتێکیش بڕوامان بەو شتانە بوو ئەو کاتە گەیشتووینەتە ئامانجی خۆمان، ئێمە ستەممان لە (إخوان)ی هەڵوەشاوەش نەکردووە، بەڵکو لادانو فێڵی خراپی خۆیان، بەو ڕۆژەی بردن، زۆر یارمەتیمان دانو زۆر چاوەڕێمان کردن، زۆر ئامۆژگاریمان کردن، بەلاًم گوێیان نەگرت، پەنایان بردە بەر سیاسەتی تیرۆرو ڕوخاندنو کاولکارییو سوکایەتیی بەهێزو توانامان لە ناوەو دەرەوە،

بۆ ئەوەی مصر لاواز بکەنو دوژمنان سەربخەن بەسەریدا، ئایا تۆ ئەمە بەڕەوا دەبینی بۆ وڵاتێکی عەرەبی، کە بۆ سەقامگیریی‌و ئاشتی‌و هێز تێدەکۆشێت، تا بە ئەرکی سەرەتایی هەستێت بەرامبەر بە خۆی‌و (عروبە).؟

لەکۆتاییدا هیوای تەندروستی‌و خۆشیت بۆ دەخوازم، خوا گەورەترە.

سەربەرزیی بۆ عروبە. (!)

ئیمزا: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

قاهیرە

## ١٣–محەممەد شەفیق ئارواسی

محەممەد شەفیق ئارواسی، ساڵی ١٨٨٤ لە گوندی ئارواسی سەر بە قەزای (هیزان)ی پارێزگای بەتلیس لەدایکبووە. هاوڕێو قوتابی نزیکی عەللامە سەعید نورسی بووە، بۆیە لە پەیامەکانی نوردا بەڕێزەوە ناوی بردووەو لە کتێبی (المثنوي العربي النوري)دا تەقریزێکی ئارواسی دابەزاندووەو نووسیویەتی: (هذا تقريظ أخي في الله الحبيب النسيب السيد محمد شفيق الأرواسي).

ـ لە قوتابخانەی (خوڕخوڕ)ی شاری وان، لەگەڵ نورسی بووە. یەکێکە لە نووسەرەوانی (إشارات الإعجاز)ی سەعید نورسیو توێژەرێکی هەڵکەوتووی کوردستانو کوردێکی چالاکی دەیەکانو بیستەکانی سەدەی نۆزدەیە.

ـ لە زۆربەی ڕێکخراوە کوردییەکاندا ئەندام بووە، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان) بووە. جگە لەسەعید نورسی، هاوڕێی خەلیل خەیاڵیو حەمزە موکسیو پیرەمێرد بووە.

ـ ساڵی ١٩١٨ دیوانی مەلای جەزیری چاپ کردووەو توێژینەوەیەکی نایابی لەسەر کردووە، لەسەر ئەوە دەسگیر کراوەو ١٠ ساڵ حوکم دراوە.

ـ ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ نورسی بۆ ماوەی نۆ مانگ گیراوە.

ـ بۆ ماوەی ١٧ ساڵ سەرۆکی پێشنوێژانی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد بووە، بەدرێژایی چل ساڵ وتاربێژو ئامۆژگار بووە لە مزگەوتی سوڵتان ئەیوبی ئەستەمبوڵ.[1]

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەری، بڕوانە: وتاری (من أكثر الرجال اعتزازا بأصله الكوردي، حمزه موكسی، سالار دەشتی)، پێگەی (مدارات الكورد)، حوزەیرانی ٢٠١٦. هەروەها: دواهەمین شایەتەکان، نجم الدين شاهينەر، ٤٩/١ و (المثنوي العربي النوري)، لا: ٣١٦

## ١٤- پوختەیەك لە ژیاننامەی (محەممەدی میهریی) هەورامانی، ناسراو بە (برهان الإسلام) (١٨٨٩ - ١٩٥٧ ز)

محەممەد میهریی هەورامانیی دشەیی، ناسراو بە (برهان الإسلام)، زاناو یاساناس‌و ڕۆژنامەنووس‌و بیرمەندو خەباتگێڕێكی گەورەیە، كە لە زێدی خۆیەوە - لە ڕۆژهەڵاتی هەورامانەوە- هاتۆتە شاری سلێمانی‌و لەوێوە گەیشتۆتە شاری ئەستەنبوڵ. بەداخەوە لای خۆمان هیچ بابەتێكی شایانی لەسەر نەنوسراوە،[1] بەڵام لە دەیان وتارو لێكۆڵینەوەی توركیدا، باسی كاریزمایی‌و گەورەیی ئەم پیاوەو بنەماڵەكەی كراوە، تەنانەت وتارێكی توركیم دۆزییەوە كە وێنەی میهریی‌و بنەماڵەكەی داناوەو لەژێریدا نووسەر ئەم ناونیشانەی بۆ وتارەكە داناوە: (هەركەس ئەم بنەماڵەیە نەناسێت، ئەم وڵاتە ناناسێت) (!).[2]

**بنەماڵەی میهریی‌و زێدو هاتنەدونیای:**

(محەممەدی میهریی)، كە لە ناوەندە ڕوناكبیرییەكانی توركیادا بە (محەممەد میهران)یش ناسراوە، لە بنەماڵەی مەلایانی گوندی (دشە)ی هەورامانی خۆرهەڵاتە، كوڕی عەللامە مەلا عەبدوڵلای موفتی (دشەیی)، موفتی شاری سنە، كوڕی مەلا مەحمودی موفتی، كوڕی مەلا محەممەد، كوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە، لە بنەماڵە ناسراوەكەی موفتیزادەكانە.

ساڵی ١٣٠٦ ك مانگیی/١٨٨٩ زاینی، لە گوندی (دشە)ی سەر بە قەزای (پاوە)ی خۆرهەڵاتی هەورامان، لەدایكبووە. دایكی میهریی كچی (سەید

---

[1] جگە لە وتارێكی بەڕێز (جوتیار تەوفیق) بە ناونیشانی: كورتەیەك دەربارەی ژیان‌و بەرهەمەكانی محەممەدی میهریی، كە بە سوپاسەوە لە پێگەی ئەلیكترۆنیی: http://gagesh.com/index.php?id=٥٨ بڵاوكراوەتەوە.

[2] ناونیشانی توركی وتارەكە: Bu aileyi tanimayan bu ulkeyi anlayamaz

شەهابەددینی تاڵشی)یە. میهریی پێنج برای تری هەبوون، بە ناوەکانی: محەممەد صدیقی موفتی زادە، د. عبد الرحمان موفتی زادە، مەلا خالدی موفتی، مەلا مەحمودی موفتی، مەلا محەممەد ڕەشیدی ناسراو بە (خالدی)، کە لە لوبنان ژیاوەو کەسایەتییەکی ناسراوی وڵاتی شامە،[1] هەروەها کەسایەتیی ناسراو عەللامە کاک ئەحمەدی موفتی زادە، دەبێتە مامی میهریی. هەموو ئەمانەی ناوبران کەسایەتی زانستیی‌و کۆمەڵایەتیی خۆیان هەبووەو کەسانی هەڵکەوتوو بوون‌و خزمەتی نمونەییان پێشکەش بەئاین‌و زانست‌و خاک‌و خەڵکی کوردستان کردووە.

---

[1] لة كاتي ئامادةكردني ئةم بابةتةدا ـ لة مانطي كانوني دووةمي سالَى (٢٠١٦ز) ـ ضةند زانيارييةكم لةسةر ئةم برايةي ميهريي (واتة: مةلا محةمةد رِةشيدي خالدي) لة لوبنان ثةيدا كردو كةسانيَكم لة بنةمالَةكةشي دؤزييةوة، كة بة داخةوة هيض ئاطاييةكيان لة (محةمةد ميهريي) ماميانء مندالَء نةوةكاني نةبوو، بة مةرجيَك يةكيَك لةو كةسانة ـ خاتوو (د. ئيمان خالدي) ـ كضي (محةمةد رِةشيد)ةو لة شاري ئةستةمبولَ دادةنيشيَ، كة نةوةكاني محةمةدي ميهريي ماميشيان هةر لةويَن! خؤشبةختانة رِؤذاني (٣-٦)ي نيساني (٢٠١٦ز) لة ثةراويَزي بةشداريم لة (كؤنطرةي جيهانيي خيَزان) لة ئةستةمبولَ، ضاوم بةم خاتوونة كةوتء بة دريَذيي بةسةرهاتي بنةمالَةكةيانء ئةم محةممةد ميهرييةي ماميانم بؤ باس كردو هةنديَك ويَنةو زانياريم لةسةر خؤيء مندالَء نةوةكاني، ثيشان دا. دواتر لة رِيَى فةيسبووكةوة يةكيَك لة كضةكانى مةلا محةممةدى ميهريشم دؤزييةوة بة ناوى (لةيلا) ـ كة تةمةنى لة حةفتاكاندراية ـ ثةيوةنديم لةطةلَ كردو لةطةلَ د. ئيمانى ئامؤزاى ثةيوةندييانم ثيَكةوة بةستةوة.

ثاش ئةوة لة هةولَيَكى تريشدا ثةيوةنديي هةردوو بنةمالَةكةم بة ئامؤزاو ثورزاكانيان لة شاري سنة طريَدايةوة، بةرِيَزان: كاك حةمة ذيان، تاقة كورِي كاك ئةحمةدي موفتي زادةي ئامؤزايانء كاك فوئادو كاك ماجدي رِؤحاني ثورزايان، كة مايةي شادمانييء سةر لة نويَ ئاشنابوونةوةيان بوو بة يةكتر. ئيَستة ثةيوةنديم لةطةلَيان بةردةوامة. خواى طةورة بة طريَدانةوةى صيلةى رِةحم بؤمان بنووسيَت.

(میهریی) سەرەتا لە گوندی زێدی خۆی، لە (دشە)ی نزیك شاری (پاوە)ی هەورامان، لای مەلا (عبد الله)ی باوکی، خوێندوویەتی، پاشان باوکی چۆتە شاری سنەو محەممەدیش لەوێ خوێندنی تەواوکردووەو ئیجازەی زانستیی مەلایەتی وەرگرتووەو لە قوتابخانەیەکی شاری سنە بۆ ماوەیەکی کەم بۆتە مامۆستاو وانەی بە فەقێیان گوتووەتەوە.[١] بابەشێخ مەردوخ ڕۆحانی پێی وایە کە لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە، بەڵام من ئەمەم بەلاوە هەڵەیە، چونکە ١٩ ساڵیی (میهریی) دەکاتە ساڵی ١٩١٨، بەوپێیەی کە ساڵی ١٨٨٩ لەدایك بووە، لە کاتێکدا میهریی پێش سەرهەڵدانی جەنگی جیهانیی یەکەم – کە هاوینی ساڵی (١٩١٤) هەڵگیرسا– لە ئەستەمبوڵ بووە، کە بەلای کەم دەکاتە سەرەتای ساڵی ١٩١٤، بەڵگەشم بۆ ئەوە کە میهریی لە ساڵی ١٩١٤ دا لە ئەستەمبوڵ بووە، دوو خاڵە:

یەکەم: ئەوە کە لە پەراوێزی کتێبی (إشارات الإعجاز)ی مامۆستا سەعید نورسیدا، (حەمزە موکسی[٢]و محەممەد شەفیق ئارواسی[٣]و محەممەد میهری) بە واژۆی هەرسێکیان نووسیویانە: "مامۆستا نورسی لەکاتی وانەگوتنەوەدا چەندینجار ئاگاداری کردین کە ڕووداوێك وەك

---

[١] بڕوانە: مێژووی ناودارانی کورد، باباشێخ مەردۆخی ڕۆحانی، وەرگێڕانی: ماجد ڕۆحانی، هەولێر، ٢٠١١، بەرگی٢، لا: ٧٨٨.

٢ حەمزە موکسی (١٨٩٢–١٩٥٨)، قوتابی نورسیو ئەندامی (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد)و کۆمەڵەی (هێڤی) و (کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستانی)و کۆمەڵەی (نشر المعارف الکردیة) بووە، هەروەها لە گۆڤاری ژین (بەڕێوەبەری بەرپرس) بووە.

٢ ئارواسی (١٨٨٤– ١٩٧٠)، موفتیو نووسەرو بانگخوازی کوردی نیشتەجێی ئەستەمبوڵو قوتابیو دۆستی نزیکی نورسی..

بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕوو دەدات، مەبەستی جەنگی جیهانیی بوو، کە بەوجۆرە ئەو باسی ئەکرد، ڕووی دا."[1] بەپێی ئەم قسەیە دەبێت پێش هاوینی ١٩١٤ سەعید نورسی ئەو قسەیەی کردبێت، کەوابێ میهریی پێش هاوینی ١٩١٤ لە تورکیا بووە.

دووەم: سەرچاوە تورکییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە محەممەد میهریی یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی (جەمعییەتی هێڤی تەلەبەی کورد) کە لە تەموزی ١٩١٢دا لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە.[2] جا ئەگەر وابێت، کەواتە میهریی لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لەوێ بووە. جا ئەگەر ئەوەشمان بەلاوە دوور بێتو ١٥ ساڵ بە تەمەنێکی کەم بزانین بۆ ئەو سەفەرەو ئەو چالاکییانە، ئەوە دەبێت گومان بخەینە سەر ساڵی لەدایکبوونەکەی، کە تێکڕای سەرچاوەکان بە ١٨٨٩ دایانناوە!.

**هۆی بەجێهێشتنی شاری سنە:**

سەبارەت بە بەجێهێشتنی شاری سنەو چوونی مەلا محەممەدی میهریی بەرەو باشوری کوردستانو دواتر تورکیا، قسەی زۆر کراوە.. لە هەندێك

---

٣ إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز، سعيد النورسي، ص: ٢١. دیارە ئەو پێشبینییەی نورسی، سەرەنجامی وردبوونەوەی بووە لەڕەوتی ڕوداوەکانی یەك دوو ساڵی پێش جەنگی جیهانیی یەکەمو بیرکردنەوە لە سوونەتە خواییەکانو یاسا گەردوونییەکان.

[2] بڕوانە: جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، (١٩١٢– ١٩٢٢ ز)، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، لا: ٧٦ و ١٠٤. هەروەها: جەمعیەتی تەعالی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، و: زریان ڕۆژهەڵاتی، لا:١٠٩، کە زانیارییەکەیان لە ژمارە: ٢٧ی ژین، لا: ٧، وەرگرتووە. هەروەها (زنار سلوپی)ش ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (هێڤی) بووە، ناوی (میهریی) لە ڕیزی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، داناوە.

گێڕانەوەدا وتراوە گوایە لەو سەردەمەدا کە ئەو لە سنە بووە، چەند بنەماڵەیەکی دەروبەری سنە شەڕو ناکۆکیی کەوتۆتە نێوانیان، مەلا محەممەد لە گۆترە تێوەگلاوەو برینداریش بووە، بۆیە دواتر شاری سنەی بەجێ هێشتووەو بە پێی بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس بۆ ماوەیەك لە دەورووبەری ساڵی ١٩٠٧دا چۆتە گوندی (بالك)ی نزیك شاری مەریوانو لای مامۆستا مەلا محەممەدی کوڕی حاجی شێخ قادری ڕەشەدێ– کە لەوکاتەدا مودەرریسی حوجرەی بالك بووە– هەندێك لە زانستەکانی خوێندووە.[١]

بەڵام باباشێخ مەردۆخ ڕۆحانی، پێی وایە کە حەزو خۆزگەکانی محەممەد میهریی بە شاری سنە تێر نەبوون، بۆیە حەزی کردووە بەرەو عێراق بچێو شارو خوێندنگە گەورەکان ببینێت، بەڵام پاش چەندین جار باسکردنی بابەتەکە، (مەلا عبدالله)ی باوکی ڕازی نەبووە، بۆیە بێ پرسی باوکی سنەی بەجێ هێشتووەو بەرەو باشووری کوردستان ڕۆیشتووە.[٢] سەرچاوە تورکییەکان باس لەوە دەکەن کە لەگەڵ باپیری دەمەقاڵەیەکیان بووەو سەرەنجام تۆراوەو سنەی بەجێ هێشتووەو ماوەیەك لە دەروبەری سلێمانی بووەو دواتر لەڕێی ناوچەی (ئەرزڕوم)و (قارس)ەوە چۆتە ئەستەمبوڵ.[٣] من پێم وایە ئەو دەمەقاڵەیەی میهرییو بنەماڵەکەی هەر لەسەر هەوڵی دوورکەوتنەوەی بووە، دیارە بنەماڵەکەی ڕازی نەبوونو

---

[١] بڕوانە: ڕۆژگاری ژیان، یاداشتو بیرەوەرییەکانی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەرریس، مودەرریس، ئا: ڕەئوف مەحمودی، سنە، لا:٦٤.

[٢] بڕوانە: مێژووی ناودارانی کورد، باباشێخ مەردۆخی ڕۆحانی، ٧٨٨/٢.

[٣] بڕوانە: وتاری: http://hurbakis.net/content/bir-kurt-entelektueli-mihemed-mihri-hilav#sthash

ئەویش پێداگریی کردووەو بەناڕەزایی ئەو دوا سەفەرەی کردووە، کە سەفەری نەگەڕانەوەو جێگیربوونی یەکجاریی بووە لە شاری ئەستەمبوڵ.

دەربارەی مانەوەی مەلا محەممەد لە گوندی (بالك)، مامۆستا مەلا کەریم دەڵێت: "محەممەد بورهانەددین (میهریی)، کوڕی مەرحوم مەلا عەبدوڵڵای دشەیی، موفتی شاری سنە، واردی بالك بوو، پاش ماوەییێ لەوێ دەرچوو و ڕۆیشت بەرەو سلێمانییەو لەوێوە ڕۆیشت بۆ ئەستەمبوڵو لەوێ دەوامی کردبوو تا نیهایەت."[١]

پاش گوندی (بالك)ی مەریوان دەچێتە مەدرەسە گەورەکەی شارۆچکەی (بیارە)ی خۆرئاوای هەورامان لە باشوری کوردستان.[٢] پاش ماوەیەك لە (بیارە)وە گەڕاوەتەوە شاری (سەردەشت)، دواتر لە شاری هەولێر گیرساوەتەوەو لای مامۆستا مەلا ئەبوبەکر، ناسراو بە (مەلای گچکە)، خوێندنی تەواو کردووەو بڕوانامەی زانستیی وەرگرتووەو وەك مەلا بۆ ماوەیەکی کەم گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (دشە)ی زێدی خۆی لە هەورامان.

**کۆچی چل ساڵەی میهریی بەرەو ئەستەمبوڵ:**

وا دیارە دەفری سیاسیو کۆمەڵایەتیو زانستیی ناوچە سنوردارەکەی هەورامان، جێی مەلا محەممەد میهریی زیرەكو هەڵکەوتووی تێدا نەبۆتەوە، بۆیە ملی وڵاتانی عیراقو تورکیای گرتۆتە بەرو بەپێی قسەی (محەممەد صدیقی موفتی زادە)ی برای، سەرەتا "چۆتە شاری (ڕەواندوز)و پێش شەڕی جیهانیی یەکەم، شەهید شێخ عەبدولقادر گەیلانیزادە، لە

---

[١] ڕۆژگاری ژیان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس، ئامادەکردنی ڕەئوف مەحمودی، سنە، لا:٦٤.

[٢] بڕوانە: وتاری کورتەیەك دەربارەی ژیانو بەرهەمەکانی محەممەدی میهریی، جوتیار حەمە تەوفیق، پێگەی ئەلیکترۆنیی: gagesh.com/index.php?id=٥٨

ڕەواندوزەوە لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ شاری ئەستەمبوڵ. سەرەتا چۆتە باکوری کوردستان، لە شاری (قارس)، دواتر (ئەرزڕۆم)، پاشان لە (ئەستەمبوڵ) ماوەتەوەو ژیانی بەسەر بردووە"و[1] زیاتر لە چل ساڵی تەمەنی لە شاری ئەستەمبوڵ تەواو کردووە.

میهریی لە ئەستەمبوڵ بۆتە هاوڕێی کەسایەتییە ناسراوو چالاکە کوردەکانی نیشتەجێی ئەو کاتەی ئەستەمبوڵ، لەوانە زانای گەورە (سەعیدی نورسی)، (خەلیل خەیالی)،(حەمزە موکسی)، (کوردیزادە ئەحمەد ڕامیز) و (ئیسماعیل حەقی بابان زادە)، کە وەزیری مەعاریف بووە، بۆیە بەهۆی ئەوەوە (میهریی) لە کۆلێژی حقوق وەرگیراوەو بەکالۆریۆسی حقوقی تەواو کردووەو دواتر لە ئەستەمبوڵ بۆتە پارێزەر. بەپێی هەندێك سەرچاوە لە ئەستەمبوڵ لە مەدرەسەی پسپۆڕیی تەفسیرو حەیسدا، بەناوی (مدرسة المتخصصين) پاش تاقیکردنەوە وەرگیراوەو بە پلەی یەکەم دەرچووەو بڕوانامەی پسپۆڕیی ئەوێی وەرگرتووەو هەر لەو مەدرەسەیە وەکو مامۆستا وەرگیراوەو تا هەڵوەشانی عوسمانیی تێیدا دەرسی گوتووەتەوە. بەشوێن ئەوەداو لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی تورکیادا، بووە بە بریکاریی وەزارەتی دادی حکومەتی تورکیا.[2] هەروەها ماوەیەك ئەندامی دەستەی مامۆستایانی کۆلیژی شەریعە (ئیلاهیات) بووە.[3]

**هاوسەرگرتن‌و خێزانی محەممەدی میهریی:**

محەممەدی میهریی ساڵی ١٩٢٠ ژنێکی داغستانی هێناوە، بەناوی (شازیە خانم)، کە نەوەی خەباتگێڕی گەورەو ناسراوی (داغستان) موجاهید (شێخ

---

[1] گۆڤاری سروە، مەهاباد، ژمارە ٧، لا: ٢٧.

٢ بڕوانە: مێژ ووی ناودارانی کورد، باباشێخ مەردۆخی ڕۆحانی، ٧٨٨/٢.

[3] بڕوانە: کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، ڕۆهات ئەلاکۆم، و:أحمد تاقانە،٢٠٠٥، لا: ١٢٨.

شامل)ی داغستانی بووە. سێ کچو دوو کوڕی لێ بووە، کوڕەکانی: صلاح الدین هێلاڤ، ساڵی ١٩٢٨ لەدایك بووەو ساڵی ٢٠٠٥ لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە، ناوبراو زانکۆی (سۆربۆن)ی تەواو کردووەو نووسەرو وەرگێڕێکی ناسراوی وڵاتی تورکیایەو چەندین کتێبو بڵاوکراوەی لەسەر فیکرو فەلسەفە چاپکراون. کوڕی دووەمی ناوی (نجم الدین هێلاڤ)ە، ئەویش نووسەرو لێکۆڵەر بووەو ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردووە، هەروەها سێ کچیشی لەو هاوسەرەی هەبووە، بە ناوەکانی: لەیلا، لمیاء، سهیلاء. کە هەموویان لە ئەستەمبوڵ ژیاون.

**خەباتو کارە گرنگو بەرچاوەکانی میهری:**

بەپێی بەرهەمو چالاکییەکانی، دەردەکەوێت کە مەلا محەممەدی میهریی، کەسایەتییەکی زۆر هەڵکەوتوو بووە، بۆیە لە یەککاتدا پەروەرشیار، شاعیر، مەحامی، زانا، ڕۆژنامەنووس، نووسەرو زمانزان.. بووە.

ئەو سەرچاوانەی باس لە چالاکیی کوردان لە سەردمی مەشروتەو دوای مەشروتەی تورکیا دەکەن، محەممەدی میهریی لە پێشەنگی ئەو ژمارە بیرمەندو ڕوناکبیرانەدا دادەنێن کە لە ڕێکخراوو ڕۆژنامەو ناوەندە جۆراوجۆرەکاندا چالاکیی هەبووە. مالمیسانژ دەڵێت: "مەلا محەممەدی میهریی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا بەشدار بووە. بۆیە لە یەکەم وەجبەدا بۆتە یەکێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری چالاکی (جڤاتا هێڤی فەقیێ کوردان)، کۆمەڵەی هیوای فەقێی کوردانو (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان). لەسەرێکی ترەوە، لەبەر لێوەشاوەیی، لە کۆشکەکانی سەڵتەنەتی عوسمانیدا، ماوەیەك وانەی بە

سوڵتانەکان گوتووەتەوە. هەروەها لە سیجیل[1] (تۆمارەکەی)دا نوسراوە: "شاگردی ئەحمەد ڕامیز، مامۆستای مزگەوتی فاتح بووە."[2] کە ئەمە ئاماژەیە بە سەرەتای دامەزرانی میهریی لە شاری ئەستەمبوڵدا، لەساڵانی ١٩١٥ بۆ ١٩١٨.

میهریی بۆ ماوەیەك قوتابی مامۆستا سەعید نورسی بووە، لە کاتێکدا کە لەگەڵ (شەفیق ئارواسی) پێکەوە لەلای ناوبراو خوێندوویانە."بۆیە لە چەند شوێنێکی پەراوێزی (پەیامەکانی نور)ی نورسیدا ناوی هەردووکیان (میهریی‌و ئەرواسی) هاتووە، لە پەراوێزی (إشارات الإعجاز)ی نورسیشدا، (حەمزە موکسی‌و ئارواسی‌و محەممەد میهری) بە واژۆی هەرسێکیان نووسیویانە: "مامۆستا نورسی لەکاتی وانەگوتنەوەدا چەندین جار ئاگاداری کردین کە ڕوداوێك وەك بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕوو دەدات، مەبەستی جەنگی جیهانیی بوو، کە بەوجۆرە ئەو باسی ئەکرد، ڕووی دا."[3]"

(ئیسماعیل گوێڵداش) دەربارەی ڕۆڵ‌و چالاکیی محەممەدی میهری دەڵێت: "محەممەد مبهریی، بیرمەندێکی گەورەی کوردو بە ئەسڵ خەڵکی کوردستانی ئێرانە، لە ئەندامە چالاکەکانی جەمعییەتی هێڤییە، کە ساڵی ١٩١٢ لە ئەستەمبوڵ دامەزراوە. دواتر لە کۆشکەکاندا وانەی گشتیی بە

---

[1] بڕوانە وێنەی کۆتایی ئەم بابەتە، بۆ بینینی نمونەیەکی ئەو سیجیلەی میهریی.

[2] جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، ٢٠٠٨، سلێمانی، لا: ٨٣ و ١١٧.

[3] إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز، سعيد النورسي، ص: ٢١. دیارە ئەو پێشبینییەی مامۆستا نورسی، سەرەنجامی وردبوونەوەی بووە لەڕەوتی ڕوداوەکانی یەك دوو ساڵی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم‌و بیرکردنەوە لە سوونەت‌و یاسا خواییەکان.

سولّتانەکان وتووەتەوە."[1] هەروەها دەربارەی دەوری میهری‌و هاوەڵانی لە کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان)، دەڵێت: "پارێزەر محەمەد ئاختی، فەوزی ئەفەندی زادە، محەممەد ئەفەندی میهری، کاتبی زادە جەمیل بەگو لیجەلی عەلی ئەفەندی، پێکەوە وەك دەستەی پڕوپاگەندە، کاریان دەکردو ئەرکەکانی خۆیان بەشێوەیەکی شیاو جێبەجێ دەکرد. گەنجە وڵاتپارێزەکانی لایەنگری (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) بەهەرجۆر دەیانویست زمانەکەیان پێش بخەن‌و خەڵك ڕابهێنن تا بەکوردیی بخوێننەوەو بنووسن‌و ئەمەشیان کردبووە ئامانجی خۆیان."[2]

نجم الدین مەلاش دەڵێت: "محەممەدی میهری، هەمیشە بیرو هۆشی لای نیشتمان‌و نەتەوەکەی بووە، ئاواتی سەربەرزیی‌و ئازادیی کوردستان بووە. زۆر بەئاواتەوە بووە هەلی بۆ هەڵکەوێ‌و بە ئازادیی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان‌و لە نێو نەتەوەکەیدا بژی."[3]

محەممەدی میهری لەبەر توانای زانستیی‌و زمانەوانی، کراوە بە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (کوردستان) زمانحاڵی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)، کە لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە. ئەم گۆڤارە: گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی، ئیجتماعیی، ئەدەبیی، عیلمیی بووە، (٣٧) ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەم ژمارەی لە ٢٥/ربیع الأول/ ١٣٣٧ك/١٩١٧ ز، دەرچووە، پاش دەرچوونی ژمارەی ٣٧، لەلایەن کەمالیستەکانەوە لە ٧/رجب/ ١٣٣٨ك/ ١٩١٨ز

---

[1] جەمعیەتی تەعالی کوردستان، ئیسماعیل گویڵداش، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، ٢٠١١، سلێمانی، لا: ٨٨.

[2] جەمعیەتی تەعالی کوردستان، لا: ٩٥.

[3] ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ١٣٤٣، لە ٩/٥/١٩٥٧.

داخراوە، بە زمانەکانی عەرەبیو فارسیو تورکیو کوردیو فەرەنسی، بابەتی بڵاو کردۆتەوە.

محەمەد صدیق مفتی زادە، برای محەممەدی میهریی دەڵێت: "لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی جیهانی دووەمدا، کە سیاسەتی فەرمانڕەوای تورکیا گۆڕاو نامەنوسینی کوردەکانی ئەوێ بۆ وڵاتانی دەرەوە ئازاد کرا، کاکە محەممەد میهری بەگ، بۆ یەکەم جار بە کوردی نامەی بۆ نووسیمو لە نامەکەیا زۆر هەڵی نابووم کە لە خزمەتکردن بە زمانو ئەدەبی کورد، لە هەر هەلو مەرجێکدا، کۆتایی نەکەم."[١]

محەممەدی میهریی، لە نوسینو بڵاوکراوەکانیدا، لەبەر دۆخی سیاسیو ئەمنیی جۆراوجۆر کە تێی کەوتووە، بە چەندین نازناوو ناوی خوازراو، بابەتی نووسیوە، لەوانە: میهریی، کاکە حەمە، عیرفان، هێلاڤ، م.م، داوەر ئەردەلانی، زەهاوی زادە. م. میهریی.

ساڵی ١٩٥٤ لە ئەستەمبوڵەوە نامەیەکی دەستخۆشیی بۆ مامۆستا (عەلادین سەجادی) ناردووە، لەسەر کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردیی)، میهریی بەمجۆرە واژۆی نامەکەی خۆی کردووە: "لە مەحامیو مودەرریسانی ئەستەمبوڵ، محەممەدی میهریی، کوڕی مەرحوم مەلا عبد الله ی دشەیی، لە ١/٩/ ١٩٥٤".[٢]

میهریی وەك کوردێکی پەیامدارو خاوەن هەڵوێست، یەکێکە لەو کوردانەی دانیشتووی ئەستەمبوڵ کە بە ئامادەییو چالاکییە بەرچاوەکانی لە ڕێکخراوە کوردییەکانو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا، نەترسانە بەگژ پیلانەکانی ئیتتیحادییە توندڕەوەکاندا وەستاوەتەوە، بۆیە وەك (ڕۆهات ئەلاکۆم)

---

[١] گۆڤاری سروە، ژمارە ٧، لا: ٢٧.

[٢] مێژووی ئەدەبی کوردیی، علاء الدین سەجادی، چ: دووەم، بەغدا، ١٩٧١، لا: ٥.

ئاماژە دەکات، کاتێك کەمالیستەکان سەید عبد القادر شەمزینی لە ساڵی ١٩٢٥دا شەهید دەکەن، ئەوکارە وەك هەڕەشەیەکی چاوشکێن بووە، کە ئاراستەی کوردەکانی ئەستەمبوڵ کراوە[١]، بەڵام محەممەد میهریی‌و هاوەڵە کوردەکانی تێدەگەن کە ئەمە بۆ دەرپەڕاندنی ئەوان‌و لە چالاکیی خستنی ئەوانە، بۆیە خۆڕاگرانە بەرەنگاری پیلانەکە دەبنەوەو بە جۆرەها چالاکیی درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن.

**سەبارەت بە کۆچی دوایی میهریی:**

لەسەر مێژووی کۆچی دوایی محەممەدی میهریی، چەند قسەیەکی دژبەیەك کراون، کە وا دیارە لە خەمڵاندنەوە نزیکترن، چونکە بەبەڵگەی نزیك لە مێژووی سەردەمی میهریی پشتڕاست نەکراونەتەوە. مامۆستا مەلا کەریمی مودەرریس ئاماژە بە ساڵی ١٣٧٧ کۆچیی دەکات[٢] کە دەکاتە (١٩٥٨ز)، بەڵام بابەشێخ مەردۆخی ڕۆحانی، ئاماژە بە ساڵی ١٣٧٦ کۆچی مانگیی، بەهاری (١٩٥٧) دەکات.[٣] هەروەها (ڕۆهات ئەلاکۆم) هەمان ساڵی ١٩٥٧ی نووسیوە.[٤] جوتیار تەوفیقیش باسی هاوینی ساڵی ١٩٥٩ زاینی دەکات،[٥] هەندێك سەرچاوەو پێگەی ئەلیکترۆنیی تورکیش باس لە هاوینی

---

[١] بڕوانە: کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، ڕۆهات ئەلاکۆم، وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە، ٢٠٠٥، هەولێر، لا: ١٣٣.

[٢] ڕۆژگاری ژیان، مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس، ئا: ڕەئوف مەحمودی، سنە، لا: ٦٤.

[٣] مێژووی ناودارانی کورد، باباشێخ مەردۆخی ڕۆحانی، ٢/٧٨٨.

[٤] بڕوانە: کوردەکانی ئەستەمبوڵی کۆن، ڕۆهات ئەلاکۆم، و: ئەحمەد تاقانە،٢٠٠٥، لا: ١٢٨.

[٥] وتاری: کورتەیەك دەربارەی ژیان‌و بەرهەکانی محەممەدی میهریی.

ساڵی (١٩٥٧)ی زاینی ئەکەن، گوایە بە نەخۆشیی کۆچی دوایی کردووە،[١] کە دەکاتە ساڵی ١٣٧٥ کۆچیی مانگیی، بەڵام بە لێکدانەوەی خۆم دروستترین زانیاریی ئەوەیە کە لە بەهاری ١٩٥٧دا کۆچی دوایی کردووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە ژمارە (٩٥) – دوا ژمارەی ساڵی سێیەمی گۆڤاری (هەتاو)دا، کە لە ٣٠ نیسانی ١٩٥٧ دا دەرچووە– دەقی ئەم هەواڵە نووسراوە: "تەلگرافێکی جەرگبڕی کوردیمان لە ئەستەمبوڵەوە بە تیپی لاتینی کوردییەوە، لەم ڕۆژانەدا بەو چەشنەی خوارەوە بۆ هاتووە:

هەولێر ـ عراق ـ گۆڤاری هەتاو: داخەکەم خۆ مامۆستا محمد میهری کۆچی دوایی کرد! (شوان)."[٢]

جا، من پێم وایە دروستترین زانیاریی ئەوە بێت، کە میهریی لە بەهاری ١٩٥٧دا کۆچی دوایی کردووە، چونکە گۆڤارەکە لە (٣٠)ی نیسانی ١٩٥٧دا دەرچووە، (گیو موکریانی)ش وەك بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکە نووسیویەتی: (تەلگرافێك... لەم ڕۆژانەدا... هاتووە)، کەواتە دەبێت وەفاتی میهریی لە ڕۆژانی مانگی نیسانی ١٩٥٧دا بووبێت، ئەوەندەش مەعلوم بووە کە بە نەخۆشی مردووە، چونکە تەمەنی زۆری نەکردووەو لەبەهاری ٥٨ ساڵەی تەمەنیدا پاش خزمەتێکی زۆرو چالاکییەکی هەمەڕەنگ، ماڵئاوایی لە دونیا کردووە.

**شینی (گیو موکریانی) بۆ (محەممەدی میهریی):**

---

[١] وتاری: (کەسایەتی چالاکی کوردستان محەممەدی میهریی)، بە زمانی تورکی، لە پێگەی: http://hurbakis.net/content/bir-kurt-entelektueli-mihemed-mihri-hilav

[٢] گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە (٩٥)، ساڵی (٣)، ٣٠/ نیسان/ ١٩٥٧.

وەك لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەم پێکرد، (گیو موکریانی) لە ژمارە (٩٥)ی گۆڤاری (هیوا)دا، لە نیسانی ١٩٥٧دا هەواڵی کۆچی دوایی محەممەدی میهریی بڵاوکردۆتەوەو ناوی لێناوە: "تەلگرافێکی جەرگبڕی کوردیی لە ئەستەمبوڵەوە..."، دوای نووسینی دەقی تەلگرافەکە گیو موکریانی وەك سەرنووسەری گۆڤاری (هیوا) کە هەواڵەکەی تێدایە، شینێکی بەسۆزی بۆ وەفاتی مەلا محەممەدی میهریی نووسیوە، کە تیایدا هاتووە:

"مامۆستا میهریی! تۆ کوردستان، بەبێ دڵسۆزییو هەتاوت (!)، بەجێ هێشت. ئەی ئەردەڵانیو موکریانینە! هێشتا قوڕی سەرشانو سەرو پۆتراکتان وشك نەبۆتەوە، قوڕپێوانی مامۆستا (میهری)شی بەسەردا هات.

مامۆستا میهریی! دیارە هەستت بە کۆچی دوایی خۆت کردبوو، ویستت کە لە مێژوودا سەرشۆڕی کوردو کوردستان نەبی، بۆیە لەم دواییەدا بەهۆی (هەتاو)ەوە هەموو دەردو داخێکی ئاوارەییو دواکەوتویی کوردستانت، بەجوانترین شێوەی کوردیی هەڵڕشت.. ئایا نەتەوەی کورد چۆن لەژێر باری سوپاسی تۆو پیاوەتییەکانت دەردەچێ؟ کە توانیت لەناو جەهەننەمێدا چریکەی بەرزی خۆت بگەیەنییە ناو بەهەشتی کوردستانەوە.

مامە گیان! بۆ نمونەی گەورەییو شانوشکۆی تۆ، ئەوەندە بەسە کە لە خاکی بێگانەندا بەهۆی زیرەکییو وشیارییو هۆشمەندیی بەرزی خۆتەوە، سەری کوردانت لە ناو مەغۆلو ڕۆماندا بڵند کربووەوە، لە حقوقدا بووی بە مودەرریسو لە مەحامێتیدا گەیشتیتە بەرزترین پایە. ئەردەڵانییو موکرانییان شانازیی بە تۆوە دەکەن، چونکو سەرەڕای ئەوەی ٥٠، ٦٠ساڵێك لە وڵاتی بێگانەندا ڕاتبوارد، نەتهێشت ڕەگو ڕیشەی زمانی کوردیی لە ناوماڵو منداڵی خۆتدا هەڵبکەنرێ، بەڵکو هەر کوردێکی ئەستەمبوڵی کە دەهاتنە لات و بە

تورکیان قسەیان کردبا، بە گژیاندا دەچووی‌و دەتفرموو: بۆچی خۆت لێ کردووینەتە تورك..؟

بەڵێ هەرچییەکی لەمەوپێش لەڕێگای کوردایەتیدا بەسەرتا هاتووە، هەمووی ئاگادارم‌و بەمێژووی کوردم ئەسپاردووە، بەڵام کە هەموو مانگی جارێکی یا دوو جار، بە نامەی تایبەتیی بەو چەشنە ئامۆژگاربت دەکردم... (لێرەدا دەقی ئەو نامەیەی میهریی نووسیوە، کە ئامۆژگاریی گیو موکریانی تێدا دەکات‌و لە بڕگەیەکی ئەم بابەتەدا بەجیا نووسیومە).

جا، مامە گیان! ئەوجار کێ دڵسۆزم بێ‌و ئامۆژگاریم دا بدا؟ نامەرد تۆشی پێ ڕەوا نەدیتین‌و وای دەزانی کە برینەکانی لە نەورۆزی ۱۹٤۷و ۱۹٤۷/۹/۲۰ و ۱۹٥٥/۱/۲۱ سارێژ بووە، داغێکی تریشی بە جەرگەوە نام. خوا ئەوی بخاتە ژێر سێبەری دادو بەزەیی خۆیەوەو ئارامیی بە دڵی هەموو کوردێك‌و ماڵ‌و منداڵ‌و کەس‌و کارو خانەوادە خانەدانەکەی بدات." گ. م.[1] (ئاماژەیە بە نووسەری شیننامەکە، گیو موکریانی).

**بەرهەمە زانستییەکانی میهریی:**

بەپێی ئەو وتارانەی میهریی کە لە گۆڤارەکانی بەردەستماندان – (کوردستان)ی ئەستەمبوڵ‌و (هیوا)– وا دەردەکەوێت کە محەممەدی میهریی توانایەکی زۆری نووسین‌و توێژینەوەی هەبووە، بەڵام بە داخەوە زۆرێك لە بەرهەمەکانی فەوتاون‌و ئەوانەشی کە لەبەردەستدان هیچ کارێکی شرۆڤەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە. ئەوەی تا ئێستە لە نووسینەکانی بەدیارکەوتوون، ئەم بەرهەمانەی خوارەوەن:

١ـ کتێبێك بەناوی (مقدمة العرفان)، ساڵی۱۹۱۹ لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە.[2]

---

[1] گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە (۹٥)، ساڵی (۳)، ۳۰/ نیسان/ ۱۹٥۷.

[2] لە گۆڤاری کوردستان، ئەستەمبوڵ، ۱۹۱۹/۲/۹، باسی کراوە.

٢ـ كتێبی فەرهەنگی (كوردی، توركی، عەرەبی، فارسی، فەرەنسی)، ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ چاپ كراوە.[١]

٣– كتێبێك دەربارەی ڕێزمانی كوردیی، ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ چاپ كراوە.[٢] كە وا دیارە هەمان (مقدمة العرفان)ە.

٤ ـ سیاسەتمەداری ناسراو موسا عەنتەر دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٤٨ كە گۆڤاری (دیجلە كایناكی= چاوگی دیجلە) مان دەردەكرد، محەممەدی میهری حەوت وتاری بە توركیی بۆ ناردین‌و بڵاومان كردەوە".[٣]

٥ ـ محەممەدی میهری لە گۆڤاری (هەتاو)ی هەولێریشدا، لە ژمارە (٤٧) تا (٧٤)، لە ساڵانی ١٩٥٥– ١٩٥٦ دەیان وتاری هەیە لەسەر زمان، كە لە ئەستەمبوڵەوە ناردوونی بۆ گۆڤارەكە. لە ژمارە (٥٤) تا (٧٠)ش چەند وتارێكی نووسیون بە ناونیشانی: (زمانی ئێمە یەك جۆرە، شێوەكانی زۆرن). لە ژمارە (٦٠) تا (٦٨) ناونیشانی: (یەكێتی زمانی كوردیی) زیاد كردووە.. لەو وتارانەیدا بە درێژی باسی شێوەزارو دیالێكتەكانی زمانی كوردیی دەكات.

(میهریی) بە حوكمی ئەوەی هەورامیی بووەو دیالێكتی هەورامیی‌و كرمانجی خواروو (سۆرانی) زانیوە، كە چۆتە توركیا فێری (كرمانجی

---

[١] لە هەمان ژمارەی سەرەوە باسی كراوە .

[٢] وتاری: (كەسایەتی چالاكی كوردستان محەممەدی میهریی)، كە بە زمانی توركی نووسراوە، لە پێگەی ئەلیكترۆنی: http://hurbakis.net/content/bir-kurt-entelektueli-mihemed-mihri-hilav

[٣] بیرەوەرییەكانی موسا عەنتەر، ئەستەمبوڵ،١٩٨٨، لا:٧٣، بڕوانە: جەمعیەتی تەعالی كوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش، لا: ٨٨.

ژووروو)و (زازایی)ش بووه، ئیتر ئەم شارەزاییەی بە هەموو شێوەزارە کوردییەکان، قۆستۆتەوە بۆ کاری بەراوردکاریی‌و مشت‌ومالّی زمانەوانیی‌و ئەو زنجیرە وتارە بەنرخەی لیّ کەوتۆتەوەکە باسمان کردن.

٦ـ (میهریی) زنجیرە وتارێکی تری زمانەوانیی بە نرخی هەن، کە لە گۆڤاری (کوردستان)ی ئەستەمبولّ، لە سالّانی ١٩١٩ بۆ ١٩٢٠ لەژێر ناونیشانی (ئەساس)، بە ناوی خوازراوی (م. م) نوسیونی.[١]

٧ـ لە سەرێکی ترەوە، (خەلیل خەیالّی) فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی ئامادە کردووەو داوایشی لە محەممەدی میهری کردووە کە وشە فارسییەکانی بەرامبەر ئەو وشانە بنوسێت، بەلّام کتێبەکە بەرلەوەی بلّاو بکرێتەوە لە لایەن (ضیا طیوك ئالپ)ەوە سوتێنراوە، دیارە ئەو ڕووداوە لە کاتێکدا بووە کە طیوك ئالپ – کە پێشتر کاری لەسەرزمانی کوردی کردووە – ڕووی کردبووە تورکایەتیی‌و وازی لە کاری کوردایەتی هێنابوو.[٢]

٨– هەروەها لە١٩١٩ گرنگترین شاکاری ئەدەبیی کلاسیکیی کوردیی کە مەلحەمەی (مەم‌و زین)ە بلّاو کردۆتەوە.

٩ـ محەممەدی میهری خاوەنی ئیمتیازو بەرپرسی گۆڤاری (کوردستان)ی ئەستەمبولّ بووە، بابەتیشی بۆ نووسیوە، لە ژمارە (١٤)ی ئەو گۆڤارەدا، لە ١٩١٩/٩/٢٣ بەناونیشانی (کردلرو انتخابات) بابەتێکی بە زمانی تورکیی نووسیوە، تیایدا باسی گرتنی (حەمزە موکسی) لەلایەن تورانییەکانەوەو بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستان‌و تورکیا دەکات.

**سەلیقەی ئەدەبیی‌و توانای نووسینی میهریی:**

---

[١] گۆڤاری کوردستان، ١٩١٩/٢/٩.

[٢] چڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، زریان، ژین، ٢٠٠٨، لا: ١٥٢.

به وردبوونەوە لە نووسینەکانی محەممەدی میهریی، بۆمان دەردەکەوێت کە ئاسۆی هزری میهریی زۆر فراوان بووەو قەڵەمێکی بەبڕشتی هەبووەو لە هەموو ڕەهەندە سیاسیو یاساییو کۆمەڵایەتییو ئەدەبییو زمانەوانییەکاندا، سەرکەوتووانە چەندین بابەتی نووسیوە. کاتێك کە زنجیرە وتارە زمانەوانییەکانی گۆڤاری (هەتاو) دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە چ حەزو خولیایەکی گەورەی هەبووە، کاتێك ویستوویەتی زمانێکی ستاندارد دامەزرێو ڕێزمانێکی یەکگرتوو بۆ کوردانی هەموو کوردستان بنووسێت. یان کاتێك کە دەست دەداتە نووسینی فەرهەنگێك بۆ بەراوردکردنی زمانی کوردیی لەگەڵ چەندین زمانی تری وەکو فارسیو عەرەبیو فەرەنسی، ئەمە گەورەیی تموحی زانستیی ئەو پیاوە دەردەخات، کە وەك خۆی دەڵێت پەلاماری کارێك دەدات کە کاری لێژنەیەکی زمانەوانیی فراوانە، کە ئەندامەکانی بەلای کەمەوە چوار زمان بزانن، بەڵام ئەو ناوەستێت بە دیار ئەو ئەگەرەوەو بە تاقی تەنیا دەست دەکات بەو پرۆژە گەورەیە.

لێرەدا وەکو نموونە کورتە پەخشانێکی محەممەدی میهریی دەنووسمەوە، کە پاش موتاڵاو خوێندنەوەی وردی بۆ بابەتەکانی گۆڤاری (هەتاو)، وەك ڕاسپاردەو ئامۆژگاریی ئاراستەی خاوەنی گۆڤارەکە (گیو موکریانی) کردووە.

(میهریی) لەو نووسینەیدا ڕوو لە (گیو موکریانی) وتوویەتی:

"بابی بابم! چاوی مامی خۆت! ڕۆحی ڕەوانم! ئومێدی نیشتیمانم! بۆ خاتری خودا، سەبارەت بە دڵە سووتاوو ئاوارەکەم، جڵەوی قەڵەمت ڕاگرە، ددان بە جەرگی خۆتدا بنێ، چتێکی وا نەنووسی کە دراوسێکانمانی پێ سەخڵەت بێ. لە پلارو توانج بگەڕێ، هەر چتێکی پڕو پووچی ئەمو ئەو، بۆت دەنێرن، بڵاوی مەکەوە، مەبادا بۆ خۆتو (هەتاو)و چاپخانەی کوردستان زیان ببەخشێ. کوردستان تەنها تۆی هەیەو تۆش مانت لە تێکچوونت باشترە. ئەمن بەو

نەخۆشییو پیرییە، خۆم بە پارێزو دەرمان ڕاگرتووە، پارێزی تۆش هۆشیارییو وریاییو دووربینییە. لەوەتی دەربەدەرم، دڵم لە هیچ چتێك هێندەی (هەتاو) فێنك نەبووەتەوە. هەرجارەی کە (هەتاو)م بۆ دیّو دەیخوێنمەوە، لە خۆشیان وەکو بولبولێکم لیّ دێت کە لە ناو باخو گوڵزارەکانی (سابڵاخ)ێدا بە چریکەی خۆشو دلگری خۆی هەموو شار مەستو سەرخۆش دەکات." [1]

**توانای شیعریی محەممەدی میهریی:**

شیعرەکانی (محەممەدی میهری)ش وەك زۆربەی بەرهەمەکانی تری، لەبەردەستماندا نین، بەڵام ئەو چەند شیعرە کەمەی کە لەبەردەستماندان، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە میهریی شاعرێکی بە تواناو سەلیقەجوانو زمانپاراو بووە. لەبەر شارەزاییشی بە زمانەکانی فارسیو تورکیو عەرەبی-جگە لە شێوەزارەکانی کوردیی- توانیوتی بەو زمانانەش شیعر بهۆنێتەوە.. ئەمانەی خوارەوە چەند کۆپلە شیعرێکن لە نمونەکانی شیعری میهریی، بە شێوەی کرمانجی خواروو و ژوورو، هەروەها نمونەیەکی عەرەبی:

ـ لە شیعرێکی نەتەوەییدا دەڵێت:

بــە تــەعزیبی ئــەمن، مــەقصودی دڵبەر، تێگەیاندن بوو

کە من کوردم، بەشی من دائیما هەرخوارییەو پەستی

حەقیقەت، هەیکەلی ئەم میللەتە بێچارە بیمارە

بڕاوە لێـوو زمانی، شکاوە پیّو سەرو دەستی

لە کن هەرکەس (عیاذ)ی حاڵی ئێمە توولی پیّ ناویّ

نیفاقو بوغزی خۆمان کافییە، بۆ یەئسو بۆ پەستی

---

[1] گۆڤاری (هەتاو)، ژمارە (٩٥)، ساڵی (٣)، ٣٠/ نیسان/ ١٩٥٧، گیو موکریانی.

ـ کاتێکیش ڕوناکبیری ناسراوی کورد (ئیسماعیل حەقی بابان)، لە ساڵی ١٩١٣دا وەفات دەکات، محەممەدی میهریی ئەم پارچە شیعرەی بۆ دەڵێت:

زمانی (پیرەمێرد) ئەمڕۆ خەزێنەی ئێش‌و گریانە
شەوو ڕۆژ ئاهی (نالی) ڕەعدە، ئەشکی چاوی بارانە
هەناسەی ساردی (ئەسیریی) لە خاك تاکو ئەسیری چوو
میزاجی ئیعتیدال فەوتا، ویصالی تۆفی زستانە
لە تەم سەرپۆشی غەم پۆشی، سەراپا قامەتی کێوان
دڵی تۆران، دڵی سەردی لە بەین کێوانی کەیوانە
بە ڕەسمی تەعزیە هەر نەونەمامە بەفری کورد جامە
بەڵێ لەبسی سپی پۆشین، ڕسومی کۆنی دەورانە
خودایە ! ڕۆژی حەشرە وا جیهان یەکسەر سەرو بن بوو
وەیاخود وەلوەلەی فەوتی مەداری فەخری کوردانە
جەوانی نەوجەوان (حەقی بەگ) بەگزادەیی کوردان
ڕەئیسی ئەهلی عیرفان، دوڕڕی یەکتای ماڵی بابانە
لەبەر کۆچکردنی دوڕدانە ئیمڕۆ ڕۆژی دەردانە
مەسیلی ئەشکی خوێن، دامانە، دامان کاری مەردانە[١]

ـ ئەم چوارینەیەشی بە شاری (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وتووە، چونکە ماوەیەك لەوێ فەقێ بووە:

ئەرزی بەرزی مەرزی سەردەشت، بەهەشتی ڕوویی زەمین
کاخ‌و کوخی، شەنگ‌و شۆخی، ڕێی فریشتەو جێی پەرین
ئاستانی ئاسمانی پڕ لە ئەستوونەی زەڕە

---

[١] گۆڤاری: هەتاوی کورد، هەولێر، (١١)ی کانونی دووەمی (١٩١٤)، ژمارە (٣).

کێوو دەشتی گشتی زەردو سوورو کەسکو شین[1]

ـ میهریی پارچە شیعرێکی بەشێوەزاری کرمانجی ژووروش هەیە، کە بەبۆنەی دەستگیرکرانی کەسایەتی هەڵکەوتوو (حەمزە موکسی)، قوتابی ناسراوی (سەعید نورسی)، نووسیویەتی، کە جەندرمە کەمالییە توندڕەوەکان بەناهەق گرتوویانەو توندی زیندانیان کردووە.. دەڵێت:

دوو سێ پۆلیس، پیسی بەدڕەفتار صورە، سیرە، صەو حەفتار

دوور لە ویجدانو هیممەتو نامووس وەك سەگی ڕاو، ماندیو مەئیوس

حەمزە بەگ سەوق کرن دگەڵ حەشەرات شوعبە بەشوعبە تا بە(فاتح) هات

گەر چی کاك حەمزە کوردو قۆچاغە حەمزە، نە عەسکەرە، نە قاچاغە

بەخودا حەیفە حەمزەیێ موکسی ببی عەسکەر دگەڵ زگی برسی

چونکە لایق نیە ژبۆ عەسکەر ڤی زەمانێ کەسێك بە غەیری کەر

چونکە مەقصەد، نە دین، نە ئیمانە نە وەتەن، نە وەفا، نە پەیمانە

بەلکی مەتلەب ئەوە دوو سێ .... کینە، ئامالی خۆ بکەن تا سەر

فەقەت ئەو زەحف دینو نادانن سڕی ئەفکاری حەمزە نازانن

حەمزە گەر حەز بکەت هەزار وەکی وان ئاڤ ددەت ئەو بەشوبهەتی کەروگان

زوو بزفڕە وەرە چکو (میهریی) ژ غەما فیرقەتا تە، خۆش دگری[2]

ـ کاتێکیش کە لە ساڵی (١٩٥٢) دا لە ئێران بە هەوڵی (آیة الله کاشانی) نەوتی وڵاتی ئێران خۆماڵیی دەکرێت، محەممەدی میهریی لە وڵاتی غەریبییەوە– لەشاری ئەستەمبوڵەوە–ئەوکارەی کاشانی بەدەستکەوتێکی گەورە بۆ ئێران دادەنێت، بۆیە بەسەریا تێناپەڕێتو چامەشیعرێکی بەهێز بە زمانی عەرەبی دەنێرێت بۆ ڕابەرو مەرجەعی ئاینی ئەوکاتەی ئێران

---

[1] گۆڤاری هەتاو، هەولێر، ژمارە: ٤٦، تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٥.

[2] جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ کوردان، مالمیسانژ، لا: ٤١٣.

(کاشانی)، لێرەدا بۆ ئەوەی توانا ئەدەبیی و زمانزانییە عەرەبییەکەشی بۆ خوێنەران دەرکەوێت، ئەو شیعرەشی دادەنێم، کە دەڵێت:

قائد العنقاء! في أنحاء حي — عنّ عنّي (آية الله) وحَيّ
آية الله الذي قد أشرقت — من سَنا أفكارِه آراءُ (رَيْ)
عالمٌ قد نالَ إرثَ الأنبيا — (آبدان) بدرُهُ والنفط فَـيْ
سيفه التسبيح في حلّ الأمور — لا يبالي بـ(لعلّ) أو بـ(كَيْ)
وإذا ألقى عصا تدبيره — فهو ثعبان للَقْفِ كلَ حيّ
ومتى قال بـ(كاشان) و(قم): — قم بإذن الله، فالميّتُ حيّ
ذو فُقارٍ عزمُهُ، وخَصمُهُ — مَرْحَبٌ، عمرو وكعبٌ وحُيَي
فِكْرُهُ وذِكْرُهُ تِذكارٌ لنا — ميرُ جوعانَ وللعطشانِ ريْ
رأسُهُ عند السجود في الثّرى — وله فوقَ رؤوس الناس فَـيْ
فألبّيه بفتيانٍ انتموا — لـ(عليّ) و (معاذ) و(لؤي)
ونَمَوْا في روضة القرآن والـ — علم، من فضل أبي ومن أبي
إن نَأَتْ عنّي بلادي أو أَنَتْ — فأنا (ذو الرّمّة) والـ (إيران) مَيْ
إن (مهري) شيخ سياراته — ومدارُ سيْرهم في مُلْكِ (كَيْ)[1]

---

[1] مێژووی ناودارانی کورد، باباشێخ مەردۆخی ڕۆحانی، ٧٨٩/٢.

### ١٥– مەحمود جەودەت

ـ مەحمود جەودەت، ڕوناکبیرێکی دیاری سەردەمی خۆی بووە، کوڕی ئەحمەد جەودەتی مەحمود ئاغای مستەفا ئاغای (زەنگەنە)یە، ساڵی ١٨٨٩ لەدایك بووە، ساڵی١٩٠٧ چووەتە شاری (ئەستەمبوڵ)و قوتابخانەی (سوپای سوڵتانی) خوێندووەو بۆتە ئەفسەر.

ـ لە کاتی حوکمڕانیی شێخ مەحمودی حەفیددا گەڕاوەتەوە (سلێمانی)و پلەیەکی بەرزی لە لەشکر پێبەخشراوە. دواتر چۆتە نێو سوپاوە.

ـ لە ڕۆژنامەکانی (ئومێدی ئیستقلال)و (پێشکەوتن)و گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، زۆر نووسینی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردیو لەچاپیداوە.

ـ مەحمود جەودەت، دۆستایەتی لەگەڵ جەنەڕاڵ (بەکر سدقی)دا هەبووە. ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیری کورددا کۆمەڵەی (ئیستقلالی کوردستان)یان دامەزراندووە، پەیوەندی لەگەڵ (سمایل ئاغای سمکۆ) (١٨٧٥– ١٩٣٠)دا هەبووە. جێی داخە لە مشتومڕێکدا لەگەڵ لێپرسراوێکی بەڕێوەبەرێتی خانەنشین، مەحمود جەودەت ئەو لێپرسراوە ئەکوژێتو لە ئاکامدا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا ئەدرێتو لە (١٩٣٧/١١/٢٠) لەسێدارە دەدرێتو لەگردی سەیوان لە سلێمانی دەنێژرێت.[١]

---

[١] بڕوانە: سایتی (یانەی کوردژین).

## ١٦– میرحاجی ئاكرێیی

ـ میرحاج: ئەحمەدی، كوڕی طاهر ئاكرێی، ساڵی ١٩١١ز لە شاری ئاكرێ لەدایكبووە، لە موسڵو بەغدا خوێنەویەتی، دواتر چۆتە قوتابخانەی سەربازیو ساڵی ١٩٣٦ تەواوی كردووەو بۆتە ئەفسەر بە پلەی (ملازم ٢).
ـ لە ١٩٣٩ بۆتە (ملازم١)و هەمان ساڵ چۆتە حزبی هیوا، دواتر حزب ناردویەتی بۆ مەهاباد بۆ بیروڕا گۆڕینەوە، دەربارەی پێكهێنانی كۆمەڵەی (ژێ. كاف).

ـ لە ١٩٤٤ لەگەڵ مستەفا خۆشناو جارێكی تر چۆتە مەهابادو قازی محەممەدیان دیوە. ساڵی ١٩٤٥ لە كاتی كۆماردا لەگەڵ مستەفا بەرزانی بووە بۆ پشتگیری سوپای كۆماری كوردستان.

ـ لە ١٩٤٦دا لە دامەزراندنی حزبی دیموكراتی كوردستاندا بەشدار بووە. لە ١٩٤٧دا لەگەڵ بەرزانیو هاوكارانی بەرەو سۆڤیەت چووە، لە ١٩٥٨ لەگەڵ پەنابەران گەڕاوەتەوەو چۆتەوە ناو سوپای عێراقو لە كودەتای ١٩٦٣دا خانەنشین كراوەو لە ١٩٨٨ كۆچی دوایی كردووە."[١]

---

١ بە كورتكراوەیی لە: (أعلام الكرد، جمال بابان، ٢/٤٩٥– ٤٩٧).

## ١٧- هێمنی شاعیر (محەممەد ئەمینی شیخ الاسلامی)

(هێمن) شاعیری ڕەوانبێژو هەست ناسك، ناوی سەید محەممەدئەمینی (شیخ الإسلامی)یە، کوڕی سەید حوسەینی موکرییە، بنەماڵەکەی دەچنەوە سەر مەلا جامی چۆڕی، دایکی (هێمن) کچی شێخی بەناوبانگی بورهانە.

هێمن ساڵی ١٩٢١ لەدایك بووە، سەرەتای خوێندنی لای (سەعید ناکام) بووە، پاشان لە مەهاباد تا پۆلی چواری سەرەتای خوێندوویەتی، دواتر چۆتە حوجرەی خانەقای بورهان بۆ خوێندنی شەرعیو چوار ساڵ خوێندویەتی.

هێمن بۆ خۆی سەبارەت بەو ماوەیەی کە فەقێ بووە، پەشیمانیی دەردەبڕێ کە نەیتوانیوە وەك پێویست سوود لەو ماوەیە وەربگرێت، دەڵێت: "دەستی شکاوو ڕانی وردم! ئەوەی ئێستا دەیزانم ئەگەر ئەودەم دەمزانی، کار لە جێگایەکی دیکە بوو. منیش شتێکی تر دەبووم. بەڕاستی خانەقا زانستگایەکی گەورە بوو دەمتوانی زۆر شت فێر ببم."[1]

ماوەیەکیش لای مەلا ئەحمەدی فەوزی هەڵەبجەیی- کە لە گوندی (کۆلیجە)ی نزیك مەهاباد مەلاو مودەرریس بووە- خوێندویەتی،[2] کە زۆر بەلای هێمنەوە پیاوێکی گەورەیەو تەعریفێکی زۆر سەرنجڕاکێشی دەکات، لە باسی (مەلا ئەحمەدی فەوزی)دا قسەکانی هێمن دەهێنم، کە چۆن ڕێز لەو مامۆستایەی دەنێتو بە یەکێك لە گەورە پیاوانی مێژووی کوردستانی دادەنێت.

هێمن دوای تەمەنێکی پڕ مەینەت، لە٦٥ ساڵیدا، لە ١٩٨٦ کۆچی دوایی کرد.

ـ هێمن -وەك مەعلومە-خاوەن بەهرەیەکی کەموێنە بووە لە هۆنینەوەی شیعری کوردیدا، خاوەنی هەستێکی ناسكو داڕشتنێکی ساکارو زمانێکی پاراو بووە، هەروەك یەکێك بووەلە دڵسۆزانی کۆماری کوردستان، بۆیە هەر

---

١ دیوانی هێمن، تاریكو ڕوون، لا: ٢٨.

٢ تاریخ مهاباد، سید محمدی صمدی، ص: ٣٠٤.

لەوکاتەدا –ساڵانی ١٩٤٥ بۆ ١٩٤٦– کە لە شیعرگوتندا تازەدەم بووە، شیعری بۆ بڵاوکردنەوەکانی کۆمار گوتووە، یەکێك لەو شیعرانەی، کۆپلەیەکە دەربارەی (خواناسی)، کە بۆ منداڵانی کوردی چڕیون، کە بەداخەوە لە چاپە جیاجیاکانی بەرهەمەکانیدا بڵاویان نەکردوونەتەوە، بە مەرجێك لەو کاتەوە (ساڵی ١٩٤٦ ز) لە گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)ی سەردەمی کۆماردا بڵاو کراوەتەوەو پارێزراوەو دەبوا وەك یادگارییەکی بەنرخی کۆمار، لە دێباجەی چاپی هەموو دیوانەکانی هێمندا دابنرایە[١].

بەهەرحاڵ، لەبەر ئەو تاکە هۆیەش بێت من لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە، کە ڕاستەوخۆ لە گۆڤارە ناوازەکەی سەردەمی کۆمار (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)م وەرگرتووە، هێمن دەڵێت:

هەر خودایە کە فەردو بێ هەمتا　　　پاكو بێ چوونو گەورەو دانا
هەموو کارێك لە دەستی ویدایە　　　ئەوە بێ باكو قادیرو تەوانا
خالیقی ئادەمییو حەیوانات　　　خالقی خاكو ئاوو ئەرزو سەما
هەموو موحتاجی دەركو دەزگای وین　　　شێخو دەروێشو پاشاو گەدا
کاروباری تەواوی دونیایێ　　　هەر خودا جێبەجێی دەکا تەنها
ڕۆژی تەنگانە عەبدی بێ چارە　　　هیچ پەناهی نیە بە غەیری خودا
هێمنا ! تا هەبێ ژیانت ئەتۆ هەر بڵێ : (لا إله إلا الله).[٢]

---

١ بەداخەوە دیوانی وا چاپ کراوە، لێی نووسراوە: "سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا هێمن"، (چاپکراوێکی ساڵی ٢٠٠٥ز)، بەڵام ئەو شیعرەی تێ نەخراوە، لە کاتێکدا کە لە سەرچاوەی دروستو ڕاستی سەردەمی کۆماردا بڵاوبۆتەوە.

٢ گۆڤاری گڕو گاڵی منداڵانی کورد ژمارە ٣، ساڵی ١، پوشپەڕی ١٣٢٥ك/١٩٤٦، لا: ٥.

# بەشی پازدەهەم

## پاشبەندەکان

## تەوەرەكانی ئەم بەشە:

١-پێشەكیو یەكەم سەروتاری میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ ڕۆژنامەی كوردستانی قاهیرە (١٨٩٨ز)..................................←

٢-وتارێكی پێش زیاتر لە سەدەیەك (١٩١٤ز)، (تەرەققی دینمان دەوێت) نووسینی: قازی زادە، مستەفا شەوقی مەهابادی............................←

٣-بەشێك لە دەقی گفتوگۆكانی ناو دادگاییكردنی شێخ سەعیدی پیران←

٤-عەللامە سەعیدی نورسی لە سێ بیرەوەریی پیرەمێردی ڕۆژنامەنووسدا:

ا- ترسو واهیمە. ب- بەراوردێكی زیرەكیی نێوان شێخ محەممەدی خاڵو سەعید نورسی. ج- یەكێك لەوانەكانی مەلا سەعید بەدیعوززەمان......←

٥-حەمزە موكسیو پەیوەندیی لەگەڵ عەللامە سەعید نورسی.........←

٦ـ پارچە شیعرێكی دەگمەنی (سیف القضاة)، مامی پێشەوا قازی محەممەدی سەركۆماری كوردستان........................................←

٧- دەقی پێڕەوی ناوخۆی حزبی ئازادیی كوردستان (١٩٣٨ز)........←

## ١- پێشەکیو یەکەم سەروتاری میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی قاهیرە (١٨٩٨ز)

لە هەندێك شوێنێکی ئەم کتێبەدا، چەند لایەنێك لە هەوڵی تاقەتپڕوکێنی بنەماڵەی بەدرخانییەکانمان خستە ڕوو. یەکێك لەو شاکارە دەگمەنو کەموێنە مێژووییانە بەر (میقداد مەدحەت بەدرخان) کەوت، کاتێك توانی لە شاری قاهیرە بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردیو تورکی لە ساڵی(١٨٩٨ز) دەربکاتو دەنگی کورد بگەیەنێتە ناوەندەکانی دەرەوەو نەتەوەی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان، لە واقیعی نەخۆشی خیلافەتی عوسمانییو خواستو داواکارییەکانی بەشە گەورەکەی باکوری کوردستان ئاگادار بکاتەوە.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بڵاوکردنەوەی پێشەکییو یەکەم سەروتاری ڕۆژنامە نایابەکەی (کوردستان)ە، کە وەرمگێڕاوەتە سەر شێوەزاری سۆرانیی، تا بەشێك لەو ئامانجەی لەم کتێبەدا مەبەست بووە بگاتە خوێنەران، ئەویش سەلماندنی کاریگەریی تێگەیشتنی ئاینیی بووە، لەسەر ڕەوتو کاری هەموو خەباتگێڕەکان، چ شوڕشگێڕان، چ سەرکردە سیاسییەکان، چ ڕۆشنبیرانو ڕاگەیاندکارانی ئەو سەردەمە، کە زۆر بەباشی لێرەدا بەرجەستە بووە.. ئەمەش دەقی سەروتاری باسکراو:

بەناوی خوای میهرەبانو بەخشندە[١]

صەد هەزار سوپاسو ستایش بۆ خوای گەورە کە ئێمەی بە موسڵمان گێڕاوەو عەقڵ و زیرەکی پێ بەخشیوین تا زانستو زانیاریی وەربگرین.

---

[١] لە بەشی پاشکۆکانی ئەم کتێبەدا نمونەی ئەو وتارەو ڕۆژنامەکە ببینە.

سەبارەت بە فێربوونی زانستو مەعریفە، ئایەتو فەرموودەی پیرۆز هەن. لە هەرکوێی جیهانیشدا موسڵمانان هەبن، لە لادێو شارەکانیاندا قوتابخانەو خوێندنگەو حوجرەو ڕۆژنامە هەن، هەرچی لە جیهاندا گوزەراوەو دەگوزەرێ دەینوسن.

مخابن! کورد کە لە ژیرترینو زیرەکترین گەلانو بەڕێزو خاوەن بەخششنو پابەندن بە ئاینەکەیانەوەو بەهێزو ئازان، بەڵام خوێندەوار نین. کورد وەکو گەلانی تر دەوڵەمەندن، بەڵام نازانن لە دونیادا چی لە ئارادایە، بێ ئاگان (مسقوف)انی دراوسێیان چی دەکەن.

بۆیە من لەڕێی خوادا ئەم ڕۆژنامەیەم دەرکرد، پشت بە خوا ١٥ ڕۆژ جارێك دەری دەکەمو ناویشم نا (کوردستان).

لەم ڕۆژنامەیەدا باسی گەورەیی زانستو مەعریفە دەکەم، باس دەکەم کە مرۆڤ لە کوێ (زانست) فێر دەبێت. لە هەرکوێ قوتابخانەو خوێندنگەی چاك هەبوو، باسیان دەکەم. هەروەها جەنگەکان لە هەرکوێ بنو وڵاتانی زلهێز خەریکی چی بنو بازرگانیی چۆنەو چۆن ئەکرێ..؟ لەسەر هەموو ئەمانە قسە ئەکەم.

کەس تا ئێستا ڕۆژنامەیەکی وای دەرنەکردووە، ڕۆژنامەکەی من یەکەم ڕۆژنامەیە، بۆیە هەڵەو کەمو کورتیی زۆری تێدا دەبێت، هیوادارم لەسەر منی حیساب بکەن، هەموو شتێکی نوێ ناتەواوەو بە تێپەڕبوونی کات گەشە دەکاتو پێش دەکەوێت.

ئێستە دەست دەکەم بە مەبەستو پشتیوانییش لە خواوەیە: حەزرەتی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) فەرموویەتی: (العلماء ورثة الأنبياء)[1] واتە:

---

١ العلماء ورثة الأنبياء: ئەمە بەشێکە لە فەرموودەیەکی درێژ کە (أبو داود) بە ژمارە ٣٦٤١، (ترمذی) و(ابن حبان) لە صەحیحەکەیدا بەژمارە ٥٩١٨، گێڕاویانەتەوە.

زانایـان میراتگـری پێغەمبـەرانن، لەلایـەن خـواوە فرمانیـان پیـا دراوە کـە ئامۆژگاریی خەڵکی بکەن‌و ڕێنموییان بکەن بۆ ڕێی خێر.

ئەی زانایانی گەلی کورد! داواتان لێ دەکەم هەروەك خەڵکیی بـانگ دەکـەن بۆ نوێژکردن، لەسەرتانە کە ئاغاو میرانی کرمانج (کوردان) کـە دەیانناسـن، بانگ بکەن بۆ وەرگرتنی زانست‌و مەعریفە، کـە ڕێنموییـان بکـەن بـۆ کـاری خێر، ئەگەر ئەمە نەکەن، ئەوە تاوانی هەموویان لە ئەستۆی ئێوەدایە!

هەروەها حەزرەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویـەتی: (العلم علمان: علم أبدان وعلم أديـان)[1] واتـە: زانسـت دوو زانسـتن: زانسـتی لاشەو جەستەکان، زانستی ئاینەکان.

ئەی میرو ئاغایان!

کام لەئێوە تائێستە گوێڕایەڵیی لە فەرمانی پێغەمبەری خوا کردووە؟

کام لە ئێوە منداڵەکانی، براکانی، پیاوەکانی، ناردووە بۆ خوێندن؟

کام لە ئێوە لە گوندەکەی، یان شارەکەیدا، قوتابخانەیەکی کردۆتەوە؟

ئەی زانایان! بۆچـی ئـەم فەرموودانـە بـۆ مـیرو ئاغاکـان ناخوێننـەوە؟ بۆچی ڕۆژنامە عەرەبییەکان ناخوێننەوە، تا بزانن دەنگو باسی دنیا چیە؟

دووبارە حەزرەتی پێغەمبەر فەرمویەتی: (الكاسب حبيب الله)،[2] یـانی: کاسـپکار خۆشەویسـتی خوایـە، واتـە: خـوا ئەوکەسـەی خـۆش دەوێـت کـە لەبـەری ڕەنجی خۆی، قووتی خۆی دەست دەخات.

---

١ العلم علمان.... بەو دەقـە، ڕیوایـەتێکی هەڵبەسـتراوە. سـەیری (موسـوعة الأحاديـث الضعيفة والموضوعة)، ١٣٩/٦، ژمارە: ١٤٤٥٢٥.

٢ الكاسب حبيب الله: قسەی پێشینانەو فەرموودەیەك بەو جـۆرە لـە سەرچـاوە متمانـە پێکراوەکانی فەرموودەدا نەهاتووە. (ع.ع).

دیاره هەرکەس خوێندەواریی نەبێت، ناتوانێت ڕۆژنامەبخوێنێتەوە، ئەگەر ڕۆژنامەش نەخوێنێتەوە، نازانێت بازرگانیی بەسوود لە کوێیە، چونکە ئەو ڕۆژنامانەی ئێستە دەردەچن، قسە لەهەموو شتێك دەکەن، هەرکەسیش بیانخوێنێتەوە، دەتوانێت هەرچی بوێت دەستی بخات.

لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەستەمبوڵ قوتابخانەیەك کرایەوە، ناونرا (قوتابخانەی عەشائیر)، جگە لە منداڵانی عەشائیر کەسی تر وەرناگرێت، لە بەغداو شامو یەمەنەوە لە هۆزی (شوممەر)و (عەنزە)ەوە، منداڵەکانیان دەنێرن بۆ ئەستەمبوڵو لەو قوتابخانەیە دەخوێنن، ساڵانە دوو مانگ دەنێررێنەوە بۆ ماڵی خۆیانو پاشان دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنی خۆیان، پاشان لە ماوەی شەش تا حەوت ساڵدا دەبنە زاناو دەگەڕێنەوە بۆ گوندو شارەکانیان، وڵات مانگانە یارمەتییان دەداو دەبنە فەرمانبەرو کەم کەم پلەیان بەرز دەبێتەوەو دەبنە قایمقامو والی (پارێزگار).

ئەی میرانو ئاغایان!

گوناهی منداڵەکانتان لە ئەستۆی ئێوەیە، بیاننێرن با زانست فێر بن، با دەوڵەمەندانتان قوتابخانە لە گوندەکاندا بکەنەوە، ئەمەش بکەنە خێرو صەدەقە لەڕێی خوادا، ئەگەر ئێوە گوێ بەم ئامۆژگاریانە نەدەن، هەر خەریکی شوانییو هەژاریی بن، سەردەمێك دێت کە کوردستان بە تەواوی وێران دەبێت، فارسی دراوسێتان وەکو کورد وابوون، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت ناکرێت بەبێ زانستو هونەر بمێننەوە. ئەوەتا ئێستە عەجەم خاوەنی چەندین قوتابخانەن، منداڵانیشیان دەنێرن بۆ وڵاتانی دوور، لە پێناوی دەستخستنی زانیاریدا، ئەوەتا منداڵانی میرو ئاغاو بەگزادەی ئەوان، بە ڕێژەی $\frac{3}{4}$ قوتابی قوتابخانەی حەربیی ئەستەمبوڵ پێك دێنن.

میران! ئاغایان!

به چاکی بیر له دەوروبەرتان بکەنەوە، بەردەوام ئێوەهەژارتر دەبنو کەم دێنن، هۆکەی نەزانییو نەخوێندەوارییە.

سوپاس بۆ خوا قوتابخانەو خوێندنگەی زۆر هەن، مندالّەکانتان بنێرن بۆیان، با فێر بن، خۆتان لەم نەزانییە ڕزگار بکەن، دونیاو پاشەڕۆژتان دەستەبەر بکەن، خەڵکی دەڵێن: (هەرکات کوردان فێری زانست بوون، بەهێزو توانایان، زاڵ دەبن بەسەر خەڵکیدا).

حەزرەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (أطلبوا العلم ولو کان فی الصین)[1]، واتە: لە (چین)یش بووە بچن بە دوای زانستدا. واتە: بۆ دەستخستنی زانست تا (چین)یش بڕۆن.

ئەی میرو ئاغایان! من لێتان دەپرسم: کام لە ئێوە یەکێك لە پیاوانی ناردووە بۆ دەستخستنی زانست؟

سوپاس بۆ خوا لە بەغداو دیمەشقو ئەستەمبوڵ چەندین قوتابخانەو خوێندنگەی حکومی هەنو هیچ مەسرەفێکیشی ناوێت، هەرکەس لە ئێوە مندالّەکانی بداتە دەستی حکومەت، ئەوە دەیانێرێت بۆ خوێندن، بەبێ ئەوەی خەرجو مەسرەفیان هەبێت.

پێش دوو ساڵ یان سێ ساڵ، جەنگ لەنێوان چینو یاباندا ڕووی دا، سوپای (چین)ی دەیان قات بەسەر سوپای (یابان)یدا لەپێشتر بوو، بەڵام یابانییەکان لە هەموو جەنگەکاندا بەسەر چینیەکاندا سەرکەوتن، وەرن با هۆکارەکە بزانین:

---

١ ئەم دەقە لە ڕیوایەتە هەڵبەستراوەکانە. سەیری (الفوائد المجموعة)ی (الشوکاني) لا: ٢٧٢ و (السلسلة الضعیفة) ٤١٦/١، بەڵام واتاکەی پەسەندە. (ع.ع).

چـــينييەكان نەخوێنـــدەوارن، هـــيچ نـــازانن، نـــازانن تـــۆپو چـــەكە هاوچەرخەكان بـەكاربێنن، بـەڵام سـوپای يابـانی خـۆی چـەكەكان دروسـت دەكات، لە هەموو چوار قوڕنەی ياباندا بازرگانيیو كارو كاسپی هەيە، بۆيـە دەوڵەمەندنو چەكی دەگمەن لە وڵاتە دوورەكانەوە دەكـڕنو دەزانـن چـۆن بجـەنگنو بەسـەر دوژمنانيانـدا زاڵ بـبن، بۆيـە ئێسـتە لەسـەر مـاڵو حـاڵی خۆيان ئيسراحەت دەكەنو كەس پێيان ناوێرێت.

زانايان، ميرو ئاغايانی كورد!

ئێوە هەمووتان ئەسـڵو بنەچـەی مـن دەناسـن، بـاپيرەی مـن (خالـدی كـوڕی وەليـد)ە (خـوا لێـی ڕازی بێـت)، هۆزەكـەم نـاوی هـۆزی (بۆتـان)ەو شۆرەتی ڕەچەڵەكمان (عەزيزان)ە، من لـەپێناوی خـوادا كـار دەكـەم، ئـەم ڕۆژنامەيـەم دامەزرانـدو پـارەی زۆرم لەپێناويـدا خـەرج كـرد، بۆيـە ئێسـتە لەدەستتەنگيدام، ئامانجی من خێرو خۆشـی كـوردە، ئێـوەش دەسـتتانتان بەرز بكەنەوە، كورد فێری زانست بكەن، منداڵانتان فێـری زانسـتو ئـەدەب بكەن، پيشەو صـنعەتيان فێـر بكـەن، موسـڵمانان دەبێـت خوێنـدەوار بـن، دەبێت شارەزای ئاينەكەی خۆيان بن.

ئێستە هيوادارم زانايانی كورد ئەم ڕۆژنامەيەم بخوێننەوە بۆ مـيرو ئاغـا كرمانجـەكان (كوردەكـان)و لـە عـەقڵو هزريانـدا ئـەوەی خـواو حـەزرەتی پێغەمبـەر (صـلى الله عليـه وسـلم) دەربـارەی فێربـوونی زانسـت فەرموويانـە، بچێنن"

## ٢- وتارێکی پێش زیاتر لە سەدەیەك

(**سەرنج:** بایەخی ئەم وتارە لەوەدایە کە ساڵی ١٩١٤ زاینی نوسراوە- واتە بە تەواوی پێش ١٠١ ساڵ لە مێژووی نوسینەوەی ئەم کتێبەی بەردەستی خوێنەر (٢٠١٦)و نێرراوە بۆ گۆڤاری (هەتاوی کورد) لە ئەستەمبوڵو لە ژمارە(٤)ی ١٩ی مارتی ١٣٣٠، ئاوریلی١٩١٤ز، بڵاوی کردۆتەوە. ناوەرۆکەکەی ئەوەمان پێ دەڵێت: کە مەلاو فەقێو دەرچووانی حوجرەو مزگەوت، پێشەنگانی ڕەوتی خزمەتی نەتەوە بوون، ئەم هەستو هەڵوێستەشیان لە تێگەشتنە ئاینییەکەیانەوە وەرگرتووە. ئەم نمونانە لە دەستپێشخەریی زانایانو ڕوناکبیران، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەبیرۆکەی لێکترازاندنی (پرسەکانی ئاینو خاکو نەتەوە)، پاش سەرهەڵدانی بیری چەپو ناسیۆنالیستی توندڕەو سەری هەڵداوە، وەگەرنا بەوردیی لەم وتارەو هاوشێوەکانی ورد بەرەوە، ببینە پێش زیاتر لە سەد ساڵ، ئەم نووسەرە چ هەڵپێکانێی ژیرانەی کردووە لە نێوان پرسەکانی زانستو نەتەوەو ئایندا.

هەرچی نووسەری وتارەکەشە (قازی زادە مستەفا شەوقی)، کوڕی قازی لەتیفی سابڵاخ بووە، کە دەچنەوە سەر شێخ عبید الله نەهریو خزمایەتیشی لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد هەبووە. مستەفا شەوقی ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی (هێڤی) بووە، بۆیە لە ئەستەمبوڵو بەرلین لەسەر ئەرکی ئەوان، پزیشکیی تەواو کردووە کراوەتە سەرۆکی نەخۆشخانەی سنگی ئەستەمبوڵ)[1].

عمر عبد العزيز

---

[1] ئەم چەند زانیارییە لە ژمارە (٨٢)ی ساڵی (٣)ی کانونی یەکەمی (١٩٥٦)ی گۆڤاری (هەتاو)دا، نووسراوە، کە دارشتنەکە لە نووسینی (گیو موکریانی) دەچێت.

دەقی وتارەکە بێ گۆڕانکاریی ناوەڕۆك، تەنها ڕێنووسەکەی گۆڕاوە:

ناونیشانی بابەت: (تەرەققی دینمان دەوێت)

نووسینی: قازی زادە، مستەفا شەوقی مەهابادی

"چەندێك لەوەو پێش بەواسیتەی ڕۆژنامەی (هەتاوی کورد)، لە خصوص قاعیدەو مەنفەعەتی مەکتەب، چەند سەترێکم عەرز کردبوون. ئاغایانی موحتەرەم، عەرزی ئێمەیان قبولْ فەرموو، وا دیارە کە الحمد لله حەمییەتی کوردان هاتووەتە جۆش، مەخصوص شوکر دەکەین. ئێمە، کە موسوڵمانین ئیعانەکردنی یەکترمان لەسەر لازمەو حەتتا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: (من نفّس على أخيه كربة من كرب الدنيا، نفس الله عنه كربة من كرب يوم القيامه، والله في عون العبد مادام العبد في عون أخيه)، یەعنی: کەسێك کە لەسەر برای خۆی –(مەتڵەب لە برای موسوڵمانە، چونکە هەموو موسوڵمانان پێکەوە بران: (إنما المؤمنين إخوة)– غەمی دونیایە دەفع کا، خودا غەمی قیامەتی لەسەر هەڵئەگرێ، خودا ئیعانەی عەبدی دەکا مادام ئەو ئیعانەی برای موسوڵمانی خۆی بکا. ئەوە تەنگاوی جیهانییە کە وەلابردنی هێندە خێرە، بەبێ شك لابردنی تەنگاوی مەعنەوی ئەجری زیاترە.

ئەوێستا تەنگاوی لەوەی زیادتر نابێ کە بەدبەختیی بگاتە ئەندازێکی زیاتر لەوە کە ئێمە بە موصیبەتی فەقیریو ئیحتاجیێ موبتەلا کردووە، نزیکە عەقیدەی موسوڵمانێتیشمان لابەرێ. مولاحەزە فەرموون، چەند سالْ پێشتر لەشاری سابڵاغو ئەترافی وی، بە چ جۆرێك عیلمو فەزلْ دە تەڕەققیدا بوو، چەند مەلای وەکو مەلا عەلی تورجانی، مەلای پێنجوێن، مەلای پیرەباب، مەلا وەسیم، بە وجودی خۆیان عالەمیان موزەییەن فەرموو بوو، چەند کەس لە ئەهلی تەریقەتو لە پیرانی دڵڕووناك، بە ئیرشادی خۆیان

ڕەونەقیان بە دینی ئیسلامیی خۆیان دابوو. دەگەڵ تەئەسسوف حاڵی حازر لە هەزار فەقیٚ یا مەلا، یەکی وا، لە هەزار موریدان پیرێکی وا نابیٚ.. بۆچی؟ بەبیٚ شك دەفەرموون: چونکە وەقت هەتا دیٚ خراپتر دەبیٚ.. بلاّ ئایا ئێمە لە موقابیل وەیدا نابیٚ حەرەکەتێکی بکەین؟ دەبیٚ هەروا مەئیوس‌و نائومێد بین؟ ئایا بە خراپی ئەودەمی تەکلیفی شەرعیمان لەسەر وەلا دەچیٚ؟

مەعلومە موسوڵمانان لەسەریان لازمە کە لە ئەوەڵەوە دە نوێژو ڕۆژووی خۆیاندا هێندەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەمری پیٚ فەرموون، بزانن، وە ئەگەر هیچ نەبیٚ دەبیٚ ئەقەللەن روبعی تەهارەتان‌و نوێژان بەبیٚ جودائی نەصیبێکیان ببیٚ، هەتا فەرزیان بە تەواویی پیٚ بەجیٚ بیٚ، بۆچی؟ چونکە ڕەعیەتیش وەکو ئاغایان‌و جاهیلیش وەکو مەلایان، دە فەرمایشی خوداو پێغەمبەراندا شەریکن.

ڕەجاو لێدەکەم، چلۆن کرمانجی لادیٚ لە هەزاران دوویان بەتەواوی فاتیحاو نوێژیٚ نازانن، دروستە پێیان بڵێی موسوڵمان؟ عولەمای ئێمە ئەگەر ئەمر بە مەعروفیان لە کن واجیبە، بۆچی بەبیٚ وەی کە ئاغایەك ساڵیٚ سەد تەغار گەنمیان نەدەنیٚ، ناچیٚ فاتیحاو نوێژیان پیٚ بڵێن؟ دیارە کە ئەوان کەمتر فکری پاشەڕۆژیان هەیە، کرمانجی فەقیر زوو مردوویان – بە ئیصتیلاح– بەبیٚ چەقۆ دەمرن‌و تەڵقینیان دانادریٚ.

ئەوە حاڵی حازر، ئەڵبەت چەند ساڵ لەوەی دواوە ئەحواڵی دێهاتیی‌و شارستانییان – وەکو عەرزم کردن – خراپتر دەبیٚ، لە دێهاتی هەروەکو

عیلمی ئیسلامەتی دەفەوتیّو لە شارستانیش کەم دەمیّنیّتەوە، کەم کەم وەکو موسوڵمانانی (چین) فاتیحا ڕەوانی مەلایە.

ئیّمە هیچ ناڵیّین کە عیلمی دونیا بخویّنن، دەگەڵ ئەوەشدا وا مەکەن عیلمی دینیشمان لە دەست بڕوا. ئەرمەن ئیّستا ئینجیلیان بە کوردی تەرجومە کردووە، توخودا ئەی ئەهلی ئینصاف، دیققەت بفەرموون، کوردیّك کە نەزانیّ موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) کیّ بووەو لە کویّ وەفاتی فەرمووە؟ شەریعەت چیە؟ چلۆن دەتوانیّ دینی خۆی ڕاگریّو لە موقابیل واعیزی فەرهەنگیان – کە بە زبانی لووسیان شەیتان هەڵدەفریویّ – هەڵنەخەڵەتیّن؟ ئایا ئەگەر زەمانە وا دەوام بکا، چیمان لە خەڵکی ئیسپانیا زیادترە؟ کە بە دوو سیّ پشتان دەگەنە موسوڵمانان، بۆ خۆشیان کافرن.

لە یەکیّ بپرسە: نیّوت چیە؟ دەڵیّ: نیقۆلا. نیّوی باپیرت؟ پیّترۆس. نیّوی بابی باپیرت چیە؟ دەڵیّ، جۆرج. نیّوی باپیری باپیرت چیە؟ دەڵیّ: محەممەد.. دەگەڵ ئەوەی کە سیّ پشتی پیّشوویان موسوڵمان بووە، ئەمیّستا کافرن، عیلاجی ئەو دەردە دوو کەلیمەیەو بەس: کتیّبی شەرعی بە کوردی تەرجومە کریّ، ئیبنی حەجەریّك فەقیّی فەقیر پاش بیست ساڵ خویّندن نایزانیّ، چ عەیبیّکی هەیە بە کوردی تەرجومە بکریّو بە دووساڵان ئەو فەقیّ فەقیرە فیّر بیّ. مەبەستی ئیّمە ئەوەندەیە، نیشانەی تەڕەققی موحیببەتە کە ئاغای موحەممەد حوسیّن خان سەرداری موکری –کە خانەدانیّکی نەجیبەو حاکمی سابڵاغیّیە– بە صیفاتی حەمیدە خۆی مەشغوڵە، کە ئەو مەعروزاتەی ئیّمەو مەفهوماتی ڕۆژنامەی موحتەرەمی (هەتاوی

کورد) له قووه ببته فیعلو خودا دەوام بدا. وەخصوص که جەنابی مەولانا حاجی مەلا محمەد صادق عەزمی فەرمووە که له (شەرەفکەندی) مەدرەسەیەکی به زبانی کوردی بینا بنێ.

ئێمه دڵمان دەجۆشێو پڕه له خوێن، مولاحەزه فەرموون، ئەگەر قسەکەمان خراپه، یا زەرەرێکی بۆ دینی موبین تێدا هەیە، دەگوێی مەگرن. ئەگەر خۆ چاکەو باعیسی تەرەققی دینی ئیسلامه (لا تنظر إلی من قال وانظر إلی ما قیل) قسەکەی دەگوێ بگرنو ئێمه موناسبین.

مرد باید که گیرد اندر گوش          ور نوشت است پند بر دیوار

والسلام علی من اتبع الهدی.

سابلاّغ، قازیزاده، مستەفا شەوقی[١]

---

[١] گۆڤاری (هەتاوی کورد)، ژماره٤، له ١٩ی مارتی١٣٣٠ ڕۆمی، ئاوریلی ١٩١٤ زاینی.

## ٣- بەشێك لە دەقی گفتوگۆكانی ناو دادگاییكردنی شێخ سەعیدی پیران

ئەمە دەقی گفتو گۆو مورافەعەی دادگاكردنەكەی شێخی پیرانە: [١]

" **دادگا:** تۆ لە كوێ خوێندووتە؟

**شێخ سەعید**: خوێندنم لە قوتابخانە زانستییە ئیسلامییەكانی (موش)و (مەلاز كورد)و (بالوو) بوو.

**دادگا:** لە قوتابخانەی ئاینی خوێندتان، یان حكومی؟ كێ دەرسی پێ وتون؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ، لە قوتابخانە ئاینییەكان خوێندوومە. یەكەم مامۆستام شێخ حوسەین بالووی مامم بوو. دواتر لای شێخ محەممەد ئەمینی ئەفەندی موفتی مالووو شێخ عبد الله لە مەلازكوردو شێخ موسا ئەفەندی لە (خنس) خوێندم.

**دادگا:** چیت خوێندووە؟

**شێخ سەعید:** كتێبەكانی: (الأنوار، المحرر، نحو صەرف، مەعانی، الآشارە، البیان، البدیع، العقائد..)

**دادگا:** بیرۆكەی یاخیبوون، چۆن لە سەرتانا سەری هەڵدا؟ شتێك هانی دان، یان ئیلهامتان بۆ هات؟

---

١ دەقی دانیشتنەكانی دادگاییكردنی شێخ سەعیدی پیرانو پرسیارو وەڵامەكانی دانیشتنەكە، لە دادگای (استقلال)ی (دیاربەكر) ئامەد، لە ساڵی ١٩٢٥ دا بە زمانی توركی لە گۆڤاری (جیرشیم)ی توركیدا بڵاو كراوەتەوەو لە ئەرشیفی بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا پارێزراوە. د.عوسمان عەلی وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لە ١٣ لاپەڕەدا بڵاو كراوەتەوە، ئەمە بەشێكییەتی كە بەندە لەبەر گرنگیی‌و بایەخی مێژوویی وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی كوردی.

**شێخ سەعید:** ئیلهامم بۆ نەهاتووە. بەڵام لەو کتێبانەوە کە خوێندوومن، ئەوە فێر بووم ئەگەر حکومەت هەڵنەستێ بە جێبەجێکردنی شەریعەت، ئەو کاتە واجبە دژی هەستی. من دەمویست بۆچونی خۆمان لەو بارەویەوە ڕوون بکەمەوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی پەیوەندیی بەجێبەجێکردنی شەریعەتەوە هەیە.

**دادگا:** تۆ دەڵێی: ئەگەر دەسەلاّت شەریعەت جێبەجێ نەکات، واجبە دژی هەستی. ئایا ئەمە ڕێکارو بنەما (ضابطة) یەکی نیە..؟

**شێخ سەعید:** من لەو بەشە دڵنیام کە جێبەجێکردنی شەریعەت ئەرکو واجبە. شتی وام نەزانیوە کە (ضابطة) ی پیێ بڵێن. !

**دادگا:** کەواتە، لەمەوە وا تێ دەگەین کە هەر کات پێشەوا هەڵەیەکی بچوکیشی کرد، بۆ هەر کەس هەیە کە دژی هەستێت. وایە یان نا؟

**شێخ سەعید:** نەخێر. من شتی وام نەووت. سەرەتا نیازی یاخیبوون نەبوو (لە حکومەت). گوشاری هەڵو مەرج خستمیە ئەو ڕەوشەوە. من ناڵێم خەڵکی چۆن دەیانەوێ دژی دەسەلاّت هەستن. بەڵکو وتومە: هەستان دژی دەسەلاّت لە کاتی جێبەجێ نەکردنی شەریعەتدا واجبە.

**دادگا:** ئایا یاخیبوونی ئێوە ئەوە دەگەیەنێ کە قەناعەتی تەواوتان بۆ دروست بووە کە بە تەواویی جێبەجێکردنی شەریعەت لەم وڵاتەدا وەلا نراوە؟

**شێخ سەعید:** (قورئان) جەخت دەکاتەوە کە دەبێت دژی ئەو حاکمو دەسەلاّتە هەستیت، لەو حاڵەتانەی باسمان کرد. جێبەجێکردنی شەریعەتیش دیارە، یانی ڕێگرتن لە کوشتنو داوێنپیسیو سەرخۆشیو.. هتد. سوپاس بۆ خوا هەمووماان موسڵمانین. بۆیە نابێت هیچ جیاوازییەك هەبێت لە نێوان کوردو تورك. ئێمە پێمان وایە ئێستە ئەم شتانە گوێیان نادرێتێ (واتە جیاوازیەکی ڕەگەزیی هەیە کە دژی شەرعە). ئێمە لێرەوە

قەناعەتمان بۆ دروستبوو کە دەستبکەین بە ڕاپەڕین. (بنەمای کارەکەشمان) قورئانی پیرۆز بوو.

**دادگا:** جەنابی شێخ ! واز لەم باسانە بێنن، هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەم شوڕشەمان بۆ باس بکە.

**شێخ سەعید:** (لە پیران) پێکدادانێك ڕووی داو هەردوولا بریندارو قوربانییان هەبوو. ئەمە درایە پاڵ من. من بە ئەفسەرانی جەندرمەم گوت: گیراوو دیلەکان بەر بدەن. بەلاّم ئەوان سێ تەلاّقەیان بۆ خستم شتی وا ناکەین‌و بە زەبری هێز گیراوەکانیان گل دایەوە.

**دادگا:** باشە پێش ئەوەی بگەنە (پیران) بیرتان کردبوەوە لە یاخی بوون؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ، بیرم لێ کردبووەوە. بەلاّم ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەکی چەکداریی بە خەیاڵمدا نەهاتبوو. من بیرم لەوە کردبوەوە کە لە گەڵ حکومەت قسە بکەم دەربارەی ئەو یاسایانەی لەم ولاّتە دەردەچن، کە گونجاو بن لە گەڵ حوکمەکانی شەریعەت. بە تەمابووم ئەم داواکارییانە بنێرم بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی مە بعوثین).

**دادگا:** بۆچی نەتتوانی بە نووسین لە گەڵ حکومەت گفتوگۆ بکەی؟

**شێخ سەعید:** کە حکومەت شەریعەت جێبەجێ نەکات، بە ڕاستی دەرچوون دژی ئەو حکومەتە واجبە، من هەوڵم دا لە بەردەم خوای گەورەدا ئەم ئەرکە لە کۆڵ خۆم بکەمەوەو لە ئەستۆی خۆمی لابەرم.

**دادگا:** بەلاّم جەنابی شێخ، پێش تۆزێك وتت: موسڵمانان برای یەکترن. ئایا ڕەوایە هانی موسڵمانان بدرێت کە یەکتری بکوژن؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ موسڵمانان برای یەکترن. لە هەندێك کات‌و هەل‌و مەرجدا دەکرێت جەنگ لە گەڵ پێشەوا بکرێت. قورئانی پیرۆز وا دەفەرموێ.

**دادگا:** ئاخر چۆن دەگونجێت موسڵمانان هان بدرێن دژی یەکترو شەڕ لە نێوان خۆیان بکەن، لە کاتێکدا برای دینی یەکترن؟

**شێخ سەعید:** مەگەر ئەوانەی دژی (عەلی) شەڕیان کرد برای دینی نەبوون؟ جەنگ لە نێوان برایانی دینیش هەندێك جار ڕوو دەدات.

**دادگا:** وتت: جیهاد (شەڕکردن) لەو بارودۆخەدا واجبە، بەڵام جیهاد لە کاتێکدا کافران زەوی موسڵمانان داگیر کەن‌و سوکایەتی بە قورئان بکەن، چۆنە؟

**شێخ سەعید:** لەو کاتەشدا جیهاد واجبە.

**دادگا:** کاتێك یۆنانییەکان تەواوی سەرزەوی ئەم وڵاتەیان داگیر کرد، بۆچی خۆت‌و چوار هەزار پیاوەکەت نەچوون بۆ ئەو بەرەی جەنگە؟

**شێخ سەعید:** لەو کاتەدا ئێمە زۆر تامەزرۆ بووین بۆ ئەو بەرەیە، کەمترین هەلمان بۆ هەڵکەوتایە دوا نەدەکەوتین. خۆشمان بۆ ئامادە کرد، بەڵام وتیان: پێویستمان بە ئێوە نیە. ئێمە سەرەڕای هەژاری‌و ئاوارەییمان هیچ دوودڵییەکمان نیە بۆ ئەو حاڵەتانە. (....)

**دادگا:** ئێوە تەنها خۆتان یاخی بوون؟ باوەڕ ناکەم کەسانێك بووبن یارمەتی دابن.

**شێخ سەعید:** نەخێر، هیچ کەس هانی نەداوین، نە لە ناوخۆو نە لە دەرەوە، هیچ پشتیوانیێکی بیانیمان نەبووە، هیچ هێزێکی تورکیش بە دزییەوە نەیجوڵاندوین.

**دادگا:** کەواتە لەم قسانە هەموو لەوە تێ دەگەین کە ئەم شۆڕشە هەر لە شەخسی خۆتەوە بووە؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ ئەوە لە زیهنمدا بوو کە بگەم بە ژیران‌و زانایانی بەڕێزو نوێنەرانی حکومەت‌و گفت‌و گۆیان لە گەڵ بکەم‌و داوای جێبەجێکردنی شەریعەتیان لێ بکەم. چونکە ئەمە سوودی تێدایە بۆ ئاین، بەڕاستی ئەم ئاوات‌و ئومێدە خولیای سەرم بوو.

**دادگا:** ئایا ڕاوێژتان کرد بە زانایانو نوێنەرانی حکومەت؟

**شێخ سەعید:** نەخێر ڕاوێژم پێ نەکرا. چونکە لە (پیران) ڕووداوەکە ڕووی داو دەرفەتمان بۆ نەمایەوە، تا ئەو کارە بکەین.

**دادگا:** لەو نامانەتدا کە واژۆت کردوون، ناوی خۆت ناوە (أمیر المجاهدین) سەرکردەی خەباتگێڕان، ئایا شایانە مرۆڤ نازناوی وا بە خۆی ببەخشێ ؟

**شێخ سەعید:** لە سەرەتاوە قسەم لە گەڵ میرەکانی بەردەستم دەکرد لە سەر نامەکان دەمنوسی (أمیر المجاهدین)، بەڵام پاش ماوەیەك دڵم بەو کارە ئاسوودە نەبوو بۆیە دواتر بەناوی (خادم المجاهدین) ئیمزام دەکرد لەسەر نامەکان. چونکە من خزمەتکاری موجاهدین بووم.

**دادگا:** گریمان، بتانتوانیایە شاری (دیاربەکر) بگرن، دوایی بەتەمای چی بوون؟

**شێخ سەعید:** بیرمان لەوە دەکردەوە لەگەڵ زانایانی بەڕێز لەو شارە کۆ ببینەوەو قسە لەگەڵ حکومەت بکەین لە سەر پرسو بابەتە گرنگەکان. لە گەڵ ئەوەشدا قەدەغەکردنی یانەکانی لەشفرۆشیو کڕینو فرۆشتنی مەشروباتو کردنەوەی قوتابخانە ئاینییەکان.

**دادگا:** ئایا ئازادکردنی شاری دیاربەکر، هەنگاوێکی دەسپێك بوو بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ؟

**شێخ سەعید:** لەکاتی ڕاپەڕینەکەدا هەنگاوی دامەزراندنی کوردستان، یا شتێکی لەم بابەتە بە زیهنماندا نەهاتووە، ئێمە تەنها بیرمان لە جێبەجێکردنی شەریعەت دەکردەوە، من ڕازی نەدەبووم بە سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی کوردی، تواناشم بەسەر کارێکی وادا ناشکێ.

**دادگا:** تۆ چۆن دەتڕوانییە ئەو سەربازانەی هاتنە ناوچەکە، بۆ بەرەنگاربونەوەی یاخیبوونەکە، بڕوات وایە ئەوانە کافرن یا موسڵمان؟

**شێخ سەعید:** من وەك موسڵمان بینیمنو قسەم لەگەڵ کردن.

**دادگا:** فەرمودەیەکی پیرۆز هەیە کە هەر کەس شمشێر دژمان هەڵگرێت لە ئێمە نیە، ئایا ئەمە ڕاستە؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ، فەرمودەیەکی لەم بابەتە هەیە.

**دادگا:** تکایە بەردەوام بە لە شەرحی ئەم فەرمودەیە.

**شێخ سەعید:** بەڵێ ئەم فەرمودەیە هەیە، بەڵام ئەگەر شمشێر لە پێناو دیندا بەرز کرایەوە، ئەوە گونجاوە، من شمشێرم لە پێناو مافە تایبەتەکانی خۆمدا هەڵنەبڕیوە، بەڵکو من دیفاعم لە دین کردووە.

**دادگا:** باشە، لە ناو موسڵماناندا کەس نیە لە تۆ عیلمو دینی زیاتر بێت؟ ئەگەر هەیە، بۆچی تۆ بە تەنها بەم کارە هەستای؟

**شێخ سەعید:** بەڵێ زانای زۆر هەن، لەوانەیە هەندێك هۆ هەبێت (ترس) یا هۆی تر کە من نایانزانم.

**دادگا:** ئەگەر ئەمەی تۆ دەیڵێی: شەریعەت پشتگوێ خراوە، ڕاستە، بۆ زانایانی تر نەجوڵان؟

**شێخ سەعید:** کۆدەنگی لە نێوان ئەهلی شەریعەتو قوتابییانی شەریعەت لەم وڵاتەدا هەیە کە پێویستە شەریعەت سەر لەنوێ جێبەجێ بکرێتەوە، بەڵام زانایان لە ژیانو بژێوی دەترسن.

**دادگا:** ئێوە کێن داوای جێبەجێکردنی شەریعەت دەکەن؟

**شێخ سەعید:** بەڕاستی ئەمڕۆ یاساکانی شەریعەت پشتگوێ خراون. بەڵێ ڕاستە ئەم پشتگوێ خستنە لە ماوەی دەسەڵاتی هەندێك لە سوڵتانە پێشووەکانەوە دەستی پێ کردووە، بەڵام کەس یاساکانی شەریعەتی هەڵنەوەشاندۆتەوە. ئایا داوامان لێ نەکراوە کە داوای خوای گەورە وەڵام بدەینەوە، کە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە بەرپرسیارێتی خەلیفەکانە ؟

**دادگا:** مەبەستت لە خەلیفەکان چیە؟

**شێخ سەعید:** مەبەست لە خەلیفەکان ئەوانەن کە بەرپرسی میللەتن‌و ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکەن کە هەڵقولاوی شەریعەتن.

**دادگا:** ئایا تۆ دەتویست ببیتە جێنشین (خەلیفە)؟

**شێخ سەعید:** بەڕاستی بوونی خەلیفە، دەستەبەرکردنی کارێکی بنەڕەتییە، بۆ جێبەجێکردنی پایەکانی ئاین. ئەو بابەتە لە ڕووی شەرعی یەوە داوا کراوە. (....)

**دادگا:** تۆ چۆن گومانت بۆ دروست بوو کە حکومەت گوێ بە قانونەکانی شەریعەت نادات؟

**شێخ سەعید:** من خۆم دیم لە ڕوژنامەی (سبیل الرشاد) کەسێك نوسیبوی: موسا پێغەمبەر (متکبر) بووە. عیساو محەممەد نەخوێندەوار بوون. هەر کامیان دینێکی هێناوە. یانی هەرچی عاقڵی ئوممەتە ناتوانن دینێکی تازە بێنن؟ خوێندنەوەی بابەتی لەم بابەتە بێزارییان زیاد کردم. کەسێکی تر لە هەمان ڕۆژنامە سوکایەتی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کردووە، موفتییەك شکایەتی لێ کردووە، کەچی مەحکەمە موفتییەکەی غەرامە کردووە. حکومەت (دار المشیخة) (یانەی زانایان)ی کردۆتە فێرگەی مۆسیقاو تیایدا کچان فێری پیانۆو کەمانچەژەنیی ئەکەن. ئەم شتانە بێتاقەتیان کردم. بیستوشمە (إلیاس سامی)ی نوێنەری (موش) لە ئەنجومەنی نوێنەران‌و لەگەڵ دوو هاوکاری، کتێبێکیان نوسیوە بە ناوی (پاشگەزبونەوە) (الردّة)و پڕە لە سووکایەتی بە پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام). ئەوەش بوەستێ کە ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ بە باڵای ماسۆنیەت‌و عەلمانییەتدا دەخوێنن‌و بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەمانە غیرەتیان بۆ ئیسلام جووڵاندم‌و وامنەبینی کە مومکین بێت بێدەنگ بم."

## ٤–ئاشنایەتیی عەللامە سەعید نورسیو پیرەمێردی شاعیر

شاعیرو حەکیمو ڕۆژنامەنوسی ماندوونەناس، حاجی تەوفیق بەگی سلێمانی، ناسراو بە (پیرەمێرد)، لەگەڵ زانای گەورە مامۆستا سەعید نورسی ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی (کۆمەڵەی ئیتتحادی موحەممەدی) بوون، بۆیە لەبەر چالاکییو هەڵوێستی بەرهەڵستکارانەیان هەردووکیان دەسگیر کراونو پێکەوەش ئازاد کراون.

### سەرەتای یەکترناسینی پیرەمێردو سەعید نورسی

بەداخەوە ئەوەندەی من ئاگادار بم مامۆستا سەعید نورسی لە هیچ کام لە کتێبەکانیدا کە پاش ناسینی پیرەمێرد– واتە لە ساڵانی ١٩٠٥ بەدواوە– نوسیونی– کە دەکەنە زۆربەی هەرەزۆری پەیامو نوسینەکانی– هیچ باسێك لە پیرەمێردی ڕەحمەتیی ناکات، لە کاتێکدا ناوی زۆرێك لە قوتابیو هاوەڵانی دەبات،[١] بەڵام پیرەمێرد بە پێچەوانەوە لە چەندین شوێنی نوسینەکانی (ژین)ی خۆیو هەندێك جێی تریشدا– کە لەم بابەتەدا

---

[١] لەو کەسانەی نورسی لە کتێبەکانیدا ناویان دەبات: خەلیل خەیالی موٚتکی، یەکەمین نوسەری ئەلفبێی کوردی، یوسف ضیا پاشا، فەیزی، ئەمین، حیلمی، صادق، نظیف، صلاح الدین، عبد المجیدی برازای، گەیلان، خەسرەو خلوصی، بەکر، زوبێر، محەممەد زوهریو محەممەد شەفیق ئارواسی. ناوی ئەوانە لەم شوێنانە دەبات: الشعاعات، لا: ٣٨٦، ٤٤٩، ٥٦٦. هەروەها: اللمعات، لا: ٥٠، ٧١، ٤٠٣. المکتوبات: لا: ٤٥٠. تەنانەت مامۆستا نورسی لە (المثنوي العربي النوري) (لا: ٣١٦)دا، تەقریزێکی ئارواسی لەسەر نامەی هەشتەمی (مەسنەوی عەرەبی) داناوەو زۆر بەڕێزەوە ناوی بردووەو نووسیویەتی: (هذا تقريظ أخي في الله، الحسيب النسيب السيد محمد شفيق الأرواسي). (بڕوانە: المثنوي العربي النوري، ص: ٣١٦). نایشارمەوە کە ئەم ناونەبردنەی (پیرەمێرد) لەلایەن مامۆستا (نورسی)یەوە، پرسیاری لام دروست کرد، بەڵام تا ئێستە هیچ وەڵامو شیکردنەوەیەکیشم بە دەستەوە نیە!.

هەندێکیم هێناوە– باسی عەللامە سەعید نورسی زۆر بەڕێزەوە دەکات، چ سەرەتای ناسینی، چ کاتی خەباتو هەوڵی سیاسیو خزمەتکردنیان بە ڕۆژنامەگەریی کوردییو خزمەتی کوردزمانانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ، چ کاتی دەسگیرکرانو زیندانکردنیان پێکەوە.

یەکێك لەو باسانەی پیرەمێرد سەرەداوی زانیاری بەسوودمان دەداتێ لەسەر یەکترناسینی یەکەمجاریانو سەرەتاکانی ئاشنابوونی مامۆستا نورسیو پیرەمێرد بەیەکتر. وا دیارە لە ئەستەمبوڵ قاوەخانەیەکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە تایبەت بە کوردەکان هەبووە بەناوی (قیرائەتخانەی دیاربەکر)، گوایە پیرەمێرد ڕۆژێك لە ڕۆژنامەکاندا ئەو هەواڵەی بیستووە کە کەسێك بەناوی مەلا سەعیدی نورسی ڕایگەیاندووە، کە ئامادەیە لەماڵەکەی خۆیدا وەڵامی هەموو پرسیارێك بداتەوە، لەو هەواڵەوە پیرەمێرد خولیای ناسینو بینینی نورسی دەکەوێتە سەری. وا چاکە گوێ لە خودی پیرەمێرد بگرین کە بە خامە شیرینو خۆشمەشرەبو داڕشتنە بێ ڕتووشەکەی، بەسەرهاتەکەمان لە وتارێکیدا، کە ساڵی ١٩٤٢ لە (ژین)دا، لەژێر ناونیشانی (تەئریخ و ئەشخاص، بەدیعوززەمانی کوردیی)، نوسیویەتی بۆ بگێڕێتەوە، دەڵێت:

"لە ئەستەمبوڵ بووم، ئاموشۆی (قیرائەتخانەی دیار بەکر)[١]م ئەکرد، زۆرتر کوردەکان لەوێ دادەنیشتن، ڕۆژێکیان لە غەزەتەدا خوێندمەوە کە "لە (وان)ەوە مەلا سەعید ناوێك هاتووە، لەقەبی (بەدیعوززەمانی کوردی) یە،

---

١ قیرائەتخانە: واتە شوێنی خوێندنەوە. جاران لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەبەر کەمیی کتێبو ڕۆژنامە، لە هەندێك شوێنی گشتییو سەنتەری شارەکاندا، بەشێك لە چایخانەکان بڵاوکراوەکانیان دادەناو ئارەزومەندانی موتاڵاو خوێندنەوە، دەچوونە ئەو شوێنانە، بۆوەرگرتنی زانیارییو هەواڵە گەرماو گەرمەکان.

له (مەدرەسەی فاتیح) دادەنیشیّ، تا حەوت ڕۆژ هەرکەس ئارەزوو بکا لە عیلمدا هەرچی لیّ بپرسێت، جوابی ئەداتەوە."

ئەم ئیعلانە بووبە جونبوشێك بە ژن‌و بەپیاوەوە هەرچی هەڵدەستا ڕووی ئەکردە فاتیح، نیوەیان بۆ پرسیارو نیوەیان بۆ سەیر ئەچوون. هێجگار ئەوانەی کە ئەچوون عەجائیبیان لەوە ئەما کوردێکی هەڕەتی کوڕێنی، بە شاڵ‌و شەپك‌و چۆغەو ڕانك‌و پشتێنێکی چیت، دوو سیّ جامەدانەو شەدەی گوڵنگەدار بەسەرەوەو قەمەیێك بەلاقەدەوەو سمێڵ بادراوو ڕیشی هەڵپاچراو لافی مەلایەتی لیّ ئەدا.

ڕەفیقێکم بوو، یادی بەخێر، (خەلیل خەیاڵی)، زۆر خوێندەوارو بەویقارو بەئاثار، هەمیشە بەیەکەوە بووین! پێی گوتم: ئاغا، مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان هاتووە، هێشتا تۆ نەچووی بیبینی؟ وتم: کاکە، من‌و مەلایان نەوتووە، ئاخر ئەویش وەك تۆ لە مەلایان بێزارە. تەعریفی وا بۆ کردم دەستبەجیّ وتم: هەستە با بڕۆین. وتی: باشە، وا ئێوارەیە، درەنگە ئێستا کەسی لەدەور نەمابیّ.

کە چووین، لە دوور ئێمەی بەچاو کرد، هەستا هات بە پیرمانەوە، بە (خەیاڵی بەگ)ی گوت: یاخوا بەخێر بێی، دیارییەکی قنجت بۆ هێناوم. باوەڕم ئەوەیە ئەمە (سلێمانیەلی تۆفیق بەگ)ە! ناوی پیرەمێردە، (خەیاڵی)ش وتی: سەیدا! بەچت زانی هەوە؟ وتی: دڵم خەبەری دامیّ، هەویش نەبیّ، بەو نیەتە دەست ئەکەمە ملی، دەستی ڕاستی بەسەرشانمدا هێنا، خستیە پشت شانمەوە، وتی: موصافەحەی کوردان وەسانە.

دانیشتین، لە پاش گفتوگۆیەك بووینە ئاشنا، درێژەی پیّ نەدەین، دوایی ئەویان بردە مابەین، ئەهمییەتێکیان پێداو مەعاشیان بۆ تەخصیص کرد، نەیویست‌و هەندیّ قسەی ناشرینی کردبوو، وتبووی: من بۆ سواڵی

مەعاش نەهاتووم. بۆ چارەی میللەتەکەم هاتووم. مەعاریفیان نیەو پادشایش زەکاتی زەمانی سەڵتەنەتی خۆی وەك (عمر عبد العزین) صەرف کا. ئەوانیش ناردیانە (تیمارخانە)[1] و مودیری تیمارخانەکە گفتوگۆی لەگەڵ کردبوو، تێگەیشتبوو، ئیستیعفای کردبوو، وتبووی: ئەگەر ئەم پیاوە شێت بێ، کێ عاقڵە؟!

ئیتر مەلا سەعید کەوتە گێچەڵەوە، حەپس کراو بەربوو. لەژێر موراقەبەدا بوو، تا مەشروتیەت[2] فریای کەوت. چەند نوتقی داو چەند مەقالەی لە غەزەتەدا نووسی. درۆ ناکەم، مەقالەی غەزەتەکانی من بۆم ئەنوسییەوە، چونکە ئەوەڵەن خەتەکەی نەدەخوێنرایەوە[3]، دووهەم تورکی تەواو نەدەزانی، تا لە دواییدا فێربوو. ئەنجا ئیلتحاقی (جەمعییەی کوردانی)[4] کرد، عوزوی فەععال بوو، لەوێشدا دوو کەسی خۆمان و یەکێکی

---

١ مەبەست لە تیمارخانە شوێنی (چاکسازیی کۆمەڵایەتی)یە، ئەو شوێنەی کە نەخۆشانی بیرکۆڵو دەروونییان تێدا کۆدەکردەوەو جاران لە کوردەواریدا دەستەواژەی (شێتخانە)ی بۆ بەکار دەبرا.

٢ مەبەست لە (مەشروتیەت) ڕاگەیاندنی دەستوری عوسمانییە، لە تەموزی ١٩٠٨ دا، کە هەڵبژاردنو پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێنەران (مەجلیسی مەبعوسان)ی بەدوادا هات. لەو کاتەدا پیرەمێردو نورسیو ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ڕوناکبیر لە ئەستەمبوڵ دەژیان.

٣ خەتی مامۆستا نورسی زۆر ناخۆش بووە، تا ڕادەیەك کە نەخوێنراوەتەوە. بۆیە خۆی بە نووسینەوە خەریك نەکردووەو زۆربەی بەرهەمو پەیامەکانی لەلایەن خۆیەوە ئیملا کراونو هاوڕێو قوتابییەکانی نووسیویانەتەوە. (لە بەشی کۆتایی ئەم کتێبەدا، نمونەی خەتی مامۆستا سەعیدی نورسی ببینە).

٤ مەبەستی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد)ە، کە ساڵی ١٩٠٩ لە ئەستەمبوڵ لەسەر دەستی ژمارەیەك لە ڕوناکبیرانی کوردی نیشتەجێی ئەستەمبوڵ دامەزرا. نورسیو پیرەمێرد لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو ڕێکخراوە بوون، بە تایبەتی بە وتارەکانیان لە ڕۆژنامەی (کورد) زمانحاڵی ڕێکخراوی ناوبراودا.

کەرکوك دڵی سەید عبد القادر[1]یان لێئێشان، بەڵام (دار الحکمة الإسلامیة)[2] بردیانە مەجلیسی خۆیانەوە، جوابی سوئالی ڕاهیبە ئینگلیزەکانیان پێ دایەوە، پێنج هەزار قرۆشیان دایێ، ئەویشی نەیویست، بەخۆڕایی ئەو ئەسەرە نایابە کە ئیسکاتی ڕەهبانەکانی ئینگلیزی پێ کرا، بە عەرەبی بۆی نوسییەوە.

لە شەڕی یۆناندا، چوو لە کوردستانەوە لەشکرێکی زۆری کوردی پێش خۆی دا، بە دە هەزار کەسەوە ئیلتیحاقی قیوای میللییەی کرد، منیشی بەزۆر لەگەڵ خۆی برد، تا یۆنان شکا.

دوایی لە خصوصی دیانەتەوە، لەگەڵ مستەفا کەمال (ئەتاتورك) دەمەقاڵەیان بوو، تەرکی دونیای کرد، چووە سەر شاخی یوشەع پێغەمبەر، چل شەو ڕیازەتی کێشا، ئاخری من دۆزیمەوە، بە فێڵ بردم بۆ (ئەرز ڕۆم)، لای خالید بەگ ڕەئیسی (ثەورە)ی کوردستان، لەوێش ئیشتراکی (قۆمیتە)ی نەکرد، مایەوە، خالید بەگو سەید عبد القادرو ئەو گەلە ناودارانەی کورد بەدارا کران و ئەویشیان نەفی کرد لە (بوردور).

---

١ مەبەستی شێخ عبد القادری کوڕی شێخ عبید الله شەمزینی یە.

٢ (دار الحکمة الإسلامیة): دەزگایەك بوو کە دامەزراوەی باڵای زانایانی دەوڵەتی عوسمانیی دایمەزراندبوو، بۆ گفتو گۆو ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ پیتۆڵو حەکیمو زانایانی ئەوروپیو گەیاندنی ئیسلام پێیان. کاتێك سەعید نورسی ساڵی ١٩١٨ لە دیلییەتی لە سیبریای ڕوسیا گەڕایەوە، بەبێ ئاگادارکردنی خۆی کردیانە ئەندامی ئەو دامەزراوەیە. چەندین جار داوای وازهێنانی کرد، قبوڵیان نەدەکرد، بۆیە دواتر بەناچاری بەشداریی کۆبوونەوەکانی دەکرد. (بۆ زانیاری بڕوانە سێ کتێبی خودی نورسی: الشعاعات، لا: ٥١٥، اللمعات، لا: ٣٧٤، السیرة الذاتیة، لا: ١٣٣).

چوار ساڵ لەمەو پێش کە چوومە مەعرەزی (ئیزمیر)، بە خزمەتی گەیشتم، ئیتر فەرامۆشیم کردبوو. نەء، نەء، بە خودایێ کە منو ئەوی بەیەك ناسیوە، تا دەمرم فەرامۆشی ناکەمو بەیەکەوەیش دەمرین. جا پێرێ ئێوارە لە ماڵی جەمیلی خوشکەزام بووم، بێ نەشئە بووم، وتم: کتێبێکی تورکیم بدەرێ، وەختی پێ ڕابوێرم. هەروا کتێبێکی شڕی بۆ هێنام، کە لە وەقتی خۆیدا نوسیویەتەوەو "مصطو"یش لە ژێریدا نووسیویە: "کوردو کوردستان بویلە پارلاق ناحیە لەرن افتخارو تعالی ایدییور." واتە: ئەو زاتە ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی میللەتی کوردە، ئەمەوێ بەرە بەرە ئاسارەکانی تەرجەمە بکەمو لە "ژین"دا بینوسم. لەسەر خوا."[1]

**ڕوداوی ٣١ ی مارتو دەسگیرکردنی نورسیو پیرەمێرد**

دوای ڕاگەیاندنی (ئیتتیحادی محەممەدی) بە هەفتەیەك، ڕوداوە ناکاوە مێژووییەکەی ٣١ ی مارتی ڕۆمی، لە ١٣/٤/ ١٩٠٩ی زاینیدا ڕوویدا، کە ژمارەیەك سەرباز لە دەسەڵاتی (ئیتتیحادو تەرەققی) وەرگەڕانەوە. مامۆستا نورسی و (پیرەمێد)ی شاعیر– کە لەو کاتەدا هاوکاری یەکتر بوون بۆ دەرکردنی گۆڤاری (کورد)، زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد)– بە تۆمەتی بەشداریی لەو (ڕاپەڕینەی نیسان)دا، لەگەڵ صەدان کەسی چالاکی تر، دەستگیر کران.

بەپێی لێدوانی خودی مامۆستا نورسی– کە بە درێژی لە سنوری چوار لاپەڕەدا، لە ژیاننامەکەیدا باسی دەکات– یەکێ لە تۆمەتە گەورەکان کە درایە پاڵی: ئەندامێتی ئەو ڕێکخراوە بوو.

---

١ ئەم وتارەی پیرەمێرد لە لاپەڕە (٢–٣)ی، ژمارە (٦٦١)ی، ساڵی ١٩٤٢ی ڕۆژنامەی (ژین)دا، بڵاو کراوەتەوە.

دیاره سەرانی دەسەڵات وایان دانابوو کە کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی) لە پشت ئەو ڕاپەڕینەی نیسانەوە بووە، چونکە هەندێك لە سەربازانی یاخی بووی ئەوڕۆژەو بەشدارانی تر، هیتافیان دەکێشا: "شەریعەت. شەریعەت"، بەرپرسانیش وایان دانابوو کە بە پیلانی ئیسلامییەکان داڕێژراوە، کە نورسیو پیرەمێردو هاوڕێنەکانیان لەو ڕۆژانەدا بە ڕابەرو دینەمۆی ڕەوتی داکۆکیکار لە شەریعەت دەزانران، بەتایبەتی کە-وەك پێشتر وتم- نورسی وتارێکی مێژوویيشی لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی ناوبراودا خوێندبووەوە.

هەرچۆن بێ، وەك وتمان لە دادگاییکردنیدا، مامۆستا نورسی تۆمەتبار کرا بە ئەندامێتی ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی)و نۆ تۆمەتیش درایە پاڵ ڕێکخراوەکە. نورسیش زۆر بە شانازییەوە دانی بە هۆگریی خۆیدا نا بۆ ئەو ڕێکخراوەو هەر نۆ تۆمەتەکەشی بە توندییو لۆژیکێکی کەموێنە، ڕەدکردنەوەو وتی: "ئێمە بەهەموو هێزمانەوە شێواندنی سومعەی ئەم یەکیەتییەمان ڕەد دەکەینەوە، کە نوێنەرایەتی یەکێتی موسڵمانان دەکات." لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "من بە هەموو فەخرو شانازییەکەوە، یەکێك لە ئەندامانی ئەم یەکێتییەم، هەوڵیش دەدەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵاکەی و شکۆداریی ناوەکەی." بۆیە هەرچەند سەرەتا دادگا زۆر توند بوون لەگەڵی، بەڵام بە دیفاعکردنە بەهێزەکانی، کاریگەریی لەسەر بڕیاری دادگا بەجێ هێشت و دواتر ئازاد کرا.

لەسەر جۆری بەشداریی مامۆستا نورسی لە ڕوداوی (مارت)دا مشتو مڕی زۆر هەیە، ئیسماعیل گوێڵداش دەڵێت: "سەعیدی کوردیی یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی ڕوداوی ٣١ ی مارتو لە بنەڕەتدا وابەستەی ئیسلام بووە. نورسی بۆخۆی دەڵێت: من نەتەوەخوازیی، لە ئیسلامەتی

تێدەگەم. سەعیدی کوردیی هەوڵێکی زۆری بە وریاییەوە داوە کە کەسایەتیی ئیسلامیی‌و نەتەوەیی خۆی بەیەکەوە ببەستێتەوە... (بۆیە) پێکهاتەی کوردیی بەپیرۆز زانیوەو هەوڵیداوە پاساوێکی لە سیستمی بیرکردنەوەی ئیسلامیدا بۆ بهێنێتەوەو جێی بکاتەوە."[1]

**بەسەرهاتێکی دانسقەی (نورسی) و (پیرەمێرد) لە زینداندا**

بەپێی پارچە شیعرێکی ناسکی خودی پیرەمێردی ڕەحمەتیی- کە لێرەدا دەینوسمەوە-وادیارە شەوێك لەشەوەکانی زینداندا، کە هەردووکیان -پیرەمێردو نورسی- بە خەفەتی ئاین‌و خاك‌و میللەتەوە خەویان لێکەوتووە، (کاك ئەحمەدی شێخ)ی سلێمانی، چۆتە خەوی سەعید نورسی‌و مژدەی داوەتیٚ کە: ئێوە نامرن‌و ئەمێنن‌و ئازاد دەکرێن، داواشی لیٚ دەکات ئەو هەواڵە بدات بە پیرەمێردی هاوڕێی زیندانی..!

بەدڵنیایی پیرەمێرد -بەحوکمی ئەوەی گەورەبووی شاری سلێمانییە، کە مەڵبەندی کاك ئەحمەدی شێخ بووەو گۆڕی کاك ئەحمەد لە (مزگەوتی گەورە)ی ئەو شارەیە -جارانی تر- لە زیندان بووبیٚ یان لە دەرەوەی زیندان- باسی کاك ئەحمەدی شێخی بۆ سەعید نورسی کردووەو گەورەیی‌و خواناسی‌و خەمخۆرییەکانی بۆ گوتووە، بۆیە چۆتە خەوی نورسی.

پیرەمێرد لە پێشەکی کتێبی (مەناقیبی کاك ئەحمەد)دا -کە عەزیز ئەفەندی وەسمان پاشا، ناسراو بە خواجە ئەفەندی لە وەصفی کاك ئەحمەدی شێخدا، لە ساڵانی سییەکاندا بە زمانی فارسی نوسیویەتی‌و پیرەمێرد وەریگێڕاوەتە سەر کوردی- ئەم باسەی سەعید نورسی دەکات‌و دەڵێت: "لە ئەستەمبوڵ لەزەمانی ئیحتیلالدا -مەبەستی سەردەمی کودەتای

---

[1] جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، ئیسماعیل گوێڵداش‌و زریان ڕۆژهەڵاتی، لا: ٥٠.

ئیتتیحادییەکانە– لەگەڵ مەلا سەعیدی مەشهور بە بدیع الزمان نەورەسی، لە زیندانی بلووکی بەکرئاغادا حەبس بووین... ئەیانویست هەڵمان واسنو پێشیان وتین. لە بێهۆشیدا بوومو هەریەکەمان بەجیا لە ئۆدەیەکدا بووینو نۆبەتچیشمان لەبەردەرگا بوو. مەلا سەعید هات، فەرمووی: مەترسە، نامانکوژن. کاک ئەحمەد (کاک ئەحمەدی شێخ) هات (واتە: لە خەومدا)، مژدەی دامێ، ڕاستی فەرموو، بەیانی عەفوو کراین." [1]

بەهەرحاڵ، دواترو پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ، پیرەمێردی ڕەحمەتی ئەم یادگارییو بیرەوەرییە بەچێژە لەکۆپلە شیعرێکیدا لە سلێمانی بە زیندوویی دەهۆنێتەوەو لە ژمارە ٨٨٣ ی ڕۆژنامەی (ژین)دا، لە ساڵی ١٩٤١دا، لەژێر سەردێڕی (نەڕەی دێوانە) بڵاوی دەکاتەوەو دەڵێت:

کاک ئەحمەدەکەی خۆشەویستی خوا! زۆرکەس لەسایەی تۆوە نان ئەخوا
لەوانە زیاتر من تۆم خۆش ئەوێ هەر تۆی سەربەرزی قەومەکەت ئەوێ
کە لە زیندانیان تێکخزاندبووین سێدارەیان بۆ داچەقاندبووین
تۆ چوبوویتە لای (بەدیعوززەمان) مژدەت دابوویێ بە ژیانو مان
فەرموبووت: ئێوە نامرن، ئەمێنن تا سەر ئازادیی گەلتان ئەسێنن
خۆ من باوەڕم بەوە کردووە بە وەصیەت ناوی ئێوەم بردووە
بەڵام وا ئەمرم بەو ئاواتەوە بشمرم گۆڕم دەنگ ئەداتەوە [2]

---

١ کتێبی (مەناقیبی کاک ئەحمەد)، نوسینی: خواجە ئەفەندی، وەرگێڕانی: پیرەمێرد، سلێمانی، چاپخانەی ژیان، ١٣٥٨ك/ ١٩٣٩ز، لا: ٩. ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٠ لە لایەن حەمە صالحی مەلا محەممەدی گەلاڵەیی هێنراوەتە سەرشێوەی نوسینی نوێ.

٢ پارچە شیعری نەڕەی دێوانە، کە لە ژمارە (٨٨٣)ی ڕۆژنامەی (ژین)، لە ساڵی (١٩٤١)دا بڵاوی کردۆتەوە.

بەڵگەیەکی تری ئاشکرای هاوڕێیەتیو پێکەوەبوونی پیرەمێردو سەعید نورسی، قسەیەکی خودی پیرەمێردە کە لە ڕۆژنامەی (ژین)ەکەی خۆیدا، گۆشەیەك لە چالاکیی خۆیو هاوەڵانی باس دەکاو پاش گەڕانەوەی لە ئەستەمبوڵەوە بۆ شاری سلێمانی، بیرەوەرییەکی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: " لە سەورەو قۆمیتەی (ئەرزڕۆم)ی کورداندا، لەگەڵ (خالید بەگ)و (یوسف ضیاء)و دکتۆر کەمالدا، لە خزمەت مەلا سەعیدی (بدیع الزمان)دا ڕەنجم ئەداو ئیدارەی عورفیی لە ئەستەمبوڵ بە ئیعدام مەحکومی کردم."

لە ژمارەیەکی تری (ژین)دا دەڵێت:" لە زیندانی ژێرزەمینی (بلوکی بەکر ئاغا) لە ئەستەمبول گیرابووم، بیمی خنکاندم هەبوو."

جارێکی تریش لە ژمارەیەکی (ژین)ی ساڵی ١٩٤٤دا باسی ئەو خەوو هەواڵەی سەعید نورسی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەك نمونەی یەکێك لە کەرامەتەکانی مامۆستا نورسی دەیوروژێنێ، گوایە وا دەردەخات لە کاتی منداڵیدا شتی زۆری بیستووە بە ناوی کەرامەتەوە، کاتێکیش چۆتە ئەستەمبوڵ پێکەنینی بەخۆی هاتووە کە چۆن کاتی خۆی بڕوای بەوە کردووە کە قاپقاپ لە بەغدا بهاوێژرێ، لە هیندستان سەر بپەڕێنێ.!

پیرەمێرد دەیەوێت بڵێت: نە ئەو سادەییو خۆشباوەڕییەی سەردەمی منداڵیی تەواو بوو، نە ئەوەش کە بە ڕەهایی هەموو شتێك ئینکار بکرێت، بۆیە حاڵەتێکی مامناوەدیی پێ ڕاسترەو وا دەردەخات کە کاك ئەحمەدی شێخ خاوەنی کەرامات بووە. بۆیە دەڵێت: ".. تا لە دواییدا بە خزمەت مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان گەیشتم، لەکاتی ئیعدامدا مەلا سەعید هات، فەرمووی: ناشێ بمانخنکێنن، ڕاستیشی کرد، ڕزگار بووین، ئەنجا بەو

کەرامەتەی کاك ئەحمەدە هاتمەوە سەرڕێی پێشوو، من خۆم کەراماتی کاك ئەحمەدم دیبوو."[1]

زیندانکردنی پیرەمێرد – کە وەك وتمان: خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نوسینی ڕۆژنامەی (کورد) زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد) بووە، لە (بلوکی بەکر ئاغا)، پێش داخستنی کۆمەڵەو ڕۆژنامەکەیان بووە، دوای ڕووداوەکەی ۳۱ ی مارتی ۱۹۰۹.

لە کۆتاییدا داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم، بگەڕێتەوە بۆ دەقی بەشێك لە بیرەوەریی سەعید نورسی لەسەر ئەو دادگاییکردنەی، کە خۆی پاش چەندین ساڵ لەو ڕووداوە باسی دەکاو لایەنێك لە دیفاعە نایابەکەی لە ڕێکخراوی (ئیتتیحادی محەممەدی) دەگێڕێتەوە، کە لە بڕگەی چوارەمی بەشی حەوتەمی ئەم کتێبەدا هاتووە.

**سەعید نورسی لە بیرەوەرییەکانی پیرەمێرددا:**

پیرەمێرد وەك دۆستێکی دێرینی مامۆستا سەعید نورسیو هاوەڵێکی سەردەمی خەباتو خەمخۆریی بۆ ئاینو گەلو وڵاتیان، پاش دوورکەوتنەوە لە ئەستەمبوڵو گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی، سەرەڕای تێپەڕینی دەیان ساڵ، وەك وەفاو پێزانینێك بۆ ئەو دۆستایەتییە خاوێنە، لە چەندین جێی ڕۆژنامە نایابەکەیدا (ڕۆژنامەی ژین) کە لە سلێمانی دەری دەکرد، باسی سەعید نورسی دەکاو هەندێك لە بیرەوەرییە هاوبەشەکانیان دەگێڕێتەوەو ناوبەناو هەندێك لە هەڵوێستو وتەبەنرخەکانی مامۆستا نورسی دەگێڕێتەوە. ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو هەوڵانەی پیرەمێردی ڕەحمەتیی بۆ زیندوڕاگرتنی یادی مامۆستا نورسی:

---

۱ ڕۆژنامەی ژین، ژمارە ۷۳۹، ساڵی ۱۷، ۱۸/٤/۱۹٤٤، لا: ٤.

## ا– ترس و واهیمه

پیرەمێردی شاعیرو حەکیم، ساڵی ١٩٤٠ لەژێر ناونیشانی (ترسو واهیمە)دا ئەم بابەتەی خوارەوەی نوسیوە، کە تێیدا ئاماژە بە ئازایەتی سەعید نورسیو نەبەردییەکانی خۆیو شوێنکەوتووانی دەکات:

"جاران کە چاوەقووڵە، قۆلێرا، ڕشانەوە، لەناوا بوو، ئەیانگوت: قۆلێرا وتوویە: من خۆم یەکێکم، بە تەنها ڕووبکەمە هەر شارێك، لە هەموو ماڵێکدا موعاوینم بۆ پەیدا ئەبێ کە (ترسو واهیمە)یە.

من خۆم لە (مەککە) ئەمەم بەسەر هات، ڕەفیقەکانم کە تووش بوونو چاوم پێ دەکەوت ئەڕشانەوە، منیش لە خۆمەوە دڵم پێکا ئەهات، هێز لە بەدەنما نەما، لەشم سارد بووەوە. خوا نایە دڵم کە ئەمە ترسە، خۆم ڕاتەکاند، هەڵسامە سەرپێ. ئیتر نەموێرا بۆی بکەوم، دەستم کرد بە گەڕان، کەمتر ئەهاتمە شارەوە، بەوە ڕسگار بووم، هیچم لێ نەهات.

ئێستا ئەبینم واین لەمپەڕی کایەوە. ساڵی بەسەردا تێ پەڕی، هیچمان بۆ نەبوو. زۆر کەسم ئەدی لە گوێ ڕادیۆ هەڵنەدەسان، هەمیشە گوێیان بە تەنبورەی بێ تەلەوە بوو. ها ئەمشەو بۆمباران ئەکرێین، ها تەیارەی ئەڵمان گەیشتە کەرکوك. بەمانەو بەم ترسو لەرزەیە ئەمساڵە گوزەرانیان لە خۆیان تاڵ کرد.

جارێ هیچیشمان بۆ نەبوو و هیوادارم لای خواوە هیچمان بۆ نابێ، چونکو بارها ئێمە بەڕاستی نووسیمان: تا ئینگلیز بمێنێ، لێرە دڵنیا بە. وا ئینگلیزیش نەفەوتاو نایشفەوتێ. مادام هیچ دوژمنێ ناتوانێ لە (مانش) بپەڕێتەوە، بۆمباردمانی وڵاتی بۆ ناگیرێ.

وڵاخی ڕەسەن هونەری لە درێژیو سەڵەفدا دەردەکەوێ. بەڵێ: ئەگەر تورکیا لەناوا نەبێ لەملاوە ترسمان ڕێ دەکەوێ. بەڵام من خۆم پەروەردەی ناو تورکمو لە شەڕی یۆناندا بووم. سێصەد هەزار جەنگاوەری

یۆنان بە زەخیرەو موهیمماتی تەواوەوەو بە جل وبەرگی تازەو ئەسلەحەی مومتازەوە هاتنە سەریان، گاپوڕی ژنانی ئەنادۆڵی لە قوماندەی (قەرە ئایشەی بیکباشی) و (صاڕی ئامینە)دا بەرەنگاریان بوون، نەیانهێشت بەر عیصمەت ئەین ئووکی و ئاتورك.

خوا ئەیزانێ درۆی تیا نیە، ئەو لاوانەی کە (مەلا سەعیدی بەدیعوززەمان) لە کوردستانەوە هێنابوونی، وەك کارئاسك گومەتەیان ئەبەستو وەك سوێسکە هەڵدەقولێن، هێشوویان لە پشت ژنە تورکەکانەوە نەدەکرد، ئەو ئافرەتە نازەنینانە خۆیان لە شەڵوارو چاکەت هەڵکێشابوو، لوولە تفەنگیان ئەگرتو بە گوڵبانگی (الله اکبر)ەوە هوجومیان ئەکرد، من خۆم لە غیرەتی ئەوان جۆشی گریانم ئەهات.

جا ئەو میللەتە چۆن لە شەڕدا ئەشکێنو تورك کە خۆی نایە پێناوی ئەڵمانەوە، ئەوان بە چ ڕوویێکەوە ڕوبەڕویان ئەوەستن؟ لەبەر ئەوە—خوا یار بێ— هیچ ترسو دەغدەغەیەکیان نابێو ئەم جەژنەیش بەخۆشی ئەبەینە سەر، هەرچی گوێ لەم پیرە دنیادیدە ئەکا، نەترسێ، نەترسێ."[1]

[1] لە ژمارە (٦٠٩)ی ڕۆژنامەی (ژین)، ساڵی ١٥ دا، کە ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (١٩)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٠)، بڵاو کراوەتەوە.

ب– بەراوردێکی زیرەکیی نێوان شێخ محەممەدی خاڵو سەعید نورسی

پیرەمێردی ڕەحمەتی، کە دۆستێکی نزیکی مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ بووە، دیارە زۆرجار لە زیرەکیی‌و بیرتیژیی خاڵ ورد بووەتەوەو سەرنجی ڕاکێشاوە، هەرجارەش خستوویەتەوە بیری زیرەکیی‌و بلیمەتیی مامۆستا سەعید نورسی کۆنە هاوڕێی، کە ساڵانێك لە ئەستەمبوڵ دۆستو هاوکاری یەکتر بوون، بۆیە ساڵی ١٩٤٠ لە کورتە وتارێکدا باسێکی (زیرەکیی‌و حافیزە) دەکاتو ئەو دوو بلیمەتە کوردە بەکتر دەچوێنێتو لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوی دەکاتەوە، بە وتارەکەشدا دیارە کە پێش کۆچی دوایی نورسی نوسیویەتی، ئەمە دەقەکەیەتی:

"بە تێگەیشتن‌و بەراوردی خۆم، وایدەزانم ئەو کەسانەی کە لە خوێندەواریدا ناو دەرئەکەن‌و هونەر دەنوێنن، بە دوو چشتە: یەکێکیان زیرەکییە کە گەوهەری سروشتیان ئەمەندە تیژو بە ڕشتەی هەرچی هاتە پێش، ئەیقلێشێتەوە، پێستی لێ فڕێ ئەداو لە مەغزەکەی ئەکا. دووەمیان لەوە بەکارتر یاداشت و قووەی حافیزەیە.

مەلا سەعیدی بەدیعوززەمانی مەشهور، خوا بیهێڵێ، ئەیگوت: من لە خوێندن، خۆم بینیم، کەللەم لە ڕاستی مێشکم هەزار ڕەفەی کن کن‌و شای هەنگی هەیە، هەرچی ئەیخوێنم‌و بۆم پوخت ئەبێ، لەو ڕەفانەدا جێگیر ئەبێ، وەك عەتارێکی ماهیر کە داوای دەرمانێکیان لێ کرد، دەست بەجێ دەستی پڕ ڕادێڵێ‌و ئەیدا بە دەستەوە. منیش ئەو ماددەیەی کە لە مێشکمدا، یەعنی لە حوجەیراتی دەماغییەدا، دامناوە، ئەیدەم بە زبانم، ئەویش بەڕێ‌وجێ ئەیگێڕێتەوە (!).

باوەڕم کرد کە مەلا سەعید ڕاست ئەکا. خوا بەهرەیێکی وای داوەتێ کە هاتە ئەستەموڵ‌و بە غەزەتە جارێ نوسیی: تا حەوت ڕۆژ هەر لە عیلم‌و

فەن پرسیارم لێ ئەکا، جوابی ئەدەمەوەو زۆر خوێندەوارانی ناودار دەستە دەستە ئەهاتن، لێیان ئەپرسییەوە، خوا شەرمەزاری نەکردو ناوی دەرکرد.

ئەنجا خواپێداو کە زیرەك بێو تێ بگاو ئەویش تێی دەگا، لە مێشکیدا هەڵیگرێو لەگەڵ پرسییانەوە بتوانێ بیخاتە مەیدان، پایەی زۆر بڵند ئەبێ، بە شەرتێ گزو گزیریی تێکەڵ نەکا، ئەمەم بۆیە کرد بە دێباچە، کە لەناو ئێمەیشدا یەکێکی تری وەك بەدیعوززەمانی کوردی هەیە، ئەگەر زەمان زمانی نەبەستێ، خوا یار بێ، لەو باشتر ئەبێ. (شێخ محەممەدی نەوەی خاڵ) زۆرجار کە دواندوومە، دەماغی ئەویشم بە هەزار ڕەفە زانیوە، چشتی وای لێ هێناوەتە دەرێ، مەگەر لە (مەلا سەعید)م دیبێ، خوا بیپارێزێو سەخڵەتیی بۆ نەیێتە پێش، ناودارێك ئەبێ، لە نامدارانی پێش باشتر ئەبێ."[1]

---

١ پیرەمێرد، ئەو وتارەی لەژێر ناونیشانی (زەکاو حافظە)دا، لە ژمارە (٦١٠)ی، ساڵی (١٥)ی ڕۆژنامەی (ژین)، پێنج شەممە، ڕێکەوتی١٥ی تشرینی دووەمی١٩٤٠، نووسیوە.

**ج – یەکێك لە وانەکانی مەلا سەعید بەدیعوززەمان**

هەروەها لە وتارێکی تردا، لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا، پیرەمێرد بروسکە وتارێکی سەعید نورسی کە ئاراستەی گەلی کوردستانی کردووە، بڵاو کردۆتەوە، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

"ئەی گەلی کورد! لەبیرتان نەچێتەوە کە ئێوە دلاوەرە پێشدارەکانی کوردانو شێری بێشەی ئارییانن، بەڵام خەوی گێژو نوستنی درێژی ئێوە لە خەوی عوزێر تێپەڕیوە، ئەو صەد ساڵ نوست، ئێوە سێ صەد ساڵە لە خەودان.(!)

ئەموستی عیززەتی خوا لە گۆشەی ئوفوقی ئەزەلەوە، ئیشارەتی ئێوە دەکاو بەهەڕەشەوە ئەڵێ: سەرچاوەی کورد لەسەر شاخی فیترەتی بەرزە، وەك تاڤگەو شەللالە هەڵدەڕژێتە خوارەوە، بۆیە وا بە پەرشو بڵاوی هیچ تنۆکێکی بەیەکەوە نانوسێ، بەڵام لە خوارەوە کە گەیشتە حەزیز (حضیض)ی پەستی، هەموو باخەوانێك جۆگای لێ هەڵدەبەستێ، ئەیبا بۆ خۆی، ئەینێ لە باغچە، قووەتی کەم ئەکاتەوە، هیچ فائیدەییێکی بۆ سەرچاوەو شوێنو مەڵبەندی خۆی نیە. یاخۆ زەرراتێکن شوێن جازیبەی ڕۆژی شەوکەتی لاوە دەکەون، لە جازیبەی میللی بێزارن، ڕا دەکەن، هەمیشە تەفرەقەجوون."[1]

[1] لە ژمارە (٦٦٤)ی ڕۆژنامەی (ژین)ی، ساڵی١٥، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (٢٢)ی نیسانی ١٩٤٢، بڵاو کراوەتەوە.

### ٥–حەمزە موكسیو پەیوەندیی لەگەڵ عەللامە سەعید نورسی

حەمزە موكسی كە پێشتر لایەنێك لە ژیاننامەكەیمان باس كرد، دۆستێكی زۆر خۆشەویستی مامۆستا نورسی بووەو یەكێك بووە لەقوتابییە زۆر دڵسۆزەكانی. كاتێك نورسی لەساڵانی ١٨٩٧و ١٩٠٧و ١٩١٤ لەو قوتابخانەیەی (هەرهور) مامۆستا بووە– كە دەكەوێتە ناو قەڵای مێژوویی شاری وان– لەگەڵ حەمزە بوونەتە ئاشناو دۆست، چونكە حەمزە لەوێ خوێندوویەتی، ئەو قوتابخانەیە لە كاتی پەلاماری ئەرمەنەكاندا سوتێنرا. نورسی لەو جێیەدا وانەی بە ٢٠٠ قوتابی دەگوتەوە. حەمزە دواتر بەشداری كرد لە چاپكردنی كتێبەكانی سەعید نورسی مامۆستایدا، بەتایبەتی بۆ خۆی (إشارات الإعجاز)ی نووسیوەتەوە.

حەمزە موكسی دەڵێ: "پێش ئەوەی جەنابی سەعید نورسی مامۆستام كتێبی (إشارات الإعجاز) بنوسێت، قورئانی دەگرت بە دەستەوەو بە زمانی كوردی بۆی واتاو ڕاڤە دەكردین، بە بێ ئەوەی سەیری سەرچاوەیەكی چاپكراو بكات، لەو كاتانەشدا یەكێك لە هاوڕێیانمان بە ناوی (مەلا حەبیب) یەكسەر ئەو قسانەی مامۆستا (نورسی) كە كوردی بوون دەنوسییەوە. ئەم بەسەرهاتە زۆری نەخایاند، كە بە دوایدا جەنگی جیهانی یەكەم پەیدا بوو، سەرەڕای بارودۆخی نارەحەتی چەند ساڵێكی جەنگ، بەڵام مامۆستا نورسی بە پشتبەستن بەوەی مەلا حەبیبی هاوڕێمان نوسیبوویەوە بە باسەكاندا چوویەوەو لە چاپخانەی (أوقاف اليوم) كتێبی (إشارات الأعجاز)ی چاپ كرد"

حەمزە موكسی سەرپەرشتی پیاچوونەوەو چاپی ئەم كتێبەی كردووەو لە یەكەم چاپی عەرەبیدا لایەنێك لە ژیانی مامۆستاكەی (واتە نورسی) پێ زیاد كردووەو لەگەڵ (الوعد العاشر)ی مامۆستا نورسی چاپی كردووە.

**خۆشەویستیی مامۆستا نورسی بۆ حەمزە موکسی:**

دوای ئەوەی کە لە ئەستەمبوڵ نورسیو حەمزە بەردەوام یەکتریان دەدی، حەمزە سەفەری سوریای کرد، "پەیوەندی لە نێوانیاندا بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ بڕا. نورسی وای زانی حەمزە شەهید بووە. قوتابییەکی نورسی بە ناوی ئەمین، هەواڵی بە نورسی دابوو کە حەمزە لە عێراقە، لە کاتێکدا ئەو لە سوریە بوو. دەڵێن نورسی دەربارەی حەمزە وتوویەتی : بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بە هەڵە وام دەزانی کە حەمزەیش وەك قوتابییەکەی ترم (عوبەید) شەهید کراوە، بۆیە بۆ هەردووکیان دۆعای ڕەحمەتو لێخۆشبوونم دەکرد، بەڵام لەم دواییانەدا هەواڵێکی دڵخۆشکەرم بیست کە حەمزە لە عێراقە، چونکە برای دینیم بەڕێز (ئەمین) ئەو هەواڵە دڵخۆشکەرەی دامیٚ کە حەمزە لە عێراقەو زیندووە، سوپاسی زۆری خوا دەکەم لەسەر ئەم هەواڵە، سڵاوو ڕێزیشم دەنێرم بۆ هەزاران لەو برایانەمان".

## ٦ــ دەقی چامە شیعرێکی (سیف القضاة):

أبو الحسن (سیف القضاة) مامی پێشەوا قازی محەممەدی سەرکۆماری کوردستان، کە ڕێکخراوی (ژ.ك)، نازناوی (پیرەمێردی سابڵاخ)یان لێنابوو، ئەم چامە شیعرەی خوارەوەی چڕیوە، کە گومانم وایە پاش ساڵی ١٩٢٥و شەهیدکردنی شێخ شەهیدی پیرانو پاش سەفەرێکی بۆ لای (سمكۆی شکاك) لە ورمێ نووسیبێتی. ڕەحیمی قازی ئامۆزای پێشەوا قازی محەممەد دەڵێت: "ئەو کاتە کە سەیف ئەم هەڵبەستەیە دائەنێ، ڕەزاشا دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆی بە تەواویی دامەزراندبوو... بەڵام سەیف نەترساو ئەم هەڵبەستە بەناوبانگەی هۆندەوەو میرزا محەممەد (قازی) وەك سرودێکی نیشتیمانیی، ئەم هەڵبەستەیەی فێری لاوان دەکردو مانای بۆ لێئەدانەوە. لە بەشی موکریان کەم کوردی بیرڕووناكو خوێندەوار هەبوو کە ئەم هەڵبەستەیەی لەبیر نەبێت.."[١]

چامە شیعرییەکە ٢٣ بەیتە، تیایدا شاعیر هانی نەتەوەی کورد دەدات بۆ خوێندنو فێربوونی زانستو ڕاپەڕینو شارستانیەتو ڕوبەڕووبوونەوەی دوژمنو زیندووکردنەوەی سەروەرییە مێژوییەکانو..هتد. بە کورتیی، شیعرەکە گوزارشتە لەو ڕاستییەی لە چەندین جێی ئەم کتێبەدا دووبارەم کردۆتەوە، کە زاناو پێشەوایانی ئاینی، هەوێنی یەکخستنی خەباتو پێشەنگی شۆڕشەکانو هاندەری بەرخۆدانو ڕاپەڕین بوون، ئەم چامە شیعرەی خوارەوەم وەك بەڵگەیەك بۆ ئەو ڕاستییەی سەرەوە هێناوەتەوە:

کوردینە! تا بەکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو

بێینو بچین، بۆ مە نەبێ قەت خودانو خێو؟

خەڵکیی هەموو لە باغو لە شارانا کەیفخۆش

---

١ بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتی.. ڕەحیمی قازی، لا: ٧٠.

ئێمه بڵاوو بێ سه‌ره ماوین له ده‌شت‌و کێو
بۆ عاسمان ده‌ڕۆن‌و له به‌حرا ده‌که‌ن سه‌فه‌ر
هه‌ر هه‌رده نیشتگاهی مه، سنعاته وه‌ردو شێو
ڕێی وانه که‌هکه‌شان‌و ڕێی ئێمه به‌رده‌ڵان
جێی وانه ته‌خت‌و به‌خت‌و جێی ئێمه به‌ردو چێو
ڕه‌شماڵه ماڵ‌و که‌شك‌و په‌نیره مه‌تاعی مه
قه‌سرو سه‌رای خه‌ڵکی دییه پڕ له زێڕو زیو
ژێرده‌ستیی‌و ئیتاعه‌تی بێگانه تا به‌که‌ی؟
شه‌رمه له بۆ مه هێنده بژین بێ نیشان‌و نێو
مه‌غمونی هه‌ر موعامه‌له مه‌حکومی هه‌رکه‌سی
شاهان به مه‌حوی ئێمه ده‌به‌ستن گرێ‌و گرێو
کوردانی کورده‌کان که له ترسیان ده‌له‌رزی ئه‌رز
کێ بوو له شامێ شا بوو؟ له میصریش بوو به خدێو؟
گوردانی کورده‌کان! به خودا ڕۆژی غیره‌ته
ده‌س ده‌ینه خه‌نجه‌ران‌و پیاوانه بێینه نێو
بۆ چمانه ماڵ‌و سه‌ر که له‌سه‌ر سه‌روه‌ریی نه‌چێ؟
کورد نابێ قه‌ت بترسێ له زیندان‌و دارو چێو
پێ هه‌ڵگرن بگه‌ینێ، که شه‌ڕ بۆ مه شایی یه
ده‌ست تێگرن دره‌نگه، جحێڵانه بچنه نێو
ئه‌و ژینی به‌م زه‌لالـه‌ته بۆچمانه چاوه‌که‌م؟
بپسیه‌ین له ڕێی نه‌جاتی وه‌ته‌ن، به نێرو مێو
سه‌رچوونی ته‌خت، ڕۆیینی سه‌رداری پێ ده‌وێ

خۆشیمە لەم شەهادەتی شێخانە[1] نێو بەنێو
هەر میللەتێ لەلاوە حەقی خۆی بەدەستەوە
کوردێك کە سەر هەڵێنێ دەڵێن بۆتە سەربزێو
ئازادیی، سەربەخۆیی، میریی‌و گەورەیی
داوا دەکەین بە زارو زمان‌و ددان‌و لێو
تا کەی لە باخی خەڵکیی بە زیزیی‌و بە ملکەچی؟
خۆشە لە باغی عێلی، چنینی هەنارو سێو
فکرێ لە حاڵی خۆ کەن‌و بگرین بۆ حاڵی خۆ
هەر بێسەریی‌و عەداوەتی خۆتانە دێتە ڕێو
لا هەڵدراوو جەرگبڕاوو فڕێدراو
ڕامان دەدەن بەجارێ لە هەوراز بۆ نشێو
هەرکەس کە بیری تۆڵەوو جێ بابی خۆ نەبێ
ئەو بێ بەشە لە کوردی، دەری کەن، نەیێتە نێو
هەرچی دەبێ بەڵا ببێ حەق هەر حەقە (حەسەن)!
نینە لەڕێی وەتەن غەمی دەرکردن‌و جنێو[2]
سمکۆ، خودا کە داوییە بە مە صاحێب‌و ڕەئیس
شوکری بکەین بە زارو زوبان‌و ددان‌و لێو
مەقصودی وی ئەمە، کە حەق بداتە مە
تەکلیفی مەش وەهایە فیدای بین بە نێرو مێ

---

١ ئاماژەیە بە شەهیدکردنی شێخ سەعیدی پیران‌و هاوەڵانی لە ساڵی ١٩٢٥دا لەلایەن تورکە ئیتتیحادییەکانەوە، چونکە پاش ئەوە شیعرەکەی نووسیوە.

٢ تا ئێرەی ئەم چامە شیعرییە، لە ئەڵقەی سێیەمی (دیاری کۆمەڵەی (ژ.ك) بۆ لاوەکانی کورد)، لە ١٩٤٣، هەروەها لە ژمارە (٨)ی ١٩٤٦ی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی کۆماریش بڵاوکراوەتەوە، لەهەندێ جێی تر ئەو دووبەیتەشی لەگەڵدایە∞

## ٧ـ دەقی نامەی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان[١]

بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی (کۆمەڵەی گەلان) عصبة الأمم،

لە پاریس، ٢١ مارس ١٩٣١

بەڕێز جەنابی سەرۆک !

شانازی ئەوەم هەیە ترس و شکاتی نەتەوەیەکتان پێ ڕابگەیەنم، کە خودی خۆتان خستوتانەتە ژێر ئینتداب و پاراستنی خۆتانەوەو دەشگوترێ ئەوەی ئینتداب دەکات، پارێزەریشە.

ئەم نەتەوەیە، نەتەوەی کوردە، کە من زۆر شانازیی بەوەوە دەکەم بە یەکێک لەوان دەژمێردرێم، ئیستا ئەم نەتەوەیە لە بەشی باشوری وڵاتی گەورەی کوردان کە بە عیراقەوە لکێنراوە، نیشتەجێیە. من بە ئەرکی خۆمی دەزانم سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەو خاڵە ڕابکێشم کە خاکی کوردستان لکێنراوە بە عێراقەوە، بەهیچ شیوەیەک وەک (بين النهرين) نەکەوتۆتە ژێر دەستی هیچ یەک لە هێزەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، یان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان..

کوردەکان خۆیان لە ساڵی ١٩١٨ چەکیان هەڵگرت و هێزەکانی تورکیان ناچارکرد خاکەکەیان چۆڵ بکەن، سەربەخۆییان ڕاگەیاندو دەوڵەتیکیان دروست کرد کە بەڕیوەبەرایەتی وڵاتی بەناوی (دەوڵەتی کوردستانی باشور) گرتە دەست. لەو سەردەمەدا عێراق پشێوی تێکەوتبوو، هێشتا هێزەکانی یەکگرتوو (متحد)و هاوپەیمانان (متفقين)، لە ناویاندا جەنگیان دەکرد.

پاشان بۆ بەدبەختیی ئێمە خاکەکەمان بە عێراقەوە لکێنراو ئەوروپاش کە لافی ئەوەی لێ دەدا کە بۆ بەرگریی لە ماف و دادپەروەریی چەکی هەڵگرتووە، لە بەرامبەر ئەم ستەمە گەورەیەدا بێدەنگ بوو. ستەمێک

---

[١] سەرچاوە: سەردەمی قەڵەمو موراجەعات، (١٩٢٨– ١٩٣١٩)، نەوشیروان مستەفا.

که چارەنووس و داهاتووی نەتەوەیەک کە ئەگەر چی نەک بە ڕەسمی بەڵام بە کردەوە بووبووە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، بەستەوە بە چارەنووسی نەتەوەیەکی دیکەوە، کە نەژادو داب و نەریت و مێژوو و زمان و سیمایان لەیەک جیاوازە. گەر چی هێشتا جێی سوپاس بوو کە باری ئەم ستەمە گەورەیە بەو بەڵێنە کەم بووەوە کە (کۆمەڵی گەلان) سەبارەت بە بەخشینی خودموختارییەکی تەواو بە کوردستانی باشوری دابوو. بەڵآم لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندان ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنەدا تێدەپەڕێ، کەچی نەک هەر بەڵێنەکە جێبەجێ نەکراوە، بەپێچەوانەوە ژیانی خۆمان و ژن و منداڵ و باوکانمان، لە ژێر هەڕەشەی ئاگری تۆپ و فرۆکە بۆمبهاوێژەکان و ڕەشاشدایە، بەو تاوانەی ئامادە نین ببین بە عەرەب و چاولەڕێی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەین کە پێمان دراوە.

دەوڵەتی عێراقیی هیچ دوودڵ نەبووە لەوەی شاری سلێمانی ـ پایتەختی کوردستانی باشور ـ بۆمباران بکات و کوردەکانی ئەم شارەی کوشتووە، بە تاوانی ئەوەی ئامادە نەبوون بەشداریی لە هەڵبژاردنێکدا بکەن کە ئەو دەیەوێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سەبارەت بە بڕیارێک ئەنجامی بدات کە هەموو مافە ڕەواکانی کوردان پێشێل دەکات و کۆشکی ئومێدو ئارەزوویان بۆ ئایندە، دەڕمێنێ.

ئێمە بڕوامان وایە ئەم تۆپ و گوللانەی بەسەر قوربانییانی کوردی دانیشتووی کوردستانی باشوردا دەبارێ، لە بنەڕەتدا هێرشێکیشە دەکرێتە سەر حەیاو ئابڕووی (کۆمەڵی گەلان)، چونکە کوردەکان لەژێر ئینتدابی ئەو (کۆمەڵە)یەدان، واتە لەژێر پاریزگاریی ئەودان. ئەگەر هێزەکانی دوڵەتی عەرەبی عێراقی پشتیان بە فڕۆکەو سوپاکانی دەوڵەتی ئینگلیز نەدەبەست کە (کۆمەڵی گەلان) ئینتدابی ئەم سەرزەمینەی بە ئەوان سپارد، تا بە ناوی (کۆمەڵەی گەلانەوە) بەڕێوەی

بەرن ، ئەوا مێژوو دووبارە دەبۆوەو هێرشکردن بۆ بەغداو داگیرکردنی بۆ کوردەکان، وەک کاری ڕۆژانە ئاسان دەبوو.

ئێمە ئامادەین و وەک هەمیشە ئامادە دەبین لە بەرامبەر عەرەبەکاندا، بەرگریی لە وڵاتەکەمان بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی نامانەوێت تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداریی ببین لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیزدا کە بەناوی ئەو (کۆمەڵە) بەڕێزەوە هەنگاو دەنێ، ئەوا وامان بەباش زانی بۆ شکاتکردن ڕوو بکەینە (کۆمەڵەی گەلان)و داوای جێبەجێکردنی ماف و دادپەروەریی بکەین، بێگومان بە داواکاریی ئەوەی وڵاتی ئێمە بە عیراقەوە بلکێنرێ و هەوڵدان بۆ ڕازیکردنمان بۆ قبوڵکردنی ئەم لکاندنە بەزۆری چەک، بەهیچ شێوەیەک ئەو ئاشتی و ئاسایشەی کە (کۆمەڵی گەلان) دەیەوێت لەم بەشەی دنیادا بەرپای بکات، دابین ناکرێت، تا ئەوکاتەی چارەنوسی وڵاتی کورد بەدەستی ڕۆڵەکانی خۆی نەسپێرێ، تا ئەو دەمەی (دەوڵەتیکی کوردیی) بەڕێوەبەرایەتی بەشی کوردنشینی ئەم ناوچەیە نەگرێتە دەست، ئومێدێک بە ئاشتی و ئاسایش لەم ناوچەیەدا نیە.

کورد کە خاوەن مێژوویەکی هەزار ساڵەن و هەمیشە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا زانیویانەو توانیویانە بەرگریی لە ژیان و وڵات و مێژوو دەزگا نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئێستە بڕیاریان داوە بۆ بەرگریکردنی چەکدارانە لە خۆیان تا دواکەس بمرن، بەڵام مل بۆ کۆیلەیەتی عەرەبەکانی عیراق، کەچ نەکەن.

ئێمەی کورد دەمانەوێت لەگەڵ هەموو گەل و نەتەوەکاندا دۆست بین و بەرامبەر بەهیچ گەلێکیش ڕقمان لە دڵدا نیە، بەڵام لە کاتێکدا کە سەربەخۆیی تەنانەت بە هەندێ گەلی سەرەتایی ئەفریقیا وەک لیبریا دەدرێت و لە گەلی وەک ئێمە زەوت دەکرێت، کە توانیویەتی بە شەرەف و ئازایەتی و قارەمانییێتی و غەریزەی پاڵەوانی و هۆش و زیرەکیی خۆی پایەیەکی مەزن لە مێژووی گەلاندا بەدەست بهێنێ،

ئیدی ئەمە ستەمێکە کە ناتوانین لێی بێدەنگ بین، بەتایبەتی کە پێش ماوەیەک دەوڵەتی عێراق کە تووشی نەخۆشی دەمارگیریی توندڕەویی نەژادیی بووە، هەوڵ ئەدا بە پشتیوانی دەوڵەتی ئینگلیزو بەهۆی خوێناویترین هەنگاوی جەنگییەوە، بەرگریکردنمان تێکبشکێنێ. خوێن و ئاگر هەرگیز نەیانتوانیوەو ناتوانن ڕاستییە مێژووییەکان بگۆڕن و سەدان هەزار کوردی وەک صەلاحەدین و کەریم خانی زەند بکەن بە عەرەب.

نەتەوەی من و خودی خۆشم بەهیچ شێوەیەک دەمارگیریی ئاینزایی (مەزهەبی)مان نیەو تینووی خوێنڕێژیی نین،ئەگەر چەکیشمان هەڵگرتووە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ناچاریان کردوین و بەسەریاندا سەپاندووین. ئێمە خواستی دەسەڵاتگرتن بەسەر هیچ نەتەوەو هیچ وڵاتێکماندا نیەو نامانەوێ ئاغاو سەرداری هیچ کەسێک بین. بەڵام ئەوەش قبوڵ ناکەین کە خەڵکانی دی بەسەرماندا زاڵ بن، یان جگە لە خۆمان سەردارو ئاغایەکمان هەبێت. ئەمەش خۆی ئامانج و ئایداڵیکە کە چەندان هەزار کەس لە کاتی ئەم جەنگەی دواییدا، لە پێناویدا گیانی خۆیان فیدا کرد. ئەمە، جگە لەوەی مافێکە کە خودی (کۆمەڵی گەلان) هەر لەم ڕۆژانەی دواییدا، بۆی سەلماندووین.

ڕێگەم بدەن بە دڵنیاییەوە پێتان ڕابگەیەنم: ئەم دۆخی شۆڕشگێڕییەی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەدنیەتیی دەسەڵاتدارانی عێراق،، کۆتایی پێ نایەت، ئەو کاتە نەبێت کە هەموو مافە ڕەواکانی کورد بەڕەسمی بناسرێن و لەبەرچاو بگیرێن. ئەوەی ئێمە دەمانەوێت داننانە بە سەربەخۆیی وڵاتەکەماندا، واتە (دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشور)داو برین و لەناوچوونی هەموو پەیوەندییەک بە دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە.

جگە لەمەش پەیمانی تازەی نیوان ئینگلیزو عێراق ـ کە کۆتایی بە ئینتدابی ئینگلیزی بەسەر عێراقدا دێنێ ـ ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەو ڕێگەچارەیەی پێشنیارمان کردووە بە تەواوی لۆژیکییەو هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونی لێ نیە. کۆمەڵی گەلان دەبێ گەر بەسەرنجدان لە کرۆکی ڕووداوەکانیش بووە، بگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکەی خۆی کە ساڵی ١٩٢٥ داویێتی.. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا.

شێخ مەحمود

بە نوێنەرایەتی دانیشتووانی کوردستانی باشور

## ٨ ـ پوختەیەك لە نامیلکەیەکی دەگمەن‌و شاراوەی پیرەمێرد

## (ئاوەڕەشەی ڕووسی سوور)

لە بەشی پێشوودا، لە ژیاننامەکەی (پیرەمێرد)ی ڕەحمەتیدا وتمان: پیرەمێرد لەگەڵ بەرفراوانبوونی جموجووڵەکانی سۆڤیەت‌و کشانی بیری کۆمۆنیستیی بەرەو سوریەو عیراق، لە ساڵی١٩٤٠دا نامیلکەیەکی دژی شاڵاوەکانی شیوعییەت نووسی، بەناوی (ئاوەڕەشەی ڕووسی سوور) (!)،[١] تیایدا زۆر بە توندی هەوڵە پاوانخوازییەکانی سۆڤیەت پرۆتستۆو مەحکوم دەکاو ڕەخنە لە سیاسەتی شیوعییەکان دەگرێت.

لێرەدا لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی ئەو نامیلکەیە بایەخێکی مێژوویی گرنگیی هەیەو خزمەت بە ئامانجەکانی ئەم کتێبەی بەردەستی خوێنەر دەکات‌و پێش لە ٧٥ ساڵ نووسراوەو لە دەیان نەوەی ئەم نەتەوەیە شارراوەتەوە، گرنگترین خاڵەکانی بڵاو دەکەمەوە، بەو هیوایەی بتوانم لە نزیکترین هەلدا بە ڕێنووسێکی نوێ، لەگەڵ ڕاستکردنەوەیدا، بە جیا چاپی بکەمەوە.

پیرەمێرد لە سەرەتاوە لەژێر سەردێڕی (غەرەزی سیاسەتی ڕووس لە شەڕدا) دەڵێت: "ڕووس ئەیەوێت بە هەموو ئۆلکەی دونیادا فیتنەو خراپیی بڵاو بکاتەوە، لە عالەمدا هیچ نەهێڵێ..."

"حزبی شیوعی، ئیعلانی دوژمنایەتیی لەگەڵ عالەمدا کردووە. ئەم هەموو ئوممەتانە بە سەرمایەی بەردەستی خۆی ئەناسێنێ، پێیان ئەڵێ: ئوممەی

---

[١] پیرەمێرد لە١٩٤٠ ئەو نامیلکەیەی لە چاپخانەی ژیان لە سلێمانی، چاپکردووە، بەڵام شیوعییەکان پێچاویانەتەوەو نەیانهێشتووە بڵاو ببێتەوە، لەو کاتەوە نامیلکەکە توندی زیندانی هەندێك ئەرشیف کراوەو چاپ نەکراوەتەوە (!)، بەندە پاش هەوڵێکی زۆر، بە سوپاسەوە وێنەیەکی ئەسڵی نامیلکەکەم لە (بنکەی ژین) دەسکەوت. ئەوەی سەرەوە چەند پەرەگرافێکی نامیلکەی ناوبراوە. نمونەی لە بەشی بەڵگەنامەکانی ئەم کتێبەدا ببینە.

سەرمایە، هیچ نایەوێ موناسەبەتی لەگەڵ ئوممەتی تردا ببێ. زۆر لاقەیدو بە دەعیەو فیزە، حەتتا سوفەراو وزەراشیان وان."

"غایەو مەرامی ئەم حزبە، نە زانراوە، نە ئەزانرێ، چونکو ئەمە غایەییێکە (کارل مارکس) لە حەیاتی خۆیدا مژدەی داونێ کە (دیکتاتۆری)ێك پەیدا ئەبێ‌و شیوعی دێتە ناو، تا دونیا ئەبڕێتەوە، دەوام ئەکا (!).."

"جا، لەسەر ئەو مژدەیەی (کاهەنی) مارکسییە، لەو وەقتەوە مارکیزیۆنەکان خەریکن‌و هەوڵ‌و تەقەلا ئەدەن کە شیرازەی نیزامی عالەم وەرگێڕن‌و گڕی ئاگری ئاشووب بخەنە جیهانەوە، تا ئەو دیکتاتۆرییەی پێی ئەڵێن: صەعلیکی، دەسکەوێ‌و شیوعی بکەوێتە دونیاوە..."

"چار نیە بۆ ڕووسیە، غەیری بڵاوکردنەوەی فیتنەو ئاشووب بەناو تەبەقاتی جەمیعی ئوممەتداو پیاوی جەربەزەی دەم هەراس هەڵساندنە پێی‌و لێرەو لەوێ نەشری دەعوەتی مارکسی، جارێ بە ریسالەو کیتاب‌و جارێکی تر بە ئاین‌و ئۆین‌و گەردش‌و ئاشووب..."

ڕووس "ئەیەوێ ئەم عالەمە بەگژ یەکدا بچن، قڕیان تێ کەوێ، تەنها ئیشی خۆی بێتە بەرهەم... بەو ڕەنگە، چاویان لەوەیە دەوڵەتە بچکۆلەکان نەمێنن، هەمیشە خەریکی سەورەو ئینقلاب بن‌و بفەوتێن‌و ڕەواجی قیامی صەعالیکی پەیدا بێ. ئەوە تێنەگەیشتن‌و جەهلە کە بڵێین: شیوعی ئەیانەوێ دەوڵەتە گەورەکان پایەدار بمێننەوە، چونکو دەوڵەتەکان نایێڵن شیوعی پەرەبسێنێ... ئەمە کلیلی قاپی خەیاڵخانەی سیاسەتی شیوعییە."[١]

---

[١] ئەو چەند پەرەگرافە، دەقی هەندێك لە نامیلکەی (ئاوەڕەشەی ڕووسی سوور)ی پیرەمێردە، کە ساڵی١٩٤٠ لە چاپخانەی (ژیان)، لە سلێمانی، چاپ کراوە، لاپەڕەکانی: ١، ٤ ،٥ ، ٦، ١٠.. ئەسڵی دارشتنەکەی پیرەمێرد، یان چاپەکە، هەندێك هەڵەی تێدایە، وەك خۆی بێ دەسکاریی نووسیومەتەوە.

# پاشکۆی

# وێنەو بەڵگەنامەکان

ئەم پاشکۆیە لە( **شەش چەپک**)دا، **(١٠٣)** وێنەوبەڵگەنامە،دەگرێتەخۆ:

**چەپکی یەکەم: چەند** مزگەوتێك كە مێژوویيترین چالاكييان لە خەباتی هاوچەرخی کورددا تێدا بینراوە.................................←

**چەپکی دووەم:** چەند نمونەیەکی چالاكییە ڕۆژنامەگەرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست........................←

**چەپکی سێیەم:** چەند وێنەیەکی تایبەت بەباشووری کوردستانو سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحمودی حەفید..................................←

**چەپکی چوارەم:** چەند وێنەیەکی تایبەت بە چالاكیيەکانی ئەستەمبوڵو باکورو ڕۆژاوای کوردستان.........................................←

**چەپکی پێنجەم:** چەند وێنەیەکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەردەمی (ژ.ك)و کۆماری کوردستان................................←

# چەپكی یەكەم

## چەند مزگەوتێك كە مێژوویيترین چالاكییان

## لە خەباتی هاوچەرخی كورددا، تێدا بینراوە



(١) مزگەوتی ئەیاصۆفیا، لە ئەستەمبولّ، ساڵی ١٩٠٨ز، یەکەم ڕێکخراوی کوردیی بەناوی کۆمەڵەی هاریکاریی‌و پێشکەوتنی کورد، (کرد تعاون‌و ترقی جمعیتی)، تێدا دامەزرا





(٢) و (٣): دوو دیمەنی مزگەوتی گەورەی ئامەد (دیاربەکر)، کە (یانەی کوردان)ی تێدا ڕاگەیەنرا، ١٩٠٩ز، (فۆتۆی برای بەڕێزم ئەندازیار صدیق عزیز)



(٤): مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ناسراو بە مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ، کە لە ١٩٢٢دا مەملەکەتی کوردستانی شێخ مەحمودی تێدا ڕاگەیەنرا




**(٥): مزگەوتی گەورەی (سوور)ی مەهاباد، سەردەمی بوداق سوڵتان، یەکەم مەڵبەندی تاوتوێی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ١٩٤٥ز.**

# چەپکی دووەم

## چەند نمونەیەکی چالاکییە

## ڕۆژنامەگەرییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو

## نیوەی یەکەمی سەدەی بیست



دُوپَرا ١ — سالا عوّلي — عدد ١

# کردستان

١٣١٥

عنوان

مصرده «کردستان» غزته‌سي

صاحب ومحرري بدرخان

پاشا زاده

مقداد مدحت

هر بتنده ... ٢٠٠٠ نسخه کردستان

ولايت‌نه ارسال ووسائط اريله

قرا وقصباته نشر وتعميم اولنه جقدر

کردستان خارجنه هر بر

ابونه سنه‌لك ابونه بدلي

٨٠ غروشدر

کردستان داخلنه خصوصي

استهارمه مجاناً کوندريلور

حجبي کاغذك ڤي ريکه

دڤي ريکت مصري مرز

ناف خويي ڤي جريده‌يي

لاو بدرخان پاشا

مقداد مدحت بکي

هر جار دُوهزار جريده‌يا

بي پَرَه آزيـے ريکم

کردستاني ده بدِن خلکي

پاژده روژا جارکي تيت

تڤيساندن

کردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه آشويق ايچون نشر ايدلمكده‌در

اون بش گونده بر نشر اولنور کردجه غزته‌در

روژا پنجشي‌ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه في ٩ نيسان سنه ١٣١٤

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شکر وحمد ژ خُدی تعالی‌ره اَم مسلمان خلق کرِن. وظائينا علم ومعرفتيره هش وزکا دامه. دڕ حقا عَلِمانِدنا علم ومعرفتيره گَلك آيتين جليله واحاديث شريفه هَنِنْ دنياييده چقاس مسلمان هَبِن گوند وباژيرِين حمباده مکتب ومدرسه وجريده هَنِن دنياييده چه دِبه چه نابه جريده دِڤيسِن. حيفامن تيت ژ کرداره کُرد ژ گَلِك قَوما زيده‌تر خويي هش وزکانه جاميرن دينين خووده راست وقَوينه خُورتن وديسا وگه قومين دي نه خوَندانه نه‌دَولندن دنياييده چه دِبه جيران وان موسقوف چاوه‌يه وی چه بکه نظانِن لوما ريا خُديده من آف جريده ياها تميسي پاذنا خُدی تعالی پاش نهو هر پاژده روژاده جارکي آزي جريده‌کي بنڤيسم. ناف ڤي من کريه ( کردستان ) ڤی جريده‌يده آزی بحثا قنجيا علم ومعرفتا بکم

لکوده‌رِي مروف دِعَلمه لکودري مدرسه ومکتبن قنج هنه آزي نيشا کردا بکم لکودري چه شر دبه دولتين مظن چه دکن چاوه شر دکن تجارت چاوه دِبه ازي حما حکات بکم حتی نهو کسي جريده‌کي هولي نڤيسي‌يه آف جريده‌يا مناها يا عوّلي‌يه لوما وي گلك کيايي هبتِن. ازهيڤي دکم کيايا جريده‌يي ژمنره بڤيسن حمي پِتشت وکي نو چه دبن رکين باشي رهنکي دچه دکوَه ريده آقه ايدي آزي دست مقصدی بکم. ( ومن الله التوفيق )

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتي‌يه « العلماء ورثة الانبياء » آنکو علما وارثين انبيانه ژ طرفِ خُديده مامورن وعظ ونصيحتی بدن خلکی ريا قنج نيشا وان بکن لوما گلي علمايين کردا چاوه اون وعظ ونصيحتا بيژی ددن ولی دڤي اون مير وآغا وکرمانجين دناسن وان تشويقا ظائينا علم ومعرفتی بکن ريا قنج نيشا وان بکن هکي اون وي نکن گنهی حما سطوی‌وميه

(٦): وێنەی ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی

میقداد مەدحەت بەدرخان، قاهیرە، ١٨٩٨ز.



اميد

UMMID

صاحب ومحرري : بدرخان پاشا زاده محمد صالح

آدرەسي

مصر : أميد غزتەسي صاحبي م. صالح بك بدرخان

Adresse (UMMID)
M. Saleh Bey Baderkhan

ابونە بدلي

داخل ايچون اوتوز غروش

خارج ايچون اون فرانق

أميد غزتەسي منافع ملك وملتە خادم مربحە مقالاتي دە قبول ايدر

( اون بش كوندە بركرە نشر أولنور )

بازار : ٦ جماد اول ١٣١٨ — التين ماني اسمانە خادم سياسي غزتەدر — ٦ سبتمبر ١٩٠٠ شرقي

زويلەيە يادكار

( ياخود )

« اوتانميان كيمدر ؟ »

برايكي آيدنبري هوكون بر غزتەدە زويلەيە يادكاري اولەرق فلان والي شوقي يابدي ; فلان متصرف ... برفي ... عبد الحميد دە ... بردار القنون تأسيس ايتدي : شوارلدسي ، بوارلدي ؛ ... كوريرز كە بر اعلان ؛ نە ايمش ؟ عبد الحميدك بكرمي اشنجي سنە دوري ... مي شرفنە بر شهر آيين ترتيب اولنيور ؛ قرآلراوقونەجق ; اندن صكرە دە ... شرابلر ... ايچيلەجك ; ... دانسلر ايديلەجك ; والحاصل اسلاميت شرفنە ; انسانيت نامنە ... رزالتلر ...

مادامكە بزدە دە عثمانليلق شرفي واردر واوشرفە حائز يتلە مفتخرز ; عثمانلي پادشاهنك زويلەمي شرفنە بر يادكار براقمق بزمدە وظيفەمز ...

برا... جراغاندە مستحكماً حبس ايتدي ; بونكلە دە اكتفا ايتميەرك شدتي شيئاً فشيئاً تزييد وتشديد ايتمكلە اوشهيد ذي حياتك محبوسيتني اوداسندن جبرەمە حق بر درجەيە كتيردي . ايلك خطوە دە كندوسني مخلوقاتك الك غداري او لاقلە عالم انسانيتە تقديم ايتدي ; بز بوني كوروب يلە يكن حالدە كوز يومدق ؛ ظالمە معين اولدق ؛ مظلومي قورتارمق ديناً ... انسانية وظيفەمز ... مجبورە بزكن اجراي وظيفەدە تهامل ايتدك « الظلمة واعوانهم في النار » حديث شريفنە نظراً كندمزي عذاب اليمە ... ايتدك !

مقام معلاي سلطنتە قطعياً استحقاقي اولمديغي حالدە مجرد ; ارتكاب خدع ودسائس سايەسندە الدە ايدن بر پادشاهك اومركزە وصول امنيەسيلە بزە قارشي قانون اساسي‌يي وضع ايتمك ; مجلس مشورتي تأسيس ايتمك مطبوعاتە حريت ... ويرمك — ودها بشقە ... ملتە ... وطنە — خادم اولەجق اجرا آتدە بولنمق كبي مواعيددە بولنديغي حالدە هيچ بريني اجرا ايتميان بويلە بر پادشاهە قارشي حقوقمزي طلب ومحافظە يە دينا ... ناموساً مجبور ومكلف اولديغمز حالدە سكوتمزلە عجزمزي ...

(٧): نمونەی ڕۆژنامەی (ئومێد)ی صالح بەدرخان، قاهیرە، ١٩٠٠ز.



کرد

تعاون وترقی غزته‌سی

١٣٢٤

جمیتك واسطهٔ نشر افكاریدر

تاریخ تأسیسی ١٣٢٦ – ١١٢٤

نومرو ٨ ❧ شمدیلك هفته‌ده بردفعه نشر اولنور دینی، علمی، سیاسی، ادبی، اجتماعی غزته‌در ❧ جلد ١

مجلس مبعوثان اوكنده ذات شاهانه‌یی انتظار

(٨): نمونەیەکی ڕۆژنامەی (کورد)، ئەستەمبوڵ، (١٩٠٨ز)

زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاون‌و تەرەققی کورد)



نمره
کردجه

بدیع الزمان ملا سعید کردینك نصایحی

ای کلی کردان اتفاقیده قوت . اتحادی ده حیات ، دی براتیه بیده سعادت . حکومتی ده سلامت هه یه . کابیکا اتحادی و شریطا محبتی قوی بکرین داوه ژ بلایی خلاص که . فنیج کوهی خوا بده نی ؛ ازی تشتکی ژورا بیژم : هون بزانین کو سه ، سه جوهرا مه هه نه حفظا خوا ژ مه دوخوازین ؛ یك اسلامیت ، کوهزار هزار خون شهیدانه بهای وی دانه . ئه‌دوددوا انسانیت ، کو لازمه ام خوا نظرا خالق ده بخدمتا عقلی ، جوامیرانی وانسانیتی اوخوا نشان دونی بدین .

ئه‌سیسیان ملیتا مه یه . کو ، مزیتی دامه ئه‌بری کو بقنجی اوخوا ساغین ؛ ام به کاری خوا بحفظا ملیتا اوخوا روحه وان قبرا وانده شادبکین بشنی وی سه دوز منی مه هه نه ؛ . ئه خراب دیکین یك فقیر تی به ، چهل هزار حمال استانبونی دایلی وی یه ئه‌دوددان ؛ جهالت و بی خواندنی ؛ کو هزار ژ مه دایك «قازه‌ته» نیکارین بخوانین . لیلاوی یه ئه‌سیسیان ؛ دوژمنی واختلاله کو اف عداوت قوتامه ووندادیکه ، مه ژی مستحق تربیه دیکه وحکومتژی ؛ ژبی انصافیا خوا ظلم له دیکیر . کو وه اوسه کیر بزانین چارامه اوه ؛ کو ام سه شورالماس بدستا اوخوا بکرین ؛ تا کو ، ام هر سه جوهرا خوا ژ دست اوخوا نکین ! . هرسه دوژمنی خوا ، سر خوارا کین وشور عدل معارف وخواندنه ئه‌دوددویان اتفاق ومحبتا ملی یه ، ئه‌سیسیان ؛ انسانی بنفسا خوا شغلا خوا ، بیکه ومیناسیفیلان ژقدرتا خالق هیوی نکه وپشتا خوا ، نده تی وصیتا پاشی خواندن ، خواندن ، خواندن و دست هف کیرتین ، دست هف کیرتین ، دست هف کیرتین .

منلا سعید

(٩): دەقی وتارێکی کوردیی مامۆستا نورسی، لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (کورد)، زمانحاڵی کۆمەڵەی (تەعاون و تەرەققی کورد) تشرینی دووەی ١٩٠٨، ئەستەمبوڵ



صاحب امتیاز
و مدیر مسئول :
عبدالکریم
عدد : ٣

روژ کرد

تاریخ تأسیسی
غرۂ رجب
١٣٣١
ژمار : ٣

١١ رمضان سنه ١٣٣١ شیمدیلك آیده بر نشر اولونور ١ اغستوس سنه ٣٢٩

(١٠): نمونەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، ١٩١٣ز، ئەستەمبوڵ

وێنەی حوسەین کەنعان پاشای بەدرخان



هتاوکرد



صاحب امتیاز
ومدیر مسؤل :
بابانه عبدالعزیز
آثار نەنوسری نادربنوه
عدد : ٢

هتاوکرد

تاریخ تأسیسی :
غرهٔ ذی القعده
١٣٣١
درج اولنمیان آثار اعاده اولنمز
زمار : ٢

٤ محرم الحرام سنه ١٣٣٢ شیمدیلك آیده بر نشر اولونور ٢١ تشرین ثانی سنه ١٣٢٩



(١١): دوو وێنەی گۆڤاری (هەتاوی کورد)، ساڵی ١٩١٣، ئەستەمبوڵ



# کردستان

هژمار ۱
جیهی نیشاندنی
مصر القاهره علبك پوسته بی ۸۰

جریده کی ۱ قریه
سالیانی ۱۵۰ شش مهیانی
۸۰ قریه

نمره ۱
محل اداره سی
مصر القاهره پوسته قوطوسی ۸۰

نسخه سی ۱ غروشدر
سنه لك آبونه سی ۱۵۰ آلتی آیلقی
۸۰ غروشدر

۱۵ ذی القعده ۱۳۳۵

آلی یا کرمانجی

عدم مرکزیت و مختاریت اداره سی

(۱۲): ژماره یەکی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی قاهیره، ۱۹۱۸ز



سر محرری :
اروانی زاده: محمد شفیق
صاحب امتیاز :
محمد مهری

# کردستان

مسلکمزه موافق مدلولی مع الممنونیه درج ایدرز .
درج اولونمایان آثار اعاده ایدلمز

سیاسیاتدن ماعدا هر موضوعدن باحث وهر لسان ایله هفته ده بر دفعه نشر اولونور مجموعه در

برنجی سنه ۲۸ ربیع الآخر ۱۳۳۷ پنجشنبه ۳۰ کانون ثانی ۱۳۳۵ عدد ۱

## ملاحظه

ایکلی برادرمه‌یی عزیز لازمه ام چاق خو
فکین تماشا سیانی ابنای جنسی خو بکین کانی
گهشته چه درجه ومرتبی اگر علم اگر صنعت
اگر تجارت اگر اخلاق اگر اداره اگر
قوتا اگر شرف و حیثیت یی هر ملتک قدری
خوه زانین اخلاق حمیده خدان باربوبه زغیر
ملت اسلامی دق زمانیدا مع ام دژمان اولدا
...

(۱۳): نمونەی ڕۆژنامەی کوردستان، ١٩١٩، ئەستەمبوڵ،

کە محەممەد میهریی هەورامانی، خاوەن ئیمتیازی بووە



بەنێوی خودای چرزیی هاو

کوردستان

کوردستان لەلایەن

هەیئەتی تحریریەوە

دەردەچی

آبونەمان

یەکسال ٣٠٠ ریال

شەش‌مانگە ١٦٠ ریال

دانەی ٢ ریال

بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ١٠ — سالی یەکەم — دوشەمو ١٥ رێبەندان ١٣٢٤ — ٤ فیوریە ١٩٤٦

جێژنی سەربەخویی واستقلالی کوردستان

یا

درەوشینی استیرەی خوشبەختی کوردان

(١٤) ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی ڕەسمیی کۆماری کوردستان،

مەهاباد، ١٩٤٦ ز



برنجی سنه — ۷ تشرین ثانی ۱۳۳٤ — عدد ۱

ژین

هفته‌لق غزته‌در

سنه‌لکی ۲۲۰ غروشدر.
آلتی آیلغی ۱۳۰ غروشدر

سالك ۲۲۰ قروش.ه
نیف سال ۱۳۰ «

مسلکمزه موافق مقالات
مع‌الممنونیه درج اولنور.

درج اولونمیان مقاله‌لر
اعاده ایدلمز

دین، ادبیات، اجتماعیات واقتصادیاتدن بحث ایدر تورکجه-کوردجه مجموعه‌در

(١٥): نمونەی گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبول، ١٩١٨ز



ژین

## لە پەندەکانی پیرەمێرد

چەند خۆشە کچی جوان خوێندەوار بێ

## کونگرەی متصرفی لیواکان

## ...جارێکی تر لەگەڵ ئیستگای کوردی رادیوی (بەغدا)دا

(١٦) نمونەیەك لە ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێرد، سلێمانی، ١٩٢٩ز


بانك كردستان
صحيفه ١

صاحب امتياز و مدير مسئول
و سر محرر
مصطفى پاشا

محرر كردى و فارسى
على كمال و م. ع. نورى

# بانگ کردستان

اعلانات بدیریك
٣ آنه ده سينرت

بوداخل شهر ولوا بدل آبونه
٣ مانك دو ٦ مانك چوار
ساليكى ٨ روپيه يه

بو همو شتيك مراجعت
به صاحب امتياز اكرى

بوخارج اجرت پوسطه
علاوه دەكرى

(زمان گورزو رم رابوردو ایستا پالوان علمه)
(سلاح دسته صنعت بارقهٔ تيغ وسنان علمه)

تاريخ انتشار
٢ آغستوس ١٩٢٢
سليمانى

علمى ، اجتماعى ، ادبى ، غزتەيكى حر و سربست ملى يه
هفتهٔ جاريك دردچى

نسخەيكى به ٢ آنه دەفروشرى

(١٧) ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی سەردەمی شێخ مەحمود، ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی دەرچووە، بە کوردی و فارسیو تورکی، بابەتی بڵاو کردۆتەوە


عدد : ٢ — ژمار : ٢

صاحب ومدیر مسئول
بابان: جمال الدین
آدرس:
تسهیل امور اداره‌سی

بانگ کرد
١٣٣٢

بدل اشتراک
سنه‌لکی قرق بش آنی
آیلقی یکری بش
غروشدر
سالی چل وپنج شش مانگی
بیست وپنج قروشه

مسلکمزه متناسب مقالات نافعه‌یه ستونلر آچیقدر

ادبیات اکراده بر نظر

ادبیات انسانه حیات بشریتدر، حالات حزن وفرحده، اوقات یأس وامیده حیات طبیعیه‌یی اوقشایه‌رق نار لطیف روحدن قوپار، شهاره موضوع اسرار فطرتی بی اختیار انشا ایدر.

ادبیات ماضینک طبقات مظلمهٔ ادواری آلتنده مدید برسکوته مستغرق اولان اقاقش بشریه‌یی تشخیص والطاق ایدن بر صحنهٔ غرای خلق وعادت؛ بر مشهور ترجمان وطنیه‌تدر.

ادبیات؛ برقومک؛ برملتک شخصیت معنویه‌سنک مثل؛ حسیات فکریه واجتماعیه وسیاسیه‌لرینک ترجمانیدر.

اوت؛ انسال بشرک شاعرانه تکاملده فکری؛ تجربه‌یی؛ تصادفی رهبر ایدرک آندقلری سعی واقدام خطوه‌لریله قطع ایتدکلری مسافهٔ حیاتک کیفیت وکمیتی‌نو اوغورده اختیار ایتمش اولدقلری فدا کارلقلرک صفحاتیله واره‌بیلدکلری منزل سعادتک منظرهٔ عمومیه‌سنی ترسیم وتجسیم درجهٔ احتشام وعظمتلرینی بتون معانی دقیقه‌سیله برابر بدیع براسلوب بیانده شمولیسی فصیح وبلیغ بر ادای سکوت وسکوتنه ارباب عبرت واتصاره تفهیم ایدر اک نفیس؛ اک متین آینه ادبیاتدن باشقه اوله بیلور؟

(١٨) گۆڤاری (بانگی کورد)، ساڵی ١٩١٤ز بە زمانی کوردیو تورکی



محررت مدیر محمد ترجانی
مقالاتیك منفعت کردان
تیدابی ورد کبری
جاری لەهر هفتەدا یکیك چاپ
دکری دوشنبه
٢٨ مانك ذیقعده ١٣٤٠

سالیك ٥٠ ر ٦٠ قران
ششمانك ٢٧ ، ٣٥
قیمت یك نسخه ده شاهی
قیمت اعلانات هر دیری دو قران

کرد

روزنامیکه سیاسی ادبی اخباری سرمقالی ترجمه دکری بفارسی دینوسی کردیك بوهو کردن

چارساله وقوعاتیت لوان سرحدان و اقع دبن عجم
بواسطا غزتیت خوه بناوی شقاوتی اعلان دکن
مروفیت دور ژی چکوژ حقیقتا شولی بی خبرن بوی
طرزی دزانن حال اوه حقیقتا شولی نەوه یه مەهیوی
هیەجریدا کردان ایرو پاشوه راستیادشتیت رها
بنویست داخلق حقیقتی بزانت :
(دوی بابدا چند خبران ازدی بیژم)
ایا ... کس معلومه کو دوی حربا عمومیدا ایرانی
بی طرفیا خوه اعلان کری بوحال اوه ملتی چود ولتیت
محارب هندی کردیت کفتی دسرحدا ایرانیدا
متضرر نبویەا وەلمیدانی یەهر کسی باور نکت
بلازیت ببینت نەنفوس، نەمال بو کردیت فقیر نمایه
آیا اوه ژچه بو ؟ اگر دولتا ایرانی - کوحتانها خوه
متبوعی وی ملتی کرد فقیر کفتی دوی محیطی دزانی
- محارب بولو راملتی تابعی وی متضرر بو . کانی
اعلان حرب دکل کی دولتی کری یەبلان بده زانین

از آقای مدیر محترم جریدهٔ شریفهٔ (کرد) خواهشمندم
بنام کردیت این چند سطر بنده را دریکی از ستونهای
جریده برای اطلاع عمومی درج فرمایید
وقایع چهارسالهٔ کرستان را ایرانیان درجرائد خود
بنام شقاوت اکراد اعلان کرده وقارئین محترم جرائد
نیز چون از حقیقت کار بی خبرند به اظهارات جرائد
باور کرده وچنین تصور مینمایند درصورتیکه تمامی
اظهارات جرائد ایران محض کذب بوده ونام شرافت
قیام کردستان بنام منحوسه شقاوت لکه دار سکنند
لهذا فریضهٔ کردی خود میدانم حقیقت مسئله را
بطور واضح برای اطلاع عمومی بوسیلهٔ جریدهٔ
شریفه عرض وبسمع قارئین محترم برسانم اولا دولت
ایران دربن جنك بین المللی بی طرفی خودرا اعلان
کرده بود بدبختانه هیچ کدام مانند دول محارب
مثل کردستان سرحد ایران محو نشده دوچار صدمات
فوق الطاقه نکردیده علت این مسئله هما نا بی اقتداری

**(١٩) نمونەیەك لە ڕۆژنامەی (کورد) زمانحاڵی شۆڕشی سمکۆی شکاك لە ورمێ، ١٩٢٢ز، کە مەلا محەممەدی قزڵجەیی، تورجانیی، سەرنوسەری بووە**



شورای امت

CHOURA-I-UMMETT

Organe officiel du Comité Ottoman

UNION ET PROGRÈS

وامرهم شوری

(٢٠) رۆژنامەی (شورای ئوممەت)، ئەستەمبوڵ، (١٩٠٨ ز)

وتارێکی (سەعید نورسی) تێدا دەبینرێت



**(٢١) نمونەیەك لە گۆڤاری (شەرقی كوردستان)، ئەستەمبوڵ، (١٩٠٨ز) بابەتێكی (نورسی) تێدایە بە ناونیشانی (كوردەكان موحتاجن)**



سبيل الرشاد

عدد : ٤٦١ — ١٢ جمادى الآخر ١٣٣٨ — ٤ مارت ١٣٣٦

كوردلر واسلاميت

(٢٢) نمونەیەك لە ڕۆژنامەی (سبیل الرشاد)، ئەستەمبوڵ، (١٩١٢ز) وتارێكی (نورسی) تێدایە، بە ناونیشانی (كوردەكانو ئیسلامییەت)



دردنجی سنه  نومرو ۱۷۲

صاحب ومدیری :
مولانزاده رفعت

سربستی ۱۳۲۶

SERBESTI Constantinople

نسخه‌سی ۱۰ پاره

( مشروطیت اداره‌یه وبلاتفریق جنس ومذهب عثمانلیلرك حقوقنه خادم حر ونی‌طرف یومی غزته‌در )

حق ـ وظیفه

تلغرافلر



(٢٣) نمونەیەك لە ڕۆژنامەی

(سەربەستی)، ئەستەمبوڵ، (١٩٠٨ز ) وتارێکی(بدیع الزمان سەعید کوردی)

(نورسی) تێدایە کە ئامۆژگاریی ئاراستەی سەربازانی عوسمانیی دەکات



صاحب ومدير مسئول
قبريسلى درويش وحدتى
امور تحريريه ايچون مدير مسئوله
مراجعت اولونور

آدرهسى :
يره‌باتانده ساقى بك مطبعه‌سى

وولقان

١٣٢٤

ابونه شرائطى
ممالك عثمانيه ايله بلغارستان بوسنه
هرسك مصر، قبريس
وكريد ايچون
سنه‌لك ١٢٠ آلتى آيلغى ٧٠
غروشدر
استانبول ايچون سنه‌لك ١٠٨
غروش

اتحاد محمدى جمعيتك مروج افكاريدر

نومرو ٧٠ صحيفه ٣

حقيقت

ز قالو بلادن جمعيت محمديه‌ده داخلز.
الوحدت اتحادمز، توحيددر. پيمان
ره ايماندر. مادامكه موحدز متحدز.
لا احمد جزيرى كردى، كردجه اولهرق
ش كه

سر وحدت زازل كرى به حتى بابد

بر مؤمن اعلاى كلمة الله ايله مكلفدر. بو
، اك بيوك سببى، مادة ترقى ايتمكدر.
جنبيلر فنون وصنايع سلاحيله بزى
داد معنويلرى آلتنده ازييورلر. بزده
صنعت سلاحيله اعلاى كلمة اللهك اك
دشمنى اولان جهل وفقر واختلاف
جهاد ايده‌جكز. اما: جهاد خارجيى،
غرانك براهين قاطعه‌سنك الماس،
ينه حواله ايده‌جكز. زيرا مدنيلره غلبه
اقناع ايله‌در. سوز اكلامايان وحشيلر كبى
ايله دكلدر. بز محبت فدائيلرى‌يز. خصومته
يوقدر. مشروطيتكه عدالت ومشورت
. انحصار قوتدن عبارتدر، اون اوچ

عصر اول شريعت غرا تأسيس ايتديكندن
احكامده اوروپايه ديلنجيلك ايتمك دين اسلامه
بيوك بر جنايتدر. وشاله متوجها تمازى قيامق
كيدر. قوت قانونده اولملى يوقسه استبداد توزيع
اولنمش اولور (ان الله هو القوى المتين) حاكم
و آمر، وجدانى اولملى. اوده معرفت تام ومدنيت
عام وياخود دين اسلام ناميله اولملى. يوقسه
استبداد دائما حكم فرما اوله‌جقدر. اتفاق هدادهدر
هواده دكل.

انسانلر حر اولديلر. اما: ينه عبادالله‌درلر.
هر شى حر اولدى. شريعتده حردر. مشروطيتده، مسائل شريعته رشوت ويرميه‌جكز.
ايشته‌سنك قصورى، انسانك قصورينه سند
عذر اوله‌ماز. يأس، مانع هر كمالدر. حواله
ايتمك منبع هر ذلتدر. نه لازم! بشقه‌سى
دوشونسون! استبدادك يادكاريدر. بو جمله‌لرك
ماپيننى ربط ايده‌جك اولان مقدماتى ترجمه
بيلمديكم ايچون مطالعه‌نك فكرلرينه حواله
ايده‌يورم.

بديع الزمان سعيد كردى

(٢٤) گۆڤاری (وولقان)، زمانحاڵی کۆمەڵەی (ئیتتیحادی محەممەدی)، کە سەعید نورسیو پیرەمێرد تێیدا بەشداربوون، ١٩٠٩، ئەستەمبوڵ، لەژێر ناونیشانەکەدا نوسراوە:(ڕەواجدەری ئەفکاری اتحادی محمدی)، (وتارێکی (نورسی) تێدایە، لەژێر ناونیشانی (حەقیقەت)دا




(٢٥): نمونەیەك لە گۆڤاری (هاوار)ی میر جەلادەت بەدرخان،

سوریە، ١٩٣٤– ١٩٤٣ز

سال ۱

ڕشەمب

# هاوار

هژمار ٦

۹ نباع ۱۹۳۲

کوڤارا کردی

هاوار! ... کوانێ، ئاوێك لە مە جوانتر بۆ ڕۆژنامەیەکی ئێمڕۆی

# هاوار

کورد ڕێك نەکەوی؟

هاوار: لە چاوی هەموو کوردێکدە خوێندرێتەوە؛ هەتاکو دارو بەردی وولاتەکەشمان دە قیێژێنی. هاوار! ... هاوار! ...

هاوار: دوکەلێکی ڕەشی ئاهوناڵەی لی قەومواوانی کورد لەدەرووی ساڵی بەوە دێتە دەرەوە ...

هاوار: ئاوازێکی توندو کاریگەرلە کومەلە گوری مردووانی ئەیوبی وبەدرخانی بەوە دێتە دەری ...

هاوار: ناڵەیەکە لە شوێنێك دێتە دەرەوە، ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوایە، شوێنی دواڕۆژی عالەم، بەلام جێ شێتی نیشتای کورد ...

هاوار: نامەیێکە بە دەستێکی زانا لە زەوی بە کی بە پیتا نیزراوە؛ بەلام بۆ ئەمەی بەرو بوومی پەیدا ببێ چاودێری بکری تاگەورە دەبێ ...

چونکی ئەم کوڤارە هەرپێنەی (قسەیەی) بە دەستی بە کێکی زاناو تێ گەیشتو نووسراوەتەوە؛ هەر قسەیەی لە دڵێك هاتوتە دەرەوە، بە ناسکی وەك پەڕەی گوڵ، بە قاپی (بو پاراستنی خوشەویستی کورد) وەك سنوقی پولاوە هاتە، هەر بیرەی لە مێشکی بە کێك هاتوتە دەرەوە، کورد و کوردستان وەك هەیکەلێکی گەورە وبڵندهەمیشە لە پێش چاویایە، لە خەودا بەووە خەریکە لەبیدار پێشدا هەر بەوەوە خەریکە ....

ئەوە هاوار! ... نەزانم لە کوێ وە دێ بۆ لە فورگی کی دی بە دەرەوە! ... ئەگەر لە شێیش لە شوێنی خوی نە توانی بجوولی، بە خوا گیانی هەموو کورد بەووە ریك: لە سەروخواری کوردستانەوە فڕیەلات، ئەوە دەنگە بێهێزەت بە هێزدە کا ... دەبێ ئەو دەنگەراستەت بە گوێی ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوادا بچێ! ... دڵی مردوود زیندوو دوی ڕاست بە دەستی بێ ڕاچەنی! ... ئێتی زانی چەندسە دساڵەی کوردی بە سەزمانیان تی گەیێنی.

شاکرفتاح

(٢٦) نمونەیەکی تر لە گۆڤاری (هاوار)ی میر جەلادەت بەدرخان، سوریە، ١٩٣٤– ١٩٤٣ز. سەروتارەکەی مامۆستا شاکر فەتاح نووسیویەتی

SAL 1-4
HEJMAR 1-28
1 NİSAN 1942
ADAR 1945

# RONAHÎ

ANNEE 1-4
NUMÉRO 1-28
1 AVRİL 1942
MARS 1945

SUPPLÉMENT ILLUSTRÉ DE LA REVUE KURDE HAWAR



Mîr CELADET BEDİRXAN
Xwedî û Berpirsiyarê Kovarê

ŞAM - 1942-1945
ÇAPXANA SEBATÊ
ÇAPXANA TEREQIYÊ

BERHEVOK : ÇAPXANA JİNA NÛ

(٢٧): نمونەیەك لە گۆڤاری (ڕووناهی)ی میر جەلادەت بەدرخان،

لە ساڵی شەشەمیدا، سوریە، ١٩٤٢ز



SAL 1
HEJMAR 1
ÇARŞEMB
1 NÎSAN 1942

# RONAHÎ

ANNÉE 1
NUMÉRO 1
MERCREDI
1 AVRIL 1942

SUPPLÉMENT ILLUSTRÉ DE LA REVUE KURDE HAWAR

## ELÎSABÊT

### XUDANTACA INGILÎSTANÊ

Qraliçe Elîsabêt li rex mêrê xwe ê xudantac û digel miletê xwe ê dilqewîn ji bo zefer û serdestiya welat û kişwerê xwe bi her awayî û li her derê dixebite. Elîsabêt herê civatên arîkariyê ji bo şerevaniyên ingilîzî hene tê de ye û bi lebatên wan civatan re bi kar û wezîfa xwe a millî mina yeke ji xelkê radibe. Dikeve destegahên ko tê de gore û kirasên hirî cêdikin; radihêje singikan, hiriyê dirêse û ev dayika dilovan ji kurên xwe ên esker re goran çêdike.

Di resmê jorîn de xudantaca Ingilîstanê, li Londrê, li ber deriyê xestexaneke frensizên aza tête ditin. Elîsabêt ev xestexane digel serkanê Frenso aza û fermandarê hinerwer, general De Gol ziyaret kiriye. Qraliçe piştî ziyaretê, li ber derî sekiniye û bi general De Gol re dipeyive.

## BALAFIRVAN

Di şerê Libyayê de piştî ko eleman di dora Xezalê de sekinîne şerê balafiran xurt bûye. Her du alî bi balafiran li wargehên hev didin. Balafirvanên ko di resmê jorîn de têne ditin ... ken li balafirên dijmin dinihêrin. Balafirên dijmin bi ser wan de tên û dikin li wargehê wan bidin.

Piştî kêlikê balafirvanên ingilîzî û elemanî di ezmanan de ewê li hev xin.

(٢٨) نمونەیەکی تر لە گۆڤاری (ڕووناهی)ی میر جەلادەت بەدرخان،

سوریە، ١٩٤٢ز

ومن يتوكل على الله فهو حسبه

J.K

بەختیار بن لە هەوەل ایوی مەیان دانا کورد
ساحیبی غیرەتن لەکەوقەومە وە کوردو منی کورد

هەر کەسی بەنجەال پەنجەی ماددەدا یاردەیی
دوستی پەنجەی پشکیلی لا ئەبزدرا ئەیدوردر

# نیشتـــــــــمان

بلاو کەرەوەی بیری کومەڵەی ژ.ك

گوواریکی کومەلایەتی؛ ئەدەبی؛ خویندەواریو ھانکی کوردیه

ژمارەی ـ ۲ سالی یەکەم ☼ خەزەل وەری ۱۳۲۲

## بو خوینەرە خوشە ویستە کانمان

دوای لە چاپ دانی ژمارەی یەکەمی ئەم گوواره هەندی بەرهەلست لە کار و باری ایمەدا پەیدا بوکە بە بونەی ئەوانەوە چاپی ژمارەی دووەم وە پاش کەوت؛ بەلام خوای گەورە و بەرزیارمەتی داین توانیمان بەسەر هەموئەوشتانەدا کە ببونە پیشگری کار زال ببین ئەوا ژمارەی دووەم پیشکەشی خوینەرە خوشە ویستە کانمان ئەکەین هیوامان ئەمەیە هەروەکو ژمارەی یەکەم آگری نیشتمان بەرووەریو و کوردایەتی لەدلی هەمو کوردیکدا بکەشینیتەوە

(۲۹) گۆڤاری نیشتیمان، ئۆرگانی کۆمەڵەی (ژ.ك)، مەهاباد، ١٩٤٦ ز



بلاو کەرەوەی بیری یەکێتی جەوانانی دیموکرات

[ باسەواد بیخوێننەوە بو بی سەوادان ]

مدیر مسئول: ص. انجیری - آذر

هاواری نیشتمان

وەختایەکی ئیمە بەبروزدەبین کەلیوتها
کومەلی زەحمەت کیش بەسەبارەزە
بخوازین . . . . . ە لەبین گەوەوە
پیش انقلاب .

ژمارە ١ سالی ئەوەل ١ ١٠ کەلیو ١٣٢٥ ٢٨ مارس ١٩٤٦

لە ژیر چاوەدیری هەیئەتی تحریریە دەردەچی

(٣٠) گۆڤاری هاواری نیشتیمان،

زمانحاڵی یەکێتی جەوانانی دیموکرات، مەهاباد، ١٩٤٦ ز

# چەپکی سێیەم

## چەند وێنەیەکی تایبەت بە باشووری
## کوردستان‌و سەردەمی حوکمڕانیی شێخ
## مەحمودی حەفید






(٣١) و (٣٢): دوو دیمەنی  دێرینی شاری سلێمانی، ١٩٣٩ز،

(وێنەی خوارەوە بەردەرکی سەرا)




(٣٣): کۆمەڵەی زانستیی کوردان، سلێمانی، ١٩٢٢ز
لە مزگەوتی سەید حەسەنی سلێمانی دامەزرا



(٣٤): وێنەیەکی شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ هەندێك زاناو سەرۆکهۆزو کەسایەتییەکانی ناوچەی سلێمانی، ساڵی ١٩١٩ز



(٣٥): یەکەم لیوای سەربازیی حکومەتی کوردستان، لە سەردەمی مەلیك مەحمود دا، ١٩٢٢ز



(٣٦): ماڵەکەی شێخ مەحمودی حەفید لە شاری سلێمانی



(٣٧): شێخ مەحمودی حەفید



(٣٨) مۆری شێخ مەحمودی حەفید، مەلیکی کوردستان، تیایدا نووسراوە:

(حاکمی کردستان سید محمود) سلێمانی، (١٩٢٢ز)



(٣٩) شێوەی ئاڵای کوردستان لە مەملەکەتی شێخ مەحموددا




(٤٠): نمونەی پولێك، کە وێنەی

شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستانیان لەسەرە





(٤١) و (٤٢): دوو وێنەی دێرینی شاری هەولێر، (١٩٢٢)، ئەو ساڵەی مەملەکەتی کوردستان ڕاگەیەنراو شێخ مەحمود کرایە حوکمڕانی کوردستان



مەلیکی باشوری کوردستان، شێخ مەحمودی حەمید



وێنەی ئەشکەوتی (جاسەنە)ی نزیك ناحیەی (سورداش)، سەر بە قەزای (دوکان)، لە پارێزگای سلێمانی، کە شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان، ساڵی (١٩٢٣ز) گۆڤاری (بانگی حەق)ی تێدا چاپ کرد.



بو آمورای محترمە والدەی لطیف

لە دوواسەلامو احوالپرسی. امیدوارم بە مژدەی صحتتان شادمان بکەن

بو احوالپرسیت پیاومان نارده کەرکوک تاگەیشتنی پیاوەکە ایوە

حرکتتان کردبو رەجایە بو رفعی دلتنگی و نگرانیمان کە عللاله اضطرابمان

مژدەی افاقەو صحتی خوتان بنیرنەوە بەوسیلەی برقیە یا تلفون تا زووتر

لەم بی آرامیە نجاتمان بی بلطف خودا – ایمە بەمالو حالو دعاو نیاز

بە خودا دریغ ناکەین – لە خدمت آمورای محترمە حفصە خاندا سەلامو احترامو

دعای خیرمان هەیە وەکو شیخ جعفر معتقد بو وە خبری مدعشی ناساری

والدەی لطیفمان بیت حکمی نەبو وە کولازمە بنیرنە خدمەتتان –

سعیدزمان هەیە – ایتر لە عفو خوادا بن – آمورات حفیدزادە

لیلە ٩/١٢/١٩٥٢

نموونەیەك لە خەتی شێخ مەحمود، کە نامەیەکی کوردییە، ساڵی (١٩٥٢ز) بۆ (عائشە) خاتوونی هاوسەری نووسیوەو هەواڵی تەندروستیی دەپرێت.



وێنەیەکی هێزێکی بەشداری کوردان لە شاری کفری، لە شۆڕشی ساڵی

(١٩٢٠ز) دژی ئینگلیزی داگیرکار



دیمەنی بەخاکسپاردنی تەرمی شێخ مەحمودی حەفید،

(١٩٥٦ز)، شاری سلێمانی

# چەپکی چوارەم

## چەند وێنەیەکی تایبەت بە چالاکییەکانی

## ئەستەمبوڵو باکورو ڕۆژاوای کوردستان



(٤٣) نەخشەی کوردستانی گەورە، کە عوسمانییەکان ساڵی ١٨٩٣ی زاینی کێشاویانەو لە لوڕستان تا ئەرزڕومی گرتۆتەوە.

(سەرچاوە: ئەرشیفی نووسەر، دیاری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەم د. ئەرسەلان بایز، ساڵی ٢٠١٣ ز ).



(٤٤): وێنەیەکی دەگمەنی شێخ سەعیدی پیران، لەکاتی دستگیرکردنیدا،

لەلایەن جەندرمەکانی ئەتاتورکەوە



**(٤٥): تەرمی سەرکردەی شۆڕشی کورد لە (١٩٢٥)،**

**شێخ سەعیدی پیران پاش شەهیدکردنی لە لایەن کەمالییەکانەوە**





(٤٦): وێنەیەکی دەگمەنی عەللامە نورسی لە کاتی کڕنووشبردندا، کاتێك لەلایەن ڕووسەکانەوە بەدیل گیراوەو براوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا، (١٩١٥ز).






(٤٧): نمونەی خەتی سەعید نورسی، لە بەشەکەی خوارەوەدا بە عەرەبی نووسیویەتی: (إني جمعت جمع الجوامع جميعه في جمعة) لە سەرەوەشی نووسیویەتی: (أي حفظته)، واتە: من هەموو کتێبی (جمع الجوامع)م لە هەفتەیەکدا لە زیهنمدا کۆکردەوە، واتە: لەبەرم کرد. ! !



(٤٨): وێنەیەکی بڵاوی عەللامە سەعید نورسی، بە بەرگی کوردییەوە



(٤٩) وێنەی سەعید نورسی، بە مشکیو بەرگی کوردییەوە، ساڵی ١٩١٧ز



Sicil Cüzdanı

Sicil No

[redacted]

Adı ve sanı: Mehmed Mihri

Babasının adı ve mesleği: Abdullah

Anasının adı:

Doğduğu yer ve tarih: 1303

Memleketi:

| Tahsil | Vesikanın Cinsi | Tarihi | No. |
| --- | --- | --- | --- |

— 3 —

1933

Tarihinde çıkardığı fotoğraf

Tarihinde çıkardığı fotoğraf

Tarihinde çıkardığı fotoğraf

Tarihinde çıkardığı fotoğraf

Cüzdanı tanzim eden memurun imzası

— 2 —

(٥٠): سجيل (تۆماری) تايبەتی محەممەدی ميهريی، هەورامانی، (دشەيی)، لە بنەماڵەی موفتيزادەكان، كە لە ئەستەمبوڵ پارێزراوە

سەرچاوە: (جڤاتا هێڤی تەلەبەیێ كوردان، مالميسانژ، وەرگێڕانی: زريان ڕۆژهەڵاتی، بنكەی ژين، ٢٠٠٨)



الفبای
کرمانجی
محرری
خلیل خیالی
موطکی
طابعی
کردی زاده
احمد رامز
سال
١٣٢٥

(٥١): یەکەم نامیلکە لەسەر ڕێنووسی کوردیی

نووسینی: خەلیل خەیالی، قوتابی سەعید نورسی، ١٩٠٧ ز، ئەستەمبوڵ



**وێنەی (خەلیل خەیالی) نووسەری یەکەم ئەلفبێی کوردیی**

Djeladet Aali Bedr-Khan.

b) Depuis sa création, la Ligue nationale Kurde "Khoy-bon" a pris une grande influence non seulement dans le Kurdistan, mais même parmi les colonies kurdes établies à l'étranger, Ses ramifications se sont étendues jusqu'en Amérique

Plusieurs sections rattachées au comité central siégeant à Beyrouth, ont été créés.

Ces sections sont réparties comme suit :

| | | |
|---|---|---|
| Comité central à Beyrouth | Président | : Kameran AALI Bedr-Khan |
| | Membres | : Nismeddine ben Derwiche Kibar |
| | | : Wahan Papazian |
| | | : Tarlaba Bey |
| | | : Khalil Bey, cousin des Bedr-Khan |
| Damas | Président | : Djeladet Ali Bedr-Khan |
| | Membres | : Omar Agha Chemseddine |
| | | : Youssef Agha |
| | | : Osman Aroussi |
| | | : Ibrahim Chemdine |
| Alep | Président | : Hratch Papazian |
| | Membres | : Moustapha Bey Chahine |
| | | : Bozane Bey Chahine |
| | | : Hamzi effendi |
| | | : Memdouh Sélim |
| Hassetché | Président | : Kadri Bey ben Djémil Pacha |
| | Membres | : Mohamed Bey ben Djémil Pacha |
| | | : Hadjo Agha |
| | | : Hamza fils de Baker Kurdi |
| | | : Elias effendi Dérikaoui |
| | | : Saleh Effendi |
| | | : Sami Bey |
| | | : Kaddour Bey |
| | | : Rassoul Agha |
| | | : Agop Simon |
| Mardine (Turquie) | Président | : Ayoub Millié Zadé |
| | Membres | : Sahdo Agha Ghasso, chef de la tribu "Mechkina" |
| | | : Djélal Bey Millié Zade |
| | | : Dr Zahiya Bey, président de la Municipalité de Mardinn |
| | | : Mahmoud Kerro, cehf de la tribu " Gheurs". |
| Diarbékir | Président | : Memdouh Bey ben Djémil Pacha Zadé. |
| | Membres : | : Fikri Bey ben Djémil Pacha Zadé |
| | | : Ahmed Bey ben Djémil Pacha |
| | | : Zia Bey ben Djémil Pacha |

.../.

(٥٢): بەڵگەنامەی فەڕەنسی، ئەندامانی (خۆیی بوون)، (پێگەی: نت کورد)




**(٥٣): وێنەیەکی دەگمەنی (مارك سایكس)ی نوێنەری ئینگلیز، لە ڕێکەوتننامەی ناسراو بە (سایكس– بیكۆ)، لەگەڵ ژمارەیەك لە كوردان، بەیروت، ١٩١٦ز. (سەرچاوە: پێگەی: التراث اللبناني).**

# چەپکی پێنجەم

# چەند وێنەیەکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەردەمی (ژ.ك)و کۆماری کوردستان



(٥٤): ساتەوەختی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، مەهاباد، ١٩٤٥ز



(٥٥): پێشەوا قازی محەممەد، سڵاوی نیزامی پێشکەش دەکات

بەبۆنەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانەوە



(٥٦): پێشەوا قازی محەممەد، بە ئامادەبوونی حاجی سەید بابەشێخ و ژمارەیەك لە زانایان، بەبۆنەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانەوە سڵاو ئاراستەی جەماوەر دەکات.



(٥٧): پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆك كۆماری كوردستان



(٥٨): حاجی سەید بابەشێخ،

سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کۆماری کوردستان، ١٩٤٦ ز



(٥٩): مامۆستا مەلا حوسەینی مەجدی (١٨٨٩– ١٩٧١ز)،

ئەندامی شورای باڵای حزبی دیموکراتی کوردستانی سەردەمی کۆمار



(٦٠): مەلا قادری مودەرریس، ئەندامی دامەزرێنەری (ژ.ک)و خاوەنی چاپخانەی کوردستان، لە سەردەمی کۆماری کوردستان، ١٩٤٦ز
(سەرچاوە: نگاهی به تاریخ مهاباد، محمد صمدی)



(٦١): أبو الحسن سيف القضاة، مامی پێشەوا قازی محەممەد



(٦٢): ستافی چاپخانەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی کۆمار، ١٩٤٦ ز، مەهاباد



عنوانی نوسراو بو

ریاست جمهور

بەپی دەستوری ژمارە ١١٥٩

٢٢-١١-١٣٢٤ کومیتەی مەرکەزی

حزبی دیموکراتی کوردستان لە
کاتیکدا منت بی یەوی دەردی دلی خویان
بااحساساتیک بەنوسین پیشکەشی رئیسی
جمهوری کوردستان بکەن عنوانی
نوسراوتە نیادەبی : (رئیسی جمهوری
کوردستان) بیت

(٦٣): ڕاسپاردەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان، تیایدا شێوازی
ناوبردنی سەرۆك کۆمار پێشەوا قازی محەممەد، داوا کراوە
(ژمارە: ١٤ی ڕۆژنامەی کوردستان، ١٩٤٦ ز)




(٦٤): شاندی گفتو گۆی پەیمانی سێ سنوور. ناوەکان لە ڕاستەوە: شێخ عبید الله زینوێ، محەممەد سەعیدی کانیمارانی، هەژار سەید عەزیزی شەمزینی، عبد الرحمن زەبیحی، قاسمی قادری قازی.

(سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆماری کوردستان)




(٦٥): ئەو قورئانەی کە پێشەوا قازی محەممەد، شەوی چوونە ناو ڕێکخراوی (ژ.ک) سوێندی پێ خواردو پەیماننامەی ڕێکخراوی خوێندەوە.



في اليوم الثلاثاء

قران الكريم



ئەو قورئانە لای بنەماڵەی محەممەد دڵشادی ڕەسوڵی، کادری ناسراوی (ژ.ک)، پارێزراوەو نووسینو واژۆی ئەوی لەسەرە.

(سەرچاوە: نووسەرو ڕۆشنبیر کاک صلاح الدین عباسی، مەهاباد )




(٦٦): چەند نموونەیەك لە پوولی پۆستە, کە وێنەی قازی محەممەدو سەردەمی کۆماریان پێوەیە

(سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆماری کوردستان)



(٦٧): نمایشێکی ڕێژەی سەربازیی، لە بەردەم سەرۆکی کۆماری کوردستانو کابینەی حکومەتی کۆماردا



(٦٨): قازی محەممەد، سەرۆك كۆماری كوردسان‌و بەشێك لە وەزیرانی
كابینەی حكومەتی كۆمار



(٦٩): سەرۆك كۆماری كوردستان، لەگەڵ ژمارەیەك ئەفسەرو سەربازی
هێزی پێشمەرگەی كۆمار



(٧٠): ڕێژەی سەربازیی سوپای کۆمار، لە بەردەم پێشەواو جەماوەردا



(٧١): مامۆستایانی کۆماری کوردستان، حەوشەی وەزارەتی فەرهەنگی کۆمار، مەهاباد، (١٩٤٦ ز) سەرچاوە: (تاريخ مهاباد، سيد محمدصمدی)



(٧٢): ژمارەیەك مەلاو فەقێو کەسایەتی، لە حەوشەی مزگەوتی سووری مەهاباد، لە خزمەتی کۆماری کوردستاندا



(٧٣): پۆلێك لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان



(٧٤): وێنەیەکی دەگمەنی عەزیز زەندی، بەرپرسی حزبی ئازادیخوازی کوردستان، مەهاباد، ١٩٣٨ز



**(٧٥): سەید حوسەین شیخ الإسلامی باوکی هێمنی شاعیر**



(٧٦): هێمنی شاعیر، محەممەد ئەمین شەیخولئیسلامیی



(٧٧): حسێن فروهەر، زێرنگەران، (یەکەم سەرۆکی ڕێکخراوی (ژ.ك).



(٧٨ ): مەحمودی وەلی زادە، وەزیری کشتو کاڵی کابینەی وەزاریی کۆمار



(٧٩): ڕەحیمی قازی لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە مەهاباد



(٨٠): شەهید حامید مازوچی، ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی (ژ.ك)




(٨١): وێنەی لۆگۆی وەزارەتی فەرهەنگی کۆماری کوردستان

(سەرچاوە: نگاهی به تاریخ مهاباد، محمد صمدی)



شماره ترتیب صد و یازده

تاریخ وقوع عقد بیست و دوی خاکەلیوە ۱۳۲۵

تاریخ ثبت بیست و دوی خاکەلیوە ۱۳۲۵

اسم و نام خانوادگی و تابعیت زوجین و شماره شناسنامه و محل صدور آن و تاریخ تولد آنها

زوج محمد صوفی زاده شناسنامه نمره ۲۹۴۴ شاری مهاباد [illegible] ۱ سرطان سال ۱۲۹۶ تبعه جمهوری کوردستان کوری حاجی عزیز صوفی [illegible] نیشتوی شاری مهاباد

زوجه حبیبه [illegible] شناسنامه ۲۸ شاری مهاباد [illegible] ۲۸ ثور سال ۱۳۰۲ تبعه جمهوری کوردستان [illegible] نیشتوی شاری مهاباد

زوج عیال دیگری دارد یا خیر [illegible]

(٨٢): وێنەیەکی گرێبەستی هاوسەرگیریی سەردەمی کۆماری کوردستان.

دیارە نمونەی عەقدی ڕژێمی شایەو لەسەردەمی کۆماردا هەموارکراوەتەوە.

سەرچاوە: پێگەی ئەلیکترۆنی www.weneykk.blogspot.com



١٠/٦/٢٥

شاروانی کوردستان

تصدیقی

لی خورینی چەرخی پی ی

(٨٣): نمونەی مۆڵەتی لێخوڕینی پایسکیل لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا. تێیدا ئەم دەقە لای چەپەوە نووسراوە: "لێ خوڕ هشام موسی زادە، ژمارە ١، دەتوانی با ئیجازەی شارەوانیو ئیستیعدادی خۆت، لە دووچەرخەسواریی ئیستیفادە بکەی."

ئیمزا: سەرۆکی شارەوانی کوردستان

سەرچاوە: پێگەی ئەلیکترۆنی www.weneykk.blogspot.com






۱ ـ شهید احمدخان فاروقی مشهور به سالار قیله‌سون ۲ ـ شهید عبدالله‌خان متین داناالوجه ۳ ـ شهید محمدخان دانشور تالکلو ۴ ـ شهید محمدخان فیض الله بیگی قاراوا ۵ ـ شهید حسن خان فیض الله بیگی کانی نیاز ۶ ـ شهید احمدخان شجیعی کلتکه ۷ ـ شهید علی‌خسان فاتح تکندر ۸ ـ شهید شیخ صدیق اسعدی بازی‌بلاغی ۹ ـ شهید شیخ امین کسنزان ۱۰ ـ شهید رسول‌اغا محمودی میره ده ۱۱ ـ شهید علی‌اغا جوانمردی نمونه

(٨٤)و (٨٥): دوو وێنەی شەهیدانی سەقز، (ساڵی١٩٤٧ز ڕژێمی ئێران لەسێدارەی دان)  (سەرچاوە: پێگەی  وێنەی کۆماری کوردستان)



هەدیەی کوردستان

هەلبەستی جەنابی مەلا محمد حسن

جەوهەری

١٣٢٥

مهاباد ـ چاپخانەی کوردستان

(٨٦): نمونەیەکی تری بڵاوکراوەکانی چاپخانەی کۆماری کوردستان، کە تیایدا مەلا (محەممەد حەسەنی جەوهەریی)، عەقیدەی ئیسلامیی کردووە بەشیعرو لەپێشەکیدا داوای پشتیوانیی لەکۆماری کوردستان دەکاو دەڵێت:

ئیستیقلالی کورد کە دامەزراوە — بناغەی لەسەر شەرع دانراوە

لەسەر ئیجازەی ڕەئیسی جمهور — جەنابی قازی پێشەوای مەنصور

تەواو دەنووسم ئەصلو فەرعی دین — بە شیعری کوردیی ڕەوانو شیرین



ومن يتوكل على الله فهو حسبه

J.K

# نیشتمان

بلاو کەرووەی بیری کومەلەی ژ.ك

گوواریکی کومەلایەتی؛ ئەدەبی؛ خویندەواریو ھانکی کوردیە

ژمارەی - ٢ سالی یەکەم ☆ خەزەلوەری ١٣٢٢

## بو خوینەرە خوشە ویستەکانمان

دوای لە چاپ دانی ژمارەی یەکەمی ئەم گوواره ھەندی بەرھەلست لە کار و باری ایمەدا پەیدا بو کە بە بونەی ئەوانەوە چاپی ژمارەی دووەم وە پاش کەوت؛ بەلام خوای گەورە و بەرزیارمەتی داین توانیمان بەسەر ھەموئەوشتانەدا کە ببونە پیشگری کار زال ببین ئەوا ژمارەی دووەم پیشکەشی خوینەرە خوشە ویستەکانمان ئەکەین ھیوامان ئەمەیە ھەروەکو ژمارەی یەکەم آگری نیشتمان پەروەریو و کوردایەتی لەدلی ھەمو کوردیکدا بکەشینیتەوە

(٨٧): نمونەیەك لە گۆڤاری (نیشتمان)، ئۆرگانی (ژ.ك)، ١٩٤٣ز، مەھاباد



بەنێوی خوای بەرزی ماو

کوردستان

کوردستان لەلایەن
هەیئەتی تحریریەوە
دەردەچی

آبونەمان
یەکسالە ۳۰۰ ریال
شەش‌مانگە ۱۶۰ ریال
دانەی ۲ ریال

بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ۱۰ — سالی یەکەم — دوشەمو ۱۵ ریبەندان ۱۳۲۴ — ٤ فوریە ۹٤٦

# جیژنی سەربەخویی واستقلالی کوردستان

کوکەردوە
سید محمدی حمیدی

یا

## * دەرەوشینی استیرەی خوشبەختی کوردان *

رۆژی ۲۸ ی مانگی بەفرانبار (دیماه) ی
۱۳۲۴ شمسی هەیئەتی مدیرەی هەموو لکەکانی
حزبی دیموکراتی کوردستان ونوینەرانی قبایل
وعشایرو تەواوی طبقات ئەمالک وغیرمالک

(۸۸): ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی ڕەسمیی سەردەمی کۆماری

کوردستان، مەهاباد، ١٩٤٦ز


روژئەژمیری تایبەتی دەولەتی
کوردستان
*****
وەرزی ۱۳۲۵ روژی
۱۹۴۶-۴۷ میلادی ۱۳۶۵-۶۶ ە
دانەر قادر مدرسی
چاپخانەی کوردستان
مەهاباد

۷۷ (روژئەژمیری باغەلی)
(بانگی سبینی ۹ سعات و ٤ دەقیقە)
هەینو | ۲۵ گەلاویژ | ۱۷ رەمضان | ۱٦ اوت
دانانی حزب دیموکرات کوردستان لەمهاباد
(جیژنی سەرسالی بولی ژیانە)
شەممو | ۲٦ گەلاویژ | ۱۸ رەمضان | ۱۷ اوت
وختیکی دوژمن رادەکا پیاوی آزا زورن

(روژئەژمیری باغەلی) ۷۸
(تا وەعلات ۱۰ سعات و ۳۹ دقیقە)
۱ شەممو | ۲۷ گەلاویژ | ۱۹ رەمضان | ۱۸ اوت
۲ شەممو | ۲۸ گەلاویژ | ۲۰ رەمضان | ۱۹ اوت
بو خوت گول بی عمرت گول نەبی

(٨٩): نمونەیەك لە ڕۆژژمێری سەردەمی کۆماری کوردستان، (١٩٤٦ز) کە مەلا قادری مودەرریس ئامادەی کردووەو لە مەهاباد چاپ کراوە.

(سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆماری کوردستان)




**(٩٠): وێنەی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدو صەدری قازیو سەیفی قازی، لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد، بەرەبەیانی (١٩٤٧/٣/٣١ز) (تراژیدیتیرین ڕۆژ، بۆ نەتەوەی کورد، لە مێژووی هاوچەرخدا)**



(٩٠): وێنەی وەصیەتنامەی محمد حسین سەیفی قازی، بە خەتی خۆی،

ئەمە مانای دەقەکەیە بە کوردیی:

"گەوهەر تاج خانم، خانمە خانم!

وا ئێستاکە لەم شوێنەدا کە بەوپەڕی بڕواو (ئیمان)و هیواوە، ماڵئاوایی لە دونیای تیاچوو ئەکەم، لە ئێوە داوا ئەکەم کە تەرمی من ببەن بۆ خانەقای سەربەرزو لە تەنیشت باوکمدا بمنێژن. سەدجار دەخیلتان بم، بێئاگاو غافڵ مەبن، گەردنی من ئازاد کەن، ئاگاتان لە حەسەن بێت، هاوناوی باوکمەو جێی هیوایەو لە پەروەردەکردنیدا زۆر هەوڵبدەن. لە هەمووتان خواحافیزیی دەکەم. محمد حسین سەیفی قازی ١٠/١/٢٦

تێبینی: مەبەست لە خانەقا، خانەقای شێخانی بورهانە.



(٩١): گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد، کە پێشەوا قازیو صەدرو سەیفی قازی، تێیدا لەسێدارە دران، (لە پێگەی ئەلیکترۆنی مەهاباد سەفەر)

ستاد نیروی کردستان
رکن دوم
شماره ۱۹۱۲۵

رضائیه
مورخه ۱۰-۱-۲۶
ساعت ۸

# اعلامیه

از اواخر سال ۲۰ محمد قاضی ـ ابوالقاسم صدر قاضی ـ محمد حسین سیف قاضی در مهاباد دست یک سلسله تحریکات و اقداماتی بر علیه امنیت و انتظام منطقه زده تدریجاً اعمال جنایت آمیز خود را بسط و توسعه داده که منجر به وقایع اسف انگیز زیادی منجمله حمله بشهربانی مهاباد قتل پنج نفر پاسبان غارت شهربانی و از بین بردن اسناد و مدارک جنایات خود قتل محمودیان تاجر مهابادی و قاضی زاده رئیس آمار که همه قربانی مطامع و جاه طلبی آنها گردید همچنین غارت دهات و سایر وقایع در آن خطه گردید

محمد قاضی بهمدستی برادر خود صدر قاضی (که ظاهراً نماینده مهاباد ولی در معنی عامل و طراح اصلی نقشه های پلید تجزیه قسمتی از ایران بود) و سیف قاضی برای اجرای مقاصد شوم و تمکین خود کلیه رؤسای ادارات دولتی را از مهاباد بیرون کرده از ۲۴ آذر ۲۴ پرچم سه رنگ شیر و خورشید ایران را از فراز عمارات دولتی پائین کشیده و پرچمی بعنوان پرچم کردستان برافراشته روز دوم بهمن ماه ۲۴ محمد قاضی خود را رئیس جمهور کردستان آزاد معرفی و عده از اشخاص خائن و بد سابقه را که از همکاران او بودند به منظور عملی کردن مقاصد شخصی بعنوان ~~انو برای دولت خودمختار کردستان~~ تعیین و برای مقابله با نیروهای دولتی دستجات قوای مسلحی از مهابادی و بارزانی تشکیل مقادیر معتنابهی اسلحه و مهمات در بین اهالی و عشایر تقسیم گردیده و آنها را بسمت سقز و سردشت اعزام حوادث خونینی را فراهم نمودند با آنکه نیروی کردستان چند بار آنها را به اطاعت دعوت نموده نتیجه حاصل نشد همچنین در تهران اولیای معظم دولت سعی کردند آنان را از این افکار نا پسند باز دارند مؤثر واقع نگردید همان خط مشی را ادامه دادند.

در اواسط آذر ۲۵ موقع عزیمت نیروی کردستان به آذربایجان این اشخاص در مجالس و مساجد اهالی و عشائر را به مقاومت در برابر نیروها تحریک و تحریض کرده دستور کتبی برای حمله به ستونهای نظامی صادر کردند لیکن خوشبختانه عشائر به افکار پلید آنها پی برده ترتیب اثر ندادند و ستونهای نظامی با سرعت به پیشروی خود ادامه و کلیه نقشه های خائنانه آنها بی اثر ماند بالنتیجه این عناصر خائن دستگیر و گرفتار سرپنجه عدالت گردیده پرونده این اشخاص بدادگاه نظامی زمان جنگ مراجعه هر سه نفر محکوم به اعدام شدند دادگاه تجدید نظر نیز رأی را ابرام و بتصویب بندگان اعلیحضرت همایون شاهنشاهی رسیده ساعت ۶ روز دهم فروردین در مهاباد به موقع اجرا گذارده شد.

فرمانده لشکر ۴ و نیروی کردستان
سرلشکر همایونی

چاپخانه شیر و خورشید ... ائیه

(٩٢): ڕاگەیەنراوێکی فەرماندەی گشتیی سوپای ئێران، همایۆنی سەبارەت بە شەهیدکردنی پێشەوا قازی محەممەد، ١٩٤٧ز
(سەرچاوە: پێگەی ئەلیکترۆنی ڕوانگە)



**(٩٣): دیمەنێکی شاری مەهاباد، بە فۆتۆی کاک صلاح الدین عەباسی**

# چەپکی شەشەم

## چەند وێنەیەکی پەیوەندیداری نووسەر

## (عمر عبد العزیز)




(٩٤): نووسەر لەگەڵ بەڕێزان مصطفی سونگورو محەممەد فەرەنجیدا، دوو قوتابی دێرینی عەللامە سەعید نورسی (ئەستەمبوڵ، ٢٠٠٦/٦/١)



(٩٥): نووسەر (عمر عبد العزيز) لەگەڵ قوتابی دێرینی نورسی، حەسەن حوسەین، (شاری ئەسبارتە، ٢٠٠٦/٦/٣)



(٩٦): نووسەر لەگەڵ بەڕێز حوسنی بەیرام ئۆغلو،

قوتابی عەللامە سەعید نورسی، ئەنقەرە، (١٩٩٦ز)



(٩٧): نووسەر لە کاتی وتارێکیدا بۆ قوتابییانی نورسی

لەگەڵ قوتابی نورسی، مصطفی سونگور، ئەستەمبوڵ، ٢٠٠٦/٦/٢



(٩٨): مامۆستا عەلی ئیحسان،

قوتابی عەللامە سەعید نورسی، ئەنقەرە،

فۆتۆی نووسەر (١٩٩٦ز)



(٩٩): نووسەر (عمر عبد العزيز)، لە بەردەم ماڵی مامۆستا (نورسی)دا لە شاری (ئەسبارتە)ی خۆرئاوای تورکیا، کە لە ١٩٢٥ز دوور خرایەوە بۆی

(فۆتۆی نووسەر، ساڵی ٢٠٠٦ز)



(١٠٠): نووسەر، لە بەردەم ماڵی مامۆستا (نورسی)دا لە گوندی بارلا، کە ساڵی ١٩٢٦ دوورخرایەوە بۆ ئەوێ‌و هەشت ساڵ‌و نیو تێیدا مایەوە

(فۆتۆی نووسەر ساڵی (٢٠٠٦ز) گیراوە)



(١٠١): نووسەر، لەگەڵ بەڕێز عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محمد، سلێمانی، (٢٠٠٥ز)، مەڵبەندی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان)



(١٠٢): نووسەر، لەگەڵ بەڕێز عەلی سەیفی قازی، کوڕی محمد حسین سەیفی قازی، وەزیری جەنگو جێگری سەرۆکی حکومەت لە کۆماری کوردستان. مەڵبەندی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سلێمانی)، (٢٠٠٥ ز)



(١٠٣): نووسەر لەگەڵ توێژەرو مێژوونووسی کوردی ئەرمینیا، مامۆستای

کوردۆلۆژی زانکۆی ڤیەننا، (پ. د. جەلیلی جەلیل)، ٢٠١٤ز

ئەوەی کە ڕابورد، سەربوردێکی خێرا بوو سەبارەت بە ڕەهەندی ئیسلامیی لە شۆڕشە کوردییەکان‌و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکاندا، لە کۆتایی سەدەی هەژدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. لەگەڵ چەند بەڵگەیەك لەسەر کاریگەریی ئاین لەسەر خەبات‌و هەوڵ‌و تێکۆشانی سەرکردەو ڕابەرە شۆڕشگێڕەکان‌و شوێنکەوتوانییان.

دیارە لە ئاکامی ئەم باسەدا چەند دەرەنجام‌و ڕاستییەکمان دێنە دەست، کە گرنگترینیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینم:

١ــ هەر جوڵانەوەیەکی سیاسی لە هەر نەتەوەیەکدا، دەبێت هەڵقوڵاوی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە بێت کە جوڵانەوەکەی تێدا بەرپا دەبێت، تا بتوانێت گوزارشت لەو واقیعە بکات‌و ئالودە نەبێت بە بیرو ئایدیای لەدەرەوەهێنراو.

٢ــ لەو بەڵگەنامە زیندووانەوە– کە هەندێکیمان لەم کتێبەدا خستنە ڕوو– ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە هەموو شۆڕش‌و بزافە سیاسییە کوردییەکان، دووربوون لە کاریگەریی بیرو باوەڕی دژە ئیسلامیی، بە تایبەتی پاش سەرهەڵدانی کۆمۆنیزمیش، تا کۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم، بەو پێیەی دژایەتی ئاشکرای تێدا بوو بۆ ئاین‌و کلتوری نەتەوەی کورد، تەنانەت بۆ هەستی نەتەوایەتی چالاکوانە سیاسییەکانیش، هەرچەند بە سەلیقەیەکی ئیماندارانە مامەڵەشیان لەگەڵ زلهێزانی دوور لەدین –بگرە دژەدین–ی وەك ڕوسیاو ئینگلیزو ئەمریکاو ئەڵمان‌و هێزەکانی تر کردووە..

٣ــ هەروەك لەو بەسەرهاتانەوە دەرکەوت‌و دەردەکەوێ، کە بە ئەندازەی تێگەیشتن‌و پابەندیی دروست بەئاینەوە، ڕادەی متمانەبەخۆبوون‌و لێبڕان‌و دڵسۆزیی‌و خەمخۆری‌و فیداکاریی، زیاتر دەبێ‌و پێچەوانەکەشی دروستە. ئەوەش پەیوەندی بە فەلسەفەو دیدی ئاینی ئیسلامەوە هەیە بۆ ژیان‌و مردن‌و دونیاو پاشەڕۆژو تێڕوانینی ئیماندارانە بۆ هەر یەك لە چەمکەکانی:

(قبوڵنەکردنی ستەم)و (لەناوبردنی ستەمکاران)و (داکۆکیکردن لە ستەملێکراوان)و (فەرمان بەچاکە)و (قەدەغەکردنی خراپە)و (خۆشەویستی نەتەوەو نیشتیمان)و (گێڕانەوەو سەندنەوەی ماف)و..هتد.

بەڵێ، هەر کام لەو چەمکانە – جگە لە بەشی هەستە سروشتییەکەی ناخی تاك– بۆ کەسی پەروەردەکراو بەئاین، دینەمۆو بزوێنەرێکی وزەبەخشی زیاترە، کە بەداخەوە لە ڕەوتو بزافە نەتەوەییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، ئەم فاکتەرە فەرامۆش کرا، بگرە لای زۆر لایەنو زۆرجار بە پاڵنەری بیرو ئایدیۆلۆژیای لەدەرەوە هاتوو، دژایەتیش دەکرا، یان بەلای کەم ئاوڕی لێ نەدەدرایەوەو بە هەند نەدەگیرا.

بۆیە زۆرجار هەندێك لەو نوسەرانەی ئەو ژێرخانە فیکرییەیان هەیە، کە دەگەنە باسی هەڵوێستو وتارو کردارە ئیسلامییەکانی پیاوانێکی وەکو شێخ (عبید الله)ی نەهریو شێخ سەعیدی پیرانو سەید ڕەزای دەرسیمو شێخ مەحمودی حەفیدو پێشەوا قازی محەممەد، تا دەگاتە شێخ عبد السلامو مەلا مستەفای بەرزانی، یان خۆیان دەبوێرن، یان قەڵەمیان باش گۆ ناکات، یان هەندێکیشیان جەسارەت دەکەنو بەڕەخنەوە ئەو هەڵوێستو وێستگە ئیسلامییانەی ژیانی ئەو پیاوانە، دەگێڕنەوە.

٤ ـ ئێستە کە ئەمە دەنوسم، دەبینم کە پاش زیاتر لە نیو سەدە لە ئەزمونی تاڵو شکستخواردوو، ئێستە وا خەریکە خاوەن ئایدیۆلۆژیا نامۆکان، لە بیری خۆماڵیکردنی بیرکردنەوەکاندان، تا بە ئەجێندا خۆماڵییەکان لەزاخاو بدرێنو زیاتر لەجاران ڕووی ئاوەدانیو چوونەناو جەماوەری زۆرینە موسڵمانی کوردستانیان هەبێت، ئەمە بەهەر نیازێك بێت هەنگاوێکی باشە، چونکە بەلای کەمەوە دەرککردنی یەکەم هەڵەی گەورەو یەکەم زەبری کوشندەیە، کە لە پاڵ هەڵەو زەبرەکانی تردا، ئاسۆی سەرکەوتنی یەکجاریی ئەم میللەتەیان دوور خستەوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

١- ئاڵەکۆک، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، غەنی بلوریان، ستۆکهۆڵم، لا:٥٧.

٢- باسێك دەربارەی حزبی هیوا، موکەررەم تاڵەبانی، خاك، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣- بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردو قازی محەمەد، ڕەحیمی قازی، هەولێر، ئاراس، ٢٠١٢.

٤- بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەمە ئاغای پژدەریی، سلێمانی، ٢٠٠١.

٥- بیرەوەرییەکانی محەممەد سەعید بەگی سەلیم بەگی جاف، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٦- بیرەوەرییەکانی محەمەدی شاپەسەندی، ئا: صدیق صالح، بنکەی ژین، ٢٠٠٧.

٧- بزوتنەوەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی گەلی کوردو قازی محمد، ڕەحیمی قازی، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

٨- پێکهاتەی سیاسیو کلتوریی ڕێکخراوە کوردییەکان. د.شەعبان مزیری.

٩- تەئریخی سلێمانیو وڵاتی، ئەمین زەکی بەگ، بەغداد، چاپی یەکەم، ١٩٣٩.

١٠- تحفة المریدین، بیرەوەرییەکانی وەفایی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، ١٩٩٩، هەولێر.

١١- جەمعییەتی تەعاونو تەرەققی کورد، مالمیسانژ، وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٢- جمعیە خۆیی بوون، کونیّ ڕەش.

١٣- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی کورد.. د. کەمال مەزهەر، هەولێر، ٢٠٠١.

١٤- چێشتی مجێور، هەژار، پاریس، ١٩٩٧.

١٥- حکومەتی کوردستان، صدیق صالح، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٦- خەبات لە ڕێی کوردستان، ن. خالفین، سلێمانی، ١٩٧١.

١٧- ڕاپەڕینی کورد، ئوغورمومجوو ئەستەمبوڵ، ١٩٩١.

١٨- ڕۆژنامەنوسیی سەردەمی کۆماری کوردستان، د.هیمدادی حوسەین، سلێمانی. ٢٠٠٢.
١٩- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٢٠- سەرجەمی بەرهەمی حوزنی موکریانی، بەرگی یەکەمو دووەم، هەولێر.
٢١- شەریف پاشای خەندان.. و: زریان ڕۆژهەڵاتی، بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
٢٢- شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا نەهری... محەممەد حەمە باقی، هەولێر، ٢٠٠٠.
٢٣- شێخ مەحمودی قارەمان، محەممەد ڕەسول هاوار، لەندەن، ١٩٩٠.
٢٤- کاروانێ لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، کەریمی حیسامی، ١٩٧١.
٢٥- کورد لەسەدەی ١٩و٢٠دا،، کریس کوچێرا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، هەولێر، چاپی ٤، ٢٠٠٧.
٢٦- کوردو باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە تا شەڕی دووەمی جیهان، ڕەسول هاوار، چاپخانەی خاك ، ٢٠٠٠.
٢٧- لە تاریکییەوە بۆ ڕوناکی، بەڵگەنامەکانی حکومەتی ئینگلیز دەربارەی شۆڕشی ١٨٨٠ ی شێخ عبید الله، سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢٨- مێژوی ئەدەبی کوردی، عەلادین سەجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٢.
٢٩- یاداشت، ڕەفیق حیلمی، بەشی دووەمو پێنجەم.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٣٠- الأسرة البدرخانية، د.صلاح هروري، الدار العربية للموسوعات، بيروت،٢٠٠٦.
٣١- أعلام الكرد، جمال بابان، أربيل، ئاراس، ٢ مجلد، ٢٠١٢.
٣٢- أكراد الدولة العثمانية، د. أحمد محمد أحمد، سيبيرز، دهوك، ٢٠٠٩.
٣٣- البارزاني والحركة التحررية، مسعود البارزاني، ئاراس، هەولێر.

٣٤- تاريخ كوردستان، م. س، لازاريف وآخرون، ترجمة عبدي حاجي. سيبيريز، دهوك، ٢٠٠٦.

٣٥- التاريخ المعاصر للولايات الشمالية الشرقية في تركيا، زافريف، د.س.

٣٦- الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية، د.عبد الستار شريف، السليمانية، ٢٠٠٧.

٣٧- الحركة الكردية في العصر الحديث، جليل جليلي، مؤسسة الأبحاث العلمية.

٣٨- حول التاريخ الراهن للولايات الشمالية الشرقية في تركيا، زافريف، د.س، ١٩٤٧.

٣٩- سنوات عاصفة لدبلوماسي كوردي، روهات الأكوم، الدار العربية، بيروت.

٤٠- السيرة الذاتية، سعيد النورسي، ترجمة: إحسان قاسم الصالحي، إستنبول.

٤١- شريف باشا، حياته ودوره السياسي، صالح محمد حسن، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٦.

٤٢- الضحايا الثلاث، صديق دملوجي، الموصل، ١٩٥٢.

٤٣- علاقة الأكراد بمذابح الأرمن، محمد خليل أمير. د. ن، ود. م.

٤٤- في سبيل كردستان، زنار سلوبي، (قدري جميل باشا)، رابطة كاوه، ١٩٨٧.

٤٥- القضية الكردية فى العشرينيات، د.عزيز الحاج، المؤسسة العربية للدراسات، بيروت، ١٩٨٤.

٤٦- القضية الكردية، بله، ج. شيركو بيروت، ١٩٨٦.

٤٧- القضية الكردية والمؤامرات الدولية، عمر عبد العزيز، ١٩٩٠، الرياض.

٤٨- القومية الكردية، مالميسانژ.

٤٩- الكورد فى الوثائق البريطانية، د. عثمان على.

٥٠- لمحات من تاريخ الانتفاضات الكردية، أبو شوقي، بيروت، ١٩٧٨

٥١- المثنوي العربي النوري، سعيد النورسي، إستنبول.

٥٢- مجلة المنار، محمد رشيد رضا، القاهرة.
٥٣- المسألة الكردية، لازاريف، ترجمة: د.عبدى حاجى، أربيل، ٢٠٠٧.
٥٤- المسألة الكوردية، بوكوريلف، م.(الحرب والثورة)، ١٩٢٥.
٥٥- من الفكر والقلب، سعيد رمضان البوطي، دمشق، ١٩٦٩.
٥٦- النزاعات الكيانية في الدولة العثمانية، د.عبد الرزاق سنَو، بيروت، ١٩٩٨.
٥٧- نشأة الحركة العربية الحديثة، انبعاثها، ومظاهرها. محمد عزة دروزة، بغداد.
٥٨- نهضة الأكراد الثقافية والقومية، جليلي جليل.

**سێیەم/ سەرچاوە فارسییەکان:**

٥٩- أسرار محاكمه قاضى محمد ويارانش، محمد رضا سيف قاضى، تهران.
٦٠- قاضى محمد، محمد رضا جلايى پور، سنندج.
٦١- قيام شيخ سعيد پيران، روبرت ألسن، تهران.

**چوارەم/ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:**

٦٢- ڕۆژنامە کۆکراوەکانی (ژین)ی سلێمانی. کۆکراوەی بنکەی ژین، سلێمانی.
٦٣- ڕۆژنامەی کورد، ئۆرگانی کۆمەڵەی (تەعاونو تەرەققی کورد)، ئەستەمبوڵ.
٦٤- ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد، ١٩٤٦، ئامادەکردنی ڕەفیق صاڵحو صدیق صالح، بنکەی ژین، هەولێر، ٢٠٠٧.
٦٥- ڕۆژنامەی ئاسۆ، عبد الله ئاگرین، ژمارە: ٤٥، ١٩٩٠/٢/١٦.
٦٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە: ٣٩٠، لە ١٩٩٣/٥/١٧.
٦٧- گۆڤاری (المجتمع)ی کوەیتی، د.منير الغضبان، ژمارە ١٥٣٧، شوباتی ٢٠٠٣.
٦٨- گۆڤاری بانگی کوردستان، ژمارە: ٧، لە ١٩٢٢/٩/٢٢.
٦٩- گۆڤاری (نیشتیمان)ی زمانحاڵی (ژێ. کاف)، مەهاباد، ١٩٤٣، ئامادەکردنی عەلی کەریمی، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧٠- گۆڤاری ڕۆژنامەنوس، ژمارە ٩، هاوینی ٢٠٠٣.
٧١- گۆڤاری ڕۆژی کورد، گۆڤاری جڤاتا هێڤی، ١٩١٣، ئەستەمبوڵ، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٧٢- گۆڤاری شارەوانی سلێمانی، ژمارە ٢٧، محەممەد عبد الرحمن.
٧٣- گۆڤاری هاوار، ژمارە ٩ ساڵی ١٩٣٢.
٧٤- ژمارە کۆکراوەکانی گۆڤاری (هاوار)، ١٩٣٢، ئامادەکردنی محەممەد بەکر ئاغا، سوید، ١٩٨٧ز.
٧٥- ژمارە کۆکراوەکانی گۆڤاری (ڕوناهی) ١ تا ٢٨، لە ساڵی ١٩٨٥، چاپخانەی (ژینا نۆ).
٧٦- ڕۆژنامەی (ژین)ی ئەستەمبول، ١٩٠٨، کۆکردنەوەی: ئەمین بوز ئەرسەلان، ئۆپسالا، سوید، ١٩٨٥.

**پێنجەم: پێگەو سایتە ئەلیکترۆنییەکان:**

١- سایتی ئەلیکترۆنیی(المعرفة).
٢- سایتی ئەلیکترۆنیی kurdnas.com
٣- سایتی speer.pp
٤- سایتی ٨٩ abood أهلا
٥- www.nationalarchives.gov.uk.
٦- www.al-waie.org
٧- سایتی کوردستان
٨- سایتی نیت کوردو
٩- سایتی کوردی پیدیا
١٠- al-waie.org.
١١- Justify
١٢- wifq-syriaket
١٣- www.al-waie.org

ژیاننامەی نووسەر د. عمر عبد العزیز بهاء الدین

* لە دایکبوی سالّی (١٩٥٨ز)، پارێزگای هەڵەبجە.

* دەرچووی زانکۆی بەغدا، کۆلێژی شەریعە، سالّی (١٩٧٩ز).

* بڕوانامەی ماستەر لە فکری ئیسلامیی، زانکۆی ئەوزاعی لوبنان، (٢٠٠٩ز).

* بڕوانامەی دکتۆرا لە توێژینەوە ئیسلامییەکان لە هەمان زانکۆ، (٢٠١٣ز)،

# **ئەندامێتی دامەزراوەو ڕێکخراوە ناوخۆییو جیهانییەکان:**

* ئەندامی دامەزرێنەری ڕێکخراوی (رابیتەی ئیسلامیی کورد) (١٩٨٨ز).

* ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی نوسەرانیی ئیسلامیی. (١٩٩٢ز).

* ئەندامی دامەزرێنەر لە یەکێتی زانایانی جیهان (الاتحاد العالمي للعلماء).

* ئەندامی دامەزرێنەر لە ڕێکخراوی (کۆڕبەندی جیهانیی میانەڕەوی).

* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان .

* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەگەری جیهانیی (منظمة الصحافة العالمية).

* ئەندامی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.

* ئەندامی کۆڕبەندی جیهانیی پەرلەمانتارانی ئیسلامیی.

* ئەندامی دامەزرێنەری کۆڕبەندی میانەڕەویی کوردستان.

* دامەزرێنەرو سەرۆکی ڕێکخراوی (زانست) بۆ باسو توێژینەوە.

# بەشداریی دەیان کۆنگرەی ناوخۆییو ئیقلیمییو جیهانیی کردووە.

# چەندین پۆستی حزبییو سیاسی لە (یەکگرتووی ئیسلامیی) بینیوە.

# پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمانی هەرێمو سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لەو خولە.

# لە چەندین ڕێکخراوو دەزگاوە، دەیان خەڵاتی ڕێزلێنانی وەرگرتووە.

# سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسینی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەك بووە.

# دەیان وتارو بابەتی تۆمارکراوی لە بۆنە گشتییو تایبەتەکاندا، هەیە.

# بةرهةمة ضاثكراوةكان

١- كورتة ذياننامةى زاناى طةورةى كوردستان سةعيد نورسى، (مةهاباد، ١٩٨١ز)، (كوردى) .
٢- القضية الكردية والمؤامرات الدولية (ئەستەمبول/ عەرەبى/١٩٩٠ز).
٣ـ ناميلكةى (التعاليم) بة كوردى (ئةستةمبول/١٩٩٠ز).
٤ـ دليل الراغب في تهذيب مفردات الراغب (سليَمانى/٢٠٠٠ز) (عةرةبى).
٥ـ الفئة الشبابية في ظل العولمة (سليَمانى/٢٠٠٠ز) (عةرةبى).
٦- ثةيامةكانى خوشكان (٢٥ ناميلكة) (سليَمانى/٢٠٠٨ز، كوردى).
٧- طةشتيَكى نورانى (سليَمانى/٢٠٠٨ز) (كوردي).
٨- برِواو رِةوشت، (بةيروت، ٢٠٠٩ز).
٩- يةكطرتووى ئيسلاميىء ثرسى ضاكسازيى، (٢٠١٢ز).
١٠ـ بةلَيَننامةى ئيسلامي، (٢٠١٣ز).
١١- رِاظةى (٤٠) فةرموودة. (سليَمانى، ٢٠١٤ز).
١٢- ذياننامةى عةللامة مةلا محةممةدى قزلَجةيى،(بةيروت، ٢٠١٤ز).
١٣ـ وتارى هةينيي هاوضةرخ. (٢٠١٥ز).
١٤ـ خويَندنةوةيةكى نويَ بؤ رِيَكخراوى (ذيَ . كاف)، (سليَمانى، ٢٠١٥ز).
١٥- سةربورديَكى ئةلفبيى كورديى، (سليَمانى، ٢٠١٥ز).
١٦- ذياننامةى مامؤستا مةلا بةهاى بيارة. (سليَمانى، ٢٠١٥ز).
١٧ـ ضةند لاثةرِةيةكى لاخراو لة ذيانى ثيَشةوا قازى محمد، (توركيا، ٢٠١٦ز).
١٨- خةباتى كوردو رِةهةندى ئيسلاميي، (توركيا، ٢٠١٦ز).
١٩- سةعدى شاعر، فارسيَكى شيرازيى، يا كورديَكى هةوراميى، (٢٠١٦ز).
٢٠ـ رِةوتى قورئانييةكان (٢٠١٦ز).

٢١- ثيَطة فكرييةكانى بانطةواز لاى عةللامة ناصر سوبحانى، (٢٠١٦ز).
٢٢ـ بيرى توندرِةيى لة كؤنةوة تا ئةمرِؤ. هؤكانى، ريَطاكانى، ضارةسةريى، (سليَمانى، ٢٠١٧ز).
٢٣ـ دةرياية‌ك لة خؤشةويستيي (بيرةوةرييةكانم لة خزمةت كاك ئةحمةدى موفتى زادة)، (سليَمانى، ٢٠١٧ز).
٢٤ـ ثيَطةى فةرموودةو حوجييةتى سوننةت لاى عةللامة ناصر سوبحانى. (سليَمانى، ٢٠١٧ز).
٢٥- تيشكيَك لةسةر ثرسةكانى ذنان. (٢٠١٧ز).
٢٦ـ ضؤن لةطةلأ قورئاندا بذين؟
٢٧ـ ئامادة بة كوردو كوردستان لة قوئان‌ء ذياننامةى ثيَغةمبةردا. سليَمانى، (٢٠١٧ز).
٢٨ـ فاكتةرةكانى سةركةوتنى رِةوتى ئيسلاميي ميانةرِةو، (٢٠١٥ز).
٢٩ـ خةوش‌ء خالَى زانست، ن: ثيَشةوا زةهةبي، و: عمر عبد العزيز، سليَمانى، ٢٠١٩ز.
٣٠- مؤديَرنيزم‌ء هةل‌ءمةرجى سةرهةلَدانى.
٣١- خويَندنةوةيةكى نويَ بؤ كؤمةلَةى (ذيَ. كاف).
٣١ـ حوكم‌ء حيكمةتةكانى بالآثؤشيي. (٢٠١٨ز)
٣٢- ثيَطةى فةرموودةو حوجييةتى سوننةت.
٣٤- هةنطاوة بنةرِةتييةكانى ضاكسازيي لة فيكري ئيسلاميدا
٣٥- زاناو بيرمةندى كوردستان، سةعيد نورسي.

ضةند كتيَبى تر بة كورديء عةرةبى، كة ئامادةى ضاثن:

١- كؤمةلَطةى مةدةنيي‌ء كوردستان.
٢- سروشتى ململانيَى نيَوان عيراق‌ء بةريتانيا, (بة عةرةبى).
٣- ضةمكى جيهادو جياوازيى لةطةلَ قتال, (بة عةرةبى).
٤- بيرةوةرييةكانى (٥٠) سالَ تةمةن.
٥- يةكطرتوو ئةزموونيَكى بانطخوازييء سياسي سةركةوتوو.

٦- ثايةكانى ئيمانء ئيسلام.
٧- ضةند طؤشةيةكى رِؤذنامةطةريي كورديي.
٨- شرؤظةى هةنديَك لايةنى سياسةتى زلهيَزان.
٩- كؤبةندى ثرؤتؤكؤلةكانى ثةرلةمان.
١٠- لة خزمةت ذياننامةى ثيَغةمبةرى سةرداردا.
١١- مرؤظ و ثرؤسةى ثةروةردة.
١٢- ذياننامةى ضةند زانايةكى بة هةلَويَست.
١٣- هةريَمى كوردستان ثاش رِاثةرِينى ١٩٩١.
١٤- (نداء الغريب) بةركولَى كارى رِؤذنامةطةريي كورديي ئيسلاميي.
١٥- ئيسلامناسيي.
١٦- هةلَبذاردنى ١٩٩٢و ليستى ئيسلاميي.

**بةرهةمة عةرةبييةكانى نووسةر، كة ئامادةى ضاثن:**

١- الغلو في الدين (ماستەرنامە).

٢- العلامة ناصر سبحاني وجهوده العلمية والإصلاحية (تێزى دكتۆرا).

٣- جذور التطرف في الدين، وسبل مواجهته.

٤- مفهوم الجهاد والقتال في القرآن، (رؤية تصحيحية).

٥- الصراع العراقي البريطاني (قراءة تحليلية).

* ناونيشانى پەيجى نووسەر لە فەيسبووكو تويتەرو يوتيوبو ئينستگرام:

بە ناوى (عمر عبد العزين)ەوەيە.

* ئادرەسى ئەليكترۆنيى نووسەر: Omer٩٥٨@yahoo.com